ستيڤان ئەحمەد شەمزینانی

# دوور و نزیك

## كۆمەڵە وتار

بەرگی دووەم

ئازاری ٢٠٠٩

## ئەم بەرهەمە پێشکەشە:

- بەگیانی پاکی شەهید شێخ عەبدولقادری شەمزینانی.
- هاوڕێی هەمیشەیی و ڕۆژنامەنووسم (ئاسۆ عوسمان).
- بەژەنەراڵی پایز (محەمەد عومەر عوسمان).
- بەو هونەرمەندەی هەمیشە دەمهەژێنیٚ(کەمال محەمەد).
- بەرۆحی بێگەردو هەمیشە زیندووی (کاروان عوسمان).

# پێشەکیی

ئەم وتارانەی لەتوێی ئەم بەرگەدا بڵاوکراونەتەوە هەر یەکێکیان لەسیاقی مێژوویی خۆیاندا وێنەدانەوەو نیشاندەری واقیعی سیاسیی وفەرهەنگیی ئەو ماوە دیاریکراوەن.رەنگبیٚ کاتێك ئێمە مێژوو دەخوێنینەوە سەیرمان لێبێت هەموو ئەو بەهایانەی لەزۆرێك لەقۆناغەکاندا شەڕیان لەسەر کراوەو بۆ مرۆڤ بوونەتە مایەی کارەسات،سەبارەت بەژیانی ئەمڕۆمان نەك گرنگ نەبن بەڵکو جێگەی پێکەنین وگاڵتەپێکردن بن،بەلاٚم تۆ ناتوانیت هیچ شتێك لەسیاقی مێژوویی خۆی بهێنیتە دەرەوە چون ئەو دەمە هەموو شتەکان جگە لەبێهوودەیی‌مانایەکی تر نابەخشن.ئەم بەرهەمە لەزۆر رووەوە دەچێتە ئەو قاڵبەوە،ئەگەرچی مێژووی نووسینەکان زۆر دوورنین بەلاٚم چونکە بەشی زۆریان پابەندن بەسیاسەتەوەو سیاسەتیش بەردەوام لەگۆڕانی سەیر سەیردایە،بۆیەکا رەنگە لەزۆر رووەوە وتارەکانی ناو ئەم پەرتووکە خاکەڕایە سەیرێتیان پێوە دیاربێت.من پێموایە لەناو ئەم نووسینانەدا ئەگەر هەر هیچ شتێك نەبێت،ئەوە جۆرێك لەراستگۆیی تێدایە. کەبەلای خۆمەوە راستگۆیی سەبارەت بەنووسین پێش هەر مەرجێکی ترە،لەدوای راستگۆییەوە ئەوجا تەکنیك و شێوەو ئاستی نووسین گرنگن.ئاخر من چی لەو نووسینە جوان وتەکنیك بەهێزە بکەم کەداکۆکیی دەکات لەهزرێکی ترسناك وخەتەرناك؟چی لەو رۆمانە ئاست بەرزانە بکەم بۆ قادسیەی سەددام و قادسیەکانی مام جەلال وکاك مەسعود نوسراون؟.نەخێر بەلای منەوە وتنی راستی ئامانجە لەوە بەولاوە هەموو رێگەو فۆرمەکانی تری کارکردن لەنووسیندا تەنیٚ ئامڕازن.هەر لەم پێشەکییەدا دەخوازم ئەوەش بێژم ئەم پەڕاوە ئەگەرچی بەرووکەش وا دەبینرێت بابەت و وتارەکانی ناوی بۆ ئێستا بابەتی مردوون،بەلاٚم لێکۆڵیارو خوێنەری زرنگ ئەوەیە سوود لەم پەڕە پەرش وبلاٚوانە وەرگرێت.چیتر با خوێنەر فێری ئەوە نەکەین هەموو شتێك وەك لەفەیەکی ئامادەکراو بخەینە بەردەستی،نا بەخوێنەر جا ئەو خوێنەرە هەر کێیە والێبکەین خۆیشی بیر بکاتەوەو بەرئەنجامی خۆی هەبێت،ئەگەرنا ملیۆنان خوێنەری تووتی‌ئاسا تامی یەك خوێنەری جیددی وبیرکراوە نادەن. بەلای منەوە ئەم پەرتووکەو پەڕاوە هاوشێوەکانی تری ئەگەر کاغەزێکی فڕێدراویش بن،هێشتا بێبایەخ نین.کەئێمە بەبێبایەخیان دەزانین هی ئەوە نییە لەبنەمادا ئەو بڕیارە راستە،بەڵکو بەندە بەوەی خوێنەر یان نووسەر یان لێکۆڵیاری جیددیمان کەمە کار لەسەر ئەم جۆرە ستایلە لەنووسین یان کتێب بکات. بەبڕوای من مەزنترین هونەرمەند ئەو هونەرمەندەیە لەشتە بێبایەخ وفڕێدراوەکان بەرهەمی ناوازە پێشکەش بکات،هونەرمەندانی بواری کۆلاج لای من مەزنترین هونەرمەندن چون لەهەندیٚ شتی بێبەها جوانترین بەهاو مانا بەرهەمدەهێنن. بەهەرحاڵ لەم دیتنەوە بوو بەرگی دووەمی ئەم کتێبە لەدایکبوو،چاوەڕێی بەرگی سێیەم بن.

ستیڤان شەمزینانی

**پانزەی ئازاری ٢٠٠٩ ، سلێمانی – گەڕەکی فەرمانبەران**

# ئیسلامو عروبە دوو رووی یەك دراون

هەمیشە بۆ قسەکردن لەسەر ئیسلامو عروبەو پەیوەندیی ئەو دووانە بەیەکەوە دەمانباتەوە سەر هەمان پرسیاری ئایا مریشك لەهێلکەیە یان هێلکە لەمریشکە؟ لەراستیدا وەڵامەکە بەهەر بارێکدا بێت هەر راستە،بەهەمان شێوەش ئەگەر بڵێین عروبە بەرهەمی ئیسلامە،یان ئیسلام بەرهەمی عروبەیە ناکەوینە هەڵەوەو لەهەر بارێکدا بێت وەڵامێکی گونجاوە،چونکە ئیسلامو عروبە دوالیزمێکن کەبوونن مێژوو وسەرهەڵدانیان ئاوێتەی یەکتری بووەو بەیەکدی بەستراونەتەوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین دوو رووی قەڵبی دراوێکن کەتوندوتیژیی وتیرۆرو ئەنفالو شمشێرە. عەرەب هەمیشە بەدەستێکی شمشێری هەڵگرتووە لەپەنا دەستێکی قورئاندا، قورئانیش کەرتەلۆکی هەڵسوڕانو کارکردنی عروبەیە،ئەگەر مانیفێستی کۆمۆنیست کتێبی پیرۆزو بنەمایی کۆمۆنیزم بێ ئەوا قورئان کتێبی پیرۆزی عروبەیە. لەواقیعیشدا نامەیەکی عەرەبیانەیەو هیچی دی. بێ هۆ نییە عەرەبەکان هەمیشە پارێزگاریی دەکەن لەمانەوەی قورئان بەزمانی عەرەبیو رێدەگرن لەهەوڵی وەرگێرانی بۆ سەر زمانو رێنووسێکیتر،بەڵکو ئەوان تەنیا رێگە دەدەن بەتەفسیرو خوێندنەوەی ئایەتەکان (ئەمەش لەچوارچێوەیەکی تەسکدا)هەر هەوڵێك بەدەر لەمە مەحکومە بەکوفرو زەندیك بوون، لەکاتێکدا دەبینی تەوراتو ئینجیل وەك دوو نامەی ئاینیو (ئاسمانی)بۆ سەر چەندین زمانی جیاواز وەرگێردراون،هەر کەسو نەتەوەیەك دەتوانێ بەزمانی رەسەنی خۆی بیانخوێنێتەوە.بەدیوەکەی تریدا قورئان فاکتۆرێکی بەعەرەبکردنوسڕینەوەی ئەوی تری غەیرە عەرەبە ئەمەش لەرێگەی بەپیرۆزگرتنو بڵاوکردنەوەو خوێندنەوەیدا،هەرواش عەرەبەکان هاتنی یەکەم ودوا پێغەمبەری عەرەبی (موحەمەد) تەنیا بۆ عەرەب نازانن بەڵکو بۆ هەموو جیهان بەڵام دەبێ سەروەریی هەر بۆ عەرەب بێتو چینی ئەریستۆکراسی قورەیش دەسەڵاتی درێژخایەنو جاویدانی سەرجەم کۆمەڵگای خەلافەت جڵەو بکات.عەرەبە ئیسلامەکان لەسەردەمی فتوحاتدا کەهاتن کولتوورو ترادیسیۆنو ژیارو شارستانیو پەرستگاو کتێبخانەو نامە پیرۆزەکانی تری نەتەوە بەموسڵمانکراو ونیشتمانە تازە داگیرکراوەکانیان لەناوبرد، کە سەرلەشکری عەرەبی ئیسلامی(سەعدی کوڕی باوکی وەقاس) گەیشتە شاری (مەداین) نامەیەکی بۆ عومەری کوڕی خەتتابی خەلیفە نارد کەچی لەو هەموو کتێبە بکات لەشارەکەدا هەن، (عومەر) لەوەڵامدا دەنووسێ مادام قورئانمان هەیە بەئاویاندا بدە یان بیانسووتێنە، بۆیە ئەویش زۆر (مەردانە)دەستدەکات بەسووتاندنی کتێبخانەکانی ئەو شارە. لەیەکێك لەو دیکۆمێنتانەی لەکوردستان دۆزراوەتەوە، هۆنراوەیەکە بەدیالێکتیکی هەورامی ئاماژە دەکات بەئەنفالو لەناوبردنی پەرستگاو ئاتەشگاکانو کوشتنی پیاوان وبەغەنیمە گرتنو کەنیزەك کردنی ئافرەتانی

کورد،کەئەمە یەکەمین ئەنفالی کوردە لەسەر دەستی عەرەب و یەکەمن سەرەتاکانی دەرکەوتنی عروبەو ناسیۆنالیزمی خێڵەکی عەرەبە.دواتر لەسەردەمی (عبدالملك بن مروان)ەوە مەرسوماتی دەوڵەت و نوسراوەکان و نووسینی سەر دراوەکان و هەموو نوسراوەکانی تری دەوڵەتی خەلافەت بەعەرەبییکران و بەهەموو شێوەیەك کارکرا بۆ لەناوبردنی کولتووری کوردو فارس و گەلانی تری ژێرچەپۆکی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی –عەرەبی).بۆ نموونە لەسەردەمی یەکێك لەخەلیفەکانی عەبباسیدا تابلۆیەکی پاشماوەی ساسانییەکان لەعێراقدا مابووەوە کەچی بەفەرمانی خەلیفە ئەو تابلۆیە لەناوبرا!.بێ لەمانەش هەموو موسڵمانە غەیرە عەرەبەکان،چین و توێژاڵی خوارەوەی کۆمەڵ بوون و بەچاوێکی کەمتر سەیر دەکران و بەموالی و شوعبی ناودەبران،رۆژێك لەرۆژان بۆیان نەبووە بەشداریی بکەن لەپێکهاتەو ژیانی سیاسیی وئیداریدا لەنێو خەلافەتی ئیسلامدا،سەرباری ئەوەش سەرکوتکراون،تا ئەو ئاستەی نەیانتوانیوە ژن لەعەرەبەکان بخوازن و لەدواجاریشدا هەروەك (کافرەکان)جزیەو سەرانەیان لێسەندراوە. بەدرێژایی دەسەڵاتی خەلافەتی ئەمەویی و عەبباسی، کوردو بلوج و فارس و ئازەرو ئاشوری سەرکوتکراون و شۆڕش و راپەرینەکانیان بەسیاسەتی ئاگرو ئاسن و جۆرەها ئەشکەنجەی جەستەیی ودەروونی پوکێنراوەتەوەو رۆحی نەتەوەییان خراوەتە ژێر پێی فیوداڵە خێڵەکییەکانی عەرەبەوە. لەسەردەمی نوێشدا عەرەب هەر بەچەکی ئیسلام و قورئانەوە دێتە گۆڕەپان و بەرگی دین دەکاتە بەر هەموو ئەو تاوان و دڕندایەتی و جەنگ و کاولکارییانەی دەیانکات، دینی عەرەبیش پاڵپشت و پشتیوانییەتی.سەددام کورد قڕانی ناونا ئەنفال،حکومەتی سودان کوشتنی مەسیحییەکان بەغەزا دادەنێ، قیبتییەکانی میسر بەناوی بڵاوکردنەوەی فەسادی ئەخلاقییەوە جەهەنمیان بۆ دادەخرێ و هەمووشیان کێشەیەکی جوگرافی و مێژوویی وەك کێشەی عەرەب –جولەکە دەبەستنەوە بەئیسلامەوەو بەهەموو ئیسلام تێدەکۆشن بۆ لەناوبردنی جولەکەو ئیسرائیل. بۆیە ئیسلام وعروبە ئاوێتەی یەکترن و وەك مەلێك وان کەهەر یەکێکیان باڵێکییەتی،بۆئەوەی کردەی فڕین بەئەنجام بگەیەنرێ دەبێ هەردوو باڵەکە بەهاوشانی یەکتر لەکاردا بن.

*ئەم وتارە لەژمارە(٢)رۆژنامەی(نێوەند)لەساڵی ٢٠٠٤ بەناوی خواستراو ولەژمارە (٨٧)رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) بەکەمێك دەستکاریی لەتایتڵی وتارەکە لە١٢\١٠\٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.

هاوکات لەهەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاو بووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# ئیسلامییەکانی کوردستان چیدەتوانن وچیش ناتوانن؟

لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران چەندین رەوتی ئیسلامی سیاسیی لەباشووری کوردستان خۆیان خزاندە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە،وەلێ پێش ئەو مێژووە گروپی برایانی موسڵمان(اخوان المسلمین) کارو چالاکیان دەکرد بەلأم بەشێوەیەکی نهێنی وژێرزەمینی بوو،بەشێوەیەکی گشتیش قۆناغی کاری ئاشکرای ئیسلامییە کوردەکان دەکەوێتە پاش هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان لەئێران،شتێکی شاراوەیش نییە کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی خۆی لەعێراق چەندین رەوتی وەك کۆنگرەی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەباشوور و بزوتنەوەی ئیسلامی لەباکوور دامەزراند،بەتایبەتی ئێران لەکاتی جەنگیدا لەگەڵ عێراق دەیویست بەرەیەکی تری جەنگ لەدژی عێراق بکاتەوە لەلایەن خودی عێراقییەکان خۆیانەوە. دوای راپەرینی ئازاریش کەئیسلامیەکان هیچ نەخش و رۆڵێکی ئەوتۆیان تێیدا نەبوو،بەشێوەیەکی بەربلاَو دەستیانکرد بەچالاکی وئەو کەمپینەشیان ناونا(رابوونی ئیسلامی لەکوردستان) لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆشدا چانسێکی زۆریان لەبەردەمدا کرایەوە تابتوانن گەشەبدەن بەکارو جموجۆڵەکانیان وببنە هێزێکی سەرەکی وخاوەن جەماوەرێکی فراوان،هەربۆیە قڵشتی جەنگی ناوخۆ بەزیان بەسەر هەموو لایەن و پارتە سیاسییەکاندا شکایەوە جگە لەئیسلامییەکان.لەمیانەی ئەو شەڕەدا بەپاڵپشتی ئێران بەشێك لەئیسلامییەکان بوونە تەرەفی شەڕو پارتە سیکولارەکانیان ناچاردەکرد دان بنێن بەدەسەڵاتی ئەواندا بەتایبەتی دەیانوویست لەناوچەی شارەزوور و هەورامان دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەن،بەلأم بەشێکی تر لەئیسلامییەکان کەخۆی بەباڵی میانڕەو حسێب دەکات وپارچەیەکە لە(اخوان المسلمین) لەکوردستان، بەپارەو پیتاکی دەوڵەتانی کەنداو سەرگەرمی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵ بوون،هەر لەو زەمینەو لەو بارودۆخە بێ سەرەو بەرەییەی جەنگی ناوخۆ دەیان کۆڕو کۆمەڵەو رێکخراوی سیاسیی ئیسلامی دەستیان دایە کارکردن کەسەرەنجام دابەشبوون بەسەر دوو ئاڕاستەدا:

ئاڕاستەی یەکەم:خۆی لەتوندڕەوەکاندا دەبینینەوە کەلەلوتکەدا(انصار الاسلام) هەبوو لەدامێنیشدا بزووتنەوەو کۆمەڵی ئیسلامی،ئەمانە بەپاڵپشتی قاعیدەو ئێران فویان بەبوقی (جیهاد)دا کردبوو لەدژی دەسەڵاتی خۆجێی کوردستان.

ئاڕاستەی دووەم:خۆی بەباڵی میانڕەو دەزانێت و لەیەکگرتووی ئیسلامیدا خۆی دەبینێتەوە، میانڕەویی لای ئەمانیش تەنیا بەشێکە لەتاکتیکی قۆناغێکی دیاریکراو،ئەگەرنا ئەمانیش دوا وێستگەیان دروستکردنی کۆمەڵگەی خەلافەتە.

سەرجەم ئەم هێزە ئیسلامییانە خاوەنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی ونیشتمانی نین بەڵکو پرۆگرام و کار وچالاکیان گێڕانەوەی دەسەلاَتی قورئان و ئیسلامەو زۆرترین خزمەتی کولتوورو رۆشنبیریی عەرەبی ونەتەوە داگیرکەرەکانی تری کوردستان دەکەن،چونکە ئەوان ئەوەندەی باسی (شەهید)بوونی فەلەستینییەکان دەکەن لەسەر دەستی(زایۆنیزم) بەچارەکی ئەوە لاپەڕەکانی مێژووی ئەنفال ولەناوبردنی جەماعیی کورد هەڵنادەنەوە.ئەوان ئەوەندەی شاگەشکە دەبن بەدەرچوونی پارتی دادوەرییو گەشەپێدان لەهەڵبژاردنەکانی تورکیا هیچ موهتەم نین بەدۆسێی کورد لەتورکیاو بەهیچ کلۆجێکیش باسی فایلی ئۆجەلان و P.K.K ناکەن و تائێستاش بەزاریاندا نەهاتووە تاکە وشەیەك بخەنە راژەی ئۆجەلان وکوردەوە لەتورکیا. ئەوان هێندە باسی گەریلا تیرۆریستەکانی چیچان دەکەن و گرنگی بەهەواڵەکانی گرۆزنی وسەرایێڤۆ دارلسلام دەدەن ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نییە کورد لەتورکیاو سوریاو ئێران چارەنووسی بەکوێ دەگات و چۆن و بەچ جۆرێك لەژێر ستەمدا راگیراون. ئەوان ئەوەندەی خەڵك ئامادە دەکەن بۆ حەج وزیارەتی مەککە ومەدینە نیو هێندە خەڵك ئامادە ناکەن بۆ رێپێوانێك بەیداخی کوردستانی تێدا بشەکێتەوە. ئەوان ئەوەندەی باسی محەمەدو خەلیفە عەرەبەکان و مێژووی دەسەلاَتی ئەمەوییو عەبباسی و عوسمانلی دەکەن،بەهیچ جۆرێك باسی دەوڵەتی میدیاو زەندو میرنشینە کوردەکان و دیاکۆو میری لەپ زێڕین وپاشاکۆرە ناکەن،ئەوان ئەوەندەی منداڵی شەش ساڵ و هەشت ساڵ رادەکێشنە حوجرەو قورئانیان پێ دەخوێنن هەر هیچ باسی ئاڤێستاو گاتاکان ناکەن بەڵکو بەکتێبی زەندیکەکان ناودێری دەکەن. ئەوان بەقەدەر ئەوەی خەڵك هاندەدەن بۆ زەکات و نوێژو ئایین پەروەری و چیوچی هێندە خەڵك جۆش نادەن بۆ کوردایەتی ونیشتمانپەروەریی.ئەوان ئەوەندەی باسی(برا) موسڵمانەکانیان دەکەن لەواق واق و بنی دنیا کەچی ئاوڕێك لەهاونیشتمانیە کوردەکانیان نادەنەوە لەژێر چەپۆکی بێگانەدا.ئەوان ئەوەندەی شانازیی بە(هارون الرشیدو حسن البناو سید قطب)ەوە دەکەن پێیان شەرمە شێخ مەحموودو قازی و بارزانیو قاسملۆ بەرەمزی خۆیان ناوزەد بکەن، ئەوان دەتوانن پەنجا هەزار کەس بهێننە سەر شەقام داوای ئازادکردنی مەلا عەلی باپیر بکەن کەچی ناتوانن پێنج هەزار کەس هاندەن داوای ئازادکردنی ئۆجەلانیشی لەگەڵدا بکەن.ئەوان سیحری ئەوەیان هەیە سەدان و هەزاران کەس لەمزگەوتەکاندا بەدیار خورافەو جەهل و مێژووی خوێناویی ئیسلامەوە رادەژەنن کەچی ناتوانن پێنج سەد کەس بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی کوردستان بهێننە سەرشەقام.ئەوان دەتوانن هەڕەشە لەخەڵکی کۆمۆنیست و لیبڕاڵ بکەن و تەنانەت تیرۆریشیان بکەن کەچی ناتوانن فیشەکێك بەرامبەر بەدوژمنی نەتەوەکەیان بتەقێنن.ئەوان دەتوانن لەسەر جادەو کۆڵان هویها لەئافرەتی مەدەنی بکێشن و دەیانەوێ بەحیجاب تەعریبیان بکەن کەچی ناتوانن هویها لەعەرەبی هاوردەو بەرەی تورکمانی بکێشن بەڵکو دۆستی یەکترن. ئەوان دەتوانن عەبدولخالیق مەعرووف وفەرهاد فەرەج شەهید بکەن

کەچی ناتوانن پارێزگاریی لەپێنج مەتری خاكو سنووری کوردستانەکەیان بکەن.ئەوان دەتوان لەدوورترین جێگاوە T.N.T و تریاك بهێنە کوردستان کەچی ناتوانن کۆمپیوتەرێك یان تەلەفزیۆنێك بۆ ئەم وڵاتە بهێنن.ئەوان دەتوانن سەدان حوجرەو مزگەوت وبارەگای سیاسیی بکەنەوە کەچی ناتوانن پردێکی داڕوخاو چاك بکەنەوە،ئەوان دەتوانن دادگا لەنووسەرو قەڵەم بەدەستی ئازاو عەلمانی بگرن کەچی ناتوانن داوا لەسەر عەلی کیمیایی قەید بکەن.ئەوان دەتوانن خەڵك رابێنن لەسەر تیرۆرو تەقاندنەوەو رق وتۆڵە کەچی ناتوانن وانەکانی خۆشەویستی نیشتمانیان فێربکەن، ئەوان دەتوانن زۆر شت بکەن لەدژی کوردو راژەی عەرەب. کاتێکیش دەڵێین ناتوانن مەبەستمان ئەوە نییە دەستیان گیراوە بەڵکو ئەوەیە نایانەوێ بیکەن. لەدواجاردا دەڵێین ئەوان توانیان فشار بخەنەسەر پارتی ویەکێتی تا کورسییەکانی خۆیان لەپەرلەمان لەحەوتەوە بۆ نۆ زیاد بکەن کەچی نەیانتوانی رستەیەکی بەسوود بۆ ئاشتبوونەوەی ئەو دووپارتە بهۆننەوە.

* ئەم وتارە لەژمارە (١٠) رۆژنامەی(نیوەند) لەرۆژی ٢٠\١٢\ ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاو بووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# بۆئەوەی کوردسات دەنگی هەمووان بێت

## سەرنجێك لەپێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی کوردساتدا

لەدایکبوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردسات وەك سێیەمین رایەڵی راگەیاندنی ئاسمانی هەنگاوێکی گەورەو پڕبایەخ بوو،بەم هەنگاوەش کەچووە سەر خەرمانی راگەیاندنی پەیامی کورد دەروازەیەکی تر بەرەنگ وفۆرمی تایبەت بەخۆیەوە لەسەر دۆزی گەلەکەمان کرایەوە. کوردسات با زمانحاڵ و ئۆرگانی فەرمیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بێت بەلاّم نابێ ئەم کەناڵە ئۆرگانێکی حیزبی بێت،بەڵکو پێویستە کەناڵێکی ئاراستەکار بێ بۆ هەموو کورد،نابێ کوردسات وەك رایەڵێکی لۆکاڵی وناوچەیی بمێنێتەوە چونکێ ئەرکی گواستنەوەی وێنەی گەلی کوردستانی لەسەر شانە بۆ بەرچاوی جیهانی دەرەوە.زومی کوردسات دەبێت زومی کوردستان بێت و پێویستە بتوانێت سنووری چەند شارێك یان باشووری کوردستان تێپەڕێنێت بۆ کەناڵی ناوەندیی دەنگی هەموو کورد لەهەرچوارلای دنیادا. کوردسات بەوە دەتوانێت دەنگی هەمووان بێت هەروەك خۆی خوازیاریەتی کەبتوانێ وێنەی واقیعی ژیان وگوزەرانی خەڵکی کورد بەهەموو توێژو چینەکانییەوە بگوازرێتەوە بێ هیچ دڵەڕاوکێ و سڵەمینەوەو شەرمێك.

### هەواڵ لەکەناڵی کوردساتدا

کەناڵی کوردسات کەناڵێکی هەواڵیی نییە یان بەدیوێکی تردا خاوەنی سبقی هەواڵ نییە بەتایبەتی هەواڵی هەژێنەرو سەرنجڕاکێش،ئەوەی هەیە چەند هەواڵێکی دووبارەکراوەی ئامادەکراو وچەقبەستووەو خۆی لەهەواڵی سەردانی بەرپرسەکان بۆلای یەکترو چالاکییەکانی حیزبدا دەبینێتەوە،ئەمەشیان ئەوەندە وتراوەتەوە هەموو کەس لەبەریەتی. کوردسات وەك هەر کەناڵێکی تری کوردیی کەمتر دەتوانێ لەجەرگەی رووداوە تیژ تێپەڕەکان وپرسە گەرماو گەرمەکاندا هەواڵ و راپۆرت بگوازێتەوە بۆ جەماوەرەکەی،ئێمەی گوێگر دەبێ چاوەڕوانی جەزیرەو هەندێ کەناڵی تری بیانی بین هەواڵمان بۆ بگوازنەوە دەربارەی خۆمان،بۆ نموونە کارەساتی یەکی شوباتی پار ساڵ،کەناڵی کوردسات دوا کەناڵ بوو باسی ئەو کارەساتەو قوربانییەکانی کرد، تەنانەت خەڵکی رەشۆك وئاسایی تەواوی وردەکارییەکانیان لەبارەی ئەو رووداوەوە دەزانی، کوردسات هێشتا هەر لەژێر لێوەوە باسی شەهیدبوونی پۆلێك سەرکردەو کادیرو پێشمەرگەی دەکرد.کوردسات بۆئەوەی بتوانێت کەناڵێکی گرنگ بێت و بینەرانێکی زۆر بۆخۆی پەیدابکات و سەرنجی کوردان بۆلای خۆی راکێشێ پێویستە ببێتە ژێدەرێکی هەواڵ و لەهەمان کاتیشدا هەواڵەکان وەك خۆی بگوازرێتەوە.

## بەرنامە كۆمەڵایەتییەكان

كوردسات هەندێك تێكەڵاویی لەبەرنامەكانیدا هەیەو پرۆگرامەكانیش جۆراوجۆرن و هەندێجار دوو بەرنامە بەدوای یەكتردا دێن هیچ پێوەندیی وپێكەوە بەستراوییەكیان نییەو بەباریكترین دەزوولەش پێكەوە گرێ نادرێن،بەڵام لایەن و بوارە كۆمەڵایەتییەكان فەرامۆشكراوترین جانبی كوردساتن و زۆرجاریش كەناڵەكە بەدەستی ئەنقەست خۆی لێدەزێتەوەو ناچێتەسەری،لەگەڵێك حاڵەتدا مەبەست لێی خەفەكردن وداپۆشینی هەندێ دیاردەی كۆمەڵایەتییە لەكاتێكدا ئەگەر لەبەرامبەر دیاردەیەكی دزێو ونێگەتیڤدا بێت ئەوە بێدەنگی لێكردن و زیادكردنێتی. لەساڵی نوێی تەمەنی كوردساتدا هەقوایە دەستەی سەرپەرشتی وبەڕێوەبردنی كەناڵی كوردسات پلانێكی گونجاویان لەبەردەستدا بێت بۆ گرنگیدان بەكێشەو گرفتە كۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەكان، لەنێوانیاندا بایەخدان بەكێشەی ژنان و توێژینەوە لەمەڕ هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانی چەوساندنەوەو نزم سەیركردن وكەم بایەخكردنی كەسێتی ژن و هۆشیاركردنەوەی خەڵك (زیاتر رەگەزی نێرینە) بۆ رێزگرتن لەمافی ئافرەت و سەیركردنی بەچاوێكی یەكسان و مرۆڤانەوە.هەروەها بەهەند وەرگرتنی كێشەی منداڵان وهەرزەكاران ودانانی پرۆگرامی پەروەردەیی ئەوتۆ منداڵان بەرەو رووی خۆی راكێشێو دووریانبخاتەوە لەرەوشت و ئەدگاری دزێو ولادانە كۆمەڵایەتییەكان، لەهەمان كاتدا دروستكردنی گفتوگۆو لێكۆڵینەوە لەسەر هۆكارەكانی بەلاداڕێچوونی هەرزەكاران كەزۆرجار تووشی هەندێ لادانی كۆمەڵایەتی وەك دزیكردن ولادانی سێكسیی دەبن،هاوشان لەگەڵ بەرنامەی هۆشیاریی یاسایی و كۆمەڵایەتی بۆ گەورەكان تاچیتر بچووكەكان قوربانی عەقڵێتی گەورەسالاریی،ئەوجا دانانی بەرنامەی تایبەت بەلاوان و دووبارە قسەكردن لەمەڕ كێشەكانی لاوانیش بەهەموو شێوەو جۆرەكانییەوە.ئەركی سەرشانی بەرنامە كۆمەڵایەتییەكانە راپرسی لەناو توێژاڵە كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكاندا سازبدات وتێبینی راو بۆچوونیان لەمەڕ كێشەكانیان وەربگرێت و بیخاتە پێش چاوی بەرپرسە باڵاكانی وڵات.ئەمجۆرە بەرنامانە دەتوانێ دۆسێكانی دادگا وەربگرێت ولیژنەیەكی پسپۆر وشارەزا لەدادوەرو توێژەری كۆمەڵایەتی ودەروونزان بانگهێشت بكات بۆ شیكاریی خەلفیەتی روودانی ئەمجۆرە تاوانانە كە لەدۆسێكانی پۆلیس و دادگا تۆماركراون، بۆ روونكردنەوەیان لەپێش چاوی خەڵك.سێكس یەكێكە لەو بوارانەی دەبێ مافی خۆی بدرێتێ،وەلێ بەردەوام كۆمەڵی كوردەواریی هێڵی سوور بەدەوری سێكسدا دەكێشێ و بەرتەسكی دەكاتەوە بۆ ئاستێكی نهێنی، بەڵام كوردسات پێویستە پێشڕەو بێت وئەم تەوقە بشكێنێت وپلانێكی بۆ هۆشیاری سێكسی هەبێ تا لەو بوارەدا خەڵك هۆشیار بكرێتەوەو هەم خاوەنی هۆشیاریی سێكسی بن و هەم وێنەی قێزەونی سێكس و تابۆكردن لەمێشك و زهنیەتی خەڵكدا كاڵ بكرێتەوە،ئەمە ئەركی نوێی كوردساتە لەبوارە كۆمەڵایەتییەكانداو پێویستە بێ هیچ شەرم و ترسێك هەنگاوی لەبارەوە بنێ.

## لایەنی بەزمەسات و تەرفیهی

زۆر گرنگە هەر مرۆڤێك لەدەرەوەی لەحزە جیددییەکانی چەند ساتێك بۆ خەندەو پشووی عەقڵو مێشکی تەرخان بکات،جاران پێش داهێنانی تەلەفزیۆنو هۆکارەکانی تری راگەیاندنی بیستراو و بینراو خەڵك بەدیار سەرگوزشتەو نوکتەو قسەی نەستەقو خۆشەوە کەپێیاندەوترا شەوانی گوێ ئاگردان کاتە بەتاڵەکانی خۆیان بەسەربردووەو جۆرێکیش بووە لەپشوودانو بەرنامەی تەرفیهی. بەڵام ئەڤرۆ تەلەفیزیۆن وەك گرنگترین رەگەزی میدیای بینراو دەتوانێ ئەو بۆشاییە بۆ مرۆڤەکان پڕبکاتەوە وەك لەوڵاتانی دنیادا پڕی کردۆتەوە.خەڵکی کورد کاروانی ژیان ومێژووەکەی تژیەتی لەوێنەی تراژیدیی وگریانو فرمێسكو دڵشکانو ئازاری نەبڕاوە، بۆیە زیاد لەهەموو کەس مرۆڤی کورد پێویستی بەوە هەیە خەندە بۆ سەرلێوەکانی بگەڕێتەوەو بەزەردەخەنە رووی ئازارەکانی بگەشێنێتەوە،بەڵام هێشتا کەناڵەکانی راگەیاندن جگە لەبەرهەمهێنانی چەند دیمەنێکی بێزارکەرو ناشیرین کەبەناوی کۆمیدیاوە بەخەڵك دەفرۆشێتەوە هیچیتریان نەکردووە،مەرج نییە لایەنی بەزمەسات تەنیا خۆی لەتەنزدا ببینێتەوە،دەکارێ زۆر بەرنامەو پرۆگرامی تر لەپەنا پرۆگرامی تەنزدا پێکرا ئەم کارە ئەنجام بدەن.بەزمەساتو پرۆگرامە تەرفیهییەکانی کوردسات زۆر لاوازن چاوەڕێین بزانین لەساڵی نوێی کارکردنیاندا تا چەند ئاوڕ لەم لایەنە گرنگ وفەرامۆشکراوە دەدەنەوە،هەرچەندە کەناڵی کوردسات لەم لایەنەدا پێش هەموو کەناڵەکانی تر کەوتووە،بەڵام کاتی ئەوە هاتووە بەفراوانترو چڕوپڕ ترو نەفەسێکی نوێترو شایستەتر کاری بۆ بکات و خەندەکان بەبەردەوامی لەسەر لێوەکانمان بهێڵێتەوە.

## پرۆگرامی دیالۆگ

کوردسات چەند بەرنامەیەکی هەیە بەشێوەی دیالۆگ،زیاتر دیالۆگەکانیش وەستانە لەسەر کێشە سیاسییو رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵ،ئەم وارە زۆر گرنگە بۆ کوردسات ئەگەر بیەوێ ببێتە کەناڵێکی جەماوەریی ونوێنەری خواستی ئەوان.لەم راستایەشدا دەبێ پرۆگرامە کانی دیالۆگ فراوانتر بکرێت چ لەرووی ژمارەی بەرنامەکانەوە چ لەرووی چۆنێتی وچەندێتی بەشداربووانی پرۆگرامەکە ئەمەش بۆ خوڵقاندنی دیالۆگێکی هەمەلایەنەو بەئاکام،چونکێ هەتا نهۆ کوردسات ئەم دیالۆگەی قەتیسکردووە لەنێوان رۆشنبیران و نووسەرانو پیاوانی سیاسەتدا،کەمتر خەڵکی ئاسایی و رەشۆك وتوێژەکانی تر شانسی ئەوەیان هەبووە بچنە کوردساتو پەیامی خۆیان بگەیەنن. گرنگترین شت بەلای منەوە ئەوەیە هەر لەئێستاوە کوردسات بەرنامە دیالۆگییەکانی بەجەماوەریی بکاتەوەو خەڵك لەهەر چینو توێژێك بێت مادام خاوەنی راو بۆچوونی سەربەخۆ وجیاواز بێت بۆی هەبێت لەمیكو مینبەری کوردساتەوە قسان بکاتو تەعبیر وداکۆکی لەبۆچوونەکانی بکاتو موناقەشەی باوەڕەکانی لەگەڵ خەڵکانی تردا بکات.با نانەواکان بێن بەزمانی خۆیان باسی موعانات وکێشەکانیان بکەن باسی گرانی ئاردوکەمی نەوتو زۆریی باج بکەنو کەموکورتییەکانی

خۆیان بۆ رای گشتی باس بکەن. لەبەرامبەردا با مامۆستاش بێت کێشەو گرفتەکانی خۆی بخاتە روو لەگەڵ بەرپرسەکاندا راستەوخۆ لەبەرامبەر یەکتر دانیشن و گفتوگۆی لەسەر بکەن.با خەڵکی دژی دەسەڵات ودژی یەکێتی زێتر لەوەی ئێستا هەیە بێنە سەر شاشەی کوردسات تەنانەت قسە بەیەکێتی بڵێن ورەخنەی لێبگرن، . نەدنیا بەقسەیەك كاول دەبێ نەیەکێتی ئەوەندە لاوازە بەدوو رستە بڕوخێ. گرنگ ئەوەیە خەڵك سەرباری هەر جیاوازییەکی بتوانێ لەو مینبەرەوە قسان بکات. هێڤی خوازم کوردسات لەکۆی ئەم نووسینە ئەگەر هیچ شتێکم لێوەرناگرێت بەتەنێ ئەم سەرنجانە بەهەند وەربگرێ وقبوڵی بکات.

## لایەنی نەتەوەیی

پەروەردەکردنی تاکی کوردیی بەپەروەردەیەکی نەتەوەیی یەکێکی ترە لەئەرکە بنچینەییەکانی کەناڵی کوردسات،چونکێ کەمتر ئەم کەناڵە توانیویێتی خەڵك بەو ئاقارەدا ببات و کۆیان بکاتەوە لەدەوری ستراتیژە نەتەوەییەکان،کارکردنی کوردسات لەهەمبەر بەرهەمهێنانی شەخسەیەتێکی نەتەوەیی کارێکی بێ بەرنامەو پەرش وبڵاوە. بەلایەنی کەمەوە هەقی خۆیەتی کوردسات بتوانێ ئەو رۆڵە بنوێنێت کەناڵی جەزیرە بۆ عەرەب دەینوێنێت.مادام کوردسات وەك دەنگێکی کوردیی دەگاتە دوا کونج و کەلەبەری سەر زەوی وکوردانیش لەهەر کوێیەك بن دەتوانن بۆ شاشەکەی بنواڕن،پێویست دەکات بڵندگۆیەکی ئازادی کورد بێت و پەیامی کوردانەی خۆی ئاڕاستە بکات. یەکێك لەو خاڵانەی بەلامەوە گرنگە کوردسات چۆن دەتوانێ هۆشداریی نەتەوەیی لای ئەو نەوەیە دروست بکات نەئەنفالی دیتووە نەمەرگەساتی هەڵەبجەو نەترسناکیی دەسەڵاتی بەعس؟کوردسات چۆن دەتوانێت غەم وژانەکانی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان کۆبکاتەوەو ببێتە ئاوێنەی خواستی ئەوان؟کوردسات چۆن دەتوانێ لەو منداڵە کوردانەی هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە لەتاراوگەن کەسێتییەکی نەتەوەیی دروست بکات؟کوردسات چۆن دەتوانێت یەکەیەکی راگەیاندنی بەهێز بێت تا نەیارانی کورد لێی بترسن و بزانن جۆشدەری بیری نەتەوایەتییە؟.وەڵامی کۆی ئەم پرسیارانە بۆ بەڕێوەبەرانی کەناڵی کوردسات بەجێدەهێڵین.بەڵام ماوەتەوە بڵێم ئایا کوردسات دەتوانێ لەیەك کاتدا هەم کەناڵێکی نەتەوەییی و هەم فرەرەنگ و هەمەڕەنگ بێت؟.

## کەناڵێکی لیبراڵ

کەسمان گومانمان لەوە نییە بودجەو تێچوونی دارایی کەناڵی کوردسات لەدارایی یەکێتی دابین دەکرێ وهەر یەکێتی خۆی خاوەنی کەناڵەکەشە،بەڵام ئەمە ئیتر نابێ بەو مانایە لێکبدرێتەوە ئەم کەناڵە هەر بۆ یەکێتی و سەردان و تارەکانی بەڕێز مام جەلال وئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتییە. کوردسات نابێ بەتەنێ بۆ پەخش و وەشاندنی بیرو ئایدیای یەکێتی بێت بەڵکو دەبێ کەناڵێکی گشتی بێ،ئەگەر کوردێك لەباشوور یان لەباکوور لەرۆژهەڵات یان رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ تەماشای کرد خۆی تیا بدرزێتەوەو هەست بەوە بکات ئەم کەناڵە گوزارشت لەغەم و پەژارەکانی

ئەو دەكات هەروەك چۆن خەندە دەهێنێتەوە سەرلێوی.ئەگەر هەركاتێ كوردسات توانی بەتەواوی هێڵی سووری حیزبو پەیڕەو پرۆگرامی حیزبو سنوورە تەقلیدییەكان بشكێنێت ودەرگای ئاوەڵا كرد بۆ هەموو رەنگو بۆچوونو عەقڵییەتە جیاوازەكان ئەوسا كوردسات بێئەوەی خۆی بیڵێ دەنگی هەمووانە.

## ریكلام

ریكلام بابەتێكی نوێیە لەتەلەفزیۆنە كوردییەكاندا،ئەم حاڵەتە نوێیەش هۆكارێكی سەرەكییە بۆئەوەی ریكلامەكان كرچو كاڵ دەربچن،رەنگبێ هۆیەكی تریش بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی كادری پسپۆرو شارەزا لەبواری ریكلامدا،ئەو كەسانەشی لەكەناڵەكاندا ریكلام دروستدەكەن لەبنەڕەتدا خەڵكی پسپۆرو تایبەت نین بەو بوارە،بەڵكو بەشێوەیەكی عەفەویی وناڕێك ئەنجام دەدرێت. لەلایەكی ترەوە چەند ریكلامێكی بازرگانی بۆ كاڵاو كەلوپەلو پێداویستییە رۆژانەییەكانی مرۆڤ لەدەرەوەی وڵات دروستكراون ئەمەش لەگەڵ شێوازی كاركردنی كەناڵە كوردییەكاندا نایەتەوەو ناشتوانن بەو شێوەیە كاریگەرە سەرنجی خەڵكی كورد رابكێشن.كوردسات دەتوانێ بەرنامەیەكی رۆشن بەهاوكاریی پسپۆر وشارەزاریان لەو بوارەدا دروستبكات، هەم ئەوەی كەناڵەكە فۆرمێكی نوێ ومۆدێرن لەریكلام پێشكەش بكات،هەم ریكلام ببێتە بنەمایەكی ماددیىودارایی بۆ كەناڵەكە. بەرای من نابێ لایەنی لایەنی بازرگانی لەریكلام كەمبایەخ سەیر بكرێ وفەرامۆش بكرێ، كوردسات دەبێت مەرجی ئەوەش بۆ ریكلامەكان دابنێت خۆی سیناریۆو دەرهێنانی ریكلامەكە ئەنجام بدات چونكە دەتوانرێ لەرێگەی پڕوپاگەندەی بازرگانی وكۆمپانیاكانەوە كۆمەڵێك وێنەی ترو لایەنی تر نیشان بدرێت.بۆ نموونە لەزۆربەی فلیم ودیمەنی ریكلامە ئەمەریكییەكاندابەیداخی ئەمەریكا وەك رەمزی وڵات بەدیدەكرێت وبەرز راگیراوە،كوردساتیش دەتوانێ ئاڵای كوردستان بەكاربهێنێ وهەروەها هەندێ شتی تری لەم بابەتە ئەنجام بدات.

## ماوەی منداڵان

منداڵ هەتا بڵێی بوونەوەرێكی زۆر ناسكو هەستیارە،وەك دەوترێ كاسێتێكی بەتاڵە چی لەسەر تۆمار بكەیت ئەوەی لێ دەردەچێ!.ماوەی پرۆگرامی منداڵان بەشێكی هەرە گرنگ وهەستەرەوەی كەناڵەكانی راگەیاندنە كەبەداخەوە لەلای خۆمان بەو شێوە گرنگە سەیری نەكراوە،ماوەی منداڵان تەنیا پێشكەشكردنی دوو فلیم كارتۆنی دۆبلاژكراو وسێ گۆرانی نییە بەڵكو پرۆگرامو ژانرێكی پەروەردەییە بۆ منداڵ.بایەخدان بەماوەی پرۆگرامی منداڵان زۆر بەكەناڵی كوردساتەوە دیارەو چون كەناڵەكە هەوڵیداوە پرۆگرامی نوێو سەرنجڕاكێشو پەروەردەیی باش پێشكەش بكات،ئەو فیلم كارتۆنە وەرگێڕدراوانە لەزمانی رووسییەوە بۆ سەر زمانی كوردیی كارێكی ئێجگار ئیجابیو پێشڕەوانەیە كەبەڕاستی جێگەی دەستخۆشییە بەتایبەتی بەشێوەیەكی زۆر جوان كوردێنراوەو فۆرمۆڵەكراوەتەوەو لەگەڵ هەستو زەوقو مێشكی ساكاری منداڵانی كورددا ئاوێتە دەبێ. كەناڵی

کوردسات دەبێت ماوەی بەرنامەی منداڵانی زیاتر بکات و فراوانتری بکات و ماددەی پەروەردەیی تـرو باشـتر پێـشکەش بکـات و هەوڵبـدات دەسـتەو گروپێکـی دەروونـزان لـەبواری دەروونناسـی منداڵاندا بکاتە چاودێر بەسەر پرۆگرام وماددەکانی ماوەی منداڵانەوە، بۆئەوەی هیچ ماددەیەك لەشاشەی کورساتەوە نەیەتە خواریێو رۆڵی سلبی بگێڕێ لەسەر ئەدگارو رەوشت و پەروەردەی منداڵان.ماوەی منداڵانی کوردسات ئاوڕێکی ئەوتۆی لەدرامای تەلەفزیۆنی منداڵان نەداوەتەوەو ئەو چەند درامایەی هەیەتی وەك پێویست نییە،کاتی ئەوەیە کوردسات کار لەسەر بەرهەمی خۆماڵی ودەقی خۆماڵی بکات بەتایبەت دەقە خۆماڵییەکان هەڵقولاوی ناخی کوردەوارین و کاریگەرترن لەسەر مێشکی منداڵانی کورد.کوردسات دەتوانێ لەم بوارەشدا هەنگاوی باش بنێ لەڕاستای پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروست،نەوەیەك ئەرکەکانی داهاتوویان لەسەر شانە، نەوەیەك پێشەنگەی ئایندەن و وێنەی داهاتووی کوردن.

## گۆرانی

گۆرانی ماوەیەکی دیاریکراوی نییە لەکەناڵی کوردساتداو دەکەوێتە بۆشایی نێوان بەرنامەکانی دیکـەوە،ئـەوەی لێـرەدا جێگـەی تێبینـی وسـەرنجە نـەبوونی چـاودێریی وفلتـەرێکی هونەرییـە لەکەناڵەکـەدا بـۆ هەڵـسەنگاندن وتـاوتوێکردنی ئاسـتی ئـەو بەرهەمانـەی دەگاتـە دەسـتی،فلتـەرو سانسۆرکردن بەو مانایە نییە ناکۆکی شەخسیی وجیاوازیی بیروباوەڕی هونەرمەندێك بکرێتە پێوەر،بەڵکو تەنیا روانین وشیکاریی بێ لەسەر بەرهەم،بۆئەوەی نەهێڵرێت گۆرانی بێئاست و خراپ تێپەڕێت ولەشاشەی کوردساتەوە پێشکەش بکرێ،ئەمەش جۆرێکە لەترساندن و هاندانی هونەرمەندانی گۆرانیبێژ لەپێناوی دروستکردن و گوتنی گۆرانی بەمستەواو رێك و پێك. هەتا ئەم دەقیقەیەش چەندان گـۆرانی نەشـازو نـاخۆش کەلەبناغـەدا هـەر گـۆرانی نین وقـسەی ئاسـایین لەکەناڵی کوردساتەوە دادەبەزێت،ستافی کوردسات لەساڵی نوێی تەمەنیدا لەسەریان پێویستە چاوێك بەئاستی گۆرانییەکاندا بخشێنێتەوە ئینجا لێبدرێن.

## سەرنجێکی تر

یەکێك لەو گرفتانەی لەکوردساتدا هەیەو پتر گرفتێکی سایکۆلۆژییە بۆ خەڵکانی دەرەوەی شاری سلێمانی،ئەوەیە کەناڵی کوردسات زۆر زێتر لەهەر شوێن و شارێکی تری کورستان بایەخ بەشاری سلێمانی دەدات،ئەم حاڵەتە لای هەندێ خەڵکی زیادەڕۆ وا لێکدەدرێتەوە کەناڵەکە سلێمانیچێتی وشارچێتی دەکات. بەڵام من دەزانم بنکەی سەرەکی کەناڵەکە لەشاری سلێمانییە بۆیە شتێکی ئاساییە پتر تەرکیز بکاتە سەر سلێمانی چونکە باشتر دەستی بەسەریدا دەڕوات و لێی نزیکە. بـەڵام لـەپێناوی ئـەوەی ئـەم حاڵەتـە نەبێتـە گرفتێکـی گـەورەو گرێیـەکی دەروونـی لای خـەڵکانی شـارەکانی دی،کـاتی ئـەوە هـاتووە کوردسـات گرنگـی بـدات بەشـارەکانی تـر بەبێئـەوەی شاری سلێمانی فەرامۆش بکات.من بۆ خۆم گلەییو گازندەی زۆرم هەبوو لەسەر ئەوەی باکگراوندی

پرۆگرامی هەواڵەکان لەبری نەخشەی کوردستانی گەورەیان ئاڵای کوردستان وێنەی شاری سلێمانی بوو،خۆشبەختانە وابزانم لەساڵی نوێی کارکردنیدا ئەو وێنەیە لاچووە. کوردسات بێجگە لەو چەند خاڵەی تیشکم خستەسەری چەندین کەموکورتیو بۆشایی تری هەیە لەچەشنی نەبوونی فیلمو دراماو هەندێ بەرنامەی تایبەتو بەرنامەی ژنان،بەلأم ئەمانە بەجێدەهێڵم بۆ قەڵەم بەدەستانی تر تائەوانیش لەگۆشەنیگاو تێڕوانینی خۆیانەوە لەسەری بدوێنو دواجاریش بۆئەوەی بخرێتە پێش چاوی ستافی کارگێڕی کەناڵەکەو سوود لێوەرگرتنی لەداهاتووی کەناڵی کوردساتدا.

## پێش کۆتایی

ئەم چەند پەرەگرافە نووسینێکی زۆر خێراو سەرپێییانەیەو دوای ماندووبوونی سەفەر، لەیەکێك لەهۆتێلەکانی شاری هەولێر نووسیوومە،خۆم دەزانم چڕوپڕو هەمەلایەنە نییە،بەلأم مەبەستمە لەم کاتەدا بلأودەبێتەوە کەیادی پێنج ساڵەی لەدایکبوونی کوردساتە،ئەگەریش ئەم بابەتەم دوورو درێژو هەمەلایەنە بنووسیبایە پێویستی بەکاتێکی زۆرتر بوو لەبۆنەکەش دوادەکەوت،هیوادارم جارێکی ترو بۆ ساڵی دادێ بەدوورودرێژیی بچمەوە سەری،مەبەستیشمە بڵێم ئەم دێڕانە بەویژدان وهەستێکی لێپرسراوانەوە نووسراون وتەنیاش غەمی بەرەوپێشچوونی ئەم کەناڵە لەپشتییەوە وەستاوە،ماوەتەوە بڵێم ئەم سەرنجانە بۆ کۆی کەناڵەکانی تریش هەروان، بەتایبەتی بۆ هەردوو کەناڵی ئاسمانی کوردستانو رۆژ.

*ئەم وتارە لەژمارە(١٢)رۆژنامەی(نێوەند)لەرۆژی٢٧\١\٢٠٠٥ بلأوبووەتەوە.هاوکات لەهەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلأو بووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# پەردەی کچێنی یان پەردەی شووم؟

پێویستیم بەوە هەبوو کەمێك پشوو بدەم،دوو رۆژ لەسەریەك هەموو کاتەکانی خۆم لەماڵەوە بردەسەرو کەمێك خۆم لەژیانی جەنجاڵی ئەودیو ودەرەوەی ماڵ دزییەوە.کاتێکی ئارامم بردەسەر، لەگەڵیدا خەریکی رێکخستنەوەی کتێبخانە قەرەباڵغەکەم بووم،بوارم دەستکەوت تاکو کتێب و گۆڤارەکان بەشێوەیەکی رێك وپێك پۆلێن بکەم.ئەم دووڕۆژە لەماڵەوە،تامی یاپراغ وشفتەو چێشتە نایاب و بەلەززەتەکانی دەستی دایکم کردەوە،دەرفەتیشم بۆ رەخسا تاوەکو یارمەتی بدەم لەپاککردنەوەی ماڵ وراخستنی نوێنی وەزری سەرمادا.بەڕاستی ئەم دووڕۆژە لەهەموو روویەکەوە خۆشحاڵ وئاسوودە بووم،هیچ هەواڵێکی ناخۆش وبێزارکەرم پێنەگەیشت، بەپێچەوانەوەی شیعرەکەی گارسیا لۆرکاوە لەودیوی دیوارە بۆرەکانەوە گوێم لەهیچ ناڵەو هاوارو زریکەیەك نەبوو. رۆژی سێیەم بریارمدا وەك نەریتی رۆژانەم رووەو کتێبخانەی گشتی سلێمانی بچم،لەوێ تا نیوەڕۆسەرقاڵی خوێندنەوە بووم،رەوتی رووداوەکان تا ئێرە ئاساییە.دوای ئەوە وەك بەرنامەم بۆ دانابوو هێدی هێدی ملی رێم گرت بەرەو بازاڕ،بەڵام نەرمە بارانێك ورد ورد دەباری ومنیش چەترم لەگەڵ خۆم هەڵنەگرتبوو،ناچار سواری پاس بووم ولەکورسییەکی پێش دواکورسی پاسەکە دانیشتم،خەیاڵم بەتەواوی بۆ دنیای عیشق وئەڤین هەڵفڕی بوو،لەقووڵایی ئاسمانی رۆمانسییەتدا لەشەقەی باڵم دەدا. وردە وردە پاسەکە چۆڵ بوو،ئەمەش یارمەتییەکی باشی خەیاڵەکەی منی دەدا، تەنیا خۆم وشۆفێرەکەو دووژنی دوای من لەنێو پاسەکەدا مابووینەوە.دوو ژنەکە بەدرێژایی رێ لەگفتوگۆدا بوون، تا ئەوەی هاتنە سەر باسی رووداوێکی زۆر ناخۆش.

ژنی یەکەم: ئەرێ نەیانووت کوشتنەکەی... کچی حاجی.... چۆن بووە تۆ لێیانەوە نزیکی؟.

ژنی دووەم: نازانم،بەس بەینی خۆمان بێت،لەلای دکتۆر فەحسیان کردبوو دەرکەوتبوو کچێنی خۆی لەدەستدابوو، ببووە ژن..

تا ئێرە گوێم لەگفتوگۆکە بوو،چونکە ئەو قسەیە سڕی کردم ودنیا لەپێش چاوم رەش بوو،ماڵی ئەو دوو ژنە ئاوانەبێ وا بەدەنگی بەرز قسانیان دەکردو ئەم خەمەیان دا بەمن.هەرچەندە ئەوە یەکەمجار نەبووە گوێم لەهەواڵی ئاوها بێت،بەڵام نازانم بۆچی ئەمەیان وا بەزوویی ویەکسەر کاریگەریی لەسەر دانام؟رەنگە بەهۆی قسەکانی ئەو دووژنەوە رووداوەکە بەزیندوێتی گەیشتبێ بەمن ؟نازانم،بەهەرحاڵ ئەو قسەیە میزاجی تێکدام.پێش گەیشتنە شوێنی دیاریکراو لەپاسەکە دابەزیم و بەپێ بەکاوخۆ بەرەو جێگەی مەبەست بەرێکەوتم وبیرم لەچەقۆکێشیی کولتوورو شەرەفپەرستی ئەم کۆمەڵگەیە دەکردەوە.ئای کەپێم سەیرە لە چ کۆمەڵگەیەکدا ژیان دەبەینە سەر

جاشێتی وخیانەت و وڵاتفرۆشی بەلاوە ئاساییە کەچی عیشق وخۆشەویستی یاساغکردووەو قێزی لێدەکاتەوە تا رادەی هێڵنجدان‌و رشانەوە؟پێم سەیرەو چ لۆجیکێکە کۆمەڵگایەك دەستی رێزو وەفا دەگرێت بەسنگییەوە بۆ پیاوکوژو چەتەو مافیا؟کەچی تووشی خروو وئالۆش دەبێت ئەگەر نیگای بچێتە سەر ژوانێك.نازانم ئێمە لەچ کۆمەڵگەیەکدا قوڕبەسەر وچارەڕەش بووین هەزاران پاڵەوانی فایلدار بێ غەم تەراتێن دەکەن لەبەردەمیداو بوونەتە رۆزیدەری خەڵك وقبوڵیشی دەکەن کەچی هەرهەمان خەڵك قبوڵیان نییە کچەکەیان یان خوشکەکەیان بەخواست ورەزامەندیی خۆی دڵدارەکەی لەباوەش بگرێ.ئاخۆ ئەم پەردەیە چییە وا پیرۆزکراوە؟ئاخۆ ئەم بنە چییە هەر سێ چرکە جارێك کچەکانیان لەترسی رژانی وەبیریان دێتەوەو تووشی کۆکەو لەرزلێهاتن دەبن؟ من واتێدەگەم ئاسمان نەفرەتمان لێدەکات!هەسارەیەك بەردەبێتەوەو سەرزەمینمان خاپور دەکات! نەیزەکێك وەك نەتەوەی ناو حکایەتەکان لەناوماندەبات!چونکە ئەو هەموو جەورو ناهەقی و رەزالەتە قبوڵ دەکەین،کەچی شمشێر لەملی عیشق دەسوین وخوشك وکچەکانمان زیندەبەچاڵ دەکەین وخەونەکانیان لێدەکەین بەسەراب.ئاخۆ ئەم پەردەیە لەیاقووتە یان لەجەواهێر؟ئاخۆ ئەگەر ئەم پەردەیە بدڕێت خەتەرە یان پەردەی ئۆزۆن؟ئایا ئەم پەردەیە هەڵوەریێ کارەساتبارترە یان تەقاندنی هەرچی بۆمبی ئەتۆمی دنیایە؟ئایا دڕانی ئەم پەردەیە قورس وگرنگترە یان هەڕەشەکانی ناتوراڵ ونزیکبوونەوەی ئەو ئەستێرەیەی لەوانەیە خۆی لەزەوی بدات؟ئایا بیگ بانگ گەورەترە یان دڕانی پەردەی شووم وکلۆڵی ئافرەت؟بێگومان لەلای کەللەوشکی رۆژهەڵاتی و پیاوی سەرزلی مێشك بۆشی کورد پەردە... پەردە... پەردەی کچێنی لەهەر شتێکی تر گەورەترە.. دەی بەخوا سوێند دەخۆم دڕانی پەردەی پەنجەرەکەمان وپەردەی کچێنی لەکن من یەك شتە. هەر بەو بۆنەیەشەوە لەجیاتی جارێك هەزار جار تف لەکولتووری کوشتن وبۆن خوێن وپەردەپەرستی.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٣) رۆژنامەی(نێوەند) لە رۆژی ١٦\١١\ ٢٠٠٦ بلاْوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاْو بووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# جولەكە لەروئیای عەرەبی وكوردییدا

لەم دواییانەداو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی راپۆرتەكەی (سایمۆر هێرش) لە(نیۆركەر) لەمەڕ تەواجودی ئیسرائیلییەكان لەكوردستان،میدیا عەرەبییەكان ئەم هەواڵەیان قۆستەوەو بووە سۆبجێكتێكی گرنگ بۆیان تا دوژمنایەتی گەلی كوردستانی پێ بكەن و شەقامی عەرەبیی هان بدەن بۆ دژایەتیكردنی كورد،سەركردایەتی سیاسی كوردو میدیا حیزبیی و سەربەخۆكانیش بێدەنگیان لەبەرامبەر ئەم حەملە راگەیاندییە هەڵبژاردو هیچ دەنگیان لێوەنەهات،جگە لەو دەنگە نوزەڵەیەی سەركردایەتی كورد كەجاروبار بۆ پاكانەكردن بەرز دەبێتەوە.من كارم بەسەر ئەوەوە نییە هەواڵەكەی ئەو رۆژنامەنووسە راستە یان نا،من دەپرسم بۆچی كورد هێندە سڵ لەجوولەكە دەكاتەوە؟بۆچی ئەوەندە پاكانە بكەین لەبەرامبەر عەرەب؟ئاخۆ ئێمە مافمان هەیە چاودێریی عەرەب بكەین دۆستی كێیەو دۆستی كێ نییە یان دەتوانین فشارییان بخەینە سەر؟ئەی كەواتە ئەوان چۆن ئەو مافەیان هەیە؟.لێرەوە هەوڵدەدەین رۆشنایی بخەینە سەر روئیای عەرەبی و كوردیی لەبەرامبەر جولەكەو كاریگەریی سیاسیی عەرەب لەسەر كورد دەربارەی روانین لەجولەكە.

## روانگەی پان ناسیۆنالیزمی عەرەبی

لەدیدی ناسیۆنالیزمی پەڕگیرانەی عەرەبەوە جولەكە یەكەمین مەترسییە بۆ سەر قەوارەی عەرەب، چونكە بەبڕوای ئەوان جوولەكە لەكەمیندایە بۆیان و دەیەوێ كار لەدەسەڵاتییان بكات و یەكێتی عەرەب بەرەو لاوازیی و لەناوبردن ببات.هەرواش كێشەی فەلەستین كە لەراستیدا بووە بەكێشەی هەموو عەرەب ئەو رقەی ئەستوورتر كردووە لەبەرامبەر جوولەكە هەیانە.بەڵام دەبێ بگوترێ ململانێ و شەڕی جوولەكە – عەرەب شەڕێك نییە سەرەتاكانی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم وكاتی بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیل،بەڵكو رەگ وریشاڵێكی سەدان ساڵەو بگرە هەزار ساڵەی هەیە،رەنگە لەو ساتەوەختەوە دەستیپێبكات پێغەمبەری عەرەب (محەمەد) جووەكانی (یەسریب) بەنەفرەت دەكات و بەتۆمەتی ناپاكی و پیلانگێڕیی هەر سێ هۆزە جووەكەی ئەو شارە لەزێدی خۆیان وەردەردەنێ،دیارە ئەمەش لەرێگەی توندوتیژییەوە بووە،هەر بەپێی ژێدەرە مێژووییە ئیسلامییەكان خۆشیان لەو هەڵمەتانەدا سەدان جوولەكەی (بنی قریظة) زیندەبەچاڵ كراون و ژن و سامانیان بەغەنیمە گیراوەو تالانكراوە،دواتریش پێغەمبەر (محەمەد) وەك سەرلەشكری سوپایەكی بەزەبر چۆتە سەر تاراوگەكەیان لەقەڵای خەیبەر،لەوێش كوشت و بڕی لێكردوون وبەناچاریی ئەو جێگایەشی پێ بەجێهێشتوون. ئەمە دەریدەخات ئەو ململانێیە ریشەو باكگراوندێكی مێژوویی هەزار ساڵەی هەیەو هەنووكەش هەمان شت بەناوی كێشەی فەلەستینەوە

درێژەی پێدەدرێ.بەتێگەیشتنی من دەوڵەتانی عەرەبیەهەر خۆیان ڕێگرن لەبەردەم چارەسەربوونی کێشەی عەرەب –ئیسرائیل بەڕێگەی ئاشتی،چونکە مانەوەو ڕەوایی سیاسی دەوڵەتەکانیان بەندە بەمانەوەی ئەو کێشەیەوە.ئەوان (واتە دەوڵەتە عەرەبییەکان) دەوڵەتگەلێکن بەناوی پاراستنی خاکی عەرەبو بەرگرییکردن لەناسنامەی عەرەبیی فەلەستین کۆنترۆڵی دەوڵەتیان کردووە بەشێوەیەکی دیکتاتۆریی و پادشایی ڕەها،لەسەرێکی ترەوە لەگەڵ چارەسەربوونی کێشەی فەلەستیندا کەدەبێتە هۆی کرانەوەی دەروازەی دیموکراتی لەناوچەکەدا،فاکتۆرێکی بەهێز دروست دەبێ بۆ لەبەریەك هەڵوەشانو پوچەڵبوونەوەی ئەو بنەماو پاساوانەی ڕەوایی داوە بەدەسەلاتی درێژخایەنو دیکتاتۆرییانەی دەوڵەتانی عەرەب،ئەوسا شەڕەکە دەچێتەوە نێو ماڵی عەرەب خۆی،واتە شەڕی دیموکراتیزەکردنی ناوخۆو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە جیاجیاکانی کۆمەڵانی خەڵكو هەوڵدان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی مەدەنیو ئاسایی کەتیایدا هاووڵاتیان مافو ئازادییەکانیان دەستەبەر بکرێو بەیاساش زامن بکرێ،ئەوکات تاکی عەرەبی ئامادە نییە ئازادیی ومافە سەرەکییەکانی دوابخات،چونکێ هیچ هۆکارێکی ماقووڵو بابەتی بەدیناکات بۆ ئەو دواخستنە.بەهیچ پاساوێکیش ملکەچ نابێ تا دەوڵەت خەمساردانە بەدیار مافە خوراوەکانییەوە بوەستێ،لەم حاڵەتەدا تاکی عەرەبی خۆی ڕادەپسکێنێ وداوای مافو ئازادییە کەسییەکانی خۆی دەکات،دەوڵەتانی عەرەبیش بۆ خۆدزینەوە لەمە وخەفەکردنی دەنگە نارازییەکان هەمیشە تاکەکانی گەل بەدوژمنێکی هەمیشەیی دەترسێننو زوو زووش بیریانی دەخاتەوە،چاکترینو نزیکترین دوژمنیشیان هەڵبژاردووە بۆ ئەم کارە ئەویش گەلی جوولەکەیە.

## ڕوانگەی پان ئیسلامیزم

ئیسلامگەراکان وەك توخمێکی بنەڕەتیی و بەهێزی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی عەرەب،بەدیدو شێوەی تر لەدیدی ناسیۆنالیزم کاریگەرییان هەیە لەقووڵکردنەوەو وێناندنی شەیتانیانەی جوولەکە،ئیسلامگەراکان کەنوێنەرایەتی جەمسەری کۆنسەرڤاتیزمی کۆمەڵ دەکەنو بەرگریی لەعاداتو نەریتی کلاسیکی وباوی عەرەبی دەکەنو وەك نەریتی ئیسلام دەیبیننەوە،بەردەوام لەسەر ئەم وەتەرانە کار دەکەنو ئیحساساتی تاکی عەرەب بۆ دوژمنایەتی جوولەکە دەورووژێنن.ڕوونتر بڵێین، بۆ نموونە ئیسلامگەراکان دەزانن کۆمەڵی عەرەبی بەتوندیی پابەندە بەچەمکی ئەخلاقەوە! دیارە ئەخلاقیش لەروئیای عەرەبیدا بەستراوەتەوە بەجەستەی مرۆڤ وموبارەسەی سێکسەوە،ئیسلامگەراکان دێن پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاودەکەنەوە جوولەکەو زایۆنیزم لەپلانی بەردەوامدان بۆ دروستکردنی فەسادێکی ئەخلاقی لەکۆمەڵگە ئیسلامیی و عەرەبییەکاندا، جگە لەوەش ئیسلامگەراکان بەو پاساوەش ڕۆشنبیریی و شارستانی ڕۆژئاوا ڕەتدەکەنەوە کەسترۆکتۆری ئەو ڕۆشنبیرییە جوولەکەی لەپشتەوە وەستاوە ئەمەش مانای وایە ڕۆشنبیرییەکی لەخشتەبەرە،(د. فەرەج عەلی فۆدە) نموونەیەکی جوان لەمبارەیەوە دەهێنێتەوە چۆن

ئیسلامگەراكان دەیانووت جولەكەكان دەڵێن ماركس و داروین و فرۆید هەرسێكیان لەخۆمانن و بۆ بەلادارێبردنی خەڵكانی تر دروستمان كردوون،ئیسلامگەراكان بەرگ وپۆشاكی ئاینی دەكەن بەبەری كێشەی نەتەوەیی و جوگرافی نێوان عەرەب –جوولەكە، ئەوانەی لەئۆرشەلیم خۆیان بەكاروانی سوپاو هاوولاتیانی سڤیلدا دەتەقێننەوە بەوشەی(الله اكبر)كارەكە ئەنجام دەدەن و بەئەركێكی ئاینی دەزانن و وەك شەهیدبوونیش چاوی لیّ دەكەن.ئیسلامگەراكان تەگەرەی یەكەم و سەرەكی ودیاری شكستپێهێنانی هەوڵ و هەنگاوەكانی ئاشتین،ئەوان لەهەر چوار لای دنیای عەرەب و ئیسلامییەوە بەناوی فەلەستین و دوژمنایەتی جوولەكەوە هاریكاریی ماددیی و لۆجیستی دەكرێن.هەر لەبەرئەوەشی ئیسلامگەراكان بەچەشنی دەوڵەتە عەرەبییەكان شەرعیەتیان لەو كێشەیەوە وەرگرتووە مانەوەو بوونیان بەستراوەتەوە بەبوون و مانەوەی كێشەی عەرەب – ئیسرائیل. راستییەكی حاشا هەڵنەگریش هەیە ئەگەر دوژمنایەتی جوولەكەو رۆژئاوا (كەبەلای ئەوانە داینەمۆكەی جوولەكەیە) نەمێنێ ئیسلامگەراكان ناتوانن بۆ تەنیا یەك خولەك لەژیاندا هەناسە بدەن،كەواتە ئیسلامگەراكان شەڕی مان و نەمان دەكەن.

## بیردۆزی موئامەرە و عەقڵی كلاسیكی عەرەبی

بەشێك لەرۆشنبیرانی عەرەب،ئەوانەی ناسیۆنالیزمی پەڕگیرانە بەرچاوی لێڵ نەكردوون دركیان بەوە كردووە یەكێك لەئیشكالییەتە ناوەكی وسایكۆلۆژییەكانی گەلی عەرەب وێنەكێشانی دوژمنێكی یۆتۆپی و وەهمییە،ئەمە جۆرە ترسێكەو بۆتە بەشێك لەئەقڵ و ئایدیاو بیركردنەوەی گشتیی عەرەب،هەر ئەم ئیكشالییەت و عەقڵییەتە كلاسیكییە وەهای لێكردوون بەچاوێكی دوژمنكارانەوە سەیری هەموو ئەوانی تری غەیرە عەرەب بكەن و بەمەترسی لەسەر خۆیان لەقەڵەمی بدەن، ئەم ئیشكالییەت و فۆبیایە زیاتر بەرامبەر بەئیسرائیل و رۆژئاواو لۆبی جولەكە لەویّ دورستكراوە،هەروەك بەبەرجەستەیی دەیبینین عەرەب لەخەیاڵدانی خۆیدا جگە لەوێنایەكی ئەهریمەنانە ناتوانیّ تابلۆیەكی تری جولەكەو رۆژئاوا ببینێت،ئەم گریّ دەروونییە ئاڵۆزە لەهەموو چیۆەكانی ژیانی سەرجەم ئەندامانی گەلی عەرەب رەنگیداوەتەوەو رەگی داكوتیوە، بەپێی تێگەیشتنی هەندێك لەرۆشنبیرانی عەرەب بەتایبەتی ئیسلامییەكانی چەشنی(سەید قوتب و محەمەد قوتب و فەتحی یەكون و عەفیف عەبدولفەتاح و تاد..) جوولەكە لەهەوڵی بەردەوامدایەو داوی بەردەوام دادەنیّ بۆ لەناوبردنی عەرەب و ناشیرینكردنی رووی ئاینی ئیسلام.لەڕاستیشدا زۆر پێم سەیر بوو كاتێك خوێندمەوە عەرەبەكان نەسرانییەت(بەپێی وتەی ئەوان) بەبەشێك لەماسۆنییەت حسێب دەكەن،چونكیّ ئەمە شتێكە ناچیّ بەعەقڵی هیچ كەسێكدا سیّ ملیار مەسیحی لەجیهاندا داردەست و شاگردی ٨–٩ ملیۆن جوولەكە بن، ئەمە هەروەك ئەوە وایە بڵێین فلانە كوڕ حەوت ساڵ لەباوكی بەتەمەنترە.ئەم بیردۆزی موئامەرەیە كەلەوانەیە كەمترین حەقیقەتی تێدا بێت لەواقیعدا دەوڵەتە عەرەبەكان و ئیسلامگەراكان بەمەبەستی درێژكردنەوەی بوونیان

لەبەرهەمهێنانەوەی بەردەوامیدان،ئەوان ناتوانن بەبێ دوژمن بژین،چونکە دوژمن دروستیکردوون وشەرعییەتی بەبوونیان داوە.لەوانەیە هەندێك رەوایی هەبێت لەو رقە ئەستوورەی عەرەب بەرامبەر جوولەکە هەیەتی بەڵام دیسان دەبێ هێما بۆ ئەوە بکرێ ئەوە دەوڵەتانی عەرەبن نان بەم مەسەلەیەوە دەخۆن وخەڵکی بێ ماف و بێبەش لەسەرەتایترین مومارەسەی ئازادیی،سەرقاڵی ئازادیی فەلەستین دەکەن و بەتلیاکی هەبوونی موئامەرەی دەرەکی مودمین و سەوداسەرییان دەکەن تا نەزانن چی رادەگوزەرێ لەژێر سایەی دەسەڵاتی ملهوڕو تۆتالیتاریی سەرانی عەرەبدا،تا ئاگادار نەبن چۆن سەروەت و سامانی وڵات لەخزمەتی سەرانی دەسەڵاتدا تەخشان و پەخشان دەکرێ.سەددام حسێن یەکێك لەو سەرکردانە بوو دەیویست لەرێگەی بەکارهێنانی کێشەی فەلەستین و هەبوونی پیلانی بەردەوامی جوولەکەوە لەدژی عەرەب ببێتە سیمبوڵێکی نەتەوەیی و گشتگیری عەرەب،هەر بەناوی پاراستنی یەکێتی عەرەب و موئامەرەی ئیمپریالیزم شەرعیەتی دابوو بەدەسەڵاتی سەرکوتکارانەی خۆی،هەر ئەمەش وایلێکرد بەو هەموو ستەمکارییەی خۆیەوە زۆرترین هەوادارو لایەنگری هەبێت لەهەر چوار لای عەرەبییەوەو ئێستاش بەشێك لەوانە بەناوی (موقاوەمە)وە لەعێراق دژ بەهاوپەیمانان دەجەنگن.ئەرکی رۆشنبیرانی عەرەبە هەوڵبدەن بۆ گۆڕینی ئەو خەیاڵدانە عەرەبییەی بەوەهمی دوژمن و موئامەرە ئاخنراوە،وەلێ ئەمە پێویستی بەزەمەن و شۆڕشێکی سەرتاپاگیر هەیە بەڵام کاری نەکردە نییە،رۆشنبیرانی عەرەب لەسەرشانیانە کۆمەڵی عەرەبی بەو ئاقارەدا بەرن بەچاوی لۆژیك تەماشای دەوروبەری بکات نەك بەچاوی گومان و گرێی دەروونی.

## جوولەکە لەبەردەم چاویلکەی کوردیدا

ئەگەر بەچاویلکەی کوردیش لەجوولەکە بڕوانین رەنگبێ لای ئێمەش هەمان ئیشکالییەت هەبێ لەلای عەرەبەکان هەیە،چونکێ باکگراوندی ئەقڵییەت و رۆشنبیریمان عەرەبییە،یان بەمانایەکی تر هزرو رۆشنبیریی و خەیاڵدانمان گەمەکردنە لەبازنەو خولگەی عەقڵییەتی عەرەبی ودرێژکراوەی ئەوە.لەدیدگای تاکی کوردیشەوە جوولەکە هەردەم وێنایەکی قێزەون وناشیرینی هەبووەو هەرچی خووڕەوشت وئەدگاری ناشیرینی وەك ترسنۆکی و بەدفەساڵی و خۆپەرستی و بێ ئابڕوویی هەیە دراوەتە پاڵیان.ئەگەر سەیری هەندێ رستە بکەین خەڵك لەژیانی رۆژانەیدا بەکاریدەهێنێ ئەو راستییەمان لەلا ئاشکراتر دەکات،لەکوردەواریدا دەوترێ (خۆ من جولەکە نیم) ئەم رستەیە لەکاتێکدا دەوترێ قسەکار تاوانێك یان ناهەقییەکی بەرامبەر ئەنجام بدرێ،عەرەب وتەنیش (والعکس الصحیح) واتە ئەگەر جوولەکە بوومایە شایستەی ئەوە بووم ئەو تاوانەم بەرامبەر بکرێت، ئەمەش رەواییدانە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی نێگەتیڤ بەرامبەر بەجولەکە،بێگومانیش ئەمە زادەو هەڵقووڵاوی عەقڵی کلاسیکی و داخراوی کوردییە هەروەك وتمان بارگاوییە بەپان ئیسلامیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبی. نەزعەیەکی تری بێمانای ئارییاییەکان و نەتەوە هندۆ

ئەوروپییەکان هەیە کەناوی ئەنتی سامیزمە،بەشێوەیەکی هەمەجی و عەفەویی لەلای تاکی کوردیش بوونی هەیە.خاڵێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە بۆچی ئێمە وەك کورد پابەندین بەڕاددەی پەیوەندیی عەرەب بەجوولەکەوە؟.ئەوان ئەگەر شەڕێکی مێژوویی و خوێناویی لەنێوانیاندا هەیە ئەی ئێمە چیمان هەیە؟ئەگەر جوولەکە بەوە تاوانبار دەکەین دەستی هەبووە لەپیلانی شومی ساڵی ١٩٧٥ جەزائیر بۆ هەرەسپێهێنانی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان، ئەی بەچی پاساوی ئەوە بدەینەوە کوردو سەلاحودینی ئەیوبی سەرکردەی کورد جوولەکەیان لەناو بردووەو لەزادگەی رەسەنییان لەفەلەستین دەریانپەڕاندوون؟کاتی ئەوەش هاتووە کورد لەلای خۆیەوە چاوبخشێنێتەوە بەروئیای کلاسیکی خۆیدا لەبەرامبەر جوولەکە،چونکێ ئیمڕۆکە چانسێکی باش لەبەردەم هەردوولادا هەیە زیاتر لێك نزیك ببنەوەو پەیوەندیی هاوبەش دروست بکەن.

## لێکچوون

زۆر لایەن و رووداوی تراژیدیی هاوبەش لەنێوان کوردو جوولەکەدا هەیە،هەردوولا دوو کەمینە بوون لەژێر دەسەڵاتی عەرەبدا ستەمیان لێکراوەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگیی لێکردووە، ئەوانیش هەروەك کورد تا سەرەتای سەدەی بیستەم بێ دۆست و پشت و پەنا بوون و تەنانەت بێ چیا بوون،هۆلۆکۆست پرۆسەیەکە هەر لەئەنفال دەچێ،ئەو دوو پرۆسەیە هەر ناوەکانیان جیاوازە ئەگەرنا لەواقیعدا یەك شتن،ئەویش کرداری جینۆسایدکردنە،جوولەکە بەعەقڵ و بیرو توانای ئابوورییان توانییان سەرکەوتن بەدەستبهێنن لەکاتێکدا تا سەرەتای سەدەی بیستەم پێ پشت و پەنا بوون،کوردیش تەنیا بەبازووی خۆی هەوڵیداوە بەڵام لەدۆستایەتی و پشتگیرییدا دەیان ساڵ دوای جوولەکە ئاوڕی لێدرایەوە هەرچەندە ئەو ئاوڕدانەوەیە بەوشێوەیەی جوولەکەکان نەبوو.جوولەکەکان قوربانیانی دەمارگیریی وراسیزم و ستەمی نەتەوە سەردەستەکان بوون، کوردەکانیش قوربانی هەمان شتن،جوولەکەکان هەموو رێگاکانی لەناوبردنیان لەسەر تاقیکرایەوە کوردیش هەر بەوجۆرە هەوڵی لەناوبردنی درا(ئەنفال و کیمیاباران شاهیدە).کەواتە بەبێ ویستی هیچ لایەك کۆمەڵێك رووداوی مێژوویی وێکچوو هەیە لەنێوان کوردو جوولەکەدا.

## بەرژەوەندیی هاوبەش

کورد ئێستا لەقۆناغی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی قەوارەی خۆیدایەو پێویستی زۆری بەدۆستایەتی و گرێبەندی هاوبەشە لەگەڵ دەوڵەت و گەلانیتردا،بەحوکمی ئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان کەوتۆتە نێوان چەندین دەوڵەتی نەیار وداگیرکەر کەئامادە نین مافی کورد لەچوارچێوەی وڵاتەکەیدا بەڕەسمی بناسن جگای ئەوەی لەسەر ئاستێکی باڵا گرێبەندو پرۆژەی هاوبەشیان هەبێ،پێویستە کورد بەدوای دۆست و دەوڵەتی تردا بگەڕێت،یەکێکیش لەدەوڵەتە هەرە نزیکەکان لەکوردستانەوە ئیسرائیلە.ئیسرائیل تاکە دەوڵەتی دیموکراتی وپێشکەوتووە لەناوچەکەداو دواڕۆژێکی رۆشن و ئاسۆیەکی گەشیش هەیە لەبەردەمیدا،هەردوولا دەتوانن

پێکەوە گرێبەندی بازرگانی وئابووری ببەستن و پەیوەندیی نزیك ودۆستانەیان لەگەڵ یەکتر هەبێت ئەمەش کاریگەریی راستەوخۆ دادەنێ لەسەرباری سیاسیی وئابووری کوردستان بەتایبەتی کەجوولەکەکان خاوەنی سێ لەسەر چواری سەرمایەی هەموو جیهانن و خاوەنی بەهێزترین عەقڵییەتی بازرگانی و ئابووری بازاڕن.لەبواری زانست و تەکنەلۆژیادا جوولەکە یەکێکن لەنەتەوە پێشەنگەکان، لەسیاسەتیشدا لۆبی جوولەکە بەتایبەتی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی دەسەڵاتێکی بەرفراوانەو کاریگەریی وقورسایی خۆیانیان هەیە.دوای ئەوەش مەرج نییە کورد بەتەنێ لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندیی دۆستانەی هەبێ و گرێبەندی لەگەڵ ببەستێ،بەڵکو پێویستە لەگەڵ چەندین وڵاتی تر پەیوەندیی دۆستایەتی و بازرگانی و کۆنتراکتی ئابووری و سیاسیی هەبێ،نەك کورد پەیوەندیی لەگەڵ جوولەکە بکاتە قوربانی ویستی عەرەب و ئاوەزی کۆنسەرڤاتیزمی کوردەواریی.

## دۆسیێی فەلەستین و ئەدەبی بەرگریی کوردیی

ئەو دیمەنە توندوتیژانەی‌لەرێی(تیڤی)یەکانەوە دەیبینین گەلێك راستن کەسەربازانی جوولەکە بەچ جۆرێك سەرکوتی خەڵکی فەلەستین دەکەن،وەلێ ئەم حاڵەتانە پەرچەکردارە نەك کردار،بەڵام هێشتا ئەمە مانای شەرعییەتدان نییە بەو تاوانانە.ئەدەبی بەرگریی کوردیی بەش و رەگەزێکی هەرە سەرەکی پێکهاتووە لەئەدەبی دیفاعکردن لەفەلەستین جا لەشیعرو چیرۆکەوە بیگرە تا دەگات بەنۆڤلێت و رۆمان.هەروەها چەندان شۆڕشگێڕی کورد لەکوردستانەوە چوونەتە فەلەستین و دیفاعیان لەو وڵاتە کردووە،دروست بەپێچەوانەوە هەر فەلەستینییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لەعێراق بوون دوژمنی سەرسەختی کورد بوون،لەئاستی رۆشنبیرانیشیاندا ئەوەتا (ئیدوارد سەعید)نکۆڵی لەوە دەکرد عێراق بەچەکی کیمیایی و قەدەغەکراو لەهەڵەبجەی دابێت.لەلایەکی ترەوە ئەو مەرگەساتانەی بەسەر کورد هاتووە لەعێراق و ئێران و سوریاو تورکیا چەند جار زیاترە لەوەی فەلەستین،کەسێك نەبوو دیمەنی تراژیدیاکانی کورد بخاتە بەردەم ویژدانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵی نێودەوڵەتی،لوتکەو یەکێتی عەرەب بێدەنگی دایگرت،سەرانی وڵاتانی ئیسلامی دەمی خۆیان دووری،بگرە نەك هەر داکۆکییان لێنەکردین بەڵکو وەك دوژمنی خواو ئیسلام چەپڵەیان بۆ مەرگی هەزارانمان لێدا.

## کۆمەڵەی دۆستایەتی و هاریکاریی

یەکێك لەو کەناڵە گرنگانەی پەیوەندیی نێوگەلان و نەتەوە ژێردەستەکان دامەزراندنی کۆمەڵەو یانەی دۆستایەتی و هاریکاریی ویەکترناسینە،ئەمەش بۆ دروستکردنی فیدراسیۆنێکی فراوان لەنێوان ئەو گەلانەدا بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم و توندوتیژیی لەسەر هەر یەکێکیان،هەروەها دەبێتە رایەڵێکی بەهێز بۆ تێگەیشتن لەدۆخ وباری سیاسیی و ئابووری هەر یەکێك لەو نەتەوەو رەگەزانە،بۆ زیاتر سوودوەرگرتنیش لەئەزموونی سیاسیی و فەرهەنگی یەکترو لێك نزیکبوونەوەی

زیاتر لەپێناوی ئامانجی هەر لایەکدا.ئەمڕۆش لەکوردستان هەلومەرجی دروستکردنی کۆمەڵەو یانەی لەمجۆرە هاتۆتە پێشەوە یان بەمانایەکی زەرورەتی ئەو یانەو کۆمەلأنە هاتۆتە پێشەوە.. یەکێکیش لەو گەلانەی دەبێ لە لیستی یەکەمدا بێ بۆ هەڵبژاردنی لەلایەن کوردەوە گەلی جوولەکەیە،جگە لەجوولەکەش هەقوایە ئەم هەنگاوە پەل بهاوێ بۆ لای گەلانی تری وەك ئەرمەن و ئاشووری و ئازەرو بلوچ و تاد..هەموو ئەمانەش کارتێکردنیان هەیە لەگۆڕینەوەی دیدو بۆچوونەکان و سوودوەرگرتن لەشارستانێتی و کەلەپوورو مێژووی یەکتر،لەم چوارچێوەیەشدا کورد دەتوانێ سوودێکی زۆر وەربگرێت لەئەزموونی جوولەکە لەپێناو دروستکردنی دەوڵەت و دەتوانێ هەموو ئەو ئالییەتانە بناسێنێ بوونە مایەی رابوونی گەلی یەهودو سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی لەلایان.

## دانپیانانێکی شەخسی

لەم چاپتەرەدا دەمەوێ دانپیانانێکی شەخسی خۆم بخەمەڕوو ئەویش ئەوەیە:من وەك تاکێکی کورد جوولەکەم خۆشدەوێت(هەرچەندە ئەم وشەیە زۆر میللی و کلاسیکییە چونکە لەسیاسەتدا دوو شت بوونی نییە:خۆشەویستی و مۆراڵ).بەلأم من جوولەکەم خۆشدەوێ وەك ئەوەی ئەوان پێشەنگی زانست و فەلسەفەو مەعریفە بوون،ئەوان توانییان بەژیریی و دانایی خۆیان هاوڕەگەزەکانیان لەهەر چوار لای گێتی لەژێر چەتری نیشتمانێکی نەتەوەییدا کۆبکەنەوە،من (هێرتزل)م خۆشدەوێ وحەزمەدەکرد ئەو سەرکردەی من بووایە لەبری ئەو هەموو سەرکردە زۆرانەی هەریەکەی چەند رۆژێکی ساڵ بۆ یادکردنەوەیان کراوەتە پشووی رەسمی وهیچیشیان بۆ کورد نەکردووە،حەزمەدەکرد(مەناحیم بیگن)سەرۆکی ولأتەکەم بووایە نەك ئەوانەی دەستیان سوورە لەخوێنی یەکتردا.مرۆڤایەتی قەرزاری جوولەکەیەو چاکەیان هەیە بەسەر هەریەکێکمانەوە.

*ئەم وتارە لەژمارەکانی(١-٢)رۆژنامەی(میدیای کورد)لەرۆژەکانی١١-٢٧\٣\٢٠٠٥بلأوبووەتەوە.
هاوکات لەهەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلأوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# جیاکاریی وچەوساندنەوەی ژن لەنێو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا

چەوساندنەوەی رەگەزی مێینە لەپێش هەر شتێکداو لەپێش ئەوەی وێنەیەکی یاسایی وسیاسیی وەربگرێت چەوساندنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کەلەدامەزراوەی خێزانەوە دەستپێدەکات تادەگات بەسەرەکیترین کایە کۆمەڵایەتییەکان و لەوێشەوە ئەم کێشەیە رەنگێکی یاسایی و دەستووریی وەرگرتووە،هەڵە نییە هۆکاری بنەڕەتی جیاکاریی و چەوساندنەوەی ژن لەکایەکانی تردا گرێ بدەینەوە بەکایە کۆمەڵایەتییەکەوە کەژنی وەك مەخلوق و کائینێکی کەمتر لەپیاو سەیر کردووەو ناچاری کردووە نوچ بدات لەبەردەم ویستی رەگەزی نێرینەدا کەویستێکە بۆ چەوساندنەوەو کۆنترۆڵکردنی ئەوی‌دی ژن. تۆ سەیر بکە هەر لەسەرەتای لەدایکبوونی منداڵێکەوە کەکچە ئەو جیاوازییە رەگەزییە دەستپێدەکات لەوەی پێشوازیکردنی کۆمەڵ و خێزان لەلەدایکبوونی کچێك زۆر ساردو سڕترە لەلەدایکبوونی منداڵێکی کوڕ بەڵکو هەر مایەی پێشوازیکردن وخۆشحاڵی نییە، دوابەدوای ئەوەش لەپرۆسێسی ناولێنانی هەر یەك لەکچ و کوڕدا بەر حاڵەتێکی لەم چەشنە دەکەوین ئەمیش بەوەی ناوی کچان دەنێن(ناسك –تریفە –خونچە –سروە..)لەبەرامبەریشدا ناوی کوڕان دەنێن (پۆڵا –تۆڵە –سەرباز –بەهێز –سەرچڵ – سەرکەش..).خۆی لەخۆیدا ئەم ناولێنانە هەنگاوێکی سەرەتایی و گرنگی سایکۆلۆژیی و عەقڵی سیستمی پاتریاکییە بۆ جیاکردنەوەی دوو رەگەزەکە لەیەکتر،رەگەزێکیان کەمێینەیە ناسکترو لاوازترو سۆزدارترە لەرەگەزەکەی‌تر کەنێرینەیە،بەم پێیەش هەریەکەیان هەڵگری ناو ونازناوێك دەبن کەلەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندیە فسیۆلۆژیی و بایۆلۆژییەکانیاندا هاوتەریب بێت، کەلەڕوانگەی عەقڵێتی باوکسالارییەوە جیاوازییە فسیۆلۆژیی وبایۆلۆژییەکانی ئافرەت مایەی نەگبەتییەو فاکتۆرێکیشە بۆ ژێردەستکردن و رەوایی دان بۆ ملکەچپێکردنی رەگەزی مێینە..ئەمە تەنیا دەتوانێ ئەوەمان وەبیرخاتەوە چۆن رەگەزی سپی(سپی پێست) شەرعیەتی دەدا بەخۆی، بەبیانووی جیاوازیی رەنگی پێستەوە پاکتاوی زنجی و(قولە) رەشەکان بکات،هەمیشە رەگەزی ئەنگلۆسەکسۆنی بەبەهانەی رەگەزی بالاو شانازیکردن بەچاوی شین وپێستی ناسکی سورباوی خۆیانەوە ژیانیان لەئەفریکاییەکان کردە دۆزەخێکی زەمینی،لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە وارێکی رێژەییە بەڵکو بەپێچەوانەوە لەچاویلکەی رەشەکانەوە(سپی) بوون ئەوپەڕی ناشیرین بوون و بێزراوی بووە،هەروەك کۆمەڵناسی ناسراوی عێراقی (د.عەلی ئەلوەردی)نموونەیەك لەم بارەیەوە دەهێنێتەوە چۆن کۆمەڵە رەش پێستێك گاڵتە بەسپی پێستێك دەکەن چونکە زۆریان لەلا ناشیرین بووە..ئەم هاوکێشەیەو ئەم جیاکارییەی نێوان دوو رەگەزەکە بەبیانووی جیاوازیی فەسڵەجییەوە دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێك پرسیارو تێڕامان:

ئەی بۆچی جیاوازییەکیانی پیاو نەبۆتە فاکتۆری نەگبەتی وچەوساندنەوەی نێرینە؟.تەنانەت لەقۆناغی دەسەڵاتی رەهای دایکدا(ماتریارکی)رۆژێك لەرۆژان پیاو نەچەوساتەوە بەڵکو شتێك نەبووە ناوی چەوساندنەوە بێت،چ هێزو کارکردێك وادەکات کۆمەڵە جیاوازییەك ببێتە هۆی چەوساندنەوە؟یان گریمان ژن لەهەموو روویەکەوە لەپیاو کەم هێزترو کەم تواناترە ئەی چی لۆژیکێك رێگە دەدا بەپیاو لەسەر سترۆکتۆری ماسی گەورە ماسی بچووك دەخوات ژن بچەوسێنێتەوەو ئازاری بدات و بیکات بەپاشکۆی خۆی؟.دواتر بڕوانە چۆن لەچوارچێوەی خێزاندا جیاوازیی دروست دەکرێ لەنێوان منداڵانی کچ و کوڕ،هەر لەسەرەتاوە کچ رادەهێنرێ و فێر دەکرێت پابەندی چوار دیواری ماڵ و چوارچێوەی خێزان بێت و هێدی هێدی دەبێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژیانی چێشتخانەو دواجاریش ببێتە باشترین کابان، لەهەمان کاتدا پارێزگاریی لەشەرەفی بنەماڵە بکات کەڕاستەوخۆ بەجەستەی ئەوی مێینەوە نووساوەو لەهەر خروقاتێك لەدەرەوەی ترادیسیۆنی خێڵ و کولتووری بنەماڵە شەرەفی بنەماڵەو خێڵ روشاوەو ئەو کەسەشی لاساریی وسەرپێچییەکی لەم چەشنە بکات ژیانی مەحکومە بەمەرگ چونکە لەدیدی پیاوسالاریی خێڵگەراییدا بەهای شەرەف لەسەرو هەموو بەهاکانی ترەوەیە تەنانەت لەسەرووی ژیانی مرۆڤێکەوەیە، بەڵام لەبەرامبەردا کوڕ بزێوەو بەشداریی چالاکیی وەبەرهێنان دەکات و ئەکتیڤانە رۆڵ لەژیانی ئابووریدا دەگێڕێ و دەبێت هەر لەسەرەتاوە وێنەیەکی بچووککراوەو فۆتۆکۆپیکراوی باوکی خۆی بێت و جێگەی وی بگرێتەوە،ئەم کائینەی کەکوڕە پێویستە شەرم نەکات و قسەی لەسەر هەموو شتەکان هەبێت و رۆڵی کاراکتەری باوك نمایش بکات لەغیابی باوکدا جا غیابی کاتی بێت یان بەردەوام،لێرەوە دەبینی کۆمەڵگەیەکت هەیە لەسەرەتای ژیانی ئەو دوو مرۆڤەوە کەناونراون نێرو مێ بەشێوەیەکی دینامیکی و توندوتیژ کار لەسەر جیاکردنەوەو دوورەپەرێزییان لەیەکتر دەکات و دەیەوێ بەهەر یەکێکیان بڵێ تۆ خاوەنی تایبەتمەندیی خۆتیت و پێویستە سوونەت و یاسای ژیان و خەسڵەتی رەگەزیی خۆت بپارێزیت،تۆی ژن دەبێ کەم قسە بکەی و لەکاروباری پیاواندا بێدەنگی هەڵبژێری و جوانترین ئەدگاری کۆمەڵایەتیت بە(شەرەف)ی و شەرمنییە،هەروەك ئەو پەندە کوردییەی دەڵێ(پیاوی شەرمن شانەیەك ناهێنێ،بەڵام ئافرەتی شەرمن شارێك دەهێنێ).بەڵام دەبێت ئەوی پیاو بێ چاو وروو بێت و بەردەوام ئامادەیی لەکۆڕو کۆمەڵی پیاوماقووڵاندا هەبێ و هەموو چالاکییەکانی ژیانی خێزان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەمشێوەیە کار لەسەر هەردوو رەگەزەکە دەکرێ بەتایبەتی لەتەمەنی هەرزەکاریدا بەتەواوی لێکدی جوێ دەکرێنەوەو تارادەیەکی زۆریش دوورەپەرێز دەبن لەیەکترو تەنانەت نامۆن بەیەکترو کەمترین زانیارییان لەسەر یەکدی هەیە،هاوکاتیش لەهەناوی خێزاندا کوڕ وەك شازادەیەك مامەڵە دەکات و قسەی زیاتر دەخوات و زیاتر گوێی لێدەگیرێ و بایەخی پێدەدرێ، تەنانەت لەزۆرترینی ئەو شتانەی پەیوەندییان بەژیان و چارەنووسی کچ یان خوشکەوە هەیە ئەوەندەی گوێ لەباوك و

برا دەگیرێ نیو هێندە حیساب بۆ بۆچوونی کچەکە ناکرێ ئەمە بەتایبەتی لەمەسەلەی زەواجدا، هەربۆیە دەبینین لێشاوێك لەزەواجی زۆرەملێ دروست دەبن کەلەهەناویدا خێزانی ناتەندروست سەر دەردەهێنی و دواجاریش نەوەیەکی سەقەت و نەخۆش بەرهەمدەهێنێ. لەلایەکی ترەوە ئەو پۆلین و جیاکارییە دەستدرێژیی دەکاتە سەر کۆی لایەنەکانی ژیانی مێینە بەتایبەتی لەمومارەسەکردنی رەمەکی سێکسدا،چونکە ئامێری زاوزێکردن و کۆی جەستەی ئافرەت (عەورەت)ەو سنوورێکی قەدەغەکراو ومینڕێژکراوە کەخواوەند لەقوولایی ئاسمانەوە نەهیکردووە لەبەر یەککەوتنی لەگەڵ جەستەی نێرینەدا،هەربۆیە هەر نزیکبوونەوەیەك لەیەکتری بریتی دەبێت لەشکاندن و بەزاندنی سنووری خواوەند کەگەورەترین تاوانە لەژیانی مرۆڤێکداو دەبێتە مایەی نەفرەتی ئاسمان و هاوکات لێسەندنەوەی ژیان لەسەر زەوی. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی بەرپاکردنی کوشتارێکی بێشومار لەژنانی ئەم ولاتە بەناوی پاراستنی شەرەف و کڕینەوەو شوشتنەوەی ناموسیتکاو!.ناموسپەرستی کەرەگەزێکی کوشندەی کولتووری کوردەوارییە یەکێکە لەو نەریتە قێزەونانەی تیرۆرو کوشتنی ژنانی کردۆتە کردەیەکی ئاسایی بگرە پڕ شانازیی و بەختەوەریی، دەبینین ئەو(قارەمانانەی) دەستیان چۆتە گیانی خوشك و دایك و کەسوکارییان بەناوی پارێزگاریی کردنی شەرەفەوە، مایەی خۆشحاڵیی خەڵکن و هەروەك ئەوەی سەروەریی و(بطولة)یان نواندبێ بەسەر زەویدا دەڕۆن و لەکۆڕی پیاواندا شانازیی بەکردەوەکەیانەوە دەکەن و کۆمەڵگەش پەنجەی شەرەف و خاوەن ناموسیان بۆ درێژ دەکات، ئەم کولتووری کوشتن و بڕینە کەرەگی لەمێژووی کورددا داکوتاوەو یەکێکە لەنەریتە پریمتیڤ و نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا وەك تابۆیەك و وەك هەڕەشەیەك بەسەر سەری هەر ژنێکی کوردەوە ئامادەیی هەیە،کاتێکیش دەڵێین ئەم نەریتە، نەریتێکی کوردییە بەو مانا نییە ژن کوشتن لەنێو گەلانی تری دنیادا بوونی نییە،بەلام ژن کوشتن و بەهانەی کوشتن لەولاتانی تر رەهەندو ماناو هۆکاری تری هەیە،کاتێك لەسوێد ئافرەتێکی بەڕەسەن سویدیی دەکوژرێت بەمانای پارێزگارییکردن نییە لەشەرەف بەقەدەر ئەوەی ماناو ناولێنانی تری هەیە. چونکە لەوێندەر مومارەسەی سێکس پرۆسیسێکی ئاساییەو هیچ تابۆیەکی لەسەر نییەو وشەی(شەرەف)یش لەقامووسی ئەواندا نەناسراوە، تەنانەت نووسەرێکی سوێدیی لەکتێبێکدا بەناوی(لەژێر لێڤە پەمەییەکەوە)شانازیی بەکۆمەڵگەکەیەوە دەکات مندالانی بێژوی ناوناوە(مندالانی عەشق)، بەلام کوشتنی (فادیمە شاهیندال) لەلایەن باوکییەوە راستەوخۆ کوشتنێکی شەرەفی بوو کەباکگراوەندەکەی کولتووری کوردییەو بەشێك بووە لەپرۆسەی گێڕانەوەی ئابڕووی تکاوی بنەماڵە.هەرچەندە خەڵکانێکی زۆر بەتایبەتی لەناوەندی رۆشنبیریی (ئەنتجلینسیای کوردییدا هەوڵدەدەن ریشەی ئەم نەریتە بەرنەوە بۆ قورئان و ئیسلام، دین تۆمەتبار بکەن بەلام لەگەلێك سیاق و رووی جیاوازەوە دەتوانین بگەینە ئەو بڕواو ئاکامەی ئەم کولتوورە پەیوەندییەکی زۆر لاوازی بەئیسلامەوە هەیە،دەکرێ بڵێین بەتاڵە دەزوویەکی زۆر باریك

پێوەی بەستراوەتەوە،ئێمە ناڵێین هیچ پەیوەندییەكی بەئیسلامەوە نییەو ئاینی ئیسلام ژنی وەك پلەدوو سەیر نەكردووە،تەواو بەپێچەوانەوە پێمانوایە ئیسلام كەمترین ڕۆڵ و سەنگی لەم كردەیەدا هەیە.ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی لەقورئاندا ئاماژە بەوە دراوە هەر(زانی – زانیە)یەك كەهێشتا كوڕو كچن و نەچوونەتە ناو بازنەی هاوسەرییەوە بەگەواهیدانی چوار كەسی هۆشمەند داركاریی دەكرێن بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ڕەگەزیی،وەئەگەر چووبونە ناو حەلقەی هاوسەرییەوەو پەیوەندیی غەیرە شەرعیان دروستكرد دیسان بەگەواهیدانی چوار كەس هەردووكیان پێكەوە سەنگەسار دەكرێن،بەڵام كولتووری كوردیی و نەریتی كرینەوەی شەرەف بەبێ‌ئەوەی پێویستی بەگەواهیدان هەبێ بەتەنیا ئافرەتی تێدا تاوانبار دەكرێ و هەر بەتەنیا ئەویش دەبێتە قوربانی ئەم نەریتە،بەپێچەوانەشەوە پیاو شانازیی بەكارەكەیەوە دەكات و وەك بەسەرهات و پاڵەوانێتی لەكوڕو كۆمەڵدا دەیگێڕێتەوە،ئا لێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی چەوساندنەوەی ژن بەر لەهەموو شتێك چەوساندنەوەیە لەكایە كۆمەڵایەتییەكاندا،هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەشدا بەو ئەنجامە دەگەین گۆڕینی یاسا بەدیاریكراوی یاسای باری كەسێتی عێراق كەئیلهامی لەسیستمی پیاوسالاریی و ئیسلامەوە وەرگرتووەو جەخت لەسەر چەوساندنەوەی ژنان دەكاتەوە بەبێ كاركردن بۆ گۆڕین و وەرچەرخاندنی كولتووری كۆمەڵگە هەوڵێكی ئیفلیج و ناتەواوە،كەواتە لەپاڵ گۆڕینی یاسادا پێویستمان بەپرۆسیسكی مێژوویی هەیە بۆ گۆڕینی ترادیسیۆن و بنیاتە كولتوورییەكانی كۆمەڵگەی كوردەواریی كەكۆمەڵگەیەكە یەكێك لەپایە كولتوورییەكانی خۆی لەسەر چەوساندنەوەی ژنان و جیاكاریی نێوان دوو ڕەگەزەكە ڕاگرتووە.

* ئەم وتارە لەژمارە (١٧) ڕۆژنامەی(پێگە) لەڕۆژی ٢٥\٨\ ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

هاوكات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# حەمەرەشید هەرەس..هونەرمەندی نەتەوەو نووسەری هەڵوێست

بۆچی گڵۆپێك دەبێت بەهونەر؟بۆچی خانوویەك دەبێت بەهونەر؟ ئەی بۆچی ژیانمان نەکەین بەهونەر؟

میشێل فوکۆ

هەرەس سەرلەبەری ژیانی کردۆتە هونەر،هونەرێك لەپێناوی مرۆڤدا،هونەرێك هەناسە بێت بۆ جەستەی نەتەوەو بڵندگۆیەك بێت بۆ ئازارە نەبڕاوەکانی گەل.ئەو وەها تەماشای هونەر دەکات رەنگدانەوەیەکی خودیی نییەو دابڕاو وئەبستراکت نییە لەژیانی کۆمەڵ،بەڵکو لای وی هونەر ئیلهامی خۆی لەقووڵایی کێشەو ژانەکانی کۆمەڵەوە وەردەگرێت،بۆیە هونەرەکەی هونەرێکی رووتە تەنیاو تەنیا بۆ مرۆڤ.دروشمی ئەو هونەر لەپێناوی هونەردا نییە بەڵکو هونەر لای ئەو تیریکە ئاڕاستەی نیشانە ئینسانییەکان دەکرێت ولەهەمان کاتدا هونەر رێنوێنیکارو پێشەنگی ژیانی مرۆڤەکانە. بەچاویلکەی کۆنپارێزیی ولەپەنجەرەی سەلەفییەتەوە ناڕوانێتە شانۆ بەڵام بەناوی نوێگەریشەوە هونەری خۆی دانەڕنیوە لەبەها پیرۆزەکان وژیانی هاونیشتمانییەکانی. هونەر بەشێوەیەکی گشتیی لەلای ئەو پەیامێکە دەبێت بگاتە مرۆڤەکان نەك ئەوەی تەنیا خاڵیکردنەوەیەکی زاتی بێت.هەرەس وا تەماشای هونەر ناکات میکانیزمێکە بۆ بژێویی‌پەیداکردن وخۆژیاندن بەڵکو پێیوایە هونەر زۆرجار پێویستە لەپێناویدا بمری ومردن لەپێناوی گەیاندنی پەیامی هونەردا بەژیان دەزانێت،بەلای ئەوەوەمردنی هونەرمەند لەپێناوی پاکژهێشتنەوەی پەیامە بنەڕەتییەکەی زۆرچاکترە لەژیانێکی شاهانە لەسەر حیسابی خنکاندنی بەهاو پەیامی هونەر،بۆیە هەرگیز ئامادەنەبووە هێلکەی خۆی بخاتە سەبەتەی هیچ دەسەڵاتێکەوە.

## هەرەس وەك هونەرمەندێکی شانۆکار

شانۆ لای حەمەرەشیدهەرەس هەڵوێستە نەك شتێکی تر،هەڵوێستیش لایەنگیریکردنی هەمیشەییە لەنەتەوە ومرۆڤەکان بەبێ‌جیاوازیی.(برێخت)پێیوایە(هەر گەلۆرێك بچێتە سەرشانۆ لەتوانایدا هەیە بینەر بخاتە گریان یان پێکەنین،بەڵام گرنگ ئەوەیە بینەر بکاتە خاوەنی هەڵوێست).هەرەس نایەوێت لەرێی شانۆوە چێژێکی کەمخایەن وراگوزەر بداتە بینەرەکانی بەڵکو خواستییەتی وا لەبینەر بکات بیربکاتەوەو ببێتە خاوەنی هەڵوێستی خۆی. لێرەدا هونەر ئامانج نییە، بەڵکو هونەر هۆیە،هۆیەك بۆ گەیاندنی پەیامی هونەرمەند بۆ جەماوەرەکەی.کۆی ئەو شانۆییانەی هەرەس بەدەرهێنان یان نواندن تیایدا بەشداربووە شانۆی سیاسیی بوون، سیاسەت لەکارە هونەرییەکانی ئەودا بەشێکن لەخەباتی نەتەوایەتی،بەشێکن لەبەشداریی شۆڕشگێڕانە لەخەباتی رزگاریخوازیدا.

ئەدۆنیس دەڵێت(من هەرگیز نەمگوتووە هونەر هونەرە،بەڵکو هونەر بۆ مرۆڤە، بەڵام هونەر بۆ جەماوەر نییە).بەڵام لەساتەوەختێکدا هەموو دەرگاکانی وتن وگوزارشت داخرابوون،شانۆ چەکێکی کاریگەربوو بۆ خەبات،زمانێك بوو بۆ گوزارشت،هەرەس لەو رۆژگارە تاریکانەدا هونەری

وەك چەكێك بەكاردەهێنا،بەپێچەوانەی دیتنی(ئەدۆنیس)ەوە هونەر ئەوكاتە بۆ جەماوەر بوو چونكە لێوەی فێری وانەكانی یاخیبوون لەدەسەلاتی سەركوتكەرودیكتاتۆریی دەبوو،لێوەی فێری گیانی بەرخۆدان و خۆڕاگریی دەبوو.ئەویٚ رۆژیٚ هەرەس هونەری ئاڕاستەی جەماوەر دەكردو چاكیش دەیزانی چۆن لەوەتەری هەرە هەستیاری جەماوەرەكەی دەدا،بۆیە ئەو رۆژانە وا لەشانۆ دەڕوانرا(قوتابخانەی گەلە)خەڵك سوێندیان بەپیرۆزیی شانۆ دەخوارد.ئەو زەمەنە شانۆ مەسجێكی سیاسیی پێبوو،پەیامی بەرگریكارانەی لەرۆحی نەتەوە پێبوو.لەو رۆژە سەختانەی ژێرچەپۆكی ریژێمی بەعسدا هەتاوی ئازادیی لەودیو پەردەكانی شانۆوە هەڵدەهات،هەموو بیرێكی بەگژاچوونەوە وشۆڕشگێڕیی لەدیالۆگی شانۆكاراندا لەژێر لوغزێكی هونەرییدا خۆیان پەنادابوو، ئیدی لەم سەروەختانەدا هەرەس شانۆی كردبۆیە قوتابخانەی كوردایەتی وهزری نەتەوایەتی و جۆشی ئەو جەماوەرەی پێدەدا لەژێر سێبەری تەوری دڕندەترین دەسەلات ودەوڵەتی دنیادا دیل كرابوون.هەرەس بەزمانێكی زۆر ئاسان وسادە ومیللی كەڕەشۆكەكانیش تێیدەگەیشتن مەزنترین پەیام ودۆزی دەگەیاند،ئەو رقی لەو تەمومژ وگریٚ سەیروسەمەرانە بوو مێشكی بینەریان جەنجاڵ وسەرقاڵ دەكرد، ئەو وەك (فیتزاگیراڵد) دەیووت(گرنگ وتنی شتی گەورەیە بەڕێگەی ئاسان).

ئەو لایەنگری شانۆی ریالیزم بوو بەلام ئەو ریالیزمە سۆشیالیستییە نا ببووە مۆدیلی ئەو رۆژگارانە،ئەو ریالیزمە نا لەپەنایدا گوندی كوردستان كاولدەكراو فرمێسكی لەبۆ نیگاراگواو ڤێتنام هەڵدەڕشت،ئەو ریالیزمە ماركسییە وشكهەلاتووە نا چیرۆكی بۆ خواروی ئەفەریكاو فەلەستین دەنووسی وەك ئەوەی لەولاتەكەی خۆیدا خوێنی مێشوولەش نەڕێژرێت.ریالیزمی هەرەس وێنەدانەوەی ئازارو نەهامەتی ومەینەتییەكانی گەلەكەی بوو،زمانی گوزارشت وهاواری ئەو بۆ دەربڕینی چەوساندنەوەكانی سەر گەلەكەی، شانۆ بوو.لای وی ئێستاش شانۆ هەمان رۆڵ وپەیامی هەیە وەلیٚ بە لەبەرچاو گرتنی گۆڕانی دنیاو واقیعی عەینی كۆمەڵگە،ئەو كاتێك شانۆی (بێفەڕ)ی لەسایەی دەسەلاتی كوردیدا نمایشكرد دەیەویست لاپەڕەكانی گەندەڵیی وسكەنداڵی فایلدارەكان هەڵبداتەوە،شانۆ لێرەدا جۆرێكە لەخەبات لەدژی گەندەڵی ومیرابۆ پەنهانەكانی كورد.

گوگۆڵ دەڵێت(هەرچەند بەبەرهەمەكانم پێدەكەنم نازانم بۆچی پێدەكەنم؟بەلام لەپشكنەردا دەزانم بۆچی وبەچی پێدەكەنم؟چونكە لێرەدا توانیوومە زۆربەی كەموكورتییەكانی ولات كۆبكەمەوە). (هەرەس)یش لە(بێفەڕ)دا زۆر بەباشی دەزانێت پەنجەی خستۆتە سەركام برین ولەكام سوچ و گۆشەوە كەموكورتی ولاپەڕە رەشەكان هەڵدەداتەوە،هەر بەشەخسی خۆم كاتێك لەنێوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤ ئینتەرڤیویەكم لەگەڵیداسازدا هەندێجار لەكاتی پێكەنینەكانیدا ئەم وتەزایەی گوگۆڵ دەهاتەوە یادم چاك دەمزانی بەچی وبۆچی پێدەكەنی؟.لەبەرئەوە شانۆ لای هەرەس قەزیەیەو چەكێكی كاریگەرە نەك ئەوەی شانۆ تەنیا بەتاڵكردنەوە یان كات كوشتن بێت كەئێستا زۆربەی خەڵك وا لەشانۆ تێگەیشتوون. ئاخر هەرەس دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هونەردا دەكات،بۆیە

دەتوانێت نایابترین کارمان پێشکەش بکات،دەزانێت نواندن چییە هەر بۆیە دەتوانێت سەختترین ڕۆڵ وازی بکات.ئەو دەزانێت هونەر لەپێناوی چیدا هەیە بۆیە واقیعیانەترین مامەڵەی لەتەکدا دەکات.هەرەس نەك تەنیا نووسەرو دەرهێنەرێکی سەرکەوتووە بەڵکو وەك ئاکتەریش خاوەنی نمایشتێکی ناوازەو نایانە،دەتوانێت لەیەك کاتدا ڕۆڵی ئیمپراتۆر وهەژارێکیش وازی بکات.

تایرۆف دەڵێت (ئەگەر یەکێك لێم بپرسێت گرانترین بەشی هونەر کامەیە؟پێی دەڵێم نواندن، خۆ ئەگەر پرسیارێکیتر سەبارەت بەئاسانتیرین بەشی هونەر کرا ئەوە دووبارە هەر دەڵێم: نواندن).

هەرەس چونکە مەلەوانێکی کارامەیە هەرگیز لەمەلەی نێو دەریا قووڵەکان ناترسێت،ئەگەرچی نواندن سەختترین بەشی شانۆیە بەلأم ڕەنگبێ لای‌ئەو ئاسانترینیان بێت.لەبەرئەوەی توانیوویەتی دەسەلأت بەسەر شەپۆلدا بگرێ وپرشنگی ئەستێرە چنگیر بکات ولەبەرامبەر زریانی دڕندانەترین دەسەلأتدار بوەستێت زۆر ئاسانتر لەوە دەتوانێت وەك هونەرمەندێکی یاخی وهەردەم سەرکەوتوو ئامادەیی هەبێت.ئەو بەلایەوە گرنگ نییە میدیاکانی حیزب وحکومەت گرنگی پێدەدەن یان نا، ئەوەی گرنگە بەلایەوە هونەرو گەیاندن وتەواوکردنی پەیامەکەیەتی،ئەو دەیەوێت شتێك بخاتە سەر خەرمانی هونەرو کارێك تەواوبکات،ئیتر دواتر گرنگ نییە تاجی پادشای هونەری لەسەر دەنرێت یان لەگۆشەگیریدا دەخنکێرێت بەڵکو هەر لەبنەڕەتەوە نایەوێت ببێتە وەحشی شاشە.ئەو چونکە سەر بەڕێبازی ئیلتیزامە لەهونەردا دەنگی خۆی خستۆتە پاڵ چاپلین و وەك ئەو دەڵێت (گرنگ نییە دەرکەوتوو بیت گرنگ ئەوەیە شتێك ببەخشیتە خەڵکانی دی).ئەو دەرکەوتن و بەئەفسانەکردنی ناوێت،هەروەك چۆن چاوەڕێی هیچ پادشایەکی ئەم دنیایە نییە لەکیسەی پڕ زێڕوزیو خەلأتی بکات ولەشانییەوە شەقاو بهاوێت،هیچ داواکارییەکی لەدەسەلأت نییە مەگەر تەنیا ئەوەنەبێت خوازیایی ئازادییە لێیان، ئاخر ئازادیی مەرجی بنەڕەتی هونەرو کاری هونەرییە، ئەگەرنا هەرەس مەلێکی ئەوەندە سرك ویاخییە بەداوی هیچ دەسەلأتێك ناگیرێ وبەپاداشتی هیچ خاوەن شکۆیەك دەستەمۆ نابێت.دەیەوێت فەزاو زەمینەکی‌ئازاد برەخسێنێت تاکو بتوانێت پەیامە پیرۆزەکەی کەسێ دەیە زیاترە لەکوڵی ناوە بگەیەنێتە مرۆڤ.جۆرج لۆکاچ دەنووسێت(کێشەکە لەسەر ئەوەنییە هونەرمەند لەکۆندا خۆی بەسەربەست نەدەزانی چونکە ئەو قەت خوازیاری ئازادیی نەبوو،لەکاتێکدا لەدیدی هونەری ئەمرۆدا ئازادیی وەك پێداویستییەکی گرنگ وبنەمای هۆشیاریی هونەریی حیسابی بۆ دەکرێت). هەرەس چونکە بزنسمان و بازرگان نییەو خەون بەهیچ کۆشك وقەسرێکەوە نابینێت تەنیا بیری لای ئازادییە، چونکە حەزی لەئامێزگرتنی هیچ دەسەلأتێ نییە دەیەوێت مەلێکی سەربەست بێت وپڕبەگەرووی خۆی هاوار بۆ ئازادیی بکات.ئەو چونکە چاوی نەبڕیوەتە گەوهەرو زێڕی ئەشکەوتی تاریکی میرەکان دەتوانێت شەڕ بۆ ئازادیی بکات، لەبەرئەوەی لەئەندێشەیدا ئازادیی پێش هەر شتێکەو بگرە خەمی یەکەم و کۆتاییەتی.

## هەرەس وەك نووسەرێكی سیاسیی

كاتێك چاوپێكەوتن لەگەڵ(خوسێ سارەماگۆ)كرا دەربارەی رۆمانی(دابڕانەكانی مەرگ)لەبەشێك لەوەڵامەكانیدا وتی(رەنگە ئەمە دوا ڕۆمان بێت من بینووسم،چونكە من هەموو شتێك نانووسم).

هەرەس نەنووسەرێكی دەربارو نەحیكایەتخوانی جەنگ وسەركەوتنەكانی حیزب ونەمێژوونووسی سەركردەكانە،ئەو هەموو شتێك نانووسێت ودەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی(برگیتا لیلپێرس)و دەڵێت (دەبێ تەنیا ئەوشتانە بنووسرێت كەدەبێت بنووسرێن).لەبەرئەوە نووسین لەلای هەرەس پێویستییەو لەكاتو شوێنی تایبەتی خۆیدا لەدایك دەبێت.وەك نووسەرێكی سیاسیی ونەتەوەیی پێنووسەكەی بۆئەوە وەگەڕخستووە تابیرێكی كوردانەی دوور لەخڵتەو ژاریداگیركەران پێشكەش بەنەوەی داهاتوو بكات.دەنووسێت تا مرۆڤ لەم وڵاتەدا رێزو شكۆی هەبێت، دەنووسێت تا پەرەسێلكەكانی ئازادیی بەئاسمانی ساماڵدا بێ ترس بفڕن، دەنووسێت بۆئەوەی دەستووری ئەم وڵاتە(بۆنی بوغوردی لێ نەیەت)،دەنووسێت تا نەوەكانی داهاتوو كوێرو كاس و(موزمەعیل) نەبن و بەرچاوی خۆیان ببینن، دەنووسێت بۆئەوەی مافی منداڵان وبەساڵاچووان پارێزراو بێت. دەنووسێت تا كۆتایی بەسكەنداڵی ژن كوشتن لەژێر ناوی ناموسپارێزیی بێت،دەنووسێت  تا ئەم وڵاتە سەوزو گەشو ئاوەدان بێت وڤایرۆسەكانی گەندەڵی زاڵ نەبن بەسەر ژیانی هاووڵاتیانی رووت ورەجاڵدا،دەنووسێت تا لەبێگەردترین ژینگەو لەژێر سێبەری دار ژاڵەیەكدا بەبێ ترس و هەڕەشەی كولتووریی دوو عاشق ژووان ببەستن ودەم لەنێو دەم نێن.دەنووووسێت تا یاسای عەشیرەت وتەونی كەڵچەری هۆزو دەسەلاتی دەستەو حیزب كۆتاییان پێبێت وكۆمەڵگە لەسایەی مەدەنیەتدا ئاهێنگی شادیی هەڵبكێشێت،دەنووسێت تاچیتر تەقە لەخۆپیشاندان نەكرێت، دەنووسێت تا مافیاكانی سەر بەدەسەلات لەمە زیاتر یاری بەمەشاعیری سێ ملیۆن مرۆڤی كورد نەكەن،دەنووسێت تا ژیان مانایەكی هەبێت.دەنووسێت تا بیری نەتەوەخوازیی لای نەوەكانی داهاتوو چرۆ بكات،دەنووسێت بێئەوەی هەناسەی تەنگ وماندوو بێت تا كەرامەت بگەڕێتەوە بۆ مرۆڤی دڵشكاو ورەنجاوی كورد،بێوچان وبێپشوو دەنووسێت تا مافو پێویستییەكانی مرۆڤ لەم وڵاتەدا ببنە دیفاكتۆ،دەنووسێت تا ژیانمان جیاواز بێت لەگەڵ مردن،دەنووسێت وهەرگیز لەنووسین ماندوو نابێت.(عونسور مالیكی كەیكاوس)دەڵێت(رۆشنبیر ئەو كەسەیە لەچاكەی خەڵك ماندوو نابێت و لۆمەی كەس ناكات،ئەو كەسەیە كەراستیی بەنرخی گیانی دەكڕێت).

هەرەس نەك هەرگیز ماندوو نەبووە لەداكۆكیكردن لەخەڵك،بەڵكو بەردەوام ورۆژ لەدوای رۆژ سوورترە لەسەر پرەنسیپەكەی وسەرتاپای ژیانی خۆی كردۆتە وەسیلەیەك بۆ ئەوەی مانایەك بگرێتەوە بۆ هەبوونی ئەو مرۆڤگەلانەی رۆژ نییە لەسایەی دەسەلاتی فاشیستی كوردییدا بێ حورمەتیان پێنەكرێت.نووسین بۆتە خۆراكی رۆحی وبەشێك لەپێویستییەكانی ژیانی وتەنانەت بۆتە هەناسەی،هەرەس لەنووسیندا لایەنگری هەمیشەیی گەلەكەیەتی ولەگەڵ ئەو خەڵكە رەش و

رووتەیە هیچ دەسەڵاتێك سڵی لەهاڕین وداپڵۆسین و بێمافکردنی نەکردۆتەوە.هەمیشە لەسەنگەری بەرگرییدایە لەبەشخوراوان وماف زەوتکراوان، قەڵەم وەك شمشێر لەرووی جەللادەکانی دەسەڵات لەکێلان هەڵدەکێشێت. نووسین بەکاردەهێنێ وەك پارێزەر ومیکانیزمی بەرگرییکردن لەهەر چەوساوەیەك لەوڵاتەکەیدا.وەك بالانش دەڵێت(ئەگەر بەردەوام لەم چڵ بۆ ئەو چڵ هەڵفڕی هەرگیز ناگەیتە ئەنجام).هەرەس خاوەنی پرەنسیپی چەسپیوی خۆیەتی،ئەمڕۆ لەسەر چڵی نەتەوەو سبەینێ لەسەر لقە پۆپەی دەسەڵات نییە،ئەو بڕیاریداوە بۆ هەمیشە وەك هونەمەندو نووسەر لەسەر بەرزایی درەختی گەل بنیشێتەوەوهێلانە بکات،بڕیاریداوە مرەکەبی قەڵەمە بەبڕشتەکەی تا دوا هەناسەی ژیانی بۆ خزمەتی مرۆڤ بخاتەگەڕ.

## هەرەس وەك تاراوگەنشینێك

شیعرێکی فارسی هەیە نازانم خاوەنەکەی کێیە، دەڵێت: بشنە وئەز نەی چون حیکایەت میکونەد وەز جوداییها شکایەت میکونەد. (١)

هەردەم گوێم لەناخی هەرەسەو گوێم لەدەنگی حیکایەتەکانێتی لەتاو دابڕانەکانی لەزێد،ئەو بەردەوام لەباخچەو گوڵزارە دڵڕفێنەکانی تاراوگەوە شینی قوڕاوو چڵپاوی وڵات دەکات،ئەو لەکەنارو رۆخی فیردەوسدا دڵی لای دۆزەخی زادگەیە.ئەو بەتەنیشت مۆزەو میترۆو هێڵی شەمەندەفەردا رێ تەی دەکات وکەچی نیگای چاوی لەسەر مەزادخانەکانی وڵاتە،ئەو لەرۆخی دەریادا بیردەکاتەوەو تینووی قومێ ئاوی کانیاوەکانی کوردستانە،ئەو لەتەنیشت باڵەخانە بەرزەکانی ئەوروپاو ئەمریکاوە لەنگەری گرتووە کەچی عاشقی خانووە قوڕینەکانی گوندە،ئەو تەنیا بەجەستە لەوێیە ئەگەرنا بەڕۆح و ناواخن هەمیشە لەشەقامەکانی سلێمانی دەست لەملانی چێوارو دڵشاد مەریوانی پیاسە دەکات و لەژاوەژاوی چایخانەی شەعبدا چایەکی کەم رەنگ هەڵدەقوڕێنێت.دووریی وڵات وغوربەتی دووشتی کەم نین بەلایەوە،بەڵێ ئەو ئازارێکی قووڵ و گەورەی وڵاتی لەدڵی خۆیدا هەڵگرتووە،ئەو ئازارەی تەنیا(لویس ئاراگۆن)دەتوانێت وەسفی بکات کاتێك لەپۆستەرە شیعرێکیدا دەڵێت:

بائەو هۆزانڤانە لەشار وەدەرنێین

چون لەشاردا جێیەکی وا فراوان نییە

ئەو ئازارە بگرێتە خۆی

پەراوێز:

(١)مانای شیعرە فارسییەکە(گوێ رابگرن بۆنەی چۆن حیکایەتێك دەکات وچۆن هاوار دەکات لەدەست جیابوونەوەی لە قامیشەلان).

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٢) رۆژنامەی(نێوەند)لە رۆژی ١٤\١٠\٢٠٠٦پاشان لە ژمارە(١٥) رۆژنامەی (رەند)لەرۆژی ٥\١\٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.

# دیسان یاریی مار و پەیژەکەی کورد

## کورد میللەتێکە نابێ لێبگەڕێین لەسەر پێ بوەستێت

وینستۆن چەرچل

لەمنداڵیدا هۆگری یارییەکی لەعنەتی ببووم،یارییەك لەیادم نییە بۆ تاکە جارێکیش گەیشتبێتمە خاڵی کۆتاییەکەی،ئەو یاری مارو پەیژەیەی ساڵانێکی زۆر هاوڕێی ژیانی منداڵیم بوو،مەراقێکی سەر گۆی دڵم بوو، بەدرێژیی ئەو ماوەیە کۆشاموفێڵ و تەڵەکەم لەزار دەکرد بەشێوەیەکی کۆنکرێتی لەخانەی (٩٧)ی سێ خاڵ پێش کۆتایی،مارە گەورەکە دەیخواردمو سنووورداشی خاڵێ نۆی یارییەکەی دەکردمەوە،بەهەمەحاڵ ئەو یارییە پێش ئەوەی سەرکەوتنی تێدا بەدەستبهێنم کۆڵی پێدام،هەنوکە کەدەتوانم زاڵبم بەسەر ناڕەحەتترین یارییەکانی پلەی ستەیشندا،ئەو یارییە هەر زەلاتەیە،بەڵام لەوەتی من بیردەکەمەوەو مێژووی دێرینو هاوچەرخی کورد دەخوێنمەوە،ئەو مارەی پێش خاڵی کۆتایی هەموو شۆڕشو قوربانیو دەستکەوتەکان قووتدەداتو لە خاڵی نۆو زۆر جاریش لەخاڵی سفر دەیتفێتەوەو فرێی دەدا. ئەوەندەی لەخۆم رادەبینم تاقەتو ئارەزوویەکی بێ راددەم هەیە بۆ خوێندنەوەو قووڵبوونەوە لەمێژوو، لەوەتی کوردیش نێوی لەمێژوودا تۆمارکراوە، جارێك نییە توانیبێتی لەبازگەی ئەو مارە زەبەلاحە قوتاربێ یان غافڵگیری بکاتو لەمەرزی مەترسی وەپەڕێتەوە. هەرچەندە ئەوە زۆر گرنگ نییە جارێك ئەم مارە عوسمانیو جارێکی تر سەفەوی یان ئینگلیز یاخود عەرەب بوو،ئەوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ، بەڵام گرنگ کاریگەریی قووتدانو پێوەدانەکە بووە. لەو رۆژە وەی راپۆرتە هاوبەشەکەی جێمس بیکەر- لیهاملتۆن بڵاوبۆتەوەو نووسەرانی کورد لەم پەراوێزەدا لێکدانەوەی هەڵەو نابابەتی بۆ دەکەن، ئەو شعورەم لەلا دروست بووە رەنگە دیسان کورد لەیاریی مارو پەیژەکەدا گەیشتبێتە خانەی ٩٧و لای مارە زەبەلاحەکە. خەڵکانێکی ساویلکە هاتن وتیان نا، بیکەر- هاملتۆن سەد پڕۆژەی واشبکەن سەرۆك بۆش بەقسەیان ناکات!بۆ نا، بۆچی خۆ ئەیمەن زەواهیری پڕۆژەی پێشکەش بەبوش نەکردووە، بەڵکو بیکەری نووسەری کتێبی (سیاسەتی دیبلۆماتی)و پلاندانەری هەرە وریاو زیتەڵەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێشنیار دەکات! عەجابا چی بووە، بوش بەقسەی نەکات؟ لەوانەیە ئەو برادەرانە وابزانن بوش، سیاسییەکانی ئێرەیە بەگوێی کەس نەکات،جا ئەو کەسە سیاسییەکی هۆشمەند یان نووسەرێکی بەئاگا یان هاوڵاتییەکی ئاسایی بێت. با ئێمە خراپترین ئەگەرو لەوانە هەڵبژێرین، گریمان بوش لە ئەلفەوە تایێ پڕۆژەکەی بیکەری پەسەندکرد، کەواتە کورد لەم حاڵەتی کار لەکارترازانە دەستی لەبنی هەمبانەکەوە دەردەچێو ئەزموونەکەشمان سیاسییە بازرگانەکانی وڵات خۆش. بەقەناعەتی من پڕۆژەی بیکەر-هاملتۆن لەیەکێك لەرەهەندەکانیدا بەمانای کورتکردنەوەی دەستو

سنووردارکردنی پێگەی کوردە،ئەگەر جێبەجێش نەکرێت هەمووان دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی ئیتر باوی ئەو بالۆرەیە نەما:ئەمەریکا دۆستی جاویدانی و کۆنکرێتی کوردە، دەکرێ سبەینێ لە خەو رابووین ئەمریکا بەدەبابەوە بێتە سەرمان و تورەکە لەسەر بەرپرسەکانمان بنێت.هیچ شتێك لەم جیهانە ئالۆزاوەدا موستەحیل نییە بەخودی موستەحیل خۆیشییەوە!. لە هەمان کاتدا ئەوە وەك مانگی چوارەدە لەئاسمانی سیاسەتی دەولیدا بەدیارکەوت،سووننەو پاشماوەکانی سەددام و ئەلقاعیدەو ئێران و سوریا هەڕەشەیەکی بچووك نین بەڵکو دەتوانن زۆر کارا پێشڕەوییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا پەکبخەن. ئەوەشی جێگەی سەرسوڕمانە! دەسەڵاتی کوردیی تازە بەتازە دەهۆڵ و زوڕنای گەڕانەوە بۆ لای جەماوەر دەژەنێ،ئەو جەماوەرەی گوولەی پێوەنرا لەوەختی خۆپیشاندانەکاندا، ئەو جەماوەرەی لەبەر بێ کارەبایی وەك قازی کوێر رۆژ دەکاتەوە، ئەو جەماوەرەی نە ئاو، نە سووتەمەنی، نە زەمانەت، نە هیچ مافێکی هەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە. نازانم دەسەڵاتی کوردیی بەچ حەیایەکەوە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ جەماوەر دەکات؟دەیەوێ هێزو وزەیان لێوەربگرێت لەم تەنگەبەرییەدا کەئەمەریکا بۆی دروستکردوون. بەڵام زیاتر لەجارێك لەلای خۆمەوە دەهزرێم و ئەو خەیاڵە قانگم دەدات، دەسەڵاتی کوردیی لەرووی سایکۆلۆژییەوە لەپیاوێکی سایکۆپاسی دەچێ،چون بەپێی لێکدانەوەی دەروونی کەسێتی سایکۆپاسی لەکاتێکدا رووبەڕووی مەترسی و سزاو زیندان دەبێتەوە لەسەر خووە ناباوەکان و لادانە کۆمەڵایەتییەکانی، بڕیار دەدات واز لەهەموو ئەو نەریتانە بهێنێ و بەجیددیش بڕیار دەدات، بەڵام هەر هەوری مەترسییەکان رەوینەوە (عادە الحلیمە الی عادتها القدیمە)، ئەم دەسەڵاتەش هەر تێی‌دەگیرێ فەرهاد سەنگاوی دەهێنێ فوو بەشەیپوورەکەدا دەکات و هەر کەدنیاش بووەوە بەساماڵ و مەترسی لەسەر نەما، نەبای دیووەو نەبۆران و لەمیللەت فلیقانەوەدا شارەزایی و پسپۆڕیی زیاتر وەردەگرێ. هەنووکەش دوای راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن دەسەڵات هەمان ئەو یارییە دەبارەکراوەیە دەکات، دواجار ئەوەی دەکرێت لەکۆتاییدا ئاماژەی بۆ بکەین، لەڕاستیشدا ئەو راپۆرتە ئەگەر بووە بڕیار یەکەم کەس لێی زیانبار دەبێ بێگومان کوردەو رەنگبێ رەورەوەی مێژوو بگێڕێتەوە بۆ سالانی پێش بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠. ئاخۆ تۆ بڵێی ئەو وتەیەی چەرچڵ کە لەسەرەتاوە هێمامان بۆ کردووە دوای هەشتاو ئەوەندە ساڵ هێشتا مەفعولی مابێت و نەیەڵن کورد ببێت بەهیچ؟ بەزمانە میللییەکە ئایا ئەمجارەش ئەمەریکا بەشوویداین؟.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٤) رۆژنامەی(نیوەند) لەرۆژی ١٩\١٢\ ٢٠٠٦ بلاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاوبووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# ژیانێکی ئەفەریکی.. باجێکی ئەمەریکی

ئەوەی راستی بێت تا هەفتەیەك لەمەوبەر گەڕەکی (کانی سپیکە)م نەدیبوو، بەڵکو هەر نەشمدەزانی کەوتۆتە کوێی شاری سلێمانییەوە،بەڵام لەم ماوەیەدا بۆ بەشدارییکردن لەپرسەی باوکی هاوڕێیەکم ویستم بچم بۆ ئەو گەڕەکە،پاش نیوەڕۆیەکی گەرم بوو دەستم لەتاکسییەکی لەم سەنییە تازانە راگرت هەر گوتم کاکە بمبە بۆ گەڕەکی کانی سپیکە،لەوەڵامدا وتی بەداخەوە کارم هەیە ناتوانم بچم بۆ ئەوێ. بۆ جاری دووەم تاکسییەکی ترم راوەستاندو گوتم برای خۆم تا کانی سپیکەم بگەیەنە. لەوەڵامدا گوتی مامۆستا گیان بەخوا رێگاکەی ناخۆشەو داوای لێبوردن دەکەم. هەرچۆنێك بوو بەناچاری بەرەو شوێنی وەستانی پاسەکانی ئەو گەڕەکە بەڕێکەوتم و سواری پاسێکی کۆستەر بووم و ملی رێگەمان بەرەو ئەو گەڕەکە گرتەبەر. من لەبەر هیلاکی خۆم و گەرمای نیوەڕۆ خەیاڵم چووبووە دەرەوەی ئەو قسانەی نەفەرەکان لەناو خۆیاندا دەیانکرد،بەڵام لەناکاو دەنگێکی زۆر بڵند بەئاگای هێنامەوە،ئەویش دەنگی پیاوێکی ریش و سمێڵ ماش و برنجی بوو، شەش تا حەوت جار وتی توخوا کەی ئەمە ژیانە؟کەی ئەمە حکومەتە هەمانە؟تۆ سەیر بکە (ژیانەکەمان ئەفریقییەو زەریبەکەشمان ئەمەریکی).قسەکەی ئەم پیاوە چەندێك بەساکاریی و ئاسایی دەربڕی بەڵام پڕاوپڕە لەمەغزاو مانای جۆراوجۆر، هەر ئەمشە وایکرد پەلکێشم بکات بەلای خۆیداو بمخاتە ژێر کارتێکردنی خۆیەوە بەشێوەیەکی قووڵ کەوتمە بیرکردنەوە لەو قسەیەو بەخەیاڵدا دەهات چلۆن دەسەڵاتداران و لێپرسراوان بەویست و ئارەزووی خۆیان گاڵتە بەمەشاعیری خەڵکی ئەم وڵاتە دەکەن، کاتێك خەڵك داوای ریفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باشکردنی ژیان و ئاستی بژێویی دەکەن، دەسەڵاتداران دەڵێن وڵاتەکەی ئێمە وڵاتێکی فیودالّی و دواکەوتووەو زۆری ماوە بگاتە ئەورووپا(ئێمە سەدەیەك لەدوای ئەورووپاوەین) بەڵام کاتێك قسە دێتە سەر فۆرمی باج وەك ئەورووپا لێی دەخورن و بەڵکە لەمەیاندا سەدەیەك لەپێش ئەورووپاوەین، بیرم لەوە دەکردەوە چلۆن بەرپرسە بەناو سیاسییەکانی ئەم وڵاتە قوتی ئەم میللەتەو پارووی دەمی خەڵکی دەدزن و ئەو خەڵکەش سەدان ساڵە زەحمەتدەکێشن رۆژ لەدوای رۆژ لەڕو لاوازتر دەبن، بیرم لەوە دەکردەوە چلۆن خاوەنی فایلەرەشەکان و کۆنە بەعسی و جاشەکانی دوێنێ لەسایەی خوێنی شەهیداندا کەیف و سەما دەکەن و ئای لایف دەژین و خێزان و منداڵانی شەهیدانیش چەند بەهەژاریی دەژین و دەستفرۆشی و کرێکاریی وهەژاریی وبێدەرەتانی بۆتە

چارەنووسیان. بیرم لەوە دەکردەوە ئەو هەڤاڵە بەرپرسانەی تا ڕۆژێك بەر لەڕاپەڕینی ئازار موحتاجی سیگارێك و چارەکە دینارێکی عێراقی بوون،ئەمڕۆ چلۆن بوونەتە خاوەنی سەرمایەو کۆمپانیای زەبەلاح،بیرم لەوە دەکردەوە ئەو برا بەڕێوەبەرانەی تا دوێنێ دەرۆزەی کیلۆیەك شەکریان دەکردو هەژاری لەتە نانێك بوون، ئەمڕۆ چلۆن بوونەتە خاوەنی ئاپارتمانی بالاّ بەرزو چەند بەفیزەوە ئاوی دلۆپێنراو دەخۆنەوە.

لەبیری ئەوەدا بووم ئەم نیمچە حکومەتە بەچ شێوەیەکی ترسناك دەستی خستۆتە بینەقاقای خەڵکی داماو وبەشمەینەت و ژیانیان لێ تاڵکردوون و ناچاریانکردوون بەکولەمەرگی بژین تا سەر دەنێنەوە. لەم بیر کردنەوەیەم بەردەوام بووم کەجابی پاسەکە بەدەنگێکی بەرز هاواری کردو وتی مامۆستا دانابازی بەس تۆی تیا ماوی؟تەواو ئێرە ئاخیر مەوقیفە،بەمجۆرە بەمقەستێك دەزوولەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی بچڕاندم،بەلاّم هەر لەپاسەکە دابەزیم و چاوێکم گێڕاو سەیری گەڕەکەکەم کرد سەرم سوڕما لەوەی ئەمە چ جۆرە گەڕەکێکەو چ جۆرە مرۆڤێکانی تێدا دەژی؟ئەوجا زۆر بەواقیعی قسەکەی ئەو پیاوەم لەو گەڕەکەدا بەیدکردو زانیم لەچ ژانێکەوە ئەو قسەیەی بەڕووماندا تەقاندەوە،کاتێکیش بەکۆلاّنەکاندا ڕێم دەکرد هەستم دەکرد بەکەناری دۆزەخدا ڕێدەکەم هەربۆیە ناوێکی نوێ هات بەهۆشمدا بۆ ئەو گەڕەکە ئەوی (مەملەکەتێك لەکەناری دۆزەخدا).لەبری کانی سپیکە.ئاخر ئەو پیاوەش ناهەقی نەبوو بڵێ ئێمە ژیانێکی ئەفەریکییانە دەگوزەرێنین،چونکێ ئەو گەڕەکە نەئاوی هەبوو نەڕێگاویان نەسیمایەکی شارستانی تیا بەدیدەکرا،ئەو گەڕەکە بێ بەشە لەخزمەتگوزاریی و یاریگاو باخچەو یانەی لاوان و باخچەی ساوایان و نەخۆشخانەو ئاپارتمانی جوان و ئەندازەیی،سیمای ئەو گەڕەکە هەژاریی و کلۆلی ژمارەیەکی زۆری هاوولاّتیانی ئەم شارەی کردۆتە شتێکی بەڵگەنەویست. کەواتە بەرپرسەکانی ولاّتی ئێمە تکایە ژیان و گوزەرانی خەڵك باش بکەن ئنجا باجەکان زیاد بکەن، لەدوا خاڵیشدا ڕووی دەممان دەکەینە لایەنە بەر پرسەکان و حکومەتی هەرێم و دەڵێین،ژیانێکە خۆشگوزەران و باجێکی بەویژدان.

* ئەم وتارە لەژمارە(٥٢)ڕۆژنامەی(ئەمڕۆ) لەسەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ بلاّوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاّوبووەتەوە:

- www.kurdistannet.org

- www.klawrojna.com

# راگەیاندنی کوردیی لەنێوان شەرمنی وبەربەستدا

زۆرجار گوێمان لەم دەستەواژەیە بووە:راگەیاندنی کوردیی راگەیاندنێکی شەرمن وتاراددەیەکیش سازشکارە.هۆی ئەمەش لەبنەماوە بۆئەوە دەگەڕێتەوە پارتە رامیارییەکان راگەیاندنەکانیان مۆنۆپۆڵکردووە.یان بەدیویێکی تردا ئەوەیە راگەیاندنی کوردیی خۆی راگەیاندنێکی حیزبییەو گوێ رادەدێرێ بۆ تەوجیهاتی سیاسیی حیزب،حیزبی کوردیش لەحاڵەتێکی پڕ هەڵبەزو دابەزی سەرسوڕهێنەردایە. حیزبی کوردیی لەچرکەساتێکدا شەڕی ناوخۆی بەرپادەکات وهەر لایەنێکی جەنگاوەریش بەناوی بەرگرییکردن لە(سەروەریی ولآت)و (پاکژکردنەوەی ولآت لەخیانەتکاران) هەوڵدەدات بەرامبەرەکەی لەناوببات،بەدوایدا راگەیاندن دەبێتە ئاوازژەنی جەنگ وجۆشدەری ئاگری شەڕی ناوخۆو زمانی دەبێتە زمانی هەڕەشەو تیرۆرو موفەرەداتی دەبێتە قسەی ناشیرین و بازاڕیی. لەقۆناغێکی دیکەدا کاتێك هەردوو لایەن ئاشت دەبنەوەو قۆناغی ئاشتەوایی نیشتمانی رادەگەیەنرێت،دیسان راگەیاندن هەر بەهەمان تەوجیهی حیزب بانگەشەی ئاشتی وئاشتبوونەوەی گشتیی دەکاتە وێردی سەرزمان،رۆژنامەکانیش تژیان دەبێت لەمانشێتی زەق ودیاری پڕ لەسۆزو وەلاومیهرەبانیی بۆ یەکتری.دەخوازم لێرەوە بڵێم راگەیاندن ورۆژنامەگەریی سەربەخۆو لەدەرەوەی حیزبەکان بوونی نییە،ئەو چەند دەنگە رۆژنامەوانییەی حاڵی حازر لەسەرهەڵدان وگەشەکردندان لەبەرئەوەی خودانی ئابوورییەکەی سەربەخۆنین ناچارن بۆ بەردەوامیدان بەپرۆژەکانیان تاڕاددەیەك سازش لەگەڵ دەسەلآتداران وپارتەکان بکەن ئەمەش گێچی‌سەربەخۆبوونیان دەهێنێتە خوارەوە.من بەشەخسی پرۆژەیەکی وەهام بەرچاو نەکەتووە خودانی ئابوورییەکی پێویست و سەربەخۆ بێت ولەم رووەوە نەگەڕابێتەوە بۆ پارتەکان ودەسەلآت،بێگومان ئەم گەڕانەوەیە (هەرچەندە ئارەزوومەندانەش نەبێت)چوارچێوەو قەیدو بەند بۆ پرۆژەکان دروستدەکات. هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی لەرووی سیاسییەوە ئەو سەربەخۆییە بەدەستنەهێنن کەخودی رۆژنامەنووس وخاوەن پڕۆژەکان خوازیاری بوون و هەوڵیان بۆداوە. ئەوەش لەولاوە وەستا بێت پارتە سیاسییەکان بۆ ئەنجامدانی کێشمەکێش وململانێکانی خۆیان چەندین کەناڵی جیاوازی راگەیاندن وچەندین رۆژنامەیان بەناوی رۆژنامەی سەربەخۆ دروستکردووە،تەنانەت زۆرجار چەند تەکەتولێك لەناو یەك پارتی دیاریکراوا چەندین پرۆژەی لەم چەشنە بۆ ئابڕووبردن ودژایەتیکردنی یەکتر قووتدەکەنەوە.ئەمەش وایکردووە راگەیاندن نەکەوێتە سەرپێی خۆی‌و نەتوانێ ئەو رۆڵ وئەرکە ئەدا بکات لەواقیعدا کاری سروشتی راگەیاندنە.من لێرەدا ئەم باسە جیدێڵم و لەدووخاڵی سلبی‌راگەیاندنی کوردیی دەدوێم ئەوانیش بریتین لە:شەرمنی وبەربەست.

**یەکەم– شەرمنی:** هەموو ئەو تێکشکانە گەورانەی نەتەوەی کورد لەمێژووی دێرین ونوێدا بەخۆیەوە دیوە،ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە لەسەر سرووشت وسایکۆلۆژیاو باری کەسایەتی تاکی

کورد و وایلێکردووە هەمیشە خۆی بەکەم بگرێت ولەبەرامبەریشدا نەتەوەکانی دەرەوەی خۆی بەگەورەو زەبەلاح بێتە پێش چاو،ئەم خۆ بچووککردنەوەیە بەئەندازەیەکە تاکی کورد گومان لەبوونی خۆی وپێگەوشارستانێتی گەلەکەی دەکات لەمێژوودا،ئەمەش جۆرە شەرمنیوئیدراکێکی بۆ دروستکردووەو بۆتە گرفت وگرێیەکی دەروونی ونەخۆشییەکی درێژخایەن. دیارە هەمان قورسایی وکاریگەرییش لەسەر ئاستی راگەیاندن رەنگیداوەتەوەو مۆرکی خۆی لێداوەو قورسایی لەسەر داناوەو بۆتە بەشێك لەجەستەو زمانی راگەیاندنی کوردیی وفێری جۆرێك لەموجامەلەکردن وشەرمنی کردووە.لەوساتەی گەمارۆوگوشاری راستەوخۆی سیاسیی وراگەیاندنی عەرەبی لەسەر نەتەوەی کوردەو ئەو راگەیاندنە دەیەوێ کورد بکاتە هاوپەیمان ودۆستی ستراتیژیی جوولەکەو دەوڵەتی ئیسرائیل لەناوچەکەدا(هەرچەندە نەعەیبەونەخراپ).من باشم وەبیرم دێتەوە موزیعەیەکی عەرەب جارێك بە(مام جەلال)ی گووت(ئێوەی کورد ئیسرائیلی دووەمن)مام جەلال وەڵامێکی گونجاوی دایەوەو تۆپەڵێك قووڕیدا بەدەمیداو گووتی(ئێمە فەلەستینی دووەمین)..بەڵام هێشتا ئەوان لەسەر ئەو جۆرە سیاسەتە چەواشەکارانە بەردەوامن وبۆ ئەو مەبەستەش سڵ لەهیچ درۆو بوختان هەڵبەستنێك ناکەنەوە،بەڵام لەبەرامبەردا راگەیاندنی کوردییوTVکوردیی لەپاڵ گۆرانییە بێچێژەکانی حاتەم عێراقیوئەمەل خضیر)یکۆنە گۆرانیبێژی بنەماڵەی سەددام،عەرەب بەبرابەش ودۆست وهاوپەیمان دەزانن.راگەیاندنی کوردیی شەرمی کردووە لەوەی عەرەبەکان بەوە تاوانبار بکات کە خاوەنی دووجار ئەنفالکردنی کوردو هەزاران جار خاپوورکردنی کوردستانن، شەرم لەوە دەکەن بیری عەرەبەکانی بهێننەوە بەناوی ئیسلام وئاینی نوێوە هاتن وشەرعییەتیان بەکوشتن داو کورددیان بە(کافر)لەقەڵەمداو خوێنیان حەڵاڵکردین ورێگەیاندا بەتاڵانکردنی سەروەت وسامانی کوردو بەکەنیزەککردنی ئافرەتەکانمان،ئەوان(راگەیاندنی عەرەبی)بەبێ هیچ شەرمێك هانی گیانی تۆڵەو ئیرهاب ورەشەکوژکردن دەدەن وبەرگریی لەزەواهیری ونەسروڵڵاو بن لادن وسەددام دەکەن و ئامادەن هێرشە تیرۆریستی وتێکدەرەکانی گروپە تیرۆریستییەکانی وەك ئەلقاعیدەو سوپای مەهدی ومیلیشای بەدرو سەدر بەبزوتنەوەی موقاوەمە بناسێنن.بەڵام(کوردسات وکوردستان تیڤی وئەوانی تر) لەبری ئاشکراکردن ونیشاندانی زیاتری تاوانەکانی بەعس وسەددام دەرهەق بەکورد وهۆشدارییدان بەجیهان لەبارەی ستەملێکراویی کوردەوە،لەبری بەدکۆمێنتکردنی تاوانە پڕ شەرمەزارییەکانی ٨٣ ساڵی رابردووی عەرەب لەعێراقدا،خەریکی کلیپکردنی گۆرانی عەرەبین و بەدەهۆڵ ودووزەلەی عەرەبی خەریکن هەستی کوردانەی ئێمە هەراسان دەکەن،تەنانەت لەبەر چاوپێکەوتنی گۆرانیبێژی عەرەب و(هونەرمەند)یعەرەب وشاعیرەکانیان وچی وچیتریان ماوەیەك نەماوە بۆ هونەرمەندان وشاعیرانی کورد.جاران لەدوای دەنگوباس وهەواڵی تەلەفزیۆنەکان وێنەیەکی تۆمارکراوی سلێمانی یا قەڵاومنارە یا دهۆکی رەنگین وزاخۆی دەلال نمایشدەکرا بەڵام ئێستا لە(سایەی عێراقی هیواوئاشتی)و(بەردەوامیی سیاسەتی عەرەباندندا)بۆتە نمایشی بەسرەو

موسڵ وبەغداد،کار وابڕوات چاوەڕوانی(عوجەو تکریت)یش بن.لەلایەکی تریشەوە ڕاگەیاندنی کوردیی لەبەرامبەر کێشە نێوخۆییەکاندا سەرباری جۆرە ترسێك هەست بەجۆرە شەرمنییەکیش دەکات،زۆرجار ڕاگەیاندن وڕۆشنبیری کوردشەرمی لەوەکردووە هەڵوێستی خۆیو گۆشەنیگاکانی بەڕوونی وشەفافی ئاشکرا بکات، ن سەرنجتان بۆئەوە ڕادەکێشم لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠١ لەکاتی تیرۆرکردنی کچە کوردێك لەلایەن باوکییەوە لەوڵاتی سوید (فادیمە شاهیندال)بەشێکی زۆر لەراگەیاندنە کوردییەکان تێکۆشان ئەم کوشتنە ناموسییە هۆیەکانی بۆ کولتوورێکی مستەورەدو خوازراو و بێگانە بگەڕێننەوەو بیخەنە دەرەوەی بازنەی ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی کوردیی،ئەمەش لەو شەرمەوە سەرچاوەیگرتووە تابیانییەکان هەست بەوەنەکەن کوشتنیژن بەشێکە لەدابونەریتی کۆمەڵگەی کوردستان کەلەخۆیدا ئەمە کارێکی ناڕەوایەو فووکردنە بەکوشتن ولەناوبردنی فیزیکی ژناندا.یا من زۆرجار دیقەتمداوە ڕۆژنامەنووسێك خۆی زۆر بچووکدەکاتەوە لەبەردەم بەرپرسێکی سیاسیداو بەزمانێکی پڕ لەوشەی ئەدەبی ونەرم وشەرمەوە موخاتەبەی دەکات،کەدیسان ئەمەش نموونەیەکە لەشەرمنی وخۆ بچووك نیشاندانی کادری ئیعلامی کوردیی ویەکێکە لەئەدگارە نێگەتیڤەکانی بواری ڕۆژنامەوانی وکاری ڕاگەیاندن.

دووەم: بەربەست:بەربەست بەتەنیا بەمانای بەربەستی سیاسیی نییە کەدەسەڵاتی سیاسیی دروستیدەکات،بەڵکو مەبەست لەهەرجۆرە بەربەستێکی کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسییە،هەروەك لەپێشەکییەوە تیشکم خستۆتەسەر،لایەنی ئابووری بنەماو جومگەیەکی سەرەکی بەڕێوەبردنی کاری میدیایە،چونکە ڕاگەیاندن هاوکات بەشێکە لەپرۆژەی بازرگانی(ئەم بازرگانییە لەوڵاتی ئێمە هێشتا گەشەی نەکردووە).ئەگەر ڕۆژنامەکان وەربگرین،یەکێك لەبەربەستەکانی بەردەمی پێشڤەچوون وگەشەکردنی فاکتۆری ئابوورییە،هەر لەبەرئەوەش ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەئاستی حەزو ویستی جەماوەردا نەبووە ئەمە جگە لەوەی هەم هۆشیاریی وڕۆشنبیریی خەڵك بەو شێوەیە نییە خوێنەری بەردەوامی ڕۆژنامە بێت. فرۆشی ڕۆژنامەکەمان زۆر کەمەو وەك پێویست نییە، یان ئەو تیراژەی چاپی دەکەن بەشێکی زۆری لەزیاندایە کەلەخۆیدا ئەمە بەربەست وڕێگرێکی سەرەکییە،لەولاشەوە سەرمایەداری کورد گەر لەشێوە کلاسیکییەکەشیدا بوونی هەبێت ئەوە زۆر لەوە کاڵفامتر بووە خاوەنی پرۆژەی میدیایی بێت،کەرتی تایبەت کەخەریکە گەشەدەکات وپرۆژە بازرگانییەکانی خۆی گەشە پێدەدات نەك خاوەنی کەناڵی ڕاگەیاندن نین وەك ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆو تایبەت بەخۆیان، بەڵکو دژایەتی ڕۆژنامەنووس وکەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەن ورۆڵی چاودێریی میدیا بەدژایەتیکردن وزیانلێدان تێدەگەن،لەبەرئەوە کاڵفامی ئەوان وایکردووە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بەردەوام لەقەیرانێکی کوشندەی ئابووریدا بژی.بەربەستی کۆمەڵایەتی زۆرەو من نامەوێ شت دووبارە بکەمەوە،بۆ خۆتان دەیبینن ڕۆژنامەو میدیا بەگشتیی لەکوردستان لەبەردەم چ ئاستەنگ وبەربەستێکی کۆمەڵایەتیدایە.دەسەڵاتی سیاسیش لەمپەرو ئاستەنگ

دروستدەكات لەبەردەم راگەیاندنی سەربەخۆو ناچاریان دەكەن سنوورو هێڵیسووری دەسەلآت نەبەزێنن،چونكە ئەمە ئاكامێكی خراپی لێدەكەوێتەوە،زۆرجار ئازارو نیگەرانی بۆ رۆژنامەنووسێك دروستدەكەن بەتۆمەتی ئەوەی نووسینەكانی بۆتە هۆی ئاڵۆزكانی رەوش وتێكدانی ئاسایشی نەتەوەیی.زۆرجار لێكۆڵینەوەی ورد لەگەڵ رۆژنامەنووسێك دەكریٚ،كارەكانی چ قازانجێك یان زیانێكی هەیەو تاچەند سومعەی دەسەلأتی كوردیی بەرز دەكاتەوە هتد.. بەهەرحاڵ بەربەست و رێگریی بیٚ مانا دروستدەكریٚ بۆ رۆژنامەنووسان،گوشاری ماددیی ودەروونی ورۆحی دەخرێتە سەریان تا لەبازنەی بەرژەوەندییەكانی حیزبەكان نەچنە دەریٚ وتەسلیم بن جا بەخۆشی بێت یان بەزۆر وناچاریی. كەچی لەولاوە پێشوازیی گەرم لەراگەیاندنە عەرەبییەكان دەكەن وزۆر سەركردە هەن ئامادە نین هیچ لێدوانێك بۆ رۆژنامەنووسانی كورد بدەن،كەچی بەردەوام لەبەردەم میكی كەناڵە عەرەبییەكاندا ئامادەن وهیچ كێشەكیان نییە بۆ وەلأمدانەوەی پرسیارەكان كەزۆر پرسیاری ئیحراجی وەهایان تێدایە ئارەقی شەرمەزرایی بەكاكی بەرپرس دەكەن كەئەگەر رۆژنامەنوسێكی كورد پرسیاری لەو جۆرە بكات مەگەر خودا بزانێت چۆن بەسەریدا دەشكێتەوە؟لەیادمە سیٚ ساڵ لەمەوبەر ستافێكی كەناڵێكی عەرەبی(وابزانم جەزیرە بوو)هاتن بۆ سلێمانی وهەرخوا دەزانیٚ چییان بۆ كرا؟خەریكبوو فەرشی سووریان بۆ رابخەن وباشترین میوانداریی وخزمەتكران و لەراقیترین هۆتێلەكانی ئەم شارە حەوانەوەو هەر شەوێك لەمیوانداریی وخوانی بەرپرسێكی حكومیی وحیزبیدا رۆژیان دەكردەوە، كەچی ئەو نمەك حەرام وخوانەناسانە كەگەڕانەوە بۆ وڵاتەكەیان لەو راپۆرتەی لەسەر شاری سلێمانی ئامادەیان كردبوو،وێنەیەكی پۆخڵەوات و حاویەكەی بەر بەلەدییەكەیان نیشاندابن كەمێش ومەگەزی دنیا تێی ئالأبوو،لەگەڵ دیمەنی ئەو شوێنانەی دووربوون لەخزمەتگوزاریی،ئەمەش بۆ ئەوەبوو لەنرخ وپلەوپایەی شارەكە كەمبكەنەوە كەبەشارێكی راقی وشارستانی ورۆشنبیریی ناسراوە.كەچی راگەیاندنكاری كورد بەحەوت پرسگە وحەفتا رۆژ ناگاتە لای وەزیرێك،یان ئەگەر رەخنە لەكەموكورییەكان بگریٚ وبەئاراستەی ریفۆرمدا بیخاتە پێش چاو دەبێتە دوژمنی حكومەتە ساواكەو بارانی غەزەب ونەفرەتی بەسەردا دەبارێت. لەو بڕوایەدام سەرچڵییەكی زۆر گەورەیە رۆژنامەنووسانی كورد بتوانن بەسەربەخۆیی ودوور لەچوارچێوەكانی دەسەلأت كاربكەن وزاڵبن بەسەر كۆسپ وتەگەرەكاندا،سەرچڵییەك دیدالیۆس بەفڕین بەئاسماندا تا چەقی خۆر تۆماریكرد.

* ئەم وتارە لەژمارە (٧٨) رۆژنامەی(پارێزگاران) لەرۆژی ١٥\\٨\ ٢٠٠٤ بلأوبووەتەوە.

هاوكات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلأوبووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# زەکەریا .. بێتامترین گۆرانیبێژی رۆژهەلاَت

"ئەوانەی کاری بەدجوان دەکەن باشترن لەوانەی کاری جوان بەد دەکەن"     پەندی فەرەنسی

وەك خوێنەرێکی بەردەوام ورۆژانەی نووسین وبابەتی ماڵپەرە کوردییەکان،بەوردیی ودیقەتەوە بەدووی ئەو بابەتانەدا دەگەڕێم کەدەتوانن تینوێتیم بشکێنن وگەردێك بخەنە سەر خەرمانی زانیارییەکانم،لەو گەرانەمدا زۆرجار نووسین هەبووە بەتەواوی سەرنجی راکێشاوم،نووسینی واش هەبووە گەر چاویشم چوبێتە سەری لەبەر گرنگنەبوونی سۆبژێکتەکەی پەلکێشی نەکردووم بەلای خۆیدا.ئەو دوو هەفتەیەی رابردوو هەندێك وردە نووسین وسەرەقەڵەم لەبارەی کەسایەتی وئاستی هونەریی زەکەریای گۆرانیبێژ بلأوکرانەوە،من بەهیچ جۆرێك ئەو بابەتەم بەلاوە جێیگرنگی نەبووە چونکە بڕیاری بڕاوەی خۆم لەبەرامبەر ئەم گۆرانیبێژە قەلەندەرە هەبووە.بەلاَم بۆئەوەی تێبگەم خەڵکانی تر دیتن و بۆچوونیان لەسەر ئەو گۆرانیبێژە چییە کەوتمە خوێندنەوەو شەنوکەوکردنی هەموو ئەو نووسینانەی لەسەری نووسرابوون.ئەمەش وایلێکردم بەشداریی بکەم لەو گفتوگۆیەدا ئەگەر نەڵێم لەو شەڕە وتارەدا.بەر لەهەمووشت دەمەوێ ئەوەرابگەیەنم من کارم بەکەسێتی زەکەریا نییەو نامەوێ دەخالەت لەژیانی شەخسی ئەودا بکەم چونکە ئەوەکاری نووسەر نییە بەڵکو ئەوە ئەرکی دادوەر ودادگاو پۆلیسە.لە(رۆلاَن پارت)ەوە فێربووم کەسی نووسەر یان هونەرمەند لەبەرهەمەکەی جیابکەمەوەو هەریەکێکیان وەك دوو وجودی سەربەخۆ جیاواز سەیربکەم و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەم.هەر ئەم هۆکارەشە واملێدەکات هیچ حەقم بەسەر پارەوپول وشێوە ژیانی زەکەریاوە نەبێت،چونکە نەلەلیژنەی نەهێشتنی گەندەڵیی کاردەکەم،نەریپۆرتێری رۆژنامەیەکی ئیکۆنۆمیم.ئەوەی زیاتر بەرەو ئەم نووسینەم رادەکێشێت بەرهەمەکانی زەکەریایە.ئاخۆ لەچ ئاست وپلەیەکدان؟کۆی رەخنەکان لەدەوری ئەم میحوەرە گرددەبنەوەو لەدواتریشدا هەوڵدەدەین وەلاَمی ئەو پرسیارە بدەینەوە:راستە زەکەریا یەکێکە لەناودارترین گۆرانیبێژانی رۆژهەلاَتی ناوەڕاست یان نا؟ئەوەندەی من گوێبیستی گۆرانییەکانی زەکەریا بووم دابەشبوون بەسەر دوو ئاڕاستەدا:

ئاڕاستەی یەکەم:گۆرانی ئاسایی بەشێوازی زۆر ئاسایی کەتیایدا مۆرکی کوردیی ون نەبووە. هەموو بێگانەیەك دەتوانێت بەئاسانی ئەو گۆرانییانە وەك گۆرانی کوردیی بناسێتەوە.بەلاَم هیچ تازەگەریی وخستنەسەرو ئیزافەیەکی تیانییە بەبەراوورد لەگەڵ بەرهەمی نەوەکانی پێشوو. دەکرێ گۆرانییەکی سوننەتی وتەقلیدیی‌بێ وەلێ مەرج نییە گۆرانی‌تەقلیدیی گۆرانییەکی ناخۆش بێت.ژمارەی ئەم گۆرانییانە بەبەراورد لەگەڵ ئاڕاستەی دووەمی زۆرکەمن و چوار پێنج گۆرانین.

ئاڕاستەی دووەم:ئەو گۆرانییانەن بەئاوازو ستایلێکی تورکی وتراون،ئەم گۆرانییانە بەشی شێری گۆرانییەکانی گۆرانیبێژی نێوبراویان داگیرکردووە،ئەم گۆرانییانە ژمارەیەك گۆرانی بێتام و ناشازن ودژو پێچەوانەی زەوقی وەرگری کوردن.ڕەنگبێ هیچ کەس لاریی لەوەنەبێت سوود لەکولتووری پێشکەوتووی گەلانی تر وەربگرین بەلأم بەوجۆرە نا ستایلێ وهونەری خۆتی تیا ون بکەیت بەڵکو دەشێت بەشێوەیەك بێت تەکان بدات بەهونەری کوردیی رووەو نوێگەریی و تازەکردنەوە.هەروەك چۆن لەئەدەبدا دیاردەیەك هەیە بەنێوی(دەقئاوێزان) دەشێت ئەم حاڵەتەش لەهونەردا روویدات،رەنگە لەژێر کاریگەریی وبەئیحای دەق یان بەرهەمێکی بیانی بتوانیت بەرهەمێکی نوێی کوردیی بهێنیتە ئارا،ئەمە کارێکی جایزو فرەخاسە،بەلأم وەرگرتن ودزییکردن لەکولتووری بێگانە جێگەیەك ناگرێت.زۆر بەداخیشەوە شێواندنی هونەری کوردیی وپرۆسەی بەتورکیکردنی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردیی بەنوێگەرێتی وهاوچەرخێتی تەماشادەکرێ و خەڵکانێك تازە بەتازە قەڵەمیان بەدەستەوە گرتووەو گاگۆڵکە دەکەن لەنووسیندا چانسی خۆیان لەنووسیندا لەهەڵدان بەشانوباڵی ئەمجۆرە گۆرانیبێژانەدا تاقیدەکەنەوە.نازك ئەلمەلائیکە دەبێژێ (هاوچەرخێتی بریتییە لەتوانای هونەرمەند لەهەنگاونان وتێپەڕیندا)ئاخر هاوچەرخییوتازەگەریی بریتییە لەهەنگاو وکاری نوێ وجیددیتر لەنەوەی پێشوو.پێشکەشکردنی ستایلێ و فۆرمی نوێیە بەو مەرجەی ناوەڕۆك ومۆرکی مۆسیقای رەسەنی کوردیی تیا ون نەبێت،نەك تازەگەریی بریتی بێت لەوەرگرتن لەکولتووری ئەوانیتر.ئەگەر وابوایە داهێنان وهەنگاوی نوێ ئاسانترین کاردەبوو نەك گرانترین پرۆسە.حەساسییەتی ئێمە لەبەرامبەر هونەری تورکی ئەوەنییە ئێمە فاناتیست ورەگەزپەرستین بەڵکو لەوێوەیە هونەری تورکی تەنیا هونەری تورکییە وەلێ دەشێ منیش چێژی لێوەربگرم بەلأم ئەوە رێم نادا هونەری نەتەوەیی خۆم بکەمە کۆپییێکی ئەو هونەرە. لەرەهەندێکی تریشەوە ئاکامێکی ترسناکیشی هەیە،بەتایبەتی داگیرکەرانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو ویستوویانە فەرهەنگی کورد بسڕنەوەو کەلەپووری گۆرانی ومۆسیقاکەی بەتالأنبەرن و فەرهەنگی خۆیان بەسەر مرۆڤی کورددا دابسەپێنن.ناکرێت ئەمڕۆ هونەرمەندی کورد خۆی فاکتۆری یارمەتیدەری ئەم پرۆسەیە بێت،ئاخر تورکیا لەهەر شوێنێ قەلأ ببینێت دەلێ ئەو ولأتی منە،ئەی ئەگەر ئێمە هەموو زەوقمان ببێتە زەوقێکی تورکی وگۆرانی ومۆسیقامان ببێتە قارداش قارداش داخۆ تورکیا بلێچی؟دەکرا زەکەریا وەك کوردێك هەڵوێستی وەرگرتباو هونەری کوردیی بەلاوە گرنگتر بووایە لەخودی خۆی،یان دەکرا بۆئەوەی هاوکاریی تورکیا وەرنەگرێت وئاوازەکانی نەبێتە تورکی بەشێوەیەکی پوختەترو جۆریی کاری بکردایە.ئەو مافی خۆیەتی لەتورکیا بژی یان لەوێ پرۆژەی ئابووری هەبێت بەلأم مافی خۆینییە لەتەك ئەمەدا هونەری کوردیی بەتورکی بکات. ئەبوئەلڕیحاباڕۆنیدەلێ(ئەوەم لەلاخۆشترە بەعەرەبی جنێوم پێبدەن نەك بەفارسی پێمدا هەڵبلێن) داوامان لەزەکەریا نەکردووە هەڵوێستێکی شۆڤێنی لەمجۆرە وەربگرێت بەلأم دەشیا دوو هونەر

یەکێکیان بەناوی تورکی وئەویتریان بەناوی هونەری کوردیی ببینێت،لەجیاوازیی‌و تایبەتمەندیان تێبگات.هەزارجار گوێم لەم نەوە گۆرانیبێژە بووە دەڵێن:دەتوانین سوود لەکەلەپووری دەوڵەمەندی ئەوان وەربگرین،من ناڵێم سوود وەرگرتن کارێکی خراپە بەڵام پرسیار دەکەم ئاخۆ کام کەلەپوورو فۆلکلۆر دەوڵەمەندترە تورکی یان کوردیی؟ئەگەر بەو برالانە کەمێك خۆیان ماندووکردباو چەند کتێبێکی رۆژهەڵاتناس وگەڕیدەکانیان لەبارەی کوردستانەوە بخوێندبایەتەوە،دەیانزانی کورد خاوەنی سامانێکی لەبن نەهاتووی بەیت وهۆنراوە وگۆرانی ومۆزیك وحیکایەت وداستانە،ئەگەر ئەمانە هەوێنی‌داهێنان نەبن دەکرێ بپرسین چ شتێ داهێنان دروستدەکات؟زەکەریاوموشتەقەکانی پێیانوایە فۆلکلۆرو کەلەپووری‌رەسەنی کوردیی گیانێکی مردووە وناتوانێت کەڵکی لێوەربگیرێ، بەبێ ئەوەی بزانن ئەو سەروەتانە ماددەیەکی خاون ئەگەر عەقڵانیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت دەگەنە ئاستی هونەریی ناوچەیی وجیهانی.جیزیل برۆلی دەڵێ(مەرج نییە هەرشتێ سەر بەرابردوو بێت بەپێداویست مردووە). ئەگەر وابوایە دەبوو شیعرەکانی خەیام وکتێبەکانی ئیبن سیناو کۆمارەکەی ئەفلاتۆن وبۆچوونەکانی هیراکلیتس وشیعرە قووڵەکانی گیتس‌ورامبۆو بۆدلێر لەیادبکرانایەو کتێبەکانیان لەئەرشیفخانەکاندا لەژێر تۆزدا بڕزایە،لەکاتێکدا ساڵانە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو وەشاندن لەسێنتەری خۆرئاوادا ئەم کتێبانە بەتیراژێکی‌سەرسوڕهێنەر چاپدەکەنەوە وقازانجێکی خەیاڵی لێ بەدەستدەهێنن.زەکەریا لەبەرئەوەی بێ‌زانیاریی وبێ‌باکگراوندە لەگۆرانیدا وبەرێگەی رێکەوت لووتی تەقیوە بەگۆرانیدا،بۆیە نازانێت چۆن سوود لەکەلەپووری کوردیی وەربگرێت،لەلایشی سەیرە کەسێك هەبێت لەو بڕوایەدا بێت کەلەپوورو سامانی نەتەوەیی کورد بایی ئەوەیە مرۆڤ داهێنانی تیابکات.زەکەریا پیشەکەی خۆی باش فێرنەبووەو بڕواش ناکەم تا قیامەت فێربێت بۆیە ناتوانێت کاری پڕ تواناو نوێ و تێپەڕانە ئەنجام بدات.سۆلیۆت بڕوای وایە (کاتێك هونەرمەند پیشەکەی خۆی باش فێردەبێت،کاری بەتوانا ئەنجام دەدات). لەوانەیە زەکەریا بازرگانێکی سەرکەوتوو بێت وەك لەوەی هونەرمەندێکی بەئاست بێ،چونکە لەرووی پیشەییەوە لەبزنسەوە نزیکە تاوەکو هونەر.لەوەتەی زەکەریا کراوەتە ئەفسانەو موعجیزەی هونەری کوردیی من زۆر گەڕاوم بەدوی مەوهیبەو کارەنا ئاساییەکانی زەکەریاداو هیچم تیا بەدینەکردووەو وا هەستیش ناکەم لەدواڕۆژیشدا ببێتە ئەو هونەرمەندو ئەفسانەیەی ئێستا لێی‌دەڕوانرێت. سلڤادۆر دالی وتوویەتی(ئەگەر رۆژێك رۆڵی بلیمەتێکت گێڕا لەدواڕۆژدا دەبیتە بلیمەت).زەکەریا تەنانەت نەیتوانیووە رۆڵی بلیمەتێکیش بگێڕێ تاچاوەڕێی ئەوەی لێبکەین سبەینێ دەبێتە سۆپەرمانی هونەری کوردیی وداهێنانی هەڵدەکشێ بۆ ئاسمان. راستییەکەشی ئەوەیە گەورەکردنی زەکەریا دەستێکی سیاسیی لەپشتەوە بووەو میدیا زوڕناژەنەکانی دەسەڵاتیش وەك میزەڵان فوویان پێداکردووەو کردوویانەتە شاخ،بەڵام زوو بێت یان درەنگ ئەم فوودانە هەر بەدەستی دەسەڵاتی سیاسیی وبەدەرزییەکی نووك تیژ بەتاڵ وفش دەکرێتەوەو زەکەریاو ناوی وەك شەماڵ تێدەپەڕن

وبەیەکجاریی خواحافیزیی لەمەیدانی هونەری گۆرانی ومۆسیقای کوردیی دەکەن. خاڵێکی تر دەمەوێبیورووژێنم ئەوەیە:من زەکەریا بەهونەرمەندی کورد نازانم،دەکرێ بڵێین زەکەریا لەبنەچەدا کوردە بەڵام گۆرانیبێژی تورکانە،سەلاحەدین کوردەوسەرکردەی عەرەبە.کاتی خۆیەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەو هەڵەیە راستبکەنەوە لەناوهێنانی زەکەریا بەگۆرانیبێژی کورد،پێویستە واسەیری بکرێت کوردێکە توانایەکی باشی هەیە لەچڕینی شێوە گۆرانی تورکیدا،ئاخر خۆ گۆرانی تەنیا بەتێکست نابێتە گۆرانی کوردیی غەیر دەبێت رەگەز وکۆڵەکەکانی تری گۆرانیکوردیی ئامادەییان هەبێت.ئەو هیچ پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ وڵات ورەگی خۆی وئێش وئازارەکانی گەلەکەی نییە بەڵکو بزنسی پێوەدەکات بەوێنەی پیاوە سیاسییەکان هەر ئەمەشە خاڵی هاوبەشی زەکەریایە لەگەڵ سیاسییەکان. ئیلیا ئیهرەنبۆرگ بەپاپلۆ نیرۆدای وت:تۆ وشەی رەگ لەشیعرەکانتدا زۆر دووبارە دەکەیتەوە،ئەم رەگوریشە زۆرە لەبەرچی لەشیعرەکانتدا هەن؟نیرۆدا لەوەڵامدا وتی(من ناتوانم بژیم ئەگەر لە خاکەکەی خۆمدا نەبێ،من ناتوانم بژیم بێ ئەوەی قاچ ودەست وگوێم لەسەر خاکی نیشتمانەکەم دابنێم،من ناتوانم هەناسەبدەم بێئەوەی هەست بەسوڕانەوەی ئاو وسێبەر بکەم،من ناتوانم نەشونما بکەم بێ ئەوەی هەست بەڕەگەکانم بکەم کەلەناو قوڕی رەشدا لەخودی دایك لەکرۆکی بنەچەدا دەگەڕێن).ئەمەیە پەیوەندیی ئۆرگانی ودانەبڕاوی تاکی داهێنەرو خوڵقێنەری هونەرە لەگەڵ وڵاتەکەی نەك ئەوەی لەژێر ئاڵای تۆرانییەکان ولەپاڵ وێنەی ئەتاتورکدا لافی کوردبوون وخزمەتی هونەری کوردیی لێبدەیت وبیکەیتە کاڵایەکی بازرگانی وپاروویەکی چەور. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە زەکەریا لەتاراوگە یان لەتورکیا دەژی،بەقەدەر ئەوەی مەبەستمان لەدابڕاویی ئەم قەلەندەرەیە لەوڵات ورەگیرەسەنی خۆی کەکوردستانە،ئەگەرنا جەماڵ نەبەزو پەشێوی بلیمەت وچەندانی تر لەتاراوگەوە پتەوترین پەیوەندییان بەوڵاتەکەیانەوە هەیەو تەنانەت بزوێنەرو جۆشدەری هەستی نەتەوەیی خەڵکانێکی زۆریشن لەناوەوەی وڵاتدا. لەو باوەڕەدام ئەو هونەرمەندەیلەبەرەی گەلەکەی ولەریزی خەباتیرزگاریخوازانەیدا نەبێت هەرچییەك بێت هونەرمەند نییە،خۆ هونەرمەند کائینێکی ئەبستراکت ودابڕاو نییە لەدنیای دەوروبەری. هەرچەندە داوامان لەزەکەریا ئەوەنییە پێشمەرگە یان فەرماندەی سەربازیی بێت چونکە سەنگەری وی وشەو ئاوازو ئەدای رەسەنی کوردییە. ئێمە داوامان نەکردووە زەکەریا ببێتە نیکراسۆڤ چونکە ناتوانێ بگاتە دامێنی ئەو،نەشمانوتووە وەك ئەو بڵێ(خەبات ناهێڵێت ببمە شاعیر، گۆرانییەکانم ناهێڵن ببمە خەباتگێڕ).تا ئێمەش وەك (هەمزاتۆڤ) لەوەسفیدا بڵێین(پێموایە ئەگەر شاعیر نەبوایە نەدەبوو ئەو خەباتگێڕەیئێمە دەیناسین،ئەگەر تەنیاخەباتگێڕیش بووایە نەدەبووە ئەو گۆرانیبێژە ناسراوە).لەوە زیاتریش زەکەریا خۆیکرۆدتە مقاشی دەستی بێگانەیەکی رەگەزپەرست کەشەوانە سەدجار خەونی گولیی بەکوردەوە دەبینێت.زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە جوهێل وداریوش وڤیکتۆر خاراو عەبدولوەهاب

ومارسێل خەلیفەو مایکڵ جاکسۆن پێیاندەوترێ گۆرانیبێژو بەزەکەریاو ئەمسالەکانیشی هەردەوترێت گۆرانیبێژ.وابیردەکەمەوە جیاوازیی چەندە لەنێوان ئەدیسۆن و کارەباچییەکدا،زەکەریاو ئەو گۆرانیبێژانەی پێیان بەراورد دەکرێت ئەوەندە جیاوازن.ئاخر کاتێ گوێت لەگۆرانییەکی مارسێل خەلیفە دەبێت دەزانی دەیەوێ بڵێ چی،هەروەك چۆن دەنگی جوهێل هاواری سەرجەم کرێکارانی جیهان بوو،لەولاشەوە داریوش دەتباتەوە بۆ ناوەوەی خۆت ویەکێکی تر لێوانلێوت دەکات لەعیشق. لەئاست زۆر گۆرانیبێژدا هەستدەکەم قورساییەکی سەیر کەوتۆتە سەرشانم،هەندێ گۆرانیبێژ کۆی ئەندامانی جەستەم ناچار بەگوێ شلکردن دەکات تائەوەی گۆرانیبێژ هەبووە وایلێکردووم وەك(ئارنۆلد هاوزەر)بڵێم(گوێیەکان دەبینن وچاوەکان دەبیستن). بەڵام زەکەریاو هاوشێوەکانی نەك ناتوانن سەرنجم بەلای خۆیاندا رابکێشن بەڵکو ماندوو وبێزارو وەڕسم دەکەن.ئیتر زەکەریا دەبێت لەوە تێبگات بەئەندازەی چەپڵە بۆلێدانی خەڵکانی تر هەن پرسیار وگومانیان لەسەری هەیە،بەقەد سەماو هەڵپەڕکێی گوێگرەکانی کەسانی تر هەن تەواو نارەحەتن لەشێواندنی گۆرانی کوردیی، بۆیە پێویستە واز لەغرورو لوتبەرزیی بهێنێ وهەوڵ بۆ ئاسمان نەدات بەڵکو خاکەڕاو ئاسایی ملی رێگە بگرێتەبەرو هەروەك (تاگوور)ی شاعیر بڵێ: "من بەخەونە پووچەکانم هەوڵ بۆ ئاسمان نادەم.بەڵکو بۆ ماڵێکی سادە لەسەر زەوی فراوانی خودا."
ئەو گەورەکردن وپیاهەڵدانەی دەسەڵاتیش هەتاسەر نابێت وسبەینێ هەرخودی دەسەڵات بچووك بچووکی دەکاتەوە بەجۆرێك وابزانێت جادووی لێکراوە.بیرناردشۆلەوتەیەکیدا دەڵێت(ئەگەر بچیتە بەهەشتەوە بەبێئەوەی شایەنی بیت،هەرگیز چێژ لەو بەهەشتە وەرناگریت).زەکەریا پێویستە لەلای روون بێت ئەگەر بکرێتە مایکڵ جاکسۆن وداریوشی کورد لەبەرئەوەی شایەنی ئەو پلەیە نییە هەرگیز نازانێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات وچێژی لێوەربگرێت چونکە ئەوە هونەر نییە زەکەریای کردووە بەو کەسە بەناوبانگ وسەرمایەدارەی هەمووومان لەبارەیەوە زۆر شت دەزانین بەڵکو ئەوە سەفەقەی ژێربەژێر ودەستتێکەڵاوکردنی ژێرزەمینییەتی لەگەڵ پیاوە سیاسییە جەلادەکانی کورد. بۆیەلای من زەکەریا نەدەوڵەمەندترین ونەناسراوترین هونەرمەندی رۆژهەڵاتە بەڵکو بێتامترین گۆرانیبێژی ئەم دەڤەرە کاولەی رۆژهەڵاتی ناوەراستە.ئەوەی لەکۆتاییدادەمەوێ بیدرکێنم ئەوەیە: مبەتەواوەتی رەشبینم لەبەرامبەر ئایندەی هونەری کوردیی و وایدەبینم بەرەو هەڵدێرو تونێلێکی رەش وتاریك دەڕوات ئەو هونەرمەندانەشی دەیانەوێ هونەری کوردیی بەرەسەنایەتی خۆیەوە وەرچەرخێنن نەك هەرکەمن بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا گۆشەگیروپەراوێزخراون،ناتوانن ببنە سۆپەرمان تا هونەری کوردیی لەغەرغەرەی مەرگ دەرباز بکەن. رۆشنبیری نێوداری فارس(داریوش شایگان) دەڵێت(دیارە هێشتا لێرەولەوێ پاشماوەی هونەری دێرینەمان ماونەتەوە،بەڵام گەنجینەکانی هونەری دێرینەمان ئەوەتان لەحاڵەتی توانەوەداو هونەرمەندەکانیشمان دەیانەوێ بەنۆرەی خۆیان رۆڵی پرۆمیسیۆس بنوێن ودێوی دوودڵی دەستەمۆبکەن).بەهەمانشێوە هونەری رەسەنی کوردیی

وا لەحاڵی توانەوەو لەنێو چووندا،بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بەو حاڵەوە هونەرمەندە رەسەنەکان دەتوانن رۆڵی پرۆمیسۆس ببینن و کەلەپووری مۆزیك وگۆرانی لەفەوتاندن رزگاربکەن؟.
*پوختەی ئەم نووسینە لەرۆژنامەی (گەرمیانی ئەمرۆ) لەرۆژی ٢\٨\٢٠٠٦ بلاوکرابووەوە، بەبێ ئاگادارکردنەوەی نووسەر .

# وەڵامێکی زۆر نەرم بۆ هەندێ رەخنەی زۆر رەق

گەر بەهەموو زمانەکانی جیهان وفریشتەکان بدویم،بەڵام خۆشەویستم نەبێ،ئەوا وەك گرمەگرمی دەهۆڵ وزیرەزیری زورنا وام،گەر بەوشەی خودابدویم وهەموو نهێنی وزانیارییەك بزانم وباوەرێکی تەواوی وام هەبێ بتوانم چیای پێی هەڵبکەنم،بەڵام خۆشەویستیم نەبێ ئەوا هیچ نیم،گەر بێتوو هەموو سامانم بەسەر هەژاران دابەشبکەم وتا سووتان ژیانم پێشکەش بکەم بەلاَم خۆشەویستیم نەبێ،ئەوا هیچ سوودی بۆم نابێ، خۆشەویستی دان بەخۆداگرتن و رۆح سووکییە، خۆشەویستی شانازیینییە،چاوپیسی نییە،لووتبەرزیی نییە،توندرەویی نییە،داوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی ناکات،زوو تورەنابێ وبەهەڵەکانی پێشوودا ناڕواتەوە،خۆشەویستی بەخراپە دڵخۆش نابێ، بۆڕاستی دڵشاد دەبێ،خۆشەویستی هەموو کاتێ بەرگە دەگرێ،باوەڕ دەکات،هیوای هەیە،ئارام دەگرێ،خۆشەویستی هەرگیز نافەوتێ.
ئینجیل – کۆرنسۆس ١٣: ١–٨

ماوەیەکە بەئاشکراو نهێنیهەندێ کەسی ناسراو ونەناسراو بەئیمەیل ولەهەندێ ماڵپەری کورددیدا تانەو تەشەرم تێدەگرن،لەبەرئەوەنا دژی بەهای مرۆڤ قسەیەکم کردووە،لەبەرئەوەش نا هزرێکی ترسناکی وەك وەهابییەت وفاشییەتم بلاوکردۆتەوە،دیارە لەبەرئەوەش نەبووە هانی توندوتیژیی وگێرەشێوێنی وقڵیشانەوەی دۆخی وڵاتم دابێ،لەبەرئەوەش نا دژ بەبەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان وەستابێتمەوە،نا بەڵکو لەبەرئەوەیبرێك ڕاوسەرنجی خۆم لەمەڕ هەندێ واری جۆربەجۆر

دەربڕیوە،بەتایبەت هاتنە وەلاّم لەسەر مافی گەلی ستەملیّچۆڕاوی کلدانی  سریانی وئاسوری و پیّشنیارکردن بۆ گۆڕینی ئالاّی کوردستان.زۆریّك لەوانە گەلەك ناشارستانی ودوور لەهەموو عوورفیّکی وتوویّژکردن جنیّویان پیّداوم،لەبەرئەوەنا دیوای کەعبەم رووخاندووە،بەلّکو تەنیّ ژ بەرئەوەی گومانم ئاڕاستەی بڕیّك یەقین وبنەوانی چەسپیو کردووە.ئەو کەسانەیان کەنامەو ئیمەیلیان بۆ ناردووم مافی تاکایەتی وسنوورو پەرژینی ئازادییە تاکە کەسییەکانمیان تیّپەڕاند، هەندیّ وشەم لەنیّو نامەکانیاندا دۆزیەوە لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا ئەوەندە نویّباون یەکەمجارە گویّم لیّیان بووبیّ،هەندیّ جنیّوی وەهام پیّدراوە لەوانەیە زۆرتازەبن لەئەدەبی جنیّوننامەنووسیدا، بەزمانی خەلّکی سلیّمانی بەمانای وشەکە لۆك بوون.هەندیّ رستەی زبرو شەڕوئەنگیّزانەم بەرگویّ کەوت هەرگیز بەخەیالّمدا نەهاتووە خەلّکانیّك هەبن ئەوەند قینیان لەدلّدا بیّو بەرامبەرم ببنەوە. ئەو جنیّوو رستە بازاڕییو رووشیّنەرانە لەسنووریّکدا بوون تا ئیّستا نەبەرامبەر بەعەلی کیمیایی نە ئەتاتورك نە سەددام حسیّن نە شای ئیّران نە حەواری بۆمەدین نەوتراون. ئەمە تەواویّ تووشی شۆك ونائومیّدیی کردم هیّشتا کەللەی وشکمان تارمایی تاکڕەهەندیی وتاك سیاسەتی بەرنەداوە، ئاخر ئەو مامەلّە دلّڕەقانەیەی بەرامبەر بەمن کرا نەك هەر شایەن بەرۆژنامەنووسیّك نییە، بەلّکو گوناهیّکی نەبەخشراوە ئەگەر بیّتوو بەرامبەر بەتاوانباریّکیش وا رەفتار بکریّت وبەو شیّوازە سنووری مافە تاکییەکانی ببەزیّنریّ.هەرگیز نامەویّ بەشەڕئەنگیّزانەو ئەعسابی گەرمەوە وەلاّم بدەمەوە،لەفەرهەنگی مندا وشەیەك بەمانای تۆلّەسەندنەوە سەیڤ نەکراوەو جیّی نەبۆتەوە،لەگەلّ ئەوەشدا بیّ پچڕان لەئاسمان دەپاڕیّمەوە وەك مەسیح ئیرادەم پیّبەخشیّ،ئاخر کاتی وی لەنیّوان دوو چەتەدا بزمارەکان بەدەستیدا داکوتران ولەخاچدرا، بۆ سووکایەتیپیّکردنیشی لەسەر تابلۆی سەر خاچەکەیان نووسی(یەسوع پادشای یەهود)،کاردانەوەی مەسیح لەم ساتە تژ لەئیّش وژانەدا تووڕەیی وهەلّچوون نەبوو،ئەو وتی:ئەی باوکی ئاسمانی لیّیان ببوورە چونکە نازانن چی دەکەن!. زۆریّك لەجارەکان لەگەلّ خودی خۆمدا لە گفتوگۆدام وپیّشنیار بۆ خۆم دەکەم هەردەم لیّبووردەیی وخۆشەویستی بکەمە سەرمەشق وبلّیّسەی ئاگری تووڕەبوون رك وکینە لەدەروونمەوە هەلّنەستیّ. لەکاتیّکدا ئەوانەی هیّرشیان هیّنایە سەرمو  وەك زەردەوالّەو دوو پشك ژاریان لەجەستە کردم، دەستمدایە ئینجیل وبەدووی ئایەتەکانی خۆشەویستیدا گەڕام،پەنام بۆ میهرەبانییەکی سۆکرات برد،هانام برد بۆ بوزا تاپەناگەیەکی ئارام بۆدلّەی غەمبارم بکاتەوە،بەوردیی دەستمکرد بەپشکنین و وردبوونەوە لەبنەوانە فەلسەفییەکانی ریّبازی ڕەواقییەکان،لەئەنجامی ئەو گەڕانە بەناو کونج و کەلەبەرەکانی ئەم ریّبازەدا بۆم دەرکەوت، رەواقییەکان لەپیّشەوەیاندا (زنۆ)ی دامەزریّنەری قوتابخانەکە دەیانووت(دەبیّ ئیّمە دوژمنی خۆمان خۆشبویّت).لیّ ئەو نووسەرو خەلّکانە بەدوژمن ونەیار نازانم، بەلاّم ئەگەر ئەوان خۆیان بەنەیار بزانن ئەوەیان بابیّکی ترەو هیّشتا منیش چیترم نییە لەبەرامبەریان جگە لەچەکی خۆشەویستی.عیسای مەسیح هەموو پەژارەکانی دەستی

نەیارەکانی قووتداو نۆشی،بەهەمان پەیام و گوتاری ڕەواقییەکانەوە سەریدەرهێناو خەڵکانی بۆ ئەم ئامانجە هاندا،خۆشەویستی ولێبوردن لەژیانی مەسیحدا تاکتیك نەبوو،بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکی ریشەیی ئاوهای هەبوو تائەوەی ڕۆحی پاکژببووەوە لەهەر رق و کینەو بوغزێك،مەسیح لەئامۆژگاریی سەر چیادا وەك سۆفییەك وپەیڕەوکارێکی رەواقی وپێغەمبەری خۆشەویستن هەمان وەسێتی بۆ حەوارییەکانی تەنیشتی کردو پێی راگەیاندن پەیامەکەی لەسەر خۆشەویستی بەندە، تا ئەو ئاستەی وتی:ئێوە ئەگەر تەنیا ئەوانەتان خۆشبوێ کەخۆشییان دەوێن چ چاکەیەکتان کردووە،من فێرتان دەکەم هەموو ئەوانەشتان خۆشبوێ تەنانەت رقیان لێتانە. ئەز سوپاسی ئەوانە دەکەم جنێویان پێدام،ئەوانەی بەبیرکوێر ناوزەدیان کردم وبزمارو بڕبەنیان لەرۆحم سوی، هیوادەخوازم گوڵێکی گەشیان پێشکەش بکەم،ئەو کەسانەی(بەردیان تێگرتم،من بەرقیان تێدەگرم).هەموو ئەم رۆژانەش،بەردەوام کۆی دانیشتن وکۆبوونەوەکانی خۆم بۆ ئەم پرسە تەرخانکردووە، تا بتوانم زێدەتر بێژ لەتوێژینەوەیی بکەمەوەو باوەش بەسۆزدا بکەم.لەگەڵ هاوڕێی شاعیرم(محەمەد عومەر عوسمان)لەم بوارەدا دەمەتەقێیەکی گەرممان کرد،ئەویش لەبەر تووڕەبوون وبۆ خۆشاردنەوە لەهەموو ئەوانەی ئیرەیی بەپۆشتەوە پەرداخیمان دەبەن لەباخێکی دوورە دەستدا بەتەنیا لەبیارە جێگیر بووەو خۆی رزگارکردووە لەوتی وتی وداو وفاقەی زمان لووسەکان، گفتۆگۆکەمان لەبواری تەسەوف وعیرفان وهەندێ لایەن لەهزری فەلسەفی(خەیام) بوو، کاکە حەمە لەقسەکانیدا باسی بەسەرهاتێکی کەموێنەی مەولەوی شاعیری کرد ساتێ چووە بۆ حەجکردن، لەنزیك بەسرە چەتەیەکی ناسراو رووتی دەکاتەوەو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ دەوروبەری تاوەگۆزو رایگەیاندووە مەولەوی لەماڵی پیرۆزی خوادا لەمەککە کۆچی دوایی کردووە،ئیدری پرسەیەکی شایستەی بۆ دادەنێن،بەڵام دوای چەند مانگێك ساتێ دەگاتەوە زێد،سەرسووڕمان بۆ خەڵك دروستدەبێت وپێی دەڵێن فلان کەس وتوویەتی عەمری خوات بەجێهێناوە،مەولەوی نەك هەر پێی تووڕە نەبوو، بگرە بانگی دزەکە دەکات ودڵنەوایی دەکات، دەڵێت سەد بریا من بمردمایەو ئەو قەباعەتەم بۆ تۆ دروست نەکردایە. دوای گوێگرتنم لەم چیرۆکە بەمتمانەیەکی ترەوە سووربوونم لەخۆم نیشاندا تا بەنەرمییەکی زیاترەوە وەڵام بدەمەوە.من بەهەمان رۆحی مەولەوی ولەژێر کارتێکردنی مەسیحدا هەمیشە نەیارەکانیشم خۆشدەوێن وئەوانەی نیازیانە دوژمنایەتیم لەگەڵ بکەن هێندەی نووکە دەرزییەك قینم لەدڵدا نییە لەبەرامبەریان. لێبوردەیی ودڵسافیم لەمەرزو پان وپۆڕییەکدایە،زۆر لەهاوڕێ نزیکەکانم سەرزەنشتم دەکەن گوایە دۆست ودوژمنی خۆم ناناسم و بەوپەڕی سادەیی‌وساکارییەوە هەموو نهێنی و وارەکانی ژیانم دەخەمە بەردەستیان(ئەوان لەبیریان چووە من هیچ دوژمنێك شك نابەم)هەموو کات لەبەرسڤدا وتوومە:گوێبگرن(بودا)وتوویەتی:یەکێك لەبێزارییەکانی ژیان کینەو ڕقە. خولاسە ئەوەندەی پێمدەکرێ نەمویستووە ببمە مایەی ناڕەحەتی وبێزاریی وهەراسانکردنی هیچ کەس،ئەگەر رۆژێکیش لەرۆژان لەسەر دیواری ماڵەکەمان وتەیەك

بنووسمەوە،یاخود وتەزایەك بەوتەی هەموو ژیان هەڵبژێرم،ئەم وتەزایەی(سۆكرات)ە(من لەنیازمدا نییە نەستەم بكەم و نە قبوڵیشی بكەم، بەڵام ئەگەر ناچاربووم،دووەمیان هەڵدەبژێرم).لێرەدا ئارەزوومە لەبری هەڕەشەكردن وتانەو تەشەر لێدانو بەچەموش ناوزەدكردنیان گفتۆگۆیەكی كراوەو بێ پەردە لەگەڵ ئەو كەسانە بكەم بەتێگەیشتنی خۆیان نەیاری منن.لێ دەزانم هەندێ چاو وگوێ بەدواوەمن ودەیانەوێ لەودیوی پێستەوە هاتوچۆی خوێنی لەشم ببینن، خواستی من بەپێچەوانەوە راكێشانیانە بۆ چێوەی بیركردنەوە ومشتومڕ.

## یەكەم: گۆڕینی ئاڵای كوردستان

یەكێك لەو كەسانە بووم وداوامكردووە ئاڵای كوردستان بگۆڕدرێ،ئەم داواكارییە بەهیچ شێوەیەك ولەژێر هیچ ناوێكدا ناچێتە چێوەی دژایەتیكردن وناكەسبەچەیی بەرامبەر بەسیمبوڵی نەتەوە. داوای گۆڕینی ئاڵای ولاتەكەی خۆمكردووە وەك ئەوەی هاوولاتییەكی رەسەنی ولاتەكەم،من پەیوەندیم چییە بەئاڵای ئەسیوبیا یان مۆریتانیا یان ئاڵای نیوزلەندەوە؟ئاخۆ رەنگیان سوورە یان كەسك؟ ئەستێرەی داودی تێدایە یان هیلالی ئیسلام؟بەوپێیەشی هاوونیشتمانییەكم ولەولاتەكەمدا ماف وئەركم هەیە،ئاساییە ئەگەر داوایەكی لەو چەشنەشم هەبێت.ئەو بەڕێزانەی رەخنەیان لێگرتووم لەوەنەگەیشتوون،ئەو ئاڵایە بەئاڵای خۆم دەزانم هەرچەندە داوامكردووەو حەزموایە گۆڕانی بەسەردابێت. بەڕێز(شوان مەغدید) لەماڵپەری كوردستان پۆست نووسیوویەتی:ستیڤان سەرنووسەری رۆژنامەیەكە لۆگۆكەی ئاڵای كوردستانەو داوای گۆڕینیشی دەكات.بەداخەوە كاك شوان لەگێژەن وتاریكیدا بیری لێكردۆتەوە،ئەگەرنا لاریم لەو ئاڵایە نییەو تێبینیشم لەسەری هەیە ئەو ئاڵایە ئاڵای منە،ئەگەر گۆڕانی بەسەرداهات وبووە ئەو ئاڵایەی داوامانكردووە ویستێكم هاتۆتەدی،ئەگەر نەش ئەوە ملكەچ دەبم بۆ خواستی زۆرینە.لەدنیاشدا مافی پێشنیاركردن و خواستن مافێكی سەرەتایی وهەرەساكاری هەموو مرۆڤێكە،داخستنی دەرگای پێشنیارو دەربڕینی بۆچوونی ناباو وپێچەوانە داخستنی دەرگای دیموكراسی وئازادییەكانی مرۆیە.راستە ئاڵا هێماو سیمبۆڵە بۆ نەتەوەو نیشتمان بەڵام هیچ وەختێ هێندە پیرۆزنییە نەتوانین تخوونی بكەوین و دەست بۆ گۆڕان تیاكردنی بەرین،ئاڵا ماتریاڵێكی بێگیان وجەستەیەكی نازیندووە،بەڵام مرۆڤ خودێكی زیندووەو هەر ئەویش بڕیار لەسەر هەبووە بێگیانەكانی دەوروبەری دەدات بەئاڵاشەوە. باوكم چیرۆكێكی خۆشی لەبارەی راپەڕینی جافەكانی شارەدێی(بنگرد)بۆ گێڕامەوە كەلەساڵی ١٩٨٦ لەدژیدامودەزگاكانی حكومەتی بەعس دەستیانكرد بەراپەڕین ولەماوەی چەند سەعاتێكدا توانیان دەستبگرن بەسەر سەرجەم دامودەزگاكانی حكومەتدا لەو شارەدێیە،هەر لەبەڕێوەبەرێتی ناحیەوە تا بنكەی پۆلیس وئەمن وفەرعی حیزبی بەعس وبارەگای فەوجی عەسكەریی و هتد.. لەكاتی هێرش وپەلامارەكانی هاولوآتیاندا بۆ سەر تەلاری ناحیەكە ئاڵای عێراق سوتێنرا،دواتر

حکومەتی بەعس بەهێزێکی بەربلاوەوە هێرشی کردەوە بۆ سەرجەماوەری ڕاپەڕیو وشارەدێیەکەی کۆنترۆڵکردەوە،ئەفسەر وپلەدارێکی سەربازیی بەناوی حکومەت ورازگری سەرکردایەتی هەرێمی باکووری حزبی بەعسەوە رایانگەیاند:کوژراوەکان ڕۆیشتن و ئاسایین،سووتاندن وفڕاندنی ئۆتۆمبیلەکان شتێکی سادەن، چەك و چۆلە بەتالانبراوەکانیش مەسەلەیەك نین،بەڵام هەرگیز لەسوکایەتیکردن وسووتاندنی ئالأکەیان نابوورن وخۆشنابن.پیرەپیاوێکی ردێن سپی وپشت چەماوە وگۆچان بەدەست کەپیتێك خوێندەواریی نەبوو،بە بەرپرسەکەی وت:ئێمە چوار مەتر قوماشمان سووتاندووە،دەتوانین چوار تۆپ قوماشتان بۆ بکڕینەوە.پارچە پەڕۆیەك زۆرجار منداڵ میزی پیادادەکات کوا قیمەتی هەیە ئێمەی لەسەر بکوژن.بەهەمەحاڵ بەعس لەتۆڵەی(هەتککردنی) ئالأکەی دوانزە کەسی لەو هاوولأتیانە لەسێدارەدا. وابیردەکەمەوە ئەو پیرەمێردە کەباوەڕناکەم لەژیاندا مابێ لەزۆرێك لەو ڕۆشنبیرانەی ئێمە کراوەترو ڕووناکبیرتر بووە،ئەو بێ ئەوەی ڕۆژێك لەسەرمێزی قوتابخانە یان بانیژەی حوجرە بۆ خوێندن دانیشتبێ،بەچاوێکی کراوەترو هۆشمەندانەتر لەمەسەلەی ئالأی ڕوانیوە وەك لەهەندێك قەڵەمبەدەستی تاراوگەنشین کەخۆیان بەنەتەوەیی ناودێر دەکەن وتەحەمولی یەك کاژێر ژیان لەولأتەکەیاندا ناکەن. گۆنتەرگراس وتی (هیچ شتێ هێندە بالأ نییە نەتوانین گەمەی پێبکەین).ئەگەر ڕێمان لەگومانکردن لەپیرۆزگرت قوفڵ لەبیرکردنەوەو ئازادیی بۆچوونی خۆمان دەدەین وجۆرج تەرابیشی وتەنی ماندەگرین لەبیرکردنەوەی ئازاد.ئالأ سیمبۆلێکە مرۆڤەکان دایانڕشتووەو بەهێمای خۆیان قبوڵیان کردووە، هیچ کات لەمرۆڤ بڵندترو بەنرختر نییە،ئەو گووتارە کلاسیکی ونەریتیانەی مرۆڤ ئامادە دەکات بۆ خۆفیداکردن بۆ نیشتمانپەروەرییەکی ڕووت وئالأ،سەفسەتەیەکی بێمانا وئایدۆلۆژییەکی پڕوپوچ وبێهودەن وتەعبیر لەغەریزە ساناتۆسییەکانی ئێمە دەکەن،تەنانەت لەمێژە دژی دروشمی کەم ژیان وکەڵ ژیان ڕاوەستاومەتەوە،بەو مانایەی ئەم دروشمە هەڵگری بیرۆکەیەکی داڕێژراوە بەنەزعەی مەرگدۆستی وشیرین وخۆشەویستکردنی کردەی مردن،من دەڵێم دەکرێ ئامانجی شۆڕش شەهیدبوون وکەم ژیانیی نەبێ،بەقەدەر ئەوەی دەبێ سەرلەنوێ مانادانەوە بێ بەخودی ژیان و تەوزیفکردنی بەشێوازێکی باشتر. ئەو چەقبەستوویی وبەپیرۆزکردنە وەك دیاردەیەك بەجۆرێك لەجۆرەکان ولەیەکێك لەماناکانیدا گوزارشت لەمردنی بیرکردنەوەی عەقڵی کوردیی دەکات،منیش لەگەڵ ئەدۆنیس هاوڕام کاتێك دەڵێ(هەندێکجار ئەوەم بەخەیاڵمدا دێت ئێمە پێویستمان بەوە نەبووە گۆڕ بۆ مردووەکانمان هەڵبکەنین چونکە سەروجەستەمان جێگەی گۆڕیان گرتۆتەوە،ئای گۆڕ چەندێك لەکردەوەو بیروبۆچوونەکانماندا ئامادەیە).بەدەر لەمانەش سەرم لەوە سوڕماوە، زۆرێك لەڕۆشنبیرانی ئێمە داوای دەوڵەتێکی سیکۆلار دەکەن!ئاین ودەسەلأتەکان لەیەکدی جودا بکرێنەوە،بەڵام لەڕاستیدا ڕەکیزەو پایە سەرەکی وفراوانەکەی سیکۆلاریزم بەتەنێ جیاکردنەوەی ئایین نییە بەڵکو جیاکردنەوەی موقەددەسە لەدەسەلأت. ئاین بەشێکی بچووکە لەپیرۆزییەکان نەك

هەمووی، کۆمەڵگەیەك سەرکردەیەك یان ئاڵا یان دروشمێك پیرۆز بکات وبەسەرسامبوونەوە لێی بڕوانێ کۆمەڵگەیەکە هێشتان لەقۆناغی تەوتەم وبتپەرستیدایە،ئاخر عەلمانیەت ئەوە ناگرێتەوە خودا پیرۆزەکەی دەسەلات لەئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دابگرین،گرنگ ئەوە نییە پیرۆز لەزەمینە یان لەئاسمان،گرنگ ئەوەیە پیرۆز دەخالەت لەدەسەلاتدا نەکات وریمان لێڵ نەکات ونەبێتە بەربەست لەبەردەم ئازادیی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتمان.هەر لەم سۆنگەوە ویستوومە پێشنیار بکەم بۆ گۆڕانکارییکردن لەئاڵای کورستانداو ئەمەشم بەئەرکی سەرشانم زانیوەو لەگەڵ فەیلەسووفی مەزن(هیراکلتیس)دا وتوومە(بیرکردنەوە مەزنترین زاڵبوونە وزیرەکی ئەوەیە راستیی بڵێی..).لەوەتی دەستیشم قەڵەمی گرتووە هەموو نووسینەکانی خۆم تەرخانکردووە بۆئەوەی وەها لەخەڵك بکەم بیربکەنەوەو هۆشمەندیی بەکاربێنن لەمەسەلەکانی پابەند بەژیانیان،زیرەکیی خۆشم لەوەدا بینیوەتەوە ئەم کارەبکەم وراستییەکان بدرکێنم.تەقەلاو ماندووبوونەکانی داهاتووشم هەر بۆئەوە دەبێت تروسکایی مۆمێك لەئەشکەوتی ئاوەزی کوریدا دابگیرسێنم وفوو بەکەڕەنای دیموکراسیدا بکەم،لەم رێگەو پێناوەشدا نەك سست وسەرکز نابم ورایەکانم ناشارمەوە،بەڵکو بەدەنگی بڵند بیردەکەمەوە،باسکی خۆم تەواویَ لێهەڵماڵیوە بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوشاریی و هاوونیشتمانییەکانم،بەپەرۆشییەوە دژ بەناتەواوییەکانی دەسەلات دەقیژێنم و فوو لەشەیپووری ئۆپۆزسیۆنبوون دەکەم.

## دووەم: مافی گەلی کلدانی سریانی ئاسووری

لەچەند وتارێکدا باسی مەسەلەی نەتەوەکانی تری کوردستانم کردووە،گرنگترینیان ئەو وتارە بوو لەمەر دەستووری هەرێم وجێگیرنەکردنی مافی گەلی کلدانی سریانی ئاسووری نووسیبووم. ژمارەگەلێك لەخەڵك ونووسەران لەمڕووەوە لەدژم وەستاون ونووسینەکەیان بەنووسین گەلێکی دوژمنانەو ناحەزانە لێکدایەوە.زۆربەی راو سەرنجەکانیان ئاڕاستەیەکی شەخسی وتاکە کەسییان گرتۆتە بەر،خۆ ئەگەر یەکێك لەوانە کەمێك تێپەڕی کردبێ لەجنێو وسەروگوێ کوتانەوە، پێیوابووە گەلی سریانی کلدانی ئاسووری کەژمارەیان لەنیوملیۆن کەس کەمترە چ قورساییەکیان هەیە تاکو حیسابیان بۆ بکرێت؟یان ئەگەر پەڕاوێزخران چ دەتوانن بگەن وچ رۆڵێك ئەدا دەکەن؟ هەموو ئەم جۆرە لەبیرکردنەوەو ئەم تەرزە لەروانین جێگەی ناهومێدیی‌و تۆقینن،چون لەژێر ساباتی ئەم بیرکردنەوەیەدا بێ تواناو زەبوونەکان مافی ژیانیان نییە،بۆئەوی بژیت نابێ وەك مەلۆتکەیەکی ناسك بیربکەیتەوە بەڵکو دەبێ وەك تووڵەمارێکی زار لەژار پەلاماربدەیت.ئەو هاوڕێیانەی وەها بیردەکەنەوە،مادام گەل وکەمینەکانی تری کوردستان سەنگ وژمارەیان کەمە، ئیدی پێویست ناکات بەهەند وەریانبگریت پێیان خۆشبێ یان نا لەچێوەی راسیزم وشۆڤێنیزمدا بیریان کردۆتەوە،دەشبێ لەوە تێبگەن کەنارگیرکردن وحاشیەخستنی پێکهاتەکانی کوردستان

بەهیچ کلۆجێك مانای تواناو بەهێزیی کورد نادات بەدەستەوە،بەڵکو لەبنەماوە نیشانەی کەوتنی بیری کوردایەتی وبیرۆکەی کوردستانیبوون وماف ویەکسانی هاوولاٌتیانی کوردستانە بەجیاوازییەکانیانەوە. د. بورهان گلیۆن جوانی وتوە(باوەڕموایە ئایدۆلۆژیای بەعسیزمی پاش ناسریزم رەنگدانەوەی کەوتنی بیری عەرەبییە زیاتری لەوەی گوزارشت بێت لەم بیرە).لەبەرئەوە روانگەی شۆڤێنیزمی کورد گوزارشت لەداهێزرانی بیری ناسیۆنالیزمی لەدایکنەبووی کورد دەکات نەك لەو،بۆیە ئەوانەی مافی ئاسوورییەکان رەتدەکەنەوە لەژێر هەرناو وبیانوویەکدا بێت نەك خزمەت بەهزری نەتەوەیی کورد ناکەن بەڵکو لەکەدارو نابووتی دەکەن.لەپوختترین دەربڕیندا دەتوانن بەهێندەی سەددام خزمەت بەبیرۆکەی نەتەوەیی گەلەکەیان بکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەو نووسەرانەی هێرش دەکەنە سەر کەمینەو نەتەوە ناکوردەکان هێرش دەکەنە سەر بەرژەوەندییە بالاٌکانی کوردستان،بۆ وێنە تۆراندنی ئاسووری وتورکمانەکان لەکورد کاریگەیی وتیشکدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر دۆزی بڕیاری سەدوچلی دەستووری هەمیشەیی عێراق کەبەپێی ئەم بڕیارە بارودۆخی ئەو ناوچانە ئاسایی‌و یەکلاییدەکرێتەوە ناکۆکیان لەسەرەوباری دیموگرافیا گۆڕدراوە کەرکووك یەکێك لەو ناوچانەیە،بەدەنگدانی مەسیحی وتورکمانەکانی ئەوشارە بۆ گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر کوردستان کۆی هاوکێشەکە گۆڕانی بەسەردا دێت.ناوچەکانی تری دەووروبەری پارێزگای موسڵ کەسەدان هەزار تورکمان‌و ئاسووری تیایاندا دەژین وجێگیرن بەهەمان شێوە، بەدەنگدانی ئەمانیش بۆ کوردستان تای تەرازوو دەنگ دەگۆڕێت وکوردستان دەتوانێ سەرکەوتن مسۆگەر بکات،بەپێچەوانەشەوە هەر راستە. هەر ئێرە جێگەی ئەوەیە،لەو بەڕێزانە بپرسم:ئایا دەزانن زیاتر لەنیوەی تورکمانەکانی کەرکووك وئاسوورییەکان دەنگیاندا بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەدوو هەڵبژاردنی یەك بەدوای یەکدا؟ئایا دەزانن لەعەینکاوە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ژمارە ۱۳۰ و ۷۳۰ لیستی براوەو یەکەم بووە؟ئایا دەزانن لە۹۰٪ ی تورکمان و ئاسوورییەکانی ناوچەکانی تری کوردستان قائیمەی کوردیان هەڵبژارد؟.

جێگەی داخ و ئەسەفە رۆشنبیریی کورد نەگ هەر پشتگیرو هاوپشتیوانی ئەم گەلانە نەبووە بەڵکو یان تەواویٚ بێهەڵویست بووە یاخود بەدژ بیریان لێدەکاتەوە.هەنووکە رۆشنبیری کورد ئۆرهان پامۆك بەشایستەترین کەس دەزانن بۆئەوەی خەلاٌتی نۆبڵی وێژەیی ئەمساڵ پێدرا، تەنیٚ لەبەرئەوەی داکۆکی لەئەرمەن وکورد دەکات،تەنانەت هێشتا کتێبێکی وەرنەگێڕدراوەتە سەرزمانی کوردیی تا لەبەردەستی خوێنەرانی کورددا بێت،ئەوانەشی دەیناسن کەمترین نووسینی ئەویان خوێندۆتەوە.رۆشنبیریی کورد لایوایە دەبیٚ پامۆك داکۆکی لەکوردو گەلە چەوساوەکانی تورکیا بکات وهەڵوێستی روونی لەبارەیانەوە هەبیٚ،لەکاتێکدا پارتیکرێکارانی کوردستان ملیارەها دۆلار زیانی لەژێرخانی ئابووری ولاٌتەکەی داوە،کەچی رۆشنبیری کورد خۆی ئامادە نییە بچووکترین داکۆکی لەمافی ئاسووری وتورکمان بکات نەك ئەوەی ئەمانە هەر زیانیان لەکوردستان نەداوە

بەڵکو بۆ خاتری کوردستان تالاَو وچەرمەسەریی زۆریان چێشتووەو زیانگەلێکی زۆریان لێکەوتووە.هەندێجار بیردەکەمەوەو لەبەرخۆمەوە دەڵێم،بۆچی دەبیٚ مرۆڤ لەئازادیی برا مرۆڤەکانی تری بترسیٚ؟یان نەتەوەیەك لەسەربەستی گەلێکی دی بترسێت،زۆرجار لەگەڵ(ئەدۆنیس)دا وتوومە (زۆرێك لە خەڵکی لەئازادیی دەترسن)،بیٚ ئەوەی بزانم سەرچاوەی ترسەکان چین؟نازانم بۆچی دەبیٚ بیرکردنەوەی نەتەوەپەرستانەی هەندیٚ نووسەری کورد لەکەناریٚکدا بیٚ هەموو ئەوانیتر بسرێتەوەو پێشێلکردنی مافەکانیان بەشێکی سانا لێکبداتەوە.سەرکەوتوویی کوردو ئازادیی کوردستان راستەو راست پەیوەستە بەئازادیی هەموو ئەوانی دی غەیرە کورد،ئەگەر کوردستان ئەمڕۆ بۆ ئاسوور وتورکمانەکان مەڵبەندێکی ئازاد نەبێت بیٚ دوودڵی سبەینیٚ گرتووخانەیەکی گەورەی هاوولاَتییە کوردەکانیشییەتی. تریقانەوەو قاقای ئەمڕۆ بەمانی کەمینەکان لەکوردستان بیٚ شك سبەینیٚ ناڵین ورۆرۆیە، فەرامۆشکردنی مرۆڤە لانەوازەکانی ئەم ولاَتە بیٚ ئەملاولا سەرئێشەکانی دواڕۆژی دەسەلاَتی کوردییە.

## سێیەم: چەند وردە سەرنجێك

ا-نووسەری نێودار(ماریا کلارا سالاس)دەڵیٚ(من مرۆڤێکم لەزۆربەی شتەکاندا بەتەنیام).ئەز وەك سالاس لەهەندیٚ بیروبۆچوون وروانیندا تاقانەم وتا نهۆ هاوبیرێکم دەستنەکەوتووە.رەنگبیٚ تەنیایی بیرو روانگەکانی من نیشانەی لێهاتوویی وپێشرەوییم نەبیٚ بەقەدەر ئەوەی بەڵگەیەکە بۆ خستنەڕووی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی ئاوها بەئاستەم بیروڕای جیاوازو دژی تیا لەدایك دەبێت. لەزۆربەی قەناعەتەکاندا بەتەنیام وبزێوم لەدەربڕینیشدا،هەرگیز حەزم لەجووینەوەو دووبارەکردنەوە نییە،هەروەك چۆن دوای قەڵەباڵغی ومۆدیل نەکەوتووم چ لەبیرکردنەوەدا چ لەنووسیندا،ئەمڕۆ مەوجەیەك هەبیٚ لەدژی ئیسلامگەرا منیش بەئاڕاستەی باو وسائیددا کاغەز ڕەش بکەمەوە،بەڵکو هەوڵدەدەم دوای قووڵبوونەوەو خەملاَندن ورامانێکی زۆر قەناعەتەکانم چەندیش ترسناك بن مانیفێست بکەم.لەوە نەترساوم لەپاشەوە گوللە لەسەرم دەدریٚ یان بەشێوەی گەلە گورکێك شالاَوم بۆ دێنن،لەلای خۆمەوە هەموو ئەگەرێکی لەو جۆرەم لەپێش چاوە. لەپێش چاومە،ساڵی ۱۹۷۳ بەردەبارانی ماڵی(شێرکۆ بێکەس)ی شاعیریان کرد ژ بەرئەوەی دژی پەچەو چارشێو وەستایەوە،لەسایەی دەسەلاَتی مەلیك مەحموددا جەمال عیرفانی منەوەر لەسەر دەربڕینی بۆچوونە مارتریالیستییەکانی تیرۆرکرا،شەهیدی ڕۆشنفکر عەبدولخالق مەعروف بیٚ دەست لەپشتدانی حیزب وپشتبەستن بەهێزو کێردو چەقۆ بەگژ کولتووری پاشڤەڕۆیانەی کۆمەڵگەدا چۆیەوەو لەسەر کتێبەکەی (ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواریدا) شەهیدیان کرد،عومەر تۆفیق دوای لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ گەردوون وبواری میتافیزیك وخوێندنەوەی ماددییانە بۆ بوون گوللەباران وتیرۆرکرا. کەریم زەند لەبەر بڤەترین کارو وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی کوردیی

بریندارکراو لەدژی وەستانەوە.شێرزاد حەسەن بەوتارە ئەدەبیو زمانە بەرزەکەی لەوەسف و شیکردنەوەدا لایەنگری ئازادکردنی مرۆڤ و ژنی کۆمەڵگەیە،بێ پەردەو لەرەلەرو راڕایی قسە لەئازادیی ڕەمەکی سێکس دەکات،سەلەفییەکان و دەقگرتووەکان بەنەریتی خێڵایەتییەوە لەهەزار جێگەدا دژی دەوەستنەوەوبەبێ(ئەخلاق)ناوزەدیدەکەن،هەرباشە وەك سوکرات بەبیانوو وتۆمەتی بەدفەساڵکردنی گەنجانەوە جامێ ژەهریان دەرخوارد نەداوە. گالیلۆ چ چەرمەسەرییەکی دی تەنێ لەبەرئەوەی راستییەکی رەهای زانستی کەشفکردبوو،دادگاکانی پشکنین هەزارەها مرۆڤیان لەکورەی ئاگر نا هەر لەبەرئەوەی دژی دابونەریتی باو وداسەپاوی کەنیسەی کاسۆلیکی وەستابوونەوە.حەلاج وەك منەوەرترین رۆشنبیری سەردەمەکەی لەبری رێزگرتنی لەچوار مێخە دەدرێت وپێستی لەجەستەی جویدەکەنەوە(کەوڵدەکرێت).مەسیح هات دژیهەرچی خووڕەوشتی رۆمی ویەهودییە راوەستاو بەتاقی تەنیا دەستپێشخەریی دەکرد بۆ گۆڕینی ژیان ولەدژی ئەو سیستمە پۆلاین و هاروهەراشە خەباتی کرد،چون لێی تێنەگەیشتن بەلەخاچدان لەکۆڵی خۆیان کردووە تا کۆتایی بەبرەوی بیرۆکە نوێباوەکەی بهێنن.بۆدلێر لەسەر دیوانی گوڵە بەدەکان شار بەدەرکراو درایە دادگاو تامرد کەنیسە لەهەوڵدابوو بۆ سزاپێگەیاندنی.سپینۆزا کەنیسە بێ حورمەتی زۆریپێکرد،تەنانەت بەمردوویش وازیان لێنەهێناوپاش پەنجاساڵ بەسەر وەفاتکردنیدا یەکێك لەکریستیانە پەڕگیرەکان ئەمەی لەسەر گۆڕەکەی نووسی(لێرە سپینۆزا نێژراوە، تف لەگۆڕەکەی بکە).د.فەرەج عەلی فۆدە تیرۆر دەکرێ ونەسر حامد ئەبوزەید خانە بەدەردەکرێت و بەزۆری زۆرداریی ئەزهەرو مەلاکان لە(ئیبتهال یونس)ی ژنی جیایدەکەنەوە.سادق جەلال ئەلعەزەم تاهەنووکە لەسەر پەڕاوی(نقد الفکر الدینی-١٩٦٨)لەهاتوچۆی دادگادایەو دۆسێیەکی بەکراوەیی ماوەتەوە لەلای تیرۆریستەکان،سەلمان روشدی لەسەر رۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان،خومەینی کونە مشکی لێکردە قەیسەری.گۆرانیبێژی لوبنانی مارسیل خەلیفە لەبەرئەوەی دوو ئایەتی لەسوورەتی یوسف کردبوو بەگۆرانی بەهەزار حاڵ لەژێر چەقۆی فتوای مەرگ قوتار بوو،تەسلیمە نەسرین لەسەر رۆمانی(شورەیی-العار) لەبەنگلادیش وەدەریاننناو ئێستا لەمەنفا لەژێر تەهدید و ئیهانەدایە. ئیسماعیل بێشکچی لەپێناو لەمافی کوردان ساڵانێکی زۆری تەمەنی لەحەپسخانەدا بردۆتەسەر، شاکیر فەتاح زمانیان بڕی ودڵشاد مەریوانی لەسەر نووسین بەپیتی لاتینی گۆڕینی رێنووسی باوی کوردیی لەقەنارەیاندا.ئیتر من وەك گەردێکی بچووك لەم عەلامەو خەڵکە منەوەرانە زیاتر نیم،ئەگەر ئەوان تیرۆرو توندوتیژییان قبوڵکردبێت،ئەوە دەبێ من بەئاسانی جنێوو هێرشی ناڕەوا بەرگە بگرم.

ب-لەم ماوانەی دوایدا،هاوڕێی نووسەرم مەهاباد قەرەداغی بابەتێکی نووسیبوو لەژێرناوی(زمانی گورگ وزمانی بازاڕ لەراگەیاندن رەخنەی سیاسی کوردیدا).بەوردی ودیقەتەوە پەنجەی خستۆتە سەر کەموکورتییەکانی زمانی رەخنەگرتنی سیاسیی وبلاوکراوەو رۆژنامەکان کەرەخنەو

موهاتەراتیان تێکەڵ بەیەککردووە،لەوێدا قەرەداغی زمانی گورگ بەزمانی هێرشبەرانەو ڕووشێنەرانەی مەبەستدار لێکدەداتەوەو زمانی بازاڕیش بەزمانێکی بێئاگای بێمیتۆدی هەمەجی وپەرش و بڵاو. لەبەرامبەر ئەوەشدا باسی زمانی زەڕافە دەکات وەك هێمایەك بۆ زمانی لۆژیکی و ئاشتییانەو ڕەخنەگرتنی ڕاستو دروست. ئەز وەك کەسێك کەرێ بەخۆم نادەم سیفەتی ڕۆشنبیر بخەمە پاڵ ناوەکەم بەڵکو وەك بەئاگایەك هەندێ سەرەقەڵەم ورام هەیە، بەگەواهیی هەمووڵایەك بۆ یەکجار چییە بەزمانی بازاڕیی نەمنووسیووە،تەنیا یەك وتار نەبێ لەژێر کارتێکردن وکاردانەوەدا، دەتوانم بڵێم زمانی گورگ یان بەزمانی ئاگرین نوسیوومە،بۆیە ئەگەر وەڵامێکم پێ بێت بۆئەوانەی لەبەرامبەرم وەستاون بێگومان بەزمانی زەڕافەو لۆژیکی دەبێ،خۆ ئەگەر ئەوان ویستیان مەیدانەکە فراوان بکەن بۆ ئاستی شەڕکردن ئەوە ئاڵایەکی سپیم پێیەو هەڵیدەکەم.پێشنیاریش دەکەم بۆ نووسەران لەسەر ئەو ریتمەو ئەم تەرزە لەنووسین بەزمانی زەڕافە خۆیان پەروەردە بکەن ورابهێنن، تابتوانن ژینگەیەکی تەندروست بۆ نووسینی کوردیی بسازێنن. ئەحمەد موختار بەگی جاف-نەوەد ساڵێك بەر لەئەمرۆ لەشیعرێکدا دەبێژێ:

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف وچاو بکەن

کەم بەیانی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن

لابدەن کەم باسی سونبول یان گوڵی لاولاو بکەن

ئێوە تەگبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن.

لێرەدا ئەحمەد موختار بەگیانێکی ڕەخنەیی هاتۆتەگۆو ڕەخنە لەشاعیرانی هاوچەرخ هاوزەمانی خۆی دەگرێ تا چیتر شیعرەکانیان بۆ دڵداریی تەرخان نەبێ وکۆتایی بەغەزەل و وەسفی باڵای یارو گوڵی لاولاو و لێوی ئاڵو چاوی ڕەشی قەترانی بێنن و بێن پلان وتەگبیرێك بۆ حاڵی قەومی بێدەرەتان وهەژار وئەو وتەنی دڵسووتاوبکەن.منیش ڕووی دەمم لەشاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەوانی کورد دەکەم ودەڵێم تکایە بەسە شەڕە جنێوو ناوزڕاندن ولەقەبداتاشین وسوکایەتیکردن بەیەکتر، تکایە لەسەر پرسە ستراتیژیی وپێویستییەکان بنووسن وکولتووری کۆن وێران بکەن ودنیایەکی نوێ بەهۆی نووسینەکانتانەوە چێ بکەن.

ج-ئۆرهان پامۆك،چەند ڕۆژێك پێش ڕاپێچکردنی بۆ بەردەم دادگای وڵاتەکەی،لەوتارێکدا نووسی: (کەسێکی وەك من لەوڵاتێکدا دەژی بۆ پادشا ومرۆڤە پیرۆزەکان وپۆلیس ڕێز دادەنێ،کەچی ڕێز لەنووسەرەکانی ناگرێ وڕێگە دەدات ساڵانێکی زۆری تەمەنیان لەبەردەم دادگاو زینداندا تێپەڕ بکەن،کەواتە سەیر نییە ئەگەر ڕەوانەی دادگا بکرێم ئێستاش تێدەگەم بۆچی هاوڕێکانم بەدەم بزەی لێوییانەوە پێمدەڵێن:بووی بەنووسەری ڕاستەقینەی تورکیا).هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەفایلی پامۆك لەدادگای باڵای تورکیا،ئەکادیمیای سوێدیی خەڵاتی نوبڵی ساڵی ٢٠٠٦ی بواری وێژەدا پێبەخشی.لێرە دەپرسم،ئایا پامۆك خزمەت بەمرۆڤ دەکات یان ئەو ڕۆشنبیرە تۆرانیانەی

خۆیان بەگورگەبۆرەکان ناودێردەکەن؟کێ میدالیای شانازیی وپڕشکۆو ڕەونەقی مێژوو لەمل دەکات،پامۆك یان داڕێژرانی تیۆری ڕەگەزپەرستیی وزمانی خۆر؟.کێ گرەو دەباتەوە پێشکچی و پامۆك یان ئەوانەی زمان ودیالێکتەکانی ئاخاوتنیکوردیی یاساغدەکەن وپەیڤین بەزمانی کوردیی بەمەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورك هەژماردەکەن؟بۆ من گرنگ نییە ئەمڕۆ نەیارەکان دەڵێن چی چونکە دنیا هێشتا بەبەرییەوە ماوەو داهاتووش حکومی خۆی دەدات بیرۆکەی کام لا خزمەت بەوڵات دەکات؟.ئەوانەی خەڵك پەمپ دەدەن بۆ ڕەگەزپەرستی وخۆلەقەڵەمدان بەگەلی هەڵبژاردەی خوداولەهەمان وەختدا سەرشۆڕی سۆسیالی وڵاتانی ئەوروپان،ناتوانن ڕەوڕەوەی بیرکردنەوەی نەوەکانی داهاتوو بگرنە دەست بەڵکو هەر لەبنەماوە نەوەکانی دادیٚ دژ بەم خوێن تاڵی ومنجەمنجە بیٚ بناغانە دەبن ودەیاندەنە بەر نەشتەری هەڵسەنگاندن.دەزانم کارێکی دژوارە ئەگەر بمەویٚ هەنووکە قەناعەت بەو نووسەرانە بهێنم بەڵام هیچ کاتیش ئەمە بەمانای نکلۆڵیکردنە نییە لەدیالۆگ نەکردن. ریچارد باخ لەرۆمانی(نەورەس)لەزمانی(جۆناسان)ی پاڵەوانەوە دەنووسیٚ (نازانم بۆچی دژوارترین کار لەم دنیایەدا ئەوەیە خەڵکی قەناعەت پێبکەین؟).خۆم لەدژوارییی قەناعەت پێهێنان دەبوێرم ودەیسپێرمە ئایندە،ئەگەر هەڵەبووم وەڵامی هەڵەکان وەردەگرمە، ئەگەریش نا هەمووان تیشکی هەتاوەکە دەبینین.بۆئەوەی زیاتر لەمە درێژ دادڕی نەکەم، لەکۆتایدا ئارەزوومە بڵێم چەند ڕۆژێك لەمەوبەر هاوڕێیەکی کچم لەشاری میوشن گوڵێکی زۆرجوان و ڕەونەقداری لەفۆتۆ شۆپدا دروستکردو بەئیمەیل بۆی ناردبووم. منیش ناردم بۆ هەموو ئەوانەی سوکایەتیان پێکردبووم یان جنێویان دابوو پێم،ئەوانەشی بەنیازن لەدوای ئەم وتارەش جنێو بکەنە نسیبم،دیسان ئەو گوڵەیان بۆ دەنێرم وهیوادارم لە جوانییەکەی تێبگەن وبەدڕك ودالٚ نەیبینین.

* ئەم وتارە لە ڕۆژی ٢٨\١٢\ ٢٠٠٦ لە هەریەك لەم ماڵپەڕانەدا بڵاوبووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com
- www.bopeshawa.com
- www.kurdiastsn4news.com

# بورتوقاڵەی کورد

نازانم دەمارگرژییە یان نا،هەرگیز موهتەم نیم بەکولتوورو مێژوو ورۆشنبیریی وهونەری عەرەبی، نایەتەوە یادم گۆرانییەك یان فیلمێکی عەرەبی پەلکێشی کردبم بەلای خۆیداو منیش بەوپەڕی شەوق وتامەزرۆییەوە تێکەڵی بووبم،هەر ئەم هۆکارەش بۆتەهۆی ئەوەی ناوی گۆرانیبێژو هونەرمەندانی عەرەب فێر نەبم وزانیاریم لەلا گەلاڵە نەبێت لەسەریان.بەڵام ماوەیەکی زۆر نییە جار جار گوێبیستی گۆرانی(بورتوقالە)دەبم،من دڵنیام تەماشاکارو گوێگری کورد تەنیا سەیری شۆخە جوانەکان و سەما بەجۆشەکانی ئەو گۆرانییە دەکات.نەك ناوەڕۆکی گۆرانییەکەوسۆزی دەنگی ئەو گۆرانیبێژە(نازانم ناوی چییە)جەماوەریکوردی بەلای خۆیدا راکێشابێت.بەهەرحاڵ گۆرانی (بورتوقالە)سەدایەکی باشی دایەوەو بەشێکی زۆریش لەگۆرانیبێژانیعەرەب پێی قەڵس ونیگەران بوون بەحوکمی ئەوەی لەجەماوەرو هەوادارانی ئەوانی کەمکردۆتەوە،چەند رۆژێکیش لەمەوبەر ئەویٚ لەخەیاڵمدا نەبوو گۆرانی بورتوقالە بوو،لەگەڵ هاورێیەکی رۆژنامەنووسمدا چووینە پێشانگایەکیCD فرۆشتن،دەمێکی زۆر سەرقاڵی تاوتوێکردن وگەڕان بووین بەناوCDەکاندا، هاوڕێکەم چواردانەCDبۆ خۆیهەڵبژارد،منیشCDیەکی گۆرانیکوردیم هەڵبژارد،بەڵام بەرێکەوت خاوەنی پێشانگاکە وتی ئەمەشCDبورتوقالەی کوردییە(دەستی بۆ سیدییەك راکێشا)،ئەم رستەیە یەکسەر سەرنجی راکێشام‌و وتم: ئایا بورتوقالەی کوردیی چییە؟لەوەلامدا وتی:فیلمێکی

کوردیی کۆمیدییە لەهەولێر دەرهێنراوەو خۆی ٧٦ خولەك بووە بەڵام رەزامەندیی ٣٦ خولەکی بۆ کراوە.وتم بۆچی کاتەکەی کەمکراوەتەوە؟وتی:کاکە هەمووی سەمایە،هەر دەڵێی بورتوقالەن.داوام لێکرد هەندێك لەگرتەکانی ئەو فیلمەم نیشان بدات،ئەو دڵی نەشکاندم وبەشێك لەو فیلمەی نیشاندانم،ئەو سەما کۆمیدییە کوردییەی گروپەکەی(بەیان غەریب)کەفیلمەکەیان (گوناهە پێی بوترێ‌فیلم)بەرهەمهێناوە زۆر بێزارونیگەرانی‌کردم،هەربۆیە بەناچاریی سێدییەکم کڕی بەمەبەستی ئامادەکردنی ئەم نووسینە لەسەری.ئێوارە کەچوومە ماڵەوە بەتەواوی سەیری فیلمەکەم کرد، لەپێش هەرشتێکدا بۆم دەرکەوت ئەوە فیلم نییەو هیچ تایبەتمەندیی وتەکنیکێکی فیلمی تێدا رەچاونەکراوە،بەڵکو ئەوەی لەبەردەستدایە بەتەنیا لاساییکردنەوەی گۆرانی بورتوقالەیەو هیچی تر، کۆی فیلمەکە لەو دوو گرتەیەدا چڕکراوەتەوە کەچەند کچە کوردێکی ئەم وڵاتە سەمایەکی زۆر ناشیرینی عەرەب دەکەن (مریشك لاسایی قاز بکاتەوە.....).نایشارمەوە ئەم حاڵەتە نیگەرانییەکی لەڕادەبەدەری بۆ دروستکردم وناچار دوای دوو ساڵ وازهێنان لەجگەرەکێشان، چەند جگەرەیەکم بەباکردو بەوپەڕی مەراق‌وناڕەحەتییەوە لەسەر پێخەفەکەم دەتلامەوە تائەو کاتەی خەو بردمییەوە هەر بیرم لەوە دەکردەوە چۆن هونەری‌کوردیی هەنجن هەنجن دەکرێ!؟چۆن کولتوورو رۆشنبیریمان داگیراکراوە؟!دواجاریش چۆن نەوەیەکی بێگانەپەرست وتۆراو لەکولتووری رەسەنی ئەم نەتەوەیە پڕی کردووە بەچارەنووسی ئەم وڵاتەدا؟چۆن وچۆن.من هەرگیز لەوە نیگەران نیم کچی کورد سەما بکات،بەپێچەوانەوە زۆر خۆشیم لەسەما دێت وبەوتارێکیش بەرگریم لەسەما کردووەو هەرگیزیش بەچاویلکەی نەریتی وچاوی ئەخلاقەوە سەیری سەمام نەکردووە.دەزانم سەماکردن جۆرە گوزارشتێکە مرۆڤ لەڕێگەی بەکارهێنانی جەستەیەوە دەریدەبڕێ،بەڵام کولتووره داخراوە رۆژهەڵاتی وئاینییەکان هەمیشە جەستە حەرام دەکەن ومرۆڤ وا رادەهێنن تەنیا بەمیکانیزمی وشە گوزارشت لەخۆی وشتەکان وهەبووەکانی دەوروبەری بکات.کولتووری کوردییش بەشێکە لەهەمان کولتوور وهێشتا جەستە لەخانەی تابۆکان دەربازی نەبووە،هەر بۆ وێنە شانۆی ئێمە زیاتر تەرکیز دەکاتە سەر گفتوگۆ(حوار)نەك جەستە، بەڵکو جەستە تیایدا فەرامۆشکراوە.نیگەرانی من لەوێوە دەستپێدەکات،نەوەی نوێی ئەمڕۆمان لەجیاتی‌دەستگرتن ودرێژەدان ونوێکردنەوەی سەماو شایی کوردیی دێت لاسایی سەمای عەرەبی دەکاتەوە کەنامۆونەگونجاوە لەگەڵ سرووشت‌وسایکۆلۆژیی تاکی کوردیی،هەرگیزیش کورد ناتوانێ بەوجۆرەی عەرەب سەما بکات،چونکە ئەو جۆرە سەمایە (سەمای عەرەبی)تایبەتە بەخودی نەتەوەی عەرەب وباکگراوەندێکی دووروودرێژی کولتووریی هەیەو لەگەڵ خەسڵەتە کەسییەکان وتایبەتمەندیی تاکی‌عەرەبیدا دێتەوە،بەشێوەیەکی هارمۆنیش ئاوێتەبووە لەگەڵ میوزیك وئاوازی نەتەوەی عەرەب،لاساییکردنەوەی سەمای عەرەبیش لەلایەن کوردەوە وەك ئەوە وایە عەگاڵ بخەیتە سەر پیاوێکی رانك‌وچۆغە لەبەر. لەلایەکی تریشەوە عەرەب

وکولتوورەکەی کەی ئەوەندە پێشڕەو وپێشکەوتوون مرۆڤ والێبکات بیەوێت لاسایئەوان بکاتەوە ودەستبەرداری کولتووری خۆی بێت لەبەر عەرەب؟عەرەب خاوەنی زمانی شمشێرو T.N.T و بۆمبان،عەرەب لەبەرەبەیانی هەبوونیانەوە هەتا هەنووکە لەکۆمەڵە چادرنشینێکی دواکەوتووی دابڕاو لەکاروانی شارستانێتی مرۆڤایەتی بەولاوە هیچی تر نەبوون و نابن! تەنانەت عەرەب ئەمڕۆ قەبەترین جەمسەری مەترسی وهەڕەشەیە لەسەر ئایندەی ئاشتیو سەقامگیریی لەگشت جیهاندا. دادە(بەیان)لەجیاتی ئەوەی پەرە بەکولتووری عەرەبی بدات لەنێو جەرگەی وڵاتی کوردانداا،بۆچی نایەت وەك ئەکتەرێك(ئەگەر دەتوانێت ئەکتەر بێت)بەشداریلەو فیلمانەدا بکات تەعبیر لەمێژووی هاڕین ولەنێوبردنیگەلەکەی دەکەن؟ئەمڕۆ گەورەترین بۆشاییمان هەیە لەبواریهونەریدا بەتایبەتی لەبواری نواندندا ئەویش بەهۆی کەمیی ڕێژەی کەوادری مێینە لەو بوارانەدا،با دادە(بەیان) کۆمەکی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کردبا.بەهەرحاڵ ئەم فیلمە بەڵگەی ئیفلاسییو دەستکورتی وکورتەبالأیی هونەری کوردییەکەناچارە لەدەریای چارەنووسدا دەست بۆچڵەپووشی عەرەبی درێژ بکات!ئەگەر گۆرانی بورتوقالە لەسەر ئاستی عەرەبی پێشوازییەکی گەرمی لێکرابێ، ئەوا فیلمی بورتوقالە لەسەر ئاستی کوردیی بەر ناڕەزایی بەڵکو نەفرەت کەوت.کاتی خۆی (کارڵ مارکس) لەپێشەکی کتێبی(هەژدەهەمی برۆمیری لویس پۆناپارت)نووسی:هیگڵ دەڵێ:مێژوو و کەسایەتییە ناودارەکان لەمێژوودا دووجار دووبارەدەبنەوە.بەڵام مارکس وتی:هیگل لەبیری چووە بڵێ:جاری یەکەم بەشێوەی تراژیدیی ودووەم جار بەشێوەیەکی کۆمیدیی. بۆیە ئەگەر گۆرانی بورتوقالە گۆرانییەکی سەرکەوتووی عەرەبی بێت،ئەوە فیلمی بورتوقالە دیوە کۆمیدییەکەی بوو، بووە مایەی گاڵتە جاڕیی. دڵنیام بورتوقالەی کوردیی نەفیلم بوو،نە سەماو نەدەچێتە ریزی هیچ هونەرێکەوە نە کەسیش ڕێز بۆ کاری لەو چەشنە (وەك هونەر) دادەنێ.

* ئەم وتارە لەژمارە (٥٧) ڕۆژنامەی(شارستانی) لە ڕۆژی ٤\١١\٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاو بووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

## چارەنووسی كوردستان لەنێوان فیدراڵیخوازو سەربەخۆییخوازەكاندا

پرسی فیدراڵیەت و سەربەخۆیی وەك دوو خەیاری سیاسیی پێشنیاركراو بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد بەگشتیی وكوردی باشوور بەتایبەتی دوو چەمكن زۆر لەبارەیانەوە وتراوەو نوسراوە. لەم حاڵەتەشدا دوو گرووپی سیاسیی لەكۆمەڵگەدا دروستبوون، یەكەمیان لایەنگری فیدراڵیەتە بۆ عێراق و تیایدا هەرێمی كوردستانی عێراق(باشووری كوردستان).بەشێوەیەكی ئارەزوومەندانە دەچێتە نێو ئەو حكومەتە فیدراڵییەوەو بەم پێیەش كۆتایی بەمێژووی چەوساندنەوەی میللی ونەتەوەیی كورد دێت.ئەم گرووپە لەسەركردایەتی سیاسیی كوردو پارتە كوردستانییەكان پێكهاتووەو بەدوایدا ئەو نووسەرو قەڵەم بەدەستانەی پاشكۆی حیزبە سیاسییەكانن.هەرچی گرووپی دووەمیشە لایەنگری سەربەخۆیی كوردستان و پێكهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە،ئەم گرووپە بەچاوكردنی لەهەڵەو ئەزموونەكانی رابردووی كوردی باشوور رەشبینە بەمانەوەی چارەسەری كێشەی كورد لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.وەك دەبینرێ ئەم دوو گرووپە دیالۆگێكی ساردوسڕ لەنێوانیاندایە یان هەر نیانە بەڵكو مەودایەكی بەرین لەیەكدی دوورن، هەرچی گرووپی یەكەمە(لایەنگرانی فیدراڵی)بەهۆی ئەوەی شەریحەی دەسەڵاتن توانیوویانە هەژمونی خۆیان و ئەجێندای پێشنیاركراوی خۆیان بكەنە ئەمری واقیع و لەبەرامبەر گرووپی دوەمدا بیانووی هەبوونی مەترسی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەكاتە پاساو وپاكانە بۆ هەڵبژاردنی خیاری فیدراڵی،بەبێ ئەوەی ئەو بەڕێزانە پێمانبڵێن ئاخۆ كەی رەوشی و بارودۆخی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەبار دەبێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردیی؟ یان ئایا بیریان لەوە

کردۆتەوە دوژمنانی کورد کەزیاتر لەهەر سێ دەوڵەتی (تورکیا –سوریا –ئێران) چڕدەبنەوە لەچ کاتێکداو کەی دەستبەرداری دوژمنایەتی گەلی کورد دەبن؟کەنگێ لێدەگەڕێن و مەداو بوار لەبەردەم بەدەوڵەتبوونی کورددا دەکەنەوە؟تۆ بڵێی ئەوان هەروا بەسانایی لێگەڕێن کورد ماڵی خۆی گورج وریکبخاتەوە لەبۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی؟گروپی فیدراڵیخواز هەمیشە پاساوی ئەوە دەهێنێتە لەژێر گوشاری ئەمەریکاو عەرەبەکانی عێراقدایەو زەحمەتە ریگەی ئەوەی پێبدرێ دروشمی سەربەخۆیی بەرز بکاتەوە،بەڵام بەبێ ئەوەی دڵنیامان بکەنەوە لەو عەرەبانەی کەدوژمنی سەرسەختی سەربەخۆیی کوردستانن تا متمانەیان پێ بکەین و بڕیار بدەین دەگەڵیان بژین لەچوارچێوەی عێراقدا کەناسنامەیەکی عەرەبی هەیەو بەبەشێك لەدنیای عەرەبی حیسابی بۆ دەکرێت،ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئایا سەرکردایەتی سیاسیی کورد کاریان چییە ئەگەر نەتوانن بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵ بن عارەب دەیخاتە بەردەم هەنگاوی سەربەخۆیی؟ ئەگەر (لینین)وتەنی سیاسەت هونەری مومکینات بێت ئاخۆ سەرکردایەتی کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ مومکین و بارودۆخە قورس و پڕ تەگەرەکاندا دەکات و چلۆن بەقازانجی نەتەوەیی خۆی دەیانشکێنێتەوە؟ئایا ستەملێکراوەکان بۆ شکاندنی کۆت و بەندی دەست و پێیان پێویستیان بەرابوون و خۆڕاپسکان نییە؟ئایا ئازادیی دەسێندرێ یاخود دەبەخشرێ؟با ئەو پرسیارەش لەسەرکردایەتیە سیاسییەکەمان بکەین:لەکام شوێنی دنیادا گەلێك بەعەریزەیەك لەبندەستی رزگاری بووە؟مەگەر هەر یەکێك لەئێمە یەك دوو کتێبانی لەبارەی خەباتی گەلی ڤێتنام و کوباو نیکاراگواو ئەرژەنتین نەخوێندۆتەوە؟.مەگەر ئێمە رابوونی گەلانی ئەمەریکای لاتینمان نەدی بۆ رزگاربوون لەدەست دەسەڵاتی داگیرکەر.گروپی فیدراڵیخواز بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەنەیارانی گەلی کوردو دەوڵەتە هەرێمییەکان جگە لەچارەسەری فیدراڵی نەیاریی لەگەڵ هەر شتێکی لەوە پتر دەکەن و پێی رازی نابن،لەڕاستیدا ئەم جۆرە تێگەیشتن و پاساوهێنانەوەیە هێندە کۆمیدیی و سەرسوڕهێنەرە تەنیا لەسەرکردایەتی کورد روویداوە،لەکوێی ئەم دنیایەو لەچ زەمەنێکدا هەبووە دوژمنانی گەلێکی دیاریکراو ماف و سەروەرێتی بۆ ئەو گەلە دیاری بکەن و نەخشە بۆ سنووری نەتەوەییەکانی بکێشن؟یان ئەگەر بەدیوێکی تردا لێی بڕوانین بۆچی نەیاران تەنیا بەفیدراڵیەت رەزامەندن و لەوە پترنا؟هۆکەی وەك مانگی چواردە دیارو درەوشاوەیە چونکێ کورد لەدوانزە ساڵی رابردوودا ئەم داواکارییەی کردۆتە ئەمری واقیع و سەپاندوویەتی بەسەر بارودۆخەکان و دۆست ودوژمندا،بەڵام ئەی ئەگەر کورد داوای سەربەخۆیی بکات چی روودەدات؟ ئەمەش شتێکی دیارو ئاشکرایە بڕیارێکی قورس و پڕ زەحمەتە بەڵام دەتوانرێ بەچەند رێگایەکی جۆراوجۆر بسەپێنرێ بەسەر واقیعداو بەڵکو بکرێتە ئەمری واقیع،بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩٢دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا هەرێمی باشوور یەکەیەکی ئیداریی فیدراڵی بێت،هەر ئەوسا دوژمنانی کورد کەوتنە دژایەتیکردنی ئەو کەنتۆنە فیدراڵییە بەڵام خۆڕاگریی و سووربوونی کورد

لەسەر ئەم داوایە نەیارانی ناچار کرد ملی بۆ بدەنو زۆرجار بەرەسمی بیناسنو دانی پێدابهێننو پەیوەندیی لەگەڵ ببەستن. ئەمڕۆکە بارودۆخەکە گۆڕاوەو بارودۆخێکی سیاسیی نوێ هاتۆتە ئاراوە ودوانزە ساڵیش بەسەر بڕیاری پەرلەمان لەمەڕ فیدراڵیەت تێپەڕیوە.جێی خۆیەتی سەرکردایەتی کوردو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بیر لەپڕۆژەیەکی ستراتیژیی نەتەوەیی بکاتەوە بەئاقاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتیکی کوردیدا،ئەمەش تەنیا خۆڕاگریی و سووربوون لەسەری پێویستەو دواتر دەبێتە پڕۆژەیەکی چەسپیوو وسەرکەوتوو،بەڵام گروپی فیدراڵیخواز مەترسی خۆی نیشان دەدات لەبەرامبەر روودانی کارەساتێکی گەورەو تراژیدیی کەپێدەچێت زیانێکی زۆری گیانی ومادديی لێبکەوێتەوە،دیسان ئەمەشیان پاساوێکی لاوازو عوزرێکی ناشەرعییە،پرسیار دەکەین کام کارەسات هەیە گەورەتر لەئەنفال؟کام تراژیدیا مەزنترە لەهەڵەبجە؟کام زیانی گیانی لەگۆڕی بەکۆمەڵو لەسێدارەدانو ئازارو ئەشکەنجەی کورد لەسەر دەستی بەعسییەکان گورجکبڕترە؟کورد هەموو ئەو تاڵیو سوێریو کارەساتانەی تێپەڕاندووە یان با بڵێین چەشتوویەتی ئەم پاساوە کاتێك دەتوانرا باوەڕی پێ بکرێ کەکورد هیچ زیانێکی مادديیوگیانی لەرابردوودا لێنەکەوتبایە،هەر ئەمەش پێماندەڵێ ئەو پاساوە سەفسەقەیەکی بەتاڵو فریودەرانەیە.با لەحاڵەتێکی ئیستسنائیدا وایدابنێین کورد بۆ گەیشتن بەئامانجی سەربەخۆیی پێویستە قوربانی بدات، بەڵام کێ دەتوانێ رمڵی ئەوە لێبدات لەداهاتوودا دەسەڵاتو حکومەتی عێراقی فیدراڵی نابێتە ئەژدیهای ئەم میللەتە؟کێ دەتوانێ گرەنتی ئەوە بکات سەددام بەئارایشتێکی نوێوە جارێکیتر ناگەڕێتەوە سەر شانۆیی سیاسیی؟یان ئەگەر گریمانەیەکیتر بخەینەڕوو ولەحاڵەتێکدا ئێمەی کورد داوای سەربەخۆییمان کردو تووشی رووبەڕووبوونەوەی عارەبو فارسو تورکان بوینەوە چی بکەین؟من لەو باوەڕەدام لەم حاڵەتەدا ژمارەی قوربانییەکانمان ناگاتە چارەکێکی قوربانیانی جەنگی نێوخۆیی دوای راپەڕین؟ئیتر ئەم ترسە بۆ؟ ئەمە ئەوەم وەبیر دەخاتەوە ساڵی ١٩٩٢ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان بەرپرسێکی باڵای یەکێك لەدوو حیزبە سەرەکییەکە لەشاری لەندەن کاتێك رەوەندی کوردیی ئەوێ پێشنیاریان کردبوو دوو حیزبە سەرەکییەکە هێزەکانیان یەکبخەن بۆ ئازادکردنی شاری کەرکووك،کاکی بەرپرس بەوپەڕی هەڵچوونو شپرزەییەوە وتبووی ئەوە ژمارەیەکی بێشومار قوربانی لێدەکەوێتەوەو پێویستە لەسەرو پێنج هەزار شەهیدەوە بدەین.بەڵام کاکی بەرپرس ئێستا چی وەڵامی ئەو رەوەندە دەداتەوە؟کەلەشەڕی گەرمی خوێناویی ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٨ ناوخۆ چوار بەرابەر بەو ژمارەیەی ئەو مەزەندەی کردبوو بۆ گرتنی کەرکووك قوربانی تیادراو لەپای هیچداو نەکەرکووك رزگارکراو نەبستێك خاکی پێگەڕایەوە سەر وڵاتەکەمان.رەنگبێ زۆر کەس وا هەست بکات لایەنگرانی سەربەخۆیی کوردستان هەواداری کوشتاری خەڵك بن لەپێناوی ئامانجی ناوبراودا،ئەمە بەهەڵە تێگەیشتنێکی ئێجگار سلبییەو بۆشایی نێوان خەڵكو گروپی سەربەخۆیخواز فراوانتر دەکات،

نەخێر بەپێچەوانەوە لایەنگرانی سەربەخۆیی وایدەبینین دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان قوربانی گیانی پێویست نییە یان ئەگەر پێویستیشی بێت بۆئەوەیە کۆتایی بهێنێ بەقوربانیبوون و لەناوبردنی گەلی کورد کەئەگەرێکی دوور نییە لەعێراقی داهاتوودا،هەر بۆ وێنە رووداوەکانی ئەم دواییانەو گۆڕانی هەڵوێستی بەرهەڵستکارە عەرەبەکانی دوێنێ تەنیا تەلیسکۆبێك بوون بۆ بینینی عێراقی داهاتوو کەچارەنووسەکەی مەحکومە بەجەنگی ئەهلی ومەزهەبی و نەتەوەیی. گروپی فیدراڵیخواز تەنیا دەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە سەربەخۆیی دەبێ بەحوکمی تفەنگو جەنگی بەرامبەر بەدەستبهێنری لەبەر ئەم فاکتەرەش سەربەخۆیی دوور دەخاتەوە بۆ ئایندەیەکی دوور کەئاشکرا نییە کەی دەبێتو چۆن دەبێت؟بەڵام مەرج نییە هەموو جارێك سەربەخۆیی بەجەنگو کاولکاریی بەدەستبهێنرێت،بەتایبەتی لەدنیای هاوچەرخی ئەمڕۆماندا خەباتی ئاشتیخوازیی و مەدەنیو خرۆشانی جەماوەریی کاریگەریی و سەنگی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە ئەگەر بزوتنەوەی ریفراندۆم فراوانترو گەورەتر بکرایەو بەردەوامی هەبوایەو لەهەمان کاتدا دەسەڵاتو دوو حیزبە سەرەکییەکە وەك پێویست پشتیوانیان لێ بکردایەو تا دوا وێستگەی خۆی چوبا ئەوسا دەمانتوانی شیکارییەك بۆ بارودۆخەکە بکەین ئاخۆ دەتوانین بەم رێگایە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێین یان نا؟بەڵام شتێك نەکراوەو روونەداوە کەمتر دەتوانرێ شیکاریی بۆ بکرێ چونکە واقیع دەیسەلمێنێ بەکوێ دەکات ئەمە بەتایبەتی لەدنیای سیاسەتدا!.گروپی فیدراڵیخواز جاربەجار منگەمنگی ئەوە دەکات گەر کوردو سەرکردایەتییە سیاسییەکەی داوای سەربەخۆیی بکاتە دروشمی ئەم قۆناغە ئەوا تورکیاو سوریاو ئێرانو وڵاتانی تری عەرەبی دەبنە دوژمنی و ناچاری دەکەن دەست لەو داوایە هەڵبگرێ!!بەڵام بۆ کەسێك ئەگەر کوردیش نەبێ و تەنیا جارێکیش بۆ بازرگانی یان گەشتوگوزار رێی کەوتبێتە ئەم وڵاتە زۆر بەشەفافی ئەوە دەبینێ: تورك و عارەب و فارس دوژمنی هەمیشەیی و کۆنکرێتی گەلی کورد و جووڵانەوە سیاسییەکانی کوردن، ئیتر ئەمە شتێکی براوەیەو رێژەی نەگۆڕەو پێویستی بەڕامان نییە،هەربۆیە ئەم بەهانەیەی فیدراڵیەتخوازەکان بەرادەیەك بێ ماناو گاڵتەجارە تەنیا لەسەرکردایەتی ئەمڕۆکەی کورد دەوەشێتەوە،سەرکردایەتییەك وا دەزانێ تەنیا ئەوکاتە تورك و عارەب وفارس دەبنە دوژمنی داوای سەربەخۆیی بکات ئەگەرنا لەهەر حاڵەتێکی تردا دەبنە برای گیانی بەگیانی کوردو دەستی میهرەبانی بەسەریدا دەهێنن.جێگەو کاتی خۆیەتی ئەمڕۆ کوردو هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەشێوەیەکی یەکگرتوو لەسەر خاڵی سەربەخۆیی کرودستان بگەنە سیاغەیەکی هاوبەش و تێبکۆشن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان.کورد بەبێ دەوڵەت مەحکومە بەکۆیلەبوون ودرێژبوونەوەی مێژووی قوربانیبوون لەبەردەم جەللادەکانی فارس و عارەب و تورکدا،هەر ئەم فاکتەرەش دەوڵەتی کوردیی کردۆتە ئەرکێکی گرنگ و پێویست و هەنووکەیی، ئەمڕۆش هەلی زێڕینییەتی وبارودۆخی گونجاو وبابەتی بۆ دروستبووە.

* ئەم وتارە لەژمارە (٦) رۆژنامەی(نیوەند) لە رۆژی ١\١٠\ ٢٠٠٤ بلأوبووەتەوە.
هاوكات لە هەریەك لەم دوو مالپەرەدا بلأوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# گۆرانی كوردیی لەنیوان رەسەنایەتی و تازەگەریدا

ئەز هونەرمەند یان رەخنەگری هونەریی نیم،بەلأم تیپەربوونی ئەم هەموو ماددە بیگیانە لەسەر جەستەی زامداری هونەری گۆرانی كوردیی ناچاریكردووم،ئەگەر وەك گویگریك یان چاودیریكیش بیت چەند سەرنج و رایەك لەسەر هەندیٚ ئیشكالیەتی گۆرانی كوردیی بخەمەروو،دەخوازم زیتر هەلوەستە بكەم لەسەر تازەگەریی و رەسەنایەتی كەوەك دوو چەمكی بەربلاو وتاراددەیەكیش موستەهلیك لەنیوەندی هونەریی كوردیدا زۆرترین قسە لەبارەیانەوە دەكریٚ،پیم خۆشە ئەم نووسینە دەرگا والأ بكات بۆ گفتوگۆیەكی فراوانترو چرپرتر لەبۆ دەستنیشانكردنی نەخۆشی و گیروگرفتە بنەرەتییەكانی میوزیك و گۆرانی كوردیی.

رەسەنایەتی:كورد وەك نەتەوە خاوەنی كەلەپووریكی دەولەمەندی هونەرو ئەدەبیاتە.ئەدەب و هونەری فۆلكلۆریی كەبەردی بناغەی ئەدەب و هونەری هاوچەرخمانە خاوەنی خەسلەت و جیاكاریی و تایبەتمەندیتی خۆیەتی،وەلیٚ بەحوكمی نزیكایەتی و تیكەلأوبوونی كورد لەگەلٚ نەتەوەكانی تری وەك تورك –عارەب –فارس لیكچوونیك لەئەدەب و هونەریی فۆلكلۆریی وهاوچەرخی كورددا بەدیدەكریٚ لەگەلٚ ئەدەب و هونەری ئەو گەلانەدا،بەهۆی ئەوەشی كورد خاوەنی قەوارەو كیانی سەربەخۆی خۆی نەبووە،هاوشان لەگەلٚ تالأنكردنی بنەما ئابوورییەكانی كوردستان لەلایەن داگیركەرانەوە، كولتوورو هونەرو ئەدەبیاتیشی تالأنكراوەو رووتكراوەتەوە لەمۆركی كوردیی، ئیمە چەندان گۆرانی و ئاوازمان بەفارسیكراوە،چەندان حیكایەت و داستان و شیعری فۆلكلۆرمان بەتوركیكراوە، سەدان كتیب و زاناو میژوونووسمان بەعەرەبكراوە.بەلأم شتیك هەر ماوەتەوە ناوی رەسەن و تایبەتمەندیی كوردە.ئەم هونەرو ئەدەبیاتە رەسەنە بنەماكانی هونەری هاوچەرخن، گۆرانی كوردیش كەمیژووی سەرهەلدانی ئاویزانە لەگەلٚ میژووی دەركەوتنی كورد لەبووندا خاوەنی مۆرك وجیاوازیگەلی تایبەت بەخۆیەتی،دەتوانین گۆرانی كوردیی‌و ئاوازی كوردیی زۆر بەئاسانی لەنیوان ئاوازو گۆرانی گەلانی تردا بناسیتەوە ئەمیش لەریی ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان پیدا. ئیمرۆ هونەرمەندانی كورد بەشیوەیەكی گشتیی بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بوون:لایەنگرانی رەسەنایەتی ولایەنگرانی تازەگەریی،كەمتر

هەستن بەوە دەکەین هونەرمەندانێك هەبن کار لەهەردوولایەنەکدا بکەن یان بەوتەیەکیتر ئاوێتەیان بکەن.لایەنگرانی رەسەنایەتی بەهۆی پابەندبوونی تەواویان بەرەسەنایەتیوخەسڵەتە نەگۆڕەکانی گۆرانی کوردیی لەبازنەی بۆشی گۆرانی تەقلیدیدا مەلەدەکەنو هەر بەناوی داکۆکیکردن لەرەسەنایەتییەوە هەموو پەنجەرەکانی داهێنانو وەرچەرخانو نوێکردنەوەیەکیان کلۆمداوە.ئەوجۆرە گۆرانیبێژانە ناتوانن سەردەمەکەیان تێپەڕێنن،یان ئەوەندە کەرەستەو هۆشیاریی هونەرییان نییە بتوانن دەرەقەتی هونەرێکی نوێ بێن تیایدا رەسەنایەتیوتازەگەریی ئاوێتەی یەکتر کرا بێت.بۆیە هونەر لای ئەمانە هەر جووینەوەو کارکردنە لەسەر جەستەی مردووی گۆرانی کلاسیك،ئەو گۆرانییەی سەردەمو ئالوگۆڕە ژیارییەکانی مرۆڤی زەمەنی تەکنۆلۆژیا زۆر دەمێکە جێیهێڵاوە.هونەری رەسەنی رووتیش واتە هیچ بەریەك کەوتنێکی نەبێ لەگەڵ تەوژمە نوێکانو گۆڕانی ئاستی چێژوەرگرتنی بیسەر،خۆی لەخۆیدا هونەرێکی بێ گیانو تاقەت پڕوکێنە،مرۆڤێك لەسەردەمی ئینتەرنێتو مانگە دەستکردەکانو شۆڕشیئەلیکترۆنیدا بژی رادەی چێژوەرگرتنو هەستەکانی جیاوازترە لەمرۆڤی سەردەمی فتیلەو گالیسکەو ئەسپوعەرەبانە.هونەرێك نەتوانێ خۆی نوێبکاتەوە بەپاساوی ئەوەی رەسەنایەتی وەلادەنێ هونەرێکیسەلەفییەوتەحەمولی گۆڕانە خێراکانی ئەم جیهانە ناکات.

تازەگەریی:هیچ شتێك نییە هێندەی چەمکی تازەگەریی لەهونەری کوردیدا ریکلامی بۆ بکرێت، گۆرانیبێژانێکی فرە لەناوەوەی ولاتولەمەنفا بانگەشەی تازەگەریی دەکەن لەگۆرانیدا کەدەیانەوێ وێستگە کۆنەکانو عەقڵییەتە کلاسیکییەکانی هونەری کۆن بەجێبهێڵن،بەڵکو ئەو بنەمایانەش هەڵتەکێنن هونەری نەوەی دێرینی لەسەر بنیاتنراوە،بەڵام ئەگەر بەویژدانەوە بڕوانین ئەو گۆرانیبێژانە نەیانتوانیووە هیچ کارێکی نوێبکەن بەمانای تەواوی وشەکە نوێبێ.ئەوەشی ناوینراوە نوێگەریی چیتر نییە جگە لەفۆتۆکۆپیکردنو وەرگرتنی دەقاودەق لەهونەری گۆرانی بیانی،ئەز زۆر گۆرانیم بەرگوێکەوتووە.ئاوازەکەی ئەرمەنی بووەو گۆرانییەکە بەسریانی وتراوە، گۆرانیتر هەیە لەعەرەبیو فارسییەوە وەرگیراوە،باسی ئەوە هەر ناکەم هەندێك دەمبێژ گۆرانی تورکی وفارسی بۆ کوردیی وەردەگێڕن،هەندێکیان بەشێوەیەك گۆرانییەکانیان تورکییە خودی گۆرانیبێژەکە تەنیا لەکارەکتەرێك دەچێ کەدۆبلاژ دەکاتو هیچیتر.ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر گۆرانی کوردیدا هاتووە هەمووشتێکە تەنیا نوێگەریی نەبێت،چونکێ نوێگەریی تەنیا بەمەبەستی ستایلێ جیاوازو خۆجیاکردنەوە نایەت لەبەرئەوەی گۆرانیبێژانی ئەمڕۆ مەبەستیانە گۆرانییەکانیان لەهی خالیقی یان ماملێ نەچێ نەك ئەوان تێپەڕێنن،تەنانەت بەباوەڕی من چەندین هەنگاو هونەری کوردییان بردۆتە دواوە،(لینین)وتەنی لەبری ئەوەی هەنگاوێك بۆ پێشەوە بچن دوو هەنگاو بۆ دواوە هاتوون.بەدەرلەوەش چەند هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ لەهەوڵی جیددیدان بۆ تێپەڕاندنی دۆخی کۆنو دۆزینەوەی ستایلو رێڕەوێکی نوێ بەڵام هێشتا هەر هەوڵەو ئاکامێکی ئەوتۆی

لێنەکەوتۆتەوە شایەنی لەسەر وەستان و ئاماژەپێدان بێت.ئەگەر پرسیارێك بێنینە پێشەوەو بپرسین چ شتێك وایکردووە هونەریی گۆرانی کوردیی بۆ پێشەوە نەڕوات؟ڕەنگبێ شیاوترین و راسترین وەڵام ئەوە بێت گۆرانیبێژی کورد بەشی هەرەزۆریان نەخوێندەوارن وئاگایان لەهونەرو مۆسیقای گەلەکەی خۆیان نییە،نەخاسمە هونەری کلاسیك و پۆپ و جازو هونەری گەلانیتر. زۆربەی هەرەزۆری ئەو توێژاڵەی ناویاننراوە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ خاوەنی هیچ وردبوونەوەو توێژینەوەیەك نین لەتازەگەرییلای گەلانیتر بۆیە ناتوانن هەنگاو بەو ئاقارەدا بنێن،ئەدۆنیس دەڵێ دوای خوێندنەوەی شیعری رامبۆو مالارمێ گەیشتمە مەودا نوێگەرییەکانی شیعری ئەبی نەواس وئەبی تەمام.هونەرمەندی کوردیش بەسوودوەرگرتن لەگۆرانی بیانی وئەزموونی نوێگەریی ئەوان لەبوارەکەدا دەتوانێ ڕێڕەوێکی جیاواز لەهی ئەوان بۆ هونەری خۆی بدۆزێتەوە،بەڵام بەداخەوە گۆرانیبێژی کورد ئەوەندە دەستەوەستانە ناتوانێ لەگەڵ تێکست و کەرەستەکانی تری دروستکردنی گۆرانییەکی سەرکەوتوو مامەڵە بکات،بۆیە دەشێ تازەگەریی بەوەهمێکی بەتاڵ و وەسف بکەین،ئەوەشی پێیدەوترێ کاری نوێ تەنیا هەڵگێڕانەوەو ئارایشتی کەلەپوورە کۆنەکەیە.

## هەندێ گیروگرفتی تر

١-کلیپ:کلیپ بنەمایەکی سەرەکی گۆرانی هاوچەرخە،بەنیسبەت گۆرانی کوردییەوە کلیپ تارادەیەك شتێکی نوێیەو تازە بەریدەکەوێت لەگۆرانییە بیانییەکاندا بەتایبەتی رۆژئاواییەکان بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرە دەنگییەکان و کامێراو تەقەنیاتی هونەریی،کلیپ وەك رەگەزی سەرەکی گۆرانی لەبەردەم چاوی بینەراندا دەتەقێتەوە،ئەگەر رۆڵی کلیپ لەباقی رەگەزەکانی تری گۆارنی زیاتر نەبێ بێ هیچ گومانێك کەمتر نییە.بەحوکمی ئەوەی گۆرانییە کوردییەکان زێتر لەبواری ئەویندارییدا خۆیان دەبیننەوە،کلیپەکانیش هەر لەو چوارچێوەیەدان،بەڵام ئەگەر بەدیقەتەوە تەماشای کلیپی گۆرانی کوردیی بکەین جگە لەهەندێکیان کەبەپەنجەی دەست حسێب دەکرێن، ئەوانیتر سیناریۆیەکی دووبارەکراوەیە ئەویش ئەوەیە سەرەتا گۆرانیبێژ گوڵێك دەداتە خانمێك یان بەپێچەوانەوەو دواتر لێك زویر دەبن و دواجار بەچەشنی فیلمی هندیی بەیەکتر دەگەنەوە، ئەز هەر سەیری گرتەی یەکەمی گۆرانییەك بکەم دەتوانم پانۆرامای رووداوەکانی ناو کلیپەکەت پێ بڵێم،ئەمەش هێزی غەیبانیەت کەشفی ناکات بەڵکو ئەوە سەدبارەبوونەوەو هەزار بارەبوونەوەی کلیپە کوردییەکانە کەهەموویان لێکدەچن.موبالەغەش نییە بڵێم بەهەموویان یەك تا دوو کلیپی باش و بەمستەوایان لێ دروس دەکرێ، بۆیە کلیپەکانمان دەرگیری چەندین کێشە بووەو ناچارە خۆی دووبارەبکاتەوە چونکە هەژاریی ئاستی هونەریی گۆرانیبێژانی کورد ئەوەی خوڵقاندووە.

٢-تێکست:زۆربەی خەڵك گرنگییەکی بەرچاو دەدەن بەتێکست و شیعری گۆرانی و بەراوردی دەکەن لەگەڵ خۆیان و موعانات و ژیانبینیان کەتاچەند دەتوانن چێژ لەو وشانە وەربگرن، وەلێ زۆر تێکستی جوان لەخەرمانی شاعیرانی کۆن و نوێ کراوەتە گۆرانی بەڵام زۆرێك لەگۆرانییەکان

بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی قەیرانێکی کوشندە بوون بەدەست نەبوونی تێکستی شیعریی گونجاوەوە،لەبارێکیتردا ژبەرئەوەی ئاستی رۆشنبیریی وسەرمایەی هونەریی بەشێك لەگۆرانیبێژان لەپلەی سفردایە پەنایان بردووە بۆ زۆر تێکستی نەگونجاوو ناشیرین،جاری وا هەیە کەگوێ لەگۆرانی کوردیی دەگرم وا هەست دەکەم لەکۆمەڵگەیەکی سەرەتایی و کشتوکاڵیدا دەژیم، چونکێ موفرەدات و تێکستی گۆرانییەکان موفرەداتی قۆناغی فیودالین نەك دنیای فەزائیات و گلۆبالیزەیشن.وەسفکردنی مەمکی ئافرەت بەسێو وپرتەقاڵ و چاوەکانی بەترێ رەش و سنگی بەکەلەرم چیتر دەبەخشێ جگە لەسەیرکردنی ژن وەك کێڵگەو بەروبوومی کشتوکاڵی؟ئەمەش دەرهاویشتەی زهنیەتی فیوداڵییە.یان هەر زۆر تێکست هەیە لەبنەرەتدا سوکایەتی تێدایە بۆ مرۆڤ، بۆ نموونە:(وەك سۆپەری هەشتاو شەشە کراس رەش) یان (تۆ قوولەرەشی) لەنموونەی یەکەمدا نرخی مرۆڤ کەمکراوەتەوەو هێنراوەتە ئاستی کاڵاو کەلوپەل،لەدووەمیاندا وەك ئەوەی ئەنگلۆسەکسۆنییەك ئەم گۆرانییەی وتبێ لەنرخی رەشپێست کەمکراوەتەوە.ئەز لەو دەمبێژە دەپرسم توخوا ئەمە سترانی ئەڤینداریییە یان مارشی ئینتەرناسیۆناڵی راسیزم؟ئەوە لەو تێکستە بێمانایانە بگەرێ خۆی لەخۆیدا فیلمی پۆرنۆگرافییە! بەڵام چۆن پۆرنۆیەك؟تیایدا مرۆڤ بۆتە ئاژەڵێکی سێکسیی مجردو نەك بوونەوەرێکی خاوەن سۆز.

**٣-ئاوازو مۆسیقا**:ئاوازو مۆسیقای کوردیی لەبەردەم قەیرانێکی ترسناکدایەو بەدووری ناگرین لەبۆتەی ئاوازو مۆسیقای گەلانیتردا ببێ بەسەراب!لەکاتێکدا ئەمە حاڵی ئاوازو مۆسیکاکەمانە چەندان سترانبێژ ئاوازومۆسیقای تورکی،فارسی بۆ گۆرانییەکانیان هەڵدەبژێرن.ئەگەر ئەمە خراپتر بێ،خراپترین ئەوەیە هەندێ کەسانی بەناو هونەرمەند مۆسیقاو تیپی تورکی و عارەبی و فارسی بانگدەکەن بۆ لێدانی مۆسیکا بۆیان بەهەمان ریتم و ئیقاع و ئاوازی تایبەت بەخۆیانەوە. تورك هەزار ساڵ زێترە مێژووی کوردو کولتوور وشارستانی لەم نەتەوەیە دادەرنێ ئێستا ئەوەندە نەفام و خەواڵووە دەمبێژێکی نەخوێندەواری بێ ئاگا لەدنیا دەتوانێ بیانخەڵەتێنێ و لەپێناوی گەلەکەیدا بەکاریانبهێنێ یان ئەوان هونەری نەتەوەکەی بەتورکی دەکەن؟.ئەمەش بەهەرحاڵ، بەڵام ئاوازو مۆسیکای گۆرانی کوردیی زیاتر لەیەکتر دەچن.ئاوازو مۆسیقایەك بۆ هونەرمەند(حەمە جەزا)لێدەدرێ هەتا دەستدەکات بەوتنی گۆرانییەکە خەڵك وا دەزانێ(شیلان عوسمان)ە، ئەمەش هۆیەکەی نەبوونی مۆسیکاژەنی پسپۆرو هونەرمەندانی داهێنەرە.

**٤- سیناریۆ**:سیناریۆی گۆرانی دەبێت پەیوەندییەکیسەرەکی ودانەبراوی هەبێت لەگەڵ تێکستی گۆرانییەکە،بۆ نموونە گۆرانییەکی زەماوەندو شادیی ناکرێ سیناریۆکەی شین و واوەیلا بێت یان بەپێچەوانەوە، بەڵام دوو گرفتی سەرەکی لەسیناریۆکانیشدا بەدیدەکەین:یەکەم: سیناریۆکان هەموویان دووبارەن و باس لەیەك شت دەکەن یان ئەوەتا هەندێ کچ وکور رەشبەڵەك دەستیان گرتووەو هەڵدەپەرن یان هەندێ خانمی خوێنساردی بیانی سەماشاییەکی نەشازی کوردیی\بیانی

دەکەن، یان ئەوەتا یار دەتۆرێ بێ ئەوەی کەس بزانێ بۆ؟ئەویش ناچارە گۆرانی بۆبڵێ و بیکاتە ڕۆژی حەشر.ئەم سیناریۆیە بۆیەك دوو گۆرانی دەستدەدات نەك ئەوەی ئەگەر سەرژمێرییەك بکەین سێ لەسەر چواری بەرهەمی ئەم چەند ساڵە هەمان سیناریۆیان هەیە بەکەمێك جیاوازیی وپاش و پێشەوە.دووەم: زۆرجاران بیرۆکەو ڕووداوەکانی سیناریۆ لەگەڵ تێکستی گۆرانییەکە ناگونجێ،جاری وا هەیە کاکی گۆرانیبێژ شیوەن وباوکەڕۆیەتی بەلام دوو سێ کچی چاوشینی قژزەرد کردوویانە بەڕۆژی خۆیان و لەسەمادا وا گەرم بوون ئەوسەری دیار نەبێ،(ئەیوب عەلی)دەڵێ(کەسێ نایەت بەلامەوە)کەچی پێنج شەش کچی جوان لەدوایەوە هەڵبەزهەڵبەز دەکەن لەکاتێکدا پێویست بوو سیناریۆکە وابووایە(ئەیوب)لەژوورێکی کەمێك تاریك و چۆڵدا لەتەك پیاڵەیەك عەرەق یان وێسکیدا ئەمەی بگوتایە.یان زۆر گۆارنی تر هەیە کاکی سترانبێژ لەوپەڕی کەیف وحاڵدایەو لەدەنگی هەلهەلەو چەپڵەرێزان بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە کەچی ڕەوتیسیناریۆ تەواو بەپێچەوانەوە دەڕوات.

٥-وێنەگرتن:زمانی وێنە گەلێك کاریگەرترە لەزمانی وشە،هونەری وێنەگرتنیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەژیانی مرۆڤەکاندا،مێژووی وێنەگرتنی گۆرانی کوردیی زۆر لەدواترە لەمێژووی دۆزینەوەی کامێرا،هێشتاش وێنەگرتنی گۆرانی کوردیی بەوشێوەیە پێشکەوتوو نییە.ئەمەش دەرەنجامی غیابی کامێرامانی باش و پێداویستییەکانی بەردەستی خودی کامێرامانە،زۆربەی وێنەی گۆرانییە کوردییەکان وێنەیەکی تەقلیدیی وبەکاربراون کەناتوانێ بینەر رابکێشێت بەلای خۆیدا.بەکورتی کامێرا ڕۆڵێکی ون و نادیاری هەیە لەگۆرانی کوردیدا ئەمەش کاری کردۆتە سەر ئەوەی زۆربەی گرتەو دیمەنەکانی گۆرانییەکان لەیەکتر بچن.

٦-ئەدا:چڕین و ئەداکردنی گۆرانیی لەلایەن کارەکتەری گۆرانیبێژەوە بەهێزترین خاڵی ئیسارەکردنی گوێگرانە،وەلێ ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرو ئامڕازە دەنگییەکان و تەقەنیاتی دیجیتاڵ و سوپەر،دەتوانرێ گۆڕانکاریی لەدەنگدا بکرێ،بەلام هەتا ئەم چرکەیەش دەنگ وچڕین کاریگەریی خۆی لەدەستنەداوە،گۆرانیبێژانی کورد زۆربەیان وەك خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ قوڕگ وچینەکانی دەنگی خۆیاندا ناکەن و ناتوانن بەشێوازی تایبەت بەخۆیان گۆرانی بچڕن.زۆرجار گوێمان لەمەقامێك دەبێ کەس نازانێ ئەمە چ جۆرە مقامێکە؟کەس نازانێ قەتارە، حیجازە یان شتیتر؟لەبەرئەوەی سترانبێژەکە توانای لێکدی جیاکردنەوەی مقام و ڕەگەزەکانی مقامی کوردیی نییەو ناشتوانێ خاوەنی چڕینێکی پڕاوپڕ بێ بۆ ئەو مقامە،هەرچەندە هونەرمەندانی زۆر هەن دەتوانن بەشێوازێکی سەرکەوتووانە ڕووبەڕووی گۆرانی ببنەوەو زاڵن بەسەر دەنگی خۆیانداو دەتوانن قوڕگ و شێوازی خۆیان بەڕەوانی بەکاربێنن،بەلام هەندێکی دیکەیان زۆر لەخۆیان دەکەن و بێ سەرنجامانە خۆیان ماندوو دەکەن،ماوەتەوە بڵێین لەم لایەنەشدا گۆرانی کوردیی کەلێن و بۆشایی گەورەی تێدایەو هەنووکەش ئەو بۆشاییانە مەوداکانیان فراوانترو بەرینتر دەبێت.

پـێش کۆتـایی:گـۆرانی کـوردیی بـەدۆخێکی ناهـەمواردا رادەگوزەرێت،هێـدی هێـدیش وێـستگەی رەسـەنایەتی و مـۆرکی تایبـەت بـەخۆی بـەناوی تازەگەرییـەوە بـەرەو ون جێدەهێڵێ،چارەنووسـی خۆیشی خستۆتە گێژاوی هونەری گەلانی ترەوە،ئەگەر ئیستێك بەم راگوزەرەی گۆرانی کوردیی نەگیرێ پاش یەك دوو دەیەی تر شتێك نامێنێ پێی بوترێ گۆرانی کوردیی.

*ئەم وتارە لەژمارە(١١)رۆژنامەی(نیوەند) لە٢\١\٢٠٠٥و ژمارە (١٥)رۆژنامەی(هارمۆنی)لەرۆژی ١\٢\٢٠٠٧ بلاوبووەتەوە.

# کاتێك گۆرانی بەناخی رۆحتدا رۆدەچێتە خوارێ

مـرۆڤ لـەبوونی خۆیـدا چـەندین زمـانی جۆراوجـۆری بـۆ گوزاشـت لـەخۆکردن و دەربڕینـی هەسـتە شـاراوەکانی خولْقاندووە،لەچرکە سـاتێکدا مـرۆڤ لەبـەردەم ژانێکـدا بەچـۆکدا دێ یـان لەبەرامبـەر خۆشەویـستەکەیدا بۆتـە پارچـەیەك لەکریـستاڵ تـەنیا دەتوانـێ بەشـێوەو ریتمێکـی مۆسـیقیانە بئاخڤێ،زۆرجـار مـرۆڤ هەسـت و شـە پـەنگخواردووەکانی بەسینتاکـسی پـڕ چێـژو دەربڕینێکـی شـیعرییانە دەردەبڕێ،رەنگبـێ هـەر ئـەوەش بووبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی گـۆرانی وەك رەگـەزێکی گرنگی هونەر.گۆرانی کوردیی بەشێکە لەکولتوور ورۆشنبیریی ئەم نەتەوەیە ئەگەر نەڵێین لەشێوە فۆلکلۆرەکەیدا لەگەڵ لەدایکبوونیدا هەبووە ئەوا سەرهەڵدانی گۆرانی کوردیی نەکەوتۆتە کاتێکی درەنگـی دوای وجـودی کـورد وەك نەتەوەیـەك.زۆربـەی جـاران هێنـدەی گۆرانییـەك یـان پارچـە مۆزیکایـەك کاریگـەرە لەسـەر مـرۆڤ رەنگبـێ شۆڕشـێك ئەوەنـدە کاریگـەر نـەبێ،یان کاریگـەریی شۆڕشێك بەهۆی چەند گۆرانییەکەوە بێت.لەیادمە لەراپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ سروودەکانی هونەرمەند(ناسری رەزازی) وەك شەیپوری ئازادی لەئێستگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە تەنانەت دەروونـی منداڵانیشی دەهەژاند،منێك کەنەمدەتوانی چەکداربم و وەك پێشمەرگەیەك رۆڵ ببینم، ئـەو سـروودانە نیگەرانیان لـەلا دروسـتکردبووم چونکە کـەفوکوڵی دەروونم تـەنیا بەهەڵمـەتبردن و رووبەڕووبوونـەوەی داگیرکـەران دادەمرکایـەوە.بـەش بـەحاڵی خـۆم لـەبواری هونـەردا ئەوەنـدەی بەگۆرانی کاریگەرم وئاویزانم لەگەڵیدا هیچ کات(شانۆ –شێوەکاریی) هێندە پەلکێشیان نەکردووم بەلای خۆیاندا(بەبێ ئەوەی لەبایەخی ئەو دوو لایەنە گرنگەی هونەر کەمبکەمەوە).هەربۆیـە ئەم چەند دێرە لەبەرامبەر گۆرانی کوردیی و هونەرمەنداندا رەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە زۆرەیە.

### حەسەن زیرەك

کاتێـك گـوێ لەگۆرانییـەکانی(حەسـەن زیـرەك) دەگـرم دڵـم پـڕ دەبـێ لەئیرۆسـییەت و غـەریزەی ژیاندۆستی هوژمم بۆ دێنێ و کۆتم دەکات لەناو خۆیدا،گۆرانییەکانی حەسەن ئەوەندە کاریگەرن مەحاڵە گویم لەیەکێکیان بێت تەنانەت لـەناو ئاپۆرەی دەیان هـەزار کەسیشدا بـێ ئیستێکم پـێ

نەگریّو نەمخاتە دنیای جوانیپەرسی وئەویندارییی (بەمانای رووتی وشەکە)،بەڕاستی (حەسەن زیرەك)موعجیزەی هونەری کوردییەو گەورەترین سیناتۆری ئیمپراتۆری هونەری گۆرانی کوردییە.

## عەلی مەردان

کاتێك گوێ رادەدێرم بۆ(عەلی مەردان) دەچمە نێو دنیای خەیاڵو لەفەنتازیاکانی خۆمدا نووقم دەبمو بەفلاشپاگ گەشتێك بەرابردوودی خۆمدا دەکەم. وایلێکردووم تاسەر مۆخ نوستالیژیی بمو پابەندبم بەرابردووەوە،عەلی مەردان بەچریکەی بولبول ئاسای کێشێکی قورس دەخاتە سەر مێشکت وکۆنترۆڵی دەکات، لەئاوها حاڵەتێکیشدا ناتوانی چ کاردانەوەیەکت هەبێ جگە لەرامان لەپیاوێکی ناسکی دڵبریندار وەك خۆی.

## ناسری رەزازی

ئەو دەقیقەیەی رەزازی بەدەنگی زوڵاڵو شۆڕشگێڕانەی لەبەردەم گۆرانی یان سروودێکی خۆیدا رامدەگرێت،ئیدی ستەملێکراویی نەتەوەیەك و ئێش و ئازارو ناسۆرەکانی جارێکیتر دەخاتەوە ناو زاکیرەت و بەردەوامی پێدەبەخشێ لەچینی یادەوەرییەکاندا،ئەوکاتەی سروودەکانی لەدڵت دەدەن دەبیتە منداڵێکی ئەنفالکراو کەلەگەڵ حەشامات و کاروانی ئەنفال بەزیلێکی سەربازی بەعس بەرەو نوگرەسەلمانت دەبەن و لەوێوە عەرعەر چاوەڕێیە بۆ خەوێکی هەتا هەتایی لەژێر لمی بیاباندا.

## نەجمەدین غولامی

سۆزی دەنگ و دەربڕینی نەجمەی غولامی تنۆك تنۆك فرمێسك بەچاوانماندا دێنێتە خوارێ، گۆرانی(پایز پاین) بیری هەڵوەرینی گوڵەکان و فرینی جاویدانی پەروانەکان و کۆچی ناوادەی ئازیزانم دەخاتەوە، دەمباتەوە بۆ گازینۆی شەعب تا لەگەڵ شاعیری پایزو گەڵاڕێزان (محەمەد عومەر عوسمان) پیاڵەیەکی دی چا بخۆینەوەو دواتر لەپەنا بەبادانی سیگارەکەماندا بەرەو ماڵ ملی رێگە بگرینەبەر. غولامی سوکنایی بەدڵدا دەهێنێ و زۆرجاریش لەخۆکوشتن ژیوانم دەکاتەوە وبەبزەی گۆرانی(خانومان) دەمباتەوە نێو دنیای بەرائەت و عیشق و پێتدەڵێ هێشتا ژیان بایی ئەوەندەی پێوە ماوە: ئافرەت یان هەر مەعشوقێکی دیکەت تیایدا خۆشبووێ.

## عەدنان کەریم

بەیانیان کاتێ لەخەو رادەبمو بەرلەوەی دەموچاوم بشۆم گوێم لێیە باوکم بەدیار گۆرانییەکی (عەدنان کەریم)ەوە سیگار دەکێشێ و دەستدەهێنێ بەقژە ماش و برنجییەکەی خۆیداو نوقمی دەریای خەیاڵ بووە،ئیدی (عەدنان) بەمجۆرە دێتە بەردەم دەرگای دڵو ناچارت دەکات دەروازەی کڵۆمدراوی لێبکەیتەوە، بەمجۆرە عەدنان وەك شنەبایەکی فێنك خۆی دەکات بەدەروونتدا و دەیکاتە هێلانەی خۆیو ئەوسا لەسەردەمی ونبوونی گۆرانی کوردییدا بەوپەڕی رەسەنایەتییەوە

لەگەڵ رۆحت دەدوێ و پێتدەڵێت یەکەمو دوا کاری ئەمڕۆت تەنیا خۆشەویستی و پیاسەیەکی لای ئێوارانە لەگەڵ دلبەرێکدا،ئەو بەرۆحی نالی و وەفایی و مەحوییەوە لەگەڵتدایەو هیچ کامیشیان نییە.. ئەو نالی نییە بەڵام(عەدنان کەریم)ە.

## مەزهەری خالقی

تائێستا نازانم بۆچی هێندە خووم بەگۆرانییەکانی(خالقی)یەوە گرتووە.بێ ئەوەی بتوانم بەسەریدا زاڵ بم هۆگری ئەو سۆزو دەنگە پڕ لەهەستەم.هەر گۆرانییەکی (خالقی) هات، تەرکیزی هەموو بیرکردنەوەو تەنانەت هەموو نیگاکانیش لەخۆیدا کۆدەکاتەوە،سیحری ئەو دەنگە ئەوەیە هەرچەند گوێی بۆ رادێری لەگەڵی بژیت جار لەدوای جار نوێیە بەرادەیەك بەموبالەغەی نازانم بڵێم یەك جار ژیان کەمە بۆئەوەی بتوانی تینوێتیت لەکانیاوی خالقی بشکێنی.تەنیا یەك ژیان کەمە لەگەڵ ئەو هەستە ناسکە ئاه هەڵبکێشی، تەنیا یەك جار ژیان کەمە بۆئەوەی بتوانی بەتەواوی تەرکیزو بیرکردنەوەت رۆبچیتە نێو دنیای ئەفسانەیی خالقی.

## دیاری قەرەداغی

ئای لەو نەگبەتییەی کەسێك(دیاری قەرەداغی)خۆی دەکات بەژیانیدا،ئەو کاتێك گۆرانی دەچڕێ ئەز ئارەزووی کوشتن یان ئازاردانی دەکەم!ئاخر ئەو سەرتاپای ژیانمی کردە ئازار،ئەو گۆرانییەك دەچڕێ رۆحت هەپرون هەپرون دەکات؟وشەکانی حەلاج و مەعەڕیت وەك گوڵاو بەسەردا دەپرژێنێ،ئەو پێتدەڵێ ئەم نیشتمانە سوتماکە سەرلەبەری برین و ژان و دەردەدارییە،ئەو شەو نایەڵێت بخەویت چونکە پێتدەڵێ ئەی کوڕی ئەم نیشتمانە تۆ (پاڵەوانێکی بێ شمشێری)، پێتدەڵێ تۆ شێرە بەفرینەیت، ئەو بانگەوازی رابوون دەکات کەچی هەر خۆی حەقیقەتە تاڵەکان وەك گوللە دەنێت بەسەر سنگتەوە،دیاری فێری کردین خاك چ بۆنێکی هەیە، نیشتمان چ رەنگێکی هەیە، ژیان چ ئازارێکی هەیە،ئەو فێرمان دەکات غروب و ئاوابوونی خۆرو کۆچی باڵندەکان تەفسیر بکەین.

## خالید رەشید

خالید رەشید وەك دیاردەیەك لەبەردەمتدا دەتەقێتەوە،لەتاراوگەکەیدا لەسۆزی نیشتمانەکەیدا هێدی هێدی دەتوێتەوە،مانیفێستی غەریبانی وەك سەمفۆنیایەك بەگوێماندادا وغەمەکانی تاراوگەو ژیانی غەریبی بۆ حینجە کردین،کاتێك خۆی و عودەکەی گۆرانی(بوکی ئێوارە) بۆ دڵت ئاراستە دەکات،ئیدی هەروەك قەدەر پێتەوە دەلکێت و پێتدەڵێ ئەمە چارەنووستەو ناتوانیت لەم گۆرانییە قوتار بیت،ئەو گۆرانی کوردیی بەڕەنگ و بۆن و تامی خۆیەوە دەبێژێ و قسە لەگەڵ رۆحی کوردیت دەکات،فێری کردین بوکی ئێوارەو نیشتمان و رەسەنایەتی ئەم گەلەمان خۆشبوێ،

گۆرانییەکانی مەحکومی کردین دۆزەخی ولاتمان لەبەهەشتی مەنفا لا شیرینتر بیٚ و تالاٌوی نیشتمان لەدەممان‌دا وەك هەنگوین بیٚ.

## بەهجەت یەحیا

هەر دەنگی (بەهجەت) دەگاتە گوێت،خۆت دەبینی لەکۆڕی دەروێشاندا چۆن زیکرو عەشقی خودا دەبێتە هەموو ژیانت،فێرت دەکات چلۆن لەبەردەم مەعشوقدا وەك مۆم بسوتێی (ئەو فێری سوتانمان دەکات)،بەگۆرانییەکانی دەتباتەوە بۆ سەر کانیاوە روونەکان و پێتدەڵێ فەرموو پڕ بەکامی دڵت تێری لێ بخۆرەوە،دەتگەڕێنێەوە بۆ ئەوپەڕی پاکی و ئاوێنەیەك دەداتە دەستت بۆئەوەی پاکێتی خۆتی تیا وەدیبکەیت.(بەهجەت) ناڵینی عاشقان و رێگەی سەختی ئەڤینداریی و فرینی دیدالیۆس و سەرکێشی پرۆمیسیۆست بیر دەخاتەوە،پێتدەڵێ بۆئەوەی بتوانی عاشق بیت پێویستە وەك پرۆمیسیۆس یاخی وسەرچڵ و لێوەشاوەبیت، بۆئەوەی بتوانیٚ لەمەعشوقەکەتدا فەنا بیت دەبێتە وەك(ستیڤانی دیدالیۆس) بتوانی بفڕی،بەهجەت وانەکانی عیشق راڤە دەکات و بۆت شرۆڤە دەکات بۆچی شێخی سەنعان بۆ کچی دیان لەدینەکەی وەرگەڕا؟پێتدەڵێ بۆچی نالی هێندە عاشقی حەبیبە ببوو؟بۆچی مەولەوی خۆی لەعیشقی عەنبەر خاتووندا ونکردبوو؟ بەهجەت ناچار دەکات لەدوای گوێگرتن لێی بچی یەك دووجام مەی بنۆشی تا بتوانیت ئامادەیی وەربگریت بۆئەو فڕین و عیشقە قورسەی وی باسی دەکات.

## کەریم کابان

هەر کە(کابان) بەرۆحە گەنجەکەیەوە هاتە ماڵی رۆحتەوە،دەبێت دەست لەدنیا بشۆی وبەدوای دنیایەکی یۆتۆپی بگەڕێی لێوانلێوە لەسۆزو میهرەبانی،رێگات نیشاندەدات مەملەکەتی عیشق و ئەڤین بدۆزیەوە،دەتباتەوە سەر سەرچاوەکانی دڵ و پێت دەڵێ فەرموو جێگای مرۆڤ و ژیان و هەموو بوونەوەران لەم دڵە بچووکەدا بکەوە،پێتدەڵێ وەك عیسای مەسیح ژیانت لەپێناوی ئەوانی تردا خۆشبوویٚ، دەتنێرێتەوە بۆ رابردوویەکی دووری بێگەرد تا لەپەنا مەلای جەزیری یان وەلی دێوانە عاشقی کچە کوردی نازدار بیت،ئەو مەبەستێتی پێتبڵێ هەرچەندە جەستە پیرو لاواز دەبیٚ بەلاٌم دڵ شتێکە نەپیر دەبیٚ و نەلاوازیی دەناسیٚ،دڵ هەر بەگەنجی دەمێنێتەوە، عیشقیش هەر عیشقە چ لەلاوی یان پیریدا بیٚ و پارچە شیعرەکەی "فرانسواز ساغان"م وەبیر دەخاتەوە

كنت في العشرين تستطيع ان تحب

وكنت في الثمانين تستطيع ان تحب

هناك دائما مناسبة لأشتعال البرق

کەریم کابان..پێتدەڵێ دەروازەکانی ژیان جگە لەجوانی و ئافرەت و ئەویندارییی هەموو کلۆم دراون، پێویستە بۆ پەڕینەوە لەناهەمواریەکانی ژیان بەدەرگای عیشق وسووتانی رۆحتدا بپەڕیتەوە.

دوا وشه

نەمتوانی ئەم چەند دێڕە کەکاریگەریی گۆڕانیهونەرمەندانی ناوبراو لەدڵو دەروونمدا بەرهەمی هێنابوو لەدڵی بچووکمدا جێگەی بۆ بکەمەوە،ئەمەش ناچاریکردم دەستبدەمە خامەو ئیحساسی خۆم بخەمە بەردەمی خەڵکی تریش.بۆیە ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە نییە هێندەیپەخشانێکی سادەیە.

* ئەم وتارە لەژمارە (٧) رۆژنامەی(نێوەند) لەهاوینی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە .

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# کوردستانێکی لێکترازاو– عێراقێکی یەکگرتوو

گومانی تێدانییە پانۆرامای چەند ساڵوچەند گێمی شەڕی ناوخۆی شارو شەڕی براکوژیی شاخ هیچی وەبەرنەهێنا جگە لەلێکترازانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان،ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی کوردستانێکی لێکترازاو کەتەنیا لەبەشێکی داگیرکراوی دابەشکراوی کوردستان دوو حکومەتو دوو ئیدارە دامەزراون لەپاڵ چەند ئیدارۆکەیەکدا کەشنەبای پرۆسەی ئازادیی عێراق رایماڵین(جێی بیرهێنانەوەیە کەرکوکی کوردان خاڵی ناوکۆییەو بگرە لەدەستی کورد دەرچووەو چارەنووسی لەوی رابردوو باشتر نابێ).هێزە سیاسییەکانی لەمەڕ خۆمان بەبێ ئاگایان راستر بڵێین بێگوێدانە هەڕەشەو مەترسییەکانی ئێستاو داهاتوو لەسەر باشووری کوردستانو هەڕەشەی ناوخۆیی و هەرێمی لەسەر هەر قەوارەیەکی نەتەوەیی کورد لەباشووردا سەرگەرمی گەمەیەکی بەتاڵو چارەنووس ئاشکران لەماوەی چەند دەیەی رابردوودا تەنیا ماڵوێرانیو نەهامەتیان لێ چنییەوە:ئەویش ململانێیوکێشمەکێشی ناوخۆیی زەبرووزەنگ ئامێزە کە بەدرێژایی مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی خاڵێکی نێگەتیڤ بووەو زیاد لەجارێکیش خۆی دووبارەکردۆتەوە.. پێویست بەهیچ نموونەهێنانەوەیەك ناكات گەر بڵێین ماڵی کورد ماڵێکی لێکترازاو ودابەشبووە تەنانەت بێسەروبەرەیە، گوناهی هەموو ئەمانەش لەئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیی و پارتە فەرمانڕەواکانە،ئەگەر لەقۆناغێکدا خەڵك خۆیان جۆشدەرو تێشووی ناکۆکی بووبن، ئەوا هەنووکە شەقام ئاڵای ژیانی پێکەوەیی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بەرز راگرتووە، ئەگەر لەچرکەساتێکدا هاوڵاتیان چەپڵەیان بۆ قارەمانانی جەنگی ناوخۆ لێدەدا ئەوا ئەمڕۆ پڕ بەئاوی دەریاکان تفی نەفرەت ئاڕاستەی ژەنەراڵەکانی خوێنو کوشتن دەکەن،ئەگەر خەڵك لەیەکێك لەساتەوەختەکاندا هەلهەلەی بۆ سەرکەوتنی حیزبو گرتنی کەپکی حەمەدئاغا لێدەدا ئەوا ئەمڕۆ هەر ئەو خەڵکە سەرکەوتنی خۆی لەسەرکەوتنی گەلو گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر کوردستان

دەبینێتەوە. بەڵام ئەوەی هەیە حیزبی کوردییە نایەوێ ماڵی کورد ببێتەوە بەیەك،ئەوە حیزبی کوردییە لەسەر کورسی دەسەڵات و قۆرخکردنی سامانی وڵات و زاڵکردنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆیان هەموو خەونێکی یەکگرتنەوە بەمەرگ دەسپێرن، سەرەڕای ئەوەش چ بە داواو چ بەتۆپزی بێت ئامادەنین ئیدارەو ماڵی کورد یەکخەنەوە، کەچی زۆر راشکاوانەو بێشەرمانە پێداگریی لەسەر یەکگرتوویی خاکی عێراق و سەروەری عێراقی عەرەبی دەکەنەوە کەکورد جگە لەژێردەستەیی وچەوساندنەوە هیچی تری تیا بەدەستنەهێناوەو پێشبینیش ناکرێ شتێکی وای تێدا بەدەستبهێنێت بایی ئەو هەموو قوربانی وخەبات و تێکۆشانە بێ کورد لەماوەی ٨٣ ساڵی رابردوو لەعێراقدا تۆماری کردوون و بوونەتە بەشێك لەمێژووی نەتەوەیی کورد.عێراق کەسەددام و علی کیمیایی وسیستانی وپاچەچی و موقتەدا بەرهەمدەهێنێ ودەیخاتە سەر شانۆی سیاسی دەبێ کورد بەچ هیوایەکەوە تیایدا بژی؟لەوەش سەرسوڕهێنەرتر ئەو تاکە سەربازی داکۆکیکار بێ لەیەکگرتوویی خاکی عێراق.ئێمە تەنیا ئەو پرسیارە لەسەرکردایەتی سیاسیی کورد دەکەین پاش ئەو هەموو شکستە سیاسییەی کورد لەعێراقدا(هەم ئەوەی بڕیاری ١٥٤٦ کوردی خستەوە قەفەزەکەی خۆی و هەم لەدەستدانی کەرکووك و هەم تەسریحاتی نوێی –برا– عەرەبەکان بەڵگەی ئەو شکستەن)بەچ ئاوەزو بەچ هیواو ئومێدێکەوە ئەو شیعارانەیان بەرزکردۆتەوە؟.ئەگەر ئەوان هێندە پەرۆشی یەکێتی خاکی عێراق و سەروەری عێراقن ئەی بۆچی نیو ئەوەندە غەمی یەکێتی خاکی کوردستان و چارەنووسی کوردیان نییە؟بۆچی هێندەی روویان لەبەغدایە روویان لەکوردستان نییە؟و ناهێڵن خەڵك وەك دەریا شەپۆل بداو بەیەك دەنگ بڕیار لەچارەنووسی خۆیان بدەن؟عێراقی هیواو ئاشتی چ مانایەکی هەیە؟کەهەر رۆژەو لەکردەوەیەکی تیرۆریستانەدا بەڕێوەبەرێك و ئیدارییەکی کورد لەکەرکووك تیرۆر بکرێت،لەپەناشدا مەلا فەتواچییەکان و راگەیاندنە کۆنە بەعسییەکان و نووسەرو نارۆشنبیرە شۆڤێنییەکان فوو دەکەن بەئاگری شەڕێکی ئیتنیکی و تایفی و میللی لەعێراقدا کەهەر ئێستا ئەو شەڕە لەسەر لێواری تەقینەوەیەو بێ شك کوردو سەرکردایەتییە ساسییەکەی ئامانجی یەکەم و سەرەکی دەبن.

ئەمڕۆ حکومەتە کارتۆنییەکەی عێراق لەفەوزای دوای روخانی سەددام و جەنجاڵی باری ئاسایش کەمتر بواریان هەیە بۆ خۆئامادەکردن بۆ وێرانکردنی کوردستان و لەناوبردنی ئەو دەستکەوتانەی کورد بەخوێنی سەدان هەزار شەهیدو ٨٣ ساڵ لەئازارو خوێن و تێکۆشان بەدەستیهێناوە،ئەگەرنا ئەو چرکەیەی دەسەڵاتی تەواوەتی بۆ دەگەڕێتەوەو دەبێتەوە بەدەوڵەتێکی ناوەندیی یەکگرتوو دەمامکەکانی سەرچاوی لا دەبات و سەرلەنوێ مێژووی ئازارو کوشتن و بڕین و پاکتاوکردن خۆی دووبارە دەکاتەوە،ئەوسا عێراقی یەکگرتوو کەکورد خۆی دروستیکردووە ماڵی کورد هەرچی زیاتر وێران دەکات ولێکی دەترازێنێ و دواجاریش هەروەك(ئەحمەد هەردی) شاعیر دەڵێ:ئەگەر جامت خستەسەر لێو غەشیمانە،ژەهریشی تیابوو بینۆشە، تاوانی خۆتەو بیزانە.

*ئەم وتارە لەژمارە(٣)رۆژنامەی(نیۆوند)لە٥\٨\٢٠٠٤بەناوی خواستراوی(ڕێبوار ئەمین)ەوە بلاۆوبووەتەوە.
هاوكات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاۆوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# كاتی ئەوە هاتووە ئامانج زەردی عەبدوڵلاّ سوورتان پیّ بناسیّنم!

من رقم لەتەوهین و رووشاندنی هەستی مرۆڤەكانی ترە،حەزم نەكردووە وشەی زبرو بریندارکەر بگرمە هیچ كەسیّك بەلاّم زۆرجار ناچارتدەكەن زبرو توند بنووسیت.ئامانج زەردی عەبدوڵلاّ سوور كەناو بەناو لەماڵپەڕەكاندا بوختاننامەو جنیّونامە لەدژی نووسەران دەنووسیّت،وایلیّكردم بەرەق و زبریی قەڵەم بنیّمە سەركاغەز،ناچاریكردووم "بەختیار عەلی"وتەنی چی گەلاّ هەیە بەسەر عارییەوە لایبەرم ورووپۆشەكەی سەری لەبەرچاوی خویّنەراندا هەڵبماڵم.ئەم برادەرە كۆلكە خویّندەوارو نووسەرە سەماعییە كەچەندەها پەرەگرافی خۆمم لەنیّو نووسینەكانیدا دیتۆتەوە كاروكاسبی بۆتە جنیّوبەخشینەوەو موهاتەرات نووسین لەدژی زۆر نووسەر،سەرەڕای ئەو جنیّوفرۆش‌ودەمپیسە جاهیلیّكی هیّندە كلۆلّ ونەگبەتە هەموو كەس هەستیپیّدەكات.زۆربەیجار ئەم قەلەندەرە دكتۆر شۆ(ئەحمەدشوكری)دەخاتەوە یادم،ئاخر دكتۆرشۆ چل دانە لەدیوانە عەنتیكەكەیدەباتە زیندانیّك وبەقەرزی سەری مانگ دەیفرۆشیّتەوە بەچل زیندانی،كاتیّ سەری مانگ دەچیّتە بۆ پارەكەی، زیندانییەكان لەبری چل دیوان چل‌ویەك دیوانی دەدەنەوە تا لەدەست شیعرە بیّسەرەو بەرەكانی رزگاریان ببیّت.ئەم برادەرەش رەزای ئینتەرنیّت‌و ویّبلاگەكانی وا قورس كردووە زۆر كەس هەر ناوی ئەم زاتە ناموبارەكە دەبینن زۆر خیّرا كلۆزیّك دەدەن لەماڵپەرەكەی بەردەستیان تا لەم ڤایرۆسە كوشندەیەی ناوەندی نووسین قوتاریان ببیّت.بیّ لەمەش ئەم كاكی نووسەرە سەماعییە هەناسەكورتە تووشی نەرگسییەت ونەخۆشی زەعامەت وخۆدەرخستن بووەو هەندیّكجار بەناوی خواستراوەوە وەلاّمی خۆی دەداتەوەو بازاڕی ناوی خۆی گەرم دەكات،خۆ ئەگەر لەبەرخاتری خاتران وپاكانەی برادەریّكی نەبووایە هەر زۆر زوو كاك عومەر فارس(بەرپرسی كوردستان نیّت) پەردەی لەسەر ئەم كارەی هەڵدەماڵی ودەیكردە عیبرەتی ئینتەرنیّت تاچیتر وەلاّمی خۆی نەداتەوە لۆئەوەی ببیّتە ناو،ئاخرئامانج دەیزانی پارتییەكی تووتیئاسایەو كەس نووسینەكانی بەپوولیّكی قەڵب ناكڕیّ ودەنگی نووساوی لەگیزەگیزی میّش بەولاوە چیتر نییەو

کەس کاتی خۆی بەخوێندنەوەی شانامەکانی بۆ حیزبی بنەماڵە ناکوژێت،بۆیە ناچارە خۆیتاوبداتە کارەکەو بازاڕی خۆی گەرم بکات.ئەم برادەرە ئێسك قورسەی ئینتەرنێت کاتێ بۆ یەکەمجار قەڵەمی بەدەستەوە گرت بۆ نووسینی چامەیەك یان نامەیەکی عاشقانە یان نووسینی ستۆرییەك نەبوو بەڵکو بۆ پانکردنەوە بوو بۆ حیزبەکەی ٣١ی ئاب،کەچەند رۆژیش بەر لەئەمڕۆ یادی ئەو شەرمەزارییە بوو دەبوو هیچ نەبووبا لەمانگی ئابدا شەرمی بکردایەو بێدەنگ بووایەو هیچی نەنووسیبایەو باسی کوردایەتی نەکردایە لەکاتێکدا ٣١ی ئاب مەرگی کوردایەتی بوو،لەحزەی حەزین وتراژیدیی ئەتککردنی هەستی ناسیۆنالیستی ونەتەوەیی بوو.ئەم برادەرە قەلەندەرە کەزەمیلەکەی (عیزەدین بەرواری)پڕکردووە لەراپۆرتی رەش لەسەر نووسەران ورۆشنبیران پێویست ناکات هیچ کەس تاوانبار بکات،خۆی تاوانبارێکە بەهەقی زۆر کەس،جاسووسێکە لەقێزەونترین شێوەی خۆیدا. ئاخر کاتێ خۆی دەربارو ماستاوچی حیزبی بنەماڵە بێت چۆن دەتوانێت رێ بداتە خۆی سەروگوێلاکی خەڵکیتر بکوتێتەوەو کوردایەتی بەمیلیگرام ببەشێتەوە؟ئێوە سەیر بکەن ئەم ئەشەرەفی شەریفە بەدەستێك کیبۆردەکەی کارپێدەکات ولەسەر بالأی شیعریی"محەمەد عومەر عوسمان"دەنووسیێو وەسفی دەکات،هەر لەبنی پێیەوە تاتەوقی پیرۆز دەکاتوبەبالأیدا دەلاوێتەوە دەستەکەی تریشی لەسەر کاغەزی بەر دەمییەتی ولەژێرەوە ڕا راپۆرتی لەسەر دەنووسێ بۆ ئەم شوێن و ئەوشوێن ونانبڕاوی دەکات.

لەلایەکی تر لەو بزافە بەناو رۆشنبیرییەی کاری تێدادەکات ولەچاپخانەیەکی بێ مشتەری بەولاوە هیچی تر نییە دەستی مقەستی خستۆتەگەڕ بۆ سانسۆرکردن وخنکاندنی وشەی ئازادی خامەی نووسەران،ئەو کەتەری شەقاوەی بەدەستەوەیە بۆ قرتاندنی وشە لەرۆمانی نووسەرو دەمدورینی ئەو چواردەورە داماوەی بەحوکمی رۆژگار بوونەتە فەرمانبەری بەردەستی،ئیتر لازم نییە باسی ئازادیی رۆژنامەگەریی ونووسین بکات.من کاتێك دەڵێم دەستی مقەستی خستۆتەگەڕ بەڵگەم هەیە هەر بۆنموونە رۆمانی(یادەوەریی شەقامێك)بەخامەی نووسەری بەتوانا(تەها ئەحمەد رەسول) نووسراوە وا بڕیار بوو لەبزاف چاپ بکرێت هەرواش بوو،بەو کتێبەی کاك تەها کەلەئاستێکی زۆر بەرزدایە مۆڵەتیان لەوەزارەتەکەیان وەرگرت تاکتێب چاپ بکەن،ساتێ کتێبەکەی کاك تەها چاپکرا ئەم ئامانجە سانسۆرچییە تەنیا لەبەرئەوەی وشەی(ئاشبەتاڵ) لەرۆمانەکەدا بەکارهاتبوو رایگرت وخستییە فەردەوەو سپاردی بەمەرگ لەوانەشە سووتاندبێتی،هێرمان هیسە وتەنیش(ئەوی کتێب بسووتێنێ بێگومان مرۆڤیش دەسووتێنێ).ناچار کاك تەها کتێبەکەی لەچاپخانەیەکیتر لەچاپدا.

لەم چەند رۆژەشدا بابەتێکی نووسیبوو لەسەر بەرزان شاسوار(حەمەمینی خلەبان)کەکەس ئەم پیاوەی خۆش ناوێت ولەلای زۆربەی هونەرمەندان رووخسارێکی ناشیرین ونامەرغوبە،بەلأم زۆر لەوە دەترسم مادام ئامانج مەنبوزی نێو سایتەکان بەخراپی لەسەری نووسیووە خلەبان کەمن ناوناوە شەولەبان ببێتە سیمایەکی خۆشەویست یان هەر هیچ نەبێت لای خەڵکە ئەنتی پارتییەکە

جێگەی قبولۆو خۆشەویستی بێت.خۆ ئەگەر چواری وەك ئامانج لەسەر حەمەمینی شەولەبان بنووسن بێگومان رووی رەشی نۆکەرایەتییەکەی سپیدەبێتەوە،ئامانج چونکە نووسەری بنەماڵەیە زۆربەی دژە بنەماڵەکان(خلەبان)یان لا خۆشەویست دەبێت.شکسپیر دەبێژێ(مرەکەبی پێنووسی نووسەر وەك خوێنی خۆبەختکار پیرۆزە)بەڵام بەداخەوە ئامانج وئەمسالەکانی قەڵەمی نووسەریان بێقیمەت کرد وهێنایانە خوارەوە بۆ ئاستی پێڵاوی جەللادەکان،ئەگەر وابێ نووسین نەك هەر نرخێکی نامێنێ بەڵکو بەتەواوی بۆگەن دەکات.دەبوو ئامانج لەرووی نەهاتایە قسەبکات چونکە لایەنگری دەسەڵاتێکە لەسەلالەی بەعسیزمەوە هاتۆتە دەرێ وهەنگاوێك لێی دوور نەکەوتۆتەوە، ئەو بەباڵای دەسەڵاتێکدا هەڵدەدات هەزاران گەنج لەخۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەدا هوتافی "بابڕوخێ"یان بۆ وت وبەردیان گرتە هەموو سەروەرییە درۆزنەکانی.سوکرات وتی(پێش هەر شتێك خۆت بناسە).وەلێ داخەکەم ئەم برادەرە بێ ئەوەی خۆی بناسێ دێت خەڵکی ترمان پێدەناسێنێت وتەشویهی کەسێتی خەڵکانی داهێنەر دەکات.هەرچەند من نامەوێ ناوی کەس بهێنم بەڵام لەئەرشیف نووسینەکانی وەخوێننەوە بزانن لەدەهەزار جنێو کەمتری داوە!هەروەك وتم چون لەبیری چووە خۆی چییەو چەندە کلۆلۆ وئێسك قورسە دێت بەحیسابی خۆی خەڵکی تر ناشیرین دەکات،لەکاتێکدا بیری لەوە نەکردۆتەوە ئەوی ئەو پێی بڵێ ناشیرین لای زۆرمان جوانە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە.بودا وتی(کەسانی نەزان بێکارن وعاقڵان خەباتگێڕ)ئامانج چونکە نەزانە وسەرە واوێك لەکەللەیدا نییەو ئەلف لای تێڵایەو نون مەنجەڵی کفتە هەمیشە دەستبەتاڵە بۆ جنێونامەنووسین وموهاتەرات وەشاندن بەهەر چواردەوریدا،تفەنگی جنێوی هەردەم لەسەر پێیە هەرساتێ فرمانی پێکرا لەلایەن حیزبەکەیەوە یان ئەم و ئەوێکی ترەوە. لەوەش خراپتر بەجۆرێك جنێو دەدات مرۆڤ دەڕشێتەوە، لەهەمان کاتدا هەست بەگەنیویی عەقڵی دەکەیت، جاری واهەبووە جنێوی وایداوە لەهیچ شەلاتییەکی ئەم دنیایەی نابیستی. هەموو ئەم جنێودانەش بۆئەوە دەدات تاوەکو سومعەی خەڵکانی تری پێ لەکەدار بکات ولەولاوە پاداشتێکی چەور بچنێتەوە،هەرچەندە تائێستا نەیتوانیوە کەس ناشیرین بکات بەڵکو رۆژبەرۆژ خۆی ناشیرین ورەشتر دەبێت لەبەرچاوی خوێنەران،جگە لەوەش خودی خوێنەران بەشی ئەوە هۆشیارن تا باوەڕ بەکێ بکەن یان نەیکەن. نووسەری یۆگسلاڤی دانیلۆکیش(١٩٣٥-١٩٨٩)لەئامۆژگاریی نووسەرێکی گەنجدا دەڵێت(بڕوات بەو کەسانە هەبێت بۆ سازش نەکردن زیانێکی زۆریان لێکەوتووە).ئیتر من وخوێنەرانی دی چلۆن بڕوامان بەقسەکانی ئامانج هەبێت؟کەبەسازشکردن بۆ دەسەڵات ولەوە خراپتریش بەپانکردنەوە بۆ حیزبی بنەماڵە سوودێکی ماددیی زۆری دەستکەوتووەو لەریزی پێشەوەی سوودمەندەکانی دەسەڵاتی پارتیدایە.ئەو لەعەبدوڵڵا عەباس وعەبدلوەهاب تاڵەبانی زیاتر نییە،ئەگەر ئەوان نووسەری قادسیە بووبن ئەمیش نووسەری خواکوڕکە،گەر ئەوان تەبریریان بۆ نوگرە سەلمان و ئەبوغرێب هێنابێتەوە ئەمیش بۆ قەلاّ تاریکەکانی ئاکرێ وقەلاّچوالان پاساو دادەتاشێت. ئەگەر

ئەوان ئەنفالیان حەلاڵ کردبێت ئەمیش شەڕی براکوژە جۆشدەدات وهەندێ لەوتارەکانی هەر دەڵێی لەئەرشیفی وتارەکانی شەڕی ناوخۆ دەرکێشراوە کەچاکتر بوو بۆی کامەران خەفاف-ی بانگ بکردایە بۆی بخوێنێتەوە وەك لەوەی لەماڵپەڕەکاندا بلاَوی بکاتەوە.ئەگەر جاران نووسەرە بەعسییەکان بەپێشمەرگەیان دەوت تێکدەرو لادەر ئەمیش بەرۆشنبیران وخەڵکی ناڕازیی دەڵێت تابووری‌پێنجەم ودژە کورد وداردەست وبەکرێگیراو.ئەگەر جاران دەپانزە نووسەر بەپووورەشییەوە لەبەردەرکی هاوکاری دەکەوتن وبەشانی سەدامدا هەڵیاندەدا کەچی ئێستا دەرزەنێك لەمانە دروستبوون‌وبەوپەڕی رووقایمی‌وبێ‌شەرمییەوە بەشان‌وباڵی ئەو دەسەلاَتە تۆتالیتارەدا هەڵدەدەن تەقە لەخۆپیشاندان دەکات،نموونەشمان ئامانج زەردو جەمال فەتاح ولەیلامۆریاسی‌هاوڕێبازیانە.

هەر لێرەوە من داوا لەم برادەرانە دەکەم چیتر نەبنە خۆرەی ماڵپەڕەکان‌و وازمان لێبێنن لەو پانتاییەوە هەناسەیەکی ئازاد بدەین،من پێشنیار دەکەم بچن لەخەبات و گولاَن وکوردستانی نوێ بنووسن ولەوێوە کینەی خۆیان دەربڕن،ئیدی بۆچی ئەم گۆشە ئازادەشمان لێ زەوتدەکەن‌و مێشکمان ئازار دەدەن؟ئاخر کاتێ سەرکردەکانی ئەم نووسەرانە دەپژمن چەندانی وەك ئامانج پەیدادەبن حیکمەتەکانی ئەم پژمینە لێکدەدەنەوەو دەستکەوتەکانی‌دوای پژمینەکە هەژمار دەکەن من سەرم سوڕماوە بۆچی ناچن لەرۆژنامەکانی خۆیاندا بینووسن وپاداشتێکی لەسەر وەربگرن؟ بۆدێن ئەم خیتابە سواو وبێزارکەرە دەهێننە نێو ماڵپەڕەکانیشەوە؟کەقەرارە قەناسەیەکی ئازاد بن بۆ نووسەران.نازانم بۆ دەبێت ئامانج وجەمال بۆری وەك ڤایرۆسێك داونلۆد ببنە جەستەی ئەم سایتانەشەوە،ئاخر ئەمانە کەناتوانن رەخنەبگرن وسەرکۆنەی دەسەلاَت بکەن هیچ قابیلی قبوڵ نییە لەتەنیشت موعاناتەکانی منەوە بەحیزبێکی فاشیدا هەڵبدەن ولەسایتەکانیشدا ناو و وێنە و بابەتەکانی لەتەنیشی یەکتر دابنێن وهەردووکیشمان هەر نووسەربین!. رۆمەن رۆلاَن لەبارەی تۆڵستۆی دەڵێ(قەت نەیگووت:ئەوە هەمان هەقیقەتە چونکە ئینجیل گوتوویەتی،بەڵکو گوتوویەتی ئینجیل حەقیقەتە چونکە ئەوەی راستییە گوتوویەتی)هەر ئەم بیرکردنەوە بوو وایکرد لە(ستیڤان زڤای)، بڵێ(تۆڵستۆی بەمانا،مرۆڤی راستەقینە بوو)وەلێ ئەفسوس عەقڵ مەغۆلییەکی وەك ئامانج دێت ودەڵێت ئەمە حەقیقەتە چونکە سەرکردەکەی من وا دەڵێ،ئەمە چاکە چونکە سەرکردەکەی من پێی چاکە،ئەمە خراپە چونکە سەرکردەکەی من وادەڵێ،چونکە نەك ئەوەی بڵێ ئەم بڕیارە باشەی داوە،ئەم تەوتەمپەرستی‌و کاریزماپەرستییەشی هێناوەتە نێوماڵی خۆمانەوە چون ئێمە سایتەکان بەماڵی خۆمان دەزانین بۆیە هەموو قسەیەکیشی تێدادەکەین.من نالێم باسانسۆری رای ئامانج بکرێت وەك چۆن خۆی ئەم کارە دەکات،بەلاَم ناشکرێ وێب سایتێکی ئازاد ببێتە مینبەرو بڵندگۆی ئەم تووتییە حیزبییانە.هەقوایە فلتەرێك هەبێت بۆ پالاَوتنی نووسینەکان بەتایبەتی بۆ ئەم پیاوە رەهایانەی هەمووشتێك لەچوارچێوەی بیرکردنەوەی حیزبی خۆیاندا لەقاڵبدەدەن‌و میزاجی کەسانی تری پێدەشێوێنن.مۆنتسکیۆ دەنووسێت(بەڵێ بەرزترین رادەی ئازادیی ئەو

شوێنەیە ئازادیی نەگاتە بەرزترین رادده).ئەگینا چەند دەروون نەخۆشێکی لەقوماشی ئامانج دێن وبەئارەزووی خۆیان ئازادیئیستغلال دەکەن وخۆیان دەخزێننە نێو پنتە شەخسییەکانیشمانەوە تەنانەت دەخالەت لەژووری نووستەکانیشماندا دەکەن، بۆیە نابێت رێ بدرێت ئەم چەنەبازە کورتەبالاو کەرامەت رووشێنانە ببنە پاڵەوانینێو ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت.لێ ئامانجوهاوشێوەکانی ناتوانن وێنەی جوانی زۆر کەسایەتی ونووسەر لەبەرچاوی ئێمە لێڵ وتاریك بکەن بەلام ناشکرێ مۆڵەتیان پێبدرێ ئازاری رۆحی کەسانی دیبدەن.ئەمانە ناتوانن خۆفێربکەن لەسەر خۆشەویستی وشادیی کەچی بەداخەوە تەسلیمی بوغزو کینەو رك بوون،نیچە دەڵێ(کاتێك فێر بین خۆمان باشتر شاد بکەین،ئازاردانی خەڵکی دیوبیری ئازار پێگەیاندنیان باشتر لەیاددەکەین)ئەم ئامانجە چونکە ناتوانێ خۆی بەباشی شاد بکات وشەو ورۆژ قەلەقی پۆست وپارەو ملشکاندنی خەڵك و هاورێکانییەتی،رق وکینەی خۆی ناشارێتەوەو دایدەبارێنێ بەسەر خەڵکانیتردا بەتایبەتی بەسەر نووسەران وهونەرمەندانداا، زۆرجار پەپوولەی وا بریندار دەکات مەگەر دۆزەخ تۆڵە بێت بۆی، هەستی وەها ناسك بریندار دەکات ئیتر ناتوانی ددان بەخۆتدا بگریت ولەوە زیاتر خۆت بخوێتەوە وبێدەنگ بیت.نامەوێ نووسینەکەم لەمەزیاتر درێژبێتەوە هەرچەندە دەبوو چەند مانگێك لەمەوبەر بمنوسیبا،ئارامم گرت وخۆم لێ لادا بەلام سەرەرۆیی وسەرسەرەکانی ئەم ڤایرۆسەی وێبلاگەکان ناچاری کردم زمانم بپژێ ولەوە زیاتر بێدەنگی هەڵنەبژێرم.هەرچەندە تەواو لەوەش دڵنیام هەزار ساڵی تریش ئەم فوکردنەی ئامانج هەرگیز نابێتە رەشەباوناتوانێ چڵی ئەوپەری ئەوپەری درەختە بەردارەکان بلەرێنێتەوە چجای ئەوەی بیەوێ لەرەگەوە هەڵیانکێشێ ولەجێیان درکەزی بچێنێت. بودا جوانی وتووە(وەك چۆن بەهێزترین "با"کان ناتوانن بەردێکی بەهێز بجوولێنن بوختان و خەلاتیش تواناى گۆڕانیمرۆڤی عاقڵیان نییە).دەمەوێ پێش دانانی خاڵی کۆتایی ئەوەش ئاشکرا بکەم هەرگیز خوازیاری ئەم جۆرە لەنووسین نەبووم بەشێوەی زبرو برەبن ئاسا،خۆم باش دەزانم زۆر توندو بەتورەیی نووسراوە بەلام چی چارەیەکی ترم نەبوو یان دەبوو نەنووسم کەبەرگەم نەدەگرت لەوە زیاتر یان کەدەنووسم دەبوو تەنیا بەمجۆرە بێت وهەوڵمداوە بەتەواوی داخلی شەرەکەبم نەك نیوە شەرێك بکەم وجێیبهێڵم بۆیە شەری تەواوەتی وپڕاوپرم کردووە نەك نیوەشەڕ چونکە پیرەمێرد وتەنی نێوەشەڕیش هەر شەری تەواوە هەروەك لەم بەیتەدا دەڵێ:

تا لەبەینا بێ ئەم شەرە جوێنە

ئاخری ئەبێتە چڵکاوی سوێنە

شەڕو نێوەشەڕ هاتە کایەوە

نێوەشەڕ شەرە چی تیامایەوە؟

* ئەم وتارە لە هەریەك لەم سێ ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە :
www.kurdistanpost.com –
www.bopeshawa.com –
www.klawrojna.com – لە ڕۆژی ٢٠٠٦\٩\٢٦ بڵاوبووەتەوە

# کەرکووك عێراقێکی بچکۆلە یان کوردستانێکی بچووك؟

بەدرێژایی مێژووی هەشتاو ئەوەندە ساڵی رابردوو هەموو رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لەهەوڵی بەردەوامدا بوون تا ناسنامەو دیموگرافیاو سروشتی کوردستانیبوونی شاری کەرکووك بگۆڕن،جا ئەم پرۆسەیە لەرواندنی دارخورماوە دەستپێکردووە تادەگات بەتەرحیل و تەعریبکردنی شارەکەو دارنینی ئاسەواری کولتووریی و کەلەپووری رەسەنی کوردیی لێی،هەر بەدرێژایی ئەو مێژووە دسەڵاتدارانی عێراق لەکۆششدا بوون بۆئەوەی کەرکووك بخەنە دەرەوەی پرۆژەی سیاسیی و خەباتی سیاسیی بزوتنەوەی تێکۆشانی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان،هەموو ئەم بایەخ پێدان و کێشمەکێش و جەنگەی دەسەڵاتی عەرەبی لەپێناوی کەرکووکدا کردوویەتی و دەیکات پەیوەندیی هەیە بەبوونی پەترۆڵ و سامانی کانزایی لەشارەکەدا کەگرنگترینیان بوونی دەریایەکی نەوتە لەژێر خاکی کەرکووکدا،کەدیسان گەڕانەوەی ئەم شارە بۆ سەر جوگرافیای کوردستان دەبێتە فاکتۆری بەهێزبوونی ژێرخانی ئابووری وڵات و گەشەکردنی بازرگانیی لەئاستی دەرەوەدا،هەموو ئەم هۆکارانەش بۆتە هۆی ئەوەی کەرکووك جێەی بایەخ و گرنگیپێدان بێت لەلایەن بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانەوە،دواتریش هەر حیزب و لەئەدەبیاتی خۆیدا ناوێکی تایبەتی بۆ کەرکووك داتاشی کەبەبایەخ و بەگرنگ سەیرکردنی شارەکە دادەنرێ،هەروەك لەسەردەمی شاخەوە تائێستا کەرکووك بەدڵ و قودس و رۆحی کوردستان ناوزەدکراوەو هاوکاتیش کارتێکی بەهێزو کاریگەری دەستی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بووە.کەچی لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە هەرچەندە پرووپاگەندەو دروشمبازی پارتە کوردییەکان بەردەوامە دەربارەی کەرکووك.بەڵام خەریکە فایلی کەرکووك لەدەستی کورد دەردەچێ و کۆمەڵە

عـەرەبێکی نارەســەن‌و تــۆرانی بــەکرێگیراو بەماســتاوکردن‌و مــەراییکردن بــۆ ئەمەریکییــەکان دەیانـەوێت ئـەم شـارە لەدەسـتی کـورد دەربهێـنن ولـەم بوارەشـدا هاوپەیمانەکان‌ومستەر(هـارڤی) پاڵپشت وهاوکاریی راستەوخۆیان بوون،رۆژێك لەڕۆژانیش گرووپی کوردیی هەڵوێستێکی شەفاف وئاشکرایان دەرنەبڕی‌و نارەزاییان بەرز نەکردەوە لەبەرامبەر سیاسەتی بەردەوامیدان بەتەعریب‌و شێواندنی دیمۆگرافیای شاری کەرکووك،کەچی لەئاخری‌و ئۆخریدا کەپۆل هارڤی ملی شۆڕکرد بۆ گەڕانــەوە بــۆ وڵاتەکــەی خــۆی،گرووپی کــوردیی لەگــەڵ کۆمەڵــە برادەرێکــی ئاســووری هــۆڵی کۆبوونـەوەیان بەجێهێـشت کاتێـك نـاوبراو ویـستی دوا وتـەی خـۆی لەبەرژەوەنـدیی عـەرەب‌و تۆرانییـەکان وەك گوللـە بنێـت بەناوچـەوانی کوردەوە،بـەڵام ئـەم هەڵوێـستە چ سـوودێکی نـەبوو چونکە ئـەوە دواجـار بـوو(پـۆل تـەعریب)بەشـداریی بکـات لەکۆبوونـەوەکان‌و دەبێت وەك ئەحمـەد شــەماڵی رەحمــەتی بڵــێین لــەدوای بــاران فــەرەنجیمان بۆچــییە؟بەڵام خەریکــە شــتێکی تــر خــۆی دەخزێنێتـە نێـو ئـەدەبیاتی سیاسـیی پارتـە کوردییەکانـەوە بەتایبـەتی ئـەدەبیاتی پارتی‌ویـەکێتی ئەویش بانگەشەی ئەوەیە کەرکووك عێراقێکی بچکۆلەیەو شـاری هـەموو ئەوانەیـە لەناویـدا دەژیـن کــەبێگومان مەبەســتیان لەتۆرانییــەکان‌و عەرەبــە دەهەزارییــەکان‌و کۆنــە بەعسییەکانیــشە،بەڵام لەراسـتیدا کـەرکووك شـارێکی کوردسـتانییەو نموونەیـەکی بـچووککراوەی کوردستانە،چـونکە هـەموو ئـەو تایفـە ئـاینی‌و مەزهـەبی‌و ئیتنییانـەی کەلەسەرتاسـەری کوردسـتاندا بوونیـان هەیـە جارێکی‌تر هەموویان لەکەرکووکدا کۆبوونەتەوە.کەواتە بەئیجازەی ئـەو برادەرە کۆلکـە سیاسـیی‌و حیزبیانـە:کـەرکووك کوردسـتانێکی بـچووك کرایـەوە نـەك عێراقێکـی بچکۆلە چونکە عێـراق وڵاتـی عەرەبەو کوردستانیش بەکەرکووکەوە وڵاتی کوردانە.

*ئەم وتارە لەژمارە(٢) رۆژنامەی (نیوەند) لە ١٩\٧\٢٠٠٤ بەناوی خواستراوی (سۆزان ئەحمەد) بڵاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# کەسایەتی ژن لەزنجیرەی(حەسەنە فەنی)دا

چەند ساڵێکە وەك نەریتێکی مانگی رەمەزان کەلەبنەڕەتدا مانگێکی دینییە،بەشی درامای تەلەفزیۆنی(خاك)زنجیرەیەکی درامایی پێشکەش دەکات،نکۆی ئەو بەرهەمانە سیناریۆو دەرهێنانی(حسێن میسری)ناوێکن،هەڵبەتە لێرەدا نامەوێ لەرووی تەکنیك و لایەنە هونەرییەکانی ترەوە شیکاری بۆ ئەوە بەرهەمانە بکەم بەقەدەر ئەوەی سەرنجم لەسەر چەند لایەنێکی گشتی و هێڵی گشتی دراماکەو دنیابینی سیناریست و دەرهێنەر هەیە،هەر لەبەرئەوەشە لەسەر رۆڵی ژن لەو زنجیرانەدا دەوەستمەوەو هەوڵدەدەم لەو روانگەیەوە لەبەرهەمەکان بتۆژمەوەو شیکاریی بۆ بکەم. لەپێش هەر شتێکدا لەکارکردنی(حسێن میسری)دا هێڵێکی گشتیی لەکۆی کارەکانیدا درێژ بۆتەوە،ئەویش دابەشکردنێکی دوالیزمیانەی رەوتی رووداوەکان و کەسایەتییەکانی نێو دەقەکەیە وکارەکتەرەکان بەشێوەیەکی ئاگاییانە دابەشکراون بەسەر دوو جۆر لەبیرکردوەو تێڕوانین و رەفتاردا ئەویش جەمسەری خێرو شەڕە،لەبەرامبەر یەکتری راگیراون و لەجەڕولحەبلێکی بەردەوامدان تادواجار وەك هەمیشە جەمسەری خێر بەسەر شەڕدا سەردەکەوێ و دنیا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی راستەقینەی خۆی کەلێوانلێوە لەپاکژیی،ئەمەش دابەشکردنێکی تەقلیدیی و ئایننائامێزەو رەگ و ریشاڵی لەکولتووری کلاسیکی ودنیابینی کلاسیکی تاکی کوردیدا داکوتاوە، ئاینەکان هەمیشە بانگەوازی ئەوە دەکەن،دونیاو مرۆڤەکان بەسەر دووجۆر لەنەریت و رەفتارو بیرکردنەوەدا دابەشکراون،هەر وەك هەمان تەفسیرییان بۆ دیاردە سروشتییەکان کردووە وەك ئەوەی شەو ورۆژ دوو جمکی دژ بەیەکن،یان ساردو گەرم،یان رەش و سپی..هتد لەکاتێکدا بوونی ئەوانە لەسروشتدا بەیەکدی بەستراوەتەوە،پۆلێنکردنی دین بەو شێوەیە،مرۆڤێك هەیە ملکەچە بۆ فەرمانەکانی ئاسمان و ئەفرێندراوێکی خۆشەویستی لای خاوەند بەو بۆنەیەشەوە سروشتی پاکژ بۆتەوە،بەڵام ئەویتر یاخی و سەرچڵەو دوای ویستی مرۆڤانەی خۆی کەوتووە،هەر بەپێی ئەو پۆلێنکردنە ئاینییە ئەوی یەکەم خاوەنی سایکۆلۆژییەکی بێگەردوغەریزەی ژیاندۆستییە لەگەڵ دووەم کەهەڵگری وێرانخوازی و مەرگدۆستی(ساناتۆس)یە،لەکێشمەکێش و ململانێیەکی توندان و

ئەنجامی ئەم ململانێیەش بەسەرکەوتنی هێزی ئیرۆس دەگاتە دواخاڵی خۆی،دروست لەئاینی زەردەشتیدا ئەم پۆلێنکردنە بەشێوەیەکی روون و بەرچاوتر بەدیدەکەین،(ئاهورامەزدا) کەهێزی رووناکییەو سەرچاوەی ژیان و بەختەوەرییە لەکێشمەکێش و کێبەرکێدایە لەگەڵ(ئەهریمەن) کە هێزی تاریکییەو سەرچاوەی بەدبەختی و کوێرەوەرییە،لەئاینی ئیسلامیشدا دیسان بەر حاڵەتێکی لەو چەشنە دەکەوین،بەڵام ئیسلام دابەشیکردووە بەسەر راستی(الحق)و بەتاڵدا(**الباطل**). ئیشکردنی(میسری)لەسەر هەمان نەریتەو دابەشکردنی رۆڵ و کەسایەتی و رەوتی رووداوەکان دابەشکردنێکی کلاسیکییە کەئاوێزانە بەرۆحی ئاینەکان،لەکاتێکدا ئەو لەبیری چووە ئێمە نەوەیەکین کەوتووینەتە دوای(ئەنشتاین)و تیۆری رێژەییەوە،ئەو(ئەنشتاین)لەئەنجامی توێژینەوە فیزیکی وزانستییەکاندا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی هەموو شتەکان لەبووندا بەشێوەیەکی رێژەیی لەئارادان و شتی رەهامان نییە،هەر ئەمەش دەبێت بەبنەما بۆ ئەو بیرۆکە فیزیکییەی دەڵێ (هەموو شتێك لەدۆخی ئاسایدا هاوبارگەیە).واتە هەر شتێك لەبووندا وەربگرین تێکەڵەیەکە لەپۆزەتیڤ و نێگەتیڤ وهیچ شتێکمان نییە بەرەهایی،ئەوەی دوێنێ رەها بوو تەنیا یەك هۆکاری هەبوو ئەویش هەڵەیەکی زانستی بوو،هەر بۆیە لەم رووەوە ئەو دابەشکردنە لەبنەماوە هەڵەیەکی میتۆدیەو دەستکورتی وهەژاریی مەعریفی نووسەری دراماکە دەردەخات،چۆن لەبازنەی بۆشی سوونەتی کۆمەڵایەتی دەخولێتەوەو نەیتوانیوە لەدەقەکەیدا خاوەنی گوتارێکی مۆدێرن و عەقڵانی هاوچەرخ بێت، تەنانەت ئاگای لەبنەمایەکی زانستی نییە کەئەوەندە وتراوەتەوە ئاشکرایە هیچ نامۆییەکی لەهەناودا هەڵنەگرتووە ئەم دەسکورتییە ئەوەندە ئاشکرایە وەك(درەوشانەوەی پارچەیەك ئەڵماس وایە لەژوورێکی تاریکدا).لەلایەکی‌ترەوە ئەگەر سەیری رۆڵی ژن و پیاوو کەسایەتی ژن بکەین لەزنجیرەکانی (میسری)دا دەبینین ژن وەك کارکتەرە لەنێو دراماکە رۆڵ دەگێڕێ بەڵکو زۆر جار رۆڵی سەرەکی و پاڵەوانێتی نمایش دەکات،بەڵام وەك رۆڵی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسیی و ئابووری، کۆمبارسانە رۆڵی هەیەو لەپەراوێزدایە،ئەگەر روونتر بڵێم(شەوبۆ)کچە (بەستەزمانە)کەیە لەدراماکەدا وەك نواندن رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ بەڵام وەك بەشداریکردن لەئاراستەکردنی رووداوەکان رۆڵێکی کۆمبارسانەی پێدراوە،ئەمە بێجگە لەوەی چەندین جار وشەی بەستەزمان و مورادیفی جۆراوجۆری ئەو وشەیە لەوەسفی(شەوبۆ)دا بەکارهاتووە کەبەبۆچوونی من ئەمە دەرخەری دو حاڵەتە،یەکەم: بەکەم سەیرکردنی کەمئەندامان ئەمەش بەپاساوی ئەوەی ئەو کەم و کورتییە جەستەییە کاریگەری کردۆتە سەر باری کەسێتی ئەو تاکە،دووەم:بەکەم سەیرکردنی ئافرەت وەك بەدرێژایی زنجیرەکە هەستی پێدەکەین.دواتر ئەگەر لەرۆڵی (بەنازو ئاڵا)ورد بینەوە دەبینین ئەم دوو کارەکتەرە هەردووکیان ژنن و نموونەی ژنی کوردن بەڵکو تا رادەیەك رۆشنبیرن و سەر بەچینی بۆرژوازیی کۆمەڵیشن،راستەو خۆ بوونەتە هۆی شێواندنی باری خێزانی ماڵی (کەریمی میرزارەشی)وهەموو ئەوانەی بەشێوەیەکی نزیك گرێدراوی ئەو ماڵەن،هەرئەوان(بەنازو

ئالاّ)رۆڵ دەبینن لەهاندانی هاوسەرە پیاوەکانیان بۆ چاوچنۆکی وپارەکۆکردنەوەو لەژێرکاریگەریی وکارتێکردنی ئەواندا ناچارن دەستبەرن بۆ دزیکردن لە نزیکترین کەسی خۆیان و سەرەنجامیش کوشتنی باوکیانی لێدەکەوێتەوە کەکوشتنێکی راستەوخۆیە،لەناو گێژاوی رووداوەکان و مەترسی هەڵدرێران(کاوە)چەندین جار ئارەزووی ئەوە دەکا لەکارەکانی پەشیمان بێتەوە،بەلاّم(بەنان) فشاری بۆ دێنێ وناچاری دەکات بەردەوام بێت،هاوکات(محەمەد)زۆرجار رامان دەیگرێ بەلاّم(ئالاّ) کۆتی کردووەو بەعەقڵ و بیرکردنەوەی خۆی ئاڕاستەی دەکات،ئەمەش رەنگدانەوەو فۆتۆکۆپیکردنی واقیعی کۆمەلاّیەتی و کولتووری کۆمەڵگەی کوردییە،کۆمەڵگەی کوردیش وەك بەشێك لەدنیای رۆژهەلاّت و کۆمەڵێکی سوونەتی-خێڵەکی ئافرەتی بەسەرچاوەی نەگبەتی وکلۆڵ بوونی پیاو داناوەو هەمیشە(ژن)وەك شەیتانێك تەماشاکراوە لەپشتی پیاوەوە راوەستاوە بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێك پیاو دەیکات.هەر لەدرێژەی رۆشتنی رووداوەکانی دراماکە ئەو دوو کەسایەتییە(ئالاّ-بەنان)داوێك بۆ(سازان)ی هاوسەر(سەروەر)دەنێنەوەو(سازان)یش تەسلیم بەقەناعەتی ئەوان دەبێت و دەیەوێ لەچوارچێوەی بیرکردنەوەی هاوسەرەکەی دەربچێ،لێرەدا کار لەسەر ئەوە کراوە ئەو ختورەو هەوڵدانەی(سازان)بەکارێکی سلبی ونەشیاو نیشان بدرێ، بەلاّم دواتر بە(حیکمەت)و(لێزانین)ی پیاو ئەو مرۆڤەی سەرگەردان بووەو دەیەوێ سەرچڵی تۆماربکات (واتە سازان) دەهێنرێتەوە ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاّتی هاوسەر(پیاو).ل تراکەکانی دواتردا دەبینرێ ئەو ملکەچکردنەی ژن بۆ پیاو وئارەزووەکانی پیاو دەبێتە مایەی ژیانێکی خۆش و دوور لەتەنگ و چەڵەمە،ئەمەش دیسان سەلمێنەری ئەوەیە چۆن کارکراوە لەسەر کۆتکردن و لەچوارچێوەنانی ئەوی دی ژن لەچوارچێوەی بیرکردنەوەو سنوورە ئەخلاقییەکانی پیاو.ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ لای کەسایەتی(شەوبۆ)هەرچەندە رۆڵی وی لەدراماکەدا نێگەتیڤ نییە،بەو مانایەی هاندەری کارە نەشیاوەکان نییە،بەلاّم بەدرێژایی زنجیرەکە(شەوبۆ)ی ئافرەت کەسایەتییەکی لاوازوداماو وبەستەزمانە،چەندە گوێڕایەڵەو چەندە جوانیشە ئەو گوێڕایەڵییە،ئەمەش راهێنانی تاکی ئافرەتە لەسەر گوێڕایەڵیکردنی پیاو وبەردانی ئاڕاستەی شەمەنەفەری ژیانی خۆی و تەسلیمکردنی بەئەویتری پیاو.هەر ئەو رەفتارو گوێڕایەڵییەیە وایکردووە(شەوبۆ) لای هەمووان خۆشەویست بێ وتەنانەت بەو هۆیەوە کوڕێك دەیەوێت زەواجی لەگەڵدا بکات،لەراستیدا(شەوبۆ) لەو زنجیرەیەدا مرۆڤێکی خاوەن راو بۆچوون و رەفتاری تایبەت بەخۆی نییە بەڵکو زیاتر ئامێرێکە بۆ خزمەتکردنی بەشی زۆری ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەخێزانەکەیەوە هەیە،لەباشترین حاڵەتدا (شەوبۆ)جلشۆر(غسالە)و کارگوزارەو هیچی دی،خۆشەویستییەکەشی هەر بەقەدەر ئەوەیەو بۆ ئەوەیە نەك بۆ مرۆڤبوونی ئەو تاکە لەپەیوەندییە خۆشەویستییەکەشیدا زۆر شەرمنەو شەرم لەهەر پیاوێك دەکات،هەموو ئەمانەش هەوڵێکە لەکایەی هونەردا بۆ لەقاڵبدانی ژن و راگرتنی لەدۆزەخی پیاوسالاریدا،هەر لەبەرئەوەی پیاو کائینێکی گەورەو پیرۆزو بەنرخترە!ئیدی ژن دەبێ

شەرم بیگرێ لەبەردەم ئەم بوونەوەرە پیرۆزە خواوەند زۆر بەتایبەت ئەفراندوویەتی وئەرکی گەورە وپیرۆزی لەسەرشان داناوە.ئیدی‌دەبینین پەیوەندیی خۆشەویستی ئەو دوو کارەکتەرەکە(شەوبۆ-ئاوات)هەر لەناو خۆشەویستیدا نامێنێتەوە،ئێمە ئەڵقەی کۆتایمان دیو ئاهەنگی شەوبۆو ئاوات-مان نەدی بەڵام ناراستەوخۆ دەزانین ئەو دووانە لەدواجاردا دەگەنە زەواج.من لێرەدا لەسەر ئەمە هەڵوەستە دەکەم‌وزنجیرەی(رەشەی پۆلیس)وەبیردەخەمەوە چۆن هەمان کەسایەتی(شەوبۆ)دواجار لەخۆشەویستییەکەیدا لەگەڵ کوڕەکەی رەشەی پۆلیس(هیوا)کەئامۆزایەتی دەگاتە زەواج،ئەوەی بەلامەو جێگەی سەرسوڕمانە(هونەرمەند)بێت کولتوورێك بگوازێتەوە بۆ نێو هونەر کەکولتوورێکی ئێکسپایەرو دواکەوتووانەی کۆمەڵگە بێت،بەپێی تەقالیدی ئەم کۆمەڵگەیە دەبێت چارەنووسی خۆشەویستی تەنیا بەزەواج بگات ئەگەرنا ئەوە خۆشەویستی نابێ،ئەم بیرکردنەوەیەش تەنیا بیرکردنەوەی کۆمەڵێکی داخراوی چەپێنراوە،کەچارەنووسی خۆشەویستی مەحکوم دەکا بەزەواج چونکێ ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە ناتوانن‌و ناچێت بەهۆشیاندا دوو مرۆڤ لەدەرەوەی بازنەی زەواج یەکتریان خۆشبوێت،هەربۆیە دەبینین چوارچێوەیەکی بێ‌مانایان قوتکردۆتەوە کەکۆبوونەوەی ژن وپیاو لەدەرەوەی گرێبەستی زەواج"کەپەڕەیەکەو بەلای منەوە هیچ نرخ وبەهایەکی نییە"جۆرێکە لەبەدرەوشتی ولادان لەرەوشتی گشتی کۆمەڵگە،چونکێ کۆمەڵگای ئێمە رەوشتی نوساندووە بەجەستەی مرۆڤەوەو بەستوویەتییەوە بەپارچەیەك یان راستر بڵێین بەئەندامێکی لەشی مرۆڤەوە، کەلەدنیای مۆدێرن‌و هاوچەرخی ئاوێزان بەبیری رۆشنگەریی وعەقڵانیەت‌و مودێرنە ئەخلاق خراوەتە دەرەوەی جەستەو لەئەندامی زاوزێی مرۆڤ رزگاریان کردووە،بۆ نموونە(مارکس-ئەنگلس)توانیان ئەخلاق لەئیماژە نێوگەڵییەکانەوە بگۆڕن بۆ کۆمەڵە پرەنسیپێکی تر،دووبارە دەڵێم کارکردنی(میسری)لەم حاڵەتەدا بەهۆشیارانە بێ یان بەپێچەوانەوە گواستنەوەی کولتووری سوونەتی وباوە بۆ نێو هونەر کەلەواقیعدا هونەر پێش بارودۆخ‌و کولتووری باو دەکەوێت نەك لەبەرگرتنەوەو جوینەوەو دووبارەکردنەوەی نەریتە باوەکان،من پێموانییە ئەرکی هونەرو رۆڵی هونەر شتێکی دابڕاو بێ لەواقیع بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە ئەرکی هونەر مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیع بەڵام بەمانا ریالییە رووتەکە نا بەڵکو هەوڵدانە بۆ پێشکەشکردنی دنیایەکی نوێ هێشتا نەهاتۆتە ئاراوە،بەڵکو زۆرجار کەم بیریشی لێ‌کراوەتەوە.حەز دەکەم قسەیەکی تریش لەبارەی زنجیرەی رەشەی پۆلیسەوە بکەم دەربارەی رۆڵ‌و پێگەی ژن لەزنجیرەکەدا،ژنی حاجی ئەکرەم ژنێکی دەستەمۆو پاسیڤ وتێکشکاوە.تەنانەت لەیەکێك لەمەشهەدەکاندا لەبەردەم(حاجی ئەکرەم)دا رەنگی‌سپی دەبێ و رادەوەستێت وزمانی گۆ ناکات قسەبکات هەرچەند حاجی‌دەنەڕەێنێ بەسەریدا ناتوانێ قسە بکات،ئەگەر لێم بپرسی تۆ بۆ رەخنەت لەسەر ئەمە هەیە بەڵکو نوسەر ویستوویەتی ئەو حاڵەتەی کۆمەڵی کوردی بگوازێتەوە؟دەتوانم ئەوە بڵێم ئەوە گواستنەوەیە نییە بەڵکو نیشاندانی ملکەچپێکردنەو ئەو ژنەش لەزمانی خۆیەوە دەڵێ ناچارەو تازەعەیبە بەو پیرییەوە لەو

کۆیلایەتییە هەڵبێ!بەڵام ئایا یاخیبوون لەچوارچێوەکان پەیوەندیی بەتەمەنەوە هەیە؟ئایا یاخی بوون پەیوەندیی بەژنبوونو پیاوبوونەوە هەیە؟لەهەمان کاتدا(مەجیدو نەسرین)دوو کارەکتەری سەرەکینورۆڵەکەشیان تەنیا لەفلیمی هیندیدا هەیە،جێگەی لەسەر وەستانو قسە لەسەرکردنە، ئەوان تێکڕا(مەجید)بەقارەمان دەزانن،بەڵام ئایا چۆنو بەچی مەجید بووە بەقارەمان؟لەبەرئەوەی لەگەڵ براژنەکەی خۆی ماوەتەوەو منداڵەکانی وی لەدوای برا شەهیدەکەی پەروەردە کردووە بەبێ ئەوەی لەگەڵ(نەسرین)چووبێتە نێو پرۆسەی هاوسەرییەوە،لەمیانیشدا کۆششکراوە بکرێتە شتێکی عەیبە ژنێك دوای مەرگی هاوسەرەکەی زەواج بکاتەوە!هەوڵدراوە درێژ بەو کولتوورە دواکەوتووە بدرێ ئافرەتی ناچارکردووە دوای مردنی مێردەکەی لەگەڵشوبراکەی بچێتە پرۆسەی هاوسەرییەوە!هەرچەندە (نەسرین) لەگەڵ(مەجید) نەبووتە هاوسەر بەڵام ئەو حاڵەتە ڕاگرتنی ژنە لەژێر سێبەری ئەو پیاوەدا،ئەوە گرنگ نییە لاپەڕەیەك وەك گرێبەستی زەواج مۆرکراوە یا نا بەڵکو ئەوە گرنگە ئەو ژنە لەچوارچێوەی بنەماڵەی هاوسەری ڕابردووی دەخولێتەوە!هەوڵدراوە وێنایەکی وەها بەرهەمبهێنرێت ژن بەبێ پیاو ناتوانێ ژیانی ئابووری خۆیو منداڵەکانی دابین بکات،ئەمەش پێویستی کردووە بەردەوام پیاوێك هەبێ ئەم ئەرکەی لەکۆڵ بکاتەوە.لەکەسایەتی (چیا)دا وەك سەرەکیترین کارەکتەر لەرەشەی پۆلیسدا دیسان لاوازیی ژن دەردەکەوێ،(چیا) هەوڵیدا یاخی بێتو لەچوارچێوەیماڵیخۆی دەربچێ؟بەڵام(میسری)یاخیبوونەکەی بەشێوەیەکی کاریکاتۆریی بەرجەستە کردووە،ئەوەتا(چیا)زیاد لەجارێك دەڵی(ماڵی مامی خۆمەو بێگانە نییە) باشە ئەگەر چووبایەتە ماڵی بێگانە ئەوسا(چیا)چیدەوت؟لەکوردەواریدا مام وەك باوك وایە لەبەر ئەوە ئەوەی(چیا) ئەنجامیدا بارکردن بوو بۆ ماڵی مامی نەك یاخیبوون؟چیا لەهیچی باوکی یاخی نەبوو بوو بەڵکو ناڕەزایەتی دەربڕی لەبەرامبەر ڕێگریی باوکی بۆ ئەوەی نەبێتە هاوسەری(هیوا)ی کوڕی مامی،ئەم ڕێگرییەش زیاتر پەیوەندیی بەکۆنە قینەوە هەبوو،ئەگەرنا(حاجی ئەکرەم)هیچ بەربەستێکی دروست نەکردبوو لەبەردەمیدا بۆ ئەوەی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێ،چەند جارێکیش (چیا)دەیووت هیوا کوڕی مامی خۆمە!ئەم ڕستەیە زۆر مەغزانی هەیەو دەکرێ بەچەند دیوێکدا بخوێندرێتەوە! ئەگەر هیوا کوڕی مامی نەبوایە ئایا نەدەبوو چیا خۆشەویستی لەگەڵدا بکات؟ ئایا خۆشەویستی تەنیا ئەو کاتە ڕەوایە هی ئامۆزاکان بێ؟ئایا ئەمە هەوڵدان نییە بۆ قەتیسکردنی خۆشەویستی لەچوارچێوەی بنەماڵەدا؟زۆر شتی تر هەیە دەکرێ بوترێت، بەڵام ئەوەندەی من تەماشای ئەو زنجیرانەم کردووە ئەم چەند ڕستەیەم لەلا گەلاڵە بوو،گەیشتمە ئەو بڕوایەشی چۆن کاکی نووسەر(میسری)بەبێئاگا کەوتۆتە هەڵەیەکی کوشندەوەو چۆن بەهەمان نەفەسو چاویلکەی کۆمەڵگە لەئافرەت دەڕوانێت.هیوادارین (جومعە شێت)کەبەرهەمی نوێی(میسری)یە توانیبێتی ئەم حاڵەتە تێپەڕ بکات یان هەر نا ئەم ڕستەگەلانە بەهەند وەربگرێو بچێت یەك دوو

کتێبیان لەبارەی ئافرەت و مافی ئافرەتان بخوێنێتەوە تا لەکارەکانی داهاتوویدا بەهەمان هەڵەدا نەڕواتەوەو ڕێز لەژن بگرێت وەك مرۆڤ وەك هاوشان و هاوژیانی پیاو.. بەو هیوایەن.

تێبینی:ئەو بۆنەی هانیدام بۆ نووسینی ئەم سەرنجە،دووبارە نمایشکردنەوەی زنجیرەی (حەسەنە فەنی)بوو لەکەناڵی ئاسمانی کوردسات.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٢) ڕۆژنامەی (ڕاسان) لەئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# کورد..ئەمەریکا..گۆڕانکارییە سیاسییەکان

ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣دا ناتوانرێ وەك ئاڵوگۆڕێکی ڕامیاریی گرنگ لەعێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەماشا نەکرێت،چونکە ڕوخانی بەعس و سیستمی دەسەڵاتی تۆتالیتاریی و ئەو پارتە(بەعس)تەنیا هەرەسهێنانی ئەو دەسەڵاتە نییە بەتەنیا بەڵکو ئەوە سەرەتای زەنگێکی وریاکەرەوە بوو کەدەبێت ئەو شێوە دەسەڵات و سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی پێبێت، لەبەرئەوەی چیتر ناتوانرێت لەدونیای هاوچەرخی ئەمرۆدا قبوڵی ئەو شێوە کلاسیکی و کۆنەپەرستییەی دەسەڵات و حکومڕانی بکرێت. هەر بۆیە دژایەتیکردنی دەوڵەتە ئیستیبدادیی ودیکتاتۆرییە هەرێمییەکان و شاکانی کەنداو دیاردەیەکی عەفەویی نییە،بەڵکو لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە ئەمەریکا لەپرۆژەکەیدا هەیەتی بۆگۆڕینی ئەو جۆرە شێوە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە ڕەهایە لەتەواوی دنیادا بەگشتیی و لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی.ئەمەریکا ئەوڕۆ وەکو بەهێزترین جەمسەری جیهانی لەرووی ئابووری و سەربازیی وئامادەیی تەکنەلۆژییەوە خاوەنی بەهێزترین دەسەڵات و هەژموونە، ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی پرۆسێسی ئەو گۆڕانە ڕادیکاڵییانە دەکات لەڕۆژهەڵاتی نێویندا. دیاریشە مەحاڵە هیچ هێزێك بتوانێت لەمپەر لەبەردەم هەژموونی ئەمەریکا دابنێت و ڕوخانی سەددام ڕژێمەکەشی دوا وێستگەی شەمەندەفەری گۆڕانکارییەکانی ئەمەریکا نابێت.تا ئێرە ئاشکرایە گۆڕان لەناوچەکەدا حەتمییەو مانەوەی ئەم جۆرە دەسەڵاتانەش بەراددەیەك مەحاڵە وەك

کردنی حوشتر وایە بەکونی دەرزیدا.بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە کورد دەبێت لەم بارودۆخەدا چی بکات‌وخاوەنی چ گوتارێکی سیاسیی بێت؟چۆن دەتوانێت زۆرترین کەڵك لەم هەلومەرج‌و وەزعیەتە سیاسییە پڕ لەئاڵ‌وگۆڕە وەربگرێت؟.دیارە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بەو شێوەیەیە دەبێت کورد ئەم فرسەتە لەبار نەبات‌و بەوپەڕی ئاگایی سیاسییەوە مامەڵەی لەتەکدا بکات. ئەمەش بەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەشێوەیەکی راشکاوترو شەفافترو وەك تەرەفێکی خاوەن کێشەیەکی گرنگ‌و مێژوویی داخوازیی‌و ویستی نەتەوەیی گەلی کورد بگەیەنێتە ناوەندەکانی بڕیار چ لەسەر ئاستی عێراق‌و چ لەسەر ئاستی جیهان. قۆناغی ئێستا چیتر قۆناغی شەرمنی سیاسیی‌و دیپلۆماتیی نییە. ئاشکراشە سیاسەت لەسەر بنەمای سۆزو دڵدانەوە ناکرێت بەڵکو سیاسەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە،خۆرئاوا بەشێوەیەکی گشتیی لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەت دەکات‌و کاتێکیش بیرمەندی ناسراوی ئیتاڵی(نیکۆلۆ مەکیاڤیلی)دێت‌و تێزەکانی خۆی لەسەر سیاسەت فۆرمۆڵە دەکات ئیدی بەهەموو شێوەیەك سیاسەتی خۆی لەهەر جۆرە ئیلتیزام‌و مۆراڵێك جیادەکاتەوە،ناپلیۆن پۆناپارت یەکێك بوو لەو کەسانەی کە زۆر مەکیاڤیلیانە سیاسەتی دەکردوخەونی جیهانگیری خۆی پەرەپێدەدا لەیەکێك لەوتەکاتنی خۆیدا ئاماژە بەوە دەدات کاتێك رووی کردۆتە هەر وڵاتێك بەمەبەستی داگیرکردنی خۆی خۆی خستۆتە سەر ئاینی ئەو شوێنەو کاتێکیش رووی کردۆتە میسر وەك موسوڵمانێکی خواناس خۆی نیشانداوە،ئەو ساتانەشی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق ئەنجام دەدات‌و جەنگێکی جیهانی دژی جەمسەری تیرۆری نێودەوڵەتی بەرپادەکات راستەوخۆ ئەمە بەو مانایە نییە،ئەمەریکا لەروانگەی پابەندبوونی بەمۆڕاڵەوە ناچاربووە بۆ ئەو جەنگەو دەستپێکردنی ئەو پرۆسیسە نوێیە کەهەنووکە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەرمەیدایە..تەنانەت خودی ئەمەریکا خاوەنی تۆمارێکی رەشە لەپاڵپشتیکردنی ماددیی‌ومەعنەویی‌ولۆجستی دەوڵەتە تۆتالیتاریی‌و گروپ‌ورێکخراوە تیرۆریستییەکان،دەبینین لەقۆناغێکدا دەسەڵاتی سیاسیی ئەمەریکا (کۆشکی سپی -کۆنگرێس) راستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆسەی پڕ چەککردنی رژێمی بەعس دەکەن بەنوێترین چەکی کۆمەڵکوژی نێوترۆنی‌وکیمیایی.چەندان بەڵگەو دیکۆمێنت لەبەردەستدان گەواهی ئەو راستییە دەدەن.بۆ نموونە نووسەری ناسراو(دەیڤید مۆبێرگ)لەیەکێك لەوتارەکانی خۆیدا بەمجۆرە دەنووسێت:راپۆرتێکی نوێی پەیمانگای لێکۆڵینەوە سیاسییەکان لەڕێی بەکارهێنانی دیکۆمێنتی چاپنەکراوی دەوڵەتەوە ئەوە دەردەخات چۆن دۆناڵد رامسفیڵدو یارمەتیدەرانی تری رۆناڵد رێگان لەنزیکەوە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٧ لەگەڵ سەددام حسێن کاریان کردووە(پاش ئاشکرابوونی بەکارهێنانی گازی ژەهراویی لەجەنگی نێوان عێراق- ئێران)لەدوا هەوڵی سەرنەکەوتوودا بۆ یارمەتیدانی کۆمپانیای فرەرەگەزی بێکتێل بۆ بنیاتنانی بۆرییەکی نوێی نەوت لەعێراق. تەنانەت رەوتە ئیسلامییە چەکدارەکان بەپلان‌و رۆڵی ئەمەریکا بەهێزکران‌و واشنتۆن

رۆڵـی کاریگـەری بینـی لەپەرەپێـدانی توانـای مـاددیی و سـەربازیی ئـەو گروپانـەداو ڕاهێنانیـان بەباشـترین تـاکتیکی سـەربازیی وپارتیزانی و بـەکارهێنانی هـەموو جـۆرە چـەکێکی تەکنـەلۆژیی و هاوچەرخ.. (جۆن فۆستەر دالاس)ی گەورە ژەنەڕاڵی ئەمەریکا لەساڵی ١٩٥١دا ئەو پێشنیارە بۆ وڵاتـە یـەکگرتووەکان دەکـات لەبەرامبـەر ئیلحـادو ماتریـالیزمی کۆمـۆنیزم پـەرەو گرنگـی بـدرێت بەرەوتە ئاینییەکان لەیەکێتی سۆڤیەت و دەوروبەریـدا بەتایبـەتی لەنێویانـدا رەوتـە ئیسلامییەکان لەئەفغانستان و ناوچـەکانی تـری رۆژهـەڵاتی نـاوین و نزیکـی رووسـیا.لـەم قۆناغـەدا ئەمـەریکا بۆ لەمپـەردانان لەبەرامبـەر گەشـەو هـەژموون و شـەپۆلی سۆشیالیستی ودەسەڵاتی دەوڵـەتی شـورەی و بلۆکی کۆمـۆنیزم پـەرەدەدات بەکۆنەپەرسـترین رەوتـی سیاسیی،ئوسـامە بـن لادن و سـافیمبی دوو پیاوی بەڕێزی هاوپەیمانی ئەمەریکاوسیا(دەزگای هەواڵگری ئەموریکا)بوون،هـەر ئەمـەریکا وەکو دوو تیرۆریستی دوو دنیـای جیاواز پڕ چەکیان دەکات،کـاتێکیش ئوسـامە بـن لادن لەسعودیەوە بەڕێدەکـەوێت بـەرەو ئەفغانسـتان هیچـی تـر نییـە جگـە لەکاراکتـەری سیناریۆیەك و داشـی دامـەی پرۆتۆکۆڵـەکانی سـیاو کـۆنگریس بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی دەسـەڵاتی یـەکێتی سـۆڤیەتی پێـشوو، تەنانـەت جێگـەی سەرسـوڕمانە کاتێـك دەبیـنین سـەرکردەیەکی سیاسـیی و سـەربازیی عـەرەبی- ئیـسلامی وەك(عەبـدوڵڵا عـەزام)لەقودسـی(موحتەلـە)و لەرووبەڕووبوونـەوەو(جیهـادی)جولەکـەوە مەیـدانی جموجـوڵی چـالاکییەکانی خـۆی دەگوازێتـەوە بـۆ ئەفغانـستان تائـەو سـاتەی لـەوێ دەکوژرێت کەلەهەمان کاتدا فەلەستینییەکان پێویستیان زۆر بەتواناو لێهاتوویی سەرکردەیەکی وەك عەزام هەبوو!.کەبەستەڵەکی جەنگی سارد توایەوەو کامپی کاپیتالیستی خۆرئاوا بەرێبـەریی ئەمـەریکاو کۆشـکی سـپی و نـاتۆ سـەردەکەوێت بەسـەر بلـۆکی رۆژهـەڵات و کـرملین و وارشـۆدا، ئەمـەریکا رزگـاری دەبێـت لەئەگـەری هـەر هێرشـێکی ئـەتۆمی و لـەروودانی جـەنگی ئـەتۆمی، ئیتر سـەردەمی عەمالـەتی ئـەم رەوتانـە بەسـەر دەچـێت و لـەقۆناغێکی دواتریـشدا هـەر ئـەم هێزانـە دەیانەوێ ببنە لەمپەر لەبەردەم هەیمەنەی ئەمەریکی ومەترسی گەورە بۆ بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی ئەمەریکاو کۆمپانیا فرەرەگەزو مۆنۆپۆلەکان دروستدەکەن و دەبنە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکی.ئیدی ئەمـەریکا بانگەشـەی قەڵاچۆکردن و لەناوبردنی ئـەم تـەیارە تیرۆریستانە دەکات و لەهەمان کاتدا هەوڵدەدات لەرێگەی میدیاوە وای نیشانبدات ئەوان ئەرکێکی ئەخلاقی گەورە لەسەرشانی خۆیان دەبینن لەبەرامبەر پارێزگاریکردنی ئاسایشی گشتی جیهان و کەمکردنـەوەی مەترسـییەکانی تـیرۆرو تۆقانـدن و کوشـتنی هاوولاتیـانی سـیڤیل و بـەکارهێنانی چـەکی کۆمـەڵکوژو ئەتۆمی وڤایرۆسـی،ئەمەریکا لـەو چرکەسـاتەی ئامادەکـاریی دەکـات بـۆ پـەلاماردانی عێـراق ئـەو پاسـاوە بـەکاردەهێنێت سـەددام حـسێن و رژێمەکـەی هـۆی یەکـەمی نەهامەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراقن،تائێرە ئەمە راستە سەددام هۆی تراژیدیاکانی سەرجەم گـەلانی عێـراق بوو،بـەڵام هـەر خـودی ئەمـەریکا و هاوپەیمانـەکانی بـوون چاوپۆشـیان لەبەکۆمـەڵ

کوشتنی کوردو گۆڕی بەکۆمەڵ و ئەنفال و هەڵەبجە کرد.ئەمەریکا بۆ رزگارکردنی گەلەکانی عێراق نەهاتووە چونکە ئەمەریکا ئامادە نییە سەدان سەربازی خۆی لە فەلوجە بکاتە قوربانی و ملیارەها دۆلار بەکاربهێنێ بۆ سەرخستنی پرۆژەکەی لەعێراقدا، چونکە هەر هەمان ئەو ئەمەریکایەیە سالأنە هەزاران تۆن خۆراك و دانەوێڵە نوقمی ئۆقیانووسەکان دەکات و لەئەفریقاش ملیۆنەها مرۆڤ برسی وهەژارن. بۆیە بێگومان هاتنی ئەمرۆی ئەمەریکا بۆ عێراق پلان و ئەجیندای تایبەتی لەپشتەوەیەو خەلیلزادو مارێنزیش تەنیا جێبەجێکاری ئەو پلانانەن ئەمەریکا نەخشەی بۆ کێشاوە،ئەی کەواتە ئەمەریکا چی پاڵنەری بووە لەم جەنگەو ئەو جەنگانەی تر کەکابینەکەی بوش و پلاندانەرانی ستراتیژیی ئەمەریکا پلانیان بۆ داناوە؟.وەڵامەکە زۆر روون ئاشکرایە ئەویش فراوانکردن و بەرینکردنی سنووری دەسەڵات و هەژموونی سیاسی و کولتووریی و فەرهەنگی ئەمەریکایە.کۆتایی هاتنی دنیای دوو جەمسەریی هەلێکی زێرینی دایە دەست ئەمەریکا وەك تاکە جەمسەر رەفتار بکات و نەخشەی سیاسی جیهان دابڕێژێتەوە بەبێ گوێدان بەڕای گشتی و کۆدەنگی نێودەوڵەتی.هەروەك نووسەری ناسراو(دەیڤید مۆبێرگ)ئاماژەی پێدەدات کاتێك دەڵێت: نەمانی یەکێتی سۆڤیەت ئازادییەکی جوڵانەوەی تری بەئەمەریکا بەخشی،هەردوو بەڕێوەبەرێتی بوشی یەکەم و بیل کلینتۆن لەڕێگەی جیاوازەوە بەردەوامبوون لەهاوسەنگکردنی کۆدەنگی نێو دەوڵەتی و کۆلایەنی(مەڵتی لاترالیزم)لەگەڵ تاکڕەوێتی ئەمەریکادا،بەڵام بەڕێوەبەرێتی ئێستای بوش بەئەندازەیەکی مەترسیدار رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان،کۆدەنگی و رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی وەلاناوە،لەکاتێکدا پێداگریی دەکات لەسەر مافی خۆی لەهەڵگیرساندنی جەنگی خۆپاریزیی و بەمەش بنەما سەرەکییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان رەتدەکاتەوە، گۆڕانکاریی لەستراتیژی نیشتمانیدا بەشێوەیەکی نادیبلۆماتیکی وهەڕەشەئامێزانەی نوێ هەر لەبەرپرسانی وەك رامسفیڵد تادەگاتە خودی جۆرج بۆش جەختی لێکراوەتەوە. ئەمەریکا لەڕێگەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە کەتاکتیکێکی نوێی ستراتیژیەتێکی کۆنە راستەوخۆ گەشەو برەو دەدات بەخولیای تاکڕەویی و جیهانگیریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام لەراستیشدا زۆر هۆ هەن کەوا دەکەن ئەمەریکا بتوانێت بەئاسانی ئەم پرۆسەیە بەئەنجام بگەیەنێت،دەتوانین بڵێین ئەوەیە ئەمەریکا خاوەنی ژێرخانێکی ئابووری بەهێزەو دراوەکەشی خاوەنی بەهاو ئیعتبارێکی بەرزەو ئاستی بەرهەمهێنان بەراددەیەکی سەرسوڕهێنەر گەشەیکردووە،تەنانەت لەوڵاتێکی پیشەسازیی وتەکنۆلۆژیی وەك ژاپۆن کەیەکێکە لەحەوت وڵاتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان بەرهەمەکانی پیشەسازیی و تەکنەلۆژیای ئەمەریکی و ئۆتۆمبێلی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا رێژەیان زیاترە لەبەرهەمهێنراوە لۆکاڵییەکانی ژاپۆن خۆی. ئەمە لەکاتێکدایە ژاپۆن خاوەنی گەورەترین کارگەو پیشەسازیی دروستکردنی نوێترین جۆرەکانی ئۆتۆمبێلە،دۆلاریش وەك دراوی ئەمەریکی تاراددەیەکی کاریگەر رۆڵی خۆی هەیە لەم پرۆسەیەدا، تەنانەت وەختێك یۆرۆ نرخی لەبەرامبەر

دۆلاردا بەرز دەبێتەوە دیسان ئەمەشیان لەبەرژەوەندیی ئابووری ئەمەریکایە، هەر بۆ نموونە (گیرهارد شرۆیدەر)ی راوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا لەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانی خۆیدا مەترسی خۆی نیشانداوە لەبەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی یۆرۆ لەبەرامبەر دۆلار،چونکە ئەمە وا دەکات تەنانەت لەپایتەختو جەرگەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا زۆرترین داواو کڕین لەسەر بەرهەمهێنراوەکانی پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیای ئەمەریکی بێت.ئەمەش بەهۆی هەرزانی نرخەکەیەوە،کە دواجار ئەوە هۆی دروستبوونی بازاڕێکی گەرمە بۆ کاڵاکانی ئەمەریکا لەو ئەوروپایەی دەیەوێت وەکو جەمسەرێك لەبەردەم ئەمەریکا خۆی قووت بکاتەوە. لەم بارەیەوە نووسەری ناودار(ئەمانوئیل وەلرشتاین)دەڵێ:وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك وڵاتێك بەئەندازەیەك لە وڵاتەکانی تر بەتواناترو بەهێزبوو،توانایيە ئابوورییەکەی لەساڵی ١٩٤٥دا لەپێش وڵاتەکانی ترەوە بوو کەدەیتوانی کاڵاکانی لەهەر وڵاتێکدا هەرزانتر بفرۆشێتو توانای سەربازیی ئەمەریکا نەدەکرا بەهیچ جۆرێك لەگەڵ هیچ وڵاتێکی تردا بەراورد بکرێت،ئەنجامەکەشی ئەوە بوو توانی هاوپەیمانییەکی دوولایەنەو چەند لایەنی ترسناکی وەك پەیمانی باکووری ئەتڵەسی(ناتۆ)و رێکگەوتنامەی سەربازیی ئەمریکا- ژاپۆنو هتد.. بهێنێتەدیو بەگوێرەی ئەوانە ئەمەریکا وەك دەسەڵاتێکی زاڵ لەرووی فەرهەنگییەوە ناوەندێتییەکی جیهانی بەدەستهێنا،نیۆیۆرك بووە ناوەندی فەرهەنگی لەئاستێکی بەرزداو فەرهەنگی گشتیی ئەمەریکا بەهەنگاوی گەورە بەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبووەوە.

بێجگە لەمانە گلۆباڵیزەیشن(العولمە- بەجیهانیکردن)فاکتۆرێکی ترە یارمەتییەکی گەورە پێشکەشدەکات لەسەر رێگای هەژموونی ئەمەریکیو بەجیهانیکردنی کولتوورو فەرهەنگی ئەمەریکا،بەشێکی زۆر لەبیرمەندانو نووسەرانو چاودێرانی سیاسیی وا شرۆڤەی بەجیهانیکردن دەکەن بەجیهانیکردن رووەکەی تری بەئەمەریکایيکردنە، بۆ نموونە (د. عەبدوڵڵا عوسمان ئەلتومو د. عەبدلرەئوف محەمەد ئادەم)وەکو دوو نووسەری عەرەبی لەکتێبەکەی خۆیاندا بەناوی (العولمە)پێناسەی بەجیهانیکردن بەوە دەکەن(ئیمپریالیەتێکی نوێیە) یان (چوارچێوەیەکەو دروستکراوی دەستی ئەمەریکایە). لەهەمان کاتدا نووسەرانی تری عەرەب وەك ئیدوارد سەعیدو د. محەمەد عابد ئەلجابریو د. خەلدون حەسەنو مەتاع سەفەدی هەریەکەیان پێناسەیەکی هاوشێوەیان بۆ بەجیهانیکردن هەیە.هەرچەندە دەکرێت ئەم بیروڕایانە وا لێکبدرێتەوە دەرهاویشتەی بیری پان ناسیۆنالیزمی عەرەبین کەدوژمنایەتێکی باوەکوژی لەگەڵ ئەمەریکاو کولتووری خۆرئاوادا هەیە،بەڵام بەدیوەکەی تریدا هەڵگری ئەو راستییەیە ئەمەریکا بەجیهانیکردن دەکاتە میکانیزمێکی کاریگەری هەژموونو دەسەڵاتی پانخوازیی خۆی بەسەر جیهاندا.

ئەمڕۆ ئەمەریکا بەزاڵکردنی هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا،دەیەوێت دنیا بەو شێوەیە لەقاڵببدات خۆی ویستی لێیەتی،بێگومان لەم هاوکێشەیەدا ئەمەریکا سەنتەرەو هەموو ئەوانی

تـريش پـەراوێز بۆیـە(سـەرلەنوێ جیهـان بەسـەر دوو بـەرەی ناوەنـدو کـەنار،یان ناوەنـدو پەراوێز،باکوورو باشوور، دابەشبووە،باکوور سیمبوڵی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی وسەرچاوەی شارسـتانییەت و مـافی مـرۆڤ و دیموکراتییـە لـەم نێوەشـدا وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا (ئیمپراتۆریـای ئـازادیی) خـاوەنی بیروبـاوەڕو بونیـادێکی کۆمەڵایـەتی دەگمەنـەو تاکییـەتی هاونیشتمانییەکانی بەشێوەیەکی داهێنەرانـە بـەکارهێناوە لـەجیاتی ئـەوەی سـەرکوتیان بکـات و بـەهرەو هێـزی لێوەرگرتـوون، لەبەرامبـەردا باشـوور کەمەڵبەنـدی دواکـەوتوویی و هـەژاریی و نەخۆشـی و توندوتیـژیی و تـیرۆرو نائـارامی و پـشێوییە،هەر بۆیـە باشـوور شایـستەی ئـەوە نییـە سەرکردایەتی جیهانی بکات و دەبێ ببێتە پاشکۆی جیهانی باکوور، کەخاوەنی شارستانییەت و بەهاو نموونـەی باڵاو ئەوتۆیە لەگـەڵ سروشتی هـەموو کۆمـەڵگاکان دەگونجێت وەك رۆشنبیرانی ئەمەریکا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە وپێیانوایە ئەو بەهایانـەی کەبەبەهای ئەمـەریکی ناسراون تەنیا موڵك و سامانی ئەمەریکی نین بەتەنێ بەڵکو میراتی هاوبەشی هـەموو مرۆڤایـەتین و ئەمـەریکا هەمیشە دەیـەوێت سـەروەریی جیهـان بەدەست بهێنێـت و سـازو ئامادەیـە بـۆ دۆزینـەوەی هـەموو میکانیزمـە یارمەتیـدەرەکانی هێنانـەدی خـەونی سـەرکردایەتیکردنی جیهـان کەچـەند دەیەیەکـە خەونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، هاوکاتیش داڕێژەرانی سیاسەتی ستراتیژیی ئەمـەریکا بـەردەوام بـەدوای نەخـشەو پلانـی نـوێ دەگەڕێن،تەنانـەت ئـەوەی ئـەمڕۆ نـاوی بەجیهانیکردنـە لەدەیەکانی رابردوودا نـاوی(گەشـەکردن) بوو،گەشـەکردنیش دەیـەی حـەفتاکانی سـەدەی رابردوو بوو کەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (un) ئەو دەیـەی بـەو نـاوە نـاوزەد کرد،بەڵام ئـەم پڕۆژەیـە لەسـەرەتای دەیـەی هەشـتاکانی هـەمان سـەدەوە تووشـی شکستێکی گـەورە بـووەو بـەو پێیـەش هەموویان رەزامەندییان نیشاندا بۆ وازلێهێنانی،ئەوی جێگەی ئـەوی گرتـەوە چەمکێك بـوو ناوی گلوبالیزم (بەجیهانیکردن)ی لێنرا کەلەڕاستیدا بـەواتای کرانـەوەی سـەرجەم زەوییـەکان و لابردنـی هـەر جـۆرە رێگرییەکـە لەبـەردەم : (١-بزووتنـەوەی کاڵاکـان ٢-بزووتنـەوەی سـەرمایە ٣-بزووتنەوەی ئازادانەی هێزی کار).دیسان دەبێت هێما بۆ ئەوە بکرێت داڕوخانی دیواری بەرلین و لێکهەڵوەشـانەوەی یـەکێتی سـۆڤیەت قۆنـاغێکی نـوێتری هێنایـە ئـاراوە کەئەمـەش وایکـرد دەروازەیەکی ترو نوێ بەڕووی سیاسەتی ئەمەریکادا بکرێتەوەو ئەوەشی دنیای دوو جەمسەریی رەنگڕێژی کردبوو جارێکی تر چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو هەموو ئاڵوگۆڕو پێشهاتەکانیش بەپێی رەچاوکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی ئەمـەریکا دابڕێژرێتـەوە.ئەمـەش بـووە هـۆی ئەوەی ئەمـەریکا بخاتـە بـەردەم دنیایـەکی جیاوازتر لـەدنیای پێشووترو رایبکێشێتە قۆناغێکەوە هـەموو ئەگـەرەکانی داهـاتوو لەبەرژەوەنـدیی ئەوە،ئەمـەریکاش ئـەم قۆناغـە نـاو دەنێـت قۆنـاغی سیـستمی نـوێی جیهـانی کـەدەتوانین بڵـێین راسـتەوخۆ ئـەم سیـستمە یەکسانە بەباڵادەسـتی و دەسـەڵاتی پـانخوازیی وڵاتـە یـەکگرتووەکان. ئـەم سیـستمە بوشـی بـاوك لـە ١١ی ئـەیلولی ١٩٩١

بەمشێوەیە لەبارەیەوە دوا "ئەم سیستمە سەردەمێکی نوێیە کەتیایدا جیهان لەهەڕەشەی تیرۆر ئازاد دەبێت و بەتواناترو بەهێزتر لەجاران بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێ و لەبڵاوکردنەوەی ئاشتیدا زیاتر باوەڕی بەخۆیەتی،سەردەمێکە نەتەوەکانی دنیا لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا لەباکوورو باشوور لەخۆشگوزەرانی وپێکەوە گونجاندا ژیان دەبەنە سەر".

بێجگە لەهەموو ئەمانەش رێکخراوە تیرۆریستییەکان باشترین کارتیان دایە دەستی ئەمەریکا،ئوسامە بن لادن و ئەلقاعیدە بیانەوێ یان نەیانەوێ بەئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکەی یانزەی ئەیلولی ٢٠٠١ باشترین هەلیان بۆ ئەمەریکا رەخسان تاوەکو بتوانێت بۆ هەموو جێگەیەك لەهەر چوار لای جیهاندا لەشکرکێشی بکات بەناوی جەنگی دژە تیرۆریزم و پاکتاوکردنی گروپ و شانەو رێکخستنە تیرۆریستییەکان،هەربۆیە ئەمەریکا لەیەکەمین کاردانەوەو پەرچەکرداری رووداوەکەی یانزەی سیپتمبەردا هێرشی سەربازیی کردە سەر ئەفغانستان و کۆتایی بەدەسەڵاتی سیاسیی ودەوڵەتی تیۆکراتی تاڵبان هێنا لەو وڵاتە،سەرباری ئەوەی روخانی تاڵبان و پەرتەواوزەکردنی ئەلقاعیدە جێگەی دڵخۆشی و پێشوازیی زۆربەی خەڵکی ئەفغانستان و دنیا بوو،بەڵام دیسان ئەم پرۆسەیە لەناو هەمان چوارچێوەی هەژموونی باڵادەستی ئەمەریکادا بوو، دواتریش عێراق بووە سەرەکیترین ئامانجی ئەمەریکا کەبێگومان رووخانی سەددام و کۆتایی عێراق سەرەتایەکی تر بوو بۆ جەنگێکی درێژخایەنتری ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی دوژمنە سەرەکییەکانی تری لەناوچەکەدا لەرێگەی بەکارهێنانی گرنگی جیۆپۆلەتیکی عێراق و سوودوەرگرتن لەپەترۆڵ و سامانی سروشتی عێراق.هەر لەم بارەیەوە(دەیڤید مۆبێرگ)دەنووسێ: عێراق ئامانجێکی نزیك و دەسپێك بوو،بەڵام زۆر کەسی ئەم دەستەیە*ئاشکرایان کردووە کەئەوان لیستێکی دووورودرێژی تریان لەبەردەستدایە هەر لەئێرانەوە تا کۆریای باکوور(چینییەکان بەتایبەت هەست دەکەن لەهەڕەشەدان)وێڕای بیانوی تیرۆریستان،عێراق بەهۆی نەوتەکەیەوە پڕ بایەخە. لێرەوە بەو قەناعەتە دەگەین ئەوی ئێستا هەیە ئیمپریالیزمێکی ئارایشتکراوەو هیچی تر. ئەو کۆلۆنیالیزمەی کەلەسەرەتای سەدەی رابردوو بەئاشکراو بەدڕندانەترین شێوە هەڵمەتی دەبرد بۆ داگیرکردنی ڤێتنام و نیکاراگواو ئەمەریکای لاتین، ئەمجارەیان لەبەرگێکی ترداو بەبیانووی مرۆڤدۆستی و رزگارکردنی جیهان لەتیرۆرو پاراستنی ئاسایشی جیهان درێژە بەسیاسەتی داگیرکاریی و کۆلۆنیالیستی خۆی دەدات، هەروەك کاك (فاروق رەفیق) لەپاکس ئەمریکانا بۆی چووەودەڵێ"ئەوەی ئەمڕۆ هەیە ریالیزمە بەرووتی،ئەوەی ئەمەریکا وەك هێزێکی جیهانی دەیەوێت ئەمڕۆ هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ هیچی تر نییە جگە لەئیمپریالیزمێکی رووت".

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەو راستییانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق بەشێکە لەپرۆسەی فراوانکردنی سنووری هەیمەنەی ئەمەریکا.بەڵام ئەرکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ئەوەیە بتوانێت بەشێوەیەکی سیاسیی و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم

هێزەدا بکاتو لەڕوانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەییو مێژوویی خۆمانەوە پەیوەندییەکی سیاسیی لەگەڵیان دابمەزرێنین.مادام ئەمەریکا ئەو هێزە گەورە باڵادەستەیە بەرەنگاربوونەوەو مامەڵەکردنێکی ناعەقڵانی لەگەڵیدا کارێکی دۆنکیشۆتانەیەو مەلەکردنە بەپێچەوانەی شەپۆلەکانەوە کەبەبێ شك سەر ئێشەیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە،کەواتە بمانەوێ یان نا وەزعیەتێکی دیفاکتۆ تەواجودی ئەمەریکای لەعێراقو لەناوچەکەدا سەپاندوە کەدیسان دەبێت کورد لەم گەمەی بەرژەوەندییانەدا بەرژەوەندیی خۆی لەبەرزترین ئاستدا بچەسپێنێت.ناکرێ بەو شێوە عاتیفییە سەیری ئەمەریکییەکان بکەین هەروەك چۆن ناکرێت وەکو تیرۆریستییەکانی فەلوجە بیانسووتێنین بەڵکو دەبێت لەحاڵەتی پەیوەندییەکی مامناوەندیو دانوستاندا بین لەگەڵیاندا، بەڕاشکاویی کێشەکانی کوردیان بۆ تەرح بکەینو هەوڵبدەین لێك تێگەیشتن لەگەڵیاندا دروست بکەین،چونکە ئەمەریکا بۆی گرنگ نییە کێو چ ئایدۆلۆژییو نەتەوەیەك لەعێراقی داهاتوودا دەدۆڕێوکێ دەیباتەوە بەڵکو ئەوەی بۆ ئەو گرنگە دەسەڵاتێك بخاتە سەرکار کە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێتودەروازەی عێراقی لێبکاتەوە تا لەو چوارچێوە جوگرافییەوە ئامادەکاریی بکات بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی تری فراوانکردنی هەژمونی خۆی.هەر بۆ نموونە خومەینی زۆر بەباشی لەنیازو سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە تێگەیشتبوو بۆیە لەیەکێك لەوتارەکانی خۆیدا لەبەردەم هەزاران لەخوێندکارانی زانکۆکان ئاماژە بۆ بەوە دەدات کەئەمەریکا پەیوەندیی نییە بەئیسلامەوە بۆیە چەند دەتوانن نوێژو دۆعاکانتان بکەن بەڵکو ئەوەی ئەمەریکا دەیەوێت کردنی ئێرانە بەبازاڕێك بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی خۆی. جارێکی تر دەبێت ئەوە دووبارە بکەینەوە دەبێ سەرکردایەتی سیاسیی کورد وەك تەرەفێکی خاوەن کێشە لەگەڵ ئەمەریکییەکان مامەڵە بکاتو پێویستە لوتکەی داخوازییەکانی خۆی داوا بکات نەك لانی کەمی کەفیدراڵییەتە.

*مەبەست لەو دەستەیە دۆناڵد رامسفیلدو دیك چینیو پۆڵ وڵفۆویتزە.

تێبینی:ئەم وتارە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ نووسراوە،بەداخەوە ناوی سەرچاوەکان فەوتاوە،بەڵام ئەوەی لەبیرم ماوە سوودم لەپەڕاوی(کوردو سیستەمی نوێی جیهانی)کاك عومەر نورەدینی وەرگرتووە.

*پوختەی ئەم وتارە لەژمارە (٤٣)ڕۆژنامەی(ئەمرۆ)لەرۆژی ٢\٦\٢٠٠٤و سەرجەمی لەژمارە (١٢٦) ڕۆژنامەی(کوردستان راپۆرت)لەرۆژی ٢٦\١٢\\٢٠٠٦ بلاۆبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاۆبووەتەوە:

– www.kurdistannet.org

# لاوان و رۆڵیان لەکایەی سیاسەتدا

بەرلەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێمە سەرباسی بەشداریی لاوان لەکایەی سیاسەتدا،ئارەزوو دەکەم لەپێشەکیدا قسە لەبارەی لاو خۆیەوە بکەین ولەچەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لەخودی لاو بڕوانین.لەواقیعدا لاو تەنیا ئەو کائین و بوونەوەرە نییە جیاوازییە فسیۆلۆژییەکان لەپیری جیا دەکاتەوە،بەڵکو لاو سەرباری جیاوازییە فیزیکییەکەی لەگەڵ پیردا هەڵگری دنیابینی وعەقڵییەت و تێڕوانینێکی جیاوازو نوێخوازانەیە بۆ ژیان و شتەکانی دەوروبەری.ئێمە کاتێك دەتوانین لافی ئەوە لێبدەین شەریحەی لاوانمان هەیە کەئەو شەریحەیە بەواقیعی توانیبێتی دابڕانێکی ریشەیی و قووڵی مەعریفی وکولتووریی و فەرهەنگی تەنانەت ئایدۆلۆژیی و سیاسیش لەگەڵ نەوەی پێش خۆی دروستبکات.ئەو کاتە نەوەیەك بەنوێ و لاو دەزانرێت ئەو نەوەیە بتوانێ سەرچڵی گۆڕانێکی جەوهەریی و بنەڕەتی لەکۆمەڵگە تەرح بکات یان سەرمەشق و جۆشدەری بێت.یەکێك لەسیفەتە سروشتی وتایبەتییەکانی لاو ئەوەیە هەمیشە لاو بەتووڕەیی و گوڕێکی زۆرەوە دێتە ناو گۆڕەپان و ئەڵتەرناتیڤی خۆی پێشکەش دەکات و سەرکردایەتی شۆڕشێك یان راستر بڵێم رێنسانسێك دەکات کەدەیەوێ سەرلەبەری ئەو چەمك و پێکهاتەو دروستکراوانە بگۆڕێت نەوەی پێش خۆی بنیاتی ناوە،جا زۆرجار گۆڕانکارییەکە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ و گەلەك جاریش بەپێچەوانەوە.ئەگەر لەژێر ئەم رۆشناییەوە بنوارین بۆ واقیعی ئەو توێژاڵەی ئیمڕۆ لای خۆمان ناوینراوە لاوان یاخود نەوەی نوێ دەگەینە ئەو راستییەی ئێمە لاو ونەوەی نوێمان نییە،بەڵکو ئەو بوونەوەرەی ناوینراوە لاو تەنیا لەڕواڵەت و پێکهاتەی فیزیکییەوە لاوە،ئەگەرنا وێنەیەکی فۆتۆکۆپیکراوی واقیعی خۆیەتی و چۆتەوە سەر هەمان ئەساڵەتی بابوباپیرانی خۆی .دیسان هەمان ئەزموون و مێژووی ژیانی باوك و نەوە دێرینەکان لەواقیعێکی نوێتردا دووبارەدەکاتەوە. ئێمەی کورد هەتا

ئێستا نەوەیەکی نوێی تووڕەو یاخیمان نەبووە بتوانێت تایبەتمەندیی وسروشت وکەسێتی خۆی جیابکاتەوە لەسروشت و کەسێتی باوك و زەمینەو کەشێك بخوڵقێنێت دروستکراو وداهێنراوی دەستی خۆی بێت.بەپێچەوانەوە ئەو نەوەیەی لەبەردەستدایە نەوەیەکی پاسیڤ و دەستەمۆو خۆشباوەڕەو هەرگیز نەیتوانیووە تەعبیر لەلاوێتی خۆی وجیاوازییەکانی لەگەڵ نەوەی پێشین بکات،جا نەخاسمە رۆحیەتی شۆڕش وهەوڵدان بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی سترۆکتۆریی لەکۆمەڵگەدا. کاتێك لەکوردستان شەڕی ناوخۆ وەك شەڕێکی نەگریس و خنکێنەر روودەدات کەزۆربەی هەرە زۆری قوربانییەکانی لاوان بوون،کەچی لاو نەك هەر نابێتە لەمپەرو بەربەست لەبەردەم ئەم شەڕە و فشارو گروپی گووشار دروست ناکات تا لایەنە بەشەڕهاتووەکان ناچار بکات بەوەستانی شەڕ (یان خۆ ئەگەر ملیش نەدەن بەدواکاریی وا، خۆ کاریگەریی دادەنا لەسەر بارودۆخەکە،خۆ ئەگەر هیچ کاریگەریش نەبا خۆ لاو لەم ولاتەدا شتێکی لەم چەشنەی نەکردووە). بەڵکو بەپێچەوانەوە خۆیان دەبنە ژیلەمۆو مەشخەڵ و هێزی ئەکتیڤی جەنگ،جەنگێك سەرتاپای مێژوومانی ناشیرین و قێزەون کردو وێنای کوردی لای هەموو ئەوانی تر گۆڕی. گەنج لەولاتی ئێمەدا لەبەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکاریی و چەپاندنە غەریزیی و سێکسییەیدا رۆژێك لەرۆژان نەڕژایە سەر شەقامەکان وداوای مافی خۆی بکات.تا ئەو ئاستەی نەیتوانیوە لەئاستی پەرچەکرداری ژناندا بێت لەبەرامبەر کۆمەڵگەی تەقلیدیی. چونکە رێکخراوەکانی ژنان و ژنانی چالاکی دەرەوەی رێکخراوەکان بەدەنگ هەڵبڕینیان توانیان بەشێوەیەکی بەربلاو وکۆمەلایەتی کێشەو دۆسیەی خۆیان بەسەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ بناسێنن،ئەگەرچی تائێستاش توندوتیژیی و چەوساندنەوەی ژنان بەردەوامە،بەلام غەدرە تێکۆشان و هەڵسوڕان و تەنانەت رۆڵی تاکەکەسی ژنان فەرامۆش بکەین و لەشوێنی خۆیاندا ئامازەی پێ‌نەدەین. رێکخراوەکانی‌لاوانیش هەموویان دەسکەلاو هەڵماتی دەستی حیزب بوون و لەبری ئەوەی گەنج وەك مەحرومترین کائینی ئەم کۆمەڵگەیە لەگێژاو و وەهمەکانی حیزب و خێڵ و دامەزراوە چەپێنەرەکانی دی رزگار بکەن و سازو ئامادەیان بکەن تاببنە گروپی فشارو داخوازیی و ویست و ئارەزووەکانیان بەرزبکەنەوە،گەنجیان کرد بەقۆشمەو نەگبەتتریان کردووەو تا ئەو سنوورەی بردویانەتە سنوورو کەناری شێتبوون و نیهلیزمێکی کوێرانەو سەرلێشێواوانە.لەپەرچەکرداری هەموو ئەم سەرکووت و بێ ئومێدییانەدا گەنج نەیتوانی بەرەنگاریی بکات یاخود با بڵێین رۆحی بەرەنگاربوونەوەی لێسەنرایەوە،ئیدی بەدرێژایی نزیکەی ١٣ ساڵی دوای راپەڕین بەتایبەتی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا هەزاران بگرە سەدان هەزار لاو چارەنووس وخودی خۆیدایە دەستی قەدەرو دەریاو مافیاو رێگەی مینرێژکراو، بەمەبەستی قورتاربوون لەدۆزەخی ولات و شادبوون بەبەهەشتی تاراوگە،کەهەرچەندە لەکاتی گەیشتنیان بەتاراوگە ئەو وەهمەشیان بەتاڵ بۆتەوەو هەستیانکردووە ریکلام و سەتەلایت چەواشەی کردوون،بەڵکو لەئەورووپاش نامۆبوون و ئاوارەیی و کێشەکانی تاراوگەو دوواجار بوون

بەئامێرو لێسەندنەوەی رۆح وبەها نەتەوەییەکان دیسان دەبێتە خاڵی تێکشکان بۆیان.بەکورتی گەنجی ئەم وڵاتە بەتایبەتی لەدوای راپەڕینەوە گەنجێکی خۆشبەخت نەبووە،ئەگەر یەکێك لەهۆکارەکانی ئەم بەدبەختیەو بەرتەسککردنەوەو سەرکوتکردنە دەسەلاتی باوك و زاڵبوونی هەژموونی سیستمی باوکایەتی(پاتریارکی) بێت بەسەر کۆی ژیاندا ئەوا بەدڵنیاییەوە هۆکارێکی تری بۆ ناهۆشیاریی وتێنەگەیشتن و پاسیڤبوونی خودی گەنج دەگەڕێتەوە،ئەگەر ئەم هۆکارەی دواییان کاریگەری لەوی یەکەمیان زیاتر نەبێ ئەوا بێگومان هیچی کەمتر نییە. هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەنج بەشدار نەبووە لەکایەی سیاسەتدا یا بەشێوەیەکی لاوەکی بەشداریی لەژیانی سیاسییدا کردووە، هاوکات تێڕوانین وتێگەیشتنێکی هەڵەی دەربارەی چەمك و مومارەسەی سیاسەت هەبووە.لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە من قسە لەسەر ئەو دەستەبژێرە گەنجە ناکەم لەگۆڕەپانەکەدا بوونیان هەیەو بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو وئەکتیڤ مومارەسەی سیاسەت دەکەن.بەڵکو دەمەوێ بەشێوەیەکی راستەخۆ قسە لەسەر زۆرینەی گەنجان بکەم، چونکە زۆرینە پێوەرە نەك دەستەبژێر،هەر ئەوەش کۆمەك دەکات بەوەی هەڵسەنگاندنەکانمان راست و دورست دەربچن.بەردەوام نەوەی دوای راپەڕین سیاسەتی بەبڤە زانیوەو خۆی لێلاداوە،کەم نین ئەو گەنجانەی بەسیاسەت قەڵس و بێزار دەبن، تەنانەت لەگوێگرتنی هەواڵەکان وبەرنامەیەکی سیاسیی تەلەفزیۆن بێزارن و ئامادەی گوێگرتن نین بۆی، تەنانەت بەشێکی زۆری شەڕی نەوەکان وباوانەکان لەنێو ماڵەکاندا شەڕی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنە! هەروەك گوتم هەرگیز گەنج ئامادەنییە کاتی خۆی بۆ تەرخان بکات.هەروەها هەمیشەش لەدیدگای گەنجەکانی ئێمەوە سیاسەت سپێردراوە بەنەوەی رابردوو،لەدیدگای ئەم نەوەیەدا ئەوان تەنیا کاریان ئەوەیە بەدوای پەیوەندیی رۆمانسی وخۆشەویستی بگەڕێن(بێئەوەی بزانن ئەو دنیا جوانەی ئەوان بیری لێدەکەنەوە سیاسەت دروستیدەکات و هەر سیاسەتیش دەتوانێ وێرانی بکات).ئیدی چارەنووسی نەتەوەو کۆمەڵگەو دواڕۆژی سیاسیی وڵات بەجەهەنم،بەداخیشەوە تەنانەت ئەم تێڕوانینە پەڕیوەتەوە بۆ ئاستی دەستەبژێرە چالاکەکەو وایلێکردوون دوورەپەرێزیی لەسیاسەت هەڵبژێرن،بگرە بەتۆپەڵ بوونەتە شاعیرو هونەرمەندو کۆی بیرکردنەوەو نووسینەکانیشیان لەمەودای پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان دوو رەگەزەکە تێپەڕناکات،هەر ئەمەش بووەتە هۆی کارەساتێکی گەورەو بەردەوامی تێکشکانە رۆحیو دەروونییەکانی گەنجی ئەم وڵاتە.من خۆم لەیەکێك لەرۆژنامەکاندا نووسینێکی لەوجۆرەم خوێندەوە،ئەوەی نیگەرانی کردم ئەوەبوو نووسینی گەنجێك بوو کەخاوەنی دوو کتێبەو نووسەرێکی ئەکادیمیو چالاکیشە، لەنووسینی ئەم هاوڕێیەدا تەرکیز کراوەتە سەریەك خاڵی ستراکتوریی:ئەویش ئەوەیە گەنج دەبێت وەك گەنج بژی ولەکەناری رووبار پیاسەبکات ونامەی خۆشەویستی بگۆڕێتەوە.ئیدی سیاسەت لەدەرەوەی بازنەی ئەوەو لاو هیچ پەیوەندییەکی بەسیاسەت و مەسەلە کارگێڕییەکانەوە

نییە،ئەمەش دەرخەری ئەوەیە لاو خۆی جڵەوی شل کردووەو نایەوێ بێتە نێو گۆڕەپانەکەو خۆی بسەلمێنێت وبەشداریی چالاکانە بکات لەگۆڕانکارییو پێشهاتو کێشمەکێشە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی کۆمەڵگە،ئەوەشی هەیەو بەشداریی کردووە(محەمەد عومەر عوسمان)وتەنی بەبۆیاخی حیزب خۆی بۆیاخ کردووەو بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیای حیزب هەموو سەرچڵیو یاخیبوونو تورەیییەکی لێسەندۆتەوە کەلەواقیعدا ئەمانە خەسڵەت وسروشتی راستەقینەی گەنجن.بێ لەهەموو ئەمانە تێکەڵاوییەکی زۆر بەدیدەکرێ لەلایەن گەنجەکانەوە دەربارەی چەمکی سیاسەتوحیزب،هەر وترا سیاسەت هاوتەریب کراوەتە لەگەڵ حیزب،بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێکی سیاسیی حزبی بێت،یان بەوشێوەیە بێت سیاسەت وحیزب دوالیزمێکی لێك دانەبڕاون، بەپێچەوانەوە هیچکامیان پێش مەرجی ئەویدییان نییە،سیاسەتیش پێش ئەوەیحزب دەربکەوێت لەمێژوودا بێتە گۆرەپانی چالاکییەوە لەئاستی کۆمەڵگە بوونی هەبووە،بەکورتی سیاسەت لەپێش حیزبدا لەدایکبووەو مەرجیش نییە هەردووکیان پێکەوە گرێدرابن.هەروەها لێرەدا پێویستە وەك تێبینییەك ئەوەش بوترێ حیزبایەتی شتێکی قێزەون نییە بەڵکو بەشێکە لەپێداویستی پرۆسەی سیاسەت لەکۆمەڵگەدا،بەڵام ئەو رەشبینیەی ئێمە دروستمانکردووە لەبەرامبەر حیزب دەگەڕێتەوە بۆ واقیع وئەزموونی حزبایەتیکردن لەکوردستان،کەسەرەتاوکۆتایی بریتیبووە لەشەڕی براکوژیی وخۆکوژییو یەکترسڕینەوە،هەنووکەش بەشێوەیەك لەشێوەکانو بەجۆرو میکانیزمێکی جیاواتر شەڕی ناوخۆ وەك شەڕێکی سارد بەردەوامی هەیە.نموونەی حیزبی کوردیش ئەوەندە نموونەیەکی سلبیو بێکەڵك بووە حیزب دوور کەوتۆتەوە لەخەیاڵی خەڵك.هەمیشەش خەڵك بەگشتیولاوان بەتایبەتی پەنایان بەخواگرتووە لەشەیتان وحیزب،بەڵام هێشتا ئەمە بەهانە نییە بۆئەوەی لاوان خۆیان بدزنەوە لەکێشەکانی خۆیانو بێدەربەستانەو بەشێوەیەکی دەستەجەمعی بەرەو تاراوگە کۆچ بکەن،هیچ کاتێك ئەو بەهانەو عوزرە ناشەرعییە جێگەی قبوڵکردن نییە،چونکە هەرچینو توێژێکی کۆمەڵایەتی خۆی خۆی رزگار دەکاتو نابێت چاوەڕێی هێزێکی ئاسمانیو میتافیزیکی بێت،بگرە ئەو چاوەڕوانییە چاوەڕوانی گۆدۆیەو لەکۆنیشەوە وتراوە هەق دەسێندرێ نابەخشرێ.ئەگەر ئێستا مایکی"تیڤی"یەك بچێتە بەردەم لاوێك وپێیبڵێ ئاواتو خواستت چییە؟ بێگومان ژیانێکی ئاساییو گەنجانە دەخوازێت،بەڵام لەبیری کردووە ئەمانە هەمووی لەڕێگەی سیاسەتەوە بەدی دەهێنرێت،چونکە کاتێك دەتوانرێت ئەم خواستە بەدیبێ کەلاوان خۆیان بەشداریی بکەنو ببنە گروپی فشار،ئەمەش کاری دەستەجەمعیو پێکەوەییو ئۆرگانیزەکراو دەخوازێ،هەر کۆبوونەوەو دروستکردنی فراکسیۆنێك لەدەوری ستراتیژێکی بنەڕەتی خۆی لەخۆیدا سیاسەتە،بۆیە هەموو گۆڕانو وەرچەرخانەکان بەستراونەتەوە بەسیاسەتەوەو گەنجیش بۆئەوەی بتوانێت وەك گەنج بژی ومومارەسەی ژیان بکات پێویستە بەشداریی چالاکانە بکات لەکایەی سیاسەتدا.

* ئەم وتارە لەژمارە (١٠٧) رۆژنامەی(جەماوەر) لەرۆژی ٢٠٠٤\١٢\٦ بلاوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# لەچاوەڕوانی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا

## ئێمە لایەنگری کێین؟

کێبەرکێی توند بەلام دیموکراسییانە لەنێوان هەریەك لەجۆرج دەبلیو بوشی کاندیدای پارتی کۆماریی و(جۆن کیری)پالێوراوی پارتی دیموکرات بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ،وەك حەملەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیش هەر لایەك بەدوای خاڵە جیاوازەوکاندا دەگەڕێن تا لەو سۆنگەیەوە پرۆژەو ئەجیندای جیاواز لەیەکتر پێشکەشبکەن.لەم چوارچێوەیەشدا گووتاری سیاسیی دیموکراتخوازەکان(جۆن کیری)لەمەڕ پرسە دەرەکییەکان بەگشتییی وئالۆگۆڕەکانی عێراق وجەنگی جیهانیئەنتی تیرۆر کەئەمەریکا سەرکردایەتی دەکا جیاوازیی زۆری هەیە لەگوتاری کۆمارییەکان. (کیری بەڕاشکاویی جەنگ لەدژی عێراق بەهەڵە لەقەڵەم دەدات یان پێیوایە لەکاتێکی زوودا دەست بۆ ئەم کارە براوە،هەروەها لەم روانگەیەوە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە ئەگەر ئەوان دەسەلات بەدەستەوە بگرن سوپای ئەمەریکا بەشێوەیەکی کاتیی و پێویست لەعێراقدا دەمێنێتەوە.ئەمەش هەولێکە بۆ مسۆگەرکردن و بەدەستهێنانی دەنگی ئەو ئەمەریکییە بەنەژاد عەرەبانەی مافی دەنگدانیان هەیە،هاوکات راکێشانی سەرنج و وەلائی چەپەکان و ئەو دەستەبژێرەیە دژایەتییەکی کۆنکرێتیان هەیە لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی سیاسەتی دەرەوەدا،هەرچی لایەنی دووەمیشە دوورەپەرێزیی لەبارەی پرسی ماوەی مانەوەی سوپای ئەمەریکا لەعێراق دەگرن و هاوکاتیش سوورن لەسەر پیادەکردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر نەیارانی ولاتە یەکگرتووەکان و هەر لەو میانەشدا ئامادەن درێژە بەتەمەنی جەنگی دژە تیرۆر بدەن تا هەرچی هەڕەشەیەك هەیە لەسەر ولاتەکەیان لەهەر جێگەیەکی دنیا بێت لەناوبەرن.ئەمەش بەشێوەیەکی گشتیی جیاوازیگەلی نێوان هەردوو پارتە سەرەکییەکەی ئەمەریکایە لەهەمبەر پرسە دەرەکییەکان وئەم وارەش گەلێکی هەستیارو گرنگەو هەر لایەکیشیان بەوپەڕی بایەخەوە لێی دەڕوانن.خەڵکی ئەمەریکاش لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە لەم هەڵبژاردنە دەڕوانن و دەنگی خۆیان دەدەن،بەلام دەشێ ئێمە لەروانگەیەکی ترەوە کەڕوانگەی پاراستنیبەرژەوەندییە

نەتەوەییەکانیانە تەماشای بکەین،ئەویش ئەوجۆرە روانینەیە تێگەیشتنمان هەبێت دەربارەی ئەوەی:هەردوو پارتەکە سەرەڕای ئەو جیاوازییە ستراتیژیی و رامیارییە گەورانەی لەنێوانیاندایە،هەردووکیان کۆك و تەبان لەپاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمەریکاو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و هەوڵدانی بۆ زیاتر ریفۆرمکردن لەسەرجەم بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵدا. هەردوو گروپەکە لەڕووی ستراتیژی باڵادەستی وفراوانکردن و سەپاندنی هەژموونی ئەمەریکاو لەناوبردنی ئەو هێزو گروپ و دەوڵەتانەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەمپەری بەردەم ئەو خەونەی ئەمەریکییەکانن هاوڕاو رێکن،بەڵکو جیاوازییەکە لەوێوە دەستپێدەکات هەر یەکێکیان بەفۆرم و میکانیزم و تاکتیکی جیاوازەوە هەوڵی پراکتیزەکردنی پڕۆژە ستراتیژییەکانی هەژموونی ئەمەریکایی دەدات، ئەوان وەك پارتەکانی لای ئێمە نین بۆ لەناوبردنی یەکتر تێبکۆشن،لەوە خراپتریش بۆ ئەو مەبەستە سوود لەدەسەڵاتی داگیرکەرو دەوڵەتە نەیارەکان وەربگرن.ئەو دوو پارتە (کۆماری – دیموکراتی) کێبەرکێکەیان لەو سۆنگەیەوەیە:کامیان دەتوانن باشتر خزمەت بەئەمەریکاو هاووڵاتیانی ئەمەریکا بکەن،نەك ئەوەی کامیان بتوانن دەست بگرن بەسەر ژێدەرە ئابوورییەکانی وڵات و تالان و بڕۆی سەروەت و سامانی دەوڵەت بکەن.کەواتە ئێمەی کورد لایەنگری کێین؟ئایا لایەنگری (بوش)ین لەبەرئەوەی بووە پاڵەوانی رزگارکردنی گەلانی عێراق؟یان لایەنگری (کیری)ین کەتەمومژ لەهەڵوێستەکانیدایە دەربارەی عێراق و چارەنووسی عێراق؟.ئێمە لایەنگری هیچ کام لەو دوو کەسایەتییەو پارتەکانیان نین و پێمانوایە هەردوو حیزبەکە وەك یەکن و تەواوکاری سیاسەتەکانی یەکترن لەئاستی دەرەوە!بەڵکو ئەوەی دەگۆڕێ پەیوەندیی بەهاووڵاتیانی ئەمەریکاوەیە چونکێ ئەوان دەبێ لایەنگریی بکەن، واتە لایەنگری لەو دەسەڵاتە بکەن کەزۆرترین خزمەتیان پێشکەش دەکات و هەڕەشەی تیرۆرو تیرۆریستان لەسەر ناهێڵێت.دووبارە ئەی ئێمە دەبێ لایەنگری کێ بین؟ ئێمەی کورد لایەنگریکردنمان ناوێ و هیچ کات پێویست ناکات کورد خۆی لەم مەسەلەیەدا ماندوو بکات؟بەڵکو گرنگ و پێویستە کورد دۆستایەتی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بکات پشتیوانی دەکات لەپێناوی وەدیهێنانی خەونەکانیدا،کورد دەبێت دۆستایەتی لەگەڵ ئەو ستراتیژە نوێیەی ئەمەریکا بکات کەئامانجی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناڤین و عێراقەو یەکە یەکە دیکتاتۆرە گرگنەکانی ئەم دەڤەری کردۆتە ئامانجی لەناوبردن و لەجێگەی هەوڵی جێگگیرکردنی دەسەڵاتێکی دیموکراتی و مەدەنی دەدات کەرێز دادەنێ بۆ مافەکانی مرۆڤ،کەواتە ئێمە لایەنگری کەس نین، تەنیاو تەنیا لایەنگری مافەکانی خۆمانین و کێ بۆ ئەو مەبەستە هاوکارو یارمەتیدەرمان بێ ئامادەین دۆستایەتی وهاوکاریی قبوڵ بکەن و هاوپەیمانی لەگەڵدا بکەین،هەروەك چۆن لەسەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە هاوپەیمانێکی نێزیك و فیعلی‌سوپای ئەمەریکا بووین.خۆ ئەگەر قەرارە لایەنگریی بکەین؟ ئەوا بەپێچەوانەوەی زۆر خەڵکی ساویلکەو ساکارەوە کەلایەنگریی کوێرانەیان

بۆ(بوش)راگەیاندووە،ئێمە نابینە لایەنگری (بوش) بەڵکو دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە. ئێمە لایەنگری سیاسەتی نوێی ئەمەریکاین کەلەهەگبەکەیدا دیموکراسییەت و مەدەنیەت و مافی مرۆڤ هەیە.جا ئەگەوە گرنگ نییە ئەو دەسەڵات و سیاسەتە بەدەستی کۆمارییەکانەوەیە یان دیموکراتەکان.

* ئەم وتارە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەهەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە :

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# خوێندکارانی پەروەردەی بنەڕەتی

سەر لەبەیانی چەند رۆژێکە کاتێك لەماڵ دێمە دەرێ بۆ سەر کارەکەم،بەتەنیشتی ئەو خوێندکارانەی پەروەردەی بنەڕەتیدا تێدەپەڕم لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی زیاد لەهەفتەیەکە مانیان گرتووە.بەدەر لەوەی داواو خواستەکانی ئەم خوێندکارانە چین وتاچەند رەوایەتیان هەیە؟بەلاَم هەبوونی ئەو فۆرمە لەنارەزایەتی دەربڕین ونیشاندانی "نا" دەسپێکی زۆر گرنگ وچارەنووسسازە لەراستای خەباتی مەدەنی کەخەریکە لەسەر دەستی توێژی لاوان و خوێندکاران چرۆ دەکات.پێشووتر ورابردوو توێژەکان یان خەباتیان نەبووەو کزبووە یان لەرێگەی فەوزاو توندوتیژییەوە بەرجەستەبووە،ئێستا نەوەیەك خەریکە سەردەردەهێنێ کەدەیەوێ بەرێگە وشێوازە دیموکراسییەکان وگوشاری مەدەنی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر دەسەلاَت بۆ ناچارکردنی سەلماندن وهێنانەدی ماف وخەونەکانی،لێ ئەم خەباتە بێ خەوش وکەموکورتی نییە،بەلاَم لەگەلّ بەردەوامبوون وممارەسەی زیاتر شکڵی خۆی وەردەگرێت. ئەم خەباتە چونکە لەقۆناغی یەکەم و سەرەتادایە زۆر بەقورس وزەحمەتی دەچێتە سەر رێرەوە راستەقینەکەی،ئەوەشی گەرەنتی سەرکەوتنی دەکات سووربوونی نەوەی نوێیە کەخاوەنی ئەم خەباتەیە لەپێناو وێنانەدنی دنیایەکی نوێ دڵخوازی هەموو لایەك بێت.دەسەلاَتی کوردیش وەك دەسەلاَتێکی میلیتاریی و بارگاوی بەمەفهومە نادیموکراسییەکان، دەستە وەستان ناوەستێت،هەوڵی هەیە بۆ دژایەتیکردنی خەباتی مەدەنی،جا ئەو هەوڵە لەکڕین و تێکدانی یەکریزی خەباتەکەوە دەستپێدەکات تا نواندنی توندوتیژیی وئامادەکردنی زیندان. پێویستیشە بڵێین خەباتی مەدەنی جەنگە بەشێوە ساردەکەی،

لیّ ماناى جەنگ و رووبەڕووبوونەوە كوشتار وكاولكاريى نييە،بەلاّم هيچى لەو كەمتر نييە. نەوەى نویّ وەك نەوەيەكى خویّن گەرم وتووڕە دەبيّت لەهەموو بارەكاندا خۆى بۆ رووبەڕووبونەوە ئامادە بكات. نەوەى نویّ لەسەريەتى ئەو زنجيرى كۆيلايەتييەى لەگەردنى كراوە بپچڕيّنیّ،ئەمە تەنيا بەدروشم وقسە ناكریّ كارو چالاكى وهەلّسوڕانى بەردەوامى دەویّ. ئەدۆنيس ، دەبيّژيّت"ئەگەر ئيّمە كۆيلە بين ئەوە بەشيّوەيەكى گەمژانە دلّخۆش دەبين ومامەلّە لەگەلّ هيچ شتيّكدا ناكەين" ، مادام نەوەى نویّ كۆيلايەتى قبولّ نييە،بەئاسايى و بیّ دوودلّى تووشى كۆسپ وتەگەرە دەبيّتەوە،سەرەرييەكە لەوەدايە نەوەى نویّ بەسەر كۆسپ و ئاستەنگەكاندا زالّببیّ ،بچيّتە نەبەردەوەو بەحەماسەوە رووبەڕووى كاردانەوەكانى دەسەلاّت ببيّتەوە. ئەم نەوەيە دەبيّت لەوەش ئاگاداربيّت دەسەلاّت بەخيّرو لەڕاى خوا لەسەر سينيەك خواستەكانى پيّشكەش ناكات،دەبیّ بەزەبرو هەلّويستى خەباتكارانە لەژيّر چنگى دەريبهيّنیّ. خەليفەى ئەمەويى(عەبدولمەليكى كوڕى مەروان)دەيووت(هەركەسيّك بەمن بلّيّت لەخوا بترسە سەرى دەپەڕيّنم)، سەركردايەتى كورد سويّندى بەيەزدان خواردووە سەرى ئەوە بپەڕيّنیّ پيّيدەلّیّ ،لاچۆ قۆناغى تۆ كۆتايى هات ، تۆ ناتوانى كوڕى ئەم قۆناغ وسەردەمە بيت ،تۆ زۆر لەوە گەوجترى لەپيّويستييە هاوچەرخەكانى هاوولاّتيان تيّبگەين جا نەخاسمە هەولّى دابينكردن و هيّنانەدى بدەيت. دەسەلاّتى سياسيى و ئيداريى لەكوردستان وەك هەر دەسەلاّتيّكى تر دەبیّ گوشار بخريّتە سەرى ، گوشار بەهەر ريّگەيەك كەدەتوانیّ لەخزمەتى هاوولاّتياندا بیّ و لەسنوورى ديموكراسى دەرنەچیّ . ناڕەزايەتى خويّندكارانى پەروەردەى بنەڕەتى سەرەتايەكى ئيّجگار باشەو پيّويستە بوعديّكى زياتر بگريّتەوەو بكريّتە دەسپيّكى بزووتنەوەى ناڕەزايەتى لەكۆمەلّى كوردەوارييدا. يەكيّك لەو فاكتۆرانەى يارمەتى ئەوە دەدات ئەم مانگرتنەى خويّندكاران ببيّتە سەرەتا،ئەوەيە ئيّمە لەچين و تويّژە كۆمەلاّيەتييەكانى تر دەنگى ناڕەزايەتيمان بخەينە پالّ دەنگى ناڕەزايى ئەوان وپالّپشتيان بكەين لەهيّنانەدى ئامانج و خواستەكانيان ،تا ئەوەى ئەم ئەلگۆيە وەك نموونەيەك دەستى پيّوە بگيریّ وئەزموونەكانى وەك وانەيەك لەبزوتنەوەى ناڕەزايەتى چين وتويّژەكاندا كەلّكى هەبيّت ، ئەركى ئەمڕۆى ئيّمە ئەوەيە ئەگەر بەوازۆ و راوەستانيشە لەتەك ئەو خويّندكارانەدا پشكدارى مانگرتن بين وكۆمەك بەخواستە رەواكانيان بكەين بۆ هەلّوەشاندنەوەى بڕيارى ديكتاتۆرانەو داسەپيّنراوى وەزارەتى خويّندنى بالاّو زانكۆ .

*ئەم وتارە گۆشەيەكىبەردەوامبووە بەناوى(ورتەورت)لەژمارە(١٢)رۆژنامەى(ئالاّ)رۆژى١\٢\٢٠٠٧ بلاّوبووەتەوە.

هاوكات لە هەريەك لەم دوو مالّپەڕەدا بلاّوبووەتەوە:

# مۆد، مۆدی گۆرانی وتنه

*عەیامێك باوی نانەوایی بوو،هەر ئەوەندەم دەزانی خوێندکارێکی کلاسەکەمان دیار نەدەما، وەختیٚ دەمبینییەوە دەیووت وەڵلا بوومەتە شەلاع،یەکێکی تر لەسەرشەقام ولەکاتی پیاسەدا بەرێکەوت دەمبینی دەیووت لەفلان نانەوا ئارد دەبێژمەوەو دواتر گونك دەبرم،بەهەرحاڵ ئەم ماوەیە نانەوایی ببووە مۆدیل.

*ئەو کاتەی لەپۆلی سێیەمی ناوەندیی بووم،باو باوی پانتۆڵی سیٚ بانسیی شامواو قۆنەرەی لەمەع و وجەسەم وقەمسەڵەی چەرم بوو،ئەوی بەو فۆرمە خۆی تەخلیف نەکردبا ئەوە لادێی بوو، کچێك ئەگەر شانسی هەبوایە کورێکی لەمجۆرە دەبووە دڵداری،لەچەند مانگێکی کەمدا خێرا ئەم مۆدەیە گۆڕابۆ پانتۆڵی تەسك وخەنافیسی درێژو قۆنەرەی بن بەرزی دەبابەیی،بەندە یەکێك بوو لەوانەی لەسەر ئەو مۆدیلە خۆی دەگۆڕی.

*سەردەمێك (بەتایبەتی ساڵی ١٩٩١) باو باوی کەتافی خاکی وپێڵاوی ئەدیداسی پۆما بوو،جا هەر کەسەو بەپێی رەنگی حیزبەکەی تەسبیحێکی دەنك گەورەشی بەدەستەوە گرتبوو،کوڕ ئەو کوڕە بوو بەم مۆدیلە خۆی بگۆڕێت،منیش کەکەتافییەکی قاوەیی وخاکیم هەبوو بەنۆرە لەبەرم دەکردن وچوار پێنج جووت ئەدیداسم هەبوو لەگەڵیدا،بەڵام بۆ تەسبیحەکە باوکم دانەیەکی سووری خۆی دیاری کردم،ئەو کاتانە لەگەڵ کوڕی مەلایەکی ناسراودا خوا وەکیلانە دەمانووت (شیوعییەت لەمردن بەهێزترەو لەپەتی قەنارە بڵندترە)!!. بەو تەمەنە کەم وتێنەگەیشتوویی‌یەوە

بەتایبەت بۆ تەحەداکردنی هەندێ (برای موسڵمان)ی گەڕەکەکەمان،هاوارمان دەکرد (ئێمە نەوەی مارکسین، لەسێدارە ناترسین). ئەو دەمانەش باوی ئەمە بوو.
*هێشتا منداڵ بووم لەبیرمە،باوی قەمسەڵەی مغاویریی وپانتۆڵی کاوبۆی شین ودەمانچەی تاریق بوو،دواتر کوڕ ئەو کوڕە بوو موزەلێیەکی خەفیفەیی پێبێت بەڵام بەمەرجێك مەخزەنێکی حەفتاوپێنجی لەسەربێ،پاشان زرووف گۆڕا باو باوی جاشێتی وفەوج وەرگرتن بوو، ئازا و نەبەرد ئەو کەسە بوو زۆر زوو فەوجێك وەربگرێ وهەندێك جاشولکە بەزەڕەزەڕ دوای خۆی بخات.
*ماوەیەك باوی فەلسەفەو فوکۆو لیوتار بوو،باسی ئەزبەریدت بکردایە یەکسەر دەیانووت فوکۆ لەمەڕ ئەمە وەهای گووت،باسی رۆنی بایعەکەت بکردایە دەیانوت هۆبز پێیوایە جۆرەکانی رۆن حەڤدەن،باسی تڕخێنەت بکردایە یەکسەر وتەیەکی(ژاك دریدا)یان بۆ دەهێنایەتەوە،باسی عەمبەروەریت کردبا بیٚ سیٚو دوو وتەزایەکی (جۆن لۆك)یان دەدا بەپەنایدا،باسی پەڵپینە بەترش وگەنمە کوتاوت بهێنایەتە ئاراوە ئەوسەری موناقەشە لەئارکیۆلۆژیای مەعریفەو فینۆمینۆلۆژیای رۆحی(هیگل)ەوە سەریدەرهێنا،ماوەیەك باسی فوکۆ بەهەورامی دەکرا، ژاك دریدا وئالان تۆرین ببووە بنێشتە خۆشەی دەمی منداڵانی ساواش،ئەم مەددە ئەوەندە زاڵببوو هەر دەبوو باسی فوکۆ و ژیل دۆلۆز بکەیت وقسەکانیان بکەیتە نموونە ئەوجا حیسابێکت بۆدەکرا،بەهەمەحاڵ بەدرێژایی ساڵانی ئەم قۆناغە هەرگەنجێکت دەبینی دوو کتێبی شڕی فرۆید ومارکۆزەی لەبن هەنڵگدا بوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەیڵێم ئێستاشی لەسەربێ دوو دێڕیان لەو کتێبانە نەخوێندۆتەوە،ئەو سەردەمەش لەخوا بەزیادبێ و فارس گووتەنی گوزەشت.
*رۆژگار رۆیشت ورۆژگار هات زەمەن بووە چەرخی زێڕینی شیعر،کچێکی هەژدە ساڵ جارێك پێیوتم چواردە دەفتەر شیعرم نوسیووە نیرۆدا-پاز- ئەلیوت- بۆدلێر)شاگردن لەچاویدا. هەرچی هەڵدەستا شەڕی بەرۆژنامەو گۆڤارەکان دەفرۆشت بۆچیقەسیدەکەیان بلأونەکردۆتەوە؟قەسیدەش چی؟دووسەد لاپەڕە دەبوو،مەگەر لەئەلفەوە تا یێ-ی گۆڤارو رۆژنامەکەیان بکردایە بەو قەسیدەیە تەواو.. مەبەستمە بڵێم شیعر ببوو بەنان و ئاو،هەرچی هەڵدەستا بەدەم گوڵەبەڕۆژە خواردنەوە دوو دەفتەر شیعری دەنووسی،بەپێی ئەو ئامارەی لای هاوڕێم (شازین هێرش) هەیە ژمارەی ئەو شیعرانە لەسەرووی هەزارەوە بوو،تەنانەت(شازین)زیاتر لە٣٦٠دیوانی کۆکردبۆوەو ناویلێنابوون دیوانی(شاعیرە کەرەکان)، ناهەقی نەبوو شیعری وای تیابوو هەر گوناهە پێی بوترێ میعریش، هی وەهای تێدابوو دەیووت دەمی کەو،ئاخر ئەگەر کەو دەمی هەبێ کەواتە مرۆڤ دەنووکی هەیە، یەکێکی تریان نووسیبووی ماسییە ئاوییەکان وەك ئەوەی ماسی وشکانیش هەبێ وهتد.. ئەوێ رۆژێ زۆر زیاتر لەهەموو کیشوەری ئەورووپا شاعیرمان هەبوو، بەزۆر بەسەریاندا دەسەپاندی ناوی (ئاراگۆن-پاز-بۆدلێر-نازم حیکمەت-رامبۆ...) فێر بیت،بەشەرەفم کەدەیانووت رامبۆ یەکسەر خەیاڵم بۆلای فیلمە ئەکشنەکانی رامبۆی پاڵەوانی سینەمای ئەمەریکی دەچوو!!. رەفەی

کتێبخانەکەم پڕکردبوو لەدیوان، دیوانی عەنتیکەو سەیر،هەروەك لەچەند تەنزێکدا شۆخیم پێکردوون، بەڵام لەخوا بەزیادبێ تاکە دێڕێك چییە شیعرم نەنووسی.
*جوان لەیادمە کاتێ سەددام لەساڵی ١٩٩٠ کوەیتی داگیرکرد،ماڵمان لەگەڕەکی رزگاری شاری سلێمانی بوو،هەرچی خزم وکەسوکارو ناسیاوەکانمان بوو، هەر هەموویان فیریان کردبوو لەعەسکەریی، بەدەگمەن نەبێت کەسیان نەبوونە سەرباز،ئەم فیرارە نەگبەتانە ئیش وکاریان ببووە هەڵماتێن،رۆژ تا ئێوارە لەسەربانە فراوانەکەی نهۆمی سێیەمی ماڵەکەمان هەر خەریکی موشێن بوون،هەر ئەوەندەشم دەزانی هاواریان دەکرد کۆسەڵەیە.لەوانەیە بپرسین ئەی چۆن کەس خەبەری لێنەدان کەئەوان فیرار بوون؟ بەڵام سەربانەکانی تریش هەروەك ئەوەی ئێمە لەجەماعەتی هەڵماتێن رەش دەچوونەوە، ئیدی بەمشێوەیە ئەو پێنج شەش مانگە هەڵماتێن بەتایبەتی لەسلێمانی بوو بووە دیاردە، تەنانەت دوای نەمانی ترس ودەرپەڕاندنی بەعسیش ئەم ئازیزانە لەسەر هەڵماتێن مودمین ببوون، بەوەش هەڵماتێن بووە دیاردەو باو باوی ئەم یارییە بوو، برا گەورەکەم کەهەشت ساڵ لەمن بەتەمەنترە رۆژێکیان سەدو چواردە دیناری ئەوسای تیادۆڕاندبوو.تۆ سەیری ئەو نەگبەتییە گەورەیە بکە، گەنج وهاونیشتمانیانی ولاَتێك زۆربەیان ببنە هاڵماتچی. وەك شنەبایەك ئەم عەهدی هەڵماتێنە خوا حافیزیی لێکردین وزەمان دەروازەی بۆ مۆدیلێکی تری عەنتیکەی کوردیی کردەوە.
*ماوەیەك باوی گۆرانی داواکراو بوو لەرادیۆو تەلەفزیۆنەکانەوە،بەڵکو هەر لەبنەڕەتەوە ئەرکی رادیۆو تەلەفزیۆنەکان ببوو بەگۆرانی داواکراو،یەکێك ناوینابوو ساباتی ستران،چوزانم بەخواستی ئێوە، گۆرانییەك بۆ تۆ،هەڵبژێرە بەدڵی خۆت هتد.. جا ئەم خەڵکە بێکارەی خۆمان شەو رۆژ خەریکی نامە ناردن بوون بۆ ئەم بەرنامانەو لەتەلەفزیۆنێکی محەلییەوە گۆرانییەکیان پێشکەش دەکرد بەبرا مەحبوبە هەندەرانییەکەیان لەئەمەریکا.جا هەبوو گۆرانییەکی پێشکەش دەکرد بەوەکیلی ئاردەکەیان،هەشبوو بەدراوسێی ماڵی کوڕە پورەکەیان،یەکێکی تر دوای پڕکردنەوەی نامەیەکی دوو بستیی گۆرانییەکی بەبراژنەکەی پێشکەش دەکرد کەماڵیان لەنهۆمی دووەمی خانوەکەی خۆیاندا بوو،لەوەش خراپتر هەرچی پەیوەندیی دەکرد دەیووت دەمکەنە هاوڕێی بەرنامەو بەدۆستی بەرنامە قبوڵم دەکەن؟وایاندەزانی ئەگەر ببنە هاوڕێی بەرنامە خەلاَتی نۆبڵیان پێدەدرێ.
*لەگەڵ رێزمدا بۆ هەر پۆلیسێك، ماوەیەك باوی پۆلیسی بوو،هەر ئەوەندەت دەزانی مامۆستای قوتابخانەکەی تەنیشتمان بەجلی پۆلیسییەوە دەهاتەوە بۆماڵ،کاتێ ئاوڕتدەدایەوە دوکاندارەکەی گەڕەك دەرابەکەی دادەخست ودووبەیانی لەبازاڕ بەمفەوەزیی تووشت دەبوو،خۆ ئەگەر ئەم مەوجەیە بەردەوام بووایە بەشێك لەمامۆستایانی زانکۆش دەبوونە شوورتی ئەوەل.ئەو عانە بەپۆلیسبوون لەبرەودابوو،لەڕووی مەعنەوییشەوە کێرڤی پۆلیس بەرزببووەوە.ناسیاوێکی

هەندەرانی لەو ڕۆژە زێڕینانەی پۆلیسدا چووبووە داوای کچێك، بەڵام باوکی کچە وتبووی کچەکەم نەداوە بۆ پۆلیس ئێستا هیچ ناکەم دەیدەم بەخاریجی،بەسەری جەماعەت کچەکەی نەدا پێی.
بەڵام ڕۆژی پۆلیس کورت بوو،زۆری نەبرد گلۆڵەی پۆلیسی کەوتە لێژیی ونمووی نەما.
*سەردەمانێك هاتە پێشەوە، سەفەری هەندەران باوترین شتێك بوو،هەرچیت دەبینی گۆرەوی هەڵکیشابوو وپێڵاوەکانی توند کردبووەوە تاوڵات بەجێ بهێڵێت، ئەوانەشی لەهەندەران هاتبوونە وەك مەلیك پێشوازییان لێدەکرا لەوڵاتەکەی خۆیاندا.ئەویٚ ڕۆژیٚ لەکۆڕو مەجلیساندا پشکی شێری بڕیارو قسە لای کاکی هەندەرانی بوو،ئەگەر کەسەکە زۆر بڵێو چەنەباز بوایە، دەیانووت ماشەڵڵاٚ کەقسەزان وتێگەیشتووە،ئەگەریش وشك وکەمدوو بوایە دەیانووت بێدەنگییەکەی هەمووی حیکمەتە،ئای کەموئەدەبە،کە نەجیب وئەسڵزادەیە. بەڵام خاك بەسەر ئەوەی هەندەرانی نەبوو،خۆ ئەگەر ببوویتایەتە ئەرستۆ حسابی تۆرێکی قوڕاوییان بۆ نەدەکردی، تەنانەت ئەگەر دووجار لەو ڕێیەت نەدایە،دەبوو لەکۆڕو مەجلیسدا دەست هەڵبڕی بۆ ئەوەی ڕێگەت بدەن قسەیەك بکەیت.ئەگەر هەندەرانی بوویتایە سیٚ سەد ماڵ سەرەیان دەگرت بۆ دەعوەت،کچەکانیان لەحەوتی بەیانییەوە بۆشەشی ئێوارە لەئارایشتگا بوون بۆ خۆڕازاندنەوە،تا ڕۆبن هود دڵی نەرمبیٚ بەرامبەریان وپاپوچی ئاڵتونی بکاتە پێیان،تابەری بەیانی موجامەلەیان دەکردو بەشان و باڵیدا هەڵیاندەدا. قسەکانی وەك نەخشی بەرد بەڕەوان سەیر دەکرا،ئیدی باو باوی ئەمە بوو بەهەر نرخێکە بگەیتە ئەو ئەورووپا جادوییەو بەئاوی ئەفسوناویی دۆلار خۆت تەعمید بکەیت تا تۆش ببیتە ئەو میتامۆرفۆسە خەیاڵییە.ئەم شەپۆلەش لەمۆدو چاولێکەریی هەزاران کەسی لەگەڵ خۆیدا لوولدا بۆ تاراوگە تا دواجار ئەم تۆفانەش نیشتەوە.
*زەمانێك بێکاریی بەرۆکی گەلی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا گرتبوو، کارو کاسبی نەمابوو، خەڵك بۆ بژێویی پەیداکردن ناچاربوون دوور لەویستی خۆیان کار هەڵبژێرن. ڕۆژانێك هات لەگەڵ دەنگی ئەڵڵاهو ئەکبەری بەیاندا یەك لەشکر گەنج دەچوون بۆ سەمون فرۆشی،سەمون فرۆشەکان ژمارەیان زۆر زیاتر بوو لەخوێندکارەکانی وڵات،هەر یەکێکیان لەسەر ئیقاعێك هاواری دەکرد: کارەبایە سەمون،عەمونی گەرم، کاڵەبایە سەمسەمون، هەشتی بەپێنج دینارە سەمون هتد.. من خۆم سەرم لەوە سوڕما بوو ئەم هەموو سەمون فرۆشە هەیە دەبیٚ ئەوەندەش خەڵك هەبیٚ تا لێیان بکڕیٚ؟! چونکە ماڵ نا ماڵێك سەمون فرۆشێکی هەبوو،جاخواش نەکا ئەم کوردە سەربکاتە سەر شتێك بیٚ تامی دەکات،مەخسەدم ئەوەیە سەموون فرۆشیش لەقۆناغێکدا ببووەوە مۆدە.
*ماوەیەکە جگە لەدرامای بیٚماناو بیٚ سەرەوبەرە بۆ مانگی ڕەمەزان،گۆرانی وتن بۆتە باو. کاکم نازانیٚ نوارو کۆرش چییە بەگیتارەوە گۆرانی دەڵیٚ،نازانیٚ مەقام وبەستە چییە خۆیکردووە بەمامۆستای هونەرو مەقامات،نازانیٚ گۆرانی فۆلکلۆریی چییەو خاسییەتەکانی چین دەڵیٚ داهێنانەکانم لەسەر بنەمای فۆلکلۆرەوە هەڵدەقوڵێن،نازانیٚ پۆپ ورۆك چییە دەم لەهونەری

جیهانی وگۆرانی مۆدێرن دەکوتێ،نازانێ سەید عەلی ئەسغەر ورەشۆڵ کێن دەیەوێ پێی بوترێ هونەرمەندی نەتەوە،چینەکانی دەنگی خۆی ناناسێ وپڕ بەئاسمان دەشیرێنێ وبەگۆرانی پێمان دەفرۆشێتەوە!نازانێ ئەداو ریتمی گۆرانی چییە،قسەیەکی ئاسایی دەکات ودەڵێت ئەمە ئەو گۆانییە نوێیەیە کەزەوقسزان و سەلەفییەکان لێی تێناگەن!زەمەنی ئێستامان زەمانی گۆرانی هەلەق ومەلەق وبێ رەونەقە،گۆرانییەك نەکاریگەریی بەجێدەهلێ نەهەست وسۆزێکی تیایە،ئەگەر هونەرمەندێکی جیددی لەم گەرەلاوژەیەدا هەڵبکەوێ ئەوە زۆر زۆرە،ئەگەر گۆرانیبێژێکی بەئاگات دەستبکەوێ موعجیزەیەکی خودایە!!ئاخر گۆرانی وەهام گوێ لێبووە بچراوم لەپێکەنیندا، گۆرانی وەهام گوێ لێبووە گریاوم لەداخدا، گۆرانی وەهام گوێ لێبووە هەڵچووم لەبەر بێ ماناییەکەی، گۆرانی وەهام گوێ لێبووە مێشکم ئازاری کردووە لەتاو ژاوە ژاوەکەی،گۆرانی وەهام گوێ لێبووە گوێم لەدەنگی تەنەکەی ژەنگاویی بگرتبایە باشتر بوو،گۆرانی وەهام گوێ لێبووە قاوەقاو دەنگە ناسازەکەی لەدەنگی عەرەبانەی تراکتۆر ناخۆشتر بووە،گۆرانی وەهام گوێ لێبووە هێندەی مۆلیدەی ماڵە دراوسێکەمان سەری ئێشاندووم،گۆرانی وەهام گوێ لێبووە بچوومایە گوێم لەڤرەڤری مەسعەدوە خەباتە بگرتبایە قازانجم زێدەتر دەکرد،گۆرانی وەهام گوێ لێبووە لەبەر غەڵبەغەڵبی مۆسیکای بێ چێژو تام ئێستاش گوێم لەدەنگی دەمبێژ نەبوو، گۆرانی وەهام گوێ لێبووە یاخوا دوژمنەکەشم گوێی لێنەبێ وئەو سزایە نەدرێ تا گوێی لێبگرێ. گۆرانی خۆی دەڵێ دنیا دەوران دەورانە،بەلأم قوڕ بەسەر من نازانم روو لەکوێ بکەم لەم دەورانی گۆرانییە ناشازانەدا؟ خۆ دەزانم لەسەردەمی سەددام حسێن قورستر نییەو هەر دەبێت بڕوات،بەلأم ئەمن دوعایەکی دەکەم هەرچی لەگەڵم کۆکە،با بەدوامدا بڵێ ئامین. (خودایە پەنامان بدە لەم گۆرانی وگۆرانیبێژە بێتامانەو چەرخی رۆژگار بسورێنەو باوی گۆرانی وتن بگۆڕە بەشتێکی تر،قەیناکا ئەو شتە ئەگەر دیکتاتۆرییەتیشە).جارێ لەلای خۆمەوە، ئامین.

تێبینی: هەوڵدراوە ئەم نووسینە بەشێوەیەکی تەنزئامێز بنووسرێ، تا ئەم نووسینەش وەك گۆرانییەکانمان وشك و برینگ نەبێ و خوێنەر حەوسەڵەی هەبێ بیخوێنێتەوە.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٧) رۆژنامەی(نێوەند) لە ٢٠٠٧ \١٧\٣ بلأوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلأوبووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# باوکی مادۆنا لەبەغداد تیرۆرکرا!

مادۆنای ئەستێرەی گۆرانی و مۆسیکی پۆپ بەجووڵەو دانسە دانسقەکەی و بەیارمەتی دەنگە پڕ لەسۆزو جوانییە ئەفسوناوییەکەی نەشئەیەکی خۆشی بەهەر یەکێکمان بەخشیووە ئەگەر گوێبیست و بینەری گۆرانییەکانی بووبین.لەهەرزەکاریدا کەم رۆژ هەبوو بۆ کاتژمێرێك و زیاتریش گوێ لەمادۆنا نەگرم، لێ ئێستاشی لەسەربێ نازانم واتای تێکست و وشەکانی چین،بەڵام تەواوێ پێی سەرسام بووم.ئەو رۆژەی بۆ یەکەمجار ڤیدیۆ سیدیم کڕی وەك ئەوەی بەشێك بێت لەئامێرەکە سیدییەکی دەنگ‌ورەنگی مادۆنام لەگەڵیدا کڕی،هەموو رۆژێك تا دڵم لێی تێر دەبوو گوێم بۆ رادەدێراو ئەوسا دەچوومە دەرەوەی ماڵ. وەك باسیشی دەکەن مادۆنا لەچاو خوشك و براکانی ترییەوە ناشیرینترینیانە،هاوڕێیەکم وتی قوڕ بەسەر ئەوەی فیرعەون پێیدەڵێ کافرە، ئاخۆ چ کافرێك بێت؟ جا قوڕ بەسەر ئێمە ئەگەر مادۆنا بەو جوانییە داڕێژراوە بەسیحر، ناشیرینترین بێت، دەبێ خوشك و براکانی چ پەریزادەیەك بن؟.لێ ئەفسوس لەم رۆژانەدا باوکی مادۆنا لەشاری بەغداد کەوتە بۆسەی تیرۆریستە خوێنخۆرەکانەوەو لەئاکامدا شەهیدکرا.ئازیزان هیوادارم لێتان تێکنەچێ ئەم مادۆنایەی من باسی دەکەم مادۆنای گۆرانیبێژ نییە،بەڵکو کیژۆڵەیەکی چاوشینی نۆ ساڵانی کوردە.مادۆنا هەمیشە فێربوو لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا چاوەڕێی هەڵهاتنی باوکی دەکردو لەباڵکۆنەکەوە بۆ نێو کۆڵانی دەڕوانی تا بابەگیان بەکۆمەڵێك دەست و دیارییەوە بەرەو ماڵ بێتەوە،بەڵام مادۆنا گیان ئیدی لەمڕۆوە دەبێ بەسەرکزیی لەباڵکۆنەکەوە بۆ دەرێ بڕوانی، چونکە ئیدی بابە هەرگیزاو هەرگیز نایەتەوە.مادۆنا کردبووی بەنەریت هەموو بەیانییەکی رۆژی

هەینی تانیوەڕۆ لەگەڵ (قالە)ی برای و باوکی بچێتە شاری یاریی و بەهاری خۆی لەیاریی منداڵان دەربکات،بەڵام مادۆنا گیان ئیدی بابە رۆی تا لەگەڵی بێیتە شاری یاریی،چونکە تیرۆریستەکان شاری یارییان خۆشناوێ.دەبێ لەودیو دەرگای ژووره بچکۆلەکەتەوە کەوێنەی کەروێشك و ورچ و یادگاریی بابەی تیا هەڵواسراوە بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە دانیشی و وەنەوز بتباتەوە،ئاخر بابە سەفەری ئەبەدیی کردووەو وا رۆیشتووە هەرگیز گەڕانەوەی نییە.مادۆنا، دەزانم هەموو رۆژێك سواری کۆڵی بابە دەبووی و پرسیارت دەکرد:بابەگیان زەوی چەند مەترە؟بابەگیان خۆر دەگریێ؟ بابەگیان کابان یانی چی؟بابەگیان بۆچی بابا نۆئێل تەنیا لەسەری ساڵدا دێت بۆلامان؟ بابەگیان بابە نۆئێل ماڵیان لەکوێیە؟ بابەگیان ئەرێ کێ رادیۆی دروستکرد؟.قالە یەکسەر لەولاوە هاواری دەکرد مارکۆنی. بابە دانە دانەو بەدەم خەندەو ماچی رووومەتتەوە وەلامی پرسیارەکانی دەدایتەوەو تۆش کۆمەڵێك پرسیاری ترت بۆ حازر دەکرد،بەڵام مادۆنا گیان تیرۆریستەکان بابەیان لێسەندی وئیدی کورسییەکەی ئەو چۆڵەو ناتوانی پرسیارەکانت بکەی، دەبێ بەحوزن و دڵی پڕ لەگریانەوە لەسوچێکی هۆڵەکەدا هەڵکورمێی وچاوە سەوزەکانیشت وەك چرایەکی کزکز بسووتێ و شەوقی بەرەو کوژانەوە بچێت، دەزانم زۆر قورسە کەسێك نەبێ وەلامی پرسیارە بێ بن و ژیرانەکەت بداتەوە،بەڵام چیمان دەسەلاتە؟ مەگەر ئێمەش لەگەڵ تۆ فرمێسك بۆ وەرینی گەڵای تەمەنی بابەگیان هەڵبڕێژین،مەگەر وەك تۆ بەدۆش داماویی وهەنسکدانەوە هەناسەی گڕاویی هەڵمژین، ببوورە سوچی ئێمە نەبوو،ئەوە تیرۆریستە دڵڕەقەکان بوون بابەگیانیان پێ رەوا نەبینیت، ئەوە ئەوان بوون بابە گیانیان لێ زەوتکردی مادۆنا، دەزانم بابەگیان هەمیشە گۆڤاری پەپوولەو کولارەو نامیلکەی شیعرو چیرۆکی منداڵانەی بۆت دەکڕی و شەوچەرەی شەوتان دەبووە حیکایەتی رێوی و قازو منداڵی ژیرو شیعری ناسك، تۆش لەخەندەو پێکەنیندا نقووم دەبووی، بابەگیان ئەو هەموو چیرۆکەی بۆ دەخوێندیتەوە، تۆش پرسیارت لەبارەیانەوە دەکرد،قالە لەولاوە کۆششی لەبیرکاریدا دەکرد،بەڵام مادۆناگیان ببوورە ئیدی ئەوە کۆتایی هات،ئەوە تیرۆریستە بێ ویژدانەکان بوون نەیانهێشت،ئەمشەو بابەگیان چیرۆکەکەی (رێوی)ت بۆ تەواو بکات،ئەوە ئەوان بوون نەیانهێشت ئەو گۆڤارە تازەیەی بۆی کڕیبووی بیگەێنێتە دەستت، بەڵکو سووریان کرد لەخوێنی جەستەی بابە گیاندا. مادۆنا گیان، دەزانم بابە هەر رۆژەی فێری بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری دەکردی، ئاگام لێبوو پلەیستەیشن و ئەتاریی بۆ کڕیبووی،تۆش هەمیشە کاتی خۆتت پێ پڕ دەکردنەوەو لەگەڵیاندا دەژیای،بەڵام ئیتر تەواو تیرۆریستە تەکفیرییەکان ئەوانەی رقیان لەژیانە، نەیانهێشت چیتر لەگەڵ بابە ماوسی کۆمپیوتەرەکەت بجووڵێنی وتا نیوە شەو لەئامێرزیدا گفتوگۆ بکەیت و فێری فۆتۆشۆپت بکات. دەزانم، چاك دەزانم، زوو زوو بابەگیان جلی ئاڵ و واڵاو جوانی بۆت دەکڕی، دەزانم بابە گیان جانتاو پێڵاوی گرانبەهای بۆت دەکڕی، دەزانم بابە گیان هەموو ساڵێك پایسکیلێکی تازەی بۆ دەکڕیت، دەزانم هەرچی داوات دەکرد بابەگیان

یەکسەری بۆی دەکردی، بەڵام مادۆنا گیان ببوورە ئەگەر ئێمە نەمانتوانی ئەو شتانەت بۆ دابین بکەین، تاوانی ئێمە نییە،ئەوە تیرۆریستەکانن نایەڵن ژیان بەجوانیو شێوە سروشتییەکەی بەڕێوە بڕوات،ئەوە تیرۆریستەکانن دوژمنی هەمیشەیی ماچو عەشقو جوانیو ژوانن، ئەوە تیرۆریستەکانن چاویان بە لەئامێزگرتنی خۆشەویستان هەڵنایەت،ئەوە ئەوانن نایانەوێ ئێوارە بابەگیانەکان بێنەوە بۆ ماڵ،ئەوان نایانەوی شاری یارییو زانکۆو باخچەو گوڵ هەبێت،بەڵکو دەیانەوێ هەمووی بکەن بەمزگەوتو سەربازگەو فەتواخانەو جبەخانەو کێڵگەی تلیاکو دارسیواك. ئەوان دژی تەلەفزیۆنو ئینتەرنێتو کۆمپیوتەرو پلەی ستەیشنو مۆبایلنو دەیانەوێ بیانگۆڕن بۆ TNTو عەمامەو تەقەمەنی. ئەوان دوژمنی ژیانن،مردنیان خۆشدەوێ، ئەوان دوژمنی شێلگیری مرۆڤن، شەیتانیان خۆشدەوێ،ئەوان دژی ژنن، دەجالیان خۆشدەوێ،ئەوان دژی گۆرانین موناجات وقووڵپی گریانیان خۆشدەوێ، ئەوان دژی نەغمەو ئاوازی مۆسیکان، دڵیان بەزرمەو ناڵەی تەقینەوە شاد دەبێت، ئەوا گوڵو پەپوولەیان خۆشناوێ شەیداو دۆستی دڕكودووپشکن، ئەوان ژوانو دڵداریان خۆشناوێ، بەڵکو عاشقی سەنگەسارو لووتبڕینی ژنانن. ئەوان باڕو ئارایشتگاو سەیرانگاو سۆپەرمارکێتیان خۆشناوێ، کونجی ژێر زەمینو تاریکی ئەشکەوتیان خۆشدەوێ، ئەوان رقیان لەشارە دڵفرێنو رووناکەکانی وەك واشنگتۆنو لەندەنو پاریسو ستۆکهۆڵمە، قەندەهارو کەراجیو مەقادیشۆیان خۆشدەوێ. ئەوان رقیان لەبۆنی عەترو گوڵاوە، بۆگەنیی بارووتو تۆزی تلیاکیان خۆشدەوێ ،باش بزانە ئەوان پانتۆڵو تەنورەو بۆینباخیان خۆشناوێ، سەرسامن بەشەرواڵی کورتو کەواو سەڵتەو عەمامەی رەشوریشی درێژ، ئەوان پاکژییو جوانیان خۆشناوێ عاشقی چڵكو چەوێڵیوبۆنی بن باخەڵن، ئەوان رقیان لەپێکەنینو قاقایە، هاواری تەکبیرو (حی یا علی الجهاد)و شیڕەو شیڕی مەلاو بانگی فەتوایان خۆشدەوێ. رقیان لەماندێلاو بوزاو گاندیی، ئوسامەو زەواهیریو نەسروڵڵاو خالید مەشعەلیان خۆشدەوێ. ئەوان رقیان لەئۆتۆمبێلو شەمەندەفەرو فڕۆکەیە هەر لەئەزەلەوە سواری حوشترو غاردانی گوێدرێژیان خۆشدەوێ،ئەوان دژی میترۆو باڵەخانەی بەرزو شەقامی رازاوەن، کەلاوەو شاری وێرانو خەرابستانیان گەرەکە، ئەوان هەوای بێگەردو سروشتی دڵبەرو هاژەی چەمیان خۆشناوێ، حەزیان لەشینو شەپۆڕی جەرگ سووتانەو دڵیان بەدووکەڵی تایەو گێژەڵووکە خۆشدەبێ، ئەوان رقیان لەکاڵای رەنگاو رەنگو پۆشاکی سوورە دەیانەوێ هەموو مرۆڤەکان تێکڕا رەشپۆشن. حەزیان لە رەشبەڵەكو شاییو سەما نییە، عاشقی ئەبەدیی تەعزیەو باوکەڕۆو لەخۆدانن. ئەوان رقیان لەهەموو جوانییەکە، لەجوانی دەترسن، لەئازادیی دەترسن، لەمۆسیکا دەترسن، گۆرانی هەراسانیان دەکات،لەبزەی سەر لێو دەترسن، لەسێبەری خۆشیان دەترسن. مادۆنای ئازیز ئەوان تەنیا دوژمنی بابەگیان نەبوون،دوژمنی سەرسەختی یەکە یەکەمانن، دەیانەوێ هەموو جەژنەکانمان بکەنە پرسەو ماتەمینی، دەیانەوێ شادییەکانمان بۆ خەمو

خەفەتو پەژارە بگۆڕن، ئەوان درێغی لەهیچ ناکەنو چی ڕەشیی ناو زگو داخی دڵی ڕەش داگەڕاوییانە بە سەرماندا دەیڕێژن. مادۆنا گیان، ئەی خونچە نازدارەکە، ئەی گوڵە ژاکاوەی بابەگیان فرمێسکەکانت ڕووبارێکە سەرچاوەکەی لەدڵی ئێمەدایە، هەست بەئازارەکانت دەکەین، خەمەکانتمان دەرخ کردووەو لەبەرمانە. مادۆناگیان، ئەوەش بزانە شەو هەرچەند درێژبێ هەر ڕۆژ دەبێتەوە، بەهاری ئازیز سەختییەکانی زستان ڕادەماڵێت، باران هەموو پیسییەکانی ژیان دەشواتەوە. تاریکپەرستەکان سەر بەم زەمینە نین، دەبێت بەرەو هەسارەیەکی تر هەڵبێن، ژیان ئەوانی ناوێ، چونکە دۆستو هەواداری نزیکی مردنن،مرۆڤ ئەوانی ناوێ چونکە نوێنەری راستەقینەی ئەهریمەنن، مادۆناگیان دەزانم ئۆغرکردنی یەکجاریی بابەگیان فرمێسکی زۆری لەدووە،بەڵام چاك بزانە هەموو مۆمێکی داگیرساومان بەدەستەوەیەو تاریکپەرستەکانی بۆ دۆڵی تاریکی پێ ڕاودەنێین، هەموو خەونێکی سەوزو جوان لەکەللەماندا چەکەرەی کردووەو شەڕی زیندەخەونە پووچەکانی ئەوای پێدەکەین، سەرەنجام ئاهورامەزدا وەك بەڵێنی پێدابووین لەم جەڕوحەبلەی جەنگدا بەماسکە ئەستوورەکانی ئەهریمەنی تاریكو نوتەكو سەرچاوەی نارەحەتی دەبەزێنێ، خۆریش وەك چاوگی ڕووناکیو ژیانێکی پڕ لەخەونی گەش هەموو بەیانییەك بەدەم بزەوە سڵاومان لێدەکاتو لەگەڵیدا مزگێنی کۆتایی هەتاهەتایی تاریکیمان دەداتێ. مادۆنا گیان، وردیلە ئازیزەکەم چاوەڕێی ئەمڕۆژەبە.

تێبینی:نزار جەمیل– زێڕنگەرێکی شاری سلێمانی تەمەنی سیو نۆساڵو باوکی دوومنداڵی چاوگەش بوو، بەناوەکانی (مارسیلیا) تەمەن یانزەساڵ کە لەبەر قەڵەوییو خەپەیی ناویاننابوو (قالە)و(مادۆنا) تەمەن نۆساڵ، ئەم پیاوە وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی لە کوخە بچووکەکەی خۆیدا دەژیا، تا ئەو کاتەی لە شاری بەغداد بەدەستی تیرۆریستەکان شەهید کرا، ئەم چەند دێڕە کاردانەوەی هەستی منە بۆ مادۆنای کچە بچووکی نزاری شەهید.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٨) ڕۆژنامەی(نێوەند) لە نیسانی ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە:
– www.kurdistannet.org

# شازی دیموکراسی

عەیامێکە، زەمانێکە، سالانێکە، تەمەنی نەوەیەکە، هاوولاتی کورد نارەزایەتی دەردەبڕێ،سکالای ژیانی دەکات، دەیەوێ سەرنجی بەرپرسەکان رابکێشێ بۆ کێشەکانی،ئارەزوو دەکات ویژدان و سۆزیان بهەژێنێت، گەرەکییەتی ئەو دێوە خەوتووەی پێی دەڵێن دەسەلات بەئاگا بهێنێتەوە، هەوڵی نەپساوەی داوە تەنانەت بەزەیی پێدابێتەوە، کۆششی کردووە جیسمی مردوو و بەبەردبوویان راوەشێنێ،هەزارو یەك رێگە گیرایەبەر، لەسەر دەرگای تەوالێتی مزگەوتەکانیان نووسی، پڕ ئۆقیانووسێك مرەکەب سەرفکرا لەرەشکردنەوەی لاپەرەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، ملیارەها فۆڵدەرو میگابایت نووسراوە لەسەر تۆرەکانی ئینتەرنێت بلاوبوونەوە، لەسەر شەقامەکان دەستکرا بەجنێو و پرتەوبۆڵەو رەخنەگرتن لەدەسەلات، کار گەیشتە ئەوەی خۆپیشاندان و پێکدادان روویدا، بایکۆت دەستی پێکرد، نارەزایەتییەکە هێندە بەتین و رق ئەستوور بووە بەدووری نابینین لەئاقیبەتدا توندوتیژیی بیۆێنەی لێبێتەوە. لەناو پاسدا باس هەرباسی خراپی حکومەتە، سایەق تەکسی تادەتکەیەنێتەوە ماڵ هەزار جنێو بەحکومەت دەدات، لەگازینۆ دادەنیشی لەباسی گەندەڵی بترازێ چی وشەیەکی تر نەماوە بۆ گوتن. دەچیتە شایی یان پرسە، دەچیتە مزگەوت یان کەنیسە، دەرۆیتە بازاڕ یان فەرمانگەکان، دەرۆیتە قوتابخانە یان زانکۆ، دەچیتەوە بۆ ماڵەوە یان بۆ میوانی، دەرۆیتە هەر شوێنێك، باس و خواس هەر کەموکوڕییەکانی داو دەزگاکانی حکومەت و خەواڵوویی پەرلەمان و لاقرتێکردنی بەردەوامە بەمەشاعیری تاکەتاکی هاونیشتمانیان. لەولاشەوە حکومەت هەناسەی لەخۆی بریوە و دەنگی نەفەسدانیشی نایەت، زۆر جار بەبیرمدا دێ وەزیرەکانمان کەرولاڵن، زمانیان گۆ ناکات وەلامی ئەو خەڵکە بدەنەوە، هەندێکیان هەر دەڵێی دەمو لووتیان عەمەلیات کراوەو دکتۆر بۆی نووسیوون جووقەیان لێوەنەیەت، بەشێکیان هاوارو ناڵەی هاوولاتیان لەگوێی راستیانەوە دەچێتە ژوورەوەو لەچەپیانەوە دەردەچێ. هەندێکی تریان وەك ئەوەی وەزیرو کاربەدەستی ئەندەنۆسیا یان فلیپین بن بیرای بڕ باری سەرنجیان نەچووەتە سەر هیچ گلەییەکی خەڵك و لەخوا بەزیادیش بێ نەرۆژنامە

دەخوێننەوە نەخەڵك دەبینن، ئیدی چۆن چۆنی لەموعاناتەكانیان تێبگەن؟!. سەیر لەوەدایە هەندێك دەسەڵاتدارو گەلۆری سەر بەدەسەڵات لەگەڵ هەر دەنگێكی ناڕەزایەتیدا، لەگەڵ هەر جنێوێكی هاووڵاتیدا، لەگەڵ بۆڵەبۆڵی هەر گەنجێكدا، فوودەكەن بەكەڕەناداو لە بەردەم مایكرۆفۆندا ئامادەن بۆ ئەوەی هاوار بكەن: دەی سەیر بكەن، برادەرینە سەیر بكەن، بزانن ئێمە چەندە دیموكراسیین؟ بزانن فلانە كەسی چەمووش چۆن هێرش دەكاتە سەرمان و قسەش ناكەین، ئێوە سەیربكەن، جوان سەیر بكەن، هاووڵاتییان لەسەر شەقام و كوچەو كۆڵان بەدەنگی بەرز بەبێ ترس رەخنەمان لێدەگرن، لەوە زیاتر ئەستەغفیروڵڵا جنێویش بەسەركردە موبارەكەكانمان دەدەن، ئێمە هیچ وەڵامێكمان نییە، بڕوانن برادەرینە، جوان بڕوانن و بزانن چۆن رۆژنامەنووسان لەدەستاڕدا دەمانهاڕن و هەیبەتمان دەشكێنن، ئێمە نەك هەر تووڕە نابین و بەپۆلیس نایانگرین هەر ئیهمالمان كردوون، شەقیش بەرن وەڵامیان نادەینەوە، ئەگەر بەخت یارییان بێ بانگ دەكرێن بۆ دەعوەتێكی چەور لەبری لێپرسینەوە، ئەی جەماوەری بەشەرەف، كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان، بڕواتان هەبێ سێ بەسێ تەڵاقمان خواردووە نە لەسەر رەخنەو گلەیی تووڕە بین و بتانگرین نە داواكارییەكانتان بۆ جێبەجێ بكەین. ئێوە چی دەڵێن بیڵێن ئازادن، ئێوە ئەمڕۆ هەوای ئازادیی (بەسیسی) هەڵدەمژن، ئەوەش بەرهەمێكی خوێنی شەهیدانەو دەستكەوتێكی مەزنە، چی گلەییەك دەكەن فەرموون بۆنایكەن،خۆ ئێمە گوێتان لێناگرین، ئەگەر ئێمەتان قبووڵ نییە ناچین كورسی دەسەڵات چۆڵ بكەین، نا هەرخۆمان قاچاغچیتان بۆ دەگرین ،فەرموون ئەوەڕێی هەندەران!.

دەسەڵاتی كوردستان وا لەدیموكراسی گەیشتووە تۆ وەك لێبۆكێكی سەرشێت و گوناه چی دەڵێی بیڵێی،چی دەنووسی بینووسی، چی دەكەی بیكەی دەسەڵات هیچ كێشەیەكی نییە نەگوێ دەگرێ نەتووڕە دەبێ، چونكە دیموكراسیخوازێكی عەیارە بیست و چوار بیوورن خەلیجییە. رۆحی دیموكراسی بریتییە لەزەمینەیەكی خەملیو وئازاد تا هەركەسە تەعبیر لەویست و كێشەو روانینەكانی بكات، هاووڵاتی لەسیستمی دیموكراسییدا نەك هەر موهەریج نییە بەڵكو چەكمەجەی سەرۆك وەزیران دەكاتەوەو لێیدەپرسێتەوە چەندی هەیەو چۆن پەیدای كردووە؟. لێرە نەك ناتوانی ئەو چەكمەجەیە بكەیتەوە بگرە بۆت نییە سەیری ئۆتۆمبێل و ماڵەكەشی بكەیت چونكە بڤەیەو لەوانەیە تۆ پیاو خراپ بیت!! بەبیانووی تێكدانی ئەمنی نەتەوەیی داردەدەن بەڕۆحتداو فەلاقەت دەكەن. هەر ئەوەندە هەیەو دیارە لەكەسیش شاراوە نییە دیموكراسییەكەی كوردستان نموونەیەكی شازو تایبەتەو لەسەر بناغەی ئێوە قسەبكەن و ئێمەش لەهۆڵەكانی پەرلەماندا سەرخەوێك دەشكێنین دامەزراوە.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٦) رۆژنامەی(نێوەند) لەرۆژی ١٨\٢\ ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

## كاتى ئەوەيە نامەى ئەعمال بدرێتەوە دەست دوو زلحيزبەكە

زۆرجار بير لەهۆنراوەكەى هۆنەرى عەرەب(ئەبولقاسمى ئەلشابى)دەكەمەوە كەدەڵێ:ئەگەر گەل ئيرادەى نواند دەبێ چارەنووس كڕنووشى بۆ بەرێت و ناچارە سەرى رەزامەنديى بۆ كەچ بكات. لەمێژووى خۆماندا زۆر لەنزيكەوە ئەم ئيرادەيەمان بەبەرجەستەيى بينيووە كەرووبەڕووى سەختترين ستەمى داگيركەرانى كوردستان بووەتەوە.تەنانەت ئيرادەى نەتەوەيى ئێمە لەهەنديك لەماوەكاندا بەئەندازەيەك هەڵكشاوبووە بەرامبەر بەمەحاڵ وەستاوەتەوە،بۆ وێنە كاتێك (شێخ مەحمود)بەتفەنگەكەيەوە رووبەڕووى ئينگليز دەبێتەوە هێمايەكە بۆ ئەو رۆحە ياخيية بەئيرادەيە، چونكە ئەو باش دەيزانى بەو تفەنگە ژەنگاوييەوە دەرەقەتى سوپاى ئينگليزو چەك و لاپاڵم و بۆمبا پێشكەوتووەكانى نايەت،بەلاّم سووربوو لەسەر بەرگرييكردن و نيشاندانى هەلّوێستى بەرزى نەتەوەييانە لەبەرامبەر هەموو ئەوانەى بەشێوەيەك لەشێوەكان چاويان لەولاّتەكەى بڕيوە.ئەگەر بۆماوەى چەند كاتژمێرێكيش بكەوينە شەن و كەوكردنى مێژووى گەلان و شۆڕشە گەورەكانى جيهان،ئەو راستيية حاشا هەڵنەگرە بەئاشكرا دەبينين هەموو وەرچەرخانە گەورەو شۆڕشە مەزنەكان ئيرادەيەكى بەتين و قووڵى جەماوەرى گەلى لەپشتەوە بووە. ئەگەر بۆ نزيكترين نموونە بگەڕێين راپەڕينى ساڵى ١٩٩١ى گەلى كوردستان باشترينە،خەڵكى كوردستان لەو بەروارەدا حكومەتى عێراق و دام و دەزگا داپلۆسێنەرەكانى بەعسى لەسەرتاسەرى كوردستاندا هەڵكەندو دەسەلاّتى ولاّتى رادەستى دووزلحيزبەكە كرد.خولاسە سەرباى توندترين پاراداىمەكانى قەمعكردن و چەوساندنەوە،هەر ساتێك جەماوەر ئيرادەى نواندبێت، بەهێزترين گاشە بەردو دارى ستەمكاريى خۆى لەبەردەم لافاويدا رانەگرتووە.هەروەك(مانوئيل كاستل)دەڵێت (بێگومان سەركوتكردنى فيزيكى وفيكريى يەكێكە لەرەهەندە سەرەكييەكانى دەسەلاّت،بەلاّم ئەگەر جەماوەرێك بەشێوەيەكى قووڵ تێڕوانينى خۆيان بۆ مەسەلەكان بگۆڕن و بەشێوەيەكى ترو تايبەت لەلايەن خۆيانەوە بيربكەنەوە، هيچ دەسەلاّتێك ناتوانێت بەرەو روويان بێتەوە).مێژوو پڕيەتى لەو نموونانە چۆن جەماوەرى گەل بەرێگە جۆراوجۆرەكانى خەباتى سياسيى و جەماوەريى دەسەلاّتدارە ستەمكارو كەمتەرخەمەكانيان گۆڕيوە يان ناچاريانكردوون بێنەوە سەر هێڵى راست و چوارچێوەى ياسايى و ديموكراتى.سالاّنێكى زۆرە جەماوەرى كوردستان دادو بێدادو هاواريانە لەتاو دەسەلاّتى كورديى و بۆشاييەكانى ئەو دەسەلاّتە لەخزمەتكردنى هاوولاّتياندا

بەگشتی.بەڵام دەسەڵات زۆر لەوە سرك‌و سەرەڕۆ تر بووە گوێ بۆ داخوازییەکانی هاووڵاتیان شل بکات‌و هەوڵبدات بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لەژیانیاندا دروستبووەو هەیە.تەنانەت شانزە ساڵ زیاترە بەڕێگەی جۆراو جۆر کوردستانییەکان سکاڵاو ناڕەزایەتی دەردەبڕن لەبەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەك ئاووکارەباو سووتەمەنی‌وریگاوبان‌وهتد..لەزۆربەی حاڵەتەکاندا خەڵکی کورد چاوپۆشی لەهەندێ مافی رەسمی‌وحەقیقی خۆیکردووە لەپێناو پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی‌و یەکڕیزیی نیشتمانی لەکوردستان،لەبەرامبەریشدا حکومەتی دوو حیزبەکە(پارتی‌و یەکێتی) زۆر زیاتر لەراددەی ئەو پەرۆشییەی جەماوەر خەمساردو بێباك بوون، بەڵکو خراپتر لەوە نقوومی گەندەڵی‌و بێ‌ئاگاییەکی قووڵبوون لەژیانی مەمرەومەژی خەڵك‌و پێداویستییەکانیان لەهەموو لایەنەکانەوە.ئەم دەسەڵاتە بەحوکمی کارلێککردنی بەردەوامی لەگەڵ کولتووری فەرهودوگەندەڵی‌و بیرۆکراتی‌و گوێنەدانە مافەکانی هاووڵاتیان‌و قوڵبوونەوە لەپاراستنی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان،رۆژ بەڕۆژ نابووتتر دەبێت تا ئەو شوێنەی نەوەیەك لەکوردستان پێگەیشتووەو لەقووڵپداندایە تاکە جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان حکوومەتی هەرێم‌و بەعسدا بەدیناکات.بگرە لەزۆرترین جارەکاندا ئەو رەهەندو دیوە لێکچووانەی لەگەڵ بەعس هەیەتی چرکە لەدوای چرکە زاڵتر دەبێت بەسەر کولتوورو بیرکردنەوەو کرداری سیاسیی‌و ئیداریدا.خۆ چرکە ساتێکیش پۆلیس‌و ئاسایشی حکومەتی کوردیی گوللە بەرەو رووی خۆپیشاندەران دەتەقێنێ گومانێك نامێنێتەوە ئەم دەسەڵاتەی لەکوردستان مەوجودە دیکتاتۆریی وعەسکەرتارییە.تەنانەت کاتی ئەوە هاتووە ئەدەبیاتەکە راست بکەینەوە ژمارەی شەهیدەکانی هەڵەبجە بەو گەنجەی پارساڵ پۆلیسی کورد شەهیدی‌کرد ببێتە پێنج هەزارو یەك شەهید.هەنووکە کار گەیشتۆتە ئەوەی سەرجەمی مرۆڤی کورد لەم بەشەدا نەهامەتی‌و نەگبەتییەکانی سەرشانی لەئەستۆی پارتی‌و یەکێتیدا ببینێتەوە،خۆ ئەگەر بۆی بلوێ لەسبەینێ زووتر نییە زوخاوی دڵی دەڕژێت بەسەریانداو لەدژیان خەبات دەکات.لایەنی دەسەڵات نەك ئەوەی ئامادە نییە ژیانی هاووڵاتیان بەرەو سەرترو رەفاهتر ببات بەڵکو ئامادەیی ئەوەشی تێدا نییە خۆیشی (دەسەڵاتدارەکان)وەك هەموو ئەو خەڵکە هەژارو کەمدەرامەتە بژی،خۆ لەڕووی مەنتیقیشەوە زۆر گونجاوە دەسەڵاتێ نەتوانێت ژیانی هاووڵاتییەکانی بباتە ئاستی ژیانی وەزیرو کاربەدەستانی باڵا با ژیانی ئەوان دابەزێنێتە خوارێ بۆ ئاست هەژاران.سیحری (گاندی)ئەمەبوو،چونکە وی نەیتوانی خۆشگوزەرانی‌و ژیانی رەفاه بۆ سەرجەم هندییەکان دەستەبەر بکات بۆیە ناچار ژیانی خۆی هێنایە خوارێ بۆ ئاستی بژێویی‌و ژیانی هەژاران،ئەمە هەر ئەو پاڵنەرە بوو گاندی کردە خودایەك لەپێش چاوی هندییەکان،چون ئەوەکەم نەبوو گاندی وەك هەرگەدایەکی هندیی پارچە پەڕۆیەکی پۆشیبوو،بەردەوامیش بەدەستەکانی خەریکی رستن‌وکارکردن بوو.بەڵام پیاوانی دەسەڵات لەکوردستان هەروەك ئەوەی باندێکی مافیایی‌و دەستەیەك جەردەبن دەیانەوێت لەزووترین کاتدا

کیسەی خاڵییان پڕبکەن(پێش ئەوەی بقوچێنن)دەسەڵاتداریی لەم وڵاتەدا نەك بەرپرسیاریی وکردەیەکی قورس نییە،بەڵکو ئاسانترین ڕێگەی دەوڵەمەندبوونە.عومەری کوڕی خەتتاب کە بەدادپەروەرترین خەلیفە ناوبانگی دەرکردبوو لەسەر وەختی خەلافەتیدا زوو زوو دەیووت(سوێند بەخوا سوارێك لەعێراق بگلێت من لێی بەرپرسم).کەچی بەرپرسی کورد ڕۆژی سەد هاووڵاتی وەك مەڕو بزن لەبن دەرکی ماڵەکەیدا لەبرسا بمرن خۆی بەبەرپرس نازانێ،بگرە نەبریندار دەبێ پێی نەویژدانیشی دەجووڵێ.لەڕاستیدا بێزاریی جادەی کوردیی چەند لەبەر نەبوونی ماف و خزمەتگوزارییەکانە،ئەوەندەش بۆ بێ دەربەستی و ژیانی سەر بورجی عاجی بەرپرسەکان دەگەڕێتەوە،لەکاتێکدا هاووڵاتیان لەگەڵ ئەم واقیعە ڕووبەڕوو دەبنەوە چۆن بەنزین دەکەین بەئاگردا،تووڕەییان تاووکڵپە دەستێنێ.ئاخر هاووڵاتی و فەرمانبەری‌داماو چۆن تووڕە نابێ؟کاتێ بەرپرسەکانی کورد دەبینێ هێندە دەوڵەمەندو پارەداربوون قارون ناگاتە قولەپێیان،خۆ ئەگەر کەمێکیش بەدین بوونایە تەنێ بەپارەی زەکاتەکانیان تاکە هەژارێ لەکوردستاندا نەدەما.ئەوی‌ئەو بۆشاییەی ئەمڕۆی دروستکردووە لەنێوان دەسەڵات و جەماوەردا ئەم حاڵەتەیە نەهیچی تر، بەردەوامیی ئەوەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەلێنەکە گەورەو گەورەتر دەکاتەوە تائەو جێگەیەی لەچرکە ساتێکدا لەیەك دەترازێت.ئەمڕۆ دوای نزیکی شانزەساڵ لەمومارەسەی ئیداریی یەکێتی و پارتی لەهەمووکات زیاتر فەشەلی ئەزموونەکەیان لەبواری حوکمداریدا دەدرەوشێتەوە،هەروەك ئەندامانی پایە بڵندو سەرکردایەتی دوو زلحیزبەکە دانیپێدادەنێن و دەڵێن بەدەستی خۆیان(دوابزماریان لەتابووتی حیزبەکانیان)داوەو لەهەموو بەهایەکی مرۆڤدۆستی ودیموکراسی وشۆڕشگێڕیی داڕنراون.ئەوەی ماوەتەوە خەڵك تەرمەکەیان هەڵبگرێ و بیخاتە ئەو تابووتەوە خۆیان دوابزماریان لێداوەو بۆهەتا هەتایە لەگۆڕیان بنێ.هەروەك چۆن لەکتێبی پیرۆزی‌موسڵماناندا(قورئان) بەبەرینی چەند ئایەتێك باس لەپاشەڕۆژی دوای مردن دەکرێت،ئەوی لەو قیامەتە کتێبی کردەوەکانی بەدەستی چەپ وەرگرت دەبێ بێ خۆراپسکان و ئەملاوئەولا ملی ڕێگە بۆ دۆزەخ بگرێتەبەر، ئەویشی بەدەستی ڕاست نامەی کردەوەکانی ڕادەست بکرێت بەشادیی و تریقانەوە بۆ بەهەشت هەنگاو هەڵدەگرێ.ئاوها خەریکە هەر لەم دنیا ڕۆژێ دێتە پێشەوە،گەلی کورد وبزووتنەوەی ناڕازی گەنجان و منەوەران بەئەسپایی ولەسەرەخۆ نامەی ئەعمال دەداتە دەستی چەپی یەکێتی وپارتی و کۆتایی بەچەرخیان دێنێ،هەروەك چۆن دوێنێ گەلی فەلەستین هەمان نامەی دایە دەستی چەپی بزووتنەوەی فەتح و دەنگی خۆی خستە سەبەتەوسندوقی حەماسەوە.دەسەڵاتی کوردیی لەخانەی گەندەڵترین دەسەڵاتەکانی دنیایەو سەرچاوەی کۆی مەینەتییەکانی وڵاتەکەشە بۆیە تاکە ڕێگە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی بەشێوەیەکی دیموکراسی.دەگێڕنەوە کاتی خۆی چەرچڵ بەبرنادشۆی وتووە هەر تۆ دەبینم بیری هەژاریم دەکەوێتەوە،شۆ لەوەڵامدا بەزمانە ساتیرئامێزەکەی دەڵێ:منیش کەتۆ دەبینم بیری سەرچاوەی هەژاریم دەکەوێتەوە کەجەنابتی.بۆیە ئەوڕۆ هەرهاووڵاتی کورد دەبینیت

بیری لێقەوماویی وهەژاریی و داماویی و بێئاو وکارەبایی و بێ خزمەتگوزاریی و بێسووتەمەنی و بێمافیت دەکەوێتەوە،بەڵام کەدەمو چاوی بەرپرسەکان لەشاشەی(تیڤی)یەوە دەبینم بیردەکەمەوە ئەمانەن سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و کلۆڵییەکانی خەڵك. ئیدی بەڕاست وەختی ئەوە نییە حەق و حسابێکیان لەگەڵدا بکەین؟!.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٦) ڕۆژنامەی(نیۆەند) لەرۆژی ١٨\٢\ ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

## گەنجان و پابەندبوون بەیاساوە

لەم یەك دوو شەوەدا تەماشای پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیم دەکرد،تەوەری پرۆگرام تەرخانکرابوو بۆ هۆشیاریی یاسایی لای گەنجان،ئامانجی ئامادەکاری پرۆگرام وکەناڵەکە ئەوەبوو ئەو گۆشەنیگایە قووڵ بکەنەوە:گەنجانی کوردستان پابەندنین بەیاساوەو هەرکاتێك بۆیان بلووێت یاخیدەبن و سەرپێچی لەیاساکانی وڵات دەکەن.یاسا بەپێی لێکدانەوەو توێژینەوەی دکتۆر(مونیر ئەلوەتەری) لەکتێبەکەیدا(قانوون)ڕێکخستنە،سەرباری سەلماندنی ئەوەی ریشەی زاراوەی قانوون عەرەبی نییە،دەنووسێت:قانوون لەبنەڕەتدا لەوشەی(kanon)ی لاتینییەوە وەرگیراوە،ماناکەشی بنەما یان ڕێکخستنە،هەر لەوێشەوە وشەی کانوونی فەرەنسی وەرگیراوە کەلەسەردەمی مەسیحییەتدا بەو بڕیارانە دەوترا لەلایەن کۆمەڵەی کڵێساکانەوە دەردەچوون.بەمپێیە بێت قانوون واتە ڕێکخستن،ڕێکخستنی کۆمەڵگەو هاووڵاتیان وکاروبارەکانی ژیان لەرێگەی سیستمێکی عەقڵانی وئازادانەوە،بەڵام نوکتەکە لەوێ دەستپێدەکا لەکۆمەڵگایەکی بێسەرەو بەرەو هەمەجی وەك کوردستاندا،تەلەفزیۆنێکی کوردیی باری سەرنجی لەیاساشکێنی گەنجاندا کۆدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمیی وزانستیی ئەنجامدابێ،بەبێ ئەوەی ئامارو داتایەکی لەبەردەستدا بێت گەنجان بەچ ڕێژەیەك وکام یاسا دەشکێنن؟گەنجانی ئەم وڵاتە نە کاربەدەستی باڵان ونەبزنزمان ونەباندی مافیایی،نەزیندانەکانی کوردستان جمەیان دێت لەگەنجاندا.ئیدی تەوەرێکی ئاوها چۆن سەرنج ڕادەکێشێت؟یاساشکێنە گەورەکان گەنجان نین، یاساشکێنە هەرە ترسناکەکان هەرزەکاران نین،ئەوانەن تادوێنێ بازرگانییان بەچارەنووسی گەلێکەوە دەکردو ئەمڕۆش بەبێگوێدانە هیچ یاساو هاجس ورێگرییێکی ویژدانی ژێرخانی ئابووری وڵات دادەڕمێنن وسیستمی کارگێڕیی دەشێوێنن وکولتووری سیاسیی لەبازنەی نەتەوایەتییەوە دەگوازنەوە بۆ خولگەکانی حیزب،بەفەردە دۆلار گەندەڵی دەکەن وبێ هیچ سڵەمینەوەیەك داهاتی سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان برابەش لەنێو خۆیاندا دابەشدەکەن.ئەوە دەسەڵاتدارە پیرو پەککەوتەکانی کوردستانن،هیچ یاسایەك نییە لەسەروویانەوە،شاخەکانیشیان داگیرکردووە،جۆگەکانیان تاپۆ کردووە،ئاسمانیان داوە بەکرێ،ئۆکسجین وهەواشمان پێدەفرۆشن،دەریاچەکانیش دەخەنە مەزاتەوە.ئەوە وەزیرومەزیرو ئەو شتانەن بەبێئەوەی هیچ یاسایەك هەبێ لێیان بپرسێتەوەو هەقی هەبێ بەسەریانەوە،زەوی بەگوریس دابەشدەکەن بەسەر کەسوکاریاندا بەتەنکەر سووتەمەنی

ونەوت بۆ خزمانیان دەنێرن وبەدەفتەر دۆلار دەکەنە پۆیلانەی ئاهەنگ.ئەوە گەنجەکان نین(زۆربەیان کرێ پاسیان پێ نییە چجای ئۆتۆمبێل).تا لەئۆتۆمبێلە جام رەشەکانیان دابەزن و پۆلیسی هاتوچۆ بدەنە بەر شەق وزللە. گەنجەکانی کوردستان کام یاسا بشکێنن؟مەگەر لەبەرقەرەباڵغی شەقامەکان درەنگ بگەنە فەرمانگەو شوێنیکارەکانیان.مەگەر لەبەر غەمەکانی ژیان پێنج خولەك درەنگتر بچنە موحازەرەکانی زانکۆوە،تێناگەم داخۆ گەنجەکانی کورد چییان بەدەستەوەیەو لەکام پانتایدا یاساشکێنی بکەن؟ئەم تاوانبارکردنەی گەنج بەیاساشکێنی دیسان لەچوارچێوەی ئەو کەمپینەدایە دەسەڵاتی گەندەڵی لەکوردستان دژ بەگەنجان ورۆشنبیران ورۆژنامە ئازادەکان رایگەیاندووە،ئەو نایەوێ ددان بەگەندەڵی وهەمەجێتی خۆیدا بنێت،رێگەی ناشرینکردنی وێنای ئەو کەس ولایەنانەی گرتۆتەبەر حەقیقەتی دەسەڵات بۆ هەرلایەك مانیفێست دەکەن،چون ئەگەر بڕیارە لەیاساشکێنەکان بپێچینەوە،بەدڵنیایی گەنجان لەو لیستەدا نین یان هیچ نەبێت لەکۆتایی لیستەکەدان.لێ پاساو ناهێنمەوە بۆ یاساشکێنیبەڵام ئەوخروقاتانە بچووکانەی هەندێ گەنج دەیکەن لەبەرامبەر ئەو ئۆقیانووسە گەورەیەی یاساشکێنی بەرپرس وسەرکردەکانی وڵات هەرگیز شایەنی باس وسەرنج نین،کاکی ئامادەکاری پرۆگرام دەبوو بەپێی ریزبەندیی سەیری کرداری یاساشکێنی بکردبا لەوڵاتداو لەپێشدا یەخەی بەرپۆوەبەرو سەرکردەکانی پارتەکەی خۆی بگرتایە،ئەوجا پلە بەپلە بهاتایەتە خوارەوە.کاتێك باسیش لەیاسا دەکرێت پێویستە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنرێت،کام یاسا؟بۆ لەکوردستان شتێك هەیە ناوی سەروەریی یاسا بێت،یان یاسا ئامادەبوویەکی جیددییە؟بێگومان نەخێر.چون ئەگەر یاسا سەروەر بێت ئەم فەوزایە بۆچی؟ئەگەر یاسا سەروەربێت ماف هەیە،ئەگەر یاسا سەروەر بێت هاووڵاتیبوون هەیە،ئەگەر یاسا سەروەر بێت سەقامگیریی ودڵنیایی سیاسیی وئابووری بوونی هەیە،ئەگەر یاسا سەروەربێت دادویەکسانی بوونی هەیە،ئەگەر یاسا سەروەر بێ ئازادیی هەیە،ئەگەر یاسا سەروەر بێت ژیان بەپێی سیستمێکی تۆکمەو رێکوپێك دەڕوات بەرێوە.مۆنتسکیۆ دەنووسێت(ئازادیی بریتییە لەوەی مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت هەرکارێك ئەنجام بدات کەیاسا مۆڵەتی داوەو ئەو شتەش یاسا قەدەغەی کردووەو لەبەرژەوەندیی ئەوی نەزانیوە ناچار بەئەنجامدانی نەکرێت).بەبڕوای مۆنتسکیۆ ئازادیی بریتییە لەچوارچێوەیەکی یاسایی مرۆڤ لەخولگەکانیدا مومارەسەی ژیانو وجودی خۆی دەکات،ئازادیی لەدیدی ئەو فەیلەسوفەدا رووبەرێکی یاساییە بۆ هەرمرۆڤێك چونکە سنوور وچێوەی ئازادییەکانی ئەوی تیا دیاریکراوە،بەڵام لەکۆمەڵگە پاشکەوتووەکان وکوردستان یاسا چەکێکی سیاسییە بەدەستی حاکم وکاربەدەستانەوە بۆ سنووردارکردن وقەدەغەکردنی هەر رەنگێکی دی جیاواز،یاسا وجودێکی مەتاتییە چۆن لەبەرژەوەندیی سیستمی باڵادەست بوو بەو بارەدا رادەکێشرێ.پێشنیاری من بۆ ئەو کەناڵە(زاگرۆس)ئەوەیە لەپێشدا پێمانبڵێن سەروەریی یاسا هەیە لەم وڵاتەدا یان نا؟ئەگەر هەیە بەپلەی یەکەم کێن ئەوانەی تێیدەپەڕێنن لەگەڵیدا پەنجە

بخەنە سەر ئەوەی یاسا وەك ماددەیەك وبڕگەیەکی پەیڕەو وپرۆگرامی حیزبەکانی لێهاتووەو ئەرکی بووە بەپارێزگاریکردن لەوجودی ئەوان لەهەڕەمی دەسەلاٌتدا.ئەگەر یاسا ئەم شتە بێت،ئایا حەق نییە سەرپێچیلێ بکەین؟سەرپێچیکردن لەیاسا لەم ولاٌتەدا واتە سەرپێچی لەیاساکانی حیزب نەك لەیاسایەك مافی هەمووانی وەك یەك مسۆگەر کردووەو پاراستووە.

*ئەم وتارە گۆشەیەك بووە (ورتەورت)لەژمارە(١٧)ڕۆژنامەی(ئالاٌ)لە١٦\٤\٢٠٠٧ بلاٌوبووەتەوە.

## دەستێوەردانی هەرێمیی لەکاروباری عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر کورد

لەو ساتەوەختەوەی دەوڵەتێك بەناوی عێراق لەسەر ئەتڵەس جێگەیەکی گرتووە،ولاٌتانی ناوچەیی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر کۆی ئەو ڕووداوە سیاسییانەی لەم ولاٌتەدا سەریانهەڵداوە،ئەم کاریگەرییە لەسادەترین هاندانەوە دەستیپێکردووە تاپیشتیوانیکردنی بزووتنەوە چەکدارە یاخیبووەکان لەچەندین قۆناغی جیاجیادا.هەموو ئەو ڕووداوانەی لەعێراقدا قەوماون و ئاڕاستەی سیاسیی و دەوڵەتدارییان گۆڕیوە بێ پاڵپشتی دەرەکی وناوچەیی نەبوون، هەر لەکۆدێتای چواردەی گەلاوێژی ساڵی(١٩٥٨)وە بیگرە تا هاتنە سەرکاری بەعسییەکان و کۆتایی هاتنیان لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٣دا. وردتر تەشخیسی حاڵەتەکە بکەین،بەدەر لەولاٌتانی زلهێزی ڕۆژئاوایی و جیهانی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق لەچەشنی تورکیاو ئێران و سوریا بەردەوام کارتێکردنیان لەسەر دۆخی هەڵکشاو وداکشاوی ناوخۆی عێراق هەبووەو لەهەندێك ماوەشدا بەفۆرمی ڕاستەوخۆ دەستێوەردانیان کردووە لەکاروبارەکانیدا،بۆ وێنە ئێران لەساڵانی ١٩٦١-١٩٩١(جگە لەیەك دووساڵی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥) یارمەتی ڕاستەوخۆی جووڵانەوەی چەکداریی کوردی داوە لەدژی ڕژێمی عێراق،سوریاش هەر بەهەمان شێوە تا ئەو ئەندازەیەی پارتێکی بەهێزی وەك(ی.ن.ك) لەو ولاٌتەوە یەکەمین مانیفێستی دروستبوونی خۆی بلاٌودەکاتەوەو هەر بەچەکی ئەو ولاٌتە مەفرەزە سەرەتاییەکانی چەکدار دەکات بۆ جەنگێکی نەبڕاوەی پارتیزانی. دەستێوەردانی هەرێمی لەماوەی ٨٥ ساڵی تەمەنی دەوڵەتی عێراقدا ڕووخسارێکی سیاسیی نامۆ نییە،تەنێ هەر ئەوەیە بەپێی لاوازیی وبەهێزیی دەوڵەتی لەسەر کاری عێراق گۆڕان بەسەر ڕێژەو قەبارەی دەستێوەردان وکارتێکردنی ولاٌتانی دراوسێدا هاتووە.حکایەتەکانی پارت دروستکردن لەعێراقدا لەلایەن دەزگای ساواکی پێشوو وئیتلاعاتی هەنووکەو میتی تورکی وهەواڵگریی سوریاوە حکایەتێکی دووروودرێژەو لەچیرۆکی هەزارو یەك شەوە دەچێت و هێندەش وتراوەتەوە زانیارییەکە گەیشتۆتە لای منداڵان یان نەوەی تازە پێگەیشتوو.بەلاٌم دەستێوەردان لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە هەموو سنوورێکی عەقڵانی و هەموو لۆژیکێکی سیاسیی تێپەڕاندووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی عێراق سیادەی خۆی لەدەستدووەو دەسەلاٌتێکی داگیرکەری نامۆ بەفەرهەنگی عێراق

سەرکردایەتی وڵاتی وەئەستۆوە گرت.ئەم دەرفەتە زیاتر دەرگای خستە سەرپشت بۆ دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتانی هەرێمی تارۆڵیان هەبێت لە عێراقداو لەڕێگەی باندو پارت و دەستەو تاقمی جۆربەجۆرەوە مەرامە سیاسییەکانیان لەڕێی ململانێکردن لەبەستێنی عێراقدا مسۆگەر بکەن. هەر لەسەرەتاوەو بەپلەی یەکەم ئێران و سوریا هەوڵی دەستێوەردانیاندا،تورکیاو سعودیەش بەپلەیەکی دواتر کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆخۆ هەڵقورتاندنە کاروباری ناوخۆی عێراق و راگرتنی بالانسی سیاسیی و هێز لەڕێی ئەو هاوکێشانەی لەناو عێراقدا دەبێت هاوسەنگ بکرێنەوە. رەنگبێ دەستێوەردانی ئەو وڵاتانەو یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە فاکتۆری هەرە سەرەکی ئەو خوێنبەربوونە سامناکە بێت لەلاشەی عێراق و فاکتۆری بنەڕەتیش بێت لەزیاتر بەهێز بوون و هورژم هێنانی ئەو بزووتنەوە رەگەزپەرست و تیرۆریستییەی لەژێر ناوی مقاوەمەدا خۆی بەیان دەکات،رووەکەی تری ئەم وارەش ئەوەیە شەقامی سیاسیی عێراق دابەشبووە بەسەر ئەجیندەی وڵاتانی دراوسێ وهەر لایەنێکی سیاسیی کارێکتەرێکە ئەدای سیاسەتی دەوڵەتێکی ناوچەیی دەکات وەك لەوەی خۆی جووڵانەوەیەکی سیاسیی سەربەخۆ و خاوەن بڕیاری سەربەخۆ بێت. بەگشتی لەوەتی عێراق هەیە هیچ کات هێندەی ئەمڕۆ جادەی عێراقی نەبووەتە مەیدانی تەراتێنی دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکان و هێندەش دەستی دەرەکی ئاوەڵا نەبووە لەوێرانکردنی وڵاتەکەیدا،چوون بەدەر لەو قەیرانە مرۆییەی لەڕێی کوشت و بڕەوە دروست بووە،کۆچ لەعێراقدا گەیشتۆتە رادەی سیحرو کولتووری وڵات وێرانکراو ژێرخانی ئابووری هەڵتەکێنرا، کتێبخانەکان سووتێنران، زانکۆکان پەکیان کەوت،مۆزەخانەکان تالانکران، هەرچی شوێنەواری عێراق هەیە هەر لەسۆمەرییەکانەوە تا دەگاتە چاخە تازەکان هەموو دزران، ئەم هۆکارەش گەڕاندنەوەی عێراق بۆ دۆخی پێش جەنگ دەکاتە ئەرکێکی قورس، قورسترو سەرکێشانەتر لەدۆزینەوی ئەمەریکا لەلایەن دەریاوانی چەلەنگ(کریستۆفەر کۆلۆمبس).

## ئێران

وەك پێشتر ئامارەمان پێدا ئێران هیچ کات بەتایبەتی لەدەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو بەدواوە بی رۆڵ نەبووە لەسەر بارودۆخی سیاسیی و ئابووری لەعێراقدا.لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق– ئێران (١٩٨٠–١٩٨٨).ئێران پەرۆشانەتر لەجاران بیری لەرۆڵی خۆیکردەوە لەعێراقدا بەتایبەتی کاتێك عێراق وەك نەیارێکی سەرسەخت بەرەو رووی دەوەستێتەوە،یارمەتیدانی بزووتنەوەی چەکداریی کورد بەدرێژایی دەیەی هەشتاکان و دروستکردن و بەهێزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی شیعە مەزهەب لەخوارووی عێراق دەچنە ناوچێوەی هەمان ئەو ئەجیندەیەی ئێران لەمەڕ عێراق هەیبوو. لەقۆناغەکانی دواتریشدا کاراتر لەقەبارەی دەستێوەردانی عێراقی لەکاروباری ناوخۆی ئێراندا،

ئێران بەردەوام چەندان کارتی بەدەستەوە بووە بۆ دەستێوەردان لەعێراقدا یان هەر هیچ نەبێت بۆ کێشە خوڵقاندن بۆ رژێمی بەعس و سەددام حسێن. لەگەڵ ئەوەی ئەو شانۆییەی لە ٢٠٠٣/٤/٩ دا لەناوجەرگەی بەغدادی پایتەختی عێراقدا نمایشکرا،مەرگی دوژمنێکی لەمێژینەو ترسناکی ئێران بوو، بەڵام ئێران جیا لەوەش ویستی رۆڵی هەبێت لەسەرلەنوێ دارشتنەوەی عێراق تا دەسەڵاتێك لەم وڵاتەدا بێتەسەر شانۆی سیاسیی لانی کەم دۆستی ئێران بێت و تاران لەپەنایدا هەست بەدڵنیایی و ئارامیی بکات، لە هەمان کاتدا رۆڵی ئەمەریکا لەعێراق و دروستکردنەوەی دەوڵەت و دامەزراوە عێراقییەکاندا لاوازبکات.ئێران جگە لەوەی دۆستە دێرینەکانی (جەعفەری- مالکی) یەك لەدوای سەرۆکایەتی عێراق بەدەستەوە دەگرن،هێشتا بەشێوەی جیاواز بەردەوامە لەهاریکارییکردنی بزووتنەوە توندڕەوە شیعەکان بەتایبەتی باڵی سەدر بەسەرۆکایەتی موقتەدا سەدر، کەدەکرێت بڵێین ئەم بزووتنەوەیە نوێنەرو پارێزگاری شێلگیری بەرژەوەندییەکانی ئێرانە لەعێراقدا. پێش چوار مانگ سەرچاوەیەکی ئاگادار کەنەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەچەندین کەسایەتی ئاینی غەیرە عێراقی دەستیان هەیە لەپێکهێنان و دروستکردنی چەندین گروپی ئاینی توندڕەو لەباشووری عێراق و هاوکاریی داراییان دەکەن و چەك و تەقەمەنیان بۆ رەوانە دەکەن و بیری نەخوازراویان لەنێواندا بڵاودەکەنەوە.سەرچاوەکە دەڵێت: گروپە ئاینییە توندڕەوە شیعە مەزهەبەکان لەلایەن کەسایەتییە ئاینییەکانی دەرەوەی عێراقەوە هاندەدرێن،بەمەبەستی نانەوەی پشێویی لەناو عێراقدا بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی هەرەس بهێنێت و شەڕی مەزهەبی وتائیفی لەنێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراقدا بەرپابێت.(١). چەندان بەڵگەی دروست لەبەردەستی (CIA)و هێزەکانی هاوپەیمانان دەربارەی قەبارەی یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکانی ناو عێراق لەلایەن ئێرانەوە،تا ئەوەی لەمانگی شوباتی ئەمساڵدا (٢٠٠٧) رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) راپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەژێر تایتڵی (یارمەتییەکانی ئێران بۆ چالاکییە کوشندەکانی ناو عێراق)، لەراپۆرتەکەدا هاتووە:ئێران ئامێری تەقینەوەی TNTو رۆکێت و جۆرەها چەکی تر دەداتە عێراقییە یاخیبووەکان بۆکوشتن و بریندارکردنی سەربازەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانان. هەر لەو راپۆرتەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەوەی: رۆکێتی (میساق ١)ی ئێرانی کەلەسەرشان دژ بەفڕۆکە دەتەقێنرێت، دوای هەوڵێکی سەرنەگرتوو بۆخستنە خوارەوەی فڕۆکەیەك لەفڕۆکەخانەی بەغداد لەساڵی ٢٠٠٤دا دۆزرایەوە، هەروەها خستنی شەش هلیکۆپتەری ئەمەریکی لەماوی سێ هەفتەی رابردوودا دەریدەخەن ئێران رۆکێتی دژە ئاسمانی سەرشانی داوەتە یاخیبووە عێراقییەکان و لەم هێرشانەدا بەکارهاتوون. ئامانجی ئێران جیا لەخەونی فراوانخوازیی و سەپاندنی هەژموونی شیعەگەریی بەسەر عێراقدا، لێدانیشە لەپێگەی ئەمەریکا، چونکە ئەمڕۆ ئێران لەبەردەم گەلەکۆمەکییەکی نێودەوڵەتیدایە بەڕێبەریی ئەمەریکا ئەویش بەهۆی سووربوون لەسەر سیاسەتی پیتاندنی یۆرانیۆم. ئەم دۆزەش

وەهای لەئەمەریکا کردووە بەپێی پلانێکی دوورماوە بیر لەگۆڕینی رژێم لەئێران بکاتەوە هەروەك پێشتر لەعێراقدا دەستی بۆ برد. نووسەرو پسپۆڕ لەکاروباری خۆرهەلاتی ناوەڕاست (تەلال عتریشی) دەنووسێت:"سیاسەتی ئێرانی لەعێراق بەو مەبەستەیە نەیەلێت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەست بەئارامیو ئاسایش بکات"،درێژەی دەداتێو دەنووسێ "ئێران هەولدەدات حکومەتێکی عێراقی سەر بەئەمەریکا نەیەتە ئاراوەو پشتگیریی لەحکومەتێکی عێراقی دەکات کە دژایەتی تاران نەکات".ئێران لەڕێی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەعێراقداو هاوکات بەقورمیشکردنی چەند هێزێکی وەك سەدرو هەندێ لایەنی تری شیعەی توندئاژۆ،ئەو سەرچاوەیە وشك دەکات کەکانی ئومێدی ئەمەریکایە تاوەکو عێراق بکاتە بنکەیەکی سەربازیی بۆ لەشکرکێشییەکانی داهاتووی یان هەر هیچ نەبێ بۆ لەباربردنی خەونی ئەمەریکا لەمەڕ دامەزراندنی دەولەتێکی عێراقی بەئیحای ئەو نەیاریی لەگەل ئێران بکات.لەڕەهەندێکی تریشەوە، ئێران وەرەقەی ئەمنی عێراقی کردۆتە مەرجێك بەسەر ئەمەریکاوە بەو پێیەی دەتوانێت ئەرکی سەرشانی ئەمەریکا سووك بکات لەهێورکردنەوەی بارگرژییو ناجێگیریی ئاسایشی عێراق، بۆیە هێرشکردنە سەر ئێران بەهەموو مانایەك زیاتر شێواندنی دۆخی عێراقەو بەنزینێکە لەهەموو لایەکەوە ئاگری جەنگی تیرۆری تیرۆریستە دەمامکدارو نادیارەکان جۆش دەدات. لەم رووەوە رۆژنامەی(رسالت)ی ئێرانی لەرۆژی ٢٠٠٧/٣/١٤ لەسەر وەختی کۆنگرەی ئەمنیی بەغداد دەنووسێت: "جۆرج بوش چەند پەیامێکی لەڕێی زالمای خەلیلزادو دایڤید ساتەرفیلدی گەورە راوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە هەوالە کرد،بەو مانایەی کەئەمەریکا پێویستی بەئێران هەیە، لەدەمەدەمی دەستپێکردنی کۆنگرەی بەغدادیشدا زالمای خەلیلزاد ئەوەی ئاشکرا کرد کەئەمەریکا خوازیاری دەستپێکردنی دایەلۆگێکی راستەوخۆیە لەگەل ئێراندا".هەر لەو پێویستییەی ئەمەریکاو تەنگژەی سوپاکەیەوە بوو،ئێران زیاتر پێداگریی کردوو داوایکرد کەبیر لەکشانەوەی هێزە بیانییەکان بکرێتەوەو بەپێی جەدولێکی ئاشکرا شێوازی پاشەکشەیان دیاری بکرێت.ئەم ورە بەرزییە(عەباس ئەرکەشی) جێگری وەزیری دەرەوەی ئێرانی گەیاندە متمانەیەك لەرۆژی ٢٠٠٧/٣/١٠ لەبارەگای وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبەغدادو بەئامادەبوونی بالیۆزی ٦١ ولاتی دراوسێو ناوچەکەو جیهان،لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا بلێت: پێویستمان بەدارشتنی خشتەیەکی زەمەنییە بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان،چونکە مانەوەی هێزە بیانییەکان یارمەتیدەر نییە بۆ چەسپاندنی ئارامیو ئاسایش لەعێراقدا،لەگەل ئەوەشدا بەتوندیی ئەوەشی رەتکردەوە ئێران دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات لەژێر هەر پاساوێکدا.ئیدی دەستتێوەردانی ئێران لەعێراقدا بەئەندازەو قەبارەیەکە ولاتانی عەرەبی سوننە ترسیان لێنیشتووە،هەر بۆیە لەکاتی دیمانەیەکی هاوبەشی تەلەفزیۆنی جەزیرەدا لەگەل ئایەتوللا عەلی ئەکبەر رەفسەنجانیو دکتۆر یوسف قەرزاوی،سەرۆکی زانایانی ئاینی سوننە (قەرزاوی) رووی

دەمی کردە رەفسەنجانی و وتی "مەرجەعەکانی شیعە لەئێران کلیلی چارەسەری بارودۆخی عێراقیان لەدەستە".ئێران بەسیاسەتێکی وردبینانەو نەرمە بڕانە توانی لەعێراقدا ببێتە دیفاکتۆ تا لە قۆڵێکی ترەوە ئەمەریکا ناچار بکات لەگەڵیدا بێتە سەرمێزی گفتوگۆ. عێراق ئەو یانسیبە بوو ئێران توانی بیباتەوەو دەستێکی تر ئامادە بکات بۆ یارییەکانی داهاتوو لەگەڵ ئەمەریکاو کۆی رۆژئاواییەکان.

## سوریا

لێ سوریا سەرسەختترین دوژمنی ستراتیژیی سەددام حسێن بوو،ولاتەکەشی لانەی بەرهەڵستکارانی کوردو عەرەبی ئەو رژێمە بوو بۆ ماوەیەکی ئێجگار دوورودرێژ، بەڵام رووخانی بەعس نەك خۆشحاڵی نەکرد،بەڵکو زەنگێکی مەترسی بۆ لێدا ئەویش لەسەر لێواری تیاچوونەو ئەمەریکا خستوویەتییە رۆژڤەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی سیستمی دەسەڵات تیایدا. دەوڵەتی عەرەبی سوریا بەباشی لەنیەتی ئەمەریکا گەیشت،کەعێراق خاڵی سەرەتاو کۆتایی لەشکرکێشی و لێدانە سەربازییەکانی نابێت،بەڵکو لیستێکی دوورو درێژ لەدەوڵەت و رێکخراو لەپلاتفۆرمدا دانراون بۆ تەفروتوناکردنیان،لەوانەش دەوڵەتی سوریا. سوریاش دوو خاڵی لاوازی دەواتە دەستی نەیارەکانی، یەکەمیان بریتییە لەسەرکوتی سیاسیی و پەیڕەوکردنی حکومی دیکتاتۆریی و تۆتالیتاریی و گوشینی ماف و ئازادییەکانی جەماوەرو ستەمکاریی لەبەرامبەر کوردو سوونەو قۆرخکردنی دەسەلاتی سیاسیی. دووەمیان تێوەگلانی دەوڵەت و دەزگای هەواڵگریی سوریایە لەدۆزی تیرۆرکردنی رەفیق حەریری سەرۆکی پێشووی لوبنان، کەبەشێکی زۆری دیکۆمێنتەکان دەریدەخەن سوریا لەو کردەوەیدا بێ رۆڵ نەبووە،بەڵکو پلاندانەری سەرەکی بووە. لەبەرامبەردا سوریا بەدەستوەردانە کاروباری عێراق و خوڵقاندنی کێشەو گرفت بۆ هێزەکانی ئەمەریکا دەیەوێت ئاگرە سوورە لەخۆی دووربخاتەوەو ئەگەری دەستبردن بۆ گۆڕینی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیی لەولاتەکەیدا بکاتە موستەحیل و کاری نەکردە. وێڕای ئازادکردنی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق کەلەوێوە شانە تیرۆریستییەکان و خۆتەقێنەرەوە ناعێراقییەکان دێنە ژوورەوە،بەڵگەی سەلمێنراو لەبەردەستدان نیشانی دەدەن هەواڵگریی سوریا بەشدارە لەمەشقپێکردنی دەیان تۆڕو یەکەی تیرۆریستی لەناوەوەو دەرەوەی عێراق بەتایبەتی لەدەوروبەری شارەکانی موسڵ و رومادی. هەر ئەو بەڵگانە هێما دەکەن بۆ هەبوونی چەندان حەشارگەی تیرۆریستان لەنێو خاکی سوریادا، لەهەموو ئەمانەش بترازێ ئەو دەوڵەتە لەرێی هەندێ دامو دەزگای تایبەتەوە لەهەوڵی دروستکردنی چەندان حیزبی کۆپی و کارتۆنیدایە تاوەکو لەکردەی سیاسیی عێراقدا رۆڵ بگێڕن بەئاڕاستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی. بەڵام دەکرێت بڵێین سەرنجی سەرەکی هەواڵگریی سوریا لەسەر خۆتەقێنەرەوەو گروپە چەکدارە یاخیبووەکانە ئەویش لەرێی پەیداکردنی چەك و تەقەمەنی و شێوازەکانی مەشق و پەلاماردان و دەستنیشانکردنی ئامانجی گرنگ و بایەخدار بۆیان.

نووسەری ئەمەریکی(کیت کرین) لەراپۆرتێکدا بەناوی (پێنج هەنگاو بۆ کۆتاییهێنان بەیاخیبوون لەعێراق) ئاماژە دەکات بۆ (ئەو میلیشیاو گروپە یاخیبووانەی عێراقیان گۆڕی بۆ شانۆیەکی نائارام‌و پڕ ئاژاوە،ناتوانن هەروا بەردەوام بن لەچالاکییەکانیان بەبێ دەستبەرکردنی تەمویلێکی بەردەوام بۆ خۆیان، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر جۆرج بوش سەرۆکی ئەمەریکا کەدەیەوێت ستراتیژێکی نوێ لەعێراقدا پیادە بکات کەمەسەلەی سنووردانان بۆ هەڵقوولانی دارایی بۆ ئەو گروپانە بکاتە یەکێك لەئەولەویاتی پلانەکەی). دواتر نووسەر راپۆرتەکەی بەم پەرەگرافە قوفڵ دەکات "ئەگەر بێتو ئامرازەکانی فیشەك‌و بۆمب شکستیان هێنا لەپرۆسەی لەناوبردنی یاخیبووەکان‌و ئەندامانی میلیشیا چەکدارەکاندا،بەڵام لانی‌کەم وەستاندن‌و وشککردنی دارایی‌و پارەکان لەگیرفانیاندا باشترین ئامرازە بۆ لەناوبردنیان". شتێکی شاراوەش نییە سوریا یەکێك لەو دەوڵەتانەیە سەرچاوەیەکی نایابی دارایی‌و لۆجیستی ئەو گروپانەیە، کەبەبێ هەبوونی ئەم دەوڵەتە لەتەنیشتی عێراقدا دەکرا تیرۆرو کاری تێکدەرانە لە نیواو نیو زیاتر لەوەی ئێستا هەیە کەمتر بوایە. بێ لەوەش ولاتانی دەوروبەر لەرێی بازرگانیکردن وئالوگۆڕی کالاوە لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکان یارمەتییەکی باشی مانەوەیان دەدەن، بەتایبەت ئەو میلیشیایانەی نزیك بەدەسەلاتی سیاسی عێراقن‌و لەهەمان کاتدا بەشێکن لەپرۆسەی توندوتیژیی سیاسی‌و مەزهەبی. کیت کرین- دەنووسێت (بەدەر لەیارمەتی حکومەت بۆ میلیشیاکان لەڕێگەی کارو پۆستەکانەوە،سەرچاوەی دووەمی یارمەتیدانیان لەڕێگەی ئاودیوکرن‌و فرۆشتنی سووتەمەنییەوە دەستدەکەوێت. کاتێك لەدەرەوەی عێراق دەیفرۆشن وملیۆنان دۆلار بۆمیلیشیاکان دەستەبەر دەکات). ئەوەی لەم بازرگانییەدا لەگەڵ میلیشیاکان بەپلەی یەکەم دێت کۆماری ئیسلامی ئێرانە، پاشانیش سوریاو تورکیا. قەبارەو بارستایی دەستێوەردانەکە هەرچی چۆنێك بێت هێندەی ئەوە گرنگ نییە ،ئەمڕۆ سوریا ژێدەرێکی ترسناکی خوڵقاندنی پشێویی‌و نا ئارامییەکانی ناو عێراقەو لەچەندان کەناڵ‌و دەروازەی جیاجیاوە داخلی عێراق بووەو لەسەر ساحەی ئەو جەنگێکی دۆڕاوی ناپیرۆز کەتەنێ هاوولاتیان‌و عێراقییەکان تیایدا زیانبارن بەڕێوە دەبات. تانهۆش لەمیحوەری عێراقەوە گوشارێکی جیددی لەسەر سوریا نەبووە بۆ ئەوەی ناچار بکرێت سنوورەکانی توندو تۆڵ بکات‌و مقەست بدات لەداوی پەیوەندییەکانی بەگروپە نەخوازراوە چەکدارەکانی ناو عێراقەوە، بەپێچەوانەوە ئەمەریکا لەقۆڵێکی ترەوە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ کردۆتەوە، ئەویش قۆڵی لوبنانە کەدوای ناچارکردنی سوپاکەی بەکشانەوە لەو ولاتە، تاوانباریشی کردووە بەتیرۆرکردنی رەفیق حەریری‌و هاندانی گورپە یاخیبووەکانی ناو لوبنان‌و دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی ئەو ولاتە. راستە سوریا لەلای لوبنانەوە قۆڵی بڕاوەو رەگوریشەی دەرهێنراوە،بەلام قۆڵەکەی تری لەعێراقدایەو خەریکە رەگ دادەکوتێت.

## تورکیا

بەهۆی پشکداریی نەکردن لەپرۆسەی روخانی رژێمی بەعس وریگریی دروستکردن لەبەردەم بەکارهێنانی ئاسمانی وڵاتەکەیان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لەجەنگی دژە عێراق، تورکیا کەنارگیر کراوە لەبڕیاردان لەمەڕ چارەنووسی عێراق و هیچ کاریگەرییەکی جیددیی و بەرچاویشی نەبووە لەعەمەلیەی سیاسیی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی عێراقدا. تاوەختێك ئاوڕیدایەوە دوژمنە لەمێژینەکەی (کورد) لەچڵەپۆپەی دەسەڵاتدایەو ئەکتیڤانە لەگێرمەو کێشەو ململانێکانی عێراقی هەنووکەدا دەرکەوتووە. تورکیا چەندان جار هەوڵیدا لەرێی بەکارهێنانی کارتی (PKK)ەوە بەشێوەی راستەوخۆ لەشکرکێشی بکاتە سەر خاکی باشووری کوردستان،ئەم کارتە تا ئەم چرکەساتەش بەدەستییەوەیەتی و دەیەوێت لەلایەن ئەمەریکاوە گڵۆپی سەوزی ئۆکەی بۆ هەڵبکرێت و مێژوو خۆی دووبارەبکاتەوە چۆن لەشەوێکدا (قوبرس)ی داگیرکرد کوردستانیش داگیر بکات. بەڵام تا بەئەمڕۆ دەگات ئەمەریکا ئەو مافەی بەتورکیا نەداوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەو بابەتە،چون ئەو لەشکرکێشییە لەلایەك هەڵکوتانە سەر ئەمەریکایە بەدەلیلی ئەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرەو وڵات لەدەستی ئەوە، لەلایەکی ترەوە تێکدانی ئەو بڕە ئاسایشەیە لەباشووری کوردستان هەیە کەوەك دورگەیەکی ئارامی لێهاتووە بۆ سەربازو هێزەکانی هاوپەیمانان و جێبەجێکردنی هەندێ ئەجیندەی خۆیان تیایدا. پاشتر تورکیا لەرێی پاساوی ستەمکردن لەتورکمانەکان لەکەرکوك و بەبیانووی لەمپەردانان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی لەباکووری عێراقدا، چەندان هەوڵی سەرنەکەوتوویدا، بۆ قایلکردنی کۆشکی سپی تا لەشکرکێشی بکات، خۆشبەختانە هەموو هەوڵەکان ناکام مانەوەو هیچ هیوایەکیان بۆ تورکیا لێ سەوز نەبوو. تاکە میکانیزمێك بەدەستییەوە مابێتەوە هەندێ لایەنی وەك بەرەی تورکمانییە، ئەویش بەهاندانیان بۆ کۆسپ و تەگەرە دروستکردن لەبەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی سەدو چل، بەتایبەتی لەقووڵایی شاری کەرکووکدا. نووسەری تورك (سەمیح ئیدین) دەنووسێت: (بەهۆی یەدەگە نەوتییە زۆرو زەوەندەکەیەوە کەرکووك هەمیشە خاڵی ململانێی نێودەوڵەتی بووە، هەروەك رابردوو دووبارە کەرکووك لەسایەی ترس و توندوتیژیدا دەژی). یەکێك لەنزیکترین ئەو وڵاتانەی چاوی لەنەوتی کەرکووك بڕیوە تورکیایە، هەر بۆیە لەرێی وروژاندنی هەستی تورکمان و شێواندنی زیاتری باری دیمۆگرافی کەرکووك و چەواشەکردنی رای گشتی جیهانی،باری گۆڕاوی شارەکە وەك خۆی دەهێڵێتەوەو رێگریی دروست دەکات بۆ گەڕانەوەی بۆ ناو جوگرافیا رەسەنەکەی کەکوردستانە، ئەمەش ئەو ستراتیژەیە تورکیا چەندان پلانی بۆی هەیەو دەیان کۆنگرەی لەوڵاتەکەیدا بۆ بەستووەو دەیەوێت زۆرترین عێراقی لەدەور کۆبکاتەوە. رەهەندێکی تری دەستێوەردانی تورکیا، هاریکارییکردنە لەگەڵ هەندێ لە جاشە کوردەکانی باشوورو بڕێك لایەنی سوونەو شیعەی رەگەزپەرست بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لەدژی دەوڵەتی

نوێی عێراق‌و خواستی فیدراڵیزمی کوردەکان‌و ماددەی سەدو چل.هەر لەخۆڕانییە دوای متبوون‌و چوونە قاوغەکەی خۆیەوە جارێکی تر جاشی مێژوویی (ئەرشەد زێباری) سەردەردەهێنێتەوە، ئەمجارە وەك سەرۆکی پارتێکی بەکرێگیراو کەئامانجی دژایەتیکردنی ماددەی سەدو چل‌و فیدراڵیزمە.دووبارە ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکراو شەفافە بۆ سەلماندنی دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی لەکارو باری عێراق وکوردستاندا بەدیاریکراویی لەپرسەکانی گرێدراو بەچارەنووسی شاری کەرکووکەوە. تورکیا بەهەموو جۆرو لەهەر رێگەیەکەوە دەستبدات بۆی دەستوەردەداتە کاروباری عێراقەوە، ئامانجی ئەو جیایە لەئامانجی ئێران‌و سوریا چون لەبەردەم تەهدیدی گۆڕان‌و روخاندا نییە، بەقەدەر ئەوەی خەونی لەباربردنی هەر نیمچە دەسەڵاتێکی کوردیی هەیە چونکە هەر رێنیسانس‌و سەرهەڵدانەوەیەکی کورد لەباشوور بەسەرەتایەکی مەترسیدار دەزانێت لەسەر خۆی بەو پێیەی هانی کوردەکانی باکووریش دەدات لەدژی دەوڵەت‌و لە هەمان کاتدا پاڵپشتێکی ماددیی‌و مەعنەویی دەبێت بۆیان لەخەباتەکەیاندا بۆ رزگاریی کوردستان‌و دەرهێنانی لەژێر چەپۆکی کەمالیزم‌و تۆرانیزم.

## وڵاتانی عەرەبی (سووننە)

لەبەرامبەر دەستێوەردانی سوریاو ئێران وەك دوو دەوڵەتی شیعە،دەوڵەتانی عەرەبی سووننە کاردانەوەیان هەبووەو هەوڵیانداوە رەنگدانەوەیان لەسەر دۆزی سیاسیی‌و واقیعی ئەمڕۆی عێراق هەبێت. لەریزی پێشەوەی ئەم وڵاتانە هەریەك لەسعودیەو میسرو ئوردون‌و قەتەر هەن. ئەم دەوڵەتانە ترسیان لێنیشتووە لەوەی یەك پارچەیی خاکی عێراق لەبەردەم هەرەشەو ترازاندایەو ئەگەری پارچەپارچەبوونی لەهەر ئەگەرێکی تر بەهێزترو نزیکترە،ئەوان لەڕێی دەستگیرۆیی کردن‌و یارمەتیدانی عەرەبی سووننەی لەسەر کارلابراوەوە خوازیارن زامنی یەك پارچەیی خاکەکەی‌و ناسنامەی عەرەبێتی عێراق بکەن. (بۆبی غوش) دەنووسێت:وڵاتە عەرەبییەکان ترسی ئەوەیان هەیە کۆماری ئیسلامی ببێتە سەرەکیترین دەسەڵاتداری ناوچەکە،سەبارەت بەمەش چەندین جار بەرپرسانی سعودیەو میسرو قەتەرو ئوردون رەخنەیان لەبەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرتووە بەرامبەر بەهەڵوێست وەرنەگرتن سەبارەت بەفراوانبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوچەکەدا. لەساڵی ٢٠٠٤ شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردون هۆشداریی‌دایە بەرپرسانی کۆشکی سپی لەمەترسی پەیدابوونی ئیمپراتۆریەتێکی شیعە کەئێران‌و عێراق‌و سوریاو لوبنان بگرێتەوە. حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسریش ساڵی ٢٠٠٦رایگەیاند(شیعەکانی عێراق ئەوەندەی خۆشەویستیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئەوەندە خۆشەویستیان بۆ وڵاتی خۆیان نییە کەعێراقە). بەمجۆرە وڵاتانی عەرەبی سووننە لەترسی دروستبوونی هەژموونێکی بەهێزی شیعی‌و هاتنە کایەی ئەوەی پێی دەوترێ (هیلالی شیعی) لەناوچەکەدا بەهەموو توانایەکیانەوە پشتگیریی عەرەبە سووننەکانی عێراق دەکەن وەك

ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی ئیمپراتۆریای شیعەو پارێزگار لەدیدی عروبەو شوناسی عەرەبێتی دەوڵەتی عێراق. تەنانەت سعودیە کەخەون بەسەرکردایەتیکردنی دنیای عەرەبی و سیاسەتی جیهانی عەرەبەوە دەبینێت لەهەوڵی زیاتر دایەو دەیەوێت لەناوخۆی ئێراندا مەدی سوونی بجوڵێنێ( وەك جولاندنی)بەلام ترسی لەپەرچەکرداری ئێرانە لەهەژاندنی ناوخۆی سعودیە لەڕێی ئەو ژمارەگەلە زۆرەی شیعەی ولاتەکەیەوە. بەلام تا ئێستا عێراق مێزی دەستشکاندنەوەو قوماریان بووەو مەیدانی ناکۆکی و کێشمە کێشەکانیان نەگواستۆتەوە بۆناوخۆی ولاتەکانیان. هەر لەو میانەیەدا ئەم ولاتانە بەردەوام سەرقاڵی سازدانی کۆنگرەو کۆنفرانسی جۆربەجۆرن سەبارەت بەعێراق و چارەسەرکردنی دۆخی ناهەمواری ئاسایش، بەلام لەواقیعدا ئامانجی هیچکامیان وەستاندنی نەزیفی خوێنی عێراق نییە، بەڵکو ئەو کۆنفرانسانە تەنێ دەرفەتێك بوونە بۆدۆزینەوەی سەرەداوی بەرژەوەندییەکانیان لەعێراقداو ئامادەکردنی ڕێوشوێن بۆ پارێزگاریی لێکردنی. هەروەك نووسەری عەرەب(غەسسان ئیمام) دەنووسێت (تراژیدیای عێراق هیچ چارەسەرێکی نییە لەناوخۆی عێراق خۆیدا نەبێت،هەرچییەکی تر بکرێت دواخستنی چارەسەرو درێژەدانە بەململانێکان ودرۆ گۆڕینەوەیە لەناوەوەو دەرەوەی کۆنگرەکاندا).

## هەڵوێستی ئەمەریکا

ئەندریۆ باسیڤیچ لە(The Nation)دا دەنووسێت:هەموو سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی بەردەوام ئەم پرسیارە لەخۆی دەکات(ئایا نەخشەی ئێمە لەعێراق چییە؟).هۆکاری ئەم پرسیارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شکستانەی لەنێو عێراقدا بەدی دەکرێن،لەو ساتەوەی عێراق ئازادکراوە سەقامگیریی بەخۆوە نەدیوە،ڕۆژانە بەردەوام تەقینەوە ڕوودەدات، هەر نەخشەیەك کەپەیڕەو دەکرێت دەرئەنجامی نێگەتیڤی دەبێت.ئەمەریکا لەڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و قەلاچۆکردنیان و جێگیرکردنی ئەمنیەت بەبنبەست گەیشتووەو هەموو پلانەکانی یەك لەدوای یەك شکستیان هێناو نەیتوانی کەمترین سەرکەوتن مسۆگەر بکات،تەنانەت جەنگی عێراق و ئەو بارە نەخوازراوەی لەبەغدادوشارەکانی تردا بوونی هەیە،ناڕەزایەتییەکی توندی لەئاستی جیهانیدا لەدژی ئەمەریکا دروستکردووە تا ئەو سنوورەی بزوتنەوەی ئەنتی ئەمەریکایی لەبەهێزترین وەرزی تەمەنیدایە. ئاژانسی (فرانس پرێس) لەو بوارەداو لەسەر نیگەرانییەکانی ولاتانی دنیا لەمەڕ ڕۆڵی پۆلیسی جیهانی ئەمەریکا ڕاپۆرتێکی ئامادەکردووە،ڕاپۆرتەکە هێما دەکات بۆ وتەی (کریستۆفەر وتینی) بەڕێوەبەری توێژینەوەکان لەئەنجوومەنی شیکاگۆ بۆکاروباری نێودەوڵەتی، لەمەڕ ڕاپرسییەك کە ١٨ولاتی گرتۆتەوە (ئارەزوویەکی ئاشکراو ڕوون هەیە سەبارەت بەهەڵوێستی زۆرنێگەتیڤ وبەرجەستە بوو بەرامبەر بەئەمەریکا بەهۆی شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی). لەبارودۆخێکی لەو جۆرەدا ئەمەریکا کام ڕێگا دەگرێتە بەر؟ ئایا پلانی نوێ چییە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی عێرق؟. چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستێوەردانی هەرێمیی دەکات؟

ئایا سیاسەتی توندوتیژو زەبرو زەنگ ئامێز دەگرێتە بەر یان گفتوگۆو فۆرمی ئاشتیانە؟.ئەوەی لەڕەوشی عێراقدا بەدیدەکرێت پێچەوانەی روانینەکەی کۆڵۆنێل (سام گاردینێر)ی کۆنە ئەفسەری هێزی ئاسمانی ئەمەریکا نیشان دەدات، کەپێیوایە عێراق و تەنگژە قورسەکانی رێگر نین لەبەردەم هێرشکردنە سەر ئێران،سەرقاڵبوونی ئەمەریکابەعێراقەوە بەمانای وازهێنان لەئێران نایەت.هەموو ئاماژەو سەرەداوەکان دەڵێن ئەمەریکا خوازیارە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و سوریا گفتوگۆ بکات بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی چارەسەر بۆ دۆخی عێراق و ناجێگیریی ئارامی و ئاسایش بەدیاریکراویی لەبەغدادی پایتەختدا.دانیاڵ سیرۆیەر لەرۆژنامەی لیبراسیۆنی فەرەنسیدا دەنووسێت "وێڕای نکۆڵیکردنی کۆشکی سپی لەگرتنەبەری هیچ سیاسەتێکی نوێ بەرامبەر سوریاو ئێران،بەڵام لەڕاستیدا سیاسەتی پێشووی خۆی دەستکاریی کردووەو دانوستانێکی چەند قۆڵەی لەگەڵ ئەودوو وڵاتەدا دەستپێکردووە، دەیەوێ چیدی ئێران و سوریا کۆسپ نەخەنە بەردەم کارەکەی لە عێراقدا..". لەلایەکی تریشەوە (ئانی ڤیلادمێرتی) لەرۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا ئاماژە دەکات بەوتەی کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەبارەی سازشکردن لەگەڵ ئێران و سوریاو لەزاری ئەوەوە دەنووسێت(ئیدارەی سەرۆك بۆش خوازیارە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەیی ئێران و سوریا بکات سەبارەت بەسەقامگیرکردنی بارودۆخی ئاسایش لەعێراق). ڤیلادمێرتی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە پسپۆڕانی ئەمەریکی پێداگریی لەبارەی پێویستی دانوستان لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا دەکەن لەمەڕ فایلی ئەمنیی لەعێراقدا. لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەمەریکا ئامادەیە سازش لەگەڵ ئێران و سوریا بکات، بەڵام لەبەرامبەرچی و ئەو دوو دەوڵەتە بەچ مەرجێك هاوکاریی دەکەن؟ هەڵبەتە لای خۆیانەوە هەر لایەکیان مەرجیان هەیە، بەڵام ئاخۆ ئەو مەرجانە لەسەر حیسابی کێ بن؟ ئایا گۆزەکە لەسەری کام لایەن و کام پێکهاتەی عێراقدا دەشکێت؟. کارەساتەکەش لێرەوە دەستپێدەکات، ئەمەریکا نەك هەرناتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە بکات بەڵکو ئامادەیە نەرمی بنوێنێت لەگەڵیان بۆ ئەوەی یارمەتی سەرکەوتنی بدەن لەتەنگژەی عێراقدا، ئەو تەنگژە قورسەی کە لەدوای ڤێتنامەوە نە بەخۆیەوە دیوەو نەلەوانەشە قەت جارێکی تر بەخۆیەوە ببینێت.

## دۆزی کورد

دەستێوەردانی هەرێمیی و کارتێکردنی وڵاتانی ناوچەکە لەدۆخی عێراق، زۆرترین رەنگدانەوەی هەبووە لەفۆرمۆڵەکردنی عێراق بەشێوەیەکی تر،جیا لەو شێوەیەی ئەمەریکا بەتاك لایەنە بڕیاری لەسەر دابوو. بەکارهێنانی کارتی ئاسایش لەلایەن سوریاو ئێرانەوەو دوورخستنەوەی تەوەری شەڕ لەدەوڵەتەکانیان نەك پاراستنی لەهەڕەشەو مەترسی داڕووخان بگرە ئەمەریکاشی ناچار بەدانوستان و گفتوگۆ کردووە لەگەڵیان. بێگومان لەحاڵەتێکی لەو شێوەیەدا ئەمەریکا لەهەندێ داواکاریی خۆی دێتە خوارەوەو بەدیفاکتۆ هەندێ سازش دەکات کەرەنگە لەدژی پێکهاتەیەك یان

چەند پێکهاتەیەکی ناو عێراق بێت. لێ دەستێوەردانی هەرێمیی نەیتوانی باری جێگیری ئاسایش لەکوردستاندا بشڵەقێنێت(چونکە ئامانجی نەبوو)بەڵام لەرووی سیاسییەوە کورد یەکێك لەو پێکهاتانەیە باجی ئەو دەستێوەردانانە دەدات.رەنگبێ گرنگترین باج دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بێت، تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە ئەمەریکییەکان داوایان لە(جەلال تاڵەبانی) سەرۆك کۆمارە کوردەکەی عێراق کردبێت بۆ دواخستنی ئەو ماددەیە بەتایبەت لەشاری کەرکوك، ئەمە دیسان بەڵگەیەکە لەمەڕ رۆڵی دەوڵەتانی هەرێمی لەسەر بڕیارە نوێیەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان. کورد کەبەهرەمەند نییە لەهاوکاریی هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ و حەشارگەی لەهیچ کام لەوڵاتانی هەرێمی نەخستووە، قوربانی سەرەکی ئەو دەستێوەردانانە بووەو دەبێت. لەلایەکی ترەوە پێداچوونەوە بەبڕگەکانی دەستووری عێراق و هەمواركردنی چەند بڕگەیەکی نوێ کەمافەکانی کوردی پێدەگۆڕێت بۆ بێ مافیی، بەڵگەیەکی ترو ئاوێنەیەکە پێمان نیشان دەدات ئەگەر بەدەستێك ماف بدرێت بەکورد لەعێراقدا سەدان دەست ئامادەکراوە بۆ لێسەندنەوەی. کورد زەرەرمەندترین پێکهاتەی عێراقە، شیعەکان بەپاڵپشتی ئێران و زۆرینەی دانیشتوان حاکمی جاویدانی عێراقن،سوونەکان بەهاوکاریی وڵاتانی عەرەبی و هێزی خۆتەقێنەرەکان بوونەتە ئەمری واقیع و ئەمەریکییەکانیشیان ناچار بەدانوستان و سازشکردووە. لەو نێوەندەدا کورد بەتەنیاو بێ هیچ دۆست و پاڵپشتێك،بەدوای عەشقێکی وەهمی و تاك لایەنەی ئەمەریکادا رادەکات، ئەو ئەمەریکایەی لەراسپاردەکانی بیکەر- هاملتۆنەوە یەکەم زەنگی پشتێکردنی بۆ لێداو ئەمڕۆش خەریکە لەبەرچاوی هەموو دونیا ئەوەی دوێنێ بەخوێن و رەنج بەدەستیهێناوە لەبەرداشی سازشەکانیدا دەیهاڕێت و لەناویدەبات. هەرلێرەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بکەم، بۆئەوەی جگە لەکورد کەمینەکان بەهۆی بارودۆخی ناجێگیریی عێراق و نەبوونی پشت و پەنای دەرەکییەوە لەتوانەوەدان و خەریکە لە هەموولایەکەوە تیادەچن. بەپێی راپۆرتی رێکخراوی مافی کەمینە نێو دەوڵەتییەکان لەساڵی ٢٠٠٧، کەمینەکانی عێراق بەرەو لەناوچوون دەچن، وەك مەندائییەکان کەپێش ساڵی ٢٠٠٣، ژمارەیان (٣٠٠٠٠) کەس بوو، بەڵام ئێستا لە (١٣٠٠٠) کەس کەمترن، جولەکەکان پێش ساڵی (٢٠٠٣) سەدان کەس بوون، بەڵام ئێستا پێنج کەسیان لەعێراق ماون، پەنابەرە فەلەستینییەکان ئەوانیش پێش ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەیان (٣٥٠٠٠) کەس بوو، ئێستا لە(١٥٠٠٠) کەس کەمترن. بەشار ئەلسەبتی، وتەبێژی ئەنجومەنی کەمینەکانی عێراق دەڵێت: "گەورەترین مەترسی مەندائییەکان ئەوەیە رووبەڕووی نەمان دەبنەوە". ئەمڕۆ لەدوای کوشتنی دوعاوە پەلاماردانی ئێزدییەکانیشی وەك بەشێك لەنەتەوەی کوردی هاتۆتە سەر، بۆیە عێراقی نوێ، عێراقی زلهێزو خاوەن دەسەڵاتە لەبن نەهاتووەکانە، ئەوانەی دەسەڵاتەکانیان پشت ئەستوورە بەهێزی دەرەکی و ناوچەیی. کورد هیچ کەسی لە پشت نییە، وابزانم ئەوەندە تاوان و رەفتاری نەشیاومان ئەنجامداوە چیاکانیش پشتیان تێکردووین و دۆستمان نەماون.

## چارەسەر چییە؟

ئەرکی ئەم نووسینە نییە وەڵام بداتەوە چارەسەر چییە؟بەڵام هیچکات دیواری ئەعزەمییەی چەقی شاری بەغداد کەشارەکەی دوولەت کردووە چارەسەر نییە،بەڵکو هەڵچنینی شورەیەك(مەبەستم دیوارێکی مەعنەوییە نەك دیواری چین)پێویستە بەچوار دەوری عێراقدا،بۆئەوەی لەپێش هەر کارێکەوە بەرەنگاریی سنووربەزاندن بێتەوەو پارێزگاریی لەسەروەریی خاکی عێراق بکات. لەگەڵ ئەوەشدا تا عێراق بەمجۆرەو بەم جوگرافیا دەستکردو داسەپاوە بمێنێتەوە،کورد وتەنی(تا ئەم بایە لەو کونەوە بێت)دەستێوەردانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی لەعێراقدا هەردەمێنێت.شیعەیەکی عێراقی ئەوەندەی ئینتیمای بۆ شیعەگەریی و ئێران هەیە چارەکی ئەوە عێراقی نییە،کورد دوای هەشتا ساڵ بەعێراقیکردن و کۆمەڵکوژیی تانهۆ بۆ چرکەساتێکیش لەقەناعەتەوە خۆی بەعێراقی نەزانیوەو نازانێت. دابەشکردنی عێراق بۆ سەر سێ دەوڵەت،کێشەکان لەبناغەوە چارەسەر دەکات و دەبێتە فاکتۆرێك بۆ بەر قەراربوونی ئاشتی لەسەرجەم ناوچەکەدا.ماکس ج. بووت- نووسەرو توێژەری سیاسیی ئەمەریکی لەرۆژنامەی(لۆس ئەنجلۆس تایمز)دا دەنووسێت "زۆرکەس ئێستا دژی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی یۆگسلاڤیایە لەعێراق،واتە عێراق دابەشبکرێت بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆی سنوور جیاوازو سەروەرێتی سەربەخۆو هاوبەش لەکۆمەڵێك مەسەلە کەتایبەتمەندێتی جیۆپۆلۆتیکی عێراق دەیسەپێنێت،بیرمان نەچێت لەنەوەدەکانی سەدەی رابردووش هەمان بەرهەڵستکاریی بۆ بیرۆکەی دابەشکردنی یۆگسلاڤیا دەکراو دەبینرا،بەڵام دواجار هەموو لایەك بەو قەناعەتە گەیشتن لەوڵاتێکی پێکهاتە جیاواز کەبنەمای پێکەوەلکاندنیان بەیەکەوە ئارەزوومەندانە نەبووە،دابەشکردن و سەربەخۆبوونی هەر نەتەوەیەك لەپێکهاتەکانی ئەو وڵاتە باشترین چارەسەرە بۆ سەقامگیربوون و پێشکەوتن،ئەم چارەسەرە بەڕای من لەگەڵ چارتی نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا دێتەوە،بەو پێیەی سەرەکیترین ئامانجی بریتییە لەدەستەبەرکردن و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان".کورد بەزۆری زۆرداریی کراوە بەعێراقی بۆچی باجی عێراق بدات؟بۆچی بەئاگری شەڕی سوونەو شیعە بسووتێت؟بۆچی باجی هەڵەکانی سەددام ومالکی وکێ و کێ بدات؟شیعەیەکی خواروی عێراق و زۆنگاوەکان چی دەیبەستێتەوە بەشاخەکانی کوردستانەوە؟کوردێکی کۆچەریی کوێستانشین چی بەبیابانە کاکی بەکاکییەکانی عەرەبستانەوە گرێی دەدات؟جامانەو عەگاڵ،شاڵ و دشداشە، خورماو گوێز،کەوی کوردستان و هوشتری بیابان چی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە؟جگە لەدرۆو وەهمی عێراقی داسەپاو نەبێ!باشترین چارەسەرو کارسازترین هەنگاو بۆ دەرچوون لەم قەیرانەی ئەمڕۆی عێراق دابەشکردنییەتی بۆ سەر سێ وڵات،ئاخر دەزانن یۆگسلاڤیا وامان پێدەڵێت.

**پەراوێز:**

١- بڕوانە بۆ رۆژنامەی (ئاسۆ) ژمارە (٣٦٩) رۆژی ٢٠٠٧/٢/١٩

*ئەم وتارە لەژمارەکانی(٢٢٨-٢٢٩)ڕۆژنامەی(کوردستان ڕاپۆرت)لەرۆژەکانی ١٧-١٨\\٦\ ٢٠٠٧ بلأوبووەتەوە. هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلأوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# گەنجان و ئینتیمای نیشتمانی

تاوانبارکردنی نەوەی‌نویٚ بەدیاریکراوی ئەو نەسلەی لەدوای راپەرینی ساڵی(١٩٩١)ەوە پەروەردە بووە،لەئەدەبیاتی سیاسیی وگووتاری میدیایی دووپارتە سەرەکییەکەی کوردستاندا شتیٚکی تازە نییەو ماوەی پانزە ساڵ پترە ئەوە دەوتریٚتەوە:نەوەی نویٚ لەقۆناغی ئازادییەکان ولەسەردەمیٚکدا سەربازیی ناکات وسەربەستە لەمامەڵەکانیدا ئینتیمای بۆ نەتەوەکەی نییەو وەك شاعیری عەرەب (محەمەد ماغوت)دەڵیٚت(ئەوی دەمبەسیٚتەوە بەنیشتمانەوە تەنیٚ پیٚلاٚوەکانی پیٚمە).ئەم بالۆرەیە هەر رۆژەی لەکەناڵیٚکی سەر بەپارتەکانی کوردستانەوە دەوتریٚتەوەو دەهۆڵی بۆ دەکوتریٚت و گەنجانی ئەمرۆمانی پیٚ تاوانباردەکەن،بەبیٚ ئەوەی ئەم راگەیاندنەو ئەو عەقڵە سیاسییەی لەپشتییەوەیەتی بۆ تەنیٚ جاریٚکیش لەخۆی پرسیبیٚت،داخۆ هۆکارەکانی لاوازیی هەستی نیشتیمانی ونەتەوەیی لای گەنجان چین؟یان سەرنجی دابیٚت ئەوە تەنیٚ گەنجان نین ئینتیمایان بۆ ولاٚتەکەیان نەماوە،بەڵکو سەرجەمی مرۆڤی کوردستانی خاڵ بوونەتەوە لەهەستەکانی (نیشتمانپەروەریی)و نەتەوایەتی،ئەم دەسەلاٚتە بیٚ سەوادە رۆژیٚك لەرۆژان لەو فاکتۆرانەی نەکۆلیٚوەتەوە بوونەتە هۆی ئەم بیٚ دەربەستییەی مرۆڤی کورد،ئاوەزی بەوە نەشکاوە خۆی سەرچاوەی کیٚشەکەیەو بەناڕەوا نەوەی نویٚی تۆمەتبار کردووە!.نووسەری بەتوانا(مەریوان وریا قانیع) دەنووسیٚت(تۆمەتبارکردنی نەوەی نویٚ بەلاوازیی هەستی نەتەوەیی وبەرپرسیاریٚتی بەرامبەر بەمەسەلە نەتەوەییە گەورەکان تۆمەتبارکردنیٚکی ساختەیەو باز بەسەر سەرجەمی ئەو هۆکارانەدا دەدات کەوشیاریی و ویژدان وخەیاڵی نەتەوەیی لەکوردستاندا لاوازکردووە ولاواز دەکات).ئەوە نەوەی نویٚ نییە لەخۆڕاو بیٚ هیچ کاریگەرییەکی مەعنەویی دەرك وئینتیمای نەتەوەیی لاوازبووەو چۆتە ژیٚر خاڵی سفرەوە،ئەوە کارو کردەوەی چەند ساڵی حکومداریی کورد بووە وایکردووە لەتاکەکانی کۆمەڵ نەك هەر هیچ پەیوەندییەکی رۆحی ومەعنەوییان بەولاٚتەکەیانەوە نەمیٚنیٚ،بەڵکو ولاٚتەکەیان لیٚبیٚتە تەوق وچووبیٚتە گەردنیانەوە!. کاتیٚك حیزبەکانی کوردستان بەجەدوٚلیٚکی بەرنامەڕیٚژکراو و وەك یاری تۆپی پیٚی نیٚوان یانەکان پیٚکدا هەڵدەپڕژیٚن وکۆمەڵگە دەئالیٚننە شەڕیٚکی خویٚناوییەوە،مرۆڤی کورد چیتری بۆ نامیٚنیٚتەوە جگە لەورە بەردان

وبیٚ باوەڕییەكی ترسناك لەبەرامبەر هەموو شتەكان لەنێویشیاندا نەتەوەو ولأت. كاتێك بەرپرسەكانی كورد هەر رۆژەی لەمەزادخانەیەكی هەرێمییدا دۆزی كورد هەڕاجدەكەن ودەیفرۆشن ودەبنە بازرگانی خوێنی هاوولأتیانی كورد،گەنج چی دەسەلأتە جگە لەوەی هەمووشتێكی لەبەرچاو بكەوێت لەنێویشیاندا نەتەوایەتی و(نیشتمانپەروەریی).!.كاتێك لەشكرێك لەوەزیرو كاربەدەستانی حكومەتی كوردستان فایلە رەشەكانیان ئاشكرا دەبێت ودەردەكەوێت زۆربەیان لەژێرەوەرا دەستیان تێكەلأوكردبوو لەگەڵ رژێمی ئەنفال وگۆڕی بەكۆمەڵ و گازباران وگویٚ وگون برین،ئیدی گەنجی كورد چۆن كوردایەتی وئەو دروشمە زلانەی وەك نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریی لەبەرچاو ناكەوێت؟بەكام ئومێدو شۆڕو شەوقەوەو لەكام قوتابخانەدا فێری وانەكانی نەتەوایەتی وكوردایەتی بن؟لەقوتابخانەی سەركردە دەرەبەگەكان كەوەك میرو پاشای ناو ئەفسانەكان دەژین؟.یان لەقوتابخانەی ئەو بەناو تەكنۆكراتانەی بەناوی خزمەتكردنی بێوچانی (گەلەكەمانەوە)گسكیان لەداروبەری ولأتەكەمان داوەو پێی بوونەتە خاوەنی ئاپارتمانی بەژن بەرز وهۆتێلی پێنج ئەستێرە لەپایتەختی ولأتانی رۆژئاوا؟یان لەقوتابخانەی حیزبە قوڕو سەقەتەكانمان؟یان لەو پەیمانگای كادێرانەی بووەتە ئەكادیمیای گەندەڵی وخوێندرەكانی دكتۆرا لەڕەخساندنی فەزای گەندەڵیدا وەردەگرن؟پارتی كوردیی وئەو حكومەتەی ئەمڕۆ لەكوردستاندا هەیە تاوانباری یەكەمە چونكە ئەوە خۆیەتی سەرچاوەی وشككردنی هەستەكانی خەڵكی كوردە لەبەرامبەر نەتەوە،ئەوە حكومەتی كوردە وەهای لەوگەنجانە كردووە كەئامادەبوون بەگژ هەورە تریشقەو ئاسمان ورەهێڵەدا بچنەوە ببنە كۆیلەیەك وسەری رەزامەندیی بۆ هەموو ناهەقییەك كەچ بكەن. تاوانباری سەرەكی وراستەقینە ئەو دەسەلأتەیە دەهۆڵ بۆ ئەوە دەكوتێت گەنجی ئێستا قەدری ئەم ئازادییە ناگرێت وگەنجێكە پابەندی هیچ نییەو بچوكترین ئینتیمای بۆ نەتەوەكەی نییە،لەكۆتایشدا دەمەوێت بڵێم،ئەی دەسەلأتە قسە زل و بێسەروبەرەكەی كوردستان كەمیٚ وریابە واز لەو قەوانە سواوە بێنە،بەتەما نەبیت عەیبی كەس هەڵبدەیتەوە ئەگەرنا پارچە قوماشەكەی سەر عەورەتت دەكەوێتە خوارەوە عەیبت دەردەكەوێت وشەرمندە دەبیت.

*ئەم وتارە لەبنەڕەتدا گۆشەیەكی بەردەوام بووە بەناوی(ورتە ورت)لە ژمارە ( ١٥)رۆژنامەی(ئالأ) لەرۆژی ١٥\٣\٢٠٠٧ بلأوبووەتەوە. هاوكات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلأوبووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# گەنجان و ئینتیمای حیزبیی

پـارت وەك دەزگایـەكی مـودێرن كۆرپـەی منداڵـدانی قۆنـاغی مۆدێرنێتەیـە،یـان بەمانایـەكی تـر بەرهـەمێكی راسـتەوخۆی قۆنـاغی سـەرمایەدارییە ،بەبۆچـوونی مـۆریس دورژە (لـەرۆژئاوا دروسـتبوونی پارتـەكان دەگەڕێتـەوە بـۆ دەرەنجـامی گەشەسـەندنی دەنگـدان وبەگـشتیبوونی هەڵبـژاردن). روون وئاشكراشـە چـەمكی هەڵبـژاردن و دەستاودەسـتكردنی دەسـەڵاتی رامیـاریی پایەیەكی سەرەكی وسترۆكتۆری دیموكراسییە ،دیموكراسیەتیش لەگەڵ ئەوەی مێژووی بوون و سـەرهەڵدانی وەك چـەمك زۆر دێرینـە بـەڵام لـەبواری كردارییـدا بـوونی هاوكاتـە لەگـەڵ قۆنـاغی كاپیتالیزم .دروستبوونی پارتەكان لەخۆرئاوا لەدرێژەی پرۆسەیەك بووە كەتیایدا پێویستییەكانی ژیـانی هەڵبـژاردن وئـاڵوگۆڕی دەسـەڵات هێناویەتییـە پـێش ،بـەڵام سـەرهەڵدان و گەشەسـەندنی پارتـەكان لەكوردسـتان لەسـەر ئـەو بنـەما سـتاندارە نـەبووەو كاردانەوەیـەكی ناهۆشـیارانەو نامونسەجیمی ستەمی سەر نەتەوەی سەر گەلی كورد بووە. لەلایەكی ترەوە تاوەكو ئێستا(ئەم چـەند سـاڵەی دوای راپـەرینی ١٩٩١ی لێدەرچـێ). نیـشتمانی كوردسـتان بـەهۆی داگیركـاریی دەوڵـەتانی ناوچـەییەوە ،بـواری ئـەوەی نـەبووە سـەرەتاكانی دیموكراسـییەت دەسـتپێبكات تـا پێویستییەكانی دەنگدان و كێبڕكێی هەڵبـژاردن پارتی سیاسیی بەجیاوازیی بیروڕاو بۆچوونەوە بەرهەم بهێنێت . لەگەڵ ئەوەی حزبەكانی كوردستان سەرلەبەریان كۆمەڵێك میلیشیاو یاخیبوو بوون لەدژی ئەو دەسەڵاتە داگیركەرانەی كوردستانیان بەسەردا دابەشكراوە ،ئەم ماوەیەی دوای راپەرینیش وێناكەی نەگۆڕاوە بۆ كۆمەڵێك دامودەزگای مەدەنی وشارستانی كەئەركی رێكخستنی خـەڵكانێكی دیـاریكراو بێـت لەچوارچـێوەی گووتـارێكی سیاسـیی وحیزبـی هاوبەشـدا ، بـەڵكو كۆمەڵە دیوەخان وتەكیەیەكی فراوانن بۆ بەندایەتیكردنی ئەندامان تیایاندا. مەبەستم لەوەیە پێتان بڵـێم پـارتی كـوردیی ،حیزبێـك نییـە لەچەشـنی ئـەو پارتانـەی لەئەورووپاو ئەمـەریكادا هـەن ، هـەر ئەوەیە تەریقەتەكانن وپۆلیش و ماكیاژێكی سەردەمانەیان بۆ كراوە ،هەر بۆیە ئەم پارتە دەزگایەك نییە بتوانێت لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە نوێیەدا شانبەشان بڕوات كەلەبەستێنی كۆمەڵگادا روو دەدات، بگـرە خـۆی رێگرێكـی جیـدیی ئـەو شـەپۆلە هاوچـەرخەیە لـەدنیابینی مـۆدێرن كەبـەهۆی شۆڕشی پەیوەندییگرتن و گلۆبالیزمەوە ئەگەر دەرگاكانیشی لـێ دابخرێت لەپەنجەرەكانەوە دێتە ژوورەوە . ئەم پارتە لەسەر هەمان قەوانی كۆن و بەهەناسەی سێ چوار دەیەی رابردوو وبەهەستی قۆنـاغی بـەرەنگاریی وچـەكدارییەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو واقیعـە نوێیـەدا دەكـات كەلەدێرزەمانـەوە

مرۆڤەکانی ناوی جێیانهێشتووەو بای بای یەکجاریان لێکردووە،گەنجانی ئەمڕۆمان گرنگترین ئەو توێژەن لەریفراندۆمێکی نافەرمیدا ئەو مۆدێلە لەپارتەکانیان ڕەت کردۆتەوەو ئەمادەنین لەژێر چەترەکانیاندا خۆیان سازمان بدەن ،بەڵکو لەرووی دەروونی وعەقڵییەوە لەگەڵیدا ناکۆکن و هەمیشە لێی دەسڵەمێنەوە .تاوانەکە (ئەگەر قەرارە تاوان بێت)هی نەوەی نوێ نییە کەخوێنی نوێ وجۆگەی بیری نوێ نارژێتە گۆمی لیخنی پارتی کوردییەوە ،سوچەکە سوچی حیزبەکان خۆیان و بیرکردنەوەی سیاسیی وپارادایمی دیسپلین وفۆرمی کاریانە ، کەناکۆکە لەگەڵ سروشت و خەسڵەتی نەوەی نوێ و بواری کارکردنیان پێ نادات،مەگەر لەکاتێکدا نەبێت ئەو گەنجە خۆی لەخەسڵەتی راستەقینەی گەنجانە دابڕنێت و وەك پیر بیر بکاتەوەو بدوێت و رەفتار بکات ،کاتێك دەڵێین پیر مەبەستمان لەو خەڵکانە نییە کەمووەکانی سەر و ریشیان سپی بووە ،بەڵکو مەخسەد لەو جۆرە کەسە نەریتپارێزانەیە کەبەشێوەیەکی دۆگما خویان بەنەریتەوە گرتووەو بوونەتە پاسەوانی کولتووری کۆن و بەسەرچوو،هەموو کات بەفەرهەنگی سەلەف وداڕزیو شاگەشکە دەبن .
پارتە کوردییەکان تا نوکە لەوە نەگەیشتوون بۆچی گەنج لەحیزبەکانیان تووڕەیەو چارەیان ناوێن؟ بۆیەکا لەخۆڕا گەنجان بەبێ هەڵوێست وناهۆشیار و بێ ئەزموون تاوانبار دەکەن ،بەلاَم بەپێچەوانەوە گەنجی کورد کائینێکی زیندووە نەك دێوێکی نوستوو، تەنیا هێز وپارتێکی نوێی دەوێ وەك خۆی بیجووڵێنێت وبیهێنێتە سەر سکەی راستەقینەی کاری مۆدێرن ومەدەنی .بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەشم نارەزایەتییە مەدەنییەکانی گەنجانی خوێندکار وخۆپیشاندانەکانی ساڵی پارو ئەو نارەزایەتیانەی لێرەو لەوێ دەیانبینین ،وەك نموونە دەهێنمەوە،کەئەم گەنجە ویستی بۆ کارکردن هەیەو ئامادەیە وزەی خەفەکراوی کاریانە بەکار بهێنێت،بەلاَم بەڕێگە سواو و تەقلیدییەکان نا،بەڵکو بەرێگەیەکی مەدەنی وشارستانی کەهارمۆنی بێت لەگەڵ جۆری ژیان و واقیعی نوێی کۆمەلاَیەتی وفەرهەنگی لەکوردستان .پارتەکانی کوردستان مەکینەیەکی ژەنگاویی و لەکارکەوتووی کۆنن ،هەر لەو شەمەندەفەرانە دەچن بە خەڵووز کاریان دەکرد کەلەسەردەمی داهێنراوە تەکنەلۆژییەکانی ئەمڕۆماندا بەکەڵکی هیچ نایەن ،مەگەر لەمۆزەخانەدا وەك کەلەپوور دابنرێن .کۆتا قسەم ،قسەیەکی زۆر قورس ورەقە ، لانی کەم ئازایەتیم بۆ دەربڕینی دەگەڕێتەوە بۆ بێ غەمیم لەترسی نانبڕین ،ئەویش ئەوەیە بە دیتنی من پارتەکانی کوردستان (راست و چەپ)یان لە پەراسووی چەپی بەعسەوە وەرگیراون وخوڵقێنراون ،بۆیە کاتێك بەعس تەواو دەبێت هەڵبەتە پارتە هاوشێوەکانی (وەك پارتە کوردییەکان)دەبێت وەك شنەبایەك بڕۆن. واقیع خۆی دەرگا دەخاتە سەرپشت بۆ هێزی نوێ ومۆدێرن کەگەنج داینەمۆ وبزوێنەری بێت.

*ئەم وتارە لەبنەڕەتدا گۆشەیەکی بەردەوامبووە بەناوی(ورتەورت)لەژمارە(١٦)رۆژنامەی(ئالاَ) لەرۆژی ٢\٤\٢٠٠٧ بلاَوبووەتەوە هاوکات لەهەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاَوبووەتەوە:

# پاپا..سەفیری ئاشتی و لێبوردەیی بوو

عیسای مەسیح لەئامۆژگارییەکانیدا بۆ هاوڕێکانی فێری دەکردن باوەڕی تەواوەتی بهێنن بەئاشتی ولێبووردەیی، مەسیح لەوتەکانیدا فێری دەکردن خۆراگربن و نوێژو نزا بۆ ئەوانە بکەن تەنانەت دەبنە مایەی ناخۆشی وئازاردانیان.مەسیح دەیووت: ئەگەر بەتەنیا ئەوانەتان خۆشبوێ، خۆشیان دەوێن کەواتە چ چاکەیەکتان کردووە؟، من فێرتان دەکەم هەموو ئەوانەتان خۆشبوێ کەتەنانەت رقیان لێتانە..ئەگەر زللەیەکیان لەلای راستتدا لای چەپیشی بۆ رابگرە. ئەم پرەنسیپە کرۆك وماکی سەرەکی ئاینی پیرۆزی عیسای مەسیح بوو،دەقاودەق لەرەوڕەوە وکاروانی ژیانی پاپا یوحەننا پۆلسی دووەمدا رەنگی دابۆوە، پاپا پیاوێك بوو مەسیحییەکی بنەڕەتی بوو،ئەو مەسیحییەتەی عیسا هەتا لەخاچدانی لەپێناوی دروستکردنیدا تێکۆشا. پاپا بەتەنێ ڕێبەرو سمبوولێکی ئایینی یان کاسۆلیکی نەبوو،مولّکی تاکە ئاینێك نەبوو، پاپا رابەرێکی یونیڤرسالّی ئاشتی بوو،پاپا بانگەشەکاری لێبووردەیی‌و پێکەوەژیان بوو. لەگەرمەی هاتووهاوارو پلانی بەردەوامی لێکترازانی شارستانی وئاینەکان،پاپا چرایەکی رووناکی بەدەستەوە گرتبوو تا رێگە تاریکەکانو شەوەزەنگی عەقلّە تاریکەکان رۆشن بکاتەوە. پاپا بەویەڕی جیددییەتەوە و لەقوولّایی باوەڕەوە دەیویست دیالۆگ لەنێوان دیانەتەکانو شارستانییەکان دوروست بکات. ئەو تەواو بەپێچەوانەی بیرمەندێکی وەك (سامۆیل هانتینگتۆن)ەوە بیری دەکردەوە کەئەو پێکدادانی شارستانیو ئاینەکانی کردبووە حوکمی مێژوو. پاپا وێرای ئەو ئەرکە ئایینییە گەورەیەی لەسەرشانی بوو، بەشداریی چالاکانەی هەبوو لەقسەکردن وهەلّوێست وەرگرتن لەهەمبەر پرسە سیاسییەکانی کۆمەلّی نێودەولّەتی. پاپا دەیویست سنوورەکان تێکبشکێنێت بەتایبەتی ئەو سنوورانەی عەقلّی داخراوی ئاینپەروەریی کوێرانە دروستیکردبوون، ئەو بەکردەوە لەسەردانەکەیدا بۆ دیمەشق ئەم رچەیەی شکاند وسەردانی مزگەوتێکی کرد، لەدیدی پاپادا ئاینەکان تەنێ لەسەر زەوی جودابوون بەلّکو لەئاسمان و لای باوکی ئاسمانی هەموویان تاکە

شتێکن.پاپا هەمیشە رق و بێزی دەکردەوە لەتوندوتیژیی و تیرۆر، تەنانەت دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨١ هەوڵی تیرۆرکردنی درا کەچی پاپا سەردانی تاوانبارەکەی کردو نوێژو دوعای بۆ کردو لەتاوانەکەی خۆشبوو. ئەم کولتوورە ئەو بەهاو نەریتەیە ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێویستییەتی،پاپا لەم بوارەشدا پێشەنگ و رچەشکێن بوو. پاپا وەك کاریزما و سمبولێکی بەرزی ئایینی کریستیانی نیشانیدا دەبێت ئەوانەی دەرگای دڵیان لەبەرامبەر مەسیحدا کردۆتەوە بەمجۆرە مامەڵە بکەن و هەر بەوجۆرەش بژین ئەگەر نرخ و باجی ئەم هەڵوێستو مامەڵەیە خودی ژیان بێ هەروەکی چۆن مەسیح لە ژیانی خۆیدا بە لەخاچدان ئەم باجەی دا. پاپا لەزەمەنی گەشەکردنی تەکنۆلۆژیترین چەکی کۆکوژو ئەتۆمیو لەزەمەنی شەڕە گەرمەکانی نەتەوەو ئایدیاو دینە جوداکاندا، رۆحێکی سپی بوو کەلەڤاتیکانەوە ئالای ژیان و ئاشتبوونەوەو پێکەوەژیان و پێکەوە گونجانی بەرزکردبۆوە، ئەم پرەنسیپە لای پاپا تەنیا هەڵوێست وەرگرتن و وشەی سەرزار نەبوو بەڵکو لە بەرینترین ئاستدا کاریگەریی خۆی دانابوو. پاپا سەفیری ئاشتی وپێکەوەژیان بوو.. رەمزێکی گەورەو سیمایەکی مەزنی جیهانی بوو کە کەم وێنەو نموونەی وامان هەیە لەمێژووی نوێی تەواوی سەرجەم گێتیدا. دواهەمین جار پاپا دوای بەرەنگارییەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییە درێژخانەکەی کۆچی هێجگاری کردو لە دوای خۆی گەنجینە و کولتوورکرێکی خەنی و دەوڵەمەندی لەو بەها جوانانە بۆ مرۆڤایەتی بەجێهێشت. ئەوپیاوە رۆی بەڵام ئاشتیخوازیی و مۆراڵە بەرزەکەی شتێك نییە بتوانین هەروا بەئاسانی لەیادی بکەین.

* ئەم وتارە لەژمارە (١٢٩) رۆژنامەی(رۆژی گەل) لەنیسانی ساڵی ٢٠٠٥ بلاْوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاْوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# دوعا.. دوعا .. دوعا.. خودایە ئێمە چەندە خوێن تاڵین

نازانم ویژدانمان لەئەژیها قەرد کردووەیان لەتیمساح وقرژ؟نازانم عەقڵمان لەئەشکەوت بزرکردووە یان دڵمان لەژێر پێناوە؟نازانم بۆچی هێندەی بەرینی وشیرینی ژیان شەیدای شەرابی مەرگین؟ نازانم بۆچی گوڵەباخەکان دەژاکێنین؟نازانم بۆچی کۆترە کوکوختییەکان لەخوێن هەڵدەکێشین؟ نازانم بۆچی بۆگەنیوی سەدەکانی ناوەڕاست وەك گوڵاو بەسەر رەفتار ومامەڵەماندا دەپرژێنین؟ نازانم،تێناگەم بۆچی شمشێرمان لەکێلان دەرهێناوە بۆ هەنجن هەنجنکردنی رۆحی پەرییەکان؟ نازانم بۆچی لەکۆری جنۆکەو قالۆنچەدا سەرمەستێکی پڕ کەیف وحاڵین؟.نازانم بۆچی ماخۆلانمان گرتووەو دەمانەوێ فوو لەنووری مۆمی ژیریی وداگیرسانی پڕ تیشکی چرای پرشنگداری رۆحمان بکەین؟نازانم بۆچی و وابەئاسانی دەمانەوێ رەوشتمان لەسەر مێزی قومارو لەکۆنکەنی ناموسپەرستیدا بدۆڕێنین؟.خودایە، نازانم بۆچی تۆش دەنگت نییە؟ئەم دێڕانەمان بۆ حنجە بکەو پەرسڤێك بۆ ئەم پرسیارە ناکۆتایانەمان بدۆزەرەوە.خودایە،تۆ وەڵام بدەرەوە،بۆچی ئەوەندە سەرچۆپی دەگرین لەپرسەو ماتەمدا؟بۆچی ئێمە سەری ژیان وژن پێکەوە پان دەکەینەوە؟.خودایە وەڵامم دەوێ، کاتێك دوعایەك هانای هێنایە بەردەمت،تۆ لەکام رێستۆرانت سەرقاڵی نانخواردن بووی؟بۆچی فریا نەکەوتیت تادەستی خێڵی خوێن وهۆزی ژنکوژو کولتووری سەخی لەبێ بەهاکردنی مرۆڤدا بگریت؟خودایە تۆ نەتدەزانی،ئێمە دەستەپیس وچەپەڵەکانین؟.حاشاماتی دێوەکانین، ویژدانمان سەدان ساڵە لەشیرینی خەودایەو بۆنی خوێن وجەراعەت لەهەناسەمان دێت. ئەو پاڵەوان وسوارچاکە گلاو وفاشیلانەین، دێوی نوستووی غەزەبمان رۆژی هەزارجار بۆژن کوشتن لەخەودا رادەچەنێت،هەناو وزراومان لەدوژمنەکانمان چووە!ئێمە ئەو ترسنۆك وبودەلانەین لەسێبەرەکانی خۆشمان دەترسین،تەنیاو تەنیا بۆ سەنگەسار ئازاو دلێرین. ئاه خودایە نازانم بۆچی شەوی سەد جار خەون بەمارو دووپشکەوە دەبینین،نازانم بۆچی رقمان لەهەر خەونێکی جوانە ؟نازانم چی وایکردووە رقمان لەقاقاو رووی خۆش وبزەی سەرلێو بێت؟رقمان لەدەست لەملانی عاشقان بێت؟.ئای میللەتێکی چەندە نەخۆش وبوغزاوین وچۆن دەستمان بەدامێنی عەقڵی بۆگەنیوی ناموسپەرستییەوە گرتووەو چۆن لەمەجلیسی پیاوماقوڵیدا سۆراخی ئابڕوی خۆمان دەکەین وبەجەهەنم داخستن بۆ خوشك وهاوسەرەکانمان پەڵە رەشەکانی سەری دەشۆرینەوە؟ئای چەندە سەیرە،ئای چەندە رۆحمان نەخۆش وسیلاوییە.دوعای فریشتە، تۆ

پاکژترین وروٚح سوکترین ئەفرێندراوی خواوەند بوویت،ئێمە بووین دەجال وشەبەحە ترسناکەکانی تینوو بەخوێن خواردن ودروٚ. ئای کچکە کوردی خێر لەخوٚ نەدیو،بەکوشتنی توٚ نەك هەر ئازایەتییەکمان توٚمار نەکرد، نا رێکورەوان ترسنوٚکی قرچوٚکی خوٚمان بوٚ هەموو مروٚڤەکانی گێتی سەلماند. سەلماندمان بوٚنی ئەشکەوت لەبیرکردنەوەمان دێت! سەلماندمان چەندە حەپوٚل و گەلوٚرو یەغنیشین،سەلماندمان هەگبەمان چەندە بەتاڵە لەمانا جوانەکانی ژیان وچەندیش پرە لەرەمەکی کوشتن وسرینەوە وتاڵکردنی شیرینییەکان وزراندنی خەونی پاساریەکان وهەڵفراندنی کوٚترەکان ولەقەفزنانی بولبولەکان. ئێمە پاڵەوانێکین لەهەرچی زوٚرانبازیی هەیە دوٚڕاوین، تەنیا لەزوٚرانبازیی ژن کوشتندا نەبێت، ئای میللەتێکی چەندە بەربەری وبیٚ ئەمەکین! چەندە گەمژەین و لەوەتی ژیان هەیە چیمان دانەهێناوە جگە لەتیروٚر وزەوتکردنی ژن وپانکردنەوەی سەری هەر خەون وخولیایەکی سەوزو تەڕوبڕو پاراو،ئای خودایە ئێمە لەجەنگەڵدا دەژین یان لەشارە رووناکەکاندا؟.ئای دوعا هەرگیز نەمدەزانی روٚژێك دێت دەتناسم، بەلاٚم ئەفسووس چوٚن ناسینێك؟ نا، توٚحەزت نەدەکرد ببیتە مانشێتی روٚژنامەکان، هیچ کات خەونت بەوەوە نەدەدیت رێپێوانت بوٚ بکەن، دەزانم وبەخەندەی لێوی لەخوێن سووربووتدا دیارە،ئامێزی دڵدارو ژیانی نێو کوخە بچووکەکەی خوٚت دەویست.بەلاٚم دوعا،ئاخ دوعا،نازانم توٚ چ تاوانێکت کردبوو؟توٚ دڵی پەپولەیەکت ئازار نەدابوو،بەیانیان سلاٚوت لەپەرییەکان دەکردو لەگەڵ خەیاڵی ئەڤینداراندا قومێك لەشەرابی عەشقت دەخواردەوە!نازانم بوٚچی بەمجوٚرە بیٚبەزەییانە روٚحیان بەئازارەوە هەڵکێشای؟ ناڵێم ئەوانەی توٚیان کردە تاکە شەهیدی راستەقینەی ولاٚت دڵرەقن،چون ئەوان نەك دڵیان نییە بەڵکو ویژدان ورەوشتیشیان باریکردووە.بەکوشتنی توٚ ترسنوٚکی خوٚمان دووپاتکردووە، بیٚ رەوشتی خوٚمان ئیسپات کردو شەرەفی دوٚڕاوی خوٚمان دەرخست. خودایە زمانم گوٚ ناکات، نازانم چوٚن خوٚم لەم وڕێنانە رزگار بکەم؟بەئاستەم ئەتوانم وشەیەك بێژم، بەلاٚم دەمەوێت بەزمانێکی بیٚ لوغز وگریٚ وگوٚڵ پاکانە بکەم،پاکانەیەك تەعمیدم بکات لەتاوانی کوشتنی دوٚعای فریشتە. لێرەوە دەست بوٚلای باوکی ئاسمانی وبوٚ عەرشی پیروٚز بەرزدەکەمەوەو دەڵێم:خودایە من بیٚ بەریم لەناسنامەی ئەوانەی دوعایان زیندەبەچاڵکرد.پاکانەکەم لەناسنامەکەم هەمان پاکانەیە هادی عەلەوی لەناسنامەی ئەو فروٚکەوانەی کرد کەهەڵەبجەی بەگازی کیمیایی ژاربارانکرد.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٩) روٚژنامەی(نێوەند) لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٧ بلاٚوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاٚوبووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# پەنجاوسێ خولەك كارەبا..

## شانۆگەرییەكی یەك پەردەیی ژیان لەكوردستان

باوكم بەقووڵی نەفەسی لەجگەرەكەی دەداو باسی رابردووی پڕ ئازار ومەینەتی خۆی دەكرد لەرۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتییدا،نازانم چ پاڵنەرێكە جار بەجار دەیباتەوە سەر گێڕانەوەی بایۆگرافیاو هەموو جارێكیش پێ لەزۆر شت دەنێ وزۆر دانپیانانی سەیر بەیان دەكات،لەپڕ هاتە سەرباسی گەدایی ونەداریی كاك (....) ئا.... ئەو،ئەو سۆپەرمانەی وامدەزانی لەساتی لەدایكبوونیدا پێنج ملیۆن دۆلاری لەسكی دایكییەوە هێناوە بۆسەر ژیان، وتم:ئەرێ باوكە كاك هێن ئەو شتە زلە دەناسیت، باوكم بەخێرایی وەلآمی دایەوە:تەنانەت سالآنێكی زۆر بەرپرسی بووم.

وتم: ئی چۆن وا دەوڵەمەند بوو؟لەكاتێكدا كاتی خۆی وا هەژارو نەداربووە؟ باوكم وتی: نازانم، فەرهود، ئا.. ئا.. فەرهود.. دزیی.. چوزانم.

وتم: وەك تۆ بزانی زۆر هەژار بوو؟ باشە تا چ رادەیەك زەلیل ببوو بەدەست هەژارییەوە؟باوكم سەیری كاتژمێرەكەی دەستی كرد وەك ئەوەی چاوەڕێی هاتنی هاوڕێیەكی بكات وتی: ها.. ها.. كوڕە چوزانم، بەخوا پارەی خانوویەك بەس جگەرەم بۆ كڕیوە هەر لەپاكەتی بەغدادو سۆمەرەوە بیگرە تا دەگاتە سپێشل وریم.

منیش تۆزێك بێدەنگبووم،هەندێك رامام لەجریوەو دەنگی پڕ سۆزی مۆلیدەی كارەبای دراوسێكەمان، هەردەتگوت سەمفۆنی بتهۆڤن یان شۆپانە.

كاكی مەسئول هاتەوە یادم وپرسیم:ئەرێ باوكە نەتووت ئەم كابرایە تاوەكو چەند بەرەوشت و بەوەفایە؟.

–وەفای چی ورەوشتی چی؟ئەو كابرایە لەشاخیش هەروابوو كەپێشمەرگە داستانی تۆمار دەكرد ئەمیش مێبازیی دەكرد!!.

+بەڕاست مێبازیی، ئێ.. ئێ.. چۆن مێبازییەك؟ توخوا بۆم باسبكە!. لەپڕ كارەبا هاتەوە، باوكم جگەرەكەی كوژاندەوەو وتی:نازانم مێبازیی چی؟ ئێستا كەی كاتی ئەوەیە؟ نابینی كارەبا هاتەوە، هەڵیگرە بۆ دوای كارەباپڕان، چیرۆكەكە ئەو دەمە تەواو دەكەین،ئێستا بەپەلە بڕۆ خەریكی كارەكانت ببە تا كارەبا هەیە.

دایكم لەم كاتەدا لەژووری میوان بوو، لەپڕو لەخۆشیدا بەرەو ژووری چێشتخانە (مطبخ) دەرپەڕی ولەبەرخۆیەوە وتی: كوڕم.. دەی خێرا بڕۆ قاتە رەساسییەكەت ئووتو بكە، بیٚ ئووتوكردن لەبەری مەكە، نازانم بۆ ئەوەندە شلو شێواوی؟نابیٚ كەمێك جلەكانت جوان بن، ئا.. عەتریشی لێبە چونكە بەردەوام لەبیرت دەچیٚ،سبەینیٚ كەچووی بۆ ئاهەنگەكە لەبیرت نییە بۆیە ئێستا عەتر پرژێنی بكە.

+دایكە گیان عەتری چی وقاتی چی وتەڕەماشی چی؟ من نووسین و راپۆرتێكم هەیە دەبێت خێرا كۆمپیوتەرەكەم پیٚ بكەم ودەستبكەم بەتایپكردن، زۆر گرنگە زوو تەواویان بكەم.

-ئەریٚ ئەم نووسینە نەبڕایەوە؟خۆی چەند كارەبا هەیە وا بەهێواشیی دەجولێیتەوە؟نووسین هەڵگرە بۆ كاتێكی تر،بەقەڵەم بینووسەرەوە دوایی تایپی بكە،خێراكە بڕۆ بۆ ژوورەكەی خۆت خەریكی ئووتوكردن ببە.

بەڵام من وردە وردە بەرەو ژووری دانیشتن رۆیشتم وتەلەفزیۆنەكەم پیٚ كرد؟یەكسەر چۆیە سەر كۆنسێرتێكی میوزیكی(یانی)لەولاٚتی چین، لەوكاتەدا دەنگە كۆراڵییەكان بەرزدەبوونەوە، تیپی ئۆكێسترا لەحەماسی تەواودا بوون، یانی گەرم ببوو هەڵدەبەزییەوە، لەوكاتەدا وتم، ئەڵڵاٚ خۆ ئەوە (یانی)یە، من خەریكی گوێگرتن دەبم لەمیوزیك،رۆحم زۆر پێویستێتی.

باوكم بەرەو لای من هات و كەمێك سەری باداو بەدەنگێكی بەرز وتی:

-یانی ومانی چی؟ واز لەم جوقە جوقە بهێنە، خێرا بڕۆ ئیشەكانت بكە. كارەبا ئەوەندە زۆرە وا تۆ هیچ ناكەیت وگویٚ بۆ ئەم قژدرێژە دەگریت؟.بەخوا هەر لەتەلەفزیۆنەكەوە بێتەدەریٚو لەبەردەممدا میوزیك بژەنیٚ لەم كاتەدا گوێی لێناگرم.

+تۆ هەقی منت نەبێت، وابزانم تۆ بەتەمای ریش بتاشیت، ئەریٚ بۆ ناچیت بەلای كاری خۆتەوە؟.

باوكم هیچ قسەی نەكرد،بەرەو دەستشۆرەكە بەڕێكەوت،ئاگام لێبوو مۆبایلەكەی خۆی كوژاندەوەو هاواری لێكردین: مۆبایلەكانتان بكوژێننەوە، نەكا یەكێك لەناكاودا تەلەفۆن بكاو كاتەكە بەهەدەر دەڕوات، كاتێك دەزانی كارەبا بای بای دەكات.

هاوارم كرد: باشە ئەوە مۆبایلەكەم داخست، بەڵام ئەگەر میوانێك هات دەڵێی چی؟.

+دەمت بشكێت، كوفر مەكە، كوفری وا بۆ دەكەی؟ بەئیزنی خوا دوای كارەبا بڕان میوان دێت.

دایكم لەولاوە غەسالەكەی پێكردو دەستیكرد بەجل شۆرین (فەردەیەك جلی پۆخەڵمان هەبوو).

باوكم شیڕاندی:خێرا بڕۆن، بۆیلەرەكە هەڵبكەن باتۆزێك ئاوەكە گەرم بێت،ئەوەبوو من چووم بۆیلەرەكەم هەڵكردو دواتریش دەستمكرد بەئووتوكردن.

لەپڕ لەزەنگ درا لەگەڵیدا لەدەرگاش دەدرا،دەستم لەكارەكەم هەڵگرت وچووم دەرگام كردەوە..

پیاوێكی بالاٚ بەرز بوو وتی: بەڕێزگیان ئەریٚ ئەمە ماڵی موختاری گەڕەك نییە؟.

وتم: نەوەڵڵاٚ، موختاری چی؟ موختار هەر لەم گەڕەكەدا نییە.

گەڕامەوە بۆ ژوورەوەو بەباوكم وت: شوكر سەلامەت دەرچووین! میوان نەبوو.

دایکم هەر لەبەردەم خۆیەوە پرتەو بۆڵەی بوو، بەدەنگی بەرز هاواری کردو وتی:ئەریٚ بزانە کەس ئاگای لەسەلاجەکەیە دایگیرسێنیٚ، بەخوا چی تێدایە هەمووی بۆگەنی کردووە.
باوکم وەڵامی دایەوە: چش.. توخوا با بۆگەن بکات هەروەك چۆن سەرکردەکانمان کردوویانە.
دایکم دووبارە وتی: ئەریٚ ئەمە کوا پەیوەندیی بەوەوە هەیە؟ تۆ هەر خەریکی فەلسەفەلێدانی.
لەناکاو زەنگی تەلەفۆنە نۆرماڵەکە لێیدا، باوکم هاواری کرد:کەس تەلەفۆنەکە هەڵینەگریٚ، ئێستا بزانە کێیە بیٚ تاقەتەو کارەبایان نییەو حەزی لەدەمەتەقێیە؟ئەوەبوو زەنگی دووەم لێیداو هەر هەڵمان نەگرت،دایکم ناڵەی لیٚ بەرزبۆوەو وتی:بەڕاست بۆ هەڵیناگرن نەوەك خوانەخواستە تەعزییەك شتێك بێت.؟!.
باوکم وتی: تەعزیٚ نییە وهیچ نییە، بەم کارەبا هاتنەوەیە کوا شەرعییە بچیت بۆ تەعزیٚ؟ زەنگی سێیەم لێیداو هەر هیچ،چوارەم زەنگ لێیدا،دایکم بەدەستی کەفاویی‌و سابوناوییەوە هات‌و هەڵیگرت، کەمێك لەسەرخۆو دیپلۆماسییانە وتی: بەڵیٚ فەرموو.
لەپڕ هاواری کرد: (نادیە)ی خوشکمە لەسویٚدەوە تەلەفۆن دەکات.
باوکم بەساردییەوە وتی: چی لێبکەم، سەلامی لێبکە.
دایکم وتی: نادیە گیان چۆنی؟ منداڵەکان چۆنن؟ ئەوە بۆ ماوەیەکە دەنگت نییە؟.
نادیە: زۆرباشم، ئایا ئێوە باشن؟ من عەیبم نییە ئەگەر ئێوە خراپ نەبن.
دە دەقیقە زیاتر قسەیان بەیەکەوە کرد،ئەوەبوو داوای باوکمی کردو هەندێك قسەو باسیان بەیەکەوە کرد ئەوجا نۆبەی من هات:
–پورە نادیە گیان توخوا ئێستا ئێوە لەسویٚد کارەباتان هەیە؟
+کوڕە ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ بەسانییە چییە لێرە کارەبا ناکوژێتەوە.
–ئەریٚ سووتەمەنی وئاو وبەنزین و غازو شتی وا چۆنە، دەستدەکەون؟.
+لێرە ئەو کێشانە نییە، کێشەی ئێمە ئەوەیە کەمێك هەست بەنامۆیی دەکەین.
–ئەی لێرە بێکاریی وگەندەڵی و بیٚ خانوویی و سواڵکردن و شەو لەسەرجادە خەوتن هەیە؟.
+نەخێر، شتێکی وەها نییە شیاوی باسکردن بێت.
–ئەی پوریٚ گیان بۆچی نامۆیت؟ خۆ لەکوردستان بیت دەهەزار ئەوەندە نامۆترت دەکەن.
+نا وانییە، کوردستان گۆڕاوە، لەکەناڵی کوردسات و زاگرۆسەوە دەیبینم خۆش بووە.
–کوڕە کوا؟ تڕحێو لەم خۆشییە، ئەگەر خۆشیی وابێت توونی بابا بچێت.
+ئەی ئەوە نییە شاری خەونەکان ونازیستی و ئەوشتانە دروستدەکرێن؟.
–بۆ مادام گیان هەموو بنەماڵەکەت تا دەگاتەوە ئادەم دەتوانیٚ چوارچین لەو خانووانە هەڵستێنیٚ؟
+بۆ ، بۆ ؟ ئەریٚ جگە لەوە ئەو هەموو هۆتێلە جوان جوانانە نابینی دروستی دەکەن؟.

–با دەیانبینم، ئەوانە بۆ هارونە رەشیدو شاگردەکانێتی،خۆ بۆ من و تۆ نییە، لەوێ قرقێنەیەك سەد دۆلاری تێدەچێت،ئەوە باسی بۆفیەیەك هەرمەکە.
+بەخوا تۆ زۆر رەشبینیت، ئەی لەگەڵ کاری نووسین وشتی وادا چۆنیت؟.
–باش نیم، لەبەر چراو رۆشنایی مۆمدا دەنووسم، فەزاکەم ئەوەندە عیرفانییە هەر دەڵێی (نالی)م، بەخوا لەمەودوا بەپەڕو مرەکەب لەسەر چەرم وپێستە دەنووسم،دنیاکەی ئێمە گەڕاوەتەوە بۆ دواوە،جاری وا هەیە لەبەر نووری شەمعێکدا هەست بەوە دەکەم شەش خولەکی تر نیگا (وحی)م بۆ دێت.
+لەقسە زلەکانت نەکەوتوویت، قەت ئەم رابواردنە تەرك ناکەیت.
–ئەرێ تو ویژدانت ناهەقمە؟کارەبا هەردەڵێی ترافیك لایتە، کەس نازانێ کەی و چۆن هەیە.
باوکم لەولاوە هەڵیدایە: کوڕە کەر مەبە،سەد خۆزگە ترافیك لایت بوایە،بەس نەبوو دەقیقەیەك دەهات ودەقیقەیەك دەبڕا، کەواتە لە ٢٤ کاتژمێردا دوانزە کاتژمێرمان دەبوو خۆ کارەباکەی ئێمە بەناشکوریی نەبێت لەسەعاتێك زیاتر نییە.
+ئەوە چییەو کێیە قسە دەکات؟ ئایا میوانتان هەیە؟.
–نا.. نا.. ئەوە باوکمە.. ها بتدەمێ قسەت لەگەڵ بکات، من جارێ خواحافیزو بەنیازی دیدار، باوکم گوێی بەتەلەفۆنەکەوە ناو گوتی:
–ها.. نەچن خۆتان بێ عەقڵ بکەن و بێنەوە بۆ کوردستان، شتی وانەکەن ها..
+نا.. نا.. منداڵەکان هەر نایەنەوە، تازە ئێرەمان باشترە.. ئا.. ئا.. ئێرە بۆ ئێمە باشترە.
کەمێکی تر باوك ودایکم قسەیان لەگەڵدا کردو دوایی خواحافیزەیان لەیەکتری کرد،هەریەکە چووینەوە سەر کارەکانمان، ئەوەندەم زانی دوای ٥٣ خولەك لەهاتنەوەی کارەباکە. تەزووەکەو ڕووناکی گڵۆپەکان بەکارەساتێکی دڵتەزێن ماڵئاواییان لێکردین.
دیمەنی دوای کارەبا بڕانەکە بەمجۆرە بوو (پانتۆڵەکەم ئووتو کراوە بەڵام چاکەتەکەی نا، دایکم نیوەی جلەکانی شۆردووەو نیوەکەی تر نا..بەڵام قەباعەتەکە لای باوکم بوو لایەك لەسمێڵ و ردێنی تراشی بوو لایەکی تری مابوو..).
دایکم دەسی بەرز کردەوە بۆ باوکە میهرەبانەکەی ئاسمان وبەدەم نزاوە وتی:خودایە تەمەنی حکومەتەکەمان بەقەدەر تەمەنی ئەم کارەبا هاتنەوەیە کەمبکەرەوە.
باوکم بەهێمنی و بەزمانێکی نەرم وتی:لەلای خواو لەئاسمانیش کارەبا هەبێت باشە، ئەگینا ئەویش تاقەتی نابێت گوێ لەنزاو شەکواکانت بگرێت.
دایکم بەرەو لای من هات و وتی:بەخوا ئەمە ژیان نییە،لەچلەی هاویندا بەرمیلێك نەوت بە ١٠٠ دۆلار بێت ئەی ئەگەر بەفردابکات؟ لەولاشەوە دەست دەبەیت بۆ هەر شتێ بیکڕیت وەك دووپشك

پێوەت دەدات،جگە لەمەش لەزستان و پایزدا بەشەوەکە کارەبا هەبێت قەینا بەرۆژ بەلاّم ئەمساڵ هاوینەکەشی هەرنەهات بوو.

باوکم لەولاوە هەڵیدایەوەو وتی:ئەرێ ژنەکە بۆ ئەوەندە بێ عەقڵی، کارەبا بۆ هەموو کاتێکە خۆ وەستا ئەدیسۆن کاتێ دروستیکرد نەیووت تەنیا بۆ هاوین، وتی بۆ زستانیشە. بەلاّم وەستا ئەدیسۆن مۆلیدەی دروست نەکرد،ئەوە وەستا مەسئولەکانن بەدەستمایەکەی ئەدیسۆنەوە کاسبی دەکەن‌و سوو دەخۆن. ئیدی باوکم لەبەر چرا ریش تاشینەکەی تەواوکرد.بەلاّم کەسەیرم کرد دەتووت ئیمامی عەلی شمشێری لێداوە لەچواردە پانزە لاوە دەموچاوی خۆی بڕی بوو..

باوکم بەچرایەکەوە بەرەو ژووری دانیشتن هات و ڕووی دەمی کردە دایکم و وتی:

ئەرێ بیستوتانە پیرەژنێك وتوویەتی ڕەحمەت لەگۆڕت ئەدیسۆن ئەگەر تۆ نەبوویتایە دەبوایە لەبەرچرا سەیری تەلەفزیۆنمان بکردبایە..

دایکم لێویکی لێ هەڵقرچاندو وتی:توخوا ئەمە نوکتە بوو؟ زۆر کۆنەو زۆریش ناخۆشە. بەلاّم من بیستوومە دەڵێن پیرەمێردێك بووە.(دیار بوو دایکم پێی ناخۆش بوو سیفەتی خراپ بخرێتە پاڵ ژن).

باوکم وتی:نازانم بەلاّم بێ کارەبایی زۆر شت لەیاد دەباتەوە پیرەمێردو پیرەژنیشت لێ تێکەلاّو دەکات، توخوا وانییە؟.

ئیتر هەردوای فجوقی کارەباکە ئێمەش وەك دەرئەنجامەکەی فیلمی(هالەو ئەمریکا)ی عادل ئیمام دەست بەتاڵ دەرچووین وهیچمان بۆ نەکرا. ئەوەبوو باوکم گەڕایەوە بۆلای شەوچەرەی شەوو هەقایەتی مێبازیی مەسئولەکە.

تاکاتی خەوتن‌و تا ئەو کاتەی ژنە لادێیەك بەنەعل لەدەم‌وچاوی کاك مەسئول دەداتو تەبعی نەعلە ژمارە(چل‌وچوارەکە)لەسەر دەم‌ولوتی دەردەچێت باس هەرباسی ئەو برادەرە کۆڵنەدەرەبوو، ئیدی دوایی ئەمە خەوتین بەلاّم من شەو خەونم و بینی ٢٤ کاتژمێری خشت لەخەونمدا تێپەڕی‌و کارەباش نەبڕا،سەیرەو پەرچوویەکی سەردەمە.وەلێ ئەگەر حکومەتی هەرێم پێی بزانیبا لەخەونەکەشدا تۆزێکیان لێ دەکوژاندینەوە.

* ئەم وتارە لەژمارە (٦٨٧)ڕۆژنامەی(ئالاّی ئازادی) لەرۆژی ٢٠\١١\٢٠٠٦ بلاّوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاّوبووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# ديموكراسييەت و واقيعی ئەمڕۆی كوردستان

## نمایشێكی مەیدانی

دوای كۆتـايی هـاتن بەجـەنگی سـاردو لەئاكامـدا سـەركەوتنی ئەمـەريكاو كـامپی كاپيتـاليزمی خۆرئاوا بەسەر يەكێتی سۆڤێت و ئۆردوگای سۆشياليستی رۆژهەڵاتدا،هيچ چەمك و دەستەواژەو مەقولەيـەكی سياسـيی نييـە هێنـدەی ديموكراسـييەت قسـەی لـەبارەوە كرابێ و بووبێتـە جێگـەی مشتومڕو توێژينەوەو شيتەڵكاريی لەلايەن ناوەندە فيكريی و ئەكاديمييەكانەوە،ئەمەش هاوكات بوو لەگەڵ دەستپێكردنی دنيای تاك جەمسەريی خۆرئاوايی. بەڵام بيرمەنـدی ناسراوی ئەمـەريكی بەڕەگـەز ژاپـۆنی (فرانسيس فۆكۆياما) لەكتێبـە بەناوبانگەكەيدا (كۆتـايی مێـژوو و دوايـن مـرۆڤ-النهايـه التـاريخ وخـاتم البـشر). زيـاد لەهـەمووان پێـداگريی لەسـەر ديموكراتييـەت كـرد تـا ئـەو رادەيەی موژدەی ئەزەلی بوونی ديموكراسييەتی داو وای تێبينی كرد بەروخانی كۆمۆنيزم مێژوو پێ دەنێتە خاڵی پايان و كۆتايی خۆی و ديموكراتييەت و ليبراليزمی خۆرئاواش تاكە سيستەمی سياسـييە يـاخود دواهەمينيانـە كەكۆمـەڵی مرۆڤايـەتی پێـی گەيـشتووە.ديموكراسـييەت چ وەك چەمك وەك زەمينەيەكی كولتووريی و كۆمەڵايەتی هێشتا قسەی جيددی لەبارەوە دەكرێ و چەندين فەيلەسـووف و بيرمەنـدی جياجيـا بـەتێڕوانين و ئايـدۆلۆژيای جياجيـاوە كاريـان لەسـەر ديموكراسـييەت كـردووەو شـيتەڵكاريی و راڤـەی جياوازيـان بـۆ كـردووە،بـەڵام هيـچكاميان نەگەيشتوونەتە پێناسـەيەكی رەهـاو تـەواو بـۆ ئـەم چـەمكە چونكە بەتێپەڕبوونی زەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت و لەيەك چوارچێوەو قاڵبی دياريكراو قەتيس ناكرێ،ئەمڕۆش لەكوردستان يەكێك لەو چەمكانەی كەتەواوی هێزە سياسيی و پارتە كوردييەكان ئيديعای بۆ دەكەن ديموكراسييەتە. زۆربـەی پـارت و رێكخـراوە كوردييـەكان ديموكراسـييەتيان كردۆتـە دروشمـی خۆيـان لـەپاڵ دروشمەكانی تری وەك مافی مرۆڤو دادپەروەريی و ئازاديی كەدەكرێ هەموو ئەوانی دوايی لەنێو ديموكراسييەتدا كۆبكرێتەوە. ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی كورد زياد لەهەموو شتێك بەديموكراسييەتدا هەڵدەدەن و ئەم ئەزمونە پڕ كەموكورتييەی باشووری كوردستان بەئەزموونێكی نوێی ديموكراسی نەك هەر لەعێراقدا بەڵكو لەهەموو ناوچەكە ئەژمار دەكەن و هەر ئێستاش كورد خۆی بەدۆست و تـەواوكاری هاوپـەيمانانی وڵاتـە يـەكگرتووەكانی ئەمـەريكا دەزانێـت كەنموونـەيترين جـۆری ديموكراسـييەت لـەلای ئـەوان گەشـەی سـەندووە، بۆيە بەشێك لەچاودێرانی سياسـيی وايدەبينن كاريگەريی ديموكراسييەتی ئەمەريكا دەگاتە كوردستان و تيشك و شەبەنگی ئەم ديموكراسييەتە عێراقێكی نوێ دروست دەكات كەعێراقێكی جياوازە لەرابردوو ودەبێتە نموونەی ديموكراسييەت لەرۆژهـەڵاتی نێوينـدا. بـەڵام هێـشتا نازانرێـت ئايـا جەمـسەری ديمـوكراتی بـەخاتری

بەرژەوەندییەکانی خۆی لەعێراقدا دیموکراسییەت پشتگوێ دەخات یان نا،ئەوەی کەئێستا هەستی پێدەکەین ئەوەیە ئەمەریکا مساوەمەو سازش دەکات لەگەڵ مەرجەعە ئاینییەکانو سەرەك خێڵو کۆنە بەعسییەکان کە بەبێ شك ئەم سێ گروپە دوژمنی پاشەڕۆژی دیموکراسین لەعێراقدا. کەرەنگە لەم حاڵەتەدا کورد نەتوانێ سوودمەند بێ لە و پرۆژە دیموکراسییەی کەئەمەریکا بەناوییەوە هاتۆتە ناوچەکەوە ئەویش پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە، جارێکی تر ئەوەش وانەیەکمان فێرمان دەکات پێویستە لە نێوخۆ بەرەو دیموکراسییەت هەنگاو بنێین نەك چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی بین کەبۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی چاو لەهەموو جۆرە دیکتاتۆرییەتێك دەپۆشێ.

## دیموکراسییەت چییە؟

لەحەقیقەتدا هەر هەوڵێك بۆ پێناسەکردنی شتێك یان چەمکێك هەوڵێکە بۆ لەقاڵبدانو لەچوارچێوەنانی ئەو چەمکە لەیەك رەهەندو سیاقی دیاریکراودا، ئەگەر پێناسەمان بۆ هەموو شتێك هەبێت ئەوا هەڵەیەکی کوشندەیە ئەگەر بمانەوێت دیموکراسییەت لەپێناسەیەکی دیاریکراودا لەقاڵب بدەین،چونکە لەبنەماوە یەکێك لەماناکانو کارکردەکانی دیموکراسییەت بریتییە لەتێکشکاندنی قاڵبو چوارچێوە دروستکراوەکان. بەڵام ئەگەر بمانەوێت لەچەند گۆشەنیگاو رەهەندێکەوە لەدیموکراسییەت بڕوانینو تا رادەیەکیش پێی ئاشنا بین ئەوا:

ا-لەرووی زاراوەوە دیموکراسییەت وشەیەکی لێکدراوەو لەدوو بڕگەی سەرەکی پێکهاتووە: (Demos)+ (Kratia) کە بەمانا گریکییەکەی بەدەسەڵاتی گەل هاتووەو لەوبارەیەوە (د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام) دەڵێت" دیموکراسییەت لەلای یۆنانییەکان دەستی پێکردووەو وشەکە لەرووی زمانەوە بنەچەکەی خۆی لەدەست نەداوە کە(Demos) واتە گەلو (Kratia) واتە فەرمانڕەواییە، کەوشەکە بەمانای فەرمانڕەوایی هەموو گەل نەك فەرمانڕەوایی توێژێك یان چینێك یان کەرتێك دێت".بەڵام ئەو جۆرە دیموکراسییەتەی لەئەسینای بەر لەزایین سەریهەڵداوە بێ خەوشو کەموکورتی نەبووەو بەپێی پێوانە دیموکراسییەکانی ئەمڕۆ جێگەی رەخنەو لەسەر وەستانو هەڵوێستەکردنە، (د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام) کەموکورییەکانی دیموکراسییەتی کۆمەڵگای ئەسینا لەم خاڵانەدا دەستنیشان دەکات.

١-چەمکی گەل بەشێوەیەکی راست دیارینەکراوە، بەڵکو مەبەست لە گەل تەنیا ئەسینایییەکان بووەو بیانییەکانو کۆیلەکانو ژنانی لێ هەڵاوێر کراوە، دواتر دەشبینین کەمرۆڤایەتی پێویستی بەچەند سەدە هەبووە بۆ راستکردنەوەی ئەم هەڵە تێگەیشتنە.

٢-ئازادیی کەسایەتی (ئازادیی هاتوچۆ- مافی ئاسایش) دەستەبەر نەکراوە، پێشتریش باسمان لەوە کرد کەچۆن هاووڵاتی دوورخراوە لەبەرئەوەی خزمەتی باشی پێشکەش بەگەل کردووەو

خەڵکیش هۆگریی خۆیان بۆ نیشان داوە تەنیا لەبەر ئەگەری زۆرداربوونی لەکاتی گرتنە دەستی فەرمانڕەوایدا.

٣-ئازادیی تاك بەمانای ورد (ئازادیی بیروڕا- خاوەنداریّتی)بوونی نەبووە، چونکە دەوڵەت بەتەواوەتی دەسەڵاتی بەسەر تاکەکاندا سەپاندبوو،دەبوایە تاك بڕوا بەئاینی دەوڵەت بێنیّ، هەروەها دەبوایە موڵکەکان‌و سامانی تاك لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بووایە.

بۆیە دەبینین دوای تێپەڕبوونی چەند سەدەیەك لەگەشەکردنی فەلسەفەو ژیاریی، کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەنگاوی نا بەرەو راستکردنەوەی هەڵەکانی ئەو جۆرە دیموکراسییەتەو توانی بەرەو تێپەڕاندنی کەم‌وکوڕییەکانی پێشڕەویی بکات. زۆرێك لەتوێژەرەکان‌و بیرمەندان لەو بڕوایەدان ئەو شێوە کرانەوەو دیموکراسییەتەی کە لەکۆمەڵگای یۆنانی ئەو کات هەبووە بەپێودانگە دیموکراسییەکانی ئەمڕۆ جۆرێك نەبووە لەدیموکراسییەت، هەرچەندە زاراوەو چەمکی دیموکراسی رەگ‌و ریشاڵی بۆ مێژووییەکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە بەڵام دەتوانین بڵێین کەدیموکراسییەت هەڵقووڵاو ولەدایکبووی منداڵدانی مۆدێرنێتەیە. هەروەك بیرمەندی ناسراوی عەرەبی(جۆرج تەرابیشی) دەڵیّ "دیموکراسییەت وەك چەمك چەمکێکی کۆنە،بەڵام وەك فیکرە، فیکرێکی نوێیە کەمۆدێرنێتی خولقاندوویەتی‌و دەبیّ بەرۆشنبیرێتی سیاسیی مۆدێرنێتی لەقەڵەمی بدەین"... فۆکۆیاماش لەو قەناعەتەدایە کە تا ساڵی ١٧٧٦ دیموکراسییەت لەهیچ شوێنێکی دنیادا بوونی نەبووە. هەروەها نابیّ رۆڵ‌و کاریگەریی شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنسامان لەبیر بچێت کەکاریگەریی‌و قورسایی ئەم شۆڕشە سنوورەکانی فەرەنسای تێپەڕاندو بووە سەرەتایەکی نویّ بۆ تووڕهەڵدانی سیستمی چەوسێنەرو ئیستبدادیی دەرەبەگایەتی‌و کردنەوەی پەنجەرەکان لەبەردەم دیموکراسییەت‌وهاووڵاتیبوون‌و مافەکانی مرۆڤدا.. (د.سەعد بەشیر ئەسکەندەر)،دەربارەی شۆڕشی فەرەنسی دەڵیّ "شۆڕش بۆ یەکەمین جار لەوڵاتێکی پان‌و بەرینی پڕ دانیشتواندا- نزیکەی ٢٣ ملیۆن فەرانسی- بناغەی رژێمێکی کۆماریی دامەزراندو پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بەخێرایی بەڕێوەچوو، بەشێکی بەرچاوی دانیشتوان بەجۆرێکی وا لەتواناو مافە سیاسییەکان بەهرەمەندبوون کە لەمێژوودا وێنەی نەبینرا بوو". هەرچەند شۆڕشی فەرەنسەش بیّ خەوش‌و بێگەرد نەبوو، بەڵکو تژی بوو لەتوندوتیژیی‌و تیرۆر، یاکۆبییەکان وەك گروپێکی توندوتیژو توندڕەو بەها جوانەکان‌و دەسکەوتە دیموکراسییەکانی شۆڕشەکەیان لەکەدار کرد بەرادەیەك کەزۆرێك لەکوڕە چالاك‌و پێشەنگەکانی شۆڕش برانە بەردەم میقسەڵەکردنی شۆڕش لەکاتێکدا هەر بەو میقسەڵەیە سەری لویس‌و ماری ئەنتوانێت پەڕێندرابوو، هەر لێرەوە تێزی شۆڕش کوڕەکانی خۆی دەخوات سەر دەردەهێنێت‌و دەردەکەوێت. خودی (رۆبسپێر) کەیەکێك بووە لەشۆڕشگێڕەکان‌و سەرکردەکانی شۆڕش‌و لەهەمان کاتدا سەدان کەسی لەشۆڕشگێڕان بەناوی بەرگریکردن لەبەهاکانی شۆڕش خستە بەردەم میقسەڵەکەی شۆڕش

کەچی هەر خۆی بەهەمان میقسەڵە سەری لە لاشەی جوێ کرایەوە. سەرباری هەمووئەم کەموکورتییانە کەچی شۆڕشی فەرانسە دەروازەیەکی گرنگی گەشەکردن و پەخش بوون و جێکەوتەبوونی دیموکراسی و هاووڵاتیبوون بوو. لێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کەدیموکراسییەت بەتێپەڕبوونی کاتێکی زۆرو گەشەکردنی شارستانی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە گۆڕانی بنەڕەتی و ریشەیی بەسەردا هاتووەو رەهەندی فراوانتری وەرگرتووە لەو سیاقە بەتەسکەدا نەماوەتەوە کە یەکەم جار هەیبووە. جارێکی تر بڕوانن بۆ کاروانی گەشەکردن و گۆڕانکارییەکانی دیموکراسی لەشۆڕشی فەرانسەوە هەتاوەکو ئێستا.

ب-دیموکراسییەت زەمینەیەکە بۆ قسەکردن و خۆ تەرحکردنی هەموو ئاڕاستە جیاوازەکان و سیستمێکە کە هەموو دیدو بۆچوونە هاودژەکان بەشێوەیەکی ئاشتەواییانە لە کۆمەڵگەدا کاردەکەن و پڕۆژەو ئەجینداو پلاتفۆرمی پێشنیارکراوی خۆیان پێشکەش دەکەن. لێرەدا هەر کەس و گروپ و ئاڕاستەیەك بەبێ ئەوەی هیچ دامەزراوەو دەزگایەك هەڕەشەیان لێ بکات یان چاویان لێ سوور بکاتەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و لەزەمینەی دیموکراسییەتدا درێژە بەبوون و پڕۆژەکانیان دەدەن، بەمانایەکی تر کۆمەڵگەی دیموکراسی، کۆمەڵگەی جیاوازییەو لەکۆمەڵگەیەکدا کەجیاوازیی و فرە ئاڕاستەیی بوونی نییە ئەوا بێ سێ و دوو لێکردن کۆمەڵێکە لەئۆقیانووسی دیکتاتۆرییەتدا غەرق بووە. جیاوازبوونیش بەشێوەیەك کەئازادیی هەبێت بۆ تەعبیرکردن لەخۆو لەبۆچوونەکانی خۆ، فۆڵتێری فەیلەسووفی مەزنی فەڕانسە دەڵێ:"رەنگە من جیاواز بم بەراو بۆچوونەکەت بەڵام ئامادەم گیانم بەختبکەم لەپێناوی دەربڕینی راکەت".. ئەمەیە رۆحی دیموکراسییەتی راستەقینە کەلەدەرەوەی شێوە بیرکردنەوەی خۆت مەوداو پانتایی بکەیتەوە یان بەرەوای بینینی لەبەردەم هەموو ئەوانی تردا خۆیان تەرح بکەن و ئازادانە گوزارشت لەبیرو بۆچوون و راکانیان بکەن و لەهەناوی کۆمەڵگەدا کار بۆ ئامانجەکانیان بکەن.

ج-دیموکراسییەت زەمینەیەکە کە ئازادیی وماف بۆ کۆی شەریحەو چینە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکات.ئەمەش لەرێگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە، لەواقیعیشدا بەبێ بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دیموکراتییەت بەتاڵ دەبێتەوە لەبارگەو مانا رەسەنەکەی خۆی و دەبێتە دیکتاتۆرێتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا، لەکۆمەڵگەیەکدا کەرێکخراوە مەدەنی و دیموکراتییەکان رۆڵ و ئەرکیان نییە یان رێیان لێگیراوە تا کار بکەن و ببنە گروپی فشارو نەواتی کۆمەڵی مەدەنی ئەوا کۆمەڵگەیەکە لەدەریای دیکتاتۆریەتدا مەلە دەکات و هەموو پەنجەرەکانی ئازادیی تیایدا داخراون. لەکوردستانیش هەرچەندە رێکخراوەکان بوونیان هەیە بەڵام لەبارەی رۆڵ و کاریگەرییان لەکۆمەڵگەدا ئەوان هیچیان پێ نەکراوەو گرێدراوی دەستی حیزبەکانن و لەقەیرانی پاشکۆبوون دەرنەچوون،ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ وەهمیبوونی دیموکراسییەت لەکوردستان.

## بۆچی دیموکراسییەت؟

پرسیارێکی گرنگ کەدەکرێ لێمان بکرێ ئەوەیە بۆچی دیموکراسییەت؟ئایا بۆ دەبێ دیموکراسییەت بکەینە ئامانج؟.لەبەرئەوەی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە؟ یانژی لەبەرئەوەی سیستمێکە کەدەتوانین لەسایەیدا زۆرترین ماف و ئازادیی بەدەستبهێنین؟بەڵام ئێمەی کورد بۆ دیموکراسییەت قبووڵ دەکەین یان تا چ ئەندازەیەك دەرەنجامی ئەرێنی لەژیانی ئێمەی کورددا هەیە؟:

ا-دیموکراسییەت توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت بەسەر هەموو مۆدێلە کۆمارییو سۆسیالیستیو ئاینیو تۆتالیتارییەکانی تردا ئەمەش لەرێگەی ئەو ئازادییە بەربلاوەی کەلەم سیستمەدا بۆ مرۆڤ دەستەبەرکراوەو بواری لەبەر دەم دەکاتەوە ئازادانە گوزارشت لەمرۆڤبوونو موماره‌سەی ئارەزوو ومافەکانی خۆی بکات.. هەروەك (فۆکۆیاما) دەڵێ: بەڵام سەرکەوتنی دیموکراسییەتو بڵاوبوونەوەی بەخێرایی پێشبینی ئەوە دەکات بنەماکانی ئازادییو یەکسانی کەلەسەری دروست دەبێ رووداوی هەڕەمەکی یان بەرهەمی لاسەنگیو توندڕەوی نییە، بەڵکو لەواقیعدا ئاشکراکردنی سروشتی مرۆڤەوە وەك مرۆڤ کەتێکڕایی راستگۆییو یەکڕوویی لەگەڵ خۆیدا زیاتر دەبێت بەهاوولاتییەکی جیهانی...). دیموکراسییەت توانی زۆرترین مافو دەستکەوت بۆ مرۆڤ دەستبخاتو ئەو ئازادییە بەرچاوەی خولقاندوویەتی هۆکارێکی بنەڕەتیو گرنگی مانەوەو سەرکەوتنەکانییەتی. عەبدوللا ئۆجەلان لەکتێبی (مانیفێستۆی چارەسەری دیموکراتییانە بۆ کێشەی کورد). ئاماژە بۆ ئەمە دەکاتو دەنووسێ(سەرکەوتنی سیستمی دیموکراتی لەگەڵ کۆتایی هاتن بەسەدەی بیستەم، بەتایبەتی لەو سەردەمەی کە تەکنۆلۆژیاو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز، ئەمەش هەر لەخۆڕا نەبوو، بەڵکو وابەستەیە بەمیکانیزمی دیموکراتییەوە چونکە هیچ سیستمێك نەبووە کۆمەڵگەو تاکەکەس بەگوێرەی سروشتیان ئاوها بخاتە گەڕو خولقکارییان تێدات دروست بکات،ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کەسەرچاوەی دیموکراسییەت ئازادییە،ئەمە وەکو شتێکی سادە خۆی نیشان دەدات بەڵام بە زەحمەت پێش دەکەوێتو لەم رۆژانەدا ئەوە بەئاشکرا دەرکەوتووە کەئەم سیستمە خێراترو بەهێزتر پێش دەکەوێت).

ب-لەبەرئەوەی کێشەی کورد لەعێراقداو لەهەموو پارچەکانی تریش سەرباری ئەوەی کێشەیەکی مێژوویی و نەتەوەییە، لەهەمان کاتدا کێشەیەکی دیموکراسیشە،بۆ نموونە ئەگەر کورد بەسەر دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی دیموکراسیدا دابەشبکرایە ئەوسا دەیتوانی بەسانایی و بەڕێگا دیموکراتییەکان بڕیار لەچارەنووسی خۆی بداتو لەئاوها حاڵەتێکدا نە پێویستی بە خوێنڕشتن هەبوو نە پێویستی بە خەباتی شاخو چەکداریی هەبوو،بەڵکو ئەمە تەنیا رژانە سەر شەقامی هاوولاتیانی پێویستە ئەویش بەشێوەیەکی هێمنو ئاشتیخوازانە،یان ئەگەر کورد لەنێو چەند

دەوڵەتێکی دیموکراسیدا بژیایە نە دەچەوسایەوەو نە تووشی ئازار دەبوو نە ئەنفال و جینۆساید دەکرا ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە لەهەلومەرجی ئێستا سیاسەتی نێونەتەوەیی و هاوپەیمانان لە عێراقدا ئەوەیە کەکوردی باشوور لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بمێنێتەوە، بۆیە بەدیموکراسیکردنی عێراق (بەباوەڕی من ئەگەرێکی دوورە). بۆ کورد دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورەو بەشێکە لەخەبات و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانمان،بەپێچەوانەشەوە ئەگەر عێراق هەمان عێراقی دیکتاتۆریی پێشوو بێت یان ئەگەر چەند گۆڕانێکی رواڵەتی تیادا بکرێت، کێشەی کوردستان لەبازنە بۆشەکەدا دەخولێتەوەو مێژووش دووبارە دەبێتەوە، هەروەها بەواقیعی بینیمان کورد لەرێگای کەمترین و بچووکترین مومارەسەرکردنی دیموکراسییەتەوە زۆرترین سوودی وەرگرتووەو بگرە بەهێزترین چەکی دەستییەتی لەخەباتی ئەمڕۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بۆ نموونە خەبات و هەوڵدانی دیبلۆماتی کەرەگەزێکی گرنگی دیموکراسییەتە بۆ ئەم قۆناغە زۆر بەهێزترو کاریگەرترە لەخەباتی چەکداریی.

لێرەوە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو بەو شێوەیەیە:ئێمە بۆیە خوازیاری دیموکراسییەتین چونکە سیستمێکی گونجاوە بۆ واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و سوودی گەورەش دەگەیەنێ بەبەرزکردنەوەی دۆزی نەتەوەیی کورد لەروو بەچارەسەربووندا.

## پۆلێنی دیموکراسییەت

**دیموکراسییەتی خۆرئاواو خۆرهەلات:** زۆر جار گوێمان لەو جۆرە جیاکارییە دەبێت فۆرمی دیموکراسی لە خۆرئاوا جیاوازترە لەفۆرمی دیموکراسی رۆژهەلات. بەپێی ئەم تێڕوانینە هەر کۆمەڵگایەو جۆرە دیموکراسیەتێکی تایبەت بەخۆی بەرهەمدەهێنێت، بەلام لەڕاستیدا دیموکراسییەت بەرهەمی کولتوورو گەشەسەندنی ژیاری کۆمەڵگە خۆرئاواییەکانە. وەك (جۆرج کەنان) دەڵێ "دیموکراسییەت بریتییە لەشێوازێکی دەسەلات کەلەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا لەئەورووپای باکوور واتە سەرەتا لەناو ولاتانی کەناری دەریای مانس و دەریای باکووردا بەرجەستە بوو،دواتریش بەرەو ئەورووپای ناوەند کشاو پاشان لەو شوێنانەی خەڵکی ئەورووپا زۆر جار لەوێنەی داگیرکەر پێکهێنەری سەرەکی دانیشتوانی ئەو ولاتە بوون،کۆمەڵێ نموونەی سەرتاپاگیرمان لەحکومەتی مەدەنیدا جێگیرکرد".، بەلام:

١-بێجگە لەوەی دیموکراسی سیستمێکی یونیڤێرساڵە بەلام بەپێی تایبەتمەندیی هەر کۆمەڵگایەك جیاوازە،بۆ نموونە ئەورووپا مۆدێرنێتی و رۆشنگەری و رێنیسانس و شۆڕشی فەرانسەی بەخۆیەوە دیوەو بۆ ماوەی ٢٥ سەدە زیاتر لەخۆ خوێندنەوەی بەردەوامدایە، هەر خودی چەمکی دیموکراسی چەندین سەدە بەر لەزایین مشتومڕو توێژینەوەی لەمەڕ کراوە، هەروەها کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان بەدرێژایی هەزاران ساڵ خاوەنی ژمارەیەك فەیلەسووف و بیرمەند بووە کەخوێندنەوەیان هەبووەو هەیە بۆ هەموو چەمك و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بوون

بەبەرجەستەو نا بەرجەستەوە،خۆرئاوا چەندان فەیلەسووفی وەك (كانت‌و هیگڵ‌و رۆسۆو لۆك‌و ماركس‌و نیچەو فویرباخ‌و هایدگەرو فۆكۆو دریداو لیوتار هتد..) لەهەناویدا سەریان دەرهێناوەو تێزەكانی خۆیان ئاڕاستە كردووە،بەڵام جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بكەین ئەمە بەو مانایە نییە كەنموونەی دیموكراسییەتی خۆرئاوا رەت بكەینەوە بەپاساوی ئەوەی نامۆو نەگونجاوە لەگەڵ سروشت‌و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی‌و كولتووری كۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكان.هەروەك (د. فالح عبدالجبار) لەوەڵامی پرسیارێكدا كەدیموكراسییەت پارادایمێكی خۆرئاواییەو بۆ خۆرهەڵات نابێ بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە(ئەوە گووتارێكی زۆر كۆنە، زۆر دەمێكە دیكتاتۆرەكان بانگەشە بۆ ئەوە دەكەن، راستییەكەشی ئەوەیە ئەوان بۆ دیموكراسی نابن نەك دیموكراسی بۆ خۆرهەڵات نابێت، دیموكراسییەت راستە لەرووی بابەتی‌و سەرهەڵدانەوە هەڵقوڵاوی خۆرئاوایە بەڵام جیهانییە و چەمكێكە هەموو مرۆڤایەتی دەتوانێت سوودمەند بێت لێی). لەدەرەنجامدا دەگەینە ئەو بڕوایەی دیموكراسییەت چەمكێكی یونیڤێرساڵە هەرچەندە لەپراكتیزەدا لەكۆمەڵگەكاندا جیاواز دەكەوێتەوە ئەویش پابەندە بەسروشتی كۆمەڵایەتی‌و گەشەسەندنی ژیاریی وئەبستمۆلۆژیی و تەكنۆلۆژیی وپیشەسازیی،لەواقیعدا تەكنۆلۆژیاو پیشەسازیی دوو فاكتەری گرنگی دیموكراسی بوونن .. تەنانەت(فۆكۆیاما)دەڵێ(دیموكراسیبوون بەستراوە بەپیشەسازییبوونەوە).

ب-فۆتۆكۆپیكردن‌و وەرگرتنی راستەوخۆی نموونەی دیموكراسی خۆرئاوایی لەگەلێك جێگەدا دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەكۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكان‌و لەزۆر شوێنیشدا بەزیانی كێشەی نەتەوەیی تەواو دەبێ یان لە قازانجی ئابووری‌و سیاسیی نەتەوەیەك نییە لەكاتێكدا دیموكراسییەت بە فۆرمە خۆرئاواییەكەی لەنێویدا پراكتیزە بكرێت، بۆ نموونە ئەگەر لەڕێگەی پرۆسێسی دەنگدانەوە كەیەكێكە لەكۆڵەكە سەرەكییەكانی دیموكراسی خۆرئاوایی هەموو عێراقییەكان بچنە بەردەم سندوقەكانی دەنگدان بۆ دیاریكردنی چارەنووسی كێشەی كورد لەعێراق یان بۆ دیاریكردنی شێوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لەوڵاتەكەدا زۆر سلبی دەشكێتەوە بەتایبەتی بۆ گەلی كورد چونكە زۆرینە بەپێچەوانەی خواستی نەتەوەی كوردەوە دەنگ دەدەن بەعێراقێكی یەكگرتووی ناوەندیی دیكتاتۆریی. بۆیە دەبێت دیموكراسییەتی خۆرئاوایی بەپێی هەلومەرج‌و ژینگە كۆمەڵایەتییەكان‌و حاڵەتە ئیستسنائییەكان گۆڕانی بەسەردا بێت.

ج-ئەو دیموكراسییەتەی لەخۆرئاوادا سەریهەڵداوەو هەیە بەشێوەیەكی هارمۆنی ئاوێتە بووە لەگەڵ كەسێتی‌و ژیانی ئابووری‌و كۆمەڵایەتی سەرجەم تاكە رۆژئاواییەكان، لەم روانگەیەوە پێویستە لەخۆرهەڵاتیش جۆرو مۆدیلێك لەدیموكراسییەت بەرهەم بهێنرێت‌و گەشەبكات سەرەڕای سوودوەرگرتن لەبنەماكانی دیموكراسییەتی رۆژئاوایی رەچاوی سروشتی كۆمەڵگەو تاكەكانی ناوی بكات‌و بەشێوەیەكی هاوگونجاو لەگەڵ ئەو ستایلە لەدیموكراسییەت بەیەكیان بگەیەنێت،

ئێمە لەکوردستان بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی دیموکراسیمان هەبێت بۆ کۆمەڵگە پێویستە تەنیا بنەماو هێڵە گشتییەکانی دیموکراسیی خۆرئاوا وەربگرین نەك نموونە پراکتیککراوەکەی.

## رەخنەگرتن و دیموکراسییەت

هەمیشە وا فێربووین بەدیوە نێگەتیڤەکەدا لەرەخنەگرتن بڕوانین و وا سەیری بکەین کاتێك رەخنەگرێك راڤەیەکی رەخنەییانە بۆ تێکستێك دەکات مەبەستی تەنیا دەرخستنی کەموکورتی و رووە لاوازەکانی کارەکەیە،رەنگە ئەمەش پەیوەندییەکی سایکۆلۆژیی بەوحاڵەتە کوردییەوە هەبێت کەهەردەم رەخنە بەو دیوەدا کاری کردووە،بەلاّم لەبیرمان چووە رەخنە چەکێکی دووسەرەو بێجگە لەوەش هەوڵێکە بۆ درێژەدان بەئاخاوتن و جۆرێکە لەجۆرەکانی ئەپستمۆلۆژیا (مەعریفە).هەروەها من باوەڕم وایە رەخنەگرتن ژانرو عونسورێکی زۆر گرنگی دیموکراسییەتە و لەهەر جێگەیەك دیموکراسییەت هەبێت لەپاڵیدا رەخنە وەك چەکێکی راڤەکارانەو بەمەبەستی بەردەوامیدان بەئاخاوتن و پرۆژەکان ئامادەیی هەیە،بەلاّم دیارە مەبەستمان لەو جۆرە رەخنەکارییە کلاسیکی و نازانستییانە نییە کەبەتایبەتی لەناوەندی رۆشنبیریی و سیاسیی ئێستادا بوونی هەیە.هەروەك وتمان رەخنە چەکێکی دووسەرەو بەسەر دوو جۆردا دابەشبووە:

أ-رەخنەی بونیادنەرو گەشەپێدەر:ئەمجۆرە لەرەخنە لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی و بەشێوەیەکی بابەتییانەو زانستیانە فۆرمۆلەکراوەو ئاڕاستە دەکرێت، ئەمجۆرە لەرەخنە نەك هەر زیان ناگەیەنێت بەڵکو پێویستییەکی بەردەوام و زیندووی کۆمەڵگاو رەوڕەوەی پێشکەوتنی پرۆژەکانە. کەبنەمای ئەم رەخنەیە وەك باسمانکرد بنەمایەکی مەعریفی و عەقلاّنییەو تیایدا رەچاوی سترۆکتۆرە دیموکراسییەکان کراوە.

ب-رەخنەی روخێنەرو روشێنەر:ئەمجۆرە لەرەخنە،رەخنەیەکی نابابەتی و نائەکادیمییەو دوورە لەعورف و بنەماکانی رەخنەو ژێربێژیی دیموکراسییەتەوە.ئەم شێوەیە لەرەخنەگرتن ئیفرازاتێکی خراپ بەکارهێنان و خراپ تێگەیشتنە لەچەمکی دیموکراسییەت و ئازادیی بیروڕا، رۆڵە نێگەتیڤەکەی کاردەکاتە سەر دیموکراسییەت بەئاقاری شێواندنیدا، ئەمەش بەو مانایەی لەفەزاو زەمینەیەکی دیموکراتیکدا بیری نامۆو دژە سیستم سەر دەردەهێنێت کەدوور نییە ئایندەی دیموکراسی بخاتە بەردەم هەڕەشەو مەترسییەوە. رۆشنبیران پشکی شێری رەخنەگرانیان بەردەکەوێت یان بەمانایەکی تر داینەمۆی بەرهەمهێنانی ترادیسیۆنی رەخنەن، بەلاّم ئەوانیش لەرەخنەکانیاندا بەدەر نەبوون لەکەموکورتی و بەزاندنی سنوورەکانی دیموکراسییەتدا، بۆیە دەشێت بڵێین پێویستە رەخنەی رۆشنبیر لەسەر دوو میحوەر بێ یان بەدوو جۆر بێ کەهەر جۆرێکیان شێوازێکی جیاواز لەرەخنەیان گەرەکە:

ا-ئاستی نەتەوەیی:پێویستە رەخنەکانی رۆشنبیر بەجۆرێك نەبێت بەزیان بشکێتەوە بۆ کێشەی نەتەوەیی یاخود ببێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی،بەتایبەتی لەرۆژگاری ئەمڕۆی

کوردستاندا کەبارودۆخەکە بەحاڵەتێکی هەستیارو ناسکدا گوزەر دەکات، نابێت ڕۆشنبیر یان ڕەخنەگر بەو ئاڕاستەدا کار بکات یان ڕەخنە بگرێت کاریگەریی خراپی هەبێت لەسەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان، ئەمە بەو مانایە نییە ئەزموونە عەرەبییەکە لەکوردستاندا دووبارە بکرێتەوە. چونکە ئەوەی کەناویان ناوە نیشتمانی عەرەبی و سنوورەکەی لەکەنداوەوە بۆئۆقیانووس درێژ بۆتەوەو کۆی دەوڵەتەکانیشی (٢٢) دەوڵەتە، هەموو جۆرە دیموکراسییەت و پرۆسەیەکی دیموکراسییانەیان دواخستووە بۆ دوای ڕزگاربوونی قودس و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستین. ئەمڕۆ نەخوێندەواریی و بێکاریی و هەژاریی و تۆڕو گرووپی توندڕەویی سەرتاپای کۆمەڵگە عەرەبییەکانی بەرەو پاش گەڕاندۆتەوە یان لەخراپترین بارودۆخدا ڕایگرتووە، کاتێکیش پێیان دەوترێ بۆ هەوڵ نادەن بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاکانتان لەوەڵامدا دەڵێن با قودس ڕزگار بکرێت. بۆیە نابێت کورد بەناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە زمانی ڕەخنە بدورێ و بیسپێرێت بۆ دوای ڕزگاربوونی تەواوەتی کوردستان.

ب-ئاستی دیموکراسی:لێرەدا دەبێت ڕۆشنبیر هەوڵ بدات و کاربکات تا ڕەخنەکانی خۆی شەفاف و ئاشکرا بەیان بکات لەبەرامبەر هەر پێشێلکردنێکی پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت، ئەمە هەم بەبێ زیان گەیاندن بەکێشەو ئاسایشی نەتەوەیی و هەم دوورکەوتنەوە لەهەمان ئەشکالییەت لەدنیای عەرەبیدا هەیە. ڕۆشنبیریش وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەرشانییەتی داکۆکی بکات لەکێشەکانی کۆمەڵگەو تاکەکان. بەتایبەتی دوای ئەوەی سەدەیەك و شەش ساڵ لەمەوبەر (ئەمیل زۆلا) وتاری (من تاوانباردەکەم)ی نووسی بۆ بەرگریکردن لەئەفسەری جوو (درایفۆس)و ئەرکێکی قورسی ئەخلاقی خستە ئەستۆی ڕۆشنبیر. کەئیدی چیتر ڕۆشنبیر کەسێك نییە لەدنیای یۆتۆپیا و بورجی عاجدا بژی بەڵکو ڕۆشنبیر کەسێکە بەرگریی دەکات لەمافی هەموو هاووڵاتیان بێ لەبەرچاوگرتنی هەر جیاوازییەك، ئەمەش بەپێچەوانەی تێڕوانینی (جان بیندا)وە کەوای دەبینی ڕۆشنبیر کەسێکی نائاسایی و دابڕاوە لەکۆمەڵەکەی و لەشوێنێکی تایبەت و باڵاتردا ژیان دەباتە سەر، بەکورتی ڕۆشنبیر بێجگە لەوەی لەکۆمەڵگەدا مەعریفە بەرهەم دەهێنێ بەڵام بەر پرسیاریشە لەبەردەم پێشێلکاریی و تاوان و جینایەت لەکۆمەڵدا، دەبێت بەتوندترین شێوە دەنگ هەڵبڕێ و بەشداریی بکات لەپەرچەکردارەکاندا دژی ئەو تاوانانە.

## چۆن دیموکراسییەت گەشەدەکات

دیموکراسییەت چەمك و هەبووەیەکە گەشە دەکات و بەرەو هەڵکشان و داکشان دەچێت، دەشێ لەزەمینەو جێگایەکەوە بگوازرێتەوە بۆ زەمینەو شوێنێکی تر،بەڵام کۆمەڵێك فاکتۆر هەن لەڕێگەیانەوە دیموکراسییەت گەشەدەکات.. من لێرەدا ئاماژە بۆ سیانیان دەکەم:

ا-دەسەڵاتی سیاسیی:دەسەڵاتی سیاسیی وەك ئەرکێکی سەرشانی دەبێت کۆمەڵێك بنەما دابمەزرێنێ تا لەسەر ئەو بنەمایانە دیموکراسییەت گەشەبکات و شۆڕبێتەوە بۆ ئاستی

جـەماوەریی ومیللی،ئەمـەش بـەو مانایـە دەسـەڵاتی سیاسـیی خـۆی پـرۆژەی عـەقلانی و پـلان بۆکێشراوی سـەربەخۆی هـەبێ بـەئاقاری دیمـوکراتیزەکردنی ولاتـدا.هەرچـەندە دیموکراسـییەت شـتێکی فـەوقی نییـەو لـەخوارەوە لەشـانە بـچووکەکانەوە دەسـتپێدەکات بـۆ سـەرەوە تادەگـات بەسیسـتمی سیاسـیی، بـەلاّم ئەمـە شـەرعییەت نـادات بەدەسـەلاّت خـۆی بدزێتـەوە لەپرۆژەیـەکی سەربەخۆ بۆدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە.

ب-رۆشنبیر:یەکێك لەئەرکەکانی رۆشنبیر بەرهەمهێنانی مەعریفەیە،بەدڵنیاییەوە ئەم مەعریفەیە تەنیا لەخەیاڵدانی تیۆرسیۆن و خودی رۆشنبیردا قەتیس نابێ بەڵکو پێچەوانە دەبێتەوە بۆ ئاستی کۆمەلاّیـەتی.هـەروەك بیرمەنـدی ناسـراو(ریـژێ دۆبـرێ)دەڵـێ(رۆشـنبیر ئـەو کەسـەیە لەژوورەکـەی خۆیـــدا دانیـــشتوەو ســـەرقاڵی بەرهـــەمهێنانی مەعریفەیـــە). بۆیـــە رۆڵ و پێگـــەی رۆشـــنبیر لەپەخشکردن و وەشانی کولتووری دیموکراتییدا گرنگی خۆی هەیەو بەهەند وەردەگیرێت.

ج-جیهانگیریی:شۆڕشی زانیاریی وپەیوەندییگرتن و بچووکبوونەوەی جیهان بۆ ئاستی گوندێکی بچوك رۆڵـی هەیە لەسەر رێگای بەجیهانیبوون و گەشەکردنی دیموکراسییەتدا. ئەمـەش بـەهۆی بەریەککـــەوتن و لێـــك نزیکبوونـــەوەی ژیارەکـــان لەگـــەڵ یەکتری،کـــەبێگومان نزیکبوونـــەوەو بەریەککـەوتنی شارسـتانی رۆژهـەلاّتی پـەڕاوێز لەگـەڵ شارسـتانی رۆژئـاوایی سـێنتەر دەبێتـە هۆکاری گەشەکردنی دیموکراسییەت لەخۆرهەلاّتدا. ئەمە لەکاتێکدا ناسنامەی سیستمی سیاسیی وئاینی رۆژهەلاّت لەتوانایدا نییە کێبڕکێ لەگەڵ شارستانی خۆرئاواییدا بکات.

## شۆڕشی چەکداریی کوردو دیموکراسییەت

بەدرێـژایی سـەدەی بیسـتەم کـورد بـەردەوام بـووە لەخـەبات و بـەرپاکردنی شۆڕشـە یـەك لـەدوای یەکـەکان کەهـەر یـەکێکیان دوای کۆتـایی پێهێنـان و لـەناوبردنی بەسیاسـەتی ئـاگرو ئاسـن و تیرۆر زەمینەیان بۆ شۆڕشێکی نوێ خۆشکردووە،لەو باوەڕەدام کە ل سـەدەی رابردوودا هـیچ نەتـەوەو گرووپێکـی ئـەتنی نـەبووە کەهێنـدەی کـورد خـەبات و شۆڕشـی کردبێـت بـەلاّم تاکـە نەتەوەیـەك کـە ئێستاشی لەسەر بێ خـاوەنی دەوڵـەتی نەتـەوەیی نییـە دیسـان ئـەویش هـەر کوردە. بەسروشـتی خۆیشی شۆڕش بەتایبـەتی شۆڕشـی چەکداریی خەسڵەتێکی توندوتیـژو تیرۆریستییانەی هەیـە، هەر لەو گۆشەنیگایەوە شۆڕشەکانی کورد بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنین:

أ -خـودی خـەبات و شۆڕشـەکان دژی دەسـەلاّتە دیکتاتۆرییـەکان بـووە لـەو ولاّتانـەی کوردیـان بەســـەردا دابەشـــکراوە، دەشـــێ و گونجـــاوە لەپـــەنا شۆڕشـــێکی نەتەوەییـــدا بەشۆڕشـــێکی دیموکراتخوازانـە حیسـابیان بـۆ بکـەین ئەگـەر نموونـەی عێـراق وەربگـرین ئـەم دەوڵەتـە هـەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٢٢)تا ئێستاش هیچ رژێمێکی،دیموکراسی نەبوون، بەڵکو لەخراپترین و توندوتیژترین و کۆنەپەرسترین دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بوون.

ب-كورد نەتەوەيەك بووە بەبەردەوامی جینۆسایدو پاکتاو وقڕکراوەو هەموو دەرگاکانی دیالۆگی لەبەردەم داخراوە،تاکە کەناڵێك کەدیفاعی پێکردووە لەبوونی خۆی بریتی بووە لەخەباتی چەکداریی و هەڵگیرساندنی شۆڕش،هەرچەندە توندوتیژیی لەم خەباتەدا بەرجەستە بووەو هەبووە بەڵام دیسان ئەمیش لەژێرباری ناچاریدا بووە،بەپێچەوانەشەوە کورد ویستوویەتی بەڕێگای ئاشتی و لێکتێگەیشتن مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت و هەرگیزیش خوازیاری جەنگ و کاولکاریی نەبووە،ژەنەراڵ بارزانی کەبەتەواوی لەنیەتەکانی دەوڵەتی ناوەندیی تێدەگەیشت و کۆتایی یارییەکانی لا ئاشکرابوو نەك هەرگیز ڕێی ئاشتیی ومفاوەزاتی ڕەت نەکردۆتەوە بەڵکو دەستپێشخەربووە بۆ دیالۆگ و ڕێگاچارەی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد. بۆ ئەم مەبەستە بنواڕە بۆ چوار ئاگربەست و دانوستان لەکۆی چواردە ساڵی شۆڕشی ئەیلول.

ج-کورد لەگەرمەو هەناوی خەبات و شۆڕشی چەکدارییدا کۆمەڵکوژیی وکوشتنی دیل و لەناوبردنی خەڵکی سڤیلی ئەنجام نەداوە،ئەگەر حاڵەتێکی وا ڕوویدابێت زۆر شاز بووەو پەیوەندیی هەبووە بەهەستی تۆڵەسەندنەوەی کەسەکانەوە نەك بەستراتیژییەت و مەبدەئەکانی شۆڕشەوە،دەبینین خەباتکارانی کورد هیچکات تیرۆرو کاری کوێرانەی کوشتنیان بەئەنجام نەگەیاندوە، تەنانەت لەبەرامبەر گەورەترین تاوانبارو داگیرکەردا کەهیچ درێغییەکی نەکردووە لەلەناوبردنی هاووڵاتیانی کورد. هەر بۆ نموونە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە کورد لەقوربانییەوە نەبووە بەجەللادو دەستی تۆڵەو تیرۆری درێژ نەکردووە بۆ هیچ کەسێك ئەم سیاسەتەش ئەوەندەی نەرمونیانی تیایە کەزۆرێك لەتاوانبارانی ئەنفالچی و کوردکوژە لەدادگا دەربازیان بوو وکەوتنە بەربارانی غوفران، ڕەوشی ئەمڕۆی شاری کەرکوك نموونەیەکی تری زیندووە کەکورد لەسەر خاکی خۆی زیاد لەهەموو ئەوانی تر پەرۆشی برایەتی گەلەکانی ناویەتی کەلەڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی کورد زۆرخراپ بەکاردەهێنرێ و تەنانەت مافی کوردی پێ زەوتدەکرێت.

## ئەزمونی دیموکراسییەت لەکوردستان

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەمایسی(١٩٩٢) دا بانگەشەکردن بۆ دیموکراسییەت و کۆمەڵگەیمەدەنی بۆتە ویردی سەر زمانی دەسەڵاتداران و هێزە کوردییەکان بێجگە لەچەند گروپێکی ڕادیکالی چەپ و ئیسلامی. بەڵام ئەو پرسیارە لەخۆمان دەکەین تاچەند ئەزموونی کوردستان نزیکایەتی هەیە لەگەڵ دیموکراسییەت و هاوتەریبە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی؟ئاخۆ دیموکراسییەت تا چەند لەدیکۆر یان بەمانایەکی تر لەدروشمەوە گواستراوەتەوە بۆ واقیع و گۆڕەپانی جێبەجێکردن؟تاچەند توانیوومانە بەشێوەیەکی تەندروست و ئەقڵانی ئەم مەفهومە وەربگرین و هەر بەوشێوە عەقڵانییە زەمینەسازیی بکەین بۆ خستنە بواری جێبەجێکردنییەوە، بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر ئەم پرسیارانە ئەم خاڵانە دەوروژێنین:

أ-شەڕی ناوخۆ:شەڕی ناوخۆ یان ئەوەی بەمانا میللی وباوەکەی پێی دەوترێت شەڕی براکوژیی ریشەو باکگراوندێکی مێژوویی هەیە لەنێو کورددا و ئەوی سەدان ساڵ لەمەوبەر ئەمارەت و دەوڵەتۆچکە کوردییەکان لەیەکتر کوشتندا تۆماریان کرد ئەوا لەسەردەمی نوێدا پارتەکانی کوردایەتی رەشترو توندتر دووبارەیان کردەوە. بۆیە ئەم شەڕە تاچەند ململانێ وناکۆکی سیاسیی بووە بەقەد ئەوەش ریشەیەکی کولتووریی هەیە،بەتایبەتی لەناوەڕاستی سەدەی بیست بەدواوە نەوەیەك هاتەبوون و بەشێوەیەك پەروەردە بوو کەبوونی خۆی ببەستێتەوە بەسڕینەوەی هەموو ئەوانی تری دەرەوەی بیرکردنەوەو روئیاو دنیابینی خۆی. نەوەیەك کەتەنیا لەتوانایدابوو لەرێی بەکارهێنانی توند تیژییەوە کەناڵیزەی ململانێ و جیاوازییەکانی خۆی بکات،ئەمەش راستەوخۆ دەمانباتەوە سەر ئەو هەقیقەتەی کەدیموکراسی و کولتووری دیموکراسی کەتیایدا یەکتر قبوڵکردن و یەکترناسین هەیە لەلای پارتە کوردییەکان و تاکی کوردیی شتێکی نامۆو نەناسراوە.

ب-هەڵبژاردن:یەکێك لەفینۆمینەکانی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان هەڵبژاردنە،ئەمەش بەوەی کەهەر چین و توێژێك تادەگات بەکۆی جەماوەری گەل بەشێوەیەکی ئازادانەو دوور لەسانسۆر لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە نوێنەری خۆیان لەسەندیکا یان پەرلەمان هەڵدەبژێرن. ئێمە لەکوردستان چەندان نموونەی هەڵبژاردنمان هەیە لەنێوانیاندا دووجاری هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڵام هیچکام لەو هەڵبژاردنانە دوور لەسانسۆرو چاوسوورکردنەوە نەبوون و هاوکات بەشێوەیەکی ناپاکژو پڕ لەخورافات و پێشێلکردن و لادانی پرەنسیپە دیموکراتییەکان بەڕێوەچوون. هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کەچوارساڵ لەمەوبەر ئەنجام درا نموونەیەکە،ئەم هەڵبژاردنە بەدەر لەوەی چەندین تەزویراتی جۆراو جۆری تیاکرا جۆرێکیش لەفشاری مەعنەویی خرایە سەر هاوولاتیان و ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ بۆ تاکەکان. هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی قوتابیان و خوێندکاران کەلەسەرەتای ئەمساڵدا ئەنجامدرا ئەوەی بۆ سەلماندین کەهێشتا تارمایی دیکتاتۆرییەت ئاسمانی ئێمەی بەرنەداوەو هێشتاش رزگارمان نەبووە لەتەڵەکانی تۆتالیتاریزم. بەڕێز(مام جلال)لەراپۆرتی گشتیی بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەنووسێت (بۆ دابینکردنی دیموکراسی راستەقینە کەلەناوەڕۆکیدا مانای حوکمی خەڵکە پێویستە ئازادیی وسەربەستی هەڵبژاردن دابین بکەین هەر لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گوندەوە بیگرە تاسەر ئەنجوومەنی شارەوانی و ئینجا ئەنجوومەنی نیشتمانی،چونکە ئەمانەن بنەمای دیموکراسی راستەقینەو سەربەستی دیموکراتییەکانی کەباسمانکردن هەم بەشێکن لەو دیموکراسییە هەم وەسیلەو هۆی بەکارهێنانی مافی دیموکراتیکن،بۆ خەڵك لەحوکمڕانی خۆیدا لەهەموو پلەکانی ژیانیداو لەدیاریکردنی چارەنووس و ژیانی سیاسیی وئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵك خۆیدا).بەڵام دەپرسین تاچەند ئەم رایانە پێچەوانە کراونەتەوە ناو واقیع وتا چەند هێزە

کوردییەکان مافی هەڵبژاردنیان پێشێل نەکردووەو نایکەن؟.جا نەخاسمە گەڕانەوە بۆ رای خەڵك و بەهەند وەرگرتنی بۆچوونەکانیان لەمەڕ چارەنووسی خۆیان و وڵاتەکەیان.

ج-فرەپارتی و ئازادی بیروڕا:دیمۆکراسی تەنیا بریتی نییە لەهەڵبژاردن و پرۆسەی دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیی لەنێوان پارتە سیاسییەکاندا بەڵکو ئەمە تەنیا لایەنێك و رووپەکی دیموکراسییەتە،بەڵکو دیموکراسییەت بەشێوە گشتییەکەی بریتییە لەزەمینەو فەزایەکی ئازادو کراوەو دوور لەسانسۆری سیاسیی وکۆمەڵایەتی و چوارچێوەکانی حیزب و خێڵ و بنەماڵەو قوتابخانەو خێزان. لەدیموکراسییەتدا هەر مرۆڤێك ئازادەو کەچۆن و بە چ شێوەیەك مومارەسەی ژیان دەکات و خاوەنی چ بیروباوەڕێکی سیاسیی و چ ئاینێکە،کەسیش مافی ئەوەی نییە رێگریی لەبەردەم بیروباوەڕەکانی کەسانی تردا دروست بکات هەروەك (جۆن ستیوارت میل) لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی (ئازادی)دەڵێ(تەواوی مرۆڤایەتیش مافی ئەوەی نییە دەمی کەسێکی ناڕەزامەندو نەیار ببەستێ و رێگەی دەربڕینی بیروباوەڕەکانی لێبگرن). هەرچەندە ئەم ئازادییە بەرفراوانە فاکتۆرێکی بەهێزە بۆ سەرهەڵدانی چەندان نەریت و تێڕوانینی مەترسیدارو کوشندە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەسنوورەکانی ئازادیی بەرتەسك بکرێتەوەو دیموکراسییەت لەبنەما سەرەکییەکانی خۆی کەئازادیی و سەربەخۆییە دابماڵرێت. ئەگەر کۆمەڵگەیەکی وەك سوید بەنموونە بهێنمەوە،سوید کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی فرە کولتوورەو هەر کەسێ ئازادە بەشێوەیەکی ئاسایی و بێ گیروگرفت بەپێی نەریت و کەلەپووری خۆی مومارەسەی ژیان بکات کەرەنگە ئەم سیاسەتی فرە کولتوورییە رەنگدانەوەی خراپی هەبێت لەلای پەنابەران چونکە لەوانەیە پەنابەرێك سەرپێچی یاسا بکات و چوارچێوە دیموکراسییەکان ببەزێنێت بەپاساوی جیاوازیی کولتوورەوە. بۆ نموونە چەندان ئافرەت لەناوجەرگەی ئەورووپادا بەبیانوی ناموسپەرستییەوە دەکوژرێن و جیاوازیی کولتووریی و سیاسەتی هەرکەسەوە بەپێی کولتووری خۆی کراوەتە پاساو وبەهانە بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانانە. بەڵام هێشتا ئەمە بەمانای ئەوە نییە کەئازادیی بۆ خەڵك دەستەبەر نەکرێت،ئەگەر لەرووی دیموکراسیشەوە کوردستان بەراورد بکەین بەئەورووپا دەبینین نموونەیەکی خراپ بەرجەستە بووەو هەردەم مافی رادەربڕین و ئازادیی بیروبۆچوون یاساغ کراوەو هەرکەسێك هێڵی سووری دەسەڵاتی شکاندبێ یان سەرکوتکراوە یان ئاوارەی هەندەران بووە،هەر ئەو نموونە فرە پارتییەی لەئارادایە بەهۆی هەلومەرجێکی تایبەت و ئەمری واقیع هاتبووە بوون و هەمووان لەبیرمان نەچووە کەلەسەرەتای راپەڕیندا دووپارتە سەرەکییەکە بەچ شێوازێك هەوڵیاندا پارتەکانی دیکە ئەوانەی لەرووی نفوزی جەماوەریی و توانای سەربازیی و ماددییەوە لەوان بچووکتربوون، قووت بدەن و شەڕەکانی یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی و پارتی و سۆسیالیست سەرەتای ئەو ئۆپەراسیۆنە بوون بۆ ئەو ئامانجە، بەڵام کاتێك ئەم کارە دەبێتە کارێکی قورس و زەحمەت، سیاسەتی تواندنەوەو لەناوبردن دەگۆڕن بەسیاسەتی

بەپاشکۆکردن ئەمەش لەبەرئەوەی هەموو ژێدەرە ئابوورییەکانی کوردستان لەلای ئەوان بوو،ئەو پارتانەیان ناچارکردو لەحاڵەتی ئۆپۆزسیۆن بوونەوە بردیاننە حاڵەتی پاشکۆبوونەوە،هەروەك لەکاتی شەڕی ناوخۆدا بینیمان کەچۆن پارتە بچووکەکان بێجگە لەیەکگرتوی ئیسلامی بوونە پاشکۆی سیاسەتەکانی پارتی ویەکێتی.

د-مافە سەرەتایی و مەدەنییەکان:هەر مرۆڤێك لەژیاندا ئازادە چۆن و بەچ شێوەیەك دەیەوێ ئا بەو شێوەیە لەژیاندا درێژە بەبوونی خۆی بدات و هیچ کەس و دەسەڵات و دامەزراوێك مافی ئەوەی پێ نەدراوە دەست بهێنێتە رێی ئەو شێوە ئازادانەیەی کەمرۆڤێك خۆی باوەڕی پێی هێناوە لەمومارەسەکردنی ژیان و مومارەسەکردنی ئازادییە سەرەتایی و مەدەنییەکانی.هەر مرۆڤێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەزو تەمەن و رەنگ و پلەوپایە و ئۆتۆرێتی سەربەستە لەوەی کەچی دەپۆشێت و چی دەخوات و چۆن ژیانی خۆی دابەشدەکات، هەر کەسەرمایەداریی گەشەدەکات مرۆڤ دەرباز دەبێت لەتابۆکانی کڵێسەو کۆت و پێوەندەکانی سیستمی فیودالی و بەشێوەیەکی ئازادانەتر لەجاران ژیان دەباتەسەرو ئازادییەکانی خۆی بەدەستدەهێنێت و سەرمایەگوزاریی دەکات هەربۆیە بوونی دیموکراسی بەستراوەتەوە بەسەرمایەدارییەوە و هەر لەم رووەوەیە کۆمۆنیزم لەگەڵ دیکتاتۆرییەتدا ئاوێتە دەبێت،چونکە کۆمۆنیزم جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریێتی تایبەت کەرەگەزێکی گرنگی دیموکراسییەتە.دیسان لەم رووەوە لەکوردستان ئەزموونێکی تاڵمان هەیەو هێشتا تاکی کوردیی وابەستەی کولتووری کۆنەپەرستانەی مەزهەب و خێڵەو دەسەڵاتی سیاسیش زیاتر قووڕەکەی خەستکردۆتەوەو نایەوێت خەڵك بەمافەکانی ئاشنابێ و فێری داواکردنی مافەکانی خۆی بێت چونکە ئەمانە لەبەرژەوەندیی دەسەڵاتی کوردیی نین کەدەسەڵاتێکی حیزبییەو بەم پێیەش زیانی دەبێت بۆ ستراتیژی حیزب. هەردەم دەسەڵاتداران نەیانویستووە جەماوەر فێری نەریتی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین و کاری دەستەجەمعی سەربەخۆ بێ لەدەرەوەی بازنەی حیزب تەنیا لەکاتێکدا نەبێت کەخۆی پێویستی پێیەتی،ئێمە کۆمەڵگاو سیستمێکی سیاسیمان هەیە کەبەهاوبەشی تاکەکانی ناو کۆمەڵ دەچەوسێننەوەو ئازادییەکانی سەرکوت دەکەن و غەریزەکانی دەچەپێنن. زیادەڕۆیش نییە ئەگەر بڵێین کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووی چەپێنراوەو تیایدا مرۆڤ تەجریدکراوە لەهەموو مافە سەرەتایی و مەدەنییەکانی خۆی،بۆ بەدبەختیش تاکەکانی هەستیان بەچەوساندنەوەو سەرکوتی خۆی نەکردووەو ئاشنانین بەمافەکانی خۆیان چ وەك مرۆڤ چ وەك هاووڵاتییەك لەوڵاتدا. چونکە مرۆڤی کورد هەڵهێنجراوی کولتوورە چەپێنەرەکەی بووەو چەوساندنەوەی ژنان و منداڵان باشترین نموونەی ئەم سەرکوتکردنەیە بەتایەتی کەکۆمەڵی کوردیی بەردەوامە لەتیرۆرو هەتکردنی ژنان و بەکۆیلەکردنیان لەچواردیواری ماڵدا،لەم کاتەدا ئەوەم بەبیردێتەوە لەم ماوەیەی رابردوودا رۆژنامەی(سلێمانی نوێ)چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مامۆستایەکی بەریتانیدا بەناوی(ستیڤ هارڤی)

کەمامۆستای زمانە لەشاری سلێمانی سازداوەو پرسیاری دەربارەی ئافرەتی کورد لێکراوە ئەو لەوەلامدادەڵێ:ژنی کورد پابەندی نەریتی کوردەوارییە بۆ نموونە ئەگەر دوای کاتژمێر هەشتی شەو کۆڕێك بۆشیعر خوێندنەوە ساز بدەم بەدەگمەن ژنان تیایدا ئامادەدەبن. ئەمە چەپاندن و سوکایەتیکردن بەلاوان و کپکردنی هیواو خواستەکانیان لەو لاوە وەستابێ،من ڕێگە بەخۆم دەدەم کەبێژم مرۆڤی کوردیی مرۆڤێکی داڕنراوە لەهەموو جۆرە مافێکی سەرەتایی و مرۆڤانەی خۆی.

ه-نموونەی کوردستان:زۆرجار ئەوەمان بەرگوێ دەکەوێت کەئەزمونی پانزە ساڵی رابردووی باشووری کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی دەسەڵاتی دیموکراتییانە بووەو تەنانەت زۆرێك لەناوەندە سیاسییەکان پێشنیاری گواستنەوەی ئەم نموونەیە دەکەن بۆ هەرێمی عەرەبستانی عێراق،دەسەڵاتدارانی کوردستانیش شانازیی بەمەوە دەکەن و بەردەوام لەبەردەم زومی کامێرای تیڤییەکانەوە شانی پێوە بادەدەن و پێیانوایە لەکوردستان وەرچەرخان روویداوە بەرەو دیموکراتییەت و نموونەکەیان تاقانەترین نموونەی دیموکراسییەتە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەداو بۆ سەلماندنی ئەمەش دنیای عەرەبی بەنموونە دەهێننەوەو دەڵێن جیاوازیی گەلێکی زۆر هەیە لەنێوان کوردستان و دەوڵەتە عەرەبییەکان و لەوی چەوساندنەوەی کەمایەتییەکانی وەك ئەمازیخی و بەربەروقیبتی و دارفوورییەکان هەیەو شێوەی دەسەڵات پشتاوپشتی و شاهنشاهی دیکتاتۆرییەو لەکۆی ٢٥٠ ملیۆن عەرەب ٧٠ ملیۆن نەخوێندەوار هەیەو دەیان تۆڕی ئیسلامی ئسولی سەریان دەرهێناوەو ئوسامەو زەرقاوی و زەواهیری بەرهەمی کولتووری عەرەبین،بەڵام ئەگەر، لەدنیای عەرەبیدا نەتەوەو ئیتنیکە غەیرە عەرەبییەکانی لەچەشنی ئەمازیغی و کوردەکان بچەوسێنەوە ئەوا لەژێرسایەی دەسەڵاتی کوردییدا خودی هاووڵاتی کورد دەچەوسێتەوەو مافەکانی زەوت دەکرێ و تەنانەت ژیانیشی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی مەرگەوە،لەلایەکی تریشەوە دەسەڵات لەلای ئێمە بەهەمان شێوەی نموونە عەرەبییەکە، جۆرێکە لەدیکتاتۆرییەتی رەهاو سکرتێری حیزبەکانی لای خۆمان لەوەتەی بوونەتە سکرتێرو سەرۆکی حیزب ئەو پۆستەیان بەرنەداوەو هەریەکێکیشیان شازادەیەکی بچووکی بۆ سبەینێ ئامادەکردووە تادەسەڵاتی حیزب بەو بسپێرێ،یان بۆ تەنیا جارێك کەپەرلەمان هەڵبژێردراو دەنگ درا بەلیستی کەسك و زەرد کەچی پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی ناشەرعی دەسەڵاتی خۆیان درێژکردۆتەوە بۆماوەی زیاتر لەپانزە ساڵ و هاوکاتیش لێرە نەخوێندەواریی هەیەو ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکی نەخوێندەوارن ولەنێو کوردیشدا ئەنسارو ئیسلام و تۆڕی هاوچەشن سەریاندەرهێناو لەهێلکەکانیان تروکان و مەلاکرێکارو چەندان مەلای تری هاوشێوەی ئەو لەگوندو شارەکانی کوردستانەوەو بەکورتەك و شەرواڵی کوردییە ئامادەییان هەیە.من نامەوێ پاکانە بۆ عەرەب بکەم بەڵام ناشکرێ خۆمان لەو راستییە لابدەین کەئەگەر وەزعی دیموکراسی لەکوردستان خراپتر نەبێ لەوەزعی دیموکراسی لەدنیای عەرەبیدا بێ شك هیچ باشتر نییە. ئەگەر ئێمە بمانەوێت سەنگ و

قورسایی دیموكراتییەت لای خۆمان بكێشین پێویستە دیموكراتییەت بەباڕۆمەتری خودی دیموكراتییەت بپوێین چونكە دیموكراتییەت لەگەڵ دیموكراتییەت بەراورد دەكرێ و عەرەب وتەنی پێچەوانەكەشی هەر راستە(والعكس الصحيح)، ئەگەر دەمانەوێ ئەزموونی كوردستان بەدیموكراسی پێناسە بكەین بەڵام،دەسكەوتەكانی بەراوردبكەین بەدیكتاتۆرییەتی سەددام لەڕاستیدا دەكەوینە هەڵەیەكی كوشندەو خنكێنەرەوە.ئەوەش راستە كۆمەڵگە دیموكراتییە رۆژئاواییەكان خاوەنی خەلفیەت و مێژوویەكی دوورودرێژن لەتێپەڕبوون بەچەندین جۆرو ئەزمونی لێك جیاوازی دیموكراسیدا، بەڵام ناشێ بەبیانووی كەم ئەزموونی و نەبوونی ئەو مێژووە لەتێپەڕین بەناو دیموكراسییەت هەموو مافە دیموكراتییەكان پێشێل بكەین،هەروەك چۆن ناشێ بەجەستە لەچاخی بیست و یەك و سەردەمی ئینتەرنێت و تەكنەلۆژیایی نوێدا بیت و بەڕۆح لەزەمەنی فیوداڵی و چاخەكانی ناوەڕاست. بەكورتی و بەكوردیی ئێمە پێویستمان بەپرۆسەیەكی مێژوویی هەیە تادیموكراسی لەكۆمەڵگەدا جێكەوت دەبێت بەبێ ئەوەی تادەگەینە ئەوساتە مێژووی خۆمان پڕبكەین لەتاوان وپێشێل و زەوتكردنی مافەكانی تاك.

## دواسەرنج

لەزەمەنێكدا هەموو هەبووەكانی دەوروبەرمان بەشێوەیەكی دینامیكی و تیژپەڕ لەگۆڕاندان هێشتا كۆمەڵگەی كوردیی كۆمەڵێكی چەقبەستوو و وەستاوە، لەزەمەنێكدا (سۆزان سۆنتاگ) لەبەرامبەر وێنەیەك دەوەستێت و دەڵێت هەموو ئەوانەی لەنێو ئەو وێنەیەدان مردوون،ئەمە لەكاتێكدا كەخۆی یەكێكیانە چونكە ئەو بڕوای وایە لەو لەحزەیەی ئەوان وەستاون بۆ گرتنی وێنەكە زەمەن لەدەرەوەی ئەوان لەجووڵەو بەرەو پێشڤەچوونی خۆیدا بووە. لەسەردەمێكدا كەلەخۆرئاواو كۆمەڵە مودێرنەكاندا هەمووشتەكان بەرەو خاڵی پایانی خۆیان دەچن و لەجێگایاندا چەمك و شتگەلێكی تر جێیان دەگرنەوە، لەسەردەمێكدا گۆڕانكارییەكان لەهەموو بوارە جیاجیاكاندا بەشێوەیەكی تیژپەڕ بەڕێوە دەچن،لەئاوها ساتێكدا كۆمەڵی كوردیی بەجێماوە لەهەموو ئەو گۆڕان و شتانەی ئەم جیهانە گۆڕاوە، یەكێك لەوشتانەشی پێی نەگەیشتووەو هەنگاوی جیددیشی بۆ نەهاویشتووە دیموكراتییەتە.

*ئەم وتارە لەژمارەكانی(٣٣- ٣٤) رۆژنامەی(نێوەند)لەرۆژەكانی ٢٠٠٦\١١\١٦ و ٢٠٠٦\١٢\١٩ بڵاوبووەتەوە.لێ ئەم وتارە لەبنەڕەتدا سەرەتای ٢٠٠٤نوسراوە بەڵام بڵاوكردنەوەی دواكەوت.
هاوكات لەهەریەك لەم دووماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە:
- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# ئەنفال لەسەر مێزی ئەنجومەنی حوکم

بەر لەهەر شتێك پێویستە بڵێین ئەنفال قووڵترین برینە لەمێژووی کورداو ترسناکی ئەم پرۆسەیەو کاریگەریی و دەرهاویشتە سلبییەکانی چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و چ لەسەر ئاستی سیاسیی رەنگدانەوەی خۆی هەیەو بەردەوام ئامادەیی هەیە لەخەیاڵگەی گەلی کوردستان، تا ئەو سنوورەی بۆتە سیمبۆلی مەزلومییەتی کورد لەمێژووداو یادەوەرییەکە بەدرێژایی مێژووی داهاتووش بەکوردو بوونە نەتەوەییەکەیەوە بەستراوەتەوەو پێی دەناسرێتەوە،هەروەك چۆن کاتێك باسی گەلی ئەرمەن دەکرێ یەکسەر سەرنج و زەینمان دەچێتە لای ژینۆسایدی ئەو گەلە لەلایەن تورکە عوسمانلییەکانەوەو دواتریش لەلایەن کەمالییەکانەوە،یان چۆن کاتێك باسی یەهود دەکرێت راستەوخۆ گوێمان بەر ناوی(هۆلۆکۆست)دەکەوێت،بەهەمان ئەندازە ئەنفال گرێدراوە بەگەلی کوردەوەو بەهیچ کلۆجێك لێی جیا نابێتەوەو ناشێت چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هاوچەرخی گەلی کورد بنووسینەوەو هێما بۆ ئەو پرۆسە ترسناکە نەکەین.ئەم پرۆسەیە بێ لەوەی نزیکەی دوو سەد هەزار هاووڵاتی بێ دیفاعی تیادا سەرنگون کرا کەئافرەتان و منداڵان بەشی شێری ئەم رێژەیەیان پێکدەهێنا،دەیان دەرهاویشتەی نیگەتیڤی هەیە کەلەنێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و کەسوکارو پاشماوەکانی ئەنفال بەتایبەتی هەستی پێدەکرێت،گەر بەعس لەپرۆسەی ئەنفالدا یەکێك لەمەبەستەکانی بریتی بووبێت لەلەناوبردن و پاکتاوکردنی نەژادی کورد لەعێراقدا، ئەوە لەلایەکی‌ترەوە ویستوویەتی پاشماوەکانی ئەنفال تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بکات هەروەك چۆن لەحاڵی حازردا بەچاوی خۆمان ئەو راستییە بەدیدەکەین.

بەهەرحاڵ و بەهەر جۆرێك بێت بەعس و رەگەزپەرستانی عەرەب ئەو لەناوبردنە پچڕپچڕو لاوازەی کە لەکۆنەوە پیادەیان دەکرد بەرامبەر بەکورد ئەوا لەناوەڕاست و کۆتایی هەشتاکاندا لەپرۆسەی ئەنفالدا گەیاندیانە لوتکە،ئەوەشی تاوانبارە ناسیۆنالیزمی عەرەبی وسەرانی رژێمی داڕوخاوە، بەهەڵەداچوونە گەر پێمانوابێت بەتەنیا سەرانی بەعس و شەخسی سەددام وعەلی کیمیایی تاوانبارو بەرپرسی ئەنجامدانی ئەم کردارەن بەڵکو تەواوی دەوڵە عەرەبییەکان و ناسیۆنالیزمە دڕندەکەی عەرەب بەهەمان رادەی سەددام و عەلی کیمیایی تاوانبارن و بەرپرسی یەکەم و کۆتایی هەموو نەهامەتییەکانی گەلی کوردن لەنێویشیاندا ئەنفال. بەڵام بەداخەوە کورد خۆیشی خەمسارد

بــووه لەبەرامبــەر ئەنفالــداو كــاری لەســـەر نـــەكردووه.لەچـــەند ســاڵی رابـــردووەوە پارتـــە دەسـەڵاتدارەكانی باشـووری كوردسـتان نـەیانتوانیوە ئـەنفال بكـەنـە كارتێكی بـەهێزو پرۆژەیـەكی گرنگـی خـەباتی سیاسـیی، ناسـیۆنالیزمی كـورد نـەیتوانیوە لەسـەردەمی بەجیهانیبوونـەوەی دیاردەكـان بـۆ دیـاردەی جیهانی،ئـەنفال بـەجیهانی بكاتـەوەو هۆشـیاریی بـدات بەنەتـەوەكانیترو زانیاریی لەسەر ئەو پرۆسـەیە بەزمانـە بیانییەكان بڵاوبكاتـەوە، تەنانـەت ئێمـە دەبیینین كەساڵانە یەهودییەكان ملیارەها دۆلار سەرف دەكـەن بۆ دەرهێنـانی فیلمـی سینەمایی لەسـەر هۆلۆكۆسـتو دەیـان گۆڤـارو رۆژنامـەی تایبەتیـشیان هەیـە بـۆ توێژینـەوە لەهۆلۆكۆسـت تەنانـەت ئـەو كـردارە لەكلیپی گۆرانییەكانیاندا مۆركی خـۆی هەیـە.سـەرباری ئەمانـەش نـەتوانراوە بنیـاتی كەسـێتیو ئابووری پاشماوەكانی ئەنفال كەبەشی هەرە زۆریان پیروپەككەوتـەن ببوژێنرێتەوە،ئـەوان چـەندێك بـەو كارەسـاتە لـەرووی دەروونییـەوە تێكـشكاونو تووشـی شـۆك بوون،دەیـان جـار بەرابـەر بـەوە بەپەراوێزخـستنیانو هـەژاریی و كەمدەرامـەتیان تێكـشكاون. لـەقۆناغی دوای هەرەسـی بـەعسو دواتـریش پێكهـاتنی ئەنجوومـەنی حـوكم كـورد پرسـی ئـەنفالی وەكـو پرسـێكی گـرنگ نـەبردە نێـو ئەنجوومەنی حوكم، كەدەبوو كـورد ئەمـەی بكردایـەو ئەنجوومەنەكـەش لەدەسـپێكی كاركردنییـەوە بەناوی عەرەبەوە داوای لێبووردنی لەگەڵ كورد بكردایەو دواتریش پـرۆژەو بەرنامـەی گونجاویـان تەرح بكردایە بۆ دروستكردنەوەی بنیـاتی كەسـێتیو ئـابووری دەربـازبووانی ئـەنفالو كەسـوكاری ئەنفالكراوەكانو قەرەبووكردنەوەی زیانـەكانی ئـەو پرۆسـەیە. هـەر لـەدوای نـۆی نیسانەوە دەیـان گـۆڕی بەكۆمـەڵی هاووڵاتیـانی كـورد دۆزرایـەوە كەچـی گرووپـی كـوردیی لـەنێو ئەنجومـەنی حـوكم بەتایبەتی یـەكێتیو پـارتی هـەر خـەریكی ململانـێ تەسـكە حیزبییەكـەنو نـەیانتوانیوە ئـەنفال وەك گـرنگترینو ترسـناكترین كارەسـات لەمێـژووی عێراقـدا ببنـە سـەر مێـزی گفتوگـۆ لەئەنجوومـەنی حوكم،بڕیاریشە رۆژی ٣٠ی حوزەیران دەسەڵاتی بگوازرێتەوە بۆ عێراقییـەكان بـەڵام ئـاخۆ كوردو سەركردایەتی سیاسیی كـورد بەهـەمان خەمساردیی رابردووە مامەڵـە لەگـەڵ ئەنفالـدا دەكـات یـان نا..؟.

*ئەم وتارە لەژمارە(١٧)رۆژنامەی(زادگە) لەرۆژی ٢٩\٥\٢٠٠٤بڵاوبووەتەوە.هاوكات لەهەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# ڕێکخراوەکانی ژنان و کێشە هەنووکەییەکانی ژن

لەو ساتەوەختەی خاوەندارێتی تایبەت سەریهەڵداو بزووتنەوەی بەرهەمهێنان گەیشتە سەرووی ئاستی پێداویستییە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤ، ئیدی لەو بەروارەوە ژن هەروەك هەر یەکێك لەکاڵاکانی تر بووە بەبەشێك لەموڵکی تایبەتیی ڕەگەزی نێرینە. ئەگەر بەتێگەیشتنێکی مارکسییانەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی جیاکاریی نێوان ژن‌و پیاو بڕوانین هاوکاتە لەگەڵ وەرچەرخانی کۆمەڵگەی سەرەتایی(کۆمۆنەی سەرەتایی)بۆ کۆمەڵی چینایەتی یان، بەمانایەکی تر یەکەمین چەوساندنەوەی چینایەتی لەمێژوودا چەوساندنەوەی ڕەگەزی مێینە بووە لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە(نێرینە). دواتر لەقۆناغێکی دیدا ئاین وەك پێویستییەکی مەعریفی و وەڵامدەرەوە بەپرسیارە بێ وەڵامەکانی مرۆڤی کۆن دەرکەوت،ئەو لەحزەیەی مرۆڤ بەدوای هێزێکی باڵای میتافیزیکیدا دەگەڕا کەسەرچاوەی دیاردە سروشتییەکان‌و دروستکارو بنیاتنەری مرۆڤە. ئاین وەك پێکهاتەیەکی ئاڵۆز دەرکەوت،بەڵام ئاین تەنیا لەنێو ئەم بوعدەدا نامێنێتەوە بەڵکو لەقۆناغێکی دیکەدا دەبێتە میکانیزمێکی کارای دەستی چینە باڵادەستەکان.(کەبێگومان مەبەستمان لەرەگەزی نێرینەیە).کەدەتوانین بڵێین ئاینەکان جۆرێك لەشۆڕشی ڕەگەزی نێرینە بوون بەسەر مێینەدا،ئەمەش بەو پێیەی زۆربەی پێغەمبەران‌و بانگەشەکارانی ئاینیی فرەخودایی‌و یەکتاپەرستیش پیاوبوون‌و لەزۆربەی جاریشدا سروشتێکی نێرانە بەخوداوەند بەخشراوە ئەمە بەتایبەتی لەئاینە ئاسمانییەکاندا بەرچاو دەکەوێت.هەتا دەگاتە بەوەی ژن تاوانبارکراوە بەئەنجامدانی تاوانی یەکەم (**الخطيئة الأولى**)و هەر بەهۆی ئەم تاوانەشەوە بوو مرۆڤ سەرگەردان بوو و لەبەهەشتیش وەدەرنرا. ئیدی بەم شێوەیە بەدرێژایی دەیان هەزار ساڵ ژن لەنێو چەوسانەوەیەکی بەردەوامدا بووەو زۆربەی جاریش گومان لەمرۆڤبوونی کراوە یان وەك پاشکۆی پیاو سەیرکراوە. بەڵام دواتر لەقۆناغی ڕێنسانس‌و سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداریی‌و ئاوابوونی خۆری فیودالیزم‌و دەرکەوتنی ڕێکخراوە پیشەیی‌و کرێکارییەکان، کێشەی ژن وەکو یەکێك لەکێشە گرنگەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی خۆی تەرح دەکات‌و چەندین ڕێکخراو وکۆمەڵی جیاجیا دروستبوون لەپێناوی داکۆکییکردن لەمافەکانی ژنان‌و چەسپاندنی یەکسانی نێوان دوو ڕەگەزەکە بەتایبەتی کەسەرمایەداریی هەرچەندە ئافرەتی لەکۆیلەیەتی چوار دیواری ماڵ ڕزگارکردبوو بەڵام لەمەسەلەی کرێدا ڕەچاوی یەکسانی نێوان دوو ڕەگەزەکەی نەکردبوو، کەدەتوانین شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسا(ساڵی ١٧٨٩)بەسەرەتایەکی گرنگی جووڵانەوەی ئافرەتان ناوزەد بکەین‌و دواتریش لەسەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێکخراوەکانی ژنان لەرووی کارایی‌و مەعریفییەوە بەرەو هەڵکشان ڕۆیشتن‌و بەرپابوونی شۆڕشی

ئۆکتۆبەری روسیا(ساڵی ١٩١٧).دیسان یارمەتیی وکۆمەکی گەورەی کرد بەهەڵکشانی کێشەو پێگەی ڕێکخراوەکانی ژنان و بەرەو ئاستێکی باڵاو بەرزی برد،بەم شێوەیە بەدرێژایی سەدەی بیستەم هەزارەها ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵەی بەرگرییکردن لەمافی ژنان دەرکەوتن، بەشێوەیەك کەکێشەی ژنان بۆیە کێشەیەکی جیهانی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان ناچاربوون چەندین بڕیار دەربکەن و چەندین ڕێککەوتنامەو کۆنگرەی جیهانیش بەمەبەستی بردنەوە سەرەوەی مافەکانی ژنان بەشێك بوون لەپانۆرامای هەڵسوڕانی سیاسیی بەدرێژایی سەدەی رابردوو. لەکوردستانیش لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە ڕێکخراوەکانی ژنان دەردەکەون بەڵام بەداخەوە ئێستاشی لەسەر بێت ناتوانین بڵێین ڕێکخراوی ژنانەمان هەیە (دیارە بەمانا فیمینیستییە رووتەکەی)، چونکە کۆی ئەو ڕێکخراوانە لەلایەن حزب و پیاوانەوە دروستکراون بەمەبەستی کۆکردنەوەو ڕێکخراوکردنی توێژی ژن لەژێر چەتری حزبدا، هەر بۆیە دەگەینە ئەو بڕوایەی دروستکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان تێگەیشتنێکی قووڵی ژنانەی لەپشتەوە نەبووە. تەنانەت کەهەنووکە دەیان ڕێکخراوی ژنان دروستبوون لەمسەری راستیانەوە بۆ ئەوسەری چەپیان هەموویان بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ گرێدراوی پارتە سیاسییەکانن و نەیانتوانیوە لەئاستی داخوازیی و ویستەکانی شەریحەکەی خۆیاندابن.هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ڕێکخراوانە بەقەدەر ئەوەی ڕێکخراو وکۆمیتەو ئۆرگانی حیزبین و کاریان پینەکردنی سیاسەتە چەوتەکانی پارتەکانیانە، نیو هێندە بەتەنگ کێشە بنەڕەتییەکانی ژنانەوە نین،تەنانەت هەندێك لەڕێکخراوەکان بەلایانەوە ئاساییە گەر مافی ژنێك پێشێل بکرێت بەمەرجێك زیانی نەبێت بۆ بەرژەوەندیی پارتەکەیان. ئەگەر ئێستا بەشێوەیەکی ورد سەیری جۆری چالاکی و هەڵسوڕانی ڕێکخراوەکانی ژنان بکەین خۆی کورد کردۆتەوە لەکردنەوەی خولی تەندروستی و برینپێچی و دورمان و قژبڕین (صالون). راستە ئەمانە گرنگن بۆ ژنی کورد بەتایبەتی لەکاتێکدا ژنی کورد تاکو ئێستا خاوەنی ئابووری سەربەخۆ نییەو پاشکۆی ئابووری پیاوە. بەڵام لەراستیدا کێشەکانی ژنان زۆر لەوە گەورەترن لەوەی ئێستا ڕێکخراوەکانی ژنان خەریکن کاری بۆ دەکەن و ئەنجامی دەدەن و ئەوان بەپرۆژەی جیددی و بەرنامەیەکی هۆشیاریی کولتووریی و فەرهەنگییەوە نەهاتوون تا لەیەکەم هەنگاودا خودی ژنان رزگار بکەن لەو عەقڵییەت و شێوە بیرکردنەوەی کەتەنانەت تووشی ژنان خۆیان بووە. من لێرەوە بەڕێکخراوەکانی ژنان دەڵێم بۆچی کەمن ئەو ژنانەی خۆیان بەکەم و زەعیفە دەزانن و بەپێچەوانەشەوە پیاویان لێ بۆتە سۆپرمانەکەی نیتچە؟یان ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ نایەن فشارێکی بەرین و کۆمەڵایەتی بخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسیی بەمەبەستی هەموارکردنی یاسایەکی نوێ تیایدا مافی یەکسانی ژن و پیاودانی پێدا بنرێت و پارێزراو بێت؟یان ڕێکخراوەکانی ژنان لەجیاتی بەئامارکردن لەدژی کوشتن و تیرۆری ژنان بە(تایبەتی کوشتن بەناوی ناموسپەرستی و بەرگریکردن لەشەرەفی بنەماڵە) ناڕەزایەتی دەربڕن و خۆپیشاندان ساز بدەن

بەجۆرێك تەواوی كۆمەڵگە بهەژێنن؟ یان بۆ نایەت كار لەنێو ئەو كایە كولتوورییەكەدا بكەن كە هەمیشە ژن دەكاتە (شەرەف)و (نامووس)ی پیاو وبنەماڵەو خێڵ؟ بۆچی كەمن ئەو ئافرەتانەی كە پێش نووسینی ئەم وتارەو دوای ئەم وتارەش بەو پاساوە ژیانیان لێ دەسەنرێتەوە؟. بۆ ئەو هەزارەها ژنەی لەرابردوودا كوژراون (بەپێی ئاماری خودی رێكخراوەكانی ژنان)مەیدانی جەنگێكی گەورە نییە كەپێویستە بەر لەهەر كەسێك رێكخراوەكانی ژنان بەرەورووی ببنەوە؟. بۆ رێكخراوەكانی ژنان نایەن كار بكەن بۆ تێكشكاندنی ئەو تێگەیشتنە عوسابییە رۆژهەلاتییەی كە پێیوایە لەپرۆسەو ممارەسەی رەمەكی سێكسدا ژن بەركارو كارلێكراوە(مفعول بە).لەكاتێكدا پیاو كارەكتەرە (فاعل) كەهەر ئەم تێروانینەیە ژیانی هەزارەها لەژنانی بەمەرگ سپاردووە؟ رێكخراوەكانی ژنان چییان داوە لەعێراقچێتی و بەستنی كۆنگرەو كۆنفرانس لەبەغدادو شارە عەرەبییەكانیتر؟.گریمان حیزبە سیاسییەكانمان رەچاوی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراق دەكەن ئەی چی وای لەرێكخراوەكانی ژنان كردووە سەرگەرم و سەرقاڵی عێراقچێتی بن؟.بۆ نایەن ببینن لەوڵاتەكەی خۆیاندا چۆن كەرامەتی ژنان تەنانەت پیاویش هەلا هەلا دەكرێت؟.رێكخراوەكانی ژنان بۆچی بێدەنگن لەبەرامبەر زۆر كێشەدا كەكێشەی گرنگەو تەنانەت پابەندن بەچارەنووسی مرۆڤێكەوە كەژنە؟هۆی چی بوو كۆی رێكخراوەكانی ژنان بەرادیكاڵ و لیبراڵ و كۆنسەرڤاتیسمیانەوە بێدەنگییان كرد لەكێشەیەكی گەورەی وەك كێشەی (شەیما)و بەرپرسانی حكومی وحزبی شارۆچكەی دەربەندیخان؟.سەرباری ئەمەش بەشێكیان لەدژی ئەو ژنە كاریان كردو خۆیان كردە مقاشی دەستی بەرپرسەكان؟تەنانەت راگەیاندن و رۆژنامەكانی رێكخراوەكانی ژنان خۆپارێزییان كرد لەو كێشەیەو لەباسكردن و وروژاندنی ئەو كێشەیە؟. ئەمە لەكاتێكدا چەند رۆژنامەیەكی دەرەوەی زمانحاڵی ژنان و رێكخراوەكانی ژنان ئەو كێشەیان تەقاندەوەو هۆشدارییان دا بەشەقامی كوردیی بە ژن و پیاوەوە. بۆیە لێرەوە پێویستە ئەوە بەبیری رێكخراوەكانی ژنان بهێنینەوە ئەوان نەك هەر نەیانتوانیوە نوێنەری ژنان بن و لەئاستی داواكاریی و پێداویستییەكانی ژنان بن بەڵكو بەرپرسێكی گەورەن لەبەردەم ژنان و بەوپەڕی خەمساردیی و بێ باكییەوە وەستاون بەدیار كوشتن و ئیغتیسابكردن و ئەتكردنی ژنانەوە.

* ئەم وتارە لەژمارە (١٣) رۆژنامەی(پێگە) لەرۆژی ٢٨\٦\٢٠٠٤ بلاوبووەتەوە.
هاوكات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# سایکۆلۆژیای پێشمەرگەی دێرین..

## توندوتیژیی وەك نموونە

خوێندنەوەو شیتەڵکاریی دەروونناسیی پێشمەرگەی دێرین بابەتێکی وردو ئاڵۆزو دژوارەو پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستی چڕو پڕو هەمەلایەنەو مێژوویی هەیە،بەلاَم ئەم چەند دێڕە هەوڵێکی سادەو بەراییە لەو بوارەداو کردنەوەی دەروازەیەکیشە بۆ قسەوباسی زیاترو خوێندنەوەو شرۆڤەکاریی جیددی ترو ئەکادیمی. ئەم کورتە نووسینە تەقەلایەکی بچووکە بۆ راڤەو شیکاریی لایەنێك لەلایەنەکانی دەروونناسی پێشمەرگەی دێرین یان چاکترە بڵێم سەرەتای کارێکە بۆ چوونە ناوەوەو شرۆڤەکردنی لایەنێکی هەرە گرنگی دەروونناسی پێشمەرگەی دێرین ئەویش پرسی توندوتیژییە وەك بەشێك لەسایکۆلۆژیای پێشمەرگەی دێرین. کەمتر هەوڵدەدەم بەدووی ئەو هۆکارانەدا بڕۆم کەخوڵقێنەری توندوتیژییە لەکۆمەڵگەی کوردستان، چون ئەم باسە پێشینەیەکی زۆری دەوێ و لەسنووری وتارێك دەردەچێت و هۆکارەکانیش وردو ئاڵۆزن و هەروەك توینبی،دەڵێ "ئەو هۆکارەی هەوڵدەدەین دیاری بکەین شتێکی سادە نییە، بەڵکو ئاڵۆزو داڕژاوە". بەڵکو هەوڵمداوە بەدووی توندوتیژییدا بچم لەژیانی پێشمەرگەی دێریندا. بەرلەوەش بەپێی لێکدانەوەی قوتابخانەی دەروونشیکاریی مرۆڤ بوونەوەرێکی لاساییکەرەوەیە یاخود دەیەوێ خۆی لەگەڵ هەبووەکانی تری چوار دەوریدا رابهێنێ و بگونجێنێت. ئەرستۆتالیس لەمبارەیەوە دەڵێ "مرۆڤ زیندەوەرێکە هەر لەمنداڵییەوە حەز لەلاساییکردنەوە دەکات، دەیەوێ چاوی بەهەر شتێ کەوت یان گوێی لێ بوو لاسایی بکاتەوە". پێشمەرگەی دێرین هەوڵیداوە لەگەڵ بارودۆخی خەباتدا کەتوندوتیژیی بەسەریدا زاڵبووە خۆی بگونجێنێ، بۆیە حاڵەتێکی نۆرماڵ و سروشتییە توندوتیژیی بەشێکی گرنگی بیرکردنەوەو رەفتاری داگیرکردووە، ئەمەش پێویستییەکی قۆناغ بووە لەپێناو بەرگرییکردن لەشوناسی نەتەوەو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنەکانی. کەسایەتی پێشمەرگە هەڵهێنجراوی بارودۆخێکی سەختی خەبات و شۆڕشی چەکدارانەیە، سەرباری ئەوەش بەردەوام ژیانی لەجەنگ و پێکدادان و ژێر سایەی روحمی گوللەدا بووەو لەنزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مەرگ و خوێن و هاواردا پەیداکردووە، ئەوجا بیهێنەرە پێش چاوی خۆت مرۆڤێك سالأنێکی زۆر تەنیا بەچیاو کۆسارەوە بووبێ، دوور لەهەموو شارستانی و ژیانێکی هاوچەرخ، داخۆ کەسێتی ئەم بوونەوەرە چۆن و بەچ شێوەیەك دەبێت؟ مرۆڤ بوونەوەرێکە دابڕاو نییە لەکارتێکردنەکانی دەرەوەی خۆی لەژینگەو سروشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، هەرواش کەسایەتییەکەی رەنگدانەوەی هەمان بارودۆخە. زانای دەروونناسی (مێشێل بۆتۆر) لەم

لایەنەوە بۆچوونێکی جوانی هەیەو دەڵێ "کەسایەتی هیچ بوونێکی نییە تەنیا لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی نەبێ لەگەڵ کەسانی دەوروبەرو وشتەکاندا". هەروەها بەپێی تیۆری دەروونشیکاریی و دەرەنجامە تاقیگەییەکانی (پاڤلۆڤ) راهێنان گەورەترین کارکردی لەسەر سایکۆلۆژیای نەك مرۆڤ بەڵکو گشت بوونەوەران و گیانلەبەرانی تر هەیە، چیرۆکی سەگەکەی پاڤلۆڤ لەئاستی گەلێریدا بەناوبانگە کەهەر کاتێ زەنگی بۆ لێداوە لیك بەدەمیدا هاتۆتە خوارێ چونکە چاوەڕوانی پلە گۆشتەکە بووە. هەر بۆیە پێشمەرگەی دێرین لەقۆناغی خەباتی شاخ و رزگاریی نیشتمانیدا لەرێی پەروەردەی سیاسیی و کەناڵەکانی تەبیلغات و ئەدەبیاتی حیزبی و پێشمەرگانەوە لەسەر توندوتیژیی و هەڵمەت بردن و بەرەنگاربوونەوەو یاخیبوون راهێنراوەو بۆتە بەشێکی جیانەبووەوە لەسایکۆلۆژییەت و رەفتارەکانی. پێش ئەوەی بەسەرماندا تێپەڕێت هەوڵدەدەم ئەوە ئاشکرا بکەم ئەو توندوتیژییەی سەردەمی خەباتی چیا هەرگیز نەگەیشتۆتە ئاستی تیرۆرو رەشەکوژیی و دڕندەیی، ئەم گەواهییە بۆ مێژوو دەدەم کەهەموو ئەو توندوتیژییانەی ئەوێ رۆژێ پێشمەرگە پەیڕەوی کردووە لەچوارچێوەی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەو جەنگی پارتیزانیدا بوون، واتە کردار نەبووە بەڵکو پەرچەکردار بووە بۆئەوەی داگیرکەرانی کوردستان ناچار بکرێت بۆ سەلماندنی بوون و مافەکانی کورد و بەرقەرارکردنی ئاسایش لەوڵاتدا، هەروەك چۆن کاتی خۆی (ماوتسی تۆنگ) وتی "بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێت دەبێ بجەنگین، ئێمە لەپێناو ئاشتیدا دەجەنگین". بەهەر حاڵ لەکاتێکدا لەبارودۆخی ئەمڕۆی رزگاریی و قۆناغی دەسەڵاتی کورد خۆی، کەسایەتی پێشمەرگەی دێرین پەراوێزو پشتگوێ دەخرێ. دەکرێ ئەم هۆیە کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەبێ لەتەقاندنەوەی ئارامیی پێشمەرگەی دێرین بەشێوەیەکی توندوتیژانە، چون با لەیادمان نەچێ ئەو تەنیا دەتوانێ بەمیکانیزمی توندوتیژانە گوزارشت لەخۆی بکات و داواکانی بەرز بکاتەوە. هەروەك وتیشم لەسەردەمی شۆڕشدا لەسەر ئەوە راهێنراوە لەرێی ئەم میکانیزمەوە خواستەکانی بەدەستبهێنێ. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ئەوێ رۆژێ لەشاخ بەڵێنی بەهەشتێکی پڕ لەکامەرانی پێدراوەو بەسۆسیالیزم و یەکسانی و دادپەروەریی فریودراوە، ئێستا کاتێ ژیانی لەژێر هێڵی هەژارییەوە راگیراوە حەتمەن قبوڵی ناکات و کاردانەوەی دەبێ، پێموایە زۆر واردە کاردانەوەکەی توندوتیژانە وزەبروزەنگ ئامێزبێ. بۆ وێنە پێشمەرگەی دێرین هەندێ لەهاوەڵ و هاوڕێ دێرینەکانی خۆی دەبینێ، وێنەی هەژاریی و نەداریی دوێنێیانی لەبەرچاوەو ئەمڕۆش لەپۆشاکی پادشاو بەرگی ئیمپراتۆرو لەسەر عەرش و ناو کۆشکی ئەفسووناویدا دەیانبینێ تووشی تەناقوزات دەبێ و کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر سایکۆلۆژییەتی دادەنێت کەدیسان ئەمەش وروژێنەری هەستی خەفەکراوییەتی، ئەو هەستەی بەگووتارە ئاگرینەکانی شاخ و ئەدەبیاتی قۆناغی بەرگریی ئاخنراوە بەتوندوتیژیی و رۆحی سەرکێشیی وتۆڵەو بەرەنگاربوونەوە. تیۆدۆر دۆبانقیڵ دەڵێ

"لاوازیـی هەنـدێك، ورگـی هەنـدێكی تـر دروسـتدەكات". پێـشمەرگەی دێـرین قبـوڵی ناكـات بـەلاوازبوونی جـەماوەرو ئـەو ولەسـەر حیـسابی ڕەنـج و مەینـەتی و حەسـرەت هەڵكێـشانی ئـەو هەندێكی تر شاهانەو قەڵەوانە بژین، بێگومان كاردانەوەی بەرامبەر بەم حاڵەتە هەیە. هەنووكـەش كـەقۆناغی ئـازادیی و حـوكمی دەسـەڵاتی خۆماڵییـە دەبێـت هەوڵبـدرێت بـۆ باشـتركردنی ژیـانی پێـشمەرگەی دێـرین بـەپێی بەرنامەیـەكی تۆكمـەو دامـەزراو، دەبێـت حكومـەت و دامودەزگـای پەیوەندیدار بەدەنگ داواو موعاناتیانەوە بچن بەتایبەتی هەندێكیان ئەندامانی جەستەی خۆیان لەدەستداوە یاخود ئەوەندە ماندوون شتێك لەكەمئەندام گەڕاونەتەوە. بەم ڕێگا وشێوازە دەتوانرێ كاریگەریی جیددی دابنرێ لەسەر سایكۆلۆژییەتیان و دەبێتە هۆی دامركانەوەی بڵێسەی قینی پەنگ خواردوویان كەمەترەحە لە ساتێك لەساتەكاندا بەوپەڕی توندوتیژییەوە بتەقێتەوە. باسـی ئـەوە ناكـەم پێـشمەرگەی دێـرین دیـسان شـۆڕش دژی دەسـەڵاتی كـوردیی و ئـەزموونی ئـەمڕۆ بەرپادەكات، وا بـزانم كـەم كـەس هێنـدەی ئـەوان قوربانیـان بـۆ هێنانە دی ڕۆژێكـی وا دابێت و بـۆ پاراستنی وەك ئەوان دڵسۆزو بەپەرۆش بن، بەڵام ئەمەش ئەگەرێكی نزیك و بەهێزە پێشمەرگەی دێرین نـەتوانێ بەرگـەی ئـەم هـەموو نادادپـەروەریی و بێ مافییـەی خـۆی و خـەڵك بگـرێ و ڕەنگبـێ بەناچـاریی هەڵوێـست وەربگرێـت. ئـەم حاڵەتـەو ئـەو فەرامۆشـكردنەی پێـشمەرگەی دێـرین پـڕ مەترسییە، هەروەك "ئۆرتیگا" دەڵێ پێویستە هەموو زەنگەكانی مەترسی لێبدەین. خودئەڤینی و سەرسامبوون بەخۆی، كەپێشمەرگەی دێرینە بەجۆرێكە لەلوتكەدایە، هەوڵدان بۆ تێكشاندنی ئـەم حاڵەتـەو بچووك و نزمكردنـەوەی كەسـێتییەكی بـۆ ئاسـتی ڕاكـردن بـەدوای موچـەی خانەنشینی و پرسـگەی وەزارەتـەكان، ڕۆڵـی خـراپ لەسـەر سـایكۆلۆژییەتی دادەنێت و لەوانەیـە بـۆ بـەرزراگرتنی ئەو پلەوپایەی باڵایەی پێشووی خۆی، چالاكی و جووڵـە نیشان بدات تاوەكو وەك ئەو قارەمانە نموونەییـە بمێنێتـەوە كەلـەقۆناغی بـاڵابوونی شۆڕشـدا لێـی دەڕوانـرا بـەڵام ئـەمجارە لـەقۆناغ و سـەردەمیكی نوێـدا. ئـەوەی ماوەتـەوە لەكۆتاییـدا بیڵـێم ئەوەیـە ڕووی دەمـم لەدەسـەڵاتی كوردیی دەكەم و دەڵێم پێشمەرگەی دێرین تا نهۆ ئارامگرتووە بووە، بەڵام وتەكەی (جۆن داریدن)تان لـەبیر نەچێ: وریای خۆتبە لەشۆڕشی پیاوی ئارامگرتوو.

* ئەم وتارە لەژمارە (١) ڕۆژنامەی(مادێنە) لە ١٨\٥\ ٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.
هاوكات لەهەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com-

# پێشمەرگەی دێرین و نائومێدیی وناموبوون

نائومێدیی و نامۆبوون حاڵەتێکی جیانەکراوەی دەروونی مرۆڤە، لەگەڵ مرۆڤدا نامۆبوون گەشەی کردووەو بەبەردەوامی وەك سێبەرێك لەتەکییەوە رۆشتووە. لەرووی شیکردنەوەی دەروونییەوە زاناکان و قوتابخانەکانی دەروونشیکاریی کۆکن لەسەر ئەوەی نامۆبوون لەقووڵایی ناخی هەموو مرۆڤێکدا چێنراوەو هیچ مرۆڤێك نییە لەژیانیدا تووشی شۆك و نائومێدیی نەبێت. هەرچەندە رێژەو ئاستی ئەم نامۆبوونە لەمرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێت بەهەمان شێوە هۆکارەکان رۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەگێڕن لەزیاتر نامۆکردنی مرۆڤدا. پێشمەرگەی دێرین ئالی و سۆپەرمان نییەو مرۆڤێکی تەواو ئاساییەو بەدەر نییە لەگرێ و ئاڵۆزییە دەروونییە هاوبەشەکانی مرۆڤ ، ئەویش وەك هەموو کەسانی تر ژیانی دابەشبووە بەسەر لەحزەی گەشبینی و کامەرانی و لەحزەی نائومێدیی و نامۆبوون. رەنگە لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت و دیاریکراو پێشمەرگەی دێرین زیاتر تووشی نائومێدیی و تەنانەت تێکشکان ببێتەوە. گرنگترین فاکتۆر لەم راستایەدا بریتییە لەوردوخاشکردن و بەسەرابکردنی خەونەکانی، ئەو خەونانەی لەقۆناغی خەباتی شاخدا هەزارەها جار بەڵێنی بەدیهاتنیان پێدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بارودۆخە نەخوازراو ترە لەگەندەڵیی و نادادپەروەرییەی دوای راپەڕین یەکێکی تر بووە لەفاکتۆرە هەرە بەهێزەکانی نامۆبوون ئەمە نەك هەر بۆ پێشمەرگەی دێرین بەڵکو بۆسەرجەم هاووڵاتیانی کورد. هەنووکە دەبینین وەهمەکانی نەتەوایەتی و سۆسیالیزم و مافی چارەی خۆنوسین تەبەخوریان کرد و وەك هەڵم بەئاسمانی بێدەنگیدا چوون. ئەوەتا کوردستان دوای هەڵەبجەو ئەنفال و کارەساتە سامناکەکانی لەسەر دەستی بیرۆکەی پانعەرەبیزم جارێکی تر دەلکێنرێتەوە بەعێراقی بێ هیوایی و نەهامەتییەوە. نەتەوایەتی و کوردایەتی بووە بەکۆمپانیا و دوکانداریی و کالایەکی بەنرخ و گرانبەهای بازاڕ، بەرهەمهێنەرانی گووتاری نەتەوایەتی بازرگانی هەرە گەورەی ولات و بزنسمان و خاوەن کۆمپانیای زەبەلاح و سەروەت و سامانی خەیاڵیی و نەبڕاوەن. دروشمەکانی وەك مافی مرۆڤ ومافی چارەنوس وئازادیی بیروباوەڕو دیموکراسی لەبازاڕی کوردییدا ئێکسپایەر بوون و فڕێدراونەتە تەنەکە خۆڵەکانی شارەوانییەوە. سۆسیالیزم و(وتە زێڕینەکانی) ماوتسی تۆنگ و کولتووری چێ گیڤارا وەك بەرگێکی کۆن و دڕاو لەبەر حیزبەکان داکەنرا. درێژترین رووباری خوێنی پێشمەرگەو

شەهیدان تێکەڵ بەمەی وشامپانیاو کۆنیاکی بەرپرسە چاوشۆڕەکان بووەو بۆیان بۆتە جۆگەی کەوسەرو شەرابی فیردەوس. هەنسكو حەسرەتی هەژارانو ماڵوێرانانی ڕێگای رزگاریی بۆتە خۆشترین نوکتە بۆ دەسەڵاتدارانو ئەو ئەو بەرپرسە نمەك بەحەرامانەی تادوێنێ لەشاخ تەنیا بەدۆی مەشکەی گوند تینوێتیان دەشکان! ئیتر مرۆڤی کورد چۆن تووشی نامۆبوون نابێت؟ ئەی پێشمەرگەی دێرین چۆن لەهەمووومان زێدەترو زەقتر بەم دەردە بیمار نابێتو تاسەر مۆخ هەست بەئازارو ئێش ناکات؟. نووسەری ناسراوی عەرەب(حسێن دەروێش) لەیەکێك لەژمارەکانی رۆژنامەی(البیان)دا باس لەو نامۆبوونە دەکات لای نەوەیەکی شۆڕشگێری عەرەبیو دەنووسێت (ئەو نەوەیەی کەنەوەی نیوەی یەکەمی سەدەی پێشوو بوون بەوەهمی نەتەوایەتیو نیشتمانی گەورەی نەمرەوە ژیان، لەدوای ئەو وەهمانەشەوە وەهمی سەروەتیشی هاتە سەر، هەر ئەم نەوەیە ئێستا بەچاوی خۆی دەبینێ خەونەکانی چییان بەسەرهاتو لەکۆتایدا گەیشتۆتە چ رۆژێکی کوشندە کەئەمڕۆ دەیبینین). پێشمەرگەی دێرین وەك نەوەی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو (سەدەی بیست)، دوای بێ هۆشکردنی بەتلیاكو وەهمی نیشتمانو کوردستانێکی سەربەخۆو پراوپڕ لەئازادییو ماف، ئەمڕۆ دەبینێت خەونەکانی یەك لەدوای یەك پووچ دەکرێتەوەو ئەو جادووەی لەشاخ لێیکراوە یەك بەیەك ماهییەتو سروشتی راستەقینەیان بەدەردەکەوێت. ئەمڕۆکە بەچاوی خۆی دەبینێت خەونەکانی چییان لێ بەسەر هاتووەو رۆژگاری کورد گەیشتووە بەچ چارە رەشییەك، مافو ئازادیی گەورەترینو تاڵترین درۆ بوو لەگەڵیدا کراوە. دوای ئەم هەموو بەتاڵکردنەوەو لەباربردنەی خەونو ئاواتەکانی دوێنێی پێشمەرگەی دێرین، هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەم نییە یان بەرپەرچدانەوە یان خۆخواردنەوەو ئازاری ویژدانو نامۆبوون. دەبینین تائەمڕۆ پێشمەرگەی دێرین ڕێگاچارەی دووەمی هەڵبژاردووە، ڕێگەچارەی خۆخواردنەوەو ئازاری رۆحو ویژدان. پێشمەرگەی دێرین ئەوێ رۆژێ لەخەباتی سەختو دژواری قۆناغی شاخدا، خەونی بەوڵاتێکەوە دەبینی هاووڵاتیان لەئەركو مافو ئازادییەکاندا یەکسان بن، رێز لەمرۆڤبوون بگیرێت پێش هەر شتێك، بەچەکی شۆڕشو نەبەردییو هەڵمەتی سەربازییانە چاوی لەپاشەڕۆژێکی رووناكو ئارامو ئاسایی بڕیبوو. هەموو ناڕەحەتییەکانی شاخو هەورازو نشێوەکانی رێگای هەوڵ وخەباتی قبوڵ بوو تاسەبەینێ دادپەروەرییو یاسا سەروەربێتو مافی هەموو کەسێك پارێزراوبێت، نەك وەك ئەمڕۆ پارە دەسەڵاتدار بێت، ئاخر کاتێك پارە دەبێتە خودا مرۆڤ دەبێتە بەندەی پارەو دەبێت وەك کۆیلەیەك پارە بپەرستێت. ئیتر ئەمە سەرەتای هەموو خراپەکارییەکانە. برتۆڵد برێخت،دەڵێت(لە کۆمەڵگەیەك کەپارە تیایدا فەرمانڕەوایەو بەدەستهێنانی پارە جگە لەرێی ناپەسەندەوە مەیسەر نییە، چاکەکاریی دەبێتە درۆ). پێشمەرگەی دێرینیش چاوی هەیەو ئەوە دەبینێ(سەربەستی رابەرایەتی گەل ناکات)، بەڵکو پارە تاکە والیو فەرمانڕەوایەو بیروباوەڕو پرەنسیپەکانی لەشاخ دیعایەیان بۆدەکرا توور دراونەتە زبڵدانی مێژووەوەو بەکلاسیك هەژمار

دەکرێن، ئیتر بڕوای بەهیچ چاکەکارییەکی حیزب و سەرکردایەتییەکەی نامێنێت، ئاسانیش نییە دوای ئەو هەموو ناڕەحەتی و قوربانیدانە بەژیانی خۆ هەروا بەبڕیارێك دەستبەرداری حیزبەکەت ببیت! ئەمە قورسترین بڕیارە و سەختترین دەروونی گەرەکە، مرۆڤ ناتوانێت بەدەستی خۆی کۆرپە یان کوڕە جگەر گۆشەکەی زیندەبەچاڵ بکات لەگەڵ ئەوەشدا پێی شادمان بێت. سەختییەکە لێرەدایە پێشمەرگەی دێرین لەنێوان دوڕیان و دوو ڕێگادا تووشی شۆك و ئازاربووە:

یەکەم: دەستبەردان لەحیزب و کاروانی دووردرێژی خەبات، ئەمەش کارێکی ئەستەم و پڕ لەناڕەحەتییە.

دووەم: قبوولکردنی ناعەدالەتی و ئەو قەیرانە خنکێنەرو کوشندەیەی کۆمەڵگەی کوردیی تیایدا دەژی لەگەڵ چاوپۆشین و دیزە بەدەرخۆنەکردنی دزیی و گەندەڵیی دەسەڵات و پاساوهێنانەوە بۆ نەبوونی ئازادیی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و بێ مافییەکانی جەماوەری خەڵك. ئەمەشیان دوورە لەسروشتی راستەقینە و واقیعی پێشمەرگەی دێرینەوە چونکە ئەو کەسێك بووە لەسەردەمی پێشووتر قبوولی ئەمانەی نەکردووە بۆیە شاخ و خەباتی هەڵبژاردووە بۆیە ئەگەر ئێستا پێی رازی و قایل بێت کەواتە خەبات و بەرخودانی چەندان ساڵی لەسەر چیاکان چ مانایەك دەبەخشێت؟. سەروەرییەکانی دوێنێ قابیلی ئەوەن بەهەڵەکانی ئەمڕۆ لەناوچن وەك ئەوەی بەرپرسەکان کردیان. بارودۆخی کوردستان لەکەناری هەڵدێرو رۆخی تیاچوونە چونکە مرۆڤی کورد لەهەموو روویەکەوە تێکدەشکێنرێت و هەناسەی سافی دووکەڵاویی دەکرێت، هەژاریی وەك پەتایەکی کوشندە پەرەدەسێنێ، ژمارەی هەژاران و بێ دەرامەتان لەئاستێکی ئاسایی دەرچووە، لەولاوە چەندان کەس و بەرپرس بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەبنە سەرمایەدارو ملیۆنێر بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێت پرسیاریان لێبکات ئەمەیان بەچی؟. د. ناجی تکریتی، لەوتارێکدا بەناوی (نامەیەك بۆ کاربەدەستی ولات) دەنووسێت(دەبێت هەمیشە ئەوەبزانیت کەهەرچەندە ژمارەی ملیۆنێران زۆرتربێت ژمارەی هەژاران و نەداران دووهەندی دەبێتەوە). پێویستە کاربەدەستانی ولات بزانن هەژارانی ئەم نیشتمانە خەمناکە سەد بەرابەرو هەزار بەرابەری ئەو ملیۆنێرە بێ بەزەییانە دەبن کەبەوێنەی گروپەکانی مافیا دەستیان بەسەر بازاڕو ئابووری و بژێویی هەژاراندا گرتووە. خەڵك لەم ناداد پەروەریی و جیاوازییە قووڵە چینایەتییە بێزارو رق ئەستوورە بەقەدەر ئەوەش تووشی نائومێدیی و بێ هیوایی و رەشبینی بووە،پێشمەرگەی دێرین بەپلەیەکی زیاتر لەخەڵکانی تر دووچاری ئەم حاڵەتەبووە، چون ئەو لەسەرێکەوە خۆی بەتاوانبار دەزانێت کەئەمە بەرهەمی خەباتەکەی بوو لەسەرێکی ترەوە ناڕازی و بێزارە چونکە خوازیاری ئەم رۆژە نەبووە و هیچ کات لەنیازیدا نەبووە بۆ کوردستانی گەندەڵی و راو رووت خەبات بکات ئەگەرنا نەیدەکرد. پێشمەرگەی دێرین دەیویست مرۆڤی کورد وکوردستان لەئەولەویەتی کاردا بنیاتبنرێتەوە، ئەوی رژێمی بەعس سووتاندی سەوز بکرێتەوە، ئەوی داگیرکەرانی کوردستان کاولیانکرد بەرازاوەترین

شێوە دروستبکرێتەوە، ئەوی بەعس تاریك و لێڵی کرد لەسەر دەستی کورد سپی و روون بکرێتەوە. هەروەك(حسێن دەروێش) دەڵێت(بەرلەوەی بیر لەبنیاتنانەوەی نیشتمان بکەینەوە پێویستە بیر لەبنیاتنانی مرۆڤەکان بکەینەوە، هیچ مرۆڤێکیش ناتوانێت بنیاتنەربێت ئەگەر بێتوو ئازاد نەبێت، ئازادییش وشەیەکی ترسناکە لەنیشتمانێکدا کەکراوە بەزیندانێکی گەورە). پێشمەرگەی دێرین کاری بۆئەوە کردووە وڵات نەبێتە ئەو زیندانە گەورەیەی حسێن دەروێش باسی دەکات بۆیە هەموو ناڕەحەتی و تاڵییەکانی دوێنێ لەلا شیرین بووە، بۆیە نوستن لەسەر تاشە بەردی شاخی بەلاوە دۆشەکی لۆکە و حەریر بووە، بۆیە چەکی سەرشانی لەهەموو شت بەلاوە پیرۆزتر بووە. ساتێ ئێستا دەبینێ ئاوەدانکردنەوەی چی؟ بنیاتنانەوەی چی؟ خەباتی چی؟ کورد و کوردستانی چی؟ کولتووری بەرگریی چی؟ نەتەوایەتی و گەل چی؟ مرۆڤ و مافەکانی چی؟ چی وچی.... هەر هەمووی بوونە بەدرۆیەکی گەورە و جێگەی گاڵتە و شۆخی پێکردن، ئیدی وەرە مرۆڤێك بەو هەموو دەرد و ئازارەی زۆرەی شاخەوە بتوانێت بەرگەی ئەمە بگرێت!. لەبەرئەوە پێشمەرگەی دێرین ناتوانێت لەگەڵ ئەو بارودۆخە بسازێ چونکە رۆحە سەرکەشەکەی رێی پێنادات، مادام وایە نائومێدیی و نامۆبوون لەهەموو لایەکەوە قانگی دەدات و داگیری دەکات. بۆ نەگبەتی ئەو کۆمەڵگەیەشی پێشمەرگەی دێرینی تیا دەژی تووشی هەمان شۆك و پەتا هاتووە ئیدی چۆن دەتوانێت باری سەرشانی سووك بکات و موراعاتی بکات، کۆڵن ولسن، وتەنی(ئەگەر ژیارییەك رۆحی نەخۆش بێت تاك بەهەمان نەخۆشییەوە دەتلێتەوە). کەکۆمەڵگەی کوردیی خۆی نەخۆش بێت و لەهەمان کاتدا دەسەڵاتی سیاسیی یەکەم کەس بێ ئەم ڤایرۆسە تووشی هاتبێ چۆن خەڵك بەگشتیی و پێشمەرگەی دێرین بەتایبەتی دووچاری نەخۆشی وگرێی دەروونی نابێت؟ بۆ پێشمەرگە حاڵەتەکە زۆر جیاوازترو قورسترە چونکە ئەو لەهەموو کەس زیاتر خۆی بەخاوەنی ئەم خاك و وڵاتە دەزانێت. هەر لەبەرئەوەش ئازارو نائومێدیی پێشمەرگەی دێرین لەوانی تر زیاترەو هەستێکی قووڵ و مەزنتری لەخەڵکە ئاساییەکە هەیە، ئەو دوێنێ بەگیانی خۆشی ئامادەبوو داکۆکی لەوڵاتەکەی بکات ئەمڕۆ چۆن دەتوانێت دیل و ملکەچ بێت؟ پێشمەرگەی دێرین وەك مرۆڤی مەزن و بەپێچەوانەی پیاوە گرگنە دەربارییەکان خەمی لەهەمووکەس زیاترەو ئازاری لەمن و تۆ بەسوێ ترەو ویژدانی زووتر دەڕوشێ و بریندار دەبێت. شاتوبریان، دەڵێت(سەرت سووڕ نەمێنێت لەژیاندا ئەرك و ئازارمان لەکەسانی دیکە زۆرترە، چونکە کەسانی مەزن و بەهرەدار ئێش و ئازاری لەکەسانەی بێ جورم و بچووك زۆرترە). لای منیش سەیرو واق وڕمان نییە وەختێك دەبینم زمانی پێشمەرگە پڕ گلەیی ترین زمانەو ویژدانی پڕ ناسۆرترین ویژدانەو رۆحی بریندارترین رۆحەو جەستەی شەکەتترین جەستەیە. بێزایی و نائومێدیی پێشمەرگەی دێرین تەنانەت تائەو سنوورە رۆیشتووە لەبەرامبەر ژیاندا تەواو دڕدۆنگن و ئیرەیی بەمەرگ و گۆڕ دەبەن، بۆخۆم لەکەسێکی زۆر نزیکم کەساڵانێکی زۆر پێشمەرگە بووە بیستووە وتوویەتی حەزم دەکرد

لەگـەڵ فلانەکـەس لەفلانـە داسـتان شـەهیدبوومایەو ئـەم ڕۆژە ڕەشـەو ئەوشکـستو هەرەسـە گەورەیـەی بیروبـاوەڕو حیزبەکـەم نـەدیبا. واتـە هەرەسـی پەشـیمانبوونەوە لەبـەڵێنو وادەو خەونـەکانی قۆنـاغی شـاخ. تەنانـەت هەنـدێکیان گەیـشتوونەتە ئـەو بڕوایـەی وەك(لامـارتین) بڵـێن (گیـانم خەمناکـە وەك مـردن، ئیرەیـی بـەگڵکۆ دەبـەم، ئـای بـۆ ئەوخـەوە قووڵـە درێـژە). زۆرجـار لەبەرپرسە بالادەستەکانی دەبیستم دەڵێن پێشمەرگەی دێرین بۆ ناڕازییـە؟ ئـەوە نییـە زەویمـان پێدانو مووچەی خانەنشینیان هەیە!! . بێگومـان هەیە لەسـەر جۆری ڕێژەی بەهرەمەنـدبوون لـەم ئیمتیازاتانە بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە پێشمەرگەی دێرین تـەنیا شینی خۆی ناکـات، ئـەو دەیـەوێ هـەموو خـەڵکی سـوودمەندبن، ئـەوی بۆخـۆی هەڵدەبـژێرێ بـۆ سـەرجەم هاوولاتیـانی گەلەکـەی هەڵدەبـژێرێ. سـارتەر وتـی(ئـەوی بۆخـۆمی هەڵدەبـژێرم واتـە بـۆ گـشت مرۆڤـی هەڵدەبـژێرم). پێـشمەرگەی دێـرین بەهەسـتێکی سـارتەرییانەوە داوادەکـاتو هـیچ شـتێك تـەنیا بۆخـۆی نییـە. پێـشمەرگەی دێـرین هـەرگیز نایـەوێت خـۆی پۆشـتەو پـەرداخو خـەڵك رووتو ڕەجـاڵ بێت ئـەو گەرەکییەتی یەکسانی بەبێ منو تۆو هیچ پێودانگێك بەرجەستە بکرێت. (س– ص)و (ل– ع) وەك یـەکبن لەتـەرازووی یاسـا وئەرکو مافەکانـدا. خـەونو خـەباتی پێـشمەرگەی دێـرین بـۆ وەرگرتنـی پارچـەیەك زەوی نـەبووە ئـەو کەچیـاو دۆڵو خەرەنـدو تاڤگـەو جۆگـەو ئەشـکەوتو ڕەزو بـاخو کانیو زنەی ئەم وڵاتە بەموڵکی خۆی دەزانێت چ پێویستی بەو پاداشتە هەیە تاپۆیـەکی ڕزیـوی بدەنە دەستو بڵێن فەرموو ئەو پارچە زەویە لەبری هەموو خەباتەکەت. پێشمەرگەی دێـرین خـۆی بە(مۆسۆلۆنی)نازانێت تابڵێت(ئەوەی کەپۆڵای هەیە نانی هەیە). ئەو دەیەوێ پۆڵادارو بـێ پـۆڵا، چەکدارو بێ چەك هەموو نانو ئازادییان بەرلەهەر شتێك هەبێتو هەلی ژیانیان بۆ بڕەخسێنرێتو کامەرانیو شادییان بۆ مسۆگەر بکرێت. بـەڵام لـەواقیعی حاڵـدا نـە پێشمەرگەی دێرینو نەخـەڵك بەگشتیی سـوودمەند نـەبوونو لـەوەپتریش بوونـەتە هـەوێنو سووتەمەنی ڕێگـای دەسـەڵاتدارانی کـورد بـۆ مانـەوەیان لەسـەر کورسـی فـەرمانڕەوایی. مـرۆڤ لـەنێوان یـاخی بـوونو نائومێدییـدا یەکێکیان بۆ دەمێنێتـەوە، لـەواقیعی گـۆڕاوی دنیـای نوێـدا یـاخی بـوون قورسـترو نـاڕەحتترە بۆیـە نائومێـدیی بەئاسـانی یەخـەی خـەڵك دەگرێـت، خەسـتترین نائومێـدییو نـامۆبوونێکیش دەبێتـە میوانی دڵی پێشمەرگەی دێرین. لەخۆڕا نییە دەبینین هەنـدێکیان بەرگـە نـاگرنو بـەبێ هیوایـەوە ڕێگـای تاراوگـە دەگرنەبـەر یـان بەشـێکی هـەرە زۆریـان بـەهۆی کحـولو مـەی خواردنـەوە خۆیـان بەتاڵدەکەنەوەو هەوڵی خۆ قووتارکردن دەدەن لەدەست ئەو واقیعە تفتو تاڵو نائومێدکەرە، بگرە هەنـدێکیان مـاددەی سـڕکەرو بـێ هۆشـکەرو ئارامبـەخش بـەکاردەهێنن بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی خۆیـان تـا ئـەوە هـیچ نـەبێ لەئاکامـدا شـێت نـەبن. ولیـەم فـاش دەڵێـت(ئەوکەسـەی خـەمی هەیـە شەرابیشی هەیە). فاش دەڵێی ئەم قسەیەم تـەنیا بۆ پێشمەرگە دێرینـەکانی کورد وتووە چونکە پێشمەرگەی دێرین زۆربەیان هیچیان نییە جگە لەغـەمو شـەراب. بەهـەرحاڵ دوای ڕاپـەڕین لـەبری

ئەوەی پێشمەرگەی دێرین قەرەبووی ڕۆژانی ناهەمواری بۆ بکرێتەوە، لەجیاتی ئەوەی خەونەکانی بکرێتە واقیعو ئاواتو ئومێدەکانی بەدیبهێنرێت کەچی هەنووکە فەرامۆشکراوەو تووشی نائومێدیی و بێ هیوایی کراوە. بەڵام ئەمە ئەوەناگەیەنێت کۆڵبدات، ڕەنگبێ وازهێنان و بەرەڵلاکردنی جڵەوی ئەسپە شێی دەسەلات کارەساتی لەوەزیاتر بنێتەوە، حەقوایە پێشمەرگەی دێرین جووڵە لەخۆی نیشان بدات، ڕاستە تووشی شکست بووە بەڵام شکست بەمانای کۆڵدان نایەت، هەمەنگوای، دەڵێت(ڕەنگە مرۆڤ تێکبشکێت بەڵام هەرگیز کۆڵنادات). ئێمە چاوەڕوانیمان هەیە لەپێشمەرگەی دێرین هەرچەندە دەزانین لەناخی هەریەکێکیاندا گریانێکی بەکوڵ هەیەو لەرووخساری کاتی پێکەنینیاندا فرمێسکێك خۆی حەشارداوە،ڕەنگە بەوجۆرە بێت کە(نازم حیکمەت)لەم چەند دێڕە شیعرەدا وەسفی دەکات:

مرۆڤ چۆن ئەتوانێ بگری و ناخی دڵی پێی نەزانێ

مرۆڤ چۆن ئەتوانێ شەرم داینەگرێت و

وەکو لێزمەی باران بگری

وا ڕاهاتووی، وەکو پەیکەرێکی بەردین دائەنیشێ و

ناخت ئەگری و ڕووخساریشت پێئەکەنێ

ئای کوڕم چەند گرانە

گەیشتن بەو قۆناغە گریانەی وەکو

گریانی قووڵی دایکانە.

* ئەم وتارە لەژمارە (٢) ڕۆژنامەی(مادێنە) لە ڕۆژی ١٥\٦\ ٢٠٠٦ بلاْوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاْوبووەتەوە:
- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# کۆتایی تیرۆریستەکان لەعێراقە

شتێکیدیارە ئاشکرایە جەمسەری تیرۆری نێودەوڵەتی کەخۆی لەئیسلامی سیاسیی بەشێوەیەکی گشتیی وریکخراوی ئەلقاعیدەدا بەتایبەتی دەبینێتەوە، ئاگری جەنگێکی کویرانەیان لەگەڵ دنیای شارستانیتیو مۆدیرن هەڵگیرساندووە،لەم جەنگەدا کەجەنگێکی گەرمو پڕ توندوتیژییو داپلۆسینە،ئیسلامگەرای سیاسی خوازیارە بەگالیسکەو شمشێری زەمەنی پێغەمبەر(محەمەد) هەموو دەسکەوتە پۆزەتیڤەکانی دنیای ئەمڕۆ چ لەلایەنی مەعنەوییەوە چ لەلایەنی بەرجەستەوە وێران بکاتو لەجێگەیدا دنیایەکی میسالی لەقاڵبدراو بەعەقڵییەتو بەرنامەکەیان جێگیر بکەن. لەو کاتەوەی باڵی عەقلانی وریفۆرمخوازی نێو ئیسلام لەسەر دەستی باڵی سەلەفی شکست دەخوات، ئیدی کتێبی قورئان وپەیامی ئیسلام دەبێتە میتۆدو پلاتفۆرمی هێزێکی چەکداری وێرانکار کە تا ئەوپەڕی وەحشییەتگەرایەتی دوژمنایەتی خۆیان لەبەرامبەر ئازادییو مرۆڤ و ژیانی مۆدیرن رادەگەیەنن و کۆشش بۆ لەناوبردنی دەکەن. هەر لەیەکەم ساتەوە گروپی برایانی (اخوان المسلمین) هاتن بۆ گێرانەوەی چەرخی رۆژگار و رەورەوەی پێشکەوتنی جیهان بۆ سەردەمی (بەرائەتی)خەلیفەکان کەبەبڕوای(**سید قطب**)ی تیۆرسیۆنی ئیسلامگەرایی جیهادیی نەوەیەکی قورئانی بێ وێنەبوون، کەلەلای ئەوان جگە لەقورئان هەر نامەیەکی تر بیەوێت ژیانی مرۆڤ ئاراستە بکات نامەیەکی شەیتانی رەتکرایەوە، تێگەیشتنو خوێندنەوەی ئیسلام لەلای باڵی رادیکاڵی بەو جۆرەیە کەئیسلام بەهەر نرخو شێوەو جۆرێکە بکرێتە دینو رێسای ژیانی سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتی و بۆ ئەو مەبەستەش لەبەر تەنگەنەفسیو رەهابوون و دۆگمابوونیان لەنێو کەلەپووری قورئان وئیسلامدا رێگا بەخۆیان دەدەن لەبەرکارهێنانی کوشتن ولەناوبردن و وێرانکردن تا جێکەوتەی پەیامەکەی خۆیان بکەن، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو قاعیدە شەرعییەی کەدەڵێ ( **الغایە لاتبرر الوسیلە** ) کەئەوان کتومت بەپێچەوانەی ئەم یاسایە هەنگاو دەنێن.ئەمڕۆش عێراق یەکێکە لەمەڵبەندە لەبارو سەرەکیو بنەڕەتییەکانی جموجۆڵو مانۆڕی خۆتەقاندنەوەو کوشتن و تیرۆر بەهەموو جۆرەکانییەوە لەلایەن ئیسلامگەرانی جیهادییەوە، دەبینین هەرچی تیرۆریستانی دنیایە لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا کەتا چەند ساڵ لەمەوبەر لەژێر چەتری تاڵیبانو ئوسامەو مەلا عومەردا کۆببوونەوەو لەئەفغانستاندا تەراتێنیان دەکردو هەڕەشەیان لەجیهانی شارستانی دەکرد،

مەرکەزی کردەوەو جموجۆڵە تیرۆریستییەکانی خۆیان گواستۆتەوە بۆ عێراق ئەم وڵاتەیان کردووە بەجێگەی یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئیسلامگەرای جیهادیی لەدنیادا.بەپێی ئەو زانیارییانەی کەدەستی دەزگاکانی هەواڵگریی وراگەیاندنەکان دەکەون ئەو تیرۆریستانەی کەدوای کوشتنیان یان لەکاتی دەستگیرکردنیاندا ناسنامەکانیان ئاشکرابووەو دەرکەوتووە خەڵکی هەموو دنیای عەرەبی لەکەنەداوەوە بۆ ئۆقیانووس بەشی زۆرینەی ئەو تیرۆریستانەیان پێکهێناوە، بێجگە لەهێنان و سنووربەزاندنی دەیان تۆڕو هەزاران کەسایەتی تیرۆریستی لەئاسیای نێوین و باکووری ئەفەریکاو تەنانەت لەرۆژهەلاتی ئەوروپا. بوونی (ئەبوموسعەب زەرقاوی) وەك سەرکردەیەکی تیرۆری نێودەوڵەتی وسەفیری تیرۆریستەکانی جیهان لەعێراقدا کەراستەوخۆ سەرپەشتی کردەوە تیرۆریستییەکانی نێو عێراق دەکات بەڵگەی ئەوەیە کەئەو جەمسەرەی تیرۆر قورسایی خۆی خستۆتە سەر عێراق. بۆیە جەنگو رووبەڕووبوونەوەو پێکهەڵپرژانی تیرۆریستەکان لەلایەك و عێراقییەکان وسوپای هاوپەیمانان لەلایەکی تر چەند دەقیقەیەکی چارەنووسسازن بەنیسبەت هەر لایەکەوە. ئەگەر جەمسەری تیرۆری نێودەوڵەتی سەرکەوتن بەدەستبهێنن پاشەڕۆی عێراق مەحکومە بەئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبان.هاوکات شکست هێنانی پرۆژەی دیموکراسی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا،بەتایبەتی شکستی ئەو پرۆژەیەی ئەمەریکا ناوی لێناوە پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە، بەپێچەوانەوەشەوە ئەگەر هاوپەیمانان وعێراقییەکان توانیان سەرکەوتن بەسەر تیرۆریستەکاندا بەدەستبهێنن،ئەوا بەشێك لەپرۆژەی دیموکراتییەت کەهاوپەیمانان نەخشەیان بۆ کێشاوە لەسەرکەوتن نزیکدەبێتەوەو هەرواش دەروازە دەکاتەوە لەبەردەم پرۆژەی دیموکراتیزەکردنی ناوچەکەداو کۆتایی بەتیرۆریستەکان دێت یان ئەگەر بتوانن بەشێوەیەکی دابڕاو وپەرتەوازە بمێننەوە ئەوا بوونێکی لاوازیان دەبێ و ناتوانن بەو شێوە بەرچاوەی ئەمێستا ببنە مەترسیی وهەڕەشە بۆ دنیای شارستانی ئەمرۆ. بۆیە دەتوانین وایدابنێین کە:کۆتایی تیرۆرستەکان لەعێراقە.

* ئەم وتارە لەژمارە (٤٨) رۆژنامەی(ئەمرۆ) لەکۆتایی ئابی ساڵی ٢٠٠٤ بلاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاوبووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# کاتێك خەونی کریستاڵیی ژنێك هەپرون دەبێت، قەسیدەیەك لەدایك دەبیٚ

لەپەراوێزی قەسیدەیەکی (کەژاڵ ئیسماعیل)دا

وەختێك ژن هەستی خۆی دەردەبڕێت، پیاو دەحەپەسێت

ڤێرجینیا وٚلف

ژبەرئەوەی رەخنەگری ئەدەبی نیم،یان هەر هیچ نەبێت ئەدیب نیم،ئەم دێڕانە ناچنە ناو خانەی رەخنەی ئەدەبی یان خوێندنەوەی ئەدەبی،زیاتر رەنگدانەوەو ورتە ورتی هەستی خوێنەرێکە کەدەیەوێ لەگەڵ شاعیرێکدا کەمێك گفتوگۆ بکات.وەختێك قەسیدەی (لەودیو پەردەی چاوەکانمەوە)ی (کەژاڵ ئیسماعیل)م خوێندەوە(١)، تێگەیشتم لەبەردەم شیعرێکی ئاساییدا نیم، چون لەگەڵ هەر جارێکی خوێندنەوەیدا زیاتر بەماناو ناوەڕۆکیدا رۆدەچووم وچێژی پێدەبەخشیم شاعیر لەم قەسیدەیەدا بەزمانێکی مەجازیی وریتۆریکیی کاریگەر هاتۆتە دوان و وەك هێڵە بەیەکداچووەکانی زەخرەفەیەك ریزبەندیی وشەو دێڕەکانی کردووەو بەفۆرمێکی ئەدەبی بەرز پەرەگراف ورستەکانی پێکەوە گرێداوە. گۆتیٚ وتی(شیعر سەر بەهیچ لقێك لەلقەکانی هونەر نییە، تەنیا سەر بەبلیمەتییە). شیعر(پۆیەتیکا) لەمارکێت ناکڕدرێت،شیعر لەقوتابخانە ناخوێندرێت، شیعر وەك بڕوانامە لەزانکۆ بەدەستیناهێنیت،شیعر بەمیرات بۆ کەس بەجێنامێنێت،شیعر لەسەر لوتکەی چیایەکی گەردن بڵند دانەنراوە دایگریتە خواریٚ،شیعر تاجێکی ئاڵتوونی نییە بەپولٚ بیکڕیتو وەك پادشا لەسەری بکەیت، شیعر پارەو سامان نییە بەئارەقی نێوچەوان بەدەستی بهێنیت، شیعر بلیمەتییە،هەر لەبەر ئەم هۆیەیە لەهەموو چاخ وزەمانێکدا شاعیران لەڕەشۆك و عەوامەکان جیابوون وجیاکراونەتەوە. کەژاڵ ئیسماعیل یەکێك لەو شاعیرانەیە ئەسپی بلیمەتی لەمەیدانی شیعری کوردییدا تاوداوە،ئاخر وەختێك شیعرێکی ئەو دەخوێنیتەوە باکگراوەندێکی قووڵ لەڕامان ورۆشنبیریی هەست پێدەکەیت،ئازارێکی لەبن نەهاتوو دەدۆزیتەوە،خەونێکی بریندار سلاٚوت لێدەکات وهەناسەیەکی گەرمی بەغەم داڕێژراو دەبینی،دڵێکی بەدەزری ئاژنکراو خۆی قیت دەکاتەوە..ئەم غەمە قووڵە،ئەم ئازارو ناسۆرە ناکۆتایە وئەم دڵە رەنجاوە لەناو خۆیدا پەنگ ناخواتەوە، نا بەڵکو وەك گڕکانێکی توورە بۆژیان لەبۆتە داهێنانێکی ئەدەبیی بەرزدا دێتە دەریٚ، بەباڵای قەسیدەیەکدا پەرش وبلاٚو دەبێتەوە، قەسیدەیەك دلٚ دەگوشیٚ وئاگر لەئاودا دەسووتێنیٚ ولەسێوی مەرگ شەربەتی ژیان دروستدەکات و لەناڵەو گریان قووڵی پێکەنین دێنێتە دەریٚ ولەفرمێسك قاقا جۆشدەدات،لەدرەختی زڕی نائومێدیی گوڵی گەشی هیوا دەدرێنیٚ و

لەبەهارێکی سامانڵ و ڕەنگ سەوزدا دەیدا لەیەخەی دیوان وشیعری. ناتالی ساروت، دەیووت (کەدەنووسم بیر لەوە ناکەمەوە چیم،بەڵکو بیر لەو شتە دەکەمەوە کەدەینووسم،بەتەواوی ئاوێتەی کارەکە دەبم).ئەم شاعیرەمان وا نانووسێ ژنە، بیری دەچێتەوە سەر بەکام جێندەرە، ئەو وەك مرۆڤ دەنووسێ و بۆ مرۆڤ دەنووسێ،ئەو شادییەکانمان لەگەڵ بەش دەکات وغەمەکان هەڵدەگرێتەوە بۆ خۆی، بیر لەوە ناکاتەوە شیعرەکانی کام شاو میر تووڕە یان شاگەشکە دەکەن،کام مەلاو شێخ بێزار دەکەن، کام پیاوسالار وخاوەن دیوان هەراسان دەکەن. نا، ئەو دەنووسێ بۆئەوەی بزەیەکی تۆراو بگێڕێتەوە بۆ سەر لێوی منداڵێکی دەستفرۆش،دەیەوێ زمانێك بدۆزێتەوە تیژ وەك خەنجەر نەرم وەك ئاوریشم بۆ ئەو بێ زمانانەی زۆرینەی خەڵکیان پێکهێناوە،نایەوێت دەبەیەك بەنزین بەخۆیدا بکات وبەدەنکە شقارتەیەك جەستەی بکاتە خۆڵەمێش، نا نا دەیەوێ دەریایەك بەنزین بکات بەسەری کولتووری چەقبەستووداو بەدەنکە شقارتەی شیعر گڕی تێبەردات. شیعر لای ئەم شاعیرە بۆ خاوەن شکۆو خاوەن دەسەڵاتان نییە،شیعر لای ئەم شاعیرە بۆ ئاهەنگ وکەیف و سەما نییە، شیعر لای کەژاڵ کاسبی وکیسەی پڕ زێڕو مرواری نییە، شیعر لای وی پەمپدان وجۆش و خرۆش نییە،شیعر لەکن ئەو چەکە، چەکێکی فیکریی وفەلسەفیی بۆ تێگەیشتن لەدنیاو بۆ بیرکردنەوە لەخودو هەبووەکانی چوار دەور. شیعر لای وی رۆڵی هەیە،وەك جگەرەکێشان رەفتارێکی تاکە کەسی نییەو وەك ملوانکە تەنێ لەگەردنی خۆیدا نییەو وەك بازنیش لەمەچەکی خۆیدا کەلەپچەی نەکردووە. "ئەدۆنیس"ی شاعیرو بیرمەندی عەرەب دەبێژێت (پێویستە لەسەر شاعیر هاوشێوەی ئەو کەسە نەبێت خوێنەر دووچاری سەرسوڕمان دەکات،بەڵکو دەبێت ئەو کەسە بێت کەخوێنەر هاندەدات لەسەر تێگەیشتن لەو شتانەی ڕوودەدەن). مامۆستا ئەدۆنیس، خۆشبەختانە من شاعیرێك بەناوی (کەژاڵ) شك دەبەم،بەشیعر تێماندەگەیەنێت لەنێوان ژیان و مردندا هەر یەك هەناسە هەیە،کەواتە باڕێزی هەناسەیەك بگرین!چون دیواری نێوان دوو دنیای دژ بەیەك وپێچەوانەیە،دنیای بێ دەنگ ورەنگ لەگەڵ دنیای فرە رەنگ وجەنجاڵی. شاعیرێك پێدەزانم بەپێچەوانەی گۆرانیبێژەکانی یانەی شەوانەوە کەلەناو دمبك دمبك وژاوەژاودا دەنگی نووساویان دیار نییە، ئەو لەم دنیا جەنجاڵ وتژ لەهەراو هوریایەدا بەئیقاعەوە سادەو نەرمەکەی سەرنجمان رادەکێشێت و ستۆپی بیرکردنەوەمان پێدەگرێت. بیرکردنەوە لەژیان، بیرکردنەوە لەرێگەیەکی تر بۆ هەناسەدان، بیرکردنەوە لەسکێچکردنی نیشتمانێکی جاویدانی کەلێوانلێو بێت لەعیشق و ئازادیی. هەنووکە بیردەکەمەوە کاتێك مەسیح بزماری لەچوارمێخەدان بەجەستەیدا داکوترا، خودایە چەندە ئازاری کێشابێ وچۆن گوزارشتی لەو خوێناوە کردبێت؟.ئاخۆ کاتێ سۆکرات جامە ژەهرەکەی نۆش کرد هەستی چۆن بووبێت؟.. ئەی کاتێك شمشێر لەسنگی پۆشکین دەچەقێنن دەبێت خەیاڵی لای کام چامەی بووبێت؟نازانم وەختێك گۆرکی لەگیانەلادا بوو بیری لای چینی کرێکارو پاڤلی پاڵەوانی رۆمانی دایکەکەی مابوو؟!!.. نازانم، نازانم. نازانم کەژاڵ کاتێك هەواڵی

سووتانی کچێك، سەنگەساری ژنێك، خنکاندنی خەونێك دەبیستێت بیر لەشیعر یان لەکام وتار بۆ رۆژنامەیەك دەکاتەوە؟. دەزانم لەگەڵ هەر غەمێکدا قەسیدەیەکی هەیە بۆ وتن،بەڵام لەترسی زۆربێژیی هەندێجار قەسیدەکان لەقورگیدا دەتاسێن ولەدایك نابن، هەندێجاریش کەلەدایك دەبن قووتمان دەدەن وئاوی ئاموون وتووزیبابا دەچین.خانمە شاعیری پۆڵەندیی(ڤیسلاڤا شیمبۆرسکا) وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ١٩٩٦ دەڵێ:(زۆرێك لەشیعرەکانم لەدەردو ئازارەوە هەڵقوڵاون). ئەم شاعیرەی کوردیش قەسیدەکانی زادەی ژان وژوارن و وەك سەدایەکی بڵند بەنێو بێدەنگیماندا رەت دەبن، وەك جریوەی مەلێك بەناو خەیاڵەکانماندا گوزەر دەکەن،وەك گاشەبەردێکی گەورە گۆمی مەنگی مانگرتن لەوتنمان دەشڵەقێنن وزمانمان بۆ ئەبەد دەپژێنن. بیرم کردەوە شاعیری کام ئازار؟ ئازار وەك چی؟ئازار، ئازار، وەك ئازاری نەتەوەیەکی پەرِوباڵکراوی نێو وانەی مێژوو،ئازاری نوگرەسەلمان یان تۆزی ئێسك وپروسکی گەنج وپیری ئەنفالکراوی کورد،ئازاری نەبڕاوەو ساڕێژنەکراوی خەونی لەباربراوی هەزارەها کیژۆڵەی قوربانی دەستی عەقڵی خێڵ ومۆتەکەی شەرەف وناموسی گرێدراو بەژنەوە.ئازاری ژنێکی کوژراو،ئازاری دایکێکی جەرگسووتاو، ئازاری نازدارێکی تیرۆرکراوی خێر لەخۆنەدیو،ئازاری ژنێك کەشەرەف وکۆنەپەرستی وەك تەوق کراوەتە گەردنی، ئازاری کچە کوردێکی ئەسمەری، چاو و برۆ رەشی ئەسیری بنەماڵەو دیلی چوار دیواری ماڵ. ئازاری ئەو هەموو ئازارەی لەباسکردن نایەن،ئازاری ئەو هەموو غەمەی وەك سەرچاوەی گڕی سووری باوە گوڕگوڕ رۆژانە جۆش وقوڵپ دەدەن. لەزەمەنی ژان وئازاردا، ئەم شاعیرەمان نایەوێ هەستەکانی بتاسێنێ، نایەوێ غەمەکانی کەهەر غەمی خۆی نین وەك تاکە کەس لەئەشکەوتی خەیاڵیدا بشارێتەوە، زگی عەمباری غەم نییە وهەستی خۆی ناکاتە قوربانیی بێدەنگی. لەپەنا (دوروتی بریگز) دەڵێت (کاتێك هەستەکانمان دەشارینەوە، بەخۆمان وبەکەسانی تریش بێگانە دەبین). ئەم شاعیرە نایەوێ بۆ پاراستنی پەیکەری کولتووری کۆن و شێرە بەفرینەکانی دەسەڵات، دەمی شیعرەکانی لغاو بکات،سۆزەکانی هەڵپاچێت، وشەکانی بۆیاخی سەوزو سوور بکات. دەیەوێت بەئازادانە، دوور لەسانسۆری عەقڵ و دەسەڵات وشەریعەت وهەرچی رەنگەکانی تری سانسۆرە بنووسێت، بەڵی دەنووسێت وەك ئەو باڵندەیەی بەبێ حیسابکردن بۆ میزاجی شێرو رێوی، چەقەڵ و کەمتیار، هەنگ ودووپشك، پڕ بەگەرووی لەدارستانێکدا دەخوێنێت. دەنووسێ وەك چۆن عاشقێك بەتاسەو حەسرەتەوە نامەیەك بۆ مەعشوقەکەی دەنووسێ،شیعری خۆشدەوێ وەك چۆن زاهید یان سۆفییەك لەخۆشەویستی خودادا دەتوێتەوە، دەنووسێ بێ سڵەمینەوە، ئازادیی دروشمییەتی ومرۆڤ، تەنیا مرۆڤ ئامانجییەتی. هۆڵدرلین وتی (هۆ شاعیران وەك پەرەسێلکەکان ئازادبن). زۆر داخی گرانم هۆڵدرلین ئەم شاعیرەی ئێمەی نەدیوە،دەنا دەیووت هۆ شاعیران وەك ئەم شاعیرەی کورد ئازادبن، ئازادیی بەمانای هەموو شت نووسین نا، بەمانای تێکشکاندنی شورەی ئەستووری ترادیسیۆن وروخاندنی دیوارەکانی سانسۆرو زاڵبوون بەسەر

جەنگی دەسەڵات ومردن لەپێناوی ژیانی وشەدا. ژیان لەپێناوی وشەدا، ژیان لەپێناوی وتندا، ژیان لەپێناوی هەڵوێست ودەنگ هەڵبڕیندا، ژیان لەپێناوی نەترسان لەرەخنەو بەیاندا. من دانی پێدادەنێم ونایشارمەوە، لەوەتی بەرهەمی ئەم شاعیرە دەخوێنمەوە، هەستمکردووە شیعر پیشەسازییەکی قورسە،وا تێدەگەم شیعر لەمردن گرانترە،وەها دەبینم شیعر شۆڕشە، عەگیدو پاڵەوانی دەوێ. هەتا ئەو کاتەشی بەقووڵی بەرهەمی شاعیرانم نەخوێندبووەوە، نەمدەزانی (ئەدۆنیس) بۆچی دەنووسێ؟: (چوونە نێو شیعر وەك چوونە نێو باخچە نییە، چونکە لەباخچەدا بەئاسانی دەتوانی بەرهەمەکان بڕنی،بەڵام چوونە نێو شیعر وەك چوونە نێو گێژەنی شەپۆلە، دەبێت سەرچڵ بیت دەنا شەپۆلی شیعر دەتخنکێنێت). هەنووکە دەزانم شیعر ترسناکە،شیعر رەنجدان و زەحمەتە، هەڵوێست وجەرائەتە وشاعیرییش پیشەیەکی مەترسیدارە وەك شاخەوانیی کەرەنگە لەو چیا هەزار بەهەزارییەوە بکەویتە خوارەوەو رەنج بەخەسار بیت. ئەی شاعیران، نووکە دەزانم ئێوە زەڕنەقووتە نین بەڵکو چۆلەکە پاسارییەکی سرك وسەرەڕۆن. تازە بەتازە پێمزانیوە ئێوە کامێرامان نین تا کۆپیی واقیع بکەن ولەبۆتەی شیعرێکدا پەیستی بکەن، ئێوە بەرهەمهێنی واقیعێکی نوێن، لەناو تێکستەکانتاندا کۆمارێکی گەورە هەیە بەناوی کۆماری خۆشەویستی و یەکتر ویستن.دەزانم ئێوە لەدەریا دەچن،بەیانیان کچێکی شەرمن وناسکۆڵەو ناوقەد باریکی چاوشینی بەنازن لەگەڵ خوێنەر وهاونیشتمانییەکانتان،ئێوارانیش پیرەمێردێکی قەڵەوی تێکسمڕاوی توورەی قژ ماش‌و برنجی چوارشانەو مرومۆچن لەگەڵ میرو کاربەدەستە گرگنەکان. دەزانم ئێوە پادشای تەنیایی وئیمپراتۆری غەم وسیناتۆری هەڵوێست و باڵیۆزی عەشق وئەڤین و ژەنەڕاڵی جورئەتن، بەڵام چی بکەم ئێوە بوونەوەرێکی تایبەتین! ئێمەی ئاسایی تەنیا دەتوانین پێتان سەرسام بین ولەنێو تێکستەکانتاندا خۆمان بابدەین.. لەوەتی هۆنراوەکانی کەژاڵ دەخوێنمەوە هەست بەدەنگێکی نادیار دەکەم لایلایەم بۆ دەکات،هەست بەسۆزێکی قووڵ دەکەم هاوڕێی تەنیاییمەو لەشادیشدا لەتەنیشتمەوە دەخەنێتەوە. هەست بەدڵێك دەکەم زۆر لەوە گەورەترە جیهان بەو هەموو مەزنییەوە بتوانێت جێگەیەکی کەمی لێ داگیر بکات جا نەخاسمە گەردێکی بچووکی وەك من کەوەك ئەنگوستیلەیەکی فڕێدراو وام لەدەشتێکی بێرون یان بیابانێکی چۆڵدا. جارێکی تر مرەکەبی پێنووسەکەم مان دەگرێت وداوا دەکات یادداشتەکانی غەم بنووسێتەوە!!.ئەم پێنووسە نەفرەتییە هەمیشە دەمباتەوە بۆلای غەم وعەزاب، ژان و ژوار، بۆ نێو قەڵای تەنیایی وکەساسی، قەڵەم دەنووسێ بزانە شاعیرەکانیش وەك تۆ خۆشەویستەکانیان لەدەستداوە،هەروەك تۆ رقیان لەکاتە چونکە شەمەندەفەرێك بووە کەس و شتە ئازیزەکانی ئەوانیشی بۆ وێستگەی نادیاریی بردووە،کات وەك رەشەبا پریاسەکەی حەزو خۆزگەکانیانی پەرش وبڵاوکردۆتەوە. دەهزرێم ودەستم لەژێر چەناگەم داناوە،ئاخۆ (بەرتراند رەسڵ) باسی ئەزموونی ژیانی کام شاعیر بکات یان بەتیلەچاو بۆ کام شاعیر دەڕوانێت؟، ئەو وەختەی دەڵێت

(شاعیران بەدەست هێزودەسەلاتی کاتەوە زۆریان نالاندووە،چونکە ئەو شتانەی خۆشیانویستوون لەرەوتی تێپەڕینی کاتدا نەماون).

ئای شاعیرەکەی خۆمان دەبێ کات چەند غەدری لەتۆش کردبێ وچەندیش دلڕەق بووبێ بەرامبەر بەخولیاو خەونەکانت؟ هەروەك چۆن هەریەك لەئێمە کات دەیان جار بەشمشێری خیانەت زامداری کردووەو ژیانی تژکردووە لەبۆن سۆی تەنیایی. هەرچی بلێم هەر کۆتایی نایێ ناچار بەکەتەری قەلەم داوی ئەم کلافەیە دەقرتێنین وشاعیرێك بەجێدەهێلین کەوەك مام هێمن موکریانی و لەگەل ئەودا دەلێت:

گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز

تا بنالێنم وەك بلوێر بەسۆز

گەرچی نالەم تێکەلی نەی کردووە

شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە

کەژالی شاعیر هەر غەم وئازارێك پەلیان گرتبێ بۆ نێو شیعر بێ هیچ سێ ودوویەك لەگەلیان چووە، بەلام ئەو لەشیعرەکانیدا نەك رەشبینی وجۆرێکی تر لەغەم بەرهەمناهێنێ بەلکو غەریزەی ژیاندۆستی وایلێکردووە شیعرەکانی وەك سنەوبەرێکی تەر بۆنی خۆشیان وەك میسك وگولاو بگاتە حەوتەمین چینی ئاسمان، هەریەك لەقەسیدەکانی مەرکانەیەك ئاوی ساردو فێنکن بۆ هەر تینوویەکی عەودال بەئاو وتێرخواردنەوە.

هەموو ئەم دێرانە تیشکدانەوەی هەستی منن وەك ئەنجامێکی خوێندنەوەی بەردەوامی شیعرەکانی کەژال ئیسماعیل،لویس ئەراگۆن وتەنیش(هەموو کەسێ کەدەخوێنێتەوە رەخنەگرە، کەبەکول کتێبێك دەگرێتە باوەشی یان رەتی دەکاتەوە).چی بکەم بەخۆم نییە، هەر جارێك قەسیدەیەکی نوێی ئەم شاعیرە دەخوێنمەوە تەسلیمی دەبم ودەیگرمە باوەشم، چون ئاوێنەیەکی ساف و روونن سەرلەبەری ژیانی خۆمیان تێدا دەبینمەوە.

**پەراوێز:**

(١) بروانە بۆ گۆڤاری (رامان) ژمارە (١٢١) حوزەیرانی ٢٠٠٧ –ل١٢. سەرەتای تەمموزی ٢٠٠٧

*ئەم وتارە لەژمارە (٧١٩) رۆژنامەی (ئالای ئازادی) لەرۆژی ٢٣\٧\٢٠٠٧ بلاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو مالپەڕەدا بلاوبووەتەوە:

– www.kurdistannet.org

– www.klawrojna.com

# شەهیدانی تەقینەوەکانی کەرکووك هێماکانی ئازادیی وژیان

پێشکەشە بەرۆحی(مستەفا قەرەداغی – د. ئەحلام – ئیڤانا) سێ لەشەهیدەکانی تەقینەوەکانی ناو کەرکووك

بەداخەوە لەشەڕ وململانێ ئەزەلی وهەتاهەتاییەکەی لەگەڵ سروشت ولەپێناوی مانەوەدا مرۆڤ شکست دەهێنێت ودواجار مەرگ بەسەر ژیاندا زاڵ دەبێت وزۆرانبازییەکەی لێ دەباتەوە،لەوەش سەختتر هێزە تاریکبینەکان هەمیشە هەر براوە بوون وبەئاسانیی ئەو دەستکەوتە مەزنانەیان لەناوبردووە کەرۆشنگەرەکان بەسەختیی وپرۆسێسێکی مێژوویی وهەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر لەژیاندا چێیانکردووە،لەوە زیاتریشیان لەدەست هاتووە وخودی مرۆڤیان لەبەنرخترین هەبووەوە گۆڕیوە بۆ بێ ڕێزترین رۆحلەبەر وهەرکات ویستبیان ژیانیان رەش کردۆتەوە،هەر ئەوە بەسە خۆکوژێکی رق ئەستوور بەرامبەر بەژیان وشەیدای مەرگ بەچرکەیەك وبگرە کەمتریش لەچرکەیەك جەستەی سەدان مرۆڤی عاشق بەژیان بکاتە خۆڵەمێش وسەدان خەونی جوان بەگڕی تەقینەوە هەلا هەلا بکات،خۆ تووڕەکردنی دڕکێك بەسە بۆ ژاکانی رۆحی سەدان گوڵ،فەتوایەك بەسە بۆ هەستانی لافاوی فرمێسك،غەزەبی مەلایەکی کۆنەپەرست بەسە بۆ سەنگەساری دەیان کوڕو کچی عاشق،بۆمبێکی بچووکی دەستی زلهێزەکان بەسە بۆ کۆتایی هاتنی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە ، ئوسامەیەك بەسە تا خۆزگەو حەسرەتی هەزاران قومریی شەیدا بەفڕین وملیۆنان ماسی تینوو بەئاوی ژیان بکرێتە کۆیزوخاڵ. ئاخر ژیان چۆن ماناو تامێکی تێدا دەمێنێ کەهێندەی تنۆکە ئاوی دەریاکان و بەقەد خەونی مرۆڤەکان ویست وحەز هەیە بۆ جەنگ وکاولکاریی و خوێنی ڕژاو و فرمێسکی قەتیسماوی نێو چاوەکانمان؟. تەقینەوەکەی رۆژی١٦-٧شاری کەرکووك نموونەیەکە لەهەزارەها نموونەی تری هەوڵی تاریکپەرستەکان بۆ کوژاندنەوەی رووناکی ژیان وفووکردن لەمۆمی ئومێدی ئەوانەی تا چرکەیەك بەر لە(مەرگ)یان بۆ ئاسۆیەکی زۆر دووری ژیانیان دەڕوانی ولەدەستی هەندێکیشیاندا دیارییەك هەبوو بۆ ئازیزەکانیان، بەڵام دیاریی دەستی تاریکبیرەکان زووتر گەیشت ونموونەیەکی بچووکی دۆزەخیان گواستەوە بۆ سەر زەوی و بۆ ناوجەرگەی کەرکووك.ئەوان هاتن بەدەنگێکی بڵند وتیان(ئێوە ژیانتان دەوێت ئێمەش مردن)کەواتە با ململانێ بکەین بزانین ئێمە مردنتان بەدیاریی بۆ دەهێنین یان ئێوە بەتیشك وشەبەنگەکانی ژیان دەمانبەزێنن وبەسەرماندا زاڵدەبن؟. هاتن بەچەشنی شمشێر بەدەستەکانی قورەیش وبەدووەکانی بیابان جارێکی تر مەنجەنیقی ئاگریان بەسەر هەناسەی سواری کەرکووکدا باراندو بورکانی خوێنیان جۆشدا،رازی نەبوون مرۆڤەکانی ئەم شارە کەهەر لەبووکێکی رەشپۆش دەچێت بەکولە

مەرگیش بژین وئەو ژیانە تاڵەیان بەزۆر زانی وپەتی هەموو هیواکانیان بەئایندەوە بچڕاندن و لەگەڵ یەکەم ناڵەدا کابووسیان وەك دیارییەکی قێزەون بەسەر دایکە جەرگ سووتاوەکان ومنداڵە هەتیوکەوتووەکاندا بەشییەوە. هاتن بوونە ئیزرائیلی رۆحی دەیان خونچە کەنەیاندەویست هەر وا بەکتوپڕی وبێ ماچی ئازیزەکانیان دەست بەم سەفەرە بێ پایانە بکەن وبڕۆن بەبێ گەڕانەوەو بەبێ ئاوڕدانەوە،زۆر کاریان بەتەواو نەکراوی جێهێشت کەدەبوو تەواوی بکەن وزۆر خەون لەکەللەیاندا بوو دەبوو بیهێننە دی وزۆر نەمام بەدەستیانەوە بوو کەدەبوا بینێژن. ئاخر لەکەللەی (مستەفا قەرەداغی)دا-١-زۆر قەسیدە مابوو لەدایك بن وزۆریش هەبوون پێویستیان بەتەواوکردن هەبوو،زۆر وتاریش هەبوون دەبوا بەپێنووسەکەی بینووسێ بەڵام بەمەرگی وبەتنۆکە خوێنەکانی نووسینی.لەئەندێشەی(دکتۆرە ئەحلام)دا -٢- دنیایەك لەمرۆڤدۆستی وعەشق بۆ ژیان هەبوو، مقەستی دەستی ئەم پزیشکە بۆ بڕینی دەماری ژیانی مرۆڤەکان نەبوو بەڵکو هەمیشە دەمارو رەگی مەرگی دەبڕی ومردنی لەژیان دووردەخستەوەو هەموو ئەوانەی رادەهێنایەوە بۆ سازان لەگەڵ ژیان کەدەمێك بوو هەستیان بە سۆزی ژیان وبوونیان لەدەستدابوو،بەڵام پێش ئەوەی مرۆڤدۆستێکی مینا خۆی بگاتە فریای بەدەم ئازارەکانی ژیانەوە سەری نایەوە. ئاخر(ئیڤانا)-٣- هێشتا پڕ بەکامی دڵی لەتامی میوەی ژیانی نەچەشتبوو تا زەقومی مەرگ بەقورگیدا بکرێت و جامە ژاری مردنی پێ بنۆشرێت و لەش وخوێن وئێسقانەکانی لەگەڵ شۆستەو شەقامێکدا تێکەڵ بەیەکدی بکرێت،ئەم کچە نازدارە چیرۆکێکی خۆشی پێبوو بۆ گێڕانەوە کەتژ تژ بوو لەخەندەو تریقانەوە،بەڵام زەردەخەنەو تریقانەوە بێڕانەوەکەی کرا بەگریانێکی ئەبەدیی بۆ ئێمەی کەسوکار ودۆست وئازیزەکانی.تیرۆریستە شەیتان پەرستەکان هاتن بۆ تەعمیدکردنی کەرکووك لەئاوی خوێن وئازاردا،هاتن بەچەشنی دارکونکەرە کونێکی گەورەیان لەدڵی ئەم پیرە شارە کرد کە بۆ ئەبەد وتامردن ساڕێژ نەبێتەوە،ئاخر ژیان لەپیرە شاری کەرکووك نەمامێکی ساواو مەلۆتکەیەکە کەچی تەوروەشێنە شەوپەرستەکان بەئەندازەی پاکی وبێگەردیی داوێنی مریەم وبەقەبارەی گەورەیی عەرش وهێندەی بەرینی ئاسمان رقیان لێیەتی وبەمەرگ تۆڵەی لێدەکەنەوە.ئەوان بەندەی تاریکی وئەهریمەن وشەون،رقیان لەئاتەشگەکانمانە،رقیان لەرووناکی مۆمێکە،رقیان لەرۆژە رووناکەکانی گوڵبەڕۆژەی عاشقی خۆرەو دەیانەوێ لەغروبێکی بێدەنگدا لوغمێك لەژێر پێیەکانیاندا بتەقێننەوە.ئاخ کەرکووك ئەی بڵێسەی غەم وگەنجینەی ئازار وشاری ئاوارەترین مرۆڤەکانی دنیا وشادەماری مێژووی گەل وخەونی داهاتووی نەتەوە،داوای لێبووردنت لێدەکەین دەزانین حەزت لەو هەموو دیمەنەی خوێن نییە لەسەر پەڕەی دڵت،بەڵام چی بکەین قالۆنچەکانی ئوسامەو شمشێر پۆڵاینەکانی غەزەوات وتالانچییەکانی فتوحات هەر لەئەزەلەوە رقیان لێتەو دەتبغوزێنن ودەیانەوێ شمشێری جیهاد لەدڵی کوردانەت بچەقێنن.بمانبوورە..ئەی شەکرە شارەکەم بمانبوورە ئەی دیلی ئەشکەنجەکراوی نێو زیندانی عروبەو ئەی کچە رەشتاڵەکەی

بووکی کوردستان.ئای لەمەرگ بۆچی لەرەگی پەنا گویٚ ولەترپە ترپی دڵ زیاتر لیٚمانەوە نیٚزیکی؟ ئیٚمە کەهاوڕیٚی گیانی بەگیانی ژیان بین بۆچی بنەو بارگەت ناپیٚچیتەوەو سەری خۆت بۆ نیشتمانی مەرگدۆستان بۆ هەتاهەتایە هەڵناگریت؟. ئای چ چارەنووسیٚکی بەدە ئیٚمە لەولاٚتیٚکدا دەژین هیٚندە سەیرە جادووگەرەکانیش لیٚی تیٚناگەن وحەکیمەکانیش مەتەڵە سەیرەکانی ئەم دۆزەخستانەیان بۆ هەڵنایەت،ئەی چەندە سەیرە لەنیشتمانی قەعقاع و حەججای کوڕی یوسفی سەقەفی وهارونە رەشید مردن چەندە ئاسایی وسانایەو ژیانیش چەند قورس وزەحمەت؟ ئای چ کارەساتیٚکە لەمەملەکەتیٚکدا گیرمان خواردووە بەقەدەر شیرینی ژیان تاڵیی مردن تیایدا ئامادەیە.

**پەراویٚز:**

١- مستەفا قەرەداغی نووسەرو شاعیرو هاوسەری(مهاباد قەرەداعی)نووسەر یەکیٚك بوو لەشەهیدەکانی تەقینەوەکانی ناو کەرکووك.

٢- دکتۆرە ئەحلام(١٩٦٨-٢٠٠٧) پزیشکی نەشتەرگەریی بوو، یەکیٚکی ترە لەشەهیدانی تەقینەوەکانی شاری کەرکووك.

٣- ئیڤانا ئەنوەر(١٩٨٠-٢٠٠٧)کچیٚکی لاو بوو کەخەونی زۆری بۆ ئایندە لەهەگبەدابوو، یەکیٚکی ترە لەشەهیدانی تەقینەوەکانی شاری کەرکووك.

* ئەم وتارە لەژمارە (١٠١) رۆژنامەی (خۆرنەوازان) لەرۆژی ٢٩\٧\٢٠٠٧ بلاٚوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەرەدا بلاٚوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –
www.bopeshawa.com –
www.kurdistan4news.com –
www.dengekan.com–

# بەچەقۆ خوشكێكی خۆم كوشت و پەشیمانیش نیم!!

نێزیكی كاتژمێر یەك بوو بەكاتی هاوینە،بەرەو ماڵەوە دەچوومەو لەگەڵ گەیشتنە ماڵەوەمدا بانگی نیوەڕۆی دا،بەشپرزەییەوە خۆمكرد بەمەتبەخەكەدا چەقۆیەكی گەورەم هەڵگرت،خوشكەكەم بەخەندەیەكەوە هاتە بەردەمم وگوتی:كوڕی باش كەی ئەوە چەقۆی میوەیە ئەوە گایەكی پێ سەردەبڕدرێت ،من لەتووڕەییدا بەری چاوم تاریك ببوو و وەك شێر نەڕاندم بەسەریداو هاوارمكرد دەمت داخە ،گای پێ سەرنابڕم خۆم دەزانم ئەمڕۆ چۆن ئەم چەقۆیە بەكاردەهێنم؟دیسان وتی : ئەوە چییە كەتوورە دەبیت دۆو دۆشاو تێكەڵاو دەكەیت وفێت لێدێت؟. هەمدیسان لەغەزەبدا كەگڕ لەكونی لووتمەوە دەهاتە دەرەوە وتم:بەسە مێشكم مەبە تەنیا دە خولەك ئارام بگرە بزانە چی دەكەم؟. هەسانێكم هێنا وچەقۆكەم تیژكردەوە تیژتر لەقین ورقی پەنگ خواردووی سینەم، هەر ئەوەندەی چەقۆكەم تیژ كردەوە بانگی خوشكەكەم كرد بێتە گەرماوەكە!!، بێ پرسیارو دوودڵی بەدەنگ داواكەمەوە هات،بەبزەیەكەوە وتی:ها شێتە نیازی چیت هەیە وا بانگت كردم بۆ ئێرە ، پەلیم گرت وتم ئەو كوڕەی دوێنێ لەو باخچەیە لەگەڵتدابوو و قۆڵت كردبوو بەقۆڵیدا كێ بوو ، چۆن ئەمەت كرد؟. وتی:برا گیان من ئەوكەسەم خۆشدەوێت وپەیمانمان بەیەكداوە بۆ یەك بمرین وبژین!. هەر ئەمەم بیست شێتی گرتمی، قیژاندم پڕ بەخۆم:چەتیوە ناشیرین دەتەوێت سەرم شۆڕ بكەیت وحەیامان بەریت؟. ئەی تۆ نازانیت كچی كێیت و لەچ خانەوادەیەك پەروەردە بوویت؟ئایا دەزانیت شەرەف گرانە وناموس وەك شووشە وایە كەشكا ئیتر چاك نابێتەوە؟. بەقوڕگێكی پڕ گریان ومەلوولییەوە وتی:براكەم بۆچی خۆشەویستی بێ شەرەفی وبێ ناموسییە؟.ئەمە كەی رەوای هەقە خۆت پەنجا عیلاقەت هەیەو دانەیەكیش بەمن رەوا نابینیت؟. قیڕاندم هەی ناكەس بەچە ئەوە دەڵێی چی ئەم قسە زلانە كێ فێری كردوویت؟،خۆ تۆ زمان لەناو دەمتدا نەبوو!. هەمووی ئەو هەتیوە سەر رووتە تۆی لەخشتە بردووەو فێری ئەم قسە قۆڕو فەلسەفە بێ مانایانەی كردوویت!. دەستیم توند گرت وگوتم:ئایا ئێستا دەزانیت ئەم چەقۆیەم بۆچییە وكێی پێ قەلاش دەكەم؟ زریكاندی ولەترسا رەنگی زەرد هەڵگەڕا،هاواری كرد:نا نا كاكە گیان، نا نا تكادەكەم نامەوێت بمرم،ئەگەر هەر دەبێت بمرم توخوا بەمجۆرە نا، هەرچەند لالایەوە ونوزایەوە هەستم نەجووڵاو سووربووم لەسەر بڕیارەكەم بۆ كوشتنی وهەتا هێزم تیابوو چەقۆیەكم دا لەسەر سنگی وخوێن بەهەر چوارلادا فیچقەی كرد،كەوتە هەنسكدان بەڵام ئاگری غەزەبم بەمە دانەمركایەوە بۆیە چەند چەقۆیەكی ترم دا لەسنگ و سەروملی تا بەتەواوی شل بوو لەسەر دەستم،كەوتە سەر زەوی و لەگیانەلادا بوو بەلام هێشتا چاوە شینەكانی بۆمنی دەڕوانی وەك ئەوەی بڵێ جێی باوەڕ نییە برا میهرەبانەكەی دوێنێم ئەمڕۆ ئەم جەلادو شەیتانە دڕندەیە بێت كەبەخوێن شاگەشكە دەبێت،من

ئەوانەم بەلاوە گرنگ نەبوو دوو چەقۆی ترم دا لەسەر دڵی، ئەو دڵەی کەسێکی تیابوو بەڵام بووە مایەی ئابڕووبردنی سومعەی بنەماڵەکەمان کەوەك بنەماڵەیەکی قورس‌وگەورە سەیرمان دەکراو پەنجەمان بۆ رادەکێشرا،ئیدی بەتەواوی شل بوو وبەچەند چرکەیەکی کەم رۆحی دەرچوو ومرد. دوای کوشتنەکەی دەستمکرد بەشووشتنەوەی خوێناوەکە وجەنازەکەم لەناو گەرماوەکە بەجێهێشت‌و وەك ئەوەی کارێکی مەزنم ئەنجام دابێت شادومانی دایگرتم، بگرە دەستمکرد بەخواردنی نانی نیوەڕۆ.لەم کاتەدا ئەندامانی تری بنەماڵەکەمان کەهەموویان لەسەر کار ودەوام بوون گەڕانەوە بۆ ماڵەوەو رووداوەکەم لەگەڵ باسکردن هەمویان دەستخۆشییان لێکردم کەبەدەنگ ناوبانگی بنەماڵەکەمانەوەم وناهێڵم هیچ پەڵەیەکی رەشی بکەوێتە سەرو هەردەم ئەگەر پێویستی کردبێت بەخوێن سپی وپاکم کردووەتەوە.بەڵام هێشتا هەستم دەکرد کارەکەم ماوێتی وتەواو نەبووە،دەمانچەکەم خستە ژێر چاکەتەکەمەوەو بەرەو دەرەوەی ماڵ رۆیشتم وبەئۆتۆمبیلەکەم چوومە بازاڕ،بەدوای دوکانی ئەو کوڕە گەڕام لەگەڵ خوشکەکەم پەیوەندیی هەبوو.دوای گەڕانێکی زۆر دوکانەیەکم دۆزییەوە بەڵام خۆی لەوێ نەبوو،لەدوکاندارێکی دراوسێیم پرسی کەفلانە کەس لەکوێیە؟.لەوەڵامدا وتی:چووە بۆ فلانە چێشتخانە تا نان بخوات،یەکسەرو بێ سوپاسکردنی و بەراکردن رووەو چێشتخانەکە چووم وبینم لەسوچێکەوە دانیشتووەو نان دەخوات. دەستم خستە سەرشانی و وتم:دیارییەکم بۆ هێناوی دەمەوێت لێم وەربگریت!.وتی:دیاریی چی بەراستی من تۆ ناناسم؟.وتم:ئارام بگرە ئێستا دوای دیارییەکە دەمناسی کێم!.. دەمانچەکەم دەرهێناو چەند گوللەیەکم پێوەناو لەبەردەممدا سارد بووەوە ورۆحی دەرچوو وکەوتە سەرزەوی.بەڵام بۆ دڵنیایی گوللەیەکی تریشم لێیدا.ویستم رابکەم بەڵام چەند کەسێك لەچەند لایەکەوە پەلاماریاندام و هەر خۆشم نەمزانی چۆن چەکیان کردم ودەمانچەکەیان لێسەندم؟. بەشێوەیەك کۆنترۆڵیان کردم نەمتوانی لەدەستیان هەڵبێم تا ئەوەی مەفرەزەیەکی پۆلیس هاتن ودەستگیریان کردمو بردیانم بۆ زیندان.پاش چەند رۆژ مانەوە لەبنکەی پۆلیس وئەنجامدانی پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەگەڵمدا، تاوانبارکرام بەکوشتنی خوشکەکەم بەچەقۆو گەنجێکی تەمەن ٢٣ ساڵ بەفیشەك،بەمجۆرە مەلەفەکەم ئامادەکرا بۆ رۆژی دادگاییکردنم وسەپاندنی حکوم بەسەرمدا!.

## رۆژی دادگاییکردن

پاش مانەوەیەکی کەم لەزیندان، پرۆسەی دادگاییکردنم دەستپێکردو لەوێدا زانیم ئەو کوڕە گەنجەی من کوشتوومە ئەو گەنجە نییە کەخوشکەکەمی خۆشدەویست بەڵکو کەسێکی تر بووەو بگرە چەند رۆژ پێش مەرگی چووەتە ناو ژیانی هاوسەرییەوە!.هەستم بەدڵتەنگی کرد ئەو کەسەم کوشتووە بەڵام لەبەرئەوەنا ئەو کەسە بێ گوناهە بەڵکو لەبەرئەوەی نەمتوانی ئەوی لەئامانجدا دامنابوو بیپێکم،خەریکبوو پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەرەو کۆتایی هاتن دەچوو،هەر ئەوەندەی

بەوردیی ودیقەتەوە روانیم بەشێکی زۆر لەهاوڕێکانم لەهۆڵەکەدابوون یەکێکیان لەفایلێکدا ئەو نووسینانەی خستە بەردەستم کە لەسەر ماڤی ژنان وماڤی مرۆڤ وعەشق نووسیبوومن،چەند هاوڕێیەکی کچ و ژنم لەوێ بوون کەلەبەردەمیاندا دنیایەك باسی ماف وئازادیی ژنم کردبوو، هەستم بەخەجاڵەتی نەکردو هاوارمکرد ناموس گرانە،شەرەف شتێکی گرانە،ئابڕوو گرانە. لەبەشی کۆتایی دادگاکەدا زۆر بەراشکاویی ودەنگێکی بڵندەوە لەبەردەم سەرجەم ئامادەبووانداوتم :بەڵێ من خوشکەکەی خۆم بەچەقۆ کوشت ولێی پەشیمانیش نیم،بۆ ئەو گەنجەی بەهەڵە کوشتوومە داوای لێبووردن دەکەم وخوا لێی خۆش بێت،بەڵام ئەگەر یەك رۆژ پێم بچێتە دەرەوەی زیندان ئەوە ئەو هەتیوە لاسارە دەکوژم بووە مایەی ئابڕووبردنی بنەماڵەکەمان وخوشکەکەمانی فریودا. چۆن خوشکەکەم هەقی سەرەڕۆییەکانی خۆی وەرگرت دەبێت ئەویش بەو چارەنووسە بگات ولەدەستی من رزگاری نەبێت!.جەنابی دادوەر قسەکانی پێ بڕیم وچەند جارێ چەکوشەکەی دا بەسەر مێزەکەدا بۆ خوێندنەوەی حکومەکەم،وتی:حکومی ئەم تاوانبارە بەپێی فلانە بڕگە لەماددەی فلان لەقانوونی تاوان لەسێدارەدانە،هەموو ئامادەبووان کەلەنێوانیاندا چەند کەسایەتی وهەڵسوڕاوێکی رێکخراوەکانی ژنان هەبوون، دەستیانکرد بەچەپڵەرێزان،من لەترسدا هاوارمکردو کەوتمە هاوار وقیڕاندنو پەلەقاژە. ئیدی لەم کاتەدا لەو خەو ناخۆش وکوشندەیە بەخەبەر هاتمەوە وسەیرێکی خۆم کرد لەسەر سیسەمەکە کەوتوومەتە خوارەوە،لەو لاشەوە تەلەفزیۆنەکە کاردەکات ولەسەر کەناڵێکی عەرەبییەو کۆنسێرتێکی نانسی عەجرەمەو ئامادەبوان چەپڵەی بۆ لێدەدەن، ئەوجا زانیم چەپڵەرێزانەکە بۆ نانسی عەجرەمە نەك بۆ سزای لەسێدارەدانی من. خێرا هەستامە سەرپێ وچوومە سەر دەستشۆرەکەو دەموچاوم شووشت وشەیتانم بەر نەفرەتدا وخۆشحاڵ بووم بەوەی ئەوەی روویدا خەو بوو نەك راستەقینە،بەڵام دوایی تێگەیشتم دوور نییە ئەمە روویدات مادام من لەولاتێکدا دەژیم وموماڕەسەی ژیان دەکەم ژن شەرەڤی پیاوە!مادام لەدەڤەرێکدا دەژیم ژن کوشتن ئاسانترە لەئاوخواردنەوە منیش لەسەر شەرەف ببمە ژنکوژ،مادام لەولاتێکدا دەژیم وەك دارستان تەنیا بەهێزەکان هەن ورامی لاوازەکان دەکەن منیش چەقۆ لەملی خوشك ودەستگیران و هاوسەری خۆم بسووم،مادام من خەڵکی ئەو ولاتەم لووتی(کەژاڵ)دەبڕێ و(دوعا)بەردەباران دەکات و(شەوبۆ) زیندەبەچاڵ دەکات و(بەنان)لەت وپەت دەکات وژن بەتێزاب دەسووتێنێت ئاساییە دوای لێبوونەوە لەنووسنیی وتارێك لەسەر ماڤی ژن بچمەوە بۆ ماڵەوەو مێینەکانی نێو خانەوادەکەم دارکاریی وتەمبێ بکەم، هیچ دوور نییە لەولاتی ژنکوژاندا فریشتەش وەك شەیاتین رەفتار بکات.

* ئەم وتارە لەژمارە (٧٢٢) رۆژنامەی(ئاڵای ئازادی) لەرۆژی ١٣\\٨\ ٢٠٠٧ بلاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاوبووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# بیرەوەریی بەرپرسان وسۆزانییەکانی ولات

ماوەیەکە بەرپرسانی سیاسیی وحیزبی کوردستان،بیرەوەریی ویادداشتەکانی ژیان ورۆژانی پێشمەرگایەتی وئەزموونی سیاسیی وپێگەیشتنیان دەنووسنەوە،ئەمەش مافێکی زۆر سادەوهەرە ئاساییی هەر کەسێکە مێژووی ژیان وپەروەردەبوونی بنووسێتەوە،نووسینەوەی ژیاننامە جیا لەهەر شتێکی تر پێماندەڵێت هەر مرۆڤێك تەنیٚ وەك یەك تاکە کەس جیهانێکی تایبەتو دەشیٚ سوودی بۆ هەر خوێنەرێك هەبێت کەدەیەوێت رێچکەی ژیانێکی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە. رەنگە یادداشتەکان ورۆژانەکانی(چیٚ گیڤارا)پەیامێکی تیابێت هەروەك چۆن دەشیٚ بیرەوەرییەکانی (نیلسۆن ماندێلا)مەسجێکی جیاواز بێت.مەخسەد ئەوەیە نووسینەوەی یادداشت خوێندنەوەی حکایەت نییە تا چێژ بەخوێنەرەکانی ببەخشێت بەڵکو دەبێت وانەو ئەزموون بێت سەبارەت بەهەر خوێنەرێك،بەبۆچوونی خۆم نووسینی ژیاننامەو بیرەوەریی گەلەك قورسترن لەنووسینی رۆمان و چیرۆك چونکە لەنووسینی رۆمان یان چیرۆکدا زیاتر فەنتازیاو خەیالاٚتی نووسەر رۆڵ دەبینێت، راستە واقیعیتێدایە بەلاٚم واقیعی ناو رۆمان جیایە لەواقیعی راستەقینەی ژیان،دەکرێت واقیعێکی تەڵخاویی بێت یان وێنەیەکی بارگاویی بەفەنتازیا لەواقیعی رووت وەرگیرابێت وبەپێی تەکنیکی هونەریی گۆڕانی تێدا کرابێت چونکە چیرۆکنووس ناچارنییە واقیع وەك خۆی بخاتە چێوەی ئەدەبەوە ئەگەر ئەم کارەی کرد بێگومان بووەتە رۆژنامەنووس وریپۆرتاژێکی ئامادەکردووە.بەلاٚم لەنووسینەوەی ژیاننامەدا نابێت فەنتازیاو خەیالاٚت تێکەڵ بەرووداوەکان بکرێت ونووسەری ژیاننامە ئازاد نەکراوە وەك رۆماننووس پاڵەوانەکان بەویستی خۆی دیاری بکات ورۆڵیان بداتیٚ وچۆن ئارەزوو دەکات فۆرمی رەفتارو هەڵسوکەوتیان دیاری بکات ومەجرای ژیانیان بگۆڕێت، نووسەری ژیاننامە رۆڵی کامێرامان دەبینیٚ هەموو ئەو دیمەنانەی دێنە بەردەمی ولەتەنیشتییەوە روودەدەن وەك خۆی دەگوازێتەوە بیٚ هیچ دەستکاریی وشێواندنێك. لەبەرئەمە نووسینەوەی ژیاننامە کارێکی ئاسان نییە بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی گەلەك قورسە، بەڕادەیەك هیچی لەمێژوونووسی کەمتر نییە لەرووی ئەستەمیی کار وئەخلاقی نووسینەوە،وایدەبینم نائەخلاقیترین کار هەڵپاچین ودەستکارییکردنی مێژوو وشێواندنییەتی بەمەبەستی ئیدۆلۆژیی یان سیاسیی یان نەتەوەیی وتائیفی وتاکەکەسی.دەگێڕنەوە لەیەکێك لەجەنگەکاندا ئەفسەرێکی پلەداری سوپاکەی ناپلیۆن بەسەختی بریندار دەبێت ولەئاکامدا دەکوژرێت. ناپلیۆن پرسیار دەکات ئەو ئەفسەرە لەسەرەمەرگدا چی دەگووت؟. پێیانوت هەر هاواری برینەکەی دەکرد تامرد.ناپلیۆن بەتووڕەییەوە وتی چۆن وادەبێت؟بانگی مێژوونووسەکەی دەکات وپێیدەڵێت بنووسە فلاٚنە ئەفسەر بەبریندارییی ولەسەرەمەرگدا تاکو مردن هەر هاواری دەکرد بژی ناپلیۆن، بژی ناپلیۆن. ئەم فەرمانەی ناپلیۆن فەرمانێکی نائەخلاقییە وهەوڵدانە بۆ شێواندنی رەوتی رووداوەکانی مێژوو. هەر بەم هۆیەشەوە

بووه بەردەوام ئەوە وتراوە مێژوو قسەی پیاوی براوەیە.ئەوەی لەبیرەوەریی سەرکردەکانی کورددا تۆمارکراوە هەمان شێوەی مامەڵەکردنی ناپلیۆنە لەگەڵ مێژوو،چون هەریەکە ئاڕاستەی رووداوەکان بەبەرژەوەندیی ونیشاندان وسەلماندنی پاکێتی خۆی دەشکێنێتەوە، ئەگەر لەنێو بیرەوەریی سەرکردەکانی کورددا سەیری هۆکارەکانی بەرپابوونی جەنگی نێوان حیزبەکان بکەین بێگومان تاوانبار لایەنی بەرامبەرەو هەوڵدراوە بسەلمێنرێت لایەنی نەیار شەڕی بەحیزب و لایەنەکەی وی فرۆشتووە ئەگەرنا حیزبەکەی ئەو فریشتەیەکەو پەنجە بخەیتە ناودەمی نایگەزێت بەڵام لایەنی بەرامبەر دووپشکە رەشەیەو هەردەم ژاری لەدەم بووە بۆ پێوەدان وگەستن.بەدەر لەوەی لەبیۆگرافیای سەرکردەکانی کورددا خوێنەر بەزۆر توولەرێ وکۆڵانی تاریکدا دەبرێت لەهەمان کاتدا زۆر مەسەلەی هەستەوەر هەن بڤەبوون وبەهیچ جۆرێك بەدوو دێڕیش ئاماژەیان بۆ نەکراوە،لەنموونەی ئەو مەسەلانە:پرسی پەیوەندیی حیزبە کوردستانییەکان بەدەزگاکانی هەواڵگریی دەوڵەتانی ناوچەیی ونێودەوڵەتی،یان وردەکاریی ئەو گفتوگۆو وتووێژانەی لەمیانەی چەندان پرۆسەی دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئەنجامدراون،یان وردەکاریی ونهێنییەکانی پشت پەردەی شەهیدبوون وکوژرانی چەندین سەرکردەو فەرماندەی ناسراو کەتاهەنووکە فۆرمی شەهیدبوونیان تەمومژو تاریکی زۆری لەسەرە،یان هۆکاری ئینشیقاق ولەتبوونەکانی حیزبەکان لەقۆناغی شاخدا بەتایبەت گومان لەهەندێکیان دەکرێ بەپێی رێنمایی دوژمنان وپشتیوانیی دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بووە،تەنانەت هەندێ شەهید هەن هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە شەهیدی کامە حیزبن!.. بۆ وێنە عەلی عەسکەری لەنێوان یەکێتی و سۆسیالیستدا ون بووەو کەس سەر دەرناکات شەهیدی کامیانە!هەندێك داستان وشەڕوشۆڕ هەیە بە دە شێوە دەگێڕدرێتەوە،بۆ وێنە شەڕی ئەزمەڕی ساڵی ١٩٩١ لەنێوان یەکێتی وپارتیدا شەڕی لەسەرەو ون بووە کێن ئەوانەی لەم بەرەنگارییە بەشداربوون. بەکورتی وکرمانجی بیرەوەریی بەرپرسانی سیاسیی تژیەتی لەچەواشەکاریی وئەوی پێویستە لەژیاننامەنووسیدا هەبێت لەوێدا نین بەڵکو کۆمەڵە حیکایەتێکی خوراف ویۆتۆپین لەپێناو دروستکردنی سیمبوڵ وکاریزماو وێنای قارەمان،ئەمەش خووی سەرجەم دیکتاتۆرەکانی دنیایە کەسەرلەبەریان وەك سۆپەرمان ومرۆڤی ئەفسانەیی سەیری خۆیان دەکەن ودەیانەوێ هەموو ئەوانی دی بەنەرگسییەت وخودپەرستی و نەریتە وەهمییەکانیانەوە سەرقاڵ وخەریك بکەن.ئەگەر لەهەموو ئەمانەش وازبهێنین وبێینە سەر ئەوەی بۆچی بیرەوەریی بەرپرسان قۆناغی دوای راپەڕینی نەگرتووەتەوە؟.یان بۆچی بەرپرسێك نییە جەرائەتی هەبێت درێژە بەنووسینی ژیاننامەکەی بدات تاچەند ساڵێکی دوای راپەڕین؟رەنگە جیا لەوەی ئەم مێژووەیان پڕە لەشرەخۆریی وگەندەڵی وپەشیمانبوونەوە لەوەعدو بەڵێنەکانی شاخ وگۆڕانیان بۆ مافیا ودەستەوتاقمی بازرگان ودەرکەوتنی سیمای راستەقینەیان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستەکەیان ئاشکرابووە وبێ توانابوون لەساویلکە خەڵەتاندنیش،چجای هەڵخەڵەتاندنی

نەوەیەکی تازەپێگەیشتوو، ئەگەر هیچ لەدنیاش نەزانێت وتێنەگات بایی ئەوە هۆشیاریی هەیە تابزانێت بەرپرس وسیاسەتوانانی کورد چ مەعدەن و قوماشێکن.بەلاَم ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین بەرپرسێکی سیاسیی وحیزبی خوا گرتی ودەستی برد بۆ نووسینەوی ژیاننامەکەی لەقۆناغی شاردا،ئاخۆ دەبێت چی بنووسیٚ؟.. ئایا چ دەستکەوتێکیان هەیە شانازیی پێوەبکەن؟..چ سەروەرییەکیان هەیە تۆماری بکەن؟چ ئەجیندەیەکی پۆزەتیڤ وکارایان هەبووە لەدوای سالَی (١٩٩١)ەوە تا مێژووی خۆیانی پیٚ پرشنگدار بکەن؟. ئەگەر بەرپرسێك ویستی ئەو کارە بکات بێگومان هەموو بیرەوەرییەکانی دابەشدەبێت بەسەر سیٚ چالاکی وکاردا(شەڕی ناوخۆ – گەندەلَی وفەرهود—شەوەسوورەکان لەگەلٚ سۆزانییەکان).هەلَبەتە هیچ بەرپرسێك نەماوە هاشا لەپشکداریی لەشەڕی ناوخۆ بکات بەلَکو هەموویان وەك قاز پێکەوە دەیقڕێنن ودەلَێن:شەڕی نەگریسی ناوخۆ هەلَەیەك بوو کردمان وبڕوات ونەیەتەوە،ڕووداوەکانی ئەم شەڕە لەمێشکی زۆربەماندا تۆمارکراوە ومێژوویەکە هیچ مەترسییەکی ون بوون وفەوتانی لەسەر نییە.بۆ گەندەلَیش دیسان هەموویان دەلَێن بەلَیٚ گەندەلَی هەیەو هەمووشمان قەبارەو سەنگی دانە بەدانەی بەرپرسەکان دەزانین لەگەندەخۆریدا،کەنالَەکانی ڕاگەیاندن وشەڕی خۆبەخۆی تەکەتولەکان وهۆشیاریی خەلَك کارێکی کردووە گەندەلَی دیاردەیەکی پەنهان نەبێت وبەئاسانی بکەرەکانی بناسینەوە،ئەگەر بمانەویٚ لاپەڕە نووسراوەکانی فایلی گەندەلَی بکەینە پەرتووك(**قصة الحضارة**)کەی(ویل دیۆرانت)لاپەڕەیەکە لەچاویداو ڕەنگبیٚ وەك حکایەتی مێش هەرگیزاو هەرگیز تەواوبوونی نەبێت. بەلاَم ئەوی کەمترین زانیاریمان لەبارەیەوە هەیەو زۆرترین ڕووبەری لەژیانی کاربەدەستانی مەمملەکەتدا داگیرکردووە شەوە سوورەکانیانە لەگەلٚ سۆزانییەکان،هەموومان تەنانەت شێتەکانیش دەزانن سۆزانییەکان نێزیکترین وگیانی بەگیانیترین دۆست وهاوڕێی بەرپرسەکان ئەو بەرپرسانەی وەك گورگی برسی وان بۆ سێکس،بۆیە ئەگەر دەستیان برد بۆ نووسینەوەی ژیاننامەکانیان دەبیٚ لەسۆزانییەکانەوە دەستپێبکەن وبەسۆزانییەکانیش کۆتایی پێبهێنن چون هیچ سەروەریی وحکایەتێکیان پێنەماوە بۆ باس وگێڕانەوە جگە لەرەشبەلَەکی مومارەسەی سێکس وکڕینی جەستەی مرۆڤی کۆیلەکراو (سۆزانی).ئێمە وەك نووسەر ورۆژنامەنووسە ئازادەکان دوو بەشی سەرەکیی بیرەوەرییەکانیانمان نووسیوەتەوە(شەڕی ناوخۆ –گەندەلَی). وا پێویستە غیرەت بدەنە بەر خۆیان وبەشی سێیەمی بەپەڕەموچی خۆیان تەواوی بکەن،بڕوابکەن بەتاسەوە چاوەڕێی ئەو کارەیان لێدەکەین.

* ئەم وتارە لەژمارە (٤٣) رۆژنامەی(نێوەند) لەئەیلوولی سالَی ٢٠٠٧ بلاَوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو مالَپەڕەدا بلاَوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# من پارەم هەیە کەواتە من هەم !!

کۆژێتۆکەی فەیلەسووفی مەزن(دیکارت)ئەوەیە(من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم)،دیکارت لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵ لەبواری فەلسەفەدا گەیشتە ئەو بڕوایەی مرۆڤ کائینێکە بەرئەنجامی بیرکردنەوەو رامانە. بەپێچەوانەی(مارکس) ەوە کەوایدەبینی مرۆڤ بەرهەمی کارە،پرس وبواری ئەوەی مرۆڤ بەرهەمی کارە یان بیرکردنەوە؟.جەدەلێکی زۆری لەسەر بووەو تانوکەش ئەم دایەلۆگە گەرموگوڕیی وگرنگی خۆی لەدەست نەداوە. بەدڵنیاییەوە ئێمە نامانەوێت بەشداریی بکەین لەو دایەلۆگەو ئامانجیشمان شیتەڵ وشرۆڤەکردن و توێژینەوە نییە لەمەڕ کۆژێتۆکەی(ڕینێ دیکارت)، بەپێچەوانەوە گومان لەسەر ئەوە دادەنێین ئەگەر دیکارت لەم ئان وساتەداو لەچەرخی بیست و یەکدا بژیابایە تۆ بڵێی سووربووایە لەسەر وتەزاکەی(من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم)؟یان سوڕانی چەرخ وزەمەن قەناعەتەکانی پێ ئاوەژوو دەکردەوەو لەم دنیا ماددیی وقازانجپەرستییەی ئەمڕۆدا ناچاردەبوو کۆژێتۆکەی هەڵبگێڕێتەوە بۆ ئەم شێوەیە(من پارە وسامانم هەیە کەواتە من هەم). دیکارت چەند سەدەیەکە لەدنیا دەرچووەو کۆچی دوایی کردووە،ناتوانین بڕیار لەبارەیەوە بدەین چۆن تێزە فەلسەفییەکانی فۆرمۆڵە دەکرد،بەڵام لەدنیای قازانجخوازیی کۆمپانیا زەبەلاحەکان و سەرمایەداریی هاوچەرخدا مرۆڤ رووتکراوەتەو لەهەر بەهایەك،تاکە بەهایەك پێگەی مرۆڤ بەبەرزیی دیاری بکات و وەك کائینێکی زیندوو بیهێڵێتەوە تەنێ سەنگی سامان و ئاستی سەرمایەکەیەتی. مرۆڤایەتی پێی ناوەتەوە قۆناغێکەوە کاغەزێکی وەك پارە بەهای هەر شتێك دیاریی دەکات، مرۆڤایەتی لەوەختێکدایە پارە بڕشتی لەبەر بڕیوەو جەستەو بیرکردنەوەی داڕزاندووەو لەبازنەیەکی تەسکدا گەمارۆی داوە.هەرچەندە لاف وگەزافی ئەوە لێدەدەین مرۆڤایەتی زۆر لەمێژە سەردەمی کۆیلایەتی تێپەڕاندووە لێ بەداخەوە لەعەهدێکدا دەژین کۆیلایەتییەکی رووت لەئارادایە!ئەگەر لەقۆناغی کۆیلایەتی پێشاندا مرۆڤ هەر خۆی خاوەنی کۆیلە مرۆڤەکەی تر بوو‌بێت،بەپێچەوانەوە خاوەن کۆیلەی نوێ مرۆڤێك یان وجودێکی زیندوو نییە بەڵکو پارچە

کاغەزێکی بێ گیان وبێ جووڵەیە وبەبێدەنگییەکی سیحراویی مرۆڤی کردووەتە بەندەی خۆی.
کۆمەڵی کوردەواریی لەقۆناغی پەڕینەوەدایە بۆ کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی،بەڵام کۆمەڵگەیەکە هەموو ماتریاڵەکانی سەرمایەداریی تێیدا ئامادەیە بەڵام لایەنە فیکریی وزەمانە جۆربەجۆرەکانی ئەو سیستمە لەناویدا غائیبە،بۆیە دەبینین پارەدارەکان لەپێشەنگی کۆمەڵگەن ئەگەر سوکراتێکی بێ پارە بینی لەفەرامۆشی وپەراوێزخستنیدا تووشی نەخۆشی دەروونی هاتووەو رەنگە هەموو حیکمەتەکانی لەوڕێنەیەك زیاتر بەولاوە نەبینرێت وپێدەچێت هەندێ جار مایەی بزەو پێکەنینی چەند پارەدارێك بێت،ئەو پارەدارانەی ئەگەر نیو هێندەی ژمارەی دەفتەر چەکەکانیان کتێب لەماڵەکانیاندا هەبوایە بەس بوو بۆ ئەوەی بزانن ژیان تەنیا لەپارەو دەستکەوتەکانی دەوڵەمەندیی وپارەداریدا کۆنەبووەتەوە بەڵکو ژیان زۆر لەوە فراوانتر تا لەکونی کلیلی دەرگایەکی بچووکەوە سەیری بکەین. "سویفت" دەیووت(کەس ئامۆژگاریی وەرناگرێت بەڵام پارە بدرێت بەهەر کەس وەریدەگرێت،کەواتە پارە لەئامۆژگاریی بەنرخترە)..ئەگەر لەسەر شەقامێکی سەرەکی رابوەستیت کیسەیەك دۆلارت پێ بێت بیبەخشیتەوە بەسەر خەڵکدا لەژێرناوی خێر یان هەر ناوێکی تردابێت ئاپۆرەی داواکاران وئەوانەی شان دەکوتن بۆ وەرگرتنی چەند سەنتێك وپڕکردنی گیرفانیان لەحوکمی چاودا نامێنێت،بەڵام ئەگەر نیتچە لە گۆڕەکەی بێتە دەرەوە بیەوێت دوو قسە بۆ قازانج ومێشکی مرۆڤ بکات بەدیار خۆیەوە خەوی لێدەکەوێت چون دوو کەس نییە بێزی بێت و ویستی هەبێت لەبەردەم ئەم (شێت)ەدا بوەستێت تاکو دوو وشە فێربێت،لەمەشدا رەنگبێ زۆر گلەیی لەخودی مرۆڤەکان نەکەین وەك تاکەکەس هێندەی دەبێت سیستمی باو ودەسەڵات لەقەفەزی تاواندا رابگرین ودادگایی بکەین. زۆرجار بەناو بازاڕ وشوێنە گشتییەکاندا رۆیشتووم سەیری هەموو ئەو مرۆڤە هەژارانەم کردووە بۆ پەیداکرنی نان ولوقمەی ژیان ناچاربوون سەر دانەوێن و وەك کۆیلەیەك لەبەردەستی پارەدارێکدا بچەمێنەوە،زۆر شەرمم لەخۆم کردووە لەکاتی بینینی دیمەنی ئەو پیاوە پۆشتەو پەرداخانەی لەکاتی دواندا وەك فریشتە دەدوێن بەڵام قۆنەرەیان لەتەنیشت سەرو لەسەر سەری تەختەی منداڵێکی بۆیاخچی راگرتووەو بەدەم تریقانەوەوە بۆ کچانی سەر شەقامەکان دەڕوانن وپێیانوایە بەهەستی ناسك وشیکێتیەکەیان دڵی کچان راو دەکەن لەم دیمەنانە زۆر بێزارم،دەبێت خانەدانێکی دەسترۆیشتوو(لەهەموو سەردەمەکاندا)،چی جیای بکاتەوە لەدەستفرۆشێك؟.ئەی منداڵێکی هەژاری عەلاگەفرۆش چی جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو منداڵە خواپێداوەی لەژوورێکی پڕ لەرەنگی ژیاندا گەمە دەکات وتامی سەرما وگەرما وحەسرەتی هەژاریی ونان پەیداکردنی نەچێشتووە؟زۆرجار دەڵێن پێویست ناکات مێشکی خۆت بەم بوارانەوە خەریك بکەیت و کۆڵ بەدنیاوە هەڵبگریت چونکێ ئەمە سوونەت ویاسای سرووشتەو بوونێکی رەهای هەبووە وهەیە لەمێژوودا!بەڵام ئەگەر ئەمە یاساو حەتمییەتی ژیانیش بێت قەرار نییە مرۆڤ تەسلیمی ئەو یاساو حەتمییەتە بێت،سەرەنجام مرۆڤ لەپێش ویەکەمینە نەك کۆمەڵە یاسایەك کە

هەر بەرهەمی عەقڵ ودەستی مرۆڤەکان خۆیانە،مرۆڤ دەبێت سرووشت لەگەڵ خۆی بگونجێنێت نەك بەپێچەوانەکەی،ئەگەر مرۆڤ پاسیڤ بووایە ئەوە هەر لەمێژەوە بوو چرای ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە کوژابووەوە. پارە خوایەکی نوێیەو لەهەموو خواکانی تر بەندەکانی زۆرترەو رەنگە هیچ خودایەك نەبێت هێندەی وی پەرستراو بووبێت ورەنج وزەحمەتی لەپێناودا درابێ ومرۆڤ وخوێنی بۆ بەقوربانی کرابێت.بۆ وێنە رۆژنامەیەکی ئینگلیزیی پرسیارێکی ئاڕاستەی خوێنەران کرد:پارە چییە؟.لەناو بەهێزترین وەڵام وپێناسەکانی خوێنەراندا بۆ پارە،ئەم پێناسەیە زۆر سەرنجڕاکێش و کاریگەر بوو(پارە بتێکە ئەگەرچی پەرستگەی نییە،بەڵام تێکڕای گەلان دەیپەرستن). دەشێ یەکێك لەو فاکتۆرانەی پارە ببێتە خوای مرۆڤایەتی سیستمی سەرمایەداریی بێت،لەوەش ترسناکتر ئەوە بووە لەکۆمەڵگە پاشکەوتووەکانی چەشنی کوردستاندا ئەم بەندایەتیکردن وپەرستنە گەلەك قورس وزەحمەتترە،زۆربەی جاران مردن لەژیان ئاسانترە،زۆرجارانیش پارە خودایەکی ئێجگار دڕندە بووەو حەزی لەقوربانی زۆر بووە،بەپێچەوانەی خوداکەی ئیبراهیمەوە ئەم خودایە خوێن و سەری بڕاوی ملیۆنان ئیسماعیل کاری تێنەکردووەو سۆزی نەجولاندووە،پارە خوایەك بووە دڵڕەقتر لەزیۆس لەبەرامبەر سیزیف،تووڕەتر لەخوای موسا لەفیرعەون.

"بۆکاشیۆ" بەمتمانەوە دەیووت(هەژاریی لەسامان بێ بەریمان دەکات بەڵام ناتوانێت دەست بۆ ئابڕوومان بەرێت).لێ بەداخەوە هەژاریی لەم وڵاتەدا ئابڕووی زۆر بەئابڕووی برد،عیززەتی نەفسی کرد بەچێشتی فۆلکلۆریی وباوی نەماو،سەری زۆر سەربەرزی نەوی کرد،ملی زۆر گەردن کەچی هێنایە ژێر پێیەوە،هەژاریی نەك ئابڕووی تکان نەك رێزی شکان، مرۆڤی کوردی هێناوەتە باری شێتبوون وبزڕکاندنەوە.هاوڕێیەکی نێزیکم بۆیگێڕامەوە ساڵی١٩٩٧کاتێ دوای چەندساڵ گرانیی وئابلۆقەی ئابووری سەر عێراق وکوردستان ولەمیانی پرۆژەی نەوت بەرامبەر بەخۆراك چەند قافڵەیەکی ئازووقەو خواردەمەنی گەیشتە کوردستان ولەرێی وەکیلەکانەوە دابەشدەکرا، ژنێکی گەنج لەکاتی وەرگرتنی یەکەمین جاری برە ئاردی دیاریکراودا بەشێوەیەکی کتوپڕ کەوتە شەق تێهەڵدانی چەند فەردە ئاردێك وبەقوڕگێکی پڕ گریانەوە وتی:هەتا نەبوومە سۆزانی ولەشی خۆم بەسەدان پیاو نەفرۆشت نەهاتیت!تازە دوای چی دێیت وچیت لێبکەم؟.ئەم چیرۆکە بەیەکێك لەدیوەکانیدا پێمان دەڵێت:هەژاریی دایکی هەموو نەگبەتی ودیاردە دزێوەکانە هەروەك چۆن فاکتۆری هەموو جەنگ وکاولکاریی وکارەساتە لەیادنەکراوەکانی ناو دیرۆکی سەرجەم مرۆڤەکانی جیهانە. ئەگەر کەمێك وردبینەوە لەوزە وسووتەمەنی هەموو جەنگەکان و بکەرەکانی تاوان وقوربانیانی هەموو شۆڕش وسەرهەڵدانەکان ودانەمۆی بەردەوامبوونی ژیان هەر ئەو مرۆڤە هەژارانەبوون ژیانیان تەنیا رەنج وکلۆڵی وچارەنووسی رەش ودڵی شکاو و ئازارچەشتن بووەو هیچی تر.ژیانی هەر هەژارێك بابەتی رۆمانێکە،خەونی هەر هەژارێك بابەتی داستانێکە، ئازاری هەر هەژارێك مەتەڵێکە. لیۆ تۆڵستۆی لەپێشەکی رۆمانی بەناوبانگی(ئانا کارنینا)دا

دەنووسێت(هەموو بنەماڵە خۆشبەختەكان لەیەكتر دەچن،بەڵام هەر بنەماڵەیەكی بەخت ڕەش بەدبەختیی تایبەت بەخۆی هەیە).هەر مرۆڤێكی بیٚ پارە،هەر هەژارێك،هەر لێقەوماوێك چیرۆكێكی بەدبەختی ونەگبەتی تایبەت بەخۆی لەهەگبەدایە،هەموو سەرمایەدار وخانەدانەكان كەپێچەوانەی نیتچەوە تادوا سنوور رقم لەفیزو شێوە ژیانیانە هەموو لەیەك دەچن وهەروەك یەك وهەربەیەك شێوە سەرقاڵی پەرستنی بتی پارەن وتەواو،هەموویان لەیەك جۆر خۆشی وشادیی بەهرەمەندن، لەیەك سەرچاوە ئاو دەخۆنەوەو لەیەك فەلەكدا گیریان خواردووە. بەڵام هەژارەكان لەسینەی هەر یەكێكیاندا ئاگر وحەسرەتێكی جیا لەوی تر هەیە.

بۆئەوەی نەبێت بەدرێژدادڕی،قسەكانم لەوەدا چڕدەكەمەوە لەسەردەمی جیهانگیریی و چاوچنۆكیی كۆمپانیا فرە رەگەزو مۆنۆپۆڵەكان وسەرمایەداریی قرچۆكی مەحەلیدا،پارەو سامان پێوەرێكە بۆ مرۆڤبوونی هەر كەسێك،هەر تاكێك بەقەد قەبارەی سامانەكەی پشكدارە لەژیان و هەر بەهەمان قەبارەش رێز وحورمەتی لیٚ دەگیرێت و ددان بەبوون و كەسێتیدا دەنرێت وئۆتۆریتەی دەبێت لەدنیای دەوروبەریدا. كەوابێت جێگەی سەرزەنشت نابم وتەزاكەی(دیكارت)م بەمجۆرە پێچەوانەوە كردووەتەوە(من پارەم هەیە كەواتە من هەم). لەوانەشە كەسانێك هەبن وابیر بكەنەوە ئەم بۆچوونانە سەر بەماڵی كۆمۆنیزمن،بەڵام ئەوەی من وتوومە حەقیقەتە جابەر لەئەز ودوای ئەزیش كۆمۆنیست دەیڵێت یان ئیسلامیی هیچ لەبابەتەكە ناگۆڕێت،هەر ئەوەیە بەجیاوازیی ئایدیال وئیدۆلۆژییەوە راستییەكمان خستووەتە چێوەی نووسین ودەربڕینێكەوە .

* ئەم وتارە لەژمارە (٢٤) رۆژنامەی(ئاڵا) لەرۆژی ١٥\٨\ ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.
هاوكات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاوبووەتەوە:
- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com
- www.bopeshawa.com

# کاک مەسعود بارزانی هەر چاوەڕێی گۆدۆی بەڵێنەکانت دەکەین!

ساڵی پار دوای ئەوەی شەپۆلێکی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندان شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، من لەلایەن ئاسایشەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە لەرۆژی ٢٠٠٦\٨\١٣ دەستگیرکرام وئەشکەنجەیەکی باشیش درام،بەڵام بۆ رۆژی دواتر وەکوو ئەندامێکی سەرەکیی شاندێکی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەشداربووم لەسەردانێك بۆ لای سەرۆکی هەرێم کە کۆبوونەوەکە پەیوەست بوو بەهەمان پرسی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکان.لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بەتێروتەسەلی باس لەهەلومەرجی کوردستان وفاکتۆرەکانی ئەو شەپۆلە ناڕەزایەتییە کراوئێمەش وەك نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی راوپێشنیارو داواکارییەکانمان خستەروو،ئەوەی بەلای منەوە جێگەی دڵخۆشیی بوو ئەوەبوو جەنابی سەرۆکی هەرێم لەسەر دەفتەرێکی تێبینی راو داواکاریی وپێشنیارەکانی ئێمەی دەنووسی،هەرواش پێموابوو جەنابی سەرۆکی هەرێم لەسەر راسپاردەکانمان بەخێرایی چەند لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون وچارەسەر دروستدەکات. لێ بەداخەوە ئەو سەردانەی ئێمەش هیچ جێگەیەکی نەگرت،لەو دیدارەدا جەنابی سەرۆکی هەرێم زۆر بەڵێن وقسەی جیددی کرد کەتەواو دڵخۆشکەربوون،من تاکە کەسی ناو ئەو کۆبوونەوەیە بووم دەفتەری رۆژانەکەی خۆم دەرهێناو دەستمکرد بەیادداشتکردنی وتەکانی کاك مەسعود بارزانی کە ئەم کارە واسەرقاڵیکردم لەبیری بردمەوە پشتمی نیشان بدەم چۆن پۆلیس وئاسایشەکانی وی لەسلێمانی بەداروکێبڵ شینیان کردبووەوە. جەنابی سەرۆکی هەرێم لەو کۆبونەوەیەدا بۆ ماوەی ٣٣ خولەك قسەی بۆ کردین ولەناو قسەکانیدا زۆر وادەو بەڵێن وشتی جیددی هەبوون. من لێرەدا گوڵبژێرێك لەوقسەو وادەو بەڵێنانە بەبیر دەهێنمەوەو دەیخەمە روو:

- من دەزانم مافیا دروستبووە،لێیان دەدەم یان من لادەچم یان ئەوان،بەڵام ئەمە کاتی دەوێت.
- من هەوڵدەدەم بۆ دیموکراسی ئەگەرپێم نەکرا بەڵێنتان دەدەمێ لەپەرلەمان رایدەگەیەنم .
- من لەئێوە زیاتر گلەییم هەیە،رەنگە ئێوە موراعاتی منتان کردبێت.
- ئێمە ئینقلابچی نین،ئێمە پێشمەرگەین  بەدەنگی ئێوەو جەماوەر لامانبەن.
- من حەز دەکەم خۆپیشاندان هەبێت بەڵام نەچێت دەستدرێژیی بکاتە سەر نەخۆشخانە .
- من داوای یارمەتی لەئێوە دەکەم هاوکاریی ئێمە بکەن چونکە دەمانەوێ بەرەو مەدەنیەت بڕۆین.
- بەمەسەلەکانی قەزاو پەرلەمان وگەندەڵیدا دەچینەوە.
- ئەگەر ئەم دەستەڵاتە بوو بەدیکتاتۆریی لەگەڵ ئێوەدا خۆپیشاندان دەکەم و ئامادەنیم سەرکردەی دیکتاتۆریی بم،ئامادەش نیم لەژێر سایەیدا بژیم.
- من دیفاع لەپارتی ویەکێتی ناکەم کەبێگوناهن بەڵام نابێت خەباتەکەیان سووك بکرێت .

- ئەگەر هەر چەوساندنەوە هەبێت لەکوردستاندا کەواتە باهەر دوژمن بێت.
- من داواتان لێدەکەم ئەگەر یارمەتیم بدەن وشتەکانم بەبەڵگەوە بدەنێ ئەو بەڵێن بێت ئەو نهێنییە لای خۆم دەپارێزم،بەرپرسێکی تێکۆشەر هەقە خانوویەکی هەبێت بەڵام هەقی دوو خانووی نییە.
- دەبێت ئێمە دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنین هەرچەندە ئاسان نییە.
- دەبێت میزانیە دیار بێت و نایەڵم ئاسایش تەداخول بکات لەژیانی خەڵکدا ،ئەگەر لەترسی تیرۆر نەبێت بەیانی ناهێڵم ئاسایش بمێنێت.
- من بەقەناعەتەوە باوەڕم بەم قسانە هەیەو لەژێر فشاردانییە چونکە من باوەڕم بەدیموکراسی وبەدەزگاییکردنی حکومەت هەیە .

ئەگەر سەیر بکەین وساڵێك دوای ئەم قسانە بەپێشان بەراورد بکەین،نەك بەدەستێکی پۆڵاین لەگەندەڵی نەدراوە بەپێچەوانەوە گەندەڵی زۆر زیاتر جەستەی دەستەڵاتی گرتووەتەوەو هەنگاوەکانی داڕزاندووە،ئەگەر سەیر بکەین مافیاکان نەك لەزیندان نین بەڵکو لەجاران زیاتر پلەیان بەرز بووەتەوە ولەهەرەمی دەستەڵاتدا شانیان لەسەر سەرینێکی پەڕ داداوەو لەکەشێکی شێدارو لەباردا سەروەتی وڵات حەپەلوش دەکەن،ئەگەر سەیر بکەین نەك یەك هەنگاو بۆ بەدەزگاییکردن وڕێکخستنی حکومەت وپەرلەمان و وەزارەتەکان نەنراوە بەڵکو زۆر زێدەتر لەجاران پاشاگەردانی وڕۆتین وبیرۆکراتیەت باڵی کێشاوە بەسەریاندا،ئەگەر سەیر بکەین بەرپرسەکان نەك خانوویەك ودووان دەیان ڤێلاو باڵەخانەو بازاڕی هاوچەرخیان هەیەو کردووەتەوە،هەر دوای قسەکانی سەرۆکی هەرێم هەراشانەتر لەپێشان بەرپرسەکانی پارتی و یەکێتی خانووە سیحراوییەکانی خۆیان لەجەرگەی شارەکاندا قووت کردووەتەوە،ئەگەر سەیر بکەین نەك ئاسایش تەداخول لەژیانی هاووڵاتیدا دەکات بەڵکو بەشەق ومشتەکۆڵە ڕۆژنامەنووس رادەکێشێت بۆ ژووره تاریکەکانی زیندان،ئەگەر سەیر بکەین میزانیە نەك هەر دیار نییەو شەفافیەت لەئارادا نییە لەچۆنێتی خەرجکردنیدا بەڵکو هەموومان تووشی شۆك بووین کەبودجەی ئەمساڵی حکومەت کورتی هێنا بێ ئەوەی هیچ پرۆژەیەکی ئەوتۆ وستراتیژیی ببینین لەسەر ئەو بودجەیە جێبەجێکرابێت،ئەگەریش سەیر بکەین ئەم دەستەڵاتە بووە بەدیکتاتۆریی وهەرچی ڕێکخراوە جیهانی وباوەڕپێکراوەکانی ماف مرۆڤ و چاودێریکاری ئازادییەکانە دەستەڵاتی کوردستان تاوانبار دەکەن بەسەرکوتی سیاسیی وخەفەقاندنی مافەکانی مرۆڤ،ئەو ڕێکخراوانە لەچەندین راپۆرتی جیاجیاو ئامادەکراوی خۆیاندا پارتی ویەکێتی بەپێشێلکارێکی هەرە دیاری ماف وئازادییەکان ناوزەد دەکەن لەتەواوی ناوچەکەدا!سەرۆکی هەرێم نەك هەر نەهاتە پەرلەمان بەڵکو هەر باسیشی لەبەرنییە بەدوو رستە ئیدانەی ئەو تاوان وپێشێلکارییانە بکات وبەڵێن بدات بۆ بەگژاچوونەوەی سەرکوتی سیاسیی وفیکریی.ئەگەر زەین بدەینێ ڕێکخراوەکان چەندان داتاو

دیکۆمێنتیان لەسەر گەندەڵییەکانی بواری سووتەمەنی وکارەبا لەرۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە بەڵام سەرۆکی هەرێم نەك لیژنەی لێکۆڵینەوەی دروستنەکرد بگرە بەنامەیەك سوپاسی هەوڵی ڕێکخراوەکانی نەکردو زۆر دڵنیاشم جەنابی سەرۆك هیچ کام لەو رۆژنامانەی نەبینیوە جا نەخاسمە خوێندبنییەوە!ئەگەر دوای ساڵێك واقیعی کوردستان لەبێژنگ بدەین جەنابی سەرۆکی هەرێم لەبری داکۆکی لەهاووڵاتییە بەشمەینەتەکانی وڵاتەکەی هەر غەمی پارتەکەی خۆی دەخوات و زۆر لەجاران پەرۆشانەتر داکۆکی لەپارتی ویەکێتی دەکات بەهەر هەموو گەندەڵیی و پۆخەڵەواتەکانیانەوە،گەر سەیر بکەین دوای ساڵێك کاك مەسعود بارزانی نەك هەر نایەت لەگەڵمان خۆپیشاندان بکات بەڵکو پۆلیس وئاسایشەکانی وی لەزاخۆ تا خانەقین ڕێ لەخۆپیشاندانەکانمان دەگرن وهۆڵەکانی زیندانیان بۆ سازو ئامادەکردووین!ئەگەر سەیر بکەین دوای ساڵێك لەبری دەخلی تاکەکەس وفەرمانبەران بەرز بکرێتەوە کەچی لەم رۆژە رەش وگرانییە ئەفسوناوییەدا لەژێر ناو وبەپاساوی تەقەشوف وبنبڕکردنی گەندەڵی مووچەکانیان کەمدەکرێتەوە،دوای ساڵێك نەك هەر ناوێرین باسی گۆڕینی دەستەڵاتی کوردیی وگۆڕینی ئەم دەور ودوکانە بکەین بەڵکو لەسەر داوای ریفۆرم وگۆڕانکارییکردنی لاوەکی لەسیستمی ئیداریی وسیاسیی دەبرێینە بەردەم دادگاو نانبڕاو دەکرێین وبەربەست وکۆسپ وتەگەرە لەبەردەم کارەکانمان دادەنرێت،هەندێجار دەکەوینە ژێر پێ لەقەی ئاسایش وپۆلیسەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم وبەراکێشان وجنێو فرێمان دەدەن پشتی ئۆتۆمبیلەکانیانەوە بۆ زیندان. بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم من وهاوڕێکانم واد وبەڵێنەکانی تۆمان لەیادەو لەبیرمان نەکردووە، ئێمە وا نەڕۆیشتینەوە بەڵێنەکان لەسەقفی ژووری کۆبوونەوە بگیرێن ونەیەنە دەرەوە بۆ سەرزەمینی واقیع،بۆ ئەوە نەهاتین سەیرانێکی سەری رەش بکەین بەڵکو هاتین بۆ ئەوەی تەکبیرێك بکەین بۆ ئەم دۆخە ئاڵۆز وشێواوە.ئێمە نەهاتین بەڵێنی جێبەجێ نەکراو لەگەڵ خۆماندا بێنینەوە،هاتین تاوەکوو گرەنتییەك لەبەرزترین دەستەڵاتداری وڵات وەربگرین بۆ گۆڕان وچاکسازیی وریشەکێشکردنی گەندەڵی ونەخۆشییەکانی تری بواری ئیدارەو بەڕێوەبردن وسیاسەتکردن،ئێمە نەهاتین ژەمێکی تێروپڕ لەمۆدێرنترین ڕێستۆرانەکانی وڵات بخۆین وبخۆینەوە لەولاشەوە هەزاران کەس وێڵی پەیداکردنی سادەترین جۆری خواردن وخواردنەوە بن،تەنانەت من نەمتوانی یەك تیکە نان چییە بیخۆم چونکە بەر لەهەفتەیەك لەو سەردانە،بەئەرکێکی رۆژنامەوانیی چوومە ئۆردوگای سمودی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان،ئەو تراژیدیایەی لەوێ بینیم یەك راستی لاسەلماندم:ئەنفال کۆتایی نەهاتووە. بەڵکو مۆدێلێکی تر لەئەنفالی رۆحی ودەروونی لەلایەن خودی دەستەڵاتی کوردییەوە درێژەی پێدەدرێت،ئەو دیمەنە جەرگبڕەی لەسمود بینیم رێگەی لێگرتم لەسەر ئەو سفرە پڕ نیعمەتە کەوچك وچەتاڵ بگرم بەدەستمەوەو بەبزەیەکی درۆزنانەوە بەدەم لێپرسراوانەی کوردەوە پێکەنم و بخۆم وبخۆمەوە.ئێمە نەهاتین تا لەهیران هەنگوینو ربەهەنار وگوێزوچواله بکڕین،بۆ ئەوە هاتین

قسه بگۆڕین بۆ کردار.بۆئەوە هاتین بەڵێنەکان بگۆڕین بەهەنگاو،بۆئەوە هاتین گوێمان لێبگیرێ نەك ئامۆژگاریی بکرێین.بۆئەوە نەهاتین چەند دانە وێنە بگرین و بۆ یادگاریی هەڵیبگرین،هاتین یادگارییەك بەجێبهێڵین لەمێژووی پیادەکردنی دیموکراسی وئاراستەکردنی کۆمەڵگە رووەو کۆمەڵێکی مەدەنی وبەرهەمهێن وزیندوو وئامادە.بۆئەوە نەهاتین داوایەکی شەخسی وتەنانەت رێکخراوەیی لەئێوە بکەین،بۆئەوە هاتین دادوبێدادو هاوارو گلەیی وبێزاریی چوار ملیۆن کەس بگەیەنینە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی هەرێم وهەموو لایەك لەئاکام ومەترسییەکانی داهاتووی بەردەوامبوونی گەندەڵیی ونایەکسانی لەدابەشکردن وپشتکردنە خەڵکی لایەنی دەستەلات ئاگاداربکەینەوەو بەگوێی بەرزترین کەسی نێودەستەلاتیدا بدەین.بۆئەوە نەهاتین زەوی وەربگرین، گلەیی لەبەرو دراوسێ بکەین،چاوپۆشیی لەناعەدالەتی بکەین،هیچ دیارییەکی بەرجەستەشمان پێنەبوو،ئێمە هاتین مەسجی جەماوەری بێدەنگکراو وترسێنراو بگەیەنینە بەرزترین ناوەندی بڕیار لەکوردستاندا،هاتین بڵێین بەسە گەندەڵی،بەسە بێ یاسایی،بەسە گوشینی ماف وئازادییەکانی مرۆڤ،بەسە حکومی حیزبی وعەشیرەت ودەستەو بنەماڵە،بەسە ئەو ئیمەیجەی لەکوردستان بووەتە رەنگ وسیمای دەستەلات وئیدارە لەم ولاتەدا،هەرئەمە مەسجەش بوو دیاریی دەستمان. جەنابی سەرۆك ئێمە هاتین بۆ ئەو داواو داخوازییانە،ئیدی نازانم تۆ ئێمەت بۆچی بانگهێشتکرد؟. چونکە ئەوەی تۆ ئەوێ رۆژێ بەڵێنت پێداین نەك هەنگاوی بۆ نەنراوە بەڵکو هەر سەرکردەکانی پەنا خۆت بەدەنگی بڵندو بێ پچڕان وەك موعەلیقی فوتبۆڵ ئەو هەنگاوانە بەکارێکی شێتانەو مەحاڵ لەقەڵەم دەدەن!جەنابی سەرۆکی هەرێم ئێمە هەرهەمووومان چاوەڕوانی ئەو هەنگاوانە لەتۆ دەکەین،ئایا لەبیرت کردوون یان هەر ئێمەت پێ بەڕێکرد؟هەرچییەکیان بێت بێگومانم لەوەی باجی قورسی لەدوایە،چون ئەگەر ئەمڕۆ هاوولاتییەکانت بەیداخی ئەنفال وجینۆساید وئالای عێراقی عروبە لەپەنا تەخت وپەرلەمانەکەتدا هەڵبکەن،دوورنییە سبەی چیاکان بگرن،سەنگەر لەدەستەلاتەکەت بگرن،گوللە بەو سەرەوەرییانەوە بنێن کەبووە بەرەمزی ئەوەی ناوتان ناوە ئەزموونی کورستان،هیچ یەکێك لەمانە دوور ومەحاڵ نییە چون لەنێو سیاسەتدا تەنیا مەحاڵ مەحاڵە ئیدی هەموو شتێکی تر دەکرێت روودات. جەنابی سەرۆك خەریکە ردێنمان سپی دەکەین بەدیار وادو بەڵێنە وەهمیەکانتانەوە،کەواتە رێم پێبدە لەخزمەتدا بێژم تکایە کاك مەسعود بارزانی هەموو هەر چاوەڕێی گۆدۆی بەڵێنەکانت دەکەین کە وابزانم هەرگیز نایەن .

*ئەم وتارە لەژمارە (٤٢) رۆژنامەی(نێوەند) لەئابی ساڵی ٢٠٠٧ بلاٌوبووەتەوە.هاوکات لەهەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاٌوبووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

www.kurdistanpost.com–

# پێشمەرگەی دێرین لەجەنگاوەرەوە بۆخانەنشین

هیگڵ راستی کرد وەختێك وتی هەریەك لەئێمە تەنێ کوڕی سەردەمەکەی خۆمانین ولەوە بترازێت ناتوانین کوڕی دوو سەردەمی لێك جودابین.هەرچەندە کەسانێك هەبوون ویستوویانە کوڕی زۆرێك لەسەردەمەکان بن بەلاّم بۆیان نەچووەتە سەر،دروست بەپێچەوانەوە بوونەتە گاڵتەجاڕی نەوەیەك کە هەرگیز ناتوانێت لەویست وخەونەکانی ئەو تێبگات، نەوەیەك سەرلەبەری رابردوو بەهەڵگرانی گووتارو دروشمەکانییەوە رەت دەکاتەوەو دەیەوێت بیانخاتە پەراوێزەوە. پێشمەرگە ئەگەر لەقۆناغی رزگاریی نیشتیمانیی وخەباتی دژواری ژێردەستەییدا مۆمی گەشی ئومێد بووبێت، ئێستا کەقۆناغی پاش شۆڕش وچنینەوەی دەستکەوتەکانی قوربانیدانی پێشانە،رۆڵی بەسەرچووە وەك قارەمان یان وەك ئەو کەسێتییە بەهەیبەتەی لەئەندێشەی نەوەی پێش ئازادیی وێنەی بۆ کێشرابوو،لەزۆر بۆنەو جێگەی دیکەشدا ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە سەردەمی بزۆز وپڕ لەئاڵوگۆڕ وگەشەندووی دوای توانەوەی بەستەڵەکی جەنگی سارد سەردەمێکە ئاوس نییە بەقارەمان وکاریزمای رۆحیی. بەڵکو کۆمەڵگەی تەکنۆلۆژیی هاوچەرخ هەموو چەمکەکانی شۆڕش وسەرکردەی کاریزمیی وقارەمانی رادەستی مۆزەخانە کردووەو کردوونی بەکەلەپوور.تەواوبوونی سەردەمی پێشمەرگە بەمانای ئەوە دێت رۆڵی کۆن وکلاسیکی پێشمەرگە کەمەیدانەکەی جەنگی پارتیزانیی ونەبەردیی سەربازیی بوو کۆتایی پێهاتووە، چونکە بارودۆخی ئەو قۆناغەی جەنگ و خەباتی شاخەوشاخی فەرز کردبوو ئەویش کۆتایی پێهاتووەو مێژوو دەرگای لەسەر قۆناغێکی تر خستۆتە سەرپشت کەقۆناغی دەستەلاّتی خۆماڵییە،بەلاّم هێشتا پێشمەرگە دەتوانێت بەمۆدیلێکی تازە وهاوچەرخ کار بکات،کارکردنێك تەبابێت لەگەڵ رۆحی سەردەم و وێنەدانەوەی هەلومەرجی بابەتی وهەنووکەیی کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمرۆ بێت.سەرەکیترین پرسیار لێرەدا قووت ببێتەوە پرسیاری شێوازی نوێی کارکردنی ئەو ژمارە کەسەیە لەژێر ناونیشانی پێشمەرگەی دێریندا دەیانناسینەوە،وا دەردەکەوێت هەموو بەوە قایل کرابین ئەو دەستە خەڵکە بنێردرێنەوە بۆ ماڵەکانیان وبەمووچەی خانەنشینی رێزیان لێبنرێت،کەچی لەبنەڕەتدا بەشی دووەمی کاری پێشمەرگە بەکۆتا نەهاتووە،کەئەویش دروستکردنی کۆمەڵگەیە وێڕای ئەوەی ستەمی نەتەوەیی لەسەر نییە لەرووی ئابووری وژیانی تاکەتاکی هاوولاّتییەکانیشییەوە کۆمەڵگەیەکی رەفاه و خۆشگوزەرانە،مەهامی یەکەم هەر لەگەڵ یەکەم بڵێسەی راپەرینەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان لەبەهاری ساڵی١٩٩١دا دەستەبەربوو،هەرچی دووەم ئامانجیشە بەدرێژایی شانزەساڵی رەبەقی دەستەلاّتی کوردیی وپانزەساڵی تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك بەدینەهاتووە بگرە بەبەراورد بەرابردوو لەپاشەکشەدایە یان لەشوێنی خۆی فەرتەناش لێدەدات وناڕواتەپێشەوە بەو ئاقارەی شۆڕش لەشاخ بیری لێدەکردەوە.یان بەزمانێکی تر بەو فۆرمەی خەڵکیان لێ

تێگەیاندبوو.ئەم بارو زرووفەی هەیە پێویستی ئەکتیڤبوونی سەرجەم مرۆڤی کورد دەکاتە پێویستییەکی ژیانی،لەنێوانیاندا پێشمەرگەی دێرین بێ ڕۆڵ نییە ودەتوانێت جێگە پەنجەی بدات لەسەر بارودۆخەکە یان بەدیوێکی تردا لەتوانایدا هەیە نەخشی هەبێت لەباشترکردنی ئەو دۆخە نەخوازراوەی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە کەنەوەی دوای ڕاپەڕین یان نەوەی قۆناغی ئازادیی نائومێد کردووە بەجۆرێك گومان لەرابردوو بکات،گومان لەرەنج و قوربانیدانی هەزاران کەس بکات کەهەموو خەون وزەحمەتێکیان بۆ هێنانەدی کوردستانێکی ئازاد ودوور لەژێردەستیی بووە.ئەرکی پێشمەرگەی دێرینە خەباتەکەی بگۆڕێت بۆ خەباتێکی مەدەنی ئاشتیخوازانەی هاوچەرخ تاوەك گروپی فشارو بەشێك لەبزوتنەوەکانی کۆمەڵی مەدەنی قورسایی هەبێت لەسەر ئاڕاستەی کارو هەنگاوەکانی حکومەت ولەبەرژەوەندیی گشتی داکۆکیان لێبکات ، ئەگەر قۆناغی پێشمەرگایەتی ماتریاڵەکانی خەبات بریتی بووبن لەچەك وتەقەمەنی وبارووت وسەنگەرو حەماسەتو ورەبەرزیی،ماتریاڵەکانی ئەم خەباتەی بریتین لەپێنووس ورۆژنامەورێپێوان ونمایش ومیتینگی جەماوەریی و درووژاندنی رای گشتیی و واژۆکۆکردنەوەو میکانیزمەکانی تری کاری مەدەنی کەهەنووکە لەدنیای شارستانی وپێشکەوتوودا بەکاردەهێنرێت وەك چەکێکی کاراو بەهێز. پێشمەرگەی دێرین نابێت وەك خانەنشین لەخۆی بڕوانێت هەروەك چۆن پێویستە واز لەو خولیا وبیرە ژەنگاوییە بێنێت کەخاوەنی هەموو دەستکەوتەکانە،دەبێت وەك کەسێك لەدێریندا چۆن بەهەڵبژاردنی ڕێگەی پێشمەرگایەتی هەڵوێستی هەبووەو بەگوڕو تینەوە کاری بۆ دۆزێك کردووە،بەهەمان حەماس وگەرموگوڕییەوە بەشداریش بێت لەنەخشاندنی کۆمەڵگەیەك ئازادیی بنەماکانی بێت وبەرزراگرتنی ژیانی مرۆڤەکانیش ئامانجی بێت. ئەم قۆناغ وهەلومەرجە ئەم کارە لەپێشمەرگەی دێرین دەخوازێت نەك سەرقاڵییەکانی بەخوێندنەوەی حکایەتەکانی دوێنێ کەهیچ مانایەکیان بۆ ئەمڕۆ تێدا نەماوە،نابێت خانەنشینکردنی پێشمەرگەی دێرین خانەنشینکردن لەهەڵوێست وچالاکیش بگرێتەوە،نابێت خانەنشینکردنی پێشمەرگە مانای خستنە لاوەو پەراوێز خستن بگرێتە خۆی بەڵکو تەنێ وەك ڕێز وداهاتێك تەماشای بکرێت کەبۆ ژیانی وی پێویستە.

لەم کاتەدا چیرۆکێکم بیر دەکەوێتەوە،داپیرەم هەرچەندە زۆر پیر ببوو، زوو زوو پێیدەوتین ئەگەر تەواویش لەپەل وپۆ بکەوم هێشتا هەر متمانەم بەخۆمە هەندێك کاری خۆم راپەڕێنم، هەر هیچ نەبێت تاقمی ددانەکانم پێدەشۆرێت. ئیدی بەچاوی پڕ لەگریانەوە دەیووت پیریی‌و هەزار عەیب، بەخوا دەسەعات بەپێ ڕۆیشتووم ودواییش هەڵپەریووم،جا ئەگەر پێشمەرگەی دێرین وزەی جارانیشی نەمابێت ونەتوانێت بەهەمان گوڕو تینەوە کاربکات بەڵام هەر چاوەڕێی جووڵەو هەڵوێستی لێدەکرێت ئەگەرچی ئەو جووڵەو کارە وەك ئەوەی دایە گەورەی من بچووکیش بێت.

* ئەم وتارە لەژمارە (٢٥) رۆژنامەی(دێرین) لەرۆژی ١\١٠\ ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# تراژیدیای وشە

**وشەکان توانای لەناوبردن وساڕێژکردنەوەیان هەیە،کاتێك وشەکان ڕاست بن و تێکەڵاو بن بە خۆشەویستی دەتوانن دنیای ئێمە بگۆڕن .**

**بودا**

بیرۆکە دێرینەکە جەخت لەوە دەکاتەوە(مرۆڤ ئاژەڵێکی قسەکەرە). جیا لەوەی ئەم تێزە قسەی زیاتر هەڵدەگرێت،شیاوە بڵێین قسەکردن یان وێنەکردن لەرێی دەنگەوە مۆرکێکی مرۆڤە کەلەوەتی هەیە نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت،لەمیتۆلۆجیای وەحیدا خودا لەئەشکەوتی حەڕا لەیەکەم فەرمانیدا بۆ پێغەمبەرەکەی داوای خوێندنەوەی لێدەکات یان فەرمانی وتن یەکەم فەرمانی ئاسمانیی بووە بەر لەهەر فەرمانێکی تر بۆ پەیامبەر(محەمەد). بەتێپەڕینی ملیۆنان ساڵ بەسەر بوونی مرۆڤ لەسەر هەسارەی زەوی هۆکارێك نەبووە وای لێبکات پێویستی بەوتن(وشە) نەبووبێت بەپێچەوانەوە ڕۆڵی وشە هێندەی ڕۆڵی خۆراك وخواردنەوە بووە سەبارەت بەژیانی.ئاشکرایە لەگەڵ گەشەسەندنی هزرو خەیاڵدانی مرۆڤ لەئاوەزێکی سەرەتایی وساکارەوە بۆ ئەندێشەیەکی پێشکەوتوو وجەنجاڵ،زمان وەك ئامرازی وشە(وتن)لەگەشەدا بووە تا ئەو وێنایەی ئەمڕۆی وەرگرتووە.دەشێ مرۆڤ بەوازهێنانی لەهەندێك لەرەمەکانی بژی بێ ئەوەی سەغڵەتییەکی وا ڕووبدات مەرگ لەهەموو لایەکەوە ژیان تەوق بدات،کەچی ژیان لەو لاوە بێ ڕۆڵ وبەشداریی وشە (وتن)کرمەڕێز دەبێت وڕێڕەوی گەشەکردنی رادەوەستێت. بگرە لەپایزێکی نەهاتدا گەڵاکانی دەوەرێن بێ ئەوەی جارێکی تر کەسك ببنەوە.خولاسە پێگەو گرنگی وشە سەبارەت بەبوونی مرۆڤ نە قابیلی نکۆڵیلێکردنە نە مایەی فەرامۆشکردن،ئەم هۆکارە لێکەوتەیەکی هەبووە:وشە سەنگی مەحەك بووە یان تاکە ئامرازی حەسم وبەردەوامیی پەیوەندیی مرۆڤەکان بووە بەیەکەوە،جەنگە گەورەکان هەر بەوشەیەك هەڵدەگیرسێن وبەوشەیەکی تریش کۆتاییان پێدێت.وشە لەواقیعی ئێمەی کورددا لەتەنگانەو تراژیدیادایە،ئەگەر جاران و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسدا وشەیەك بەس بووبێت بۆ ئەوەی ببرێیتە بەر پەتی سێدارە،لەواقیعی دوای بەعسدا بەهەمان ڕێچکەی

سیاسەت زمانیش لەقەیران و تراژیدیادایە.کەئەو هەموو قسەیە نەك ناتبەنە بەر پەتی سێدارە بەڵکو وشە بەئەندازیەك بیَ بەهاکراوە نەحسیابی لەسەر دەکریێت نەکەسی لەسەر دەگیریێت نە کەسی لەسەر دادگایی دەکریێت،تا ئەو مەرزەی لەبری جاریێك هەزار جار (ڤیتاڵی کۆرۆتیچ) نائومێد دەکەین بەو هۆیەوەی وتوویەتی(لەو باوەڕەدام ئەم چەرخەی ئێمە وەنەبیَ تەنیا چەرخی ئاسماننناسی بێت،ئەو چەرخەشە تیایدا قەڵەم هێزی لەشمشێر زۆرترە). زیاد لەوە رۆشنبیریش وەك بەکاربەری زرنگی وشە لەموهەڕیجێك بەولاوە هیچ پێناسێکی تری بۆ نەماوەتەوە،وێنای رووناکبیر هێند تەڵخاویی وناشیرین بووە، "عەینولقوزاتی" هەمەدانی شەرم دەکات لەبارەی رۆشنبیرەوە وتوویەتی(ئەو کەسەیە بەجوانییەکی ئەزەلی داڕێژراوە). بەلاّم لەگەلَ بلاّوبوونەوەی دەنگۆی ئامادەکردنی لیستی رەشی نووسەرانی دژو یاخی لەلایەن دەزگا جاسووسیی و ئەمنییەکانی کوردستانەوە،رەنگبیَ شادەماری ئومێدمان تۆزێك خوێنی تێدا بجولێتەوە بەو پێیەی دەکریێت ئەم هەنگاوە سەرەتایەك بێت بۆ گێرانەوەی حورمەت وسەنگینی بۆ وشە تا ئەو ئەندازەیەی بەموکێش نووسینە زبرەکانمان لەنێو تویێی رۆژنامەکان دەربهێنن (بۆ لێپرسینەوە)، چون درکاندنی وشەیەکی کاریگەرمان پێخۆشترە بمانباتە بەردەم دادگا ونێو کونجی زیندان وەك لەدەرپەڕاندنی هەزارەها وشەی بیَ رۆلَ کە لەسەری پادداشت بکریێن .

* ئەم وتارە لەژمارە (٢٩) رۆژنامەی(راستی) لە ٢٨\١٠\٢٠٠٧ بلاّوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاّوبووەتەوە:
– www.kurdistannet.org
– www.klawrojna.com

# رۆشنبیر و کێڵگەی پارتی سیاسی

## رۆڵی رۆشنبیر گۆڕینی دنیا نییە بەڵکو بەوەفا مانەوەیەتی بۆ ئامانجێك کە پاراستنی بۆ ئەخلاقیاتی مرۆڤ پێویستە

ئارۆت

زیاتر لەپانزە ساڵە باس وخواسی پەیوەندیی رۆشنبیر وپارتی سیاسیی ئەگەر مشتومڕێکی ئەکتیڤ وقووڵیشی بەدوای خۆیدا نەهێنابێت،بەبێ دوودڵیی جێگەی لەسەر وەستان ودوان بووەو لەوبارەوە بەئەندازەیەکی باش بیروڕاو بۆچوون ئاڵوگۆڕپێکراون وەك دەسپێك بۆ خولقاندنی جەدەلێکی فراوان ومشتومڕی ئەکادیمی وزانستیی.زۆرێك لەبۆچوونەکان لایەنگریی لەو تێفکرینە دەکەن رۆشنبیر کائینێکە بەسەرمەدیی دژی پارت وژیانی پارتایەتییە ولەهەمان کاتدا رۆڵی وی رۆڵی گۆڕینی دنیاو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیەتی بەگوێرەی ویستی رۆشنبیر.لایەنی دووەم پێیوایە ئەو تێزەی رۆشنبیر بەدژ وئەنتی دەستەڵات وپارت لەقەڵەم دەدات نەیتوانیوە واقیعی پێشوو. ئەو پێشووەی دەستەڵاتێکی داگیرکاری وەك عێراق وپارتێکی شۆڤێنی وەك بەعس فەرمانڕەوای کوردستان بوو تێپەڕێنێت،چونکە لەم ماوەیەدا بەرەنگاریی ویاخیبوون نەك کاری رۆشنبیر وباقی مرۆڤی کورد بوو،بەڵکو هەڵوێست وەرگرتن سەنگی مەحەك بوو بۆ هەر نووسەرو رۆشنبیرێك.واقیع دووبەرەی دژ بەیەکی هێنابووە ئاراوە: بەرەی یەکەم،بەرەی دەستەڵات بوو وەك بەرەی سەرکوت و ئازار وترساندن وراوەدونان وتیرۆر وسوتماککردنی وڵاتێك. بەپێچەوانەشەوە بەرەی دووەم: بەسەنگەری بەرگریی وئازادیخوازیی وهەڵوێست و(نیشتمانپەروەریی)لێکدەدرایەوە. بەبڕوای تایبەتی من رۆشنبیر نە کائینێکە سەد دەر سەد ئەنتی دەستەڵات نە ئەو بوونەوەرەیە لەیەك سەنگەردا دەست لەملانی پارت ودەستەڵات بێت،کاری رۆشنبیر نە پارتایەتییە نە گۆڕینی دنیا، کارکردنی ئەو لەبواری مەعریفەو کەشفکردنی دیوە شاراوەکان وخستنەرووی تێز وبیرۆکەی نوێی

فیكریی وفەلسەفیدایە. كارڵ مانهایم، لەكتێبی(ئایدۆلۆژیاوتۆباوییەت)دا دەڵێت(رۆشنبیر ئەركێكی تایبەتی هەیە،ئەویش ئەوەیە تەفسیرێكی تایبەتی ونویٚ بۆ دنیا بكات،واتا بۆ كۆمەڵگەو بزاڤ مێژوو). ئەم پێناسەیە پێماندەڵێت:ئەركی رۆشنبیر بەر لەهەر شت تەفسیر وخوێندنەوەی دنیایە نەك گۆڕینی،بۆیەكا گۆڕینی دنیا نەكاری رۆشنبیرەو نە لەئەستۆی رۆشنبیردا دانراوە.ئەوەی دنیا دەگۆڕێت ئەو كەس ولایانەن لەبواری نارەمزیدا كاردەكەن،چون رۆشنبیر كائینێكە لەبواری بەرهەمهێنانی رەمزیدا كاردەكات. "د.عەلی حەرب"لەمبارەوە دەڵێت(رۆشنبیر بەسیفەتی ئەوەی دەستەلاٚتی قسەكردن یان نووسین بەكاردێنیٚ لەكایەی بەرهەمهێنانی رەمزیدا كاردەكات،واتا ئەو كەرەستە رەمزییانە بەرهەمدێنیٚ یان بەكاردێنیٚ كەلەبیروباوەڕ وئەپستیم ودەق وگووتارەكان و بەرهەمە كولتوورییەكانی تردا دەردەكەون). ئەم جەوهەرە خاڵێكی ناكۆكیی نێوان رۆشنبیر وپارتە چون ئەركی رۆشنبیر گۆڕین و تێكوپێكدانی دنیا نییە،كەچی پارتی سیاسیی لەبەرزترین ئاستداو لەدوا ئامانجیدا هەوڵی گۆڕین وسەرلەنویٚ وێنەكردنەوەی دنیای خۆی دەدات.رۆشنبیر كە(گۆڵدن) سیۆسیۆلۆگی ئەمەریكی بەچینێكی نویٚ وەسفی دەكات لەكێڵگەیەكی جیا لەكێڵگەی پارتی سیاسیی كاردەكات ودرێژە بەبوونی دەدات.ئەمە بەو مانایە نایەت رۆشنبیر ناتوانیٚ حیزبیی بێت بەلاٚم رۆشنبیری حیزبیی ناتوانێت ئازاد بێت چون لەبازنەی سیاسەت وروانگەكانی پارتدا قەتیسكراوەو ناتوانێت هەنگاوێك بنێت هێڵی سوور ببەزێنێت،هەر كات بەم كارە هەستا بێگومان لەودیو پەرژینەكانی پارتەوە خۆی دەبینێتەوە. رەهەندێكی تری ناكۆكیی رۆشنبیر لەگەڵ پارت لەوەدا دەردەكەوێت رۆشنبیر بەردەوام لەنادڵنیایدا دەژی یان بەواتایەكی تر رۆشنبیر وێڵە بەدوای دۆزینەوەی زانستییو مەعریفیدا بۆیە سروشتێكی تایبەتی هەیەو بەهەموو جۆرێك لەسەر یەك قاڵب ویەك جۆرە روانین شێوە ناگرێت،بەلاٚم پارتی سیاسیی خاوەنی بەرنامەیەكی كۆنكرێت و دۆگم وراوەستاوە كەوا لەرۆشنبیر دەكات هەست بەئازادیی نەكات ورێگریی لێدەكات لەدۆزینەوە وئاشكراكردنی بیرۆكەی نویٚ،چون رەنگبیٚ بیرۆكە نوێیەكە سەد دەرسەد دژی بەرژەوەندیی و ئایدۆلۆژیای پارتە سیاسییەكەی بێت. (رامین جیهانبەگلو)لەو روانگەیەوە نوسیوویەتی(رۆشنبیر كەسێكە خۆی بەدوور دەگرێت لەبیروباوەڕە دۆگماكان). هەرچی پەیڕەو پرۆگرامی پارتەكانە بەرنامەیەكی دۆگما(راوەستاو)ن،بەئاستەم هەناسەیەكی تێدا دەبینرێتەوە بۆ رۆشنبیر. ئێمە ناڵێین پارتی سیاسیی دەزگایەكی چەپێنەرە بەلاٚم لەباشترین فۆرمیدا دڵخوازی رۆشنبیر نییەو فەزایەكی تێدا نییە تێیدا رۆشنبیر درێژە بەكارەكانی بدات بەو جۆرەی پێویستەوگرنگە سەبارەت بەهەر رۆشنبیرێك. كەوابوو مەسەلەی سەرەكی ئەوەنییە رۆشنبیر بەسەهوو چووەو هەردوو دەستەلاٚتی بەعس و كورد بەیەك دەچووێنێت،كێشەكە ئەوەیە دەستەلاٚت هەر دەستەلاٚتێك بێت یان پارت جا هەر پارتێك بێت لەمسەری راست بۆ ئەوسەری چەپ خاوەنی بەرنامەو پرۆگرامی چەسپیوو و كۆنكرێتی تایبەت بەخۆیەتی كەرۆشنبیر نەدەتوانێت هەزمیان بكات ولەگەڵیاندا هەڵبكات

نەدەتوانێت لەسایەیاندا درێژە بەچالاكییە رۆشنبیرییەكانی بدات. بەشێكی تری ئەو كێشەیە وابەستەیە بەسروشت ونۆرمی پارتی سیاسیی لەكوردستان كەهێشتا لەدەریای تۆتالیتاریزم و سكتاریزمدا مەلە دەكات وبێ توانایە لەخۆدەربازكردن لەو گێژاوە خنكێنەرەی هەناسەی ژیانی پارتایەتی لەم مەملەكەتە سوار كردووەو رەنگێكی وەهای پێ بەخشیوە ناكۆك لەگەڵ سروشت و شەقڵی تاكە تاكی مرۆڤی كورد بەدەربكەوێت،تا پارتی كوردیی لەرێی پرۆسەی دۆنادۆنەوە نەچێتە جەستەی پارتێكی نوێ وهاوچەرخی وەك پارتەكانی ئەورووپاوە بێگومان ناتوانێت ئەو گرێ دەروونییە بڕەوەنێتەوە بەتایبەت كەلەلای گەنجەكان هەستی پیدەكرێت سەبارەت بەسیاسەت وژیانی پارتایەتی.دواجار ئەوی گرنگە لەبارەی بدوێین ئەوەیە:پارتی سیاسیی شەقڵ وئەدگارێكی تایبەتی هەیە لەهەموو روویەكەوە ناكۆك لەگەڵ ئەدگارو تایبەتمەندییەكانی رۆشنبیر دەردەكەوێ. لەهەمان كاتدا كێڵگەی پارتی سیاسیی كێڵگەیەكی زڕە بۆ رۆشنبیرو هیچ ئومێدێك نییە تۆوی رۆشنبیر لەسەر ئەو زەویە شتێكی لێوە شین بێت. ئەو رۆشنبیرانەشی لەپەنا پارتەكان بێگومان تەنیا دەتوانن ئاژیتاتۆرێك یان بانگەشەكارێكی بەرنامەكانی پارت بن نەك شتێكی لەمە زیاتر، چونكە ئەزموونی مێژوویی ئەو راستییەی بۆ سەلماندووین .

* ئەم وتارە لەژمارە (١٢) رۆژنامەی(رەند) لەرۆژی ٥\١١\ ٢٠٠٧ بلاْوبووەتەوە.
هاوكات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاْوبووەتەوە:
- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# هەڵوێست و هەنگاو لەچەرخی بێدەنگیدا

## گەنجلاو وەك نموونە

**باشترین کار ئەوەیە مۆمێك داگیرسێنیت نەك بانگەشەی تاریكی بكەیت**

**پەندی چینی**

هەموو رۆژێك دەوترایەوە گەنج پرۆژەی نییە،گەنج تەحەدا ناكات،گەنج بەرهەڵستیی ناكات،گەنج بەردەوام دوای چارەسەری زۆر پاسیڤانەی تاكەكەسیانە كەوتووە وەك لەپرۆژەو هەنگاوی دەستەجەمعی،گەنج لاوازەو ناتوانێت رووبەرووی واقیعەكان ببێتەوە ناچار لێی هەڵدێت وڕووەو تاراوگە سەری هەڵدەگرێت،گەنج دەستەمۆیە وملی رەزامەندیی بۆ هەر بێ مافییەك دانەواندووە، رەنگبێ هەریەك لەمانە باشترین پاساو بوون بۆ لایەنی دەستەڵات تا گوێ لەویستەكانی گەنج بخەوێنێت،لەرووی واقیعیشەوە گەنج ئەو هێزو وزە كاریگەرە نەبووە وا لەدەستەڵات بكات گوێی لێبگرێت،چون سروشتی دەستەڵاتی سیاسیی وكارگێریی لەهەموو دنیادا وایە دەبێت ناچار بكرێت بەئەنجامدانی كارێك یان بەدیهێنانی خواستێكی سیاسیی وكۆمەڵایەتی وئابووری ئەگەرنا مەیلی خۆدزینەوە ئامادەترین مەیلە لەلای. گەنج تا نهۆ پەرش وبلاو بووە،نارەزایەتییەكانی بێ رێكخستن وبێ ئینسجام بووە،هەڵوێستەكانی زادەی هەڵچوونێكی عاتیفی بووە وەك لەوەی بەرهەمی دیدێكی عەقلانی بێت،رێپێوانی كردووە بێ ئامانجێكی روون،خۆپیشاندانی كردووە بێ بەرزكردنەوەی هیچ یادداشتێك بۆ لایەنی حكومەت،پرۆژەی هەبووە بێ پاشخانێكی ئەوتۆ بۆ پەرەپێدان وبەردەوامیی پێبەخشینی،دەنگی هەبووە بێ ئەوەی بزانێت رووی دەمی لەكێ بكات، ویستی هەبووە بۆ كاركردن بێ ئەوەی زەمینەی بۆ ئامادە كردبێت،هەڵچوونی پێوە دیارەو زۆر نیگەران وبێزارە بێ ئەوەی چوارچێوەیەكی هەبێت بۆ كار،تووڕەیە بێ ئەوەی تەرجومەی بكات بۆ هەنگاو،خەونی هەیە بێ ئەوەی هەوڵیدابێت بۆ هێنانەدییان،ئیرادەی هەیە بێ ئەوەی رێكخراوێك یان ئۆرگانێك هەبێت بیجوڵێنێت رووەو ئامانج وئاواتەكانی. رەنگبێ غەدر بكەین ئەگەر بڵێین هیچ جووڵانەوەو نارەزایەتییەك نەبووە لەلایەن گەنجانەوە،بەلام غەدریشە بڵێین بزووتنەوەیەكی سەربەخۆ وبەردەوامیمان هەبووە بۆ داكۆكیكردن لەمافەكانی گەنج،بزووتنەوەیەك بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە بچێتە نەبەردیی جەنگی مافەكانی گەنجەوەو سەنگەری مقاوەمات لێبدات لەبەرامبەر بەنەوەی كۆن.هەموو جولانەوەكان چونكە زادەی روانگەیەكی عەقلانیی وخاوەنی

ڕێبەرییەکی تۆکمەو هێزێکی بێشوومار نەبوون لەلەشکری گەنجان سەرەنجام ئارەزوومەندانە یان بەتۆپزیی بووبێت ناچار بوون ئاشبەتاڵی لێبکەن بیٚ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لەژیانی گەنجدا بێتەدی شایەنی هێما بۆکردن بێت.ڕەوشەکە بەجۆرێك بووە ڕەنگە ناولێنانی بەچەرخی بێدەنگی زیادەڕۆیی نەبیٚ،چون بێدەنگی تەنیٚ زاربەستن نییە هێندەی ملکەچی ودەستەوەسانی دەگرێتەوە یان بەمانایەکی تر ئەو دۆخەیە کەچەند ساڵە لەکوردستاندا دەگوزەرێت،هەر لێرەوەیە ئەرکی بەردەمی پرۆژەی گەنجلاو ئەرکێکی زۆر گەورەترە لەمانگرتن وگردکردنەوەی گەنجان لەژێر چەند چادرێکدا،بەڵکو ئەرکی کۆکردنەوەو ڕێکخستنی گەنجانی دەکەوێتە سەرشان بۆ ئامادەکردنیان بۆ هەر جووڵەو چالاکییەك لەدژی بیٚ مافییەکانیان یان دژی هەر هەنگاو ودۆخێك کەگەنج بخاتە پەراوێزی کۆمەڵەوە.

گەنجلاو ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت بتوانێت گەنج کۆبکاتەوە،بتوانێت وزەی خەفەکراوی گەنج بخاتەوە گەڕ،بتوانێت گەنج بکاتە هێز بۆ وەدەستهێنانی ویستەکانی،بتوانێت گەنج لەدەوری ستراتیژێکی گەنجانە کۆبکاتەوە. نوسوفیفج وتەنی:هێز بەدەست نایەت بەهێز نەبێت. ماف بەدەست نایەت بەجیددی بوون وخەباتێکی عەقلانیی وبەردەوام نەبێت،خەباتێك ئەگەر دڵسۆزیی ولەخۆبوردوویی پایەو مەرجێکی بێت هەبوونی پرۆژەی لۆجیکی ومیکانیزمی کارکردنی عەقلانی وڕێکخراوبوون وبەکارهێنانی کارتەکان لەکاتی خۆیداو مامەڵەکردنێکی ورد لەگەڵ دۆخەکە پایە و مەرجەکەی تریەتی وڕێگەی سەرکەوتن کورت ونزیك دەخاتەوە.گەنجلاو دەنگهەڵبڕینێکی جددییە بەڵام بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەستبێنێت دەبێت لەئاست خەون وتموحاتی ئەو گەنجانە بێت چەند شەوە لەژێر ئەو چادرانەدا ڕۆژ دەکەنەوە، پێویستە تیۆر بگۆڕێت بۆ پراکتیك، قسە بگۆڕێت بۆ هەنگاو،خەون بگۆڕێت بۆ ئیرادە،پەرش وبلاٚویی بگۆڕێت بۆ ڕێکخراوبوون.

تێبینی: گەنجلاو ناوی ئەو جووڵانەوە بچووکە گەنجانەیە ماوەی بیست ڕۆژ دەبێت لەپارکی نالی شاری سلێمانی دەستیداوەتە مانگرتن بۆ ناچارکردنی حکومەت بەداواکارییەکانی کەخۆی لە ١٠ خاڵدا دەبینێتەوە.

* ئەم وتارە لەژمارە (٢٧) ڕۆژنامەی(ئالاٚ) لەڕۆژی ١\١٠\٢٠٠٧بلاٚوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاٚوبووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# عەلی مەحمود و ڕێکخراوی چاك بۆ دادگا ببەن!

ماوەی دوو ساڵە ڕێکخستنە کۆڵنەدەرەکانی پارتی ویەکێتی لەهۆڵەنداو سەرجەم ولاٌتانی ئەوروپا لەتێکۆشانی بەردەوامدان بۆ سزادانی یاسایی(ڤان ئانرات)ی تاوانبار.حکومەتی هەرێم بڕی (٢٠) ملیۆن دۆلاری لەڕێی نووسینگەکەیەوە لەهۆڵەندا تەرخانکرد بۆ بەڕێوەبردن وخستنەگەڕی کەمپینی دادگاییکردنی تاوانباری نێوبراو.ئەم هەوڵ و هەڵوێست وهەنگاوە دڵسۆزانەیەی پارتی و یەکێتی دوای ئەوە هات کەتاوانبارانی پرۆسەی شومی ئەنفال وژینۆسایدی کورد لەدادگاکانی سلێمانی وهەولێر دادگاییکران وبەرۆژی رووناك بەسزای رەوای گەل گەیەنران..لەو تاوانبارانە: (شێخ جەعفەر بەرزنجی،عەزەی نەهێ،قاسم ئاغا،حەمەی شێخ عەبدولکەریم هتد...). هەنووکەش رۆڵە بەجەرگەکانی زانیاریی وپاراستن هەروەك گلگامێش دەگەڕێن بەدوای تاوانبارانی ترو کۆنە مستەشار وبەعسییە کوردەکاندا.سەرچاوەیەك لەو دوو دەزگایە پێیڕاگەیاندین دەستیان لەکوشتن وراونانی ئەندامانی یەکتر هەڵگرتووەو بەڵکو هەماهەنگییەکی پێویست وتەواو لەنێوانیاندا هەیەو سەرگەرمی ئەوەشن پرۆپۆزۆڵێك پێشکەش بەحکومەتی یەکگرتووی کوردستان بکەن داهات و نەسریە وموچەیان زیادبکرێ تاوەکو بتوانن تۆڵەی خوێنی ئاڵی شەهیدان لەعارەبەکانی عۆجەو فەلوجە وحەویجە بکەنەوە،سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند چەند شوعبەیەکی نوێ لەدەزگاکانیان کراوەتەوە،دیارترینییان هۆبەی بەدواداچوونی جەللادو تاوانبارانی کوشت وبڕی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانە.بەپێی دوا زانیارییەکانیش هەنووکە هەریەك لەتاوانبارانی خوێنمژ (وەفیق سامەرایی)و(نزار عەبدولکەریم خەزرەجی)یەکەمیان لەئاکرێ ودووەمیان لەقەلاٌچوالان لەزینداندان و وابڕیارە رۆژی١٦/٣/٢٠٠٦لەهەڵەبجە بێنە دادگاییکردن.دوابەدوای هەوڵی نەپساوە وبێوچانی چەندین ساڵەی پارتی ویەکێتی لەدژی تاوانبارانی کۆمەڵکوژیی گەلەکەمان،سەرەنجام دارەکەیان بەری گرت وسەددامی هۆڵەندا راکێشرایە بەردەم دادگای ولاٌتەکەی،کادێران وئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیوپارتی گەواهیدەری تاوانەکان وهاوکارییەکانی(ئانرات)بوون بۆ ریژێمی عێراقیی لەناوبراو.دوا بڕیاری دادگا ئەوەبوو ئانرات ١٥ساڵ حەپسکردنی بەسەردا درا،کەئەمەش

دەسکەوت وسەرکەوتنێکی گەورەیتری گەلەکەمان بوو لەسایەی ژیریی سەرۆکە حەکیمەکانماندا. لەلایەکی تریشەوە لەم نێوەدا نابیّ رۆڵی ماسمیدیای حیزبەکانمان بەتایبەتی راگەیاندنی پارتی و یەکێتی فەرامۆش بکەین چونکە هەرچی ناکۆکیی وململانێی حیزبی وشەڕەجنێو وبەرنامە بیّ لەززەتەکان بوو خستیانە ئەولاوە،سەرلەبەری بەرنامەوپرۆگرامەکانیان تەرخانکرد بۆ بەدواداچوون وناساندنی دۆسێی ئەم تاوانبارەو ئاشکراکردنی یارمەتییە بیّ وێنەکانی بۆ سەددامی دیکتاتۆر. سەرەڕای ئەمەش کەناڵی کوردسات وکوردستان تیڤی شەبەیەك پەیامنێر و راگەیاندنکاری خۆیان نارده هۆڵەنداو بەوردی تەختیەی وەزعەکەیان کرد،مەسرەفیان ئەوەندە گران وزۆربوو بەلایەنی کەمەوە خۆی لە ٢٥ دەفتەر دۆلاری کاش دەدا.بۆیە لەگەڵ سەرکەوتنی پرۆسەکە دەستیانکرد بەشایی ولۆغان وهەڵپەڕین. لەبواری دیبلۆماتیشدا هەریەك لەسەرۆك کۆمارە کوردەکەی عێراق و سەرۆکی هەرێم بەفەرمی سەردانی هۆڵەندایان کردو لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردن ودیالۆگ لەمەڕ فایلی ئانرات.بەکورتی وکوردیی ئەم سەرکەوتنە درێژەی ئەو زنجیرە سەرکەوتنەی گەلەکەمان بوو لەچوارچێوەی عێراقی(دێموکراتی،فیدراڵی،فرەیی)بەدەستیهێناوە. وەلیّ زۆر بەداخەوە کۆمەڵە کوردێکی ناکەس بەچەو خیانەتکار بەچەشنی جاشەکانی سەردەمی رژێم کەوتنە داکۆکیکردن لەم تاوانبارەو تاوەکو دوا سنووری توانایان بەرگرییان لێکرد،ئەو (زۆڵەکوردانەش)بریتیبوون لە(عەلی مەحمودمحەمەد)ناوێك ورێکخراوی چاك،ئەمانە بەپیتاکی کۆنە بەعسییەکان وهاریکاریی ژێربەژێری حیزبی بەعسی داڕووخاو ورژێمە دوژمنەکانی کورد هەموو هەوڵێکیان خستۆتەگەڕ بۆئەوەی تۆمەتبار لەقەفەسی تاوان دەربهێنن ولەسزای یاسا قوتاری بکەن تا دوایی ئانرات لەکیسەی پڕی چەکفرۆشی خۆی مشتێك زەکاتیان بداتیّ!.سەرچاوەیەکی ئەمنی ئاگادار کەنەیویست ناویخۆی ئاشکرابکا رایگەیاند ئەو(عەلیمەحمود)ە لەسەرەتای حەفتاکانەوە لەحیزبی بەعسدا کاریکردووە وماوەیەك لەرۆژنامەی(هاوکاری)ودواتر لە(ئاسۆ)و(پاشکۆی عێراق) لەبارەی قارەمانێتی سەرۆکی فەرماندە وجەنگی قادسیەی دووەمی پیرۆزەوە زۆرنووسین وبابەتی بڵاوکردۆتەوە.دوای راپەڕین لەترسی گیانی خۆی چۆتە(بەغداد)و لەگەڵ هەندیّ مشەخۆری تردا لەگۆڤاری رەنگین ورۆژنامەی(بابل)کاریکردووەو لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادیدا،عێراقی لیّ بۆیە کونە جرج و بەرەو هەندەران هەڵاتَ ولەهۆڵەندا گیرسایەوە،واش باسدەکریّ چەندین ملیۆن دۆلاری بەعسی لەلای خۆی حەشارداوەو قسەش هەیە پەیوەندیی ژێربەژێری لەگەڵ سوریاو تورکیا هەیە چونکە چەندان جار لەقونسوڵخانەو ئۆفیسەکانی نوێنەرایەتی ئەو وڵاتانە بینراوە. رێکخراوەکەشیان لەساڵی ١٩٨٠لەسایەی جەنگی جەنگەکان(ام المعارك-دایکی جەنگەکان) کەوتە گەڕ بۆ چەواشەکردن وخۆڵ خستنە چاوی خەڵکی کوردستانی خۆشەویست. بۆیە ئەرکی حکومەتی هەرێم وحیزبە بالادەستەکانە ئەو تاوانبارانە راپێچی دادگا بکات تا بەسزای گەل بگەن، گەر ئەمڕۆش لەدەستی گەل قووتاربن(کەقووتارنابن)سبەینیّ بەمیقسەڵەکەی شۆڕش سەریان

لەلاشەیان جویٚ دەکریٚتەوە،یەکیٚتی وتەنی تۆڵە بەسەبرە بەڵام بەزەبرە.ئەوەشی مایەی نارِەحەتییە بەردەوام ئەمجۆرە جاشانە لەکۆلٚ کورد نابنەوەو بوونەتە رەگی گولی ئەم میللەتە بیٚ بەش وکلۆڵە. دەزگای زانیاریی وپاراستن لەخۆسازداندان بۆ دەستپیٚکردنی هەڵمەتیٚکی واژۆکۆکردنەوە لەناوەوە ودەرەوەی ولاٚت لەدژی ئەم تاوانبارە خۆفرۆشانەو بەم زووانەش بەهەولٚی تۆرِی نهیٚنی لەئۆفیسی هۆڵەندای پاراستن وزانیاریی دەهیٚنریٚنەوە بۆ کوردستان ودوای دادگایکردنیان لەشاریهەڵەبجەی شەهید لەبەرچاوی حەشاماتی خەڵکدا لەسیٚدارە دەدریٚن.هەربۆیە ئەرکی هەموو کوردیٚکی دڵسۆزە بەشداریی لەپرۆسەی واژۆکردن بکات،بگرە ئەرکیٚکی نەتەوەیی ومیٚژوویی ترەو پاککردنەوەی کوردستانە لەپیاوانی بەکریٚگیراو وعەمیلی بیٚگانە،بەراستی ئەی گەلی کوردی لیٚقەوماو ئەمەیە سەرەتای"پاکسازیی‌وچاکسازیی"وبەرنامەکانیحکومەتیهەریٚمیکوردستان لەپیٚناو دروستکردنی کوردستانیٚکی هەمیشە ئاوەدان وگەشەسەندوو.

تیٚبینی:ئەم وتارە لەرووی دارِشتن‌وپەیامو راستگۆییەوە پشتی بەستووە بەتیۆرو پرەنسیپەکانی (محەمەد سەعید سەحاف)وەزیری پیٚشووی راگەیاندنی ئیٚراق کەخاوەنی بیردۆزی میسداقییەتی لەسەدا سەد بوو لەراگەیاندندا،بۆیە لازمە هەر کوردیٚك باوەرِی لەسەدا هەزاری پیٚ بکات.

* ئەم وتارە لەرۆژی ٢\١\٢٠٠٦ لەم چوار سایتە بلاٚوبووەتەوە:

– www.dengekan.com

– www.klawrojna.com

– www.kurdistanpost.com

– www.bopeshawa.com

# مەرگی مەرزیەو دادگایی رۆژنامەنووسان ..

## وەڵامێك بۆ چرۆ شەهاب

بەڕێز چرۆ شەهاب لەژمارە(٣٧٨٧)ی رۆژنامەی(کوردستانی نویٚ)دا کورتە وتارێکی نووسیوە لەژێر ناونیشانی(بۆ ئەو قەڵەمانەی قەدری مەرزیە خانمیان نەزانی)،ناوبراو لەو چەند رستەو دێڕەی نووسیویەتی هەندێ بۆچوونی دەربڕیووە کەبەلای منەوە جێگەی پرسیارو رەخنەلێگرتنە، بۆیە هەوڵدەدەم بەکورتی وەڵامی بدەمەوە.

*لەبەشێکی کورتە وتارەکەدا نووسەر جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە هەندێك لەرۆژنامەنووسان (ئەو بەبەناو رۆژنامەنووس ناویان دەبات).بەشدارییان نەکردووە لەپرۆسەی نووسین بەبۆنەی مەرگی خانمی فەریقی،ئەوەش بەکردەوەیەکی ناپەسەندو نەشیاو هەژمار دەکات،دەشیٚ لێرەدا ئێمە چەند روویەکی تری ئەم وارە ببینین.

*مەرج نییە هەموو رۆژنامەنووسێك لەسەر هەر شتێك بنووسێت،هەریەکەو لەرشتەو کایەیەکی دیاریکراوی بواری رۆژنامەنووسیدا کاردەکات،تۆ ناتوانی داوا لەنووسەری ستوونێکی سیاسیی بکەیت وتار بۆ مەرگی مەرزیە خان بنووسێت، مەگەر لەکاتێکدا ئەو مەرگە فاکتۆرێکی سیاسیی لەپشتییەوەبیٚ.یان رێپۆرتاژنووس وهەواڵنێر کەرۆژنامەنووسی راستەقینەن کاریان نووسین نییە، ناکریٚ لەبۆنەیەکی ئاوا تاڵدا داوایان لێبکەیت بنووسن یان بەزۆری زۆرداریی بیانکەیتە نووسەر، کەواتە حاڵەتەکە تەندروست وئاساییە کەبەشێك لەرۆژنامەنووسان هەستن بەکاری نووسین لەبۆنەیەکی لەمجۆرەدا.

*مادام ئەو بەڕێزە دەڵیٚ قەدری مەرزیەیان نەزانی،من ئەو پرسیارەی لێدەکەم مەبەست لەقەدرگرتن چییە؟.ئایا هیچ رۆژنامەنووسێکت بەدیکردووە لەپێش وپاشی مەرگی مەرزیە کارێکی وایکردبێت تیایدا لەپایەی هونەریی وشەخسی خانمی کۆچکردووی کەمکردبێتەوە؟.ئایا هیچ نووسینێکی نێگەتیڤ بڵاوبۆتەوە یان لەسوچی هیچ رۆژنامەیەك بەکەم وبێبایەخ سەیری کارە هونەرییە بەرزەکانی خانمی فەریقی کراوە؟ئەی ئەگەر وانییە کامەیە قەدرنەگرتن؟.

*لایەنێکی تری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە فەرزنەکراوە لەسەر رۆژنامەنووس بۆ هەموو بۆنەو یادێکی تاڵ وشیرین بنووسێ.ناکرێ داوای رۆژنامەنووسی موناسەبە بکەین،بەڵکو ئێمە پێویستمان بەرۆژنامەنووسی میتۆدیی وئەکتیڤ هەیە لەبواری کارەکەی خۆیدا.من بەشەخسی هیچ وشەیەکم لەرۆژنامەکاندا بۆ مەرگی مەرزیە نەنووسیووە.بەڵام پێموایە کارەساتێکی گەورەیەو بۆشاییەکی پڕ نەکراوەیە لەهونەریی کوردییدا ونامەی سەرەخۆشیم ئاراستەی رەزازی ولەیلا فەریقی کردووە. ئەوەی مەبەستمە بیدرکێنم ئەوەیە:نەنووسین لەسەر مەرگی مەرزیە خان بەمانای رێزنەگرتن وکەم بایەخکردنی نییە!.خۆ ئەگەر وابێ تۆچی بەو جەماوەرە سەدان هەزار کەسییە دەڵێی بۆ مەرگی مەرزیە ماتەم دایگرتوون وناشتوانن تاکە دێڕێك بنووسن بۆی؟.

*کۆی ئەو نووسینانەی لەسەر مەرزیە نووسراون بەتایبەتی لەبۆنەی مەرگیدا،نووسینی بابەتی و میتۆدیی نین بەڵکو زیاتر لەژێر کارتێکردنی سۆزدان و لەباشترین حاڵەتدا پەخشان ولاواندنەوەو پیاهەڵگوتنن.ئەرکی نووسین لەسەر هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموونی وەك خانمی فەریقی تەنیا لاواندنەوە نییە بەڵکو هەڵکۆڵین وتوێژینەوەیە لەستایڵی هونەریی ئەودا،کارکردنە لەئاست رۆشنکردنەوەی لایەنە نادیارو شاراوەکانی هونەری هونەرمەندی کۆچکردوو کەپێموایە بەحەق هونەرمەندێکی بەتواناو خاوەن سەلیقەو بەهرەیەکی زۆربوو لەگۆرانی چڕیندا. ئەوە ئەرکی میوزیکژەن وگۆرانیبێژان وپسپۆرانی ئەو بوارە بوو بێن نووسینی جیددی وبابەتی لەسەر بنووسن، ئاخر زۆربەی ئەو وتارانەی لەسەر مەرزیە نوسراون نووسینی سەرپێی وناجیددی بوونە،کارەسات وقەیرانی رەخنەی هونەریی وئەدەبی کوردیی لەوێدایە نووسینی ناجیددی ومەدح وپیاهەڵدان جێگەی رەخنەو توێژینەوەی زانستی وئەکادیمی گرتۆتەوە.

*ئەگەر چرۆخان پێیوایە ماف نەدراوە بەمەرزیە کەباسی لێوەبکرێ وەك هونەرمەندێکی گەورە، غەدرێکی زۆر لەخۆی وخوێنەران دەکات،بەڵکو بەپێچەوانەوە ماوەی چەند رۆژی رابردوو هەموو شاهیدبووین کەماسمیدیای کوردیی هەر لەماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتەوە تادەگاتە کەناڵە تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان،ماوەو مەودایەکی زۆری خۆیانیان بۆمەرگی مەرزیە تەرخانکرد،ناشزانم چرۆخان چەندە ئاگادارە لەسەرجەم ولاتانی دەرەوە کەکوردی لێ دەژی پرسەی کۆچکردوو بەرێوەچوو. بەڕاستی ئەمە یەکەمجارە ماسمیدیای کوردیی بەوشێوەیە گرنگی بدات بەهونەرمەندو مەرگی هونەرمەند،من پێموایە مەرزیە حەقی خۆی دراوەتێ وبەتەواوەتی لەگەڵ ئەوەشم کەئەو مافەی دراوەتێ وبەمن بووایە حەزم دەکرد زۆر لەوە زیاتریش بوایە.بەڵام ئەوەی ماسمیدیای کوردیی فەرامۆشی کردبوو چەندان هونەرمەندی تربوون کەخاوەنی بەخشش وباکگراوندێکی هونەریی زۆربوون،(ولیەم یۆحەننا)ی مامۆستاو مۆسیقاری نەمر یەکێکە لەو نموونانە.(ولیەم یۆحەننا) جەمسەرێکی بەهێزی میوزیکی کوردیی بوو،بەڵام بەتەنیایی وبێدەنگی کۆچی دوایی کردو جگە

لەچوار لافیتەی رەش وبروسکەیەکی تەلەفزیۆن هیچ کارێکی دی وبەرنامەو نووسین وخۆ خەریك کردنێکمان بەم هونەرمەندە داهێنەرەوە نەبینی.

*پێش کۆتایی کورتە وتارەکە نووسەر ئاماژە بەوە دەکات هەندیٚ رۆژنامەنووس بەدواداچوونیان کردووە بۆ ئەو برە پارەیەی مەرزیە وەریگرتبوو بۆ بەرهەمهێنانی چەند ماددەیەکی هونەریی و ئەمەش بەکارێکی نەشیاو دادەنیٚ،وا بزانم ئەو خانمە وا لەراگەیاندن ورۆژنامەگەریی تێگەیشتووە مەساحەیەکە بۆ پیاهەڵدان وپەخشکردنی شیعرو پەخشان،نا بەڵکو راگەیاندن دەسەڵاتە،دەسەڵاتی چاودێریکەرو بەدواداچوو.ئەرکی رۆژنامەنووسیش بەدواداچوونی رووداو وهەواڵە،زۆر ئاساییە ئەگەر رۆژنامەنووسێك چاودێریی وبەدواداچوونی کردبیٚ بۆ ئەو مەسەلەیە،ئەمەش ناچێتە خشتەی دژایەتییەوەبەڵکو بەشێکە لەپرۆسەی کاری رۆژنامەوانی.ناکریٚ لەهیچ کەس نەپرسینەوە جا بائەو کەسە هونەرمەندێکی ناسراو وبەتواناش بێت.ئاخر سەرەتانی ئەم دەسەڵاتەی ئێمە تەنیا گەندەڵییە،ئەگەرنا لەرووی سیاسیی وئابووری وسەقامیگریی ئاسایش وهەندیٚ ئازادییەوە، ئەزموونی ئێرە هەنگاوی باشی ناوە.بۆیە پێویستە رۆژنامەنووسان رووبەڕووی گەندەڵی ببنەوەو بەدوای هەر حاڵەتێکدا بچن بۆئەوەی رووی راستەقینەی کارەکە دەربکەویٚ..لاموایە ئەو رۆژنامەنووسەی ئەو کارەی لەسەر مەرزیە کرد شتێکی باشی کردووەو خزمەتیشی کردووە چونکە هەر گومانێکی تری لەسەر رەواندۆتەوە.

*دوا خاڵێك بمەویٚ ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە:کاتیٚ گەیشتمە ئەوەی خانمی نووسەر باسی ئەوە دەکات ئەو پارەیەی مەرزیە وەریگرت بەخێر بۆی نەگەڕایەوەو بووە هۆکاری مردنی،من لەناخەوە پێکەنینم دەهات بەوەی رۆژنامەنووسێك بەو جۆرە تەقلیدیی وخورافییە بیردەکاتەوە،چونکە ئەو هەر ئەوەی ماوە بڵیٚ چاوپیسی مەرزیەی کۆچبار کرد!!ئاخر پێم ناڵێی کۆتایی هاتنی مەرزیە لەرووی فسیۆلۆژیی ونووسینی ناو رۆژنامە چ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟.من دڵنیام ئەگەر چەند دێرێکی تری بنووسیبا دەیووت خۆزگە پێش وەرگرتنی پارەکە نووشتەیەکمان بۆ بکردایە. دواجار دەڵێم ئەوی چرۆخان نووسیبووی دادگایی ودەعوا تۆمارکردن بوو لەسەر رۆژنامەنووسان نەك وتاری رەخنەیی.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٨٠٤) رۆژنامەی(کوردستانی نویٚ) لە رۆژی ١٩\١٠\٢٠٠٥ بلاوبووەتەوە.
هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاو بووەتەوە:
www.kurdistannet.org –
www.klawrojna.com –

# یەکگرتووی ئیسلامی هاوپەیمانی فەلوجەیە

لەگەڵ نێزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی عێراق،قڵشت وناکۆکی کەوتە نێوان پێکهاتەکانی لیستی هاوپەیمانی پێشووی کوردستان کەیەکگرتووی ئیسلامی یەکێك لەرەگەزە سەرەکییەکانی بوو،دواتریش یەکگرتووی ئیسلامی وچەند باڵێکی لاوازتری هاوپەیمانی کوردستان بڕیاریاندا بەلیستی تایبەتی خۆیان بچنە ناو پرۆسەکەوە.ئەم جیابوونەوەیەی یەکگرتووش قسەوباسێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە چ لەسەر ئاستی شەقام چ لەسەر ئاستی ناوەندی سیاسیی و رۆشنبیریی.لەم نێوەندەشدا پارتی ویەکێتی تەواو قەڵس وبێزاربوون ولەهەندێ رایەڵ وکەناڵی راگەیاندنەکانیانەوە هێرشیانکردە سەریان وبەخیانەتکارو قاچاخچی وهاوپەیمانی تیرۆریستان و زەرقاوی لەقەڵەمیاندان،لێ من بۆ خۆم لەمە هیچ لاریم نییە، بەڵکو ئەم رایەی ئەمڕۆ پارتی ویەکێتی پێیگەیشتوون یان راستتر ئێستا دەیدرکێنن دەربارەی یەکگرتوو.پێش چەندان ساڵ رۆشنبیرانی سکۆلارو چەپەکان باسیانکردووەو دەیان جاریش حەزریان داوە بەدەستەڵات لەبارەی سامناکیی وکوشندەیی ئەندێشەکانی یەکگرتوو.بۆ جاری یەکەم نییە یەکگرتوو هەڵوێستی وەها نێگەتیڤ و ترسناك دەگرێتەبەر،بەڵام ئەمەیان بەلوتکەی هەڵوێستە ناکوردانەو نابەرپرسەکانی یەکگرتوو بزانین!.هەرواش یەکگرتووی ئیسلامی وەك باڵی(اخوان المسلمین)لەکوردستان خاوەنی سیاسەتێکی دیماگۆگی وپراگماتیکین،هەر بۆیە نەك ئەم هەڵوێستە بەڵکو دەبێ فیشەك پێوەنان و سەنگەر گرتن لەگەڵی کورد چاوەڕێ بکەین لێیان. لێرەوە هەوڵدەدەم سەرنج و بۆچوونەکانم لەچەند خاڵێکدا پوخت بکەمەوە.

١-هەندێ خەڵکی سادەو ئاسایی وەها تێدەگەن هەڵوێستی دژایەتی ودوژمنایەتیکردنی کورد، لەمرۆڤی موسڵمان وباوەڕدار بەئیسلام ناوەشێتەوە.مخابن ئەزموون ئەوەی نیشانداوە دین هیچ کات رێگر نەبووە لەبەردەم خیانەتکردن لەنیشتمان و لەنەتەوەو لەخاك.ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی خۆمان بدەینەوەو بمانەوێ ئەم راستییە بەدیبکەین.(سەلاحەدینی ئەیوبی-مەلا ئیدریسی

بەتلیسی-مەلای خەتیٚ-سەعیدی نەورەسی....هتد).لەوجۆرە موسڵمانانەن ئەگەر بەپێوەرە نەتەوەییەکان بیانپێوین دەچنە ریزی خیانەتکاران ودوژمنانی گەلەکەیانەوە. ئەوجا لەو پۆلە مەلاو نیمچە پێغەمبەرانە بگەڕیٚ کەجەنگی دۆڕاوی "سەددام"یان بەداستانی قادسیەی دووەم و جیهاد لەپێناوی خوداو جەنگی پیرۆز ناوزەد دەکرد.لەبەرئەوە موسڵمانبوون ونەبوونی یەکگرتوو هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕیٚ وئیسلامیش هەرگیز نەبووەتە ریٚگری هیچ کەس لەهەر جۆرو چەشنە خیانەتکردنێك.

٢-هەندێك خەڵك تەنانەت کەمێك لەدەستەبژێرە رۆشنبیرەکەش یەکگرتوو وا لەقەڵەم دەدەن کەموسڵمان نییە لەبەرئەوەی هەڵوێستی لەمجۆرە لە موسڵمانان ناوەشێتەوە!ئەمجۆرە روانینە چی تر نییە جگە لەپاڕانەوە بۆ ئاینی ئیسلام ومەعسوم وبێگەرکردنی کەسێتی موسڵمان. سەمەرەو گاڵتەجاڕییەکە لێرەدایە:ئەگەر یەکگرتوو موسڵمان نەبیٚ ئەی کیٚ موسڵمانە؟.بیٚ هیچ گومان ودوو دڵییەك یەکگرتووی ئیسلامی نوێنەری جۆرێك لەتەفسیرو تەئویل ورێچکەیە لەئیسلام،هەر هەوڵدانێك بۆ خستنە دەرەوەی یەکگرتوو لەبازنەی ئاینی ئیسلام هەوڵێکی رەنج بەباو بیٚ سوودە. تەنانەت ئەوەندە بێماناوگێلانەیە وەك دەرکردنی لینین وبەڵشەفیك وایە لەکۆمۆنیزم،یان دەرکردنی هیتلەر وپارتەکەی لەنازیزم.

٣-یەکگرتووی ئیسلامی لەسەرجەم پێشهات وهاوکێشە سیاسییەکانی رابردوو بەشداروهاوبەشی پارتی ویەکێتی بووە،ئەشەدوبیلای بۆ سیاسەتە چەوتەکانی پارتی ویەکێتی دەکرد.کاتیٚ ئەمڕۆ جودادەبێتەوە لەلیستی ئەوان،بەدڵنیاییەوە جۆرێکە لەگەمەی سیاسیی وهەوڵدانێکیشە بۆ زانینی هێزو سەنگ‌وقورسایی خۆیان،بۆئەوەی بزانن تاچەند دەتوانن بەپێی ئەو پلانەی هەیانە ئیسلامیزەی کۆمەڵگەی کوردستان بکەن.لەلایەکی ترەوە(حیزبی ئیسلامی عێراق) کەهاوپەیمانی یەکگرتووەو هەردووکیان لەخاڵی(اخوان المسلمین)دا یەکدەگرنەوە،هێزی یەکەم وسەرەکیی سێگۆشەی سووننەنشینە.رەنگبیٚ بیانەویٚ لەگەڵ ئەو حیزبە هاوپەیمانی ببەستن لەپێناوی دورستکردنی فراکسیۆنێکی ئیسلامی سووننی لەپەرلەمانی عێراق ودەسەلآتی دادیێ ئەم ولآتە (ئەمە ئەگەر بۆیان بچێتە سەر).

٤-یەکگرتووی ئیسلامی لەکاتی جیابوونەوەی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان باسی گەندەڵیی ئیدارەو هەردوو پارتە سەرەکییەکە دەکات!.وەك ئەوەی گەندەڵی دیاردەیەکی نویٚ بێت وئەمڕۆ پێی زانرابێت.یەکگرتوو چەندساڵە بۆ باسی گەندەڵیی ناکات؟ئایا یەکگرتوو خۆی پشکی بەر ناکەویٚ لەو گەندەڵییانە؟خۆ ئەوان لەحکومەتی پارتیدا بەشداربوونو وەزارەتی دادیان بەدەستەوە بوو بۆ دادی هیچ گەندەڵکارێکیان نەکرد؟ئەی یەکگرتوو خۆی کەم گەندەڵیکردووە؟ئایا راکێشانی دەیان ملیۆن دۆلار وریال لەملاولاوە کەکەس نازانیٚ بۆچی دیٚ وچی لێدیٚ گەندەڵی نییە؟ئایا کەم گەندەڵی دەکریٚ لەدارایی تایبەتی یەکگرتوودا؟.ئاهەنگە سەدان هەزار دیناریەکەی کوڕی عەلی

قەرەداغی گەندەڵی نەبێ چییە؟.من دەڵێم پارتی ویەکێتی تاسەر ئێسك ومۆخ گەندەڵ ودزن،بەڵام ئایا بەرپرسەکانی یەکگرتووش هەروەك پارتی ویەکێتی گەندەڵ نین ؟.وەك ئەوان خاوەن کۆشك و تەلارو ریزە ئۆتۆمبێل نین؟ئەی سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی بەرپرسەکانی یەکگرتوو گەر گەندەڵی نەبێ ئاخۆ چییە؟.

٥-یەکگرتووی ئیسلامی پارتێکی سەربەخۆی کوردستانی نییەو گرێدراوی(اخوان المسلمین)ە. تا ئەم دەقیقەیەش (رێبەری گشتی – مرشد العام) لەمیسرەوە تەوجیهات ورێنماییان بۆ دەنێرێ. جا ئەگەر یەکگرتوویەك ریمۆندکۆنترۆڵەکەی لەدەرەوەی ولاَت بێ ولەوەش کارەساتبارتر ئەو دەرەوەی ولاَتە دژی هەموو دەسکەوتێکی بچووك وگەورەی گەلی کورد بێ دەبێ چی لێ چاوەڕوان بکرێ؟.ئەو (اخوان المسلمین)ەی یەکگرتوو پارچەیەکە لێی وشانازیی پێوەدەکات دوژمنی هەرە سەرسەختو شێلگیری بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردە،ساڵی ١٩٩١ راپەڕینە جەماوەرییەکەی گەلی کوردیان بەهەڵگەڕانەوە لەدین ونۆکەرایەتی بۆ زایۆنیزم وبەدەستی شەیتانی گەورە(ئەمەریکا)لەقەڵەمدا. هەنووکە یەکگرتوو سوجدەی بەندایەتیان بۆ دەبات.ئەم کلکایەتی وپاشکۆیەتییەی یەکگرتوو ئەوەندە ئاشکرا ودیارە(هەروەك درەوشانەوەی ئەڵماس وایە لەژوورێکی تاریکدا).هەر لەبەر ئەم هۆیە ئەوهەوڵوێستەی یەکگرتوو بەدەستی دەرەوە دەزانم یان بەجۆرێك لەجۆرەکان فاکتۆری دەرەکی رۆڵی تێدا بینیووە.

٦-یەکگرتووی ئیسلامی وبەرپرسە بالاَکانی،فرمێسکی تیمساحانە بۆ دیموکراسی هەڵدەڕێژن و وا رادەگەیەنن جیابوونەوەی ئەوان بۆ مانادارکردنی دیموکراسییە،بۆئەوەیە ململانێ وکێبڕکێی دیموکراسی لەکوردستان دروستببێ!ئەوان کەتووشی فۆبیا بوون لەبەرامبەر هەموو ئەو تێزو سیستمانەی هەڵقولاَوی ژیاری خۆرئاوان لەنێویشیاندا دیموکراسی،ئەوان کەدینەکەیان بەڕەهاو راستیی بێ چەندوچوون دەزانن وکۆی تێکستە قورئانییەکانیش دژی ئاوها سیستمێکە ئیتر باسی دیموکراسی ومانادارکردنی دەبێ چ کۆمیدیایەك بێ؟.ئەوان کەهاتوون ئازادیی بخنکێنن و دارکاریی مافە فەردیی ومەدەنییەکانی خەڵك بکەن. بەچ روویەکەوە دێن باسی ئەو چەمکە دەکەن. بگرە خۆیان دەکەنە دەمسپی وکەواسووری بەرلەشکری دیموکراتی؟. ئاخر ئەوان مەلا کرێکار وتەنی دیموکراسیان تەنیا بۆ ئەوەیە دیموکراسی پێ لەناوببەن.

٧-جاشایەتی وچڵکاوخۆریی یەکگرتوو بۆ عەرەب،بەتایبەت بۆ ولاَتانی چەوری کەنداو لەهیچ کەس شاراوە نییە،بەلاَم نەگبەتی کورد لەوەدایە مرۆڤێك لەترسی وەحشییەت ودڕندەیی سەددامو فیراری پسووڵەیەکی خەفیفەی هەڵگرتووە ئێستا بۆتە پەڵەی شەرمەزاریی نێوچەوانی ولێی نابێتەوە،کەچی حیزبێکی سیاسیی وەك یەکگرتوو سەرلەبەر جاشەو کەسیش لەگوڵ کاڵ تری پێ ناڵێ!پێم سەیرە یەکگرتوو باسی کوردایەتی وکوردبوون دەکات لەساتێکدا پیاوێکی وەك(عەلی قەرەداغی)کەوەك عومەری کوڕی خەتتاب وایە لەلایان. لەدەوحەو دوبەی بەدشداشەو عەگالەوە

سواڵ بۆ یەکگرتوو دەکات.پارتی ویەکێتی لەهەموو کەس باشتر دەیانزانی یەکگرتوو هەروا بەخۆڕایی لەکەنداوەوە ئەم هەموو پارەیەیان بۆ نایەت ئەگەر عەمیلو چڵکاوخۆری عەرەب نەبن، بەڵام خۆخەریکردنیان بەململانێی ناشەریفانەی نێوانیان وایکرد ئەمانە هەڵبتۆقن ورۆژ لەدوای رۆژ گەشەبکەن.من بۆخۆم هیچ گومانم نەبووە لەجاشایەتی یەکگرتوو،ئێستاش بەوپەڕی یەقینەوە ئەمەم بەدیکۆمێنت بۆ دەرکەوت چونکە ئەمڕۆ یەکگرتوو هاوپەیمانی فەلوجەیە.

٨-بەدرێژایی دەساڵی رابردوو،رۆشنبیران وچەپ وعەلمانییەکان خەتەرناکی یەکگرتوویان نیشانی دەسەڵاتی سیاسیی دەدا،بەڵام نەك ئەوەی دەسەڵات مێش میوانی نەبوو بەڵکو زۆرجار بۆیان دەپاڕانەوە.(مام جەلال)دەهات پۆلێنیئیسلامییەکان دەکرد،لەو ریزبەندییەدا یەکگرتوو موسڵمانی رەسەن ومیانڕەو بوو،لەولاوە پارتی کردبوونییە هاوبەش وهاوپەیمانی خۆی،وەزارەتی پێدابوون، لەولاتریشەوە رەوتە عەلمانی وچەپەکان ئەوەندەیان وت ورێسا، بوو بەچەنەبازیی وهیچشیان بەرنەکەوت. زۆربەی جاریش پیاوە گرگنە خۆ بەسکۆلارزانەکانی دەسەڵات لەقەباعەتدا دەیانووت نا یەکگرتوو قەڵغانێکی چاکە لەبەرامبەر ئەوانەی کورد بەکۆمۆنیست ناودەبەن. هەندێکی تر فەلسەفەیان دادەتاشی وکاوێژی ئەوەیان دەکرد گوایە یەکگرتوو روویەکی تری دیبلۆماسییەتی کوردە لەجیهانی عەرەبی وئیسلامیدا.ئێستاش یەکگرتوو بۆتە(ئیبلیس)لێیان وگوپ ودەمی خۆیان بۆ پڕکردوون لەجنێو وتانەو توانج.بەڵام یەکگرتوو هیچ نەگۆڕاوە،ئەوەی گۆڕاوە ئەوانن،ئەوە پارتی و یەکێتی بوون بەهەڵەدا رۆیشتن ویەکگرتوویان کرد بەکەڵەگا بەسەرمانەوە.

٩-پێویستە بزانرێت نووسەری ئەم بابەتە بۆ پارتی ویەکێتی ناپاڕێتەوە،بەڵام ناڕازیبوونم لەپارتی ویەکێتی نابێتە هۆی ئەوەی دەستخۆشی لەم هەڵوێستەی یەکگرتوو بکەم.رەنگە من مەبەستم لەو هەڵوێستەیان ئەوە نەبێ بەم کارەیان زیان بەبەرژەوەندیی کورد دەگەیەنن بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەز هەر لەبنەڕەتەوە دژی هەر هەڵبژاردنێکم بۆ عێراق بێ،یان دیسان جارێکی تر کوردستان لەحیم بکاتەوە بەعێراقی عروبەو گۆڕی بەکۆمەڵەوە.لێ هەڵوێستەکەی یەکگرتوو زۆر ئۆپۆرتۆنیستانەو غافڵگیرانە بوو.هەرچەندە دەشزانم سبەینێ لەگەڵ پارتی ویەکێتی دەبنەوە بەبرای گیانی بەگیانی بەڵام دوژمنایەتی من لەگەڵیان نەك پەیوەندیی بەپارتی ویەکێتییەوە نییە بەڵکو دوژمنایەتییەکی جاویدانی وئەبەدییە لەگەڵیان.

* ئەم وتارە لەژمارە (٢) گۆڤاری(راستەرێ) لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاو بووەتەوە:

- www.kurdistannet.org

- www.klawrojna.com

# هەناسەیەك بۆ ماڵئاوایی هونەرمەند ئازاد خانەقینی

بنوو ئەی مرۆڤی مەزن..بنوو ئەی پێشمەرگە رووناکەکەی شەوە زەنگەکانی نەتەوە..بنوو ئەی چریکەو سۆزی ئەڵوەن..بنوو ئەی هونەرمەند.. بنوو..ئەم دنیایە زۆر لەوە بچوکترە بتوانێ خەمە گەورەو ئومێدە بەرزەکانی تۆ لە ئامێز بگرێت،ئەم ژیانە زۆر لەوە پووچترە خەونەکانی تۆی تیا وردوخاش بکرێت.ئەو ژیانەی تۆ دەتویست بەمرەکەبی خۆشەویستی نەخشی بکەیت دەمێکە تامو بۆی خۆی لەدەستداوەو بووەتە زیندانێکی تاریك.ئەو دایکە شەهیدەی تۆ لەنیازتدا بوو ئاسوودەی بکەیت زۆر لەمێژە لۆتییەکانی سیاسەت دڵیان شەقار کردووەو مەلی ئاواتیان هەڵفڕاندووە.ئەو خەونەی بەپاشەرۆژی هونەری کوردییەوە دەتدیت دەمێکە هەرەسی هێناوەو قاچاخچیانی هونەر لەدەمێك ساڵەوە لەمەزادخانەی حیزبدا فرۆشتوویانە.ئەو هیوایەی تۆ لەپێناویدا تێکۆشایتو سەرلەبەری ژینی خۆت پێبەحشی ئێستا ئاخنراوە بەرەشبینی وتۆوی بەدگومانی. هیچ شتێك،هیچ بەهایەك نەماوە لەپێناویدا بژیت،رەنگە مەرگ چاکترین فریادڕەسی رۆحمان بێ بۆ رزگاربوون لەم ئازارە بێ کۆتاییانە.لەوانەیە مەرگ هاوەڵێکی دەمولێو شیرین بێتو دیارییەکەی ناوازەمان پێشکەش بکات کەئێستا نازانین چییە!؟.ئەی هونەرمەند..ماڵئاوایی و فرینی پەپوولەی تەمەنت کۆستێکی گەورەو ژانێکی بەسوێیە،هەرچەند ئێمە ناتوانین بزانین کامەمان مردوو وکامەمان زیندووین،لەنێوان ژیانو مردندا چاو تروکاندنێك هەیە،ئاخۆ ئێمە لەکوێیدا لەنگەرمان گرتووە؟.ماڵئاواییکردنت پێش ئەوەی(سەرسۆدەیەکی رێزلێنان لەسەر سنگت بدەن)ئازاری ویژدانو رۆحمان دەداتو سۆزمان بریندار دەکات،وەلێ نیشانەی دۆڕاویی وشپرزەیی وبێوەفایی ئێمە دەگەیەنێت.ببوورە ئەی هونەرمەند.لێمان ببوورە قەدرمان نەگرتیت.لێمان ببوورە فەرامۆشمان کردیت. لێمان ببوورە لەبێ ئاگایی وگومڕایمان بەرامبەر بەدنیا بێگەردەکەی تۆ.

کەچوویتە ئاسمان.بەگۆرانی کەلکی قەندیلومن چیامو مریەم مریەمێ فریشتەکانی خودا بەخەبەر بێنەوەو بوخچەی دڵت بکەرەوە هەرچی ئاهو ئێشو کەسەری خەفەکراویەتی بەئاوەڵەیی بۆ خوداو ئاسمانو فریشتە بەرگ سپییەکان بگێڕەوە،سەرنجیان بۆ لای خۆت راکێشەو لەفرمێسکی ئەواندا نغرۆ ببە ئیتر هەرگیز جارێکی تر مەگەرێرەوە بۆ ئەم دۆزەخی نیشتمانە.ئەی هونەرمەند..ماڵئاوا.. سەفەرەکەت گەڕانەوەی تیا نییە،وا نەزانی تۆ لێمان ونیت.نا نا هاورێ.پۆرتریتی تۆ لەبۆنی هەر گوڵێکدا،لەهەر باخچەو رەزێکدا،لەکەناری هەر رووبارێکدا،لەنزیکی هەر شاخێکدا،لەتەنیشتی هەر کانییەکی روونو لەقەراغی هەر گوندێکی چۆڵداو لەپەنای هەر درەختێکی سەوزو ژوانی دوو عاشقدا دەبینین.دڵنیابە.دڵنیا ئەی هونەرمەند.تۆ پەیکەری خۆت لەخەیاڵوئەندێشەماندا داکوتاوە هیچ مەمنوونی سەرسۆدەی دەسەڵات مەبە چون تۆ خۆت میدالیای سەرسنگی نەتەوەیت.

ماڵئاوا ئەی هونەرمەند.. ماڵئاوا ئەی پێشمەرگە.

*ئەم وتارە لەژمارە (٢٧) رۆژنامەی (نێوەند) لەرۆژی ٧\٥\٢٠٠٦ بلاوبووەتەوە.

# هەناسەیەك بۆ خالید رەشید

لەکاتێکداقاوەوقاو ژاوەژاوی دنیای شارستانی ئەمڕۆ وجەنجاڵی وسەرقاڵییەکانی ژیانی هاوچەرخ مێشکی قاڵ کردووین وهەمیشە لەقەلەقی وراڕاییەکی بێوێنەدا ساتەکان دەگوزەرێنین.گۆرانی و مۆسیقا،بەڵام گۆرانی ومۆسیقای رەسەن ئاوێکی سازگارو شیرینە بۆ دامرکانەوەی ئەو ئاگرەی لەسینەو دەروونی هەر یەکێکماندایەو تاو دەسێنێت.زۆربەی جار گۆرانییەك لەدوا پلەی پەستی و بێزارییەکاندا هێدیمان دەکاتەوەو وا دەکات زۆر نەرمترو ناسکتر مامەڵە لەگەڵ ژیان بکەین.گۆرانی ومۆسیقا زمانی دووەمی مرۆڤن،ئەو زمانەی هەمیشە گوزارشت لەدیوە هەرە جوانو نازکەکەی مرۆڤ دەکات،ئەو زمانەی مرۆڤ خۆی پێ خاڵیدەکاتەوە لەهەموو ئەو نەهامەتییانەی لەژیاندا دووچاری دەبێت.مۆزیکژەنی ناودار چایکۆڤیسکی(١٨٤٠-١٨٩٣)دەڵێ(هیچ وتارێك وهۆنراوەیەك ناتوانێ یەك هێڵی دیدگاو بۆچوون لەناو کۆمەڵ دروستبکات،بەڵام کلیلەکانی مۆسیقا نەك یەك بۆچوون بەڵکو یەك باری سایکۆلۆژیی هزرو رۆمانسییەت دروستدەکات).چایکۆڤیسکی راست دەکات چونکە مۆزیك وگۆرانی هەروەك یەك دەگاتە گوێی کرێکارێك،سەرمایەدارێك یانژی ژنێك، پیاوێك.مۆزیك وگۆرانی ئەو سیحرە گەورەیەی مرۆڤن کەدەتوانن ناخت رابژەنن وئەندێشەت بەرنە دوا وێستگەی رامان وبیرکردنەوەو رۆچوون لەخۆتدا،ئەوەتا فەیلەسووفی مەزن(فریدریك نیچە) پایەی مۆزیکی زۆر لەسەرتر لەفەلسەفە داناوە،ئەوکاتەی دەنووسێ(ئەگەر فەلسەفە لەبەرزترین پلەی زانستدا بێت،ئەوە مۆسیقا ئەو سیحرو ئیلهامەیە لەسەرووی فەلسەفەوە دێت).کوردیش وەك گەلێکی دێرین وخودان شارستانێتی وژیاری تایبەت بەخۆی یەکێك لەگەلە هەرە دەوڵەمەندەکانە لەبواریمۆزیك وگۆرانیدا،چونکە کەشوهەواو سروشتی وڵاتەکەی بۆخۆی مۆسیقایەو بناغەی دینە رەسەنەکەشییەتی،زەردەشتییەت ئاینێکە سەرلەبەری تەقوس ومەراسیمەکانی بەشێوازی ئاهەنگ ئامێزو لەسۆزی گۆرانی ومۆزیکدا بەرێوەچووە.ئەز گومانم لەوە هەیە گۆرانی وسروود ومۆزیك بەشێك نەبووبێ لەبناغەکانی ئەو دینە.وەلێ ئەم سەروەتە گەورەیە لەلایەن کۆلۆنیالیستانی کوردستانەوە تالانکراوە،بەڵام هێشتا ئەم نەتەوەیە خاوەنی کەلەپورێکی دەوڵەمەندە لەو بوارەدا. رۆژهەلاتناسیناسراو(تۆمابوا)نووسیویە(سەردەمیساسانییەکان کوردان لەشارستانێتی مۆزیکادا دەستی باڵیان هەبووەو میللەتانی دەوروداوسێش سوودیان لێ وەرگرتوون).ئەم وتەزایەی تۆمابوا هەروا لەخۆڕایی نییە بەڵکو بەرەنجامی توێژینەوەو وردبوونەوەیەکی قووڵە لەمێژووی دێرینی میزۆپۆتامیاو ئێرانی دێرین.جگە لەمەش مۆزیك وگۆرانی ناسنامەی نەتەوەن وراددەی پێشکەوتنیان راددەی هۆشیاریوشارستانێتی نەتەوە نیشان دەدەن،ئەوەتانێ بەر لەهەزاران ساڵ (کۆنفۆشیۆس)وتوویەتی(ئەگەر ویستت پلەی پێشکەوتن وشارستانێتی هەر گەلێك بزانی گوێ شل بکە بۆ گۆرانی ومۆسیقاکەی).لەناو کوردیشدا گەلەك هونەرمەندی مەزن وخاوەن سەلیقەو

بەهرەی هونەریی هەڵکەوتوون ورۆڵیان دیتووە لەپەرەپێدان وپێشخستنی هونەری مۆزیك وگۆرانی کوردییدا.هەندێ لەو هونەرمەندانە حاڵی حازر لەژیاندان وبەردەوامن لەکارەکانیان.ئەگەر بمانەوێ نموونەیەك لەبەرچاو بگرین هونەرمەندی مۆزیکژەن وگۆرانیبێژ(خالیدرەشید)نموونەیەکی فرە بەرچاو ونزیکە لێمانەوە.خالیدرەشید یەکێکە لەو سوارچاکانەی هونەریی کوردیی کە تائەوپەڕی تواناو دەستپێڕاگەیشتنی هەوڵیداوە ئەسپی خۆی لەهونەرێکدا تاوبدات مۆرکی ڕەسەنایەتی کوردیی لەدەست نەدابێ ولەهەمان کاتدا ئاوێزان بەرۆحی نوێگەریی وداهێنان. خالید ڕەشید لەئانی نغرۆبوونی گۆرانی کوردیی لەلافاوی گۆرانیومۆزیکی تورکی وعەرەبیدا ئالأی ڕەسەنایەتی بەدەستەوە گرتووەو ئەویش هەروەك(ئارام خاچادۆریان)دەڵێ(بەرلەوەی هونەر جیهانی بێت دەبێ نەتەوەیی بێت).خالید ڕەشید هونەرمەندی نەتەوەیەو بەسۆزی دەنگی پرسیاری دەبدەبەی بابان دەکات وغەمی سبەینێ ولاتێتی،ئەو پڕ بەدەمی وبەهەنسك وژانەوە دەڵێ من کەرۆحم لەکوردستان بێ دەبێ تامی چی بێت چێژو خۆشییەکانی تاراوگە؟لای ئەو تاراوگە دۆزەخەو پەڕوباڵی ناسکی وی تیا دەسووتێو ولاتیش سەرباری هەموو عەزابەکانی ڕەنگ وتام وچێژی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو دەیەوێ بڵێ غوربەت وتاراوگە نیشتمانی لەدڵدا خۆشەویستکردین،ئەو گۆرانی بۆ نەتەوەیەك دەچڕێ هەزارساڵە خوێنی بەناهەق ڕژاوی دڵۆپ دڵۆپ وتك تك دەڕژێتە سەر زەویەکەی خۆی،ئەو گۆرانی بۆکچە کوردێکیئەنفالکراو دەچڕێ خەنەبەندان وزەماوەندی گوندیان لەنوگرەسەلمان لەگەڵدا زیندەبەچاڵکرد،ئەو گۆرانی بۆ ئەو منداڵە دەچڕێ باوکی لەجەنگی ناوخۆدا هەناسەسارد کراو دایکشی بۆ هەتاهەتایە ڕەشپۆش کرا،ئەو گۆرانی بۆ ئەو دایکە زەلیلە دەڵێ لەئێوارەیەکی پایزدا جەلادانی بەعس کوڕەکەیان بردو ئیتر هەر نەگەڕایەوە.گەرووی خالید ڕەشید گەرووی نیشتمانە،گەرووی هاواری تاساوی ئەنفال وگۆمی خوێنی هەڵەبجەو ئێسك وپروسکی گۆڕی بەکۆمەڵی گەلەکەیەتی.خالید ڕەشید یەکێکە لەو گۆرانیبێژە دەگمەنانەی بەوپەڕی وریایی و هۆشیارییەوە دەستدەبات بۆ تێکست وشیعری شاعیران،من دەزانم شیعرێ ناخی نەهەژێنن و ئاوێنەی کەسەرو ئازارەکانی ژینی خۆی نەبێت مەحاڵە بتوانێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات؟.ئاخر شیعر ومۆسیقا دوانەیەکی لێکجیانەکراوەن،شیعر رۆحی مۆسیقایە،شیعر زمانیڕاستەقینەی گۆرانیبێژە ڤاگنەر،دەڵێ(شیعرو مۆسیقا چەشنی گوڵن،شیعر جەستەکەیەتی ومۆسیقاش بۆنەکەی).هەر ئەو دەڵێ(مۆسیقاوشیعر وەك کیژێك ودڵدارەکەی وان،مۆسیقا کیژەکەیە وشیعریش دڵدارەکەی). هەڵبژاردنی شیعر هونەرە،سەلیقەو توانایە،هاوزەمان دەرخەری ئاستی تێگەیشتن ورۆشنبیریی خودی هونەرمەندە.کاتێ ئەو دەڵێ بەقەد ئاسمان خۆشمدەوێی،هیچ عاشقێك نییە هەزارجار ئەم ڕستەیەی بەمەعشووقەکەی نەوتبێ،خۆ ئەگەر بەم ڕاستەوخۆییە وشەیەکی واشی نەدرکاندبێ بەهەزارویەك وشەی تری هاوشێوە زۆر زیاتری وتووەو تەعبیری لێکردووە.ئەم مامەڵە ژیرانەیەی خالید ڕەشید لەگەڵ تێکست وامان لێدەکات وشە بەوشەی گۆرانییەکانی جێ پەنجەو کاریگەریی

لەسەر رۆحمان لەسەر مێشکمان بەجێبهێڵین،خۆ لەخۆڕا نییە ئەم جۆرە هونەرمەندانەو بەرهەمەکانیان بەنەمریی لەدڵو ویژدان ودەروونی خەڵکیدا دەمێنێتەوە.بۆ وێنە هەر دەڵێی(تایەر تۆفیق-حەسەن زیرەك-عەلی مەردان-سەید عەلی ئەسغەرهتد)ئیدی گۆرانییەکانیان دێنەوە ناو گوێمان،وێنەکانیان وجووڵەو دەست ڕاوەشاندنیان دێتەوە پێش چاومان،چونکە ئەم ئەستێرانە بەوپەڕی هۆشیاریی وژیرییەوە مامەڵەیان لەگەڵ هونەر کردووەو هەر ئەمەش کردوونی بەو رەمزو نیشانە گەورەیەو نەمریی پێ بەخشیوون.خالید رەشید گۆرانیبێژی ئەویندارانە،لاوی سەرجەم جوانییەکان لەئەویندا گردبوونەتەوە،رەنگە بڵێم ئەوینێکی ئەفلاتۆنی.خالید رەشید هونەرمەندی بووکی ئێوارە ونێرگز ونەمامە عاشقەکانە،هونەرمەندی گوڵەبەڕۆژەکانی بەر رەشەبایە،جوانی و عیشق هەمیشە بەلای خۆیاندا پەلکێشی دەکەن وئەویش لەبۆتەی هونەرێکی رەسەن وناسکدا لەئامێزیان دەگرێ وبوخچەی دڵی خۆی بۆیان دەکاتەوەو بەزەردەخەنەوە سڵاویان لێدەکات. هونەرمەند(خالید رەشید)خاوەنی ستایلێ ورێچکەی خۆیەتی،خاوەنی قوتابخانەی رەسەنایەتی وگۆرانی نەتەوەیی وئەویندارییە.ئەو دەیەوێ لەرێی گۆرانییەوە قەفەسی سنگمان بکاتەوە تنۆك تنۆك خۆشەویستی بەسرنجی سۆزی دەنگی بکاتە دڵو هەناسەمانەوە،دەیەوێ لەناو هەراو زەنای ئەو هەموو بەرهەمە بێ پێزو کاڵ وکرچەدا گۆرانییەکی ڕەسەنمان بەتام وچێژی کوردانەی خۆیەوە پێشکەش بکات وبەکاریگەریی دەنگی هەوایەکی چەشنی شەماڵ بەڕووی جەستەی شەکەتماندا بکاتەوە،دەیەوێ بەچەکی گۆرانی وفیشەکدانی مۆزیکا بەگژ داگیرکەران وناحەزانی نەتەوەکەیدا بچێتەوەوبڵێ:ئەوە منی کوردم.دەیەوێ هەناسەکانی هەناسەی عاشقە دڵڕەنجاوەکان و شوێنکەوتووانی رێبازی مەم وزین وخەونی ئەویندارانی بەرباران بێت.خالید رەشید وهونەرەکەی شتێکی ئەوەندە کەم وبێ بایەخ نین هەروا بەئاسانی بەسەرماندا تێپەڕن،ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ سبەینێ دەگەین بەوەی ئەوی ئەم هونەرمەندە کردوویەتی چەندە مەزن وچەندە شکۆدارو چەندە دەگمەنە.هونەری وی بۆ هەمیشەو بۆ داهاتوو دەمێنێتەوە،رەنگە کۆشکەکان بەزەمین لەرزەیەك لەناوچن بەڵام هونەری ئەم هونەرمەندە هەرماوە،رەنگە دەیان میر وسەرۆك شالیار بڕۆن و کورسییەکانیان بەجێبهێڵن بەڵام کورسی هونەرەکەی ئەم هونەرمەندە هەر دەدرەوشێتەوە.رەنگە سەرمایەدارەکانی ئەمڕۆی وڵات سواڵکەرەکانی سبەینێ بن،بەڵام هونەرەکەی خالید رەشید سەرمایەی هەمیشەییەو هەردەمێنێ.رەنگە منیش بۆچوونم لەگەڵ(تیۆفیل گۆتی)دابێ کەدەڵێ (هەموو شتێك تێدەپەڕێت تەنیا هونەر بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە،پەیکەرێك زیاتر لەعەرشێك دەمێنێتەوە،پارچەیەکیش زیاتر لەخودی ئیمپراتۆر).بڵێم چی بەخۆم نییە وا هەست دەکەم دەنگی خالید رەشید دەنگێکە بۆ هەمیشە لەگوێماندا دەزرنگێتەوە،دەنگێکە وای نابینم بۆ ئەبەد بمرێ.

*ئەم وتارە لەژمارە (٦) رۆژنامەی(هەولێر پۆست) لەرۆژی ٧\١٢\٢٠٠٥ و ژمارە(٢٥) رۆژنامەی (بەدرخان تایمز) لەرۆژی٥\١\٢٠٠٦بڵاوبووەتەوە

# لەپەڕاوێزی ناڕەزایی خوێندکاراندا

لەچەند هەفتەی رابردووەوە هەموو لەنزیکەوە شاهیدی ئەو مانگرتن و ناڕەزایەتییە خوێندکارییە درێژخایەنە بووین لەسەر ئاستی زانکۆی سلێمانی بەڕێوەچوو.هێشتاش هیچ ناڕەزایەتی و مانگرتنێکی خوێندکاریی لەوجۆرەمان لەمێژووی کوردستاندا نەدیتووە،بەتایبەتی گرنگییەکەی لەوەدایە هیچ رێکخراو وگرووپێکی دیاریکراو جوڵێنەری ئەم بزوتنەوەیە نییە(ئەگەر بتوانین ناوبنێین بزوتنەوە یان بەسەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەی خوێندکارانی بزانین).ناڕەزایەتی خوێندکاران لەبنەڕەتدا بریتییە لەبەرەنگاربوونەوەی زانکۆی ئایندەی ئەهلی کەئەمە سەرەتای یەکەمین گەشەکردنی کەرتی تایبەتە لەکوردستان!.ئەم ناڕەزایەتییە خوێندنەوەو جەدەلێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا،بەڵام زۆربەی دیدگاو بۆچوونەکان لێك نێزیك بوون.ئێمەش لێرەدا بەکورتی چەند سەرنجێکی جیاواز لەمبارەوە دەخەینەروو.ئایا دەشێ ئەم ناڕەزاییە بخەینە چوارچێوەی ئەو باهۆزە دیموکراسییەی خەریکە سەراپای سیستمی دیکتاتۆریی ناوچەکە دەگۆڕێ یان نا؟ئەو باهۆزەی هەر ئێستا(میسر)ی هێناوەتە لەرزین و بۆ یەکەمین جار تەڵیسم و هەندێ سنوری مینرێژکراوی پەیکەری سیاسیی ئەو وڵاتە شکێنراو خرایە ژێر تیشکی رەخنەوە،ئێستا بەدوای ئەڵتەرناتیڤی(موبارەك)دا دەگەڕێن و چەندین برگەو ماددەی دەستووری وڵاتیش دەگۆڕێن.ئەو ریفۆرمەی لەمیسرەوە وا خەریکە دەستپێدەکات لەدوورماوەدا ئەنجامگیرییەکانی بەسەر دنیای عەرەب وسەرجەم کیشوەری ئەفەریکاوە دەبینین.لەلایەکی تر لەلوبنان بەتیرۆرکردنی(رەفیق حەریری)بزوتنەوەیەکی میللی وجەماوەریی بەرووی دەسەڵاتی وڵاتدا تەقییەوەو دەوڵەتیان ناچارکرد وازنامە رابگەیەنێت،لوبنانییەکان بەدرێژایی دەیان رۆژو شەوی دەنگ هەڵبڕین و(نا)وتن توانیان زەبەلاحترین کار لەبواری سیاسیی وڵاتەکەیاندا بکەن.ئەمە بۆ یەکەمین جارە لەدنیای عەرەبییدا خەڵك بەو راستەوخۆیی و کاریگەرانەیە بتوانێ بۆچوون و قەناعەتی خۆی بەسەر دەوڵەت و دەسەڵاتدارانەدا بسەپێنێ و بیکاتە دیفاکتۆ.هەر لەولاوە لە(قیرغیزیا)شەپۆلی ناڕەزایی و پەرچەکردارو رکی پەنگخواردووی خەڵك بارێکی وای خوڵقاند کەهیچی کەمتر نییە لەباری لوبنان، ئەو ناڕەزاییە بەجۆرێك بوو دڵی دەسەڵاتدارانی هێنایە لەرزین و دواجاریش(باکایف)ی سەرۆکی وڵات ناچارما لەنێوان دەسەلات وژیاندا، ژیانی هەڵبژاردو وڵاتی بەجێهێشت.ئایا شەپۆلی ناڕەزایی

خوێندکارانی کوردستان بەشێکە لەو پرۆسەیە یان نا؟ئایا ئەم جووڵانەوەیە شتێکە لەجۆری شۆڕشی مایۆی ١٩٦٨ی خوێندکارانی فەرەنسا یان نا؟.هەروەك هەندێ کەس دڵیان بەمە خۆشکردووە!.لەڕاستیدا ئەگەر بەوردیی بۆ دروشمەکانی نارەزایەتییەکەو یەکە یەکەی وشەی ئەو خوێندکارانە بڕوانین ئەو بڕوایەمان لەلا گەڵاڵە دەبێ نەك هەر ئەوەی ئەم جووڵانەوەیە بەشێك نییە لەو حاڵەتە بەڵکو تەواو بێ ئاگایە لێی وبەهیچ جۆرو شێوەیەك و لەهیچ هێڵێکدا بەیەك ناگەنەوە!. ئەم نارەزاییە لەبنەمادا خاوەنی ستراتیژیەتێکی روون و ئەجیندەیەکی چەسپیوو نییە جگە لەرك و قینی پەنگخوادووی چەند سەد خوێندکارێك کەناتوانن قبوولی زانکۆیەك بکەن کەرتی تایبەت بەرێوەی ببات.ئەم جووڵانەوەیە نەك هەر لەشۆڕشی فەرەنسا ناچێت،بەڵکو ئەوپەڕی بێماناییە ئەو دووانە بخەینە یەك خشتەی بەراوردکارییەوە،شۆڕشی فەرەنسا لەپشتییەوە چەندین بیرمەندو فەیلەسووف وەستابوون(بۆ نموونە بەمارکۆز،دەوترێ باوکی شۆڕشی ٦٨).ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە لەسەر بەرینترین مەوداو بوار بوو،شۆڕشی فەرەنسا خاوەنی پرەنسیپ و ستراتیژیەتێکی چەسپیو بوو،ئێمە بینیمان ئەو شۆڕشە چەند کاریگەر بوو،بینیمان ئەو شۆڕشە شۆڕشێك بوو سەرلەبەری ئەورووپای گۆڕی یان هەر هیچ نەبێ ئیستێکی بەو رەوتە چەقبەستووە لەبەرامبەر خۆیدا گرت و ناچاریکرد چاوێك بەخۆیدا بخشێنێتەوە.بەڵام نارەزایی خوێندکارانی کوردستان (یان راستتر سلێمانی)بەوجۆرە نییەو پەلی نەکێشاوە بۆ بواری تر،ئەگەر هەنووکە زانکۆی ئایندە دابخرێت لەلایەن دەستەڵاتەوە(بەبڕوای من خراپترین کارە گەر حکومەت بیکات)،ئەو خوێندکارانە هیچ کێشەیەکیان نەماوە هەر یەکەو دەچێتەوە بۆ ماڵی خۆی.چونکە ستراتیژیەتێك کۆینەکردوونەتەوە تا بەردەوام بن،دەشێ بڵێین ئەم نارەزاییە لەئاستی تموحی توێژێکی وەك خوێندکاراندا نییەو ئامانجێکی بچووك و کاتیی هەیەو ناتوانێت بپەڕێتەوە بۆ ئاست و بوارێکی فراوانترو هەمەلایەنەتر،با بڵێین خۆ کێشەی خوێندکاران تەنیا زانکۆی ئایندە نییە،ئەگەر وایە ئەو نارەزایی و رەخنانەی لەوەوپێش و لەچەند ساڵی رابردوودا خوێندکار هەیبووە دەبێتە سەفسەتەو ئەفسانە،کەواتە دەپرسین ئەم نارەزاییە دەیەوێ و لەتوانایدا هەیە بەردەوام بێ و هەمەلایەنەتر کار بکات؟.یەکێك لەو نوقتانەی پێویستی بەشیتەڵکردن و توێژینەوەیە ئەوەیە ئاخۆ ئەو نارەزاییەی خوێندکاران لەبناغەدا رەوایی وشەرعیەتی هەیە؟.ئایا زانکۆی ئایندەی ئەهلی دیاردەیەکی پۆزەتیڤە یان بەپێچەوانەوە؟.من بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم ناڵێم جووڵانەوەکە نارەوایەو داواکارییەکانیان واقیعی نین،بەڵام دروستکردنی زانکۆی ئەهلیش ناواقیعی ونابەجێ نییە،بەڵکو سەرەتای هەنگاوێکە رووەو کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ومەدەنی.لەکاتێکدا دەبوو خوێندکاران یەکەم توێژی کۆمەڵایەتی بوونایە پشتگیریان لەو فینۆمینانە بکردایە کەکۆمەڵگەی کوردستان رووەو کۆمەڵێکی مەدەنی و کاپیتاڵی وەردەچەرخێنن،بەڵام تەواوێ بەپێچەوانەوە خوێندکاران یەکەم کەسن بوونەتە لەمپەر لەبەردەم ئەو وەرچەرخانە. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا رەخنەی

خوێندکاران ئەوەیە:گوایە زانست بەپارە نییەو کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێ!. بەڵام ئەمە جگە لەقسەیەکی بەتاڵ و ڕەخنەیەکی کلاسیکی و سەلەفیانە بەولاوە هیچ شتێکی تر نییە.ئەمڕۆ لەکۆمەڵگە سەرمایەداریی و پێشکەوتووەکاندا کەخۆی لەئەوروپاو ئەمەریکادا دەبینێتەوە نەك دەیان بەڵکو هەزاران زانکۆی ئەهلی هەیەو لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێن،نەك زانستی فیزیاو پزیشکییە باوەکەی ئێرە بەڵکو وانەی چەکی گەردیلەیی وڤایرۆسی و فەزائی وجینات و کۆپیکردنی مرۆڤی تێدا دەخوێندرێت.لەلای من سەیرە لەلایەك خوێندکاران هەموو هاواریانە لەدەست کولتووری داڕزیوی ڕۆژهەڵاتی و سیستمی کۆنی خوێندن و خوازیاری مۆدیلێکی هاوچەرخی خوێندن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن کەرۆژئاوا پێی تێناوە،کەچی لەلایەکی ترەوە هەر خۆیان دەبنە لەمپەر لەبەردەم یەکێك لەو هەنگاوانەدا. لێرەشدا دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ڕاستە بنیاتنانی ئەم زانکۆیە هەموو پرۆسەکە نییە بەڵام خۆی لەخۆیدا گرنگە،ڕاستە هەموو کەسێك ناتوانێ سودمەندبێ لێی بەڵام دەرفەتێکی ترە لەبەردەم پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا. وەلێ بەداخەوە لەقسەی خوێندکاراندا تەنیا ئیرەیی بردن دەرکەوت،لەساتێکدا کەدەیانووت هەر ئێمە شایستەین لەکۆلیژی پزیشکی وئەندازیاریی بخوێنین،هەروەك ئەوەی زانکۆی ئایندە پێکهاتبێ لەو دوو کۆلیژە،تەنانەت زێدەڕۆیش ناکەم ئەگەر بڵێم ئەوەی ئەو خوێندکارانەی کۆکردۆتەوە جۆرێکە لەئیرەیی‌بردن و بەرژەوەندخوازیی.بەتایبەتی پیشەی پزیشکی و ئەندازیاریی لێرە گرنگییەکی زیاتری هەیە،ئەوان نایانەوێ لەغەیری خۆیان هیچ کەسێکی تر ببێتە دکتۆرو ئەندازیار.ئەوان کێشەکەیان ئەمەیە،نەك دژایەتییەکی ماقووڵ،دوای خوێندنەوەو شیتەڵکارییەکی ورد هاتبێ. بەدرێژایی ئەم چەند ڕۆژەی ناڕەزایی خوێندکاران بەردەوام لەخۆمم پرسیوە ئاخۆ دەبێ کامە فاکتۆر بێ ئەم هەموو خوێندکارەی ڕژاندۆتەوە سەر شەقام؟.هەمیشەش بیرم لەوە دەکردەوە بەدرێژایی چواردە ساڵی ڕابردوو کەدەرفەتێکی تاراددەیەك باش بووە لەبەردەم چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆچی لەم ماوەیەدا ئەگەر بۆ یەك جاریش بووبێ ئەم ژمارە زۆرەی خوێندکاران کۆنەبوونەتەوە؟.تۆ بڵێی کارەساتەکانی زانکۆ ئایندە لەکارەساتەکانی جەنگی ناوخۆ گەورەتربن؟.تۆ بڵێی مەترسییەکانی زانکۆی ئایندە لەمەترسییەکانی عەرەب و دراوسێ داگیرکەرەکانی ترمان زیاتربێ؟تۆ بڵێی زانکۆیەکی ئەهلی وەك زانکۆی ئایندە لەشەڕە پەڕۆو شەڕە دروشم و دەمدورینی ڕۆشنبیر خراپتربێ؟تۆ بڵێی زانکۆ ئایندە لەو هەموو گەندەڵییە ئیدارییە ترسناکتربێ ئەڤرۆ سەرتاپای یەکە کارگێڕییەکانی کوردستانی گرتووەتەوە؟تۆ بڵێی خوێندنی کوڕو کچە دەوڵەمەندەکان لەزانکۆی ئایندە خراپتر بێ لەوەی نەخوێندەوارو بێ بڕوانامە بن؟. تۆ بڵێی زانکۆی ئایندە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد دورستکردبێ؟.تۆ بڵێی زانکۆی ئایندە لەداگیرکردن و تاڵانکردنی کولتووری کوردیی لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە سامناکتر بێ؟. تۆ بڵێی زانکۆی ئایندە کارگەی بەرهەمهێنانی گەرای تیرۆرستی وزەرقاوی ونەسراوی بێ؟.پرسیارەکە

دوای ئەو هەموو (تۆ بڵێی)یە ئەوەیە:هۆی ئەو دەمدورینە دووورودرێژە چی بوو؟.کەئێستاشی لەسەربێ خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر جەنگی ناوخۆو گەندەڵی ئیداریی و دەستێوەردانی هەرێمایەتی وتیرۆر هتد.. هەیبووەو هەیەتی؟.ئەو خوێندکارانەی پێیانوایە(دیدالیۆس)ن و تاخۆر فڕیوون بۆچی لەرۆژانی رەشی جەنگی گەرمی ناوخۆی ئەوساو شەڕی ساردی ئەمێستاو هەزارویەك فەزاحەتی تری دەسەڵاتی کوردیی هەڵوێستیان وەرنەگرت و وەرناگرن؟.کەواتە مافی خۆمە گومانم هەبێ لەوەی ئەم مانگرتن و ناڕەزاییە بێجگە لەبەرژەوەندییەکی تەسك و نوخبەویی بەولاوە هیچ پاڵنەرێکی تر لەپشتییەوە ئامادەیی هەبێت.هەرچۆنێك بوو حەشاماتی خوێندکاران ناڕەزاییەکی تاراددەیەك درێژخایەنیان لەبەرامبەر دەستەڵاتی کوردیی(وەك داکۆکیکاری زانکۆی ئایندە)دەربڕی.هەروەك لەپێشتردا ئاماژەم پێدا هەرچەندە ناڕەزاییەکە خاوەنی مۆرك و ستراتیژیەتێکی چەسپیوو ورەوایەتییەکی ئەوتۆ نییە،هێندە کارێکی پۆزەتیڤ ئەنجام نادات تا ئومێدی لەسەر هەڵچنین.چونکە تاکە ئامانج لەو ناڕەزاییە داخستنی زانکۆی ئایندەیەو لەداخستنی زانکۆی ئایندەشدا ئەگەر زیان نەکەین بەبێ هیچ گومانێك قازانجێك ناکەین. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریش مەرج نییە هەموو خۆپیشاندان و ناڕەزاییەك لەسەر بنەمایەکی تەندروست و راست راوەستابێ!ئایا دەشێ ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکانی نازییەکانی ئەڵمان دژی بێگانەو رقی راسیستەکان بەرامبەر بەپەنابەر بەناڕەزاییەکی تەندروست بزانین؟.من نامەوێ مانگرتنی خوێندکاران بەوجۆرە شتانە تۆمەتبار بکەم بەڵکو نموونەیەکەو بۆ زیاتر تێگەیشتن پەنام بۆ بردووە. بەهەمەحاڵ ئەو تروسکاییەی من لەسەرتاپای ناڕەزایی چەند رۆژەی خوێندکاراندا دیتوومە بریتییە لەو هەوڵە بۆ شکاندنی هەندێك سنورو جۆرێك لەدەنگ هەڵبڕین و وتنی(نا).ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو تەنیا ئەوەیە کەسەرەتایەکی باش بوو،هەرچەندە دەروازەی تەواوەتی نییەو ئاستەنگی زۆر ماوە بۆئەوەی لەمەوپاش خەڵك بتوانن دەنگی(نا) بەرزبکەنەوەو قەناعەتی خۆیان هەرچییەك بێ گوزارشتی لێ بکەن و نیشانی بدەن.

* ئەم وتارە لەژمارە (١٧) رۆژنامەی(نێوەند) لەرۆژی ١٦\٤\ ٢٠٠٥ بلاّوبووەتەوە .

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاّو بووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# لەچاوەڕوانی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا

سەرباری ئەو بارە ناجێگیرەی ئاسایشی عێراق بەتایبەتی لەنێوەڕاست و باشوور،هەنگاوەکان بەرەو ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژادنە سەرتاسەرییەکان لەعێراق بەرەوپێش دەڕوات،وەلێ گەلێك لەهێزە سیاسییەکانی عێراق هەوڵدەدەن وادەی هەڵبژاردنەکان دوابخەن،کەچی لایەنی ئەمەریکی پێداگریی دەکەن لەبەڕێوەچوونی پرۆسەکە لەکاتی خۆیدا کەرۆژی ٣١ یۆلیوی ٢٠٠٥ی بۆ دانراوە.لەم چوارچێوەیەشدا هێزە سیاسیی وگروپە جۆراوجۆرەکان ونەتەوەکانی ناو عێراق بەبایەخەوە لەم هەڵبژاردنە دەڕوانن وهەوڵدەدەن لەڕێگەی دەستەبەرکردنی ژمارەیەکی فراوانی دەنگ جڵەوی سیاسیی داهاتووی عێراق بەدەستەوە بگرن.هەرچی لایەنی کوردییشە لەم سەروبەندەدا خۆی ئامادەکردووە بۆ ئەو هەڵبژادنە،بەڵام میکانیزم وچۆنێتی ئەو خۆئامادەکردنە شیاوی هەڵوەستە لەسەرکردنە،هەربۆیە لێرەوە هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر چەند تەوەرێك کە راستەوخۆ پابەندن بەو هەڵبژاردنانەوە.

## خودی پرۆسەکە

ئەمەریکا زۆر گرنگی دەدا بەهەڵبژاردن وسووریشە لەکاتی خۆیدا بەئەنجام بگەیەنرێت،بەڵام ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی عێراق وهێزە جۆربەجۆرەکان جیاواز کەوتۆتەوە:لایەنی شیعە کەلەماوەی ٨٣ ساڵی رابردوودا لەژێر دەسەڵاتی عەرەبە سووننە رووبەڕووی ستەمی مەزهەبی بووەتەوە ئێستا دەیەوێ لەزوورتین کاتدا پرۆسەکە ئەنجام بدرێ،چونکە رێژەی ئەوان لەنیوەی دانیشتوانی عێراق زیاترە،هەرچەندە ئامارێکی راست ودروست لەبەردەستدا نییە بەڵام شیعەکان ٥٠-٥٥٪ دانیشتوانی عێراق پێکدێنن،بەمجۆرە شیعەکان دەیانەوێ لەڕێگەیەکی شەرعی ودەنگدانێکی دیموکراسیانەدا بنەماکانی دەوڵەتێکی تیۆکراتی لەچەشنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەعێراقدا دابمەزرێنن،وەلێ شیعەکانیش هەموویان لایەنگری کۆماری ئیسلامی نین وئەمەریکاش رێگرە لەکارێکی لەوجۆرە،بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ئەمە تێڕوانینی زۆرینەی شیعەکانە، بەپێچەوانەشەوە لایەنی سووننەی عەرەب کە لەرووی ژمارەی دانیشتوانەوە بەپلەی سێیەم دێت

لەدوای شیعەو کوردەوە،ئامادەنین بۆ بەشدارییکردن لەهەڵبژاردنەکاندا،ئەو بارودۆخەشی ئەمڕۆ لەسێگۆشەی سوونني رادەگوازرێ چیتر نییە جگە لەبایکۆتێکی راستەوخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق،چونکە زۆرینەی دانیشتوانی سێگۆشەی سووننەنشین لەلایەنگرانی رژێمی پێشوو وحزبی بەعسی داڕووخاون،و هەرواش ئاسان نییە دەستبەرداری ئەو هەموو جیاوك و بەرژەوەندییانە بن لەسەردەمی رژێمی سەددام لێی بەهەرەمەندبوون،جگە لەوەش ئەوان لەماوەی ٨٣ ساڵدا تاکە فەرمانڕەواو حاکمی عێراق بوون بۆیە ئەوە بۆ ئەوان کردەیەکی نۆرماڵ نابێت ئەو هەموو دەسەڵاتە بخەنە زەمیلەی شیعەکانەوە،بەتایبەتی ترسێکی گەورەشیان هەیە لەتۆڵەسەندنەوە لەسەر دەستی شیعەکان. بەڵام هیچ هۆیەك نابینرێ بۆ ئەو پەرۆشییەی کورد بۆ هەڵبژاردنەکان هەیەتی،چونکە کورد لەرێگەی ئەو پرۆسەیەوە ناتوانێ چیتر بکا جگە لەجارێکی تر بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی عەرەبی کەهێشتا دیارنییە دەوڵەتی داهاتوو چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات.عەرەبەکان مافی خۆیانە دڵشادبن بەو هەڵبژاردنانە چونکە سەرلەنوێ گێڕانەوەی دەسەڵاتی عەرەبە بەسەر عێراقدا، بەڵام بۆ کورد دیسان دامەزراندنەوەی هەمان دەوڵەتی ناوەندیی عێراقی عەرەبییە.

## دواخستنی هەڵبژاردن

زۆرجار دەنگۆی ئەوە بلاودەبێتەوە لایەنێکی دیاریکراو دەیەوێ هەڵبژاردنەکان دوابکەوێ، هەر لایەنێك پاساوێکی هەیە بۆ ئەم دواخستنە،لەنێویشیاندا گەلەك جار پارتی ویەکێتی داوای دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەکەن و دەڵێن هۆکارەکەمان سیاسیی نییە بەڵکو فاکتۆرێکی تەکنیکی وناتۆراڵییە وپەیوەندیی بەکەش و سروشتی کوردستان و وەرزی زستان و ساردوسەرماوە هەیە. بەراستی ئەم پاساوە گەلەك سەیر بوو!بەڵام وەڵامەکەی(فەرید ئایار)ی وتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن زۆر لەجێگەی خۆی بوو کاتێك وتی:ئەگەر بەقسەی کوردەکان بێت دەبێ هەرگیز لەئەوروپا بەهۆی ساردو سەرماوە هەڵبژاردن نەکرێت. دەبوایە پاساوی پارتی ویەکێتی لەبۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان ئەوە بوایە:تا کەرکووك نەگەڕێتەوە سەر کوردستان ومافی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کورد لەعێراق بەفەرمی واژۆ نەکرێ ئەوا بەشداریی هەڵبژاردن ناکەین،نەك ئەم پاساوە کە تا دوا سنوور جێگەی سەرسوڕمان تەنانەت پێکەنینە !!.

## لیستی هاوبەش

لەدرێژەی خۆئامادەکردنی هێزە کوردستانییەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن،ئەوە راگەیەندرا پارتی و یەکێتی وهەموو پارتەکانی تری سەرگۆرەپانی‌کوردستان بەیەك لیستی هاوبەش لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشداریی دەکەن ئەمەش بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد لەئاییندەی

عێراقدا،ئەم هەوڵێستە لەئاستی میللی وئینتجلنسیاو کۆمەڵ پێشوازییەکی گەرمی لێکراو بووە مایەی ڕەوینەوەی ترس و نیگەرانییەکانی شەقامی کوردستان،چونکە یەکگرتوویی کورد پێویستییەکی هەنووکەیی و چارەنووسساز بوو لەم بارودۆخە نوێیەی عێراقدا.هەروەك دەوترێ شەڕێکی دەستووریی ویاسایی گەورە لەپێش کوردە لەناوەند بۆ چەسپاندنی مافەکانی.کەچی بەداخەوە ئەم یەك لیستییە بەجۆرێك کەوتەوە پارتەکان لەسەر ئاستی کوردستانیش تێکڕا بەهاوبەشی دابەزن و وەزارەتەکان وکورسییەکانی پەرلەمان بەتەوافق لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن.ئەمەیان هیچیتر نەبوو جگە لەلەکەدارکردنی پرۆسەی دیموکراتی وسەربڕینێکی تری مومارەسەی دیموکراتییەت لەکوردستان. ئەم یەك لیستییە بەجۆرێك لەجۆرێك لەهەمان ترسەوە سەرچاوەی گرتووە کەشەڕی ناوخۆی قەوماند،ئەو ترسەش سڵکردنەوەیە لەدۆڕان وقبووڵنەکردنی دۆڕانە،هەروەك کاك(ڕێبین هەردی)ش وتی:ئێمە نەماندەویست پارتی ویەکێتی نەئەوەندە جیاوازبن شەڕی ناوخۆ بکەن، نەئەوەندەش یەکگرتوو بن بەیەك لیست دابەزن.بەڵکو ئێمە دەمانویست ئەم هەڵبژاردنە کەلەژێر چاودێریی ئەمەریکاوکۆمیسیۆنێکی بێلایەن بەڕێوەدەچێ سەرەتای لەدایکبوون ونەشونماکردنیدیموکراسی بێت تا لەم پرۆسەیەوە کولتووری قبووڵکردنی دۆڕان چەکەرە بکات،کەدیسان ئەم خەونەش لەباربرا.

## هێڵی سێیەم

بەدرێژایی زیاتر لە١٣ساڵی رابردوو پارتی ویەکێتی وەك دووهێزی میلیتاریست جڵەوی سیاسیی وئابووری کوردستانیان بەدەستەوەگرتووە،هەر ئەو دوو حیزبەش بڕیاریان لەپرسە چارەنووسساز وهەستەوەرەکانی کۆمەڵگە داوەو توانیوویانە لەڕێگەی داسەپاندنی دەسەڵات وزەبری ئابووری خۆیان،ڕێڕەوی سیاسیی کوردستان بەو جۆرە ئاڕاستە بکەن ئەوان ویستیان لەسەریەتی.هەر لەساڵی ١٩٩٢ەوە بینیمان کەدەستەڵات و کۆی کایە ئیدارییەکان لەنێوان ئەو دوو هێزەدا دابەشکرا وهەتا ئەم دەقیقەیەش ئەم دابەشکردنە بەردەوامی هەیە.پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بەداخڵبوونی کۆمەڵە لایەن و پارتێکی سیاسیی تر لەعەلمانییەوە بۆ ئیسلامی،لەراستەوە بۆ چەپ دەتوانێ ببێتە بەردی بناغەی پێکهێنانی هێڵی سێیەم کەلەدەرەوەی ڕوئیای ئەو دووهێزە بێ؟. ئەز تاڕادەیەکی زۆر ڕەشبینم لەوەی هێزێك یان چەند هێزێکی تر هەبن بتوانن وەك هێزی سێیەم رۆڵبگێڕن، چونکێ کۆی ئەو پارتانەی دیکە بەراستەوخۆو ناراستەوخۆ وابەستەو پاشکۆی دوو پارتەکەی ترن، هەر هیچ نەبێ لەرووی ئابوورییەوە پاشکۆی ئەوانن،حاڵی حازریش پارتی زەحمەتەکێشان و بێلایەنەکان لەدەرەوەی ئەو هاوپەیمانییە بنکە فراوانەی پارتە کوردستانییەکان لەخۆسازداندان بۆئەوەی بەلیستێکی سەربەخۆ وجیاواز بەشداریی بکەن.بەڵام ئایا ئەوان دەتوانن بەپێی پێویستی دەنگ بەدەستبهێنن ؟ئایا ڕاستە هێڵی بێلایەن هەیە؟ئایا ئەگەر ئەوانیش چوونە ناوپەرلەمانەوە

دیسانەوە بەشێك نابن لەو حاڵەتەو لەو بێدەنگییە دەستەجەمعییەی سەرجەم حیزب و ڕێكخراو و تاكەكانی ئەم وڵاتەی داگرتووە؟چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتووین.

## كەركووك

هیچ گومانی تێدانییە بەدرێژایی چل ساڵی رابردوو،حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق لەهەوڵێكی چڕوپڕو پلان بۆ دانراودا بوون لەپێناوی شێواندنی باری دیموگرافیای شاری كەركووك،هاوكات بۆ تەعریبكردنی شارەكە،هەنووكەش واری كەركووك یەكێكە لەكێشەی بنەڕەتی وهەستیارەكانی عێراق،ماددەی (٥٨)یش كەبڕگەیەكە بۆ ئاساییكردنەوەی باری ناهەمواری كەركووك،بەبڕوای من ئەم ماددەیە چونكێ كۆمەڵێك لوغزو پێچاوپێچكردنی تێدایە ناتوانێ چارەسەری ئەو كێشانە بكات كەبەدرێژایی چل ساڵ دەوڵەتی عێراق دروستیكردووە،لەبۆ نموونە بەپێی هەواڵێكی سایتی دەنگوباسیئەلیكترۆنی(پەیامنێر)ژمارەی ئەو عەرەبانەی لەكەركووك مافی دەنگدانیان هەیە دەگاتە(٤٤٠)هەزار بەڵام كوردە بەشداربووەكان(٣٧٠)هەزارە،لەم حاڵەتەشدا ئەگەر لەكەركووك هەڵبژاردن بكرێت بێگومان كورد شارێكی مێژوویی ونەتەوەیی خۆی دەدۆڕێنێ، گەر ئەمەش ڕوویدات زۆر ئەستەمە كورد بتوانێ لەداهاتوودا كەركووك بگەڕێنێتەوە بۆ نێو سنووری جوگرافیای كوردستان،ئەم خاڵەش ئەوەمان لەلا ئاشكرا دەكات كورد ناتوانێ بەشداریی هەڵبژاردنەكان بكات لەكەركووك تا باری دیموگرافی نەگەڕێتەوە بۆسەردەمی پێش پرۆسەی تەعریبكردن.هەقیش وایە كورد بەشداریی هەڵبژاردنەكان نەكات تا عەرەبەكان كوردستانیبوونی كەركووك نەسەلمێنن، یان كەركووك بكرێتە مەرجی سەرەكی ویەكەمی كورد بۆ بەشداریكردن لەو هەڵبژاردنانەدا.

* ئەم وتارە لەژمارە (٩) ڕۆژنامەی(خەڵك) لەكۆتایی كانوونی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.
هاوكات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بڵاو بووەتەوە:
- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# تەنگژەی عێراق و چارەنووسی ئاشوورییەکان

گەلی ئاشور بەیەکێك لەدێرینترین گەلانی میزۆپۆتامیا دەژمێردرێت،ئەم گەلە بەرەسەن سامییە سەرەتا وەك چەند هۆزێك لەنیوە دورگەی عەرەبی ژیاون،بەڵام بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لەچوار هەزار ساڵ بەر لەزایینەوە بەرەو وڵاتی میزۆپۆتامیا کۆچیان کردووە.لەگەڵ ئەو کۆچکردنەشدا دەوڵەتێکیان لەناوچەکە دروستکردووەو شاری نەینەوایان کردووە بەپایەتەخت، هاوکات رۆژ بەرۆژ سنووری قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتە رووی لەزیادبوون کردووە،تا دواجار بووەتە گەورەترین ئیمپراتۆریەتی ناوچەکە،هەروەها ئیمپراتۆریای ئاشور بەردەوام لەجەنگدا بووە تا بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی ئەو ناوچەیەی کەئێستا پێیدەڵێن رۆژهەڵاتی ناڤین بسەپێنێ،بۆ نموونە لەساڵانی ٨٨٤-٨٦٠( پ.ز)چەندین هەڵمەتیان بردۆتە سەر(لۆلۆ)کان و لەناوچەی زاموا(سلێمانی)ومەریوان و پێنجوێن دەریان پەڕاندوون،کەدوای سەرکەوتنەکانی پادشای ئاشور(ئاشور ناسرپاڵ)بەسەر(ئامینخا)ی پادشای لۆلۆ(ئەستونیسەرکەوتنی)لەسەرای نەینەوا نیشانداوە.بەڵام لەدواهەمین جاردا بەهاوپەیمانێتی ماد وبابل لەسەردەمی(سەنحاریب) ئیمپراتۆریەتەکە تووشی شکستیگەورە هاتولەئاکامدا ئیمپراتۆریەتەکە لەبەریەك هەڵوەشایەوە، ئیتر لەو کاتەوە گەلی ئاشور بووەتە گەلێکی پەڕاگەندەو وڵاتەکەی لەسەر ئەتڵەسی جیهان سڕاوەتەوەو،مێژوو،بەدرێژایی زیاتر لەم دووهەزار ساڵە رووبەرێك بووە بۆ لەناوبردنی گەلی ئاشور.هەر لەو رێکەوتەوە کێشەیەك خۆی خزاندۆتە ئەم دەڤەرەوە،ناوی کێشەی ئاشوورییەکانە.

## کێشەیەکی مێژوویی و پەراوێزکراو

کێشەی گەلی ئاشور یەکێکە لەگرنگترین کێشە نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست،بەڵام دابەشبوونی ئاشوورییەکان بەسەر چەند دەوڵەتێکدا کارێکی وایکردووە کێشەکە ئاڵۆزتر بێت، لەوەش گرنگتر ئەوەی کارەکەی کردووەتە کارێکی ئەستەمو زەحمەت،نەبوونی نیشتمانە.راستە ئاشور لەسەردەمی ئیمپراتۆیەکەیدا خاوەنی جوگرافیایەکی پان و پۆڕو فراوان بووە بەڵام لەگەڵ کەوتنی ئاشورداو لەپرۆسەیەکی مێژوویی وداگیرکارییدا بەتایبەتی دوای زاڵبوونی دەسەڵاتی فارسەکان و دواتریش فتوحاتی ئیسلامی سنووری جوگرافیای ئاشور رۆژ بەرۆژ رووی لەکەمی کردووە،تا کار گەیشتووە بەوەی گەلی ئاشور لەناوچەیەکی بەرتەسکی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا لەچەند جێگەیەکی وەك شەمزینان وهەکاری و دەوروبەری قەتیس بکرێت،پاشانیش هاوکێشە سیاسییەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەمودروستبوونی چەند دەوڵەتێکی نوێ لەسەر جەستەی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەتایبەتی دەوڵەتی تورکیای عەلمانی لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورك و قەلاچۆکردنی ئاشوورییەکان لەسەر دەستی ئەو دەوڵەتە،بووە فاکتۆری توانەوەی تەواوەتی جوگرافیاو نیشتمانی گەلی ئاشور،چونکە ئاشوورییەکان ناچاربوون لەژێر کاریگەریی

پرۆسێسی پاکتاو وجینۆسایدا بەشێوەیەکی بەرفراوان کۆچ بکەن،بۆ نموونە کۆچ بەرەو ئەورووپاو دەوڵەتانی تری دراوسێ.بەمجۆرە کێشەی ئاشوریی لەکێشەیەکی نەتەوەیی ومیللییەوە گۆڕا بۆ کێشەی کەمایەتی وئیتنی،کەئەمەش دیسان بووە هۆی ئاڵۆزکانی فایلی قەزیەی گەلی ئاشور. لەلایەکی ترەوە کێشەی ئاشورییەکان(وەك کێشەی کورد)لەبەرژەوەندیی زلهێزەکان نەبووە تا داکۆکی لێبکەن،بۆیە تەرکیزی رۆژئاواییەکانی هەتا هەنووکەش رانەکێشاوە،ئەمەش کێشەکەی کردووە بەکێشەیەکی پەراوێزخراو،هەرچەندە لەسەرەتای سەدەی رابردوودا رووسیاو دواتر بەریتانیا لەدوو قۆناغی جیادا پشتگیریی خۆیان بۆ کێشەی ئاشورییەکان دەربڕی،بەڵام ئەمانە تەنیا بەکارهێنان بوون،چونکێ هاوکێشەکانی دوای یەکەم جەنگی جیهانی وهاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لەرووسیا هەردوو دەوڵەتەکە پشتیان لەم گەلە کردو دواتریش چاوپۆشیان کرد لەکوشتارو بەکۆمەڵ کوشتنی ئاشورییەکان،بۆ نموونە ئەو کوشتارگایەی حکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٣٣ لە شارۆچکەی سمێل لەسنووری دهۆك بەرپایکرد.

## ون بوون لە بۆتەی مەسیحییەتدا

دوای بلاوبوونەوەی ئاینی کریستیانی،گەلی ئاشور لەیەکەمین ئەو گەلانە بوو باوەڕیان بەئاینەکە هێناو لەپەرستنی خودا رەسەنەکانی ئاشورەوە بەرەو ئاینی یەکتاپەرستیی وەرچەرخان.بەلام مەسیحییەت بووە مایەی ئیشکالیەتێکی گەورە بۆ ئەم گەلە،لەبەرئەوەی هێدی هێدی نەتەوەکە لەچوارچێوەو بۆتەی ئاینی مەسیحییەتدا توایەوەو زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکرد ئاشور لەگەلێکەوە بۆ کەمینەیەکی ئاینی وەرچەرخێت،چونکێ وەرگرتنی ئاینی نوێ(مەسیحییەت)لای ئاشورییەکان بەجۆرێك بوو هەستی ئاینی زاڵتر بوو بەسەر هەستی نەتەوەییدا،دروست بەپێچەوانەی جولەکەوە کەهەمیشە ئاینیان بۆ خزمەتی خەونە نەتەوەییەکانیان بەکارهێناوە،بەڵکو ئاین پرۆژەی دەستی ناسیۆنالیسمی گەلی جوولەکە بووە. زیاتر پابەندبوون و توانەوەی ئاشورییەکان لەبۆتەی مەسیحییەتدا وەك پابەندوونی کورد وایە بەئاینی ئیسلامەوە.هەمیشە کورد خۆی وبەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی خستۆتە خزمەتی ئیسلامەوە،ئەوەتا سەرکردەیەکی وەك سەلاحەدینی ئەیوبی بەرەگەز کورد خۆی وسوپاکەی دەخاتە خزمەتی ئاینی ئیسلامەوەو لەئاکامیشدا ئاینپەروەریی کوێرانە دەیخاتە بەردەم حاڵەتێکی نێگەتیڤەو دەبێتە سوارچاکی کوشت وبڕی گەلی جولەکە لەسەر زەمینی رەسەنی خۆیاندا. بەو شێوەیەش هەستی ئاینپەروەریی ئاشورییەکان و زاڵبوونی شوناسی ئاینیی ئەوەی خستەوە کەکێشەی ئاشوری بچووك بێتەوە بۆ کێشەیەکی مەزهەبی،بۆنموونە لەعێراقدا دەسەلاتی بەعس هەوڵیدەدا ئاشورییەکان تەعریب بکات و بەعەرەب حیسابیان بکات.هەر بۆیە هەموو ئاشورییەکیان بەوە ناچاردەکرد خۆی بەعەرەبی مەسیحی ئەژمار بکات. ئێستاش بەتایبەتی لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە،کێشەی ئاشورییەکێك لەو کێشانەیە

باس‌وخواسی زۆری لەسەرەو هاتۆتە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقەوە.بەڵام هەتا ئەمڕۆش لەعێراقدا کێشەی ئاشور وەك کێشەی کەمایەتییەکی‌ئاینیی سەیردەکرێ نەك کێشەی نەتەوەیی.

## ئاشورییەکان چی هەڵدەبژێرن؟

وەك ئاماژەمان پێدا لەباروودۆخی نوێی عێراقدا چانسێکی کەم لەبەردەم دۆسێی کێشەی ئاشورییەکاندا کراوەتەوە،ئاشورییەکان تارادەیەك بەشدارن لەگێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان نییە،بەڵکو کێشەکەیان وەك کێشەی نەتەوەیی هێشتا بەردەوامی هەیە،دانانی وەزیرەیەك وەك نوێنەری گەلی ئاشور بەهیچ جۆرێك بەڵگەی سەلماندنی مافی تەواوەتی ئاشورییەکان نییە،ئەگەر وابێت خۆ لەسەردەمی دیکتاتۆرەکەی پێشوودا(تاریق عەزیز)لەبەرزترین ئۆرگانی حزبی بەعس‌و حکومەتەکەی سەددامدا بوو!یان چەندان وەزیری کورد هەبوون لەحکومەتی بەعسدا کەچی لەهەمان کاتدا کورد بەکیمیایی قەسف دەکراو ئەنفال دەکران.
کەوابوو ئاشورییەکان دەبێ چی بکەن؟چی سەرپشك بکەن؟.چۆن بەرەوڕووی واقیعەکان ببنەوە؟.

سەرپشکردنی عێراق:دەشێ بەو پرسیارە دەست پێبکەین:ئایا ئاشورییەکان عێراق سەرپشك دەکەن یان نا؟واتە هەڵبژاردنی هەرێمی عەرەبیی عێراق،وەڵامی پرسیارەکە گەلەك قورس‌و زەحمەتەو دەشێ هەرتاکێکی ئاشوریی وەڵامێکی تایبەتی خۆی بۆی هەبێ،بەباوەڕی من ئاشورییەکان ناتوانن هەرێمی عەرەبیی عێراق سەرپشك بکەن،ئەمیش لەبەر دوو هۆکار:یەکەم:لەبەرئەوەی هەموو ئەو ئاشوریيانەی لەعێراقدا دەژین لەڕووی دابەشبوونی سوکانییەوە نەکەوتوونەتە هەرێمی عەرەبییەوە،بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتر لەکوردستان،لەشارەکانی کەرکوك‌و هەولێرو سلێمانی ودهۆك‌وشەقلاوەو ئامێدی وزاخۆ تاددەژین،لەحاڵەتی سەرپشکردنی هەرێمی عەرەبیدا کارێکی قورسە هەموو ئاشورییەکان بەرەو هەرێمی عەرەبی کۆچ بکەن،لەئاوها حاڵەتێکدا دەبێتە هۆی دابڕانێکی گەورەتری نەتەوەیی لەنێوان تاکەکانی گەلی ئاشوردا.دووەم:چونکە دەسەڵاتی عەرەب هەمیشە خەڵکانی جیاواز لەخۆی بەهەڕەشە دەزانێ لەسەر خۆی. ئەمەش دەبێتە بناغەی کێشەیەکی قەبەتر لەئایندەدا.ئاشورییەکان هەم عەرەب نین،هەم موسڵمان نین،ئەم خاڵەش کەلێنێکە فراوانتر دەکات،جگە لەوەش ئەزموونی دەسەڵاتی عەرەبیمان دیوە لەبەرامبەر کەمایەتی ونەتەوەکانی ژێردەستیان،ئەگەر بەسەرنجەوە بڕوانین بۆ مامەڵەی عەرەب لەگەڵ قیبتییەکانی میسرو ئەمازیغ‌و بەربەرو گەلی دارفۆر وکوردو تورکمان‌و چەندان نموونەی تریش،ئەو ڕاستییەمان لەلا ئاشکرا دەبێت کارێکی ئەستەمە عەرەب بتوانێ لەگەڵت هەڵبکا، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەگەر تۆ بتەوێ شوناس‌و کولتوور وبوونی نەتەوایەتی خۆت بپارێزیت‌و هاوکات مومارەسەی دینێك بکەیت جیاواز لەدینی عەرەبەکان کەئیسلامە.کەوابوو زۆر زەحمەتە ئاشورییەکان بتوانن لەچوارچێوەی دەسەڵاتی عێراقی عەرەبیدا بگەنە مافەکانی خۆیان،ئەم نوقتەیەش سەرپشکردنی عێراقی کردۆتە کارێکی دوور و نەکردە.

سەرپشكردنی كوردستان: ئەگەر بەپێچەوانەوە گەلی ئاشور كوردستان سەرپشك بكا،دیسان تووشی هەمان ئیشكالیەت دەبێ لەكاتی سەرپشكردنی هەرێمی عەرەبیدا دێتە بەردەمی،لەبەرئەوەی چۆن هەموو ئاشورییەكان لەباشووررو ناوەڕاستی عێراق چڕ نەبوونەتەوە،بەهەمان شێوەش لەهەرێمی كوردستان چڕ نەبوونەتەوە،بەڵام دەبێ هێما بۆ ئەوە بكرێ بارودۆخی كوردستان جیاوازیگەلی زۆری هەیە لەزەمینەو فەزای هەرێمی عەرەبیی،هەموو ئەوەی لەماوەی(١٣)ساڵی رابردوو لەسایەی دەسەڵاتی كوردستان بەڕێوە چووە،ئەوەبووە بەهیچ جۆرو شێوەیەك ئاشورییەكان نەكەوتوونەتە بەر هەڕەشەو پەلاماردان لەبەرئەوەی لەرووی نەتەوەیی وئایینییەوە لەكورد جیاوازن،بەڵكو بەپێچەوانەوە ئەم جیاوازییە بۆتە مایەی رێزگرتن و خۆشەویستی بۆیان لەلای كوردەكان.هەرواش بەشداریی چالاكانەیان هەبووە لەدەسەڵات و حكومەتی هەرێمی كوردستاندا چ وەك ئەوەی لیستێكی تایبەت بەئاشورییەكان هەیە لەپەرلەمانی كوردستان چ وەك بەشداریی لەكابینەكانی حكومەتی هەرێمدا.بەڵام ئەوەی بووەتە هۆی ئەوەی ئاشورییەكان بەشێوەیەكی گشتی ئینتمایەكی كوردستانییان نەبێ،لەوانەیە لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتبێ ئەگەر كوردستان لەعێراق جیا بێتەوە دەبێتە شۆكێكی مەزن بۆ ئاشورییەكان چونكە ئەو یەكبوونەی ئاشورییەكان كەئێستا لەعێراقدا هەیانە(هەرچەندە پەرش و بڵاویشە) نامێنێ و دەبێتە هۆی دوو لەتبوونی ئەو یەكبوونە.

## قەیرانی ئەڵتەرناتیڤ

ئەگەر ئاشورییەكان لەچوارچێوەی عێراق و كوردستان تووشی ئیشكالیەت بن،ئەی رێگاچارەسەر چییە؟ئایا دەتوانن مافی چارەنووس بڕیار بدەن؟ئایا دەتوانن داوای دەوڵەتێكی ئاشوریی‌سەربەخۆ بكەن؟بێگومان نەخێر!.چونكێ گرنگترین رەگەزی نەتەوە هەبوونی نیشتمانەو لای گەلی ئاشور بوونی نییە،ئەمەش وا دەكات بەدرێژایی ساڵان و قۆناغەكانی ئایندەش ئەم خواستە دەستەبەر نەكرێ.گرنگترین شت ئەوەیە پلاتفۆرم و ئەجیندەی گەلی ئاشورو پارتەكان لەدەوری ستراتیژیەتێك كۆبكرێتەوە كەبریتییە لەداننان بەبوونی نەتەوەیی گەلی ئاشوریی لەدەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراقداوحسابكردنی هاووڵاتیانی ئاشوری وەك هاووڵاتی پلەیەك و بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی وئیتنی لەرێگەی ئۆتۆنۆمییەكەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتێكی فراواندا كەناوی عێراقە. لەدواجاریشدا پێویستە پڕۆژەی سیاسی گەلی ئاشور لەدەوری ئەو تەرحە كۆببێتەوە لایەنگری دەكات لەدامەزراندنی دەوڵەتێكی عەلمانی ودیموكراتی لەعێراق،چونكە بەبێ مسۆگەركردنی عەلمانیەت ودیموكراسییەت لەهەر چركەیەكدا مافی گەلی ئاشور موعەرەزە بۆ پێشێلكردن.

* ئەم وتارە لەژمارە (٨١) رۆژنامەی(باسەرە) لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ بلاَوبووەتەوە.

# ئاوها پێشوازیی لەئاوارەکان دەکەن؟

لەدوای لەگۆڕنانی رژێمی بەعس و کۆتایی هاتن بەسیاسەتی راگوێزان(تەهجیر)بەشێکی زۆر لەو ئاوارانەی بەهۆی سیاسەتەکانی رژێمی لەناوچووەوە،وەك پەنابەر لەوڵاتانی دراوسێ و خۆرئاوا جێگیر ببوون بەشەوق و تامەزرۆییەوە بەرەو خاکی نیشتمان گەڕانەوە،چونکە مۆتەکەی سەددام و بەعس یەخەی ئەم کۆمەڵگەیەی بەرداو وا پێشبینی دەکرا ئەمە دەروازەی مێژوویەکی نوێ لەئازادیی ودیموکراسییەت بەرووی عێراقییەکاندا بکاتەوە،ئەم خەونە(خەونی عێراقی ئازادو دیموکراتیك)رۆژ لەدوای رۆژ لای عێراقییەکان بەتایبەت ئەو کوردانەی بەتۆپزیی کراون بەعێراقی، کاڵتر دەبێتەوەو وەك زیندەخەونی لێدێت،بەڵام کاروانی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ وڵات بەردەوامە. ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمەیە ئەوەیە:ماوەیەکە پەنابەرانێکی زۆری باشووری کوردستان لەکۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان،بەبێ ئەوەی هیچ کەناڵێکی راگەیاندن و رۆژنامەیەکی لۆکاڵی کوردیی گرنگی پێبدات وئەم گەڕانەوەیە بەهەندوەربگرێت.خۆ ئەگەر ئەمەیان مایەی نیگەرانی نەبێ،ئەوەیان ئەوپەڕی نیگەرانیمان بۆ دروستدەکات ئەو ئاوارانە لەرێورەسمێکی نەگونجاو وپێشوازییەکی ساردوسڕدا هاتنەوە ودێنەوە بۆ وڵات.نەهیچ بەرپرسێکی باڵای حکومی وحیزبی ئامادەی بووەو دەبێت،نەوەك (برا)عەرەبەکان ئەملاولایان ماچکراو،نەوەك(شێخ یاوەر) فەرشی سوور لەبەر پێیاندا راخرا،نەبەئاوازو سروودی نیشتمانی پێشوازییکران، بەڵکو تەواو لەرێورەسمێکی تژ لەگەرماو تەپوتۆزی سەر سنوور،بەکوردستانی داگیرکراو وبێ کارەباو بێ ئازادیی وبێ ژیان شادبوونەوە.هەرچەندە ئەوان پاش چەندان ساڵ لەئاوارەیی خەونی زۆریان بەگەڕانەوەیان گرێداوەو وەهمی زۆریشیان دەربارەی ئەم ئەزموونەی کوردستان دروستکردووە یان بۆیان دروستکراوە،سبەینێ توشی شۆکێکی گەورە دەبن چونکە بەر واقیعێك دەکەون ئاسمان وڕێسمانی نێوانە لەگەڵ ئەو وەهمەی لەخەیاڵدانی خۆیاندا دروستیانکردووە.ئەوکات هەست بەوە دەکەن حیزبی کوردیی بۆ گەمەیەکی سیاسیی خۆی بەکاریهێناون و مەبەستیش لەهێناوەیان بۆ وڵات تەنیا بۆ ئەو گەمەیە بووەو هیچیتر!دەکرێ بپرسین کام گەمە؟بەڵێ:گەمەی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی کوردستان.هەر حیزبێکی دەسەڵاتدار بۆ زیادکردنی رێژەی دەنگدەرانی خۆی و لەئەنجامی ئاشکرابوونی فێڵەکان و پەیمانە درۆزنەکانیان لەلای خەڵکی ناو هەرێم ناچارن ئەو ئاوارانەی بەدرێژایی سیانزە ساڵی رابردووی دەسەڵاتی کوردیی لەدەرەوەی زاکیرەی حیزب و سەرکردەی حیزب بوون،بگەڕێننەوەو لەگەمەیەکی تری دۆڕاوی حیزبدا ئەو ئاوارانە بکەن بەسووتەمەنی شەمەندەفەری حیزب و زیاتر سەرگەردانیان بکەن و لەدۆخی ژیانی ئاوارەییدا بیانهێڵنەوە.ئاخر لەوڵاتانی دنیا وایە:سەرکردەیەکی تاراوگەکراو یا چەند خێزانێکی ئاوارەکراو

دەگەڕێنەوە بەئامادەبوونی سەرۆکی وڵات و بەهەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی و ڕێوڕەسمێکی دەوڵەتیی شکۆدارو بەخوێندنی سروودی نیشتمانی پێشوازیی و بەخێرهێناوەیان بەرز رادەگیرێ.بەڵام کورد ئەوەندە خۆی بەبچووك دەزانێ،ئەم بچووکبوونە بووەتە هۆی دەستگرتنی لەبەئەنجام گەیاندنی هەر کارێکی گەورە،کورد هەمیشە خۆی و کارەساتەکانی بچووك کردۆتەوە،تەنانەت کێشەی نەتەوەیی خۆی بەراورد دەکات بەفەلەستین و شۆڕشگێڕەکانی خۆی بەتیرۆریستەکانی فەتح و حەماس دەچوێنێ و هەڵەبجەش دەکاتە دەستەخوشکی سەبراو شاتێلا،کەبۆ هەر مرۆڤێکی خاوەن ئاوەز ئەم بەراوردە مایەی گاڵتەجاڕیی وپێکەنینە.بۆ وێنە کوردستانێك دەیان(نیلسۆن ماندێلا)ی هەیە کەچی هەموویان دوای تەمەنێکی دوورودرێژ لەزینداندا لەگەڵ ئازادبوونیان تووشی نەخۆشیدەروونی وشێتبوون دێن،بەڵام ئەفەریکایەك کەبەهەموو پێوەرێك لەئێمە دواکەوتووترو هەژارتر دەناسرێن،بەڵام ئەوان نیلسۆن ماندێلای خۆیان کردووەتە سیمبۆڵی تێکۆشان و تەساموح وئازادیخوازیی و هەر لەو ڕێگەیەوە بووەتە کەسایەتییەکی بەناوبانگی یۆنیڤرساڵ.کورد خاوەنی ئەو هەموو کەسایەتی وشۆڕش وداستان و شاعیرو نووسەرە گەورانەیە،کەچی نەیتوانیوە تەنیا دانەیەکیان بەجیهانی بکاتەوە،نالی چی کەمترە لەسەعدی شیرازی؟خانی چی کەمترە لەفیردەوسی؟ شێرزاد حەسەن چی کەمترە لەعەزیز نەسین؟بەڵام بۆ ئەو هەموو داهێنەرە کوردە هێشا بەتەواوەتی لای خەڵکی کوردیش بەوشێوەیە ناسراو نین؟.ئایا ئەمەش دیسان بەرهەمی کولتووری خۆ بچووك کردنەوەو خۆ بەکەمزانینی کورد نییە؟.ئایا کوردبوون نەبووەتە هۆی ئەوەی هەڵەبجەو ئەنفال و ئاپارتایدی کورد کەگەورەترین کارەساتەکانی سەدەی بیستەمن "لەدوای هۆلۆکۆست" بچووك ببنەوەو بگرە پشتگوێ بخرێن؟کورد دێ جەواهیری دەگەیەنێتە بورجی عاج،هەرچەندە هەڵوێستی وی لەشیعری(قلبی لکوردستان)و نووسینی وشەی کوردستان لەسەر کڵاوەکەی جێگەی پێزانین و ستایشە،بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە هەردوو ئیدارەکە هەریەکەی پەیکەرێکی لەبرۆنز لەسەنتەری شارەکاندا بۆ دروستبکەن، لەبەرامبەریشدا بەتەباشیرو گەچ پەیکەرێ بۆ سەرکردەی نەمر(شێخ مەحموودی حەفید)دروستکراوە کەهێندە نەشازو ناشیرینە خەڵك نوکتەی تایبەتیان لەسەر دروستکردووە.ئەوە لەولاوە وەستابێ وێنەکەی پێشەوا(قازی محەمەد)لەشاری سلێمانی هێندە بچووکە دەڵێی پولی پەنجاییە،لەباشترین واردا بەقەد وێنەیەکی(موعین ئەسفەهانی)نابێت بەپێشی جامخانەی تۆمارگەیەکەوە،جا لەوە بگەڕێ گەنجی ئەم وڵاتە ئەوەندەی(نزار قەبانی)و شیعرەکانی دەناسێ بەهیچ کلۆجێك(هەژار موکریانی)ناناسێ؟ئەمانەو سەدان نموونەی تر تەنیا ئەوە دەردەخات کورد چەندە خۆی و کارەسات و مێژووی خۆی بچووك کردۆتەوەو بەردەوامیشە لەسەر هەمان نەریت،بۆیە ئەگەر حاڵ وا بڕوات ئاو بێنەو دەست بشۆ.

* ئەم وتارە لەژمارە (٤) رۆژنامەی(نێوەند) لە رۆژی ٢١\٨\ ٢٠٠٤ بلاّوبووەتەوە.

# ئای میللەتێکی چەندە سەیرین!

*سەرھەنگ(موعەمەر قەزافی)لەھەندێ ورێنەدا دەڵێت:کوردەکان مافی دەوڵەتیان ھەیە،بەبێ ئەوەی بەکردەوە ھیچ نیشان بدات،لەدەسپێکدا کتێبە بێ سەروبەرەکەیمان کرد بەکوردیی(کتێبی سەوز)،گۆرەپانێکی گەورەش لەشارەکەماندا(سلێمانی)ناودەنێین(گۆرەپانی برای سەرکردە موعەمەر قەزافی)،ھەندێ کوردی بێ ئاوەزیش دەمێك دەیکەنە سوارچاکی ھۆزی ھەمەوەندو دەمێکی تر پیاوماقووڵی جافی میکایەڵی.کەچی تاکە گەنجێکی بیست ساڵانی شاری سلێمانی نییە ژەنەراڵ شەریف پاشای کوری شارەکەی خۆی بناسێ،چون ناوی ئەم زاتەو بنەماڵەکەی (خەندان) لەکولەکەی تەریشدا نییە،کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیش لەبەر بەرنامەی بێ لەززەت ماوەیان نییە بۆ یادکردنەوەی ئەم سەرکردەو دیبلۆماتکارە گەورەیەی کورد.

*خەڵکانێکی خڵەفاو ھاتوون بەشان و شکۆی(مێجەرسۆن)دا ھەڵدەدەن و پێیانوایە سۆن بەخاتری کورددۆستی رۆژنامەی(تێگەیشتنی راستی)دەرکردووە،ھەنێکی تر دەڵێن پایەدار(مێجەر نۆئێل) خەمخۆری کوردان بوو،بەعزێکی تر(ئەدمۆنز)لەقازی محەمەد بەکوردپەروەرتر دادەنێن.ئاخر ئەمانە کەئەفسەری داگیرکەری بەریتانیی بووبن ئیدی ھەر کارێکیان کردبێ لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد نەبووە،بەڵکو بۆ خۆڵکردنە چاو بووە.مادام سۆن و نوئێل و سێرکۆکس بەکوردو ماموّستای کوردایەتی دەرچوون،دوور نییە دوای سەدەیەکی تر نەوەکانمان پەیکەر بۆ عەلی کیمیایی و کاکل ئاغاو نزار خەزرەجی و عەبدوڵلا عەباس دروست نەکەن.

*ھەندێك گومرا دەڵێن شێخ مەحموودی حەفید لەکاتی تەوقەکردن لەگەڵ ئەفسەرە ئینگلیزەکاندا فەقیانەکەی لەدەستییەوە ئالاندووە تا گلاو نەبێ،چونکە ئەوان کریستیان بوون.من پێری لەپاسێکدا گوێم لەم قسەیە بوو کەپێموایە زۆر دەمێکە باوی نەماوە،بەلاّم سەیر لەوەدا بوو برادەرێکی نووسەر دوای نۆشینی نیوقاپ شەراب ھەمان شتی وت.ئێستا کاتی خۆیەتی بپرسین ئەگەر شێخی نەمر ئینگلیزیئەھلی کیتابی بەگلاو لەقەڵەمدابێت،ئەی چیداوە لەوەی نامە بۆ شوورەوی بێئاین و(لینین)ی کۆمۆنیست بنووسێ؟ئایا ئەو ھەڤاڵانە ناوی تەواوەتی سەرجەم شالیارەکانی دەوڵەتەکەی شێخ دەزانن؟ئەگەر بیزانن یان نا کێشە نییە،بەلاّم با تۆزێك خۆیان ماندووبکەن و شتێك لەبارەی وەزیری خەزنەودارایی زانیاریی پەیدا بکەن وبزانن کێ بوو؟.کەریمی عەلەکەی کریستیانبوو.ئایادەکرێ شێخ لەلایەك مەسیحی بەگلاو بزانێ و لەلایەکیتر مەسیحی بکاتە وەزیری خۆی؟ئەمە عەقڵی سەیری کورد نەبێ کێ سەر لەم گێژەنە دەردەکا؟

*جاران و ئێستاشی لەسەر بێت ھەندێ حیزب،یەکێك بەبیانووی چەپ و پێشکەوتووخوازیی و ئەویتریان بەپاساوی مرۆڤدۆستی وئاینی،لەخاڵە ھەرە سەرەتاییەکانی پەیرەو پرۆگرامی

پارتەکانیاندا دەیانووسی:بەڵێ بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین،نا بۆ داگیرکەری سەهیۆنی و ئیمپریالیزم،کەچی هەر دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان داوای ئۆتۆنۆمییان دەکرد،سەیری ئەم قوڕمساخییە تۆ ئازادیی بەخۆت ڕەوانابینی کەچی بۆ خەڵکی تری داوا دەکەی!.دەی توخوا ئەمەش سەیرییەکی تری میللەتی ئێمە نییە؟.

*جەواهیری لەشیعرێکیدا دەڵێت: دڵم بۆ کوردستان ....،لەسەر کڵاوەکەشی نوسیبوو کوردستان. بەبڕوای من ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانەی ئەو شاعیرە بوو،بۆیە نەنگی نییە ئەگەر ئێمەش ئەومان خۆشبوێ،هەنووکە لەهەردوو شاری سلێمانی و هەولێر دوو پەیکەری برۆنزیی بەحیمایەوە بۆ دانراوە،سەیر بکە:کەم چیرۆکنووس وشاعیری نەوەی پێشوو هەیە،شیعرێك یان چیرۆکێکیان بۆ فەلەستین نەنووسیبێ و پشکدار نەبووبن لەدەوڵەمەندکردنی ئەدەبی مقاوەمەدا.ئەم نووسەرانەی ئێمە نەك لەفەلەستین پەیکەریان بۆ دروست نەکراوە،بەڵکو عەرەب هەر بێزیشی نەهاتووە بەرهەمەکانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەربگێڕێ،هێشتاش ئێمە خۆمان بەقەرزاری عەرەب و هەڵوێستی هەندێك لەرۆشنبیرەکانیان دەزانین. ناهەقمە ئەگەر ڕووی دەمم بکەمە هەموو کوردێك و بڵێم ئایا بەڕاستی ئێمە میللەتێکی سەیر نین؟.

*سەرەتای شەستەکان و شۆڕشی ئەیلول،ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی کاتێك بڕیاریدا ئاگربەست ڕابگەیەنێت بۆ دانوستان لەگەڵ ڕژێمی ئەوکاتی عێراق،باڵی مەکتەبی سیاسیی(جەلالی) کردیانە دەنگەدەنگ و هاتوهاوار لێی،گوایە ئەمە پلانی ژێربەژێری زایۆنیزمەو مەلامستەفا کوردی فرۆشتووە بەسێو وپرتەقاڵ.کەچی ماوەیەکی زۆری نەبرد،خۆیان بوونە جاشی هەمان ئەو ڕژێمەو بەچەك و تانك و تۆپی بەعس نیشتمانی خۆیان کردە سوتماك و شاخ و چەم و دۆڵی کوردستانیان وەك دەنووکی کەو سوور دەکردەوە،هێشتا پێیان عەیب نەبوو. زۆرجاریش گوێم لەوە دەبێت، دەڵێن نابێ بوترێ جەلالی یان باڵی مەکتەبی سیاسیی،دەبێ بوترێ باڵی مۆدێرنی دژ بەباڵی پارێزگار.ئای میللەتێکی چەندە سەیرین،بەتێپەڕبوونی مێژوو خیانەتەکان نەك هەر کاڵ دەبنەوە، بەڵکو دەگۆڕێن بۆ خزمەت و وڵاتپارێزیی،لەوانەیە سەدەیەکی تر شێخ چۆپی وتەحسین شاوەیس و قالە فەرەج و ئەرشەد زێباریش بەخەباتگێڕ لەکتێبی مێژووی خوێندنگەکاندا ناویان تۆماربکرێت!.

*لارییم لەخەباتی ڕێبەری مەزن مەلا مستەفا بارزانی نییە،کەچی ئەو سەرەڕای ئەوەی لەوڵاتەکەی خۆیدا ئەسپەردە کرابوو(شاری شنۆ)، بەڵام سەرکردایەتی پارتی بڕیاریدا تەرمەکەی لەپاڵ تەرمی جوانەمەرگ(ئیدریس بارزانی)دا بگەڕێنێتەوە بۆ زێدی لەدایکبوون (گوندی بارزان).لەکاتی ئەم هاتنەوەیەشدا جەماوەر خرۆشاو بەتاسەوە پێشوازیی لەتەرمەکانیان کرا،بەلای منەوە ئەمە شتێکی ئاسایی بوو خۆ ئەگەر تەرمەکەشی لەشنۆ بمایاتەوە هەر ئاسایی بوو،چونکە شارێکی کوردییەومەلا مستەفاش بەگشتیی شۆڕشگێڕی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بووە، بەشدارییکردنی ئەو لەکۆماری دیموکراتی کوردستاندا بەڕێبەریی قازی محەمەد بەڵگەیەکە بۆ ئەو

قسەیە.بەڵام ئایا سەرکردایەتی کورد بۆ ئەقڵی بەوەناشکێ چنگێ خۆڵو لم لەبیابانەکانی سعودیەوە هەڵبگرێو ناویلێبنێ رۆفاتی پیرۆزی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینانیوبیگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتو لەچیاکانی کوردستان وەك هێمایەکی خەبات دایبنێ؟.ئایا کامیان گرنگە ئێسكو پروسکی سەرکردەیەك لەخاکی عەرەب رزگار بکەین یان تەرمی سەرکردەیەك لەشارێکەوە بۆ شارێکی دی کوردستان وەگوێزینەوە؟.ئایا ئێمە میللەتێکی سەیرو غەریب نین،ئەوەندە دڵڕەقین لەگەڵ دڵسۆزانی وڵاتەکەماندا؟.

*مام جەلال پیاوێکی سیاسییو سەرکردەیەکی ناسراوە،کەهەڵیانبژارد بۆ سەرکۆماریی عێراق، نەك کورد،بەڵکو زۆرێك لەبیانییەکانیش بەلایەقتترینو شایستەترین کەسیان زانی بۆ ئەو پۆستە. بەڵام ئەگەر مام جەلال دەئەوەندەی تر شایستە تر بووایە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە،بەدەنگو سەنگی میللەتی کورد نەبووایە پێی نەدەخستە کۆشکی کۆمارییەوە.ساتێ مام جەلال بووە سەرکۆمار شاییو لۆغانی لە سلێمانییەوە بۆ بنی دنیا درێژبۆیەوەو وەك رۆژی ١٩٩١/٣/٧ زەماوەندمان گێڕا،کاتێك کەناڵێکی عەرەبی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازداو پێیانوت دەیانەوێ وەك کابرایەکی خۆش مەشرەبو نوکتەباز،چەند نوکتەیەکیان بۆ بگێڕێتەوە،کەچی ئەو دەپانزە نوکتەی لەسەر کورد گێڕایەوەو هەموو جارێکیش دەیووت(جاء الكردي....)جا مام جەلال لەو ئاستە بەرزەداو بەدەنگی کورد چووبێتە ئەو پلەو پایەیەوە،ئاوها گاڵتە بە گەلەکەیو نەتەوەکەی بکات،دەبێ بۆچی دوودڵبین لەوەی بڵێین ئێمە میللەتێکی سەیرین،هەر ئەم سەیرێتییە وایکردووە لەمێژوودا نەبووینەتە هیچ.

*رۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢٤ لەڤیستیڤاڵی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی شێخ مەحموددا (د.ئەفراسیاو هەورامی)،کۆڕێکی نایابی بەڵگەنامەیی لەسەر پەیوەندیی شێخ مەحمودو تورکەکانو رووس پێشکەش کرد بەتایبەتی ئەو بەڵگەنامانەی لەسۆڤێت دەستی وی کەوتبوون. "د. ئەفراسیاو" باسی ئەوەیکرد دروشمی کرێکارانو گەلانی بندەستی دنیا یەکگرنی لینینو یارمەتیدانی گەلانی ژێر دەستی جیهان لەلایەن شورەوی تەنیا قسەی رووت بوونو لەبواری کرداریدا خێرێکی بۆ کورد تیانەبووە.کەچی خوێنەوارێکی چەپی مارکسی کەبەشەخسی زۆرم خۆشدەوێ،زۆر بەتوندیی لەجێی خۆی بەرزبووەوەو بەدحاڵیانە وتی:هاوڕێ لینین(وەك ئەوەی نانو پیازی لەگەڵ خواردبێت)قەت پشتی لەچەوساوەکان نەکردووەو شورەوی بێ بەڵێن نەبووە،بەڵکو هەلومەرجی زاتیو عەینی لەبار نەبووە تا یارمەتی راستەوخۆی خەباتی گەلی کورد بدەن. بیردەکەمەوە،ئەم هاوڕێیە نەباڵیۆزی روسیایەو نەئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەڵشەویكو نەنوێنەری(هاوڕێ لینین) یان(هاوڕێ ستالین)!، ئیتر ئەم داکۆکییە کوێرانەیە چییە لەسۆڤێتی گۆڕبەگۆڕ؟لینین زیندوو بکەرەوە دان بەوەدا دەنێ کەمتەرخەم بووە لەو رووەوە. کەچی کوردە کۆمۆنیستەکان هێشتا

مکوڕن لەسەر ئەوەی داکۆکی لەو هەڵەو بێ باکییە گەورەیە بکەن سۆڤێت دژی گەلەکەیان هەیبووە،ئایا لەمەشیاندا قسەکەی من راست نەبوو کەدەڵێم ئێمە میللەتێکی سەیرین؟!.

*ئێمەیلێکم بۆ هاتبوو،لەبەر پاشگری(شەمزینانی)دوای ناوەکەم لەبری خۆم یەك ملیۆن جنێوی ناشیرینی بەشێخ عوبەیدوڵلای نەهری(شەمزینانی)دابوو،ئەوی بەخائین و فیوداڵێکی بێ عەقڵ لەقەڵەمدابوو،پێم سەیر نییە کەسێکی ئاسایی بەتاوانی یەك تاکەکەسی شەمزینانی هەموو شەمزینانییەك بەتایبەتی ناسراوترینیان دەسوتێنێ،چونکە تازە بەتازە هەردوو مێژوونووسە زیتەڵەکەمان(د. کەمال مەزهەر– د. فوئاد حەمە خورشید)دەڵێن:داوای لێبوردن لەهۆزی سەربەرزی هەمەوەند دەکەین کەبەخائین لە قەڵەممان دابوون!!ئاخۆ کێ بەئێوەی وتووە بەتاوانێك کە(موشیری حەمەی سلێمان)کردوویەتی یەك هۆزی گەورە تۆمەتبارو گوناهبار بکەن بەمنداڵی سەر بێشکەشیانەوە. جا ئەگەر مێژوو نووسەکانمان بەم تەسکبینی و بێ ئەقڵییەوە مامەڵە لەتەك رووداوە مێژووییەکاندا بکەن و بیری لێبکەنەوە،لێم مەگرن لەجیاتی یەك تاکە جار یەك ملیۆن دەفعە بڵێم ئای چەندە میللەتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەرین!.

*مێژوونووسێکی عەنتیکە(د. فوئاد حەمە خورشید)لەدۆزینەوەیەکی نوێداو لەتاقیگەی مێشکیدا تازە بەتازە بۆی دەرکەوتووە(موشیری حەمەی سلێمان)خائین نەبووە!.بەدەلیلی ئەوەی لەجەنگێکدا بەباشی رێنوێنی هێزەکانی بەریتانیای نەکردووە،بەلام وی لەبیری چووە(موشیر) چاوساغ وجاشی سوپای ئینگلیز بووەو چۆتە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردو دەستی گرتوون بۆ قووڵایی شاخەکان و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خەباتگێڕانی کورد.ئەگەر تازەترین دیکۆمێنت و لێکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ(موشیر) خائین نییە،کەواتە دەبێ چاوێك بەبیرکاریشدا بخشێنینەوە،چونکە دەبێ گومان لەوەش بکەین یەك زائید یەك یەکسان بێت بەدوو، دەبێ لەولاشەوە جێگەیەك بۆ شێخ مەحموود بکەینەوەو پێناسی بکەین چییە؟.ئایا ئەگەر (موشیر) خائین نەبووبێ کەواتە شێخ مەحموود چی بووە؟بێ شك شێخ یان موشیر یەکێکیان خائینن، گەر بەقسەی ئەو دکتۆرە بەڕێزە بێ شێخ خائینە نەك موشیر. مادام هێڵەکانی نەتەوایەتی و ولاتپارێزیی لەگەڵ خیانەت تێکەلاو بوون و بەئاستەم دەتوانین لێکیان جودا بکەینەوە،کەواتە ئێمە میللەتێکی لاژك و گەمژەین و ناهەقم مەگرن ئەم کەرەتەش بڵێم ئێمە میللەتێکی زۆر سەیرین!!.

*سۆفۆکلیس وتوویەتی(سەیرەکای دنیا زۆرن،بەلام لەهەموویان سەیرتر ئادەمیزادە)،بەلام ئەگەر سۆفۆکلیس نوکە لەژیاندا بمابایەو لەنزیکەوەو تاسەر مۆخ کوردی بناسیبا،رستەکەی بەمجۆرە تەواودەکرد"سەیرەکانی دنیا زۆرن،بەلام لەهەموویان سەیرتر ئادەمیزادە،سەیرترین ئادەمیزادیش کوردە".

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٥) رۆژنامەی(نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٧\١\١٨ بلاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاو بووەتەوە:

# ئایا کەرکووک بۆتە ئەندەلوس ؟

لەیەکێك لەوتارەکانیدا کاك مەسعود بارزانی هاتە سەرباسی کێشەی کەرکووك وهێمای کرد بۆ دانوستانەکانی لایەنی کوردیی لەگەڵ ریژێمی بەعس لەساڵی ۱۹۹۱.لەدرێژەی قسەکانیدا وتی: لایەنی بەرامبەر(بەعس) پێیانوتین هەر لە بنەڕەتەوە ئامادەنین لەسەر کەرکووك دیالۆگتان لەگەڵ بکەین،بەڵکو بڕۆن بۆ کەرکووك بگرین هەروەك چۆن عەرەب بۆ ئەندەلوس گریا!.سەرکردایەتی و دەسەڵاتداریێتی بەعس بەئاشکراو بێ چەندوچوون کەرکووکیان بەبەشێك لەدنیای عەرەبی لەقەڵەمدەداوتەنانەت ئامادەی گفتوگۆ لەسەرکردنیشی نەبوون.پێکهاتە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی ئەمڕۆی سەرگۆڕەپانی عێراقیش بەشیعەو سوونەوە لەهەمبەر پرسی کوردو کەرکووك لەبەعس تێپەڕیان نەکردووە.وەلێ لەئەنجامی گفتوگۆیەکی چڕوپڕو فشارێکی زۆرو کێشمەکێشێکی سەخت ودژوار ناچاربوون تا ماددەی (٥٨)ی تایبەت بەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە هەموار بکرێ،بەڵام بەکردەوە بەهەموو رێگاکان پراکتیزەکردنی بەندەکانی یاساکەیان پەکخستووە.حکومەتی دکتۆر جەعفەری لەماوەی یەك ساڵی تەمەنیدا بەخراپترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ پرسی کەرکووك کردووە وهەوڵی زۆریدا لەپێناوی راگرتنی دۆخەکە وەك خۆی کەدۆخێکە سیمای راستەقینەی کەرکووکی تیا ونکراوە.هەرواش بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆی بەغدا لەمەڕ خانەنشینکردن وگواستنەوە و دژایەتیکردنی ئەفسەرە کوردەکانی شاری کەرکووك بەڵگەیەکی تری هەوڵە ترسناکەکانی کابینەی دکتۆر جەعفەری بوو.هەرچەند دەبێت تا کۆتایی ساڵی ۲۰۰۷ رەوشی کەرکووك وناوچەکانی تازە ئازادکراو ئاسایی بکرێنەوەو ریفراندۆمیان تیا ئەنجامبدرێت بەڵام هیچ هەنگاوێك بەو ئاڕاستەیەدا نابینین،بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاڵۆزییەکان زیاتر پەرەدەستێنن ودۆخی کەرکووك زیاتر بەرەو خراپی دەڕوات،بۆ نموونە لەهەفتەی رابردوو چەکدارەکانی سەر بەتەیاری سەدر هەوڵیاندا بێنە ناو شاری

کەرکووك ودواتریش زانرا چەند تیپێکی ئەو چەکدارانە لەگەڕەکە شیعەنشینەکان جێگیربوون و لەهەوڵی سەقامگیربوونی بەردەوامدان لەشارەکەدا.بێگومان هاتنی ئەم چەکدارانە جارێکی تر رەوشەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی توند دەبات ولەوانەیە بگاتە ئاستی پێکهەڵپرژان وبەرامبەرکێی چەکدارانە لەگەڵ لایەنەکانی تری وەك کورد.روودانی هە رکارێکی لەو جۆرەش بەزیانی کێشەی کەرکووك وپراکتیزەکردنیماددەی(٥٨)تەواو دەبێت،بەلای منەوە گەر رەوشەکە بەو ئاقارەدا بڕوات وعەرەبەکان بەشیعەو سوونەوە بەردەوامبن لەسەر هەمان بیرکردنەوەو مامەڵە دەرهەق بەکەرکووك تا ساڵی دووهەزارو حەفتاش رەوشی کەرکووك ئاسایی نابێتەوە بگرە نالەبارترو سەختتر دەبێت. واتێدەگەم هەموومان لەرێی هۆیەکانی راگەیاندنەوە تابلۆکە دەبینین وهاوکێشەکە لەپێش چاومانە بەلأم سەرەکیترین پرسیار ئەمەیە:ئایا عەرەبەکانی عێراق سوورن لەسەر ئەوەی چۆن خۆیان بۆ ئەندەلوس گریاون ئاواش ئێمە بۆ کەرکووك بگرین؟!. لیٚ جیاوازییەکی زۆر لەنێوان کەرکووك و ئەندەلووس هەیە،چون عەرەبەکان ئەو ولأتەیان لەمیانەی هەڵمەتەکانی فتوحاتی ئیسلامیدا داگیرکرد وزەوی خۆیان نەبوو،کاتیٚ(تاریق کوڕی زیاد)چۆیە سەریان هاواری لێکردن(دواتان دەریا وپێشتان دوژمنە)خۆبەدەستەوەدان چاکترین حەلە.بەلأم کەرکووك بەپێی سەرچاوەکانی مێژوویی وبەڵگەنامە فەرمییەکان بەشێکە لەخاکی کوردستان،بۆیە رەنگە وازلێهێنانی لەلایەن کوردەوە ئاسان نەبیٚ وەك وازهێنانی عەرەب لەئەندەلوس. زۆرجاریش بیردەکەمەوە خۆ ئەگەر فراکسیۆنی کوردیی وپارتەکان ودەسەلأتداریی کارگێڕیی کەرکووك بەو سستی وکەمتەرخەمییەی ئەمێستاوە هەوڵی گەڕانەوەی کەرکووك بۆسەر کوردستان بدەن بێگومان ناتوانن ویارییە سیاسییەکە زۆر بەئاسانی دەدۆڕێنن.دواجار لەبەرخۆمەوە دەپەیڤم ودەپرسم:ئایاباروودۆخ گەیشتۆتە ئەو رادەیەی بڵێین کەرکووك بۆتە ئەندەلوس؟.

* ئەم وتارە لەژمارە (٢٧) رۆژنامەی(نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٦\٥\٧ بلأوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلأو بووەتەوە:

- www.kurdistannet.org
- www.klawrojna.com

# ئەگەر

**ئەگەر رۆژێك لەرۆژان سپییەكان لەخۆیان بپرسن،چۆن رەش پێستەكانیان ئافراندووە؟ ئەوسا تێكڕای شت لەئەمەریكادا دەگۆڕێت**

**جێمس بالدوین**

ئەگەر رۆژێك بەرپرسەكانی ئێمە سەریان بۆ خوارێ نەویكردباو سەیری بریقەی قۆنەرەكانی پێیان بكردایە،رەنگبێ ژیانی ئەو مرۆڤگەلانەیان بدیبا لەشانی پێڵاوەكانیانەوە لەتەك هەژاریی‌و پەژارەدا ژیان دەكەن.ئەگەر رۆژێك لەرۆژان دەنكە گەوهەرومرواری گەردنی ژنە بەرپرسێك بكەوتبایەتە سەر زەوی،بۆ ئەو جارە چاوێكی لەخوارەوە بكردایەو وەك ناپلیۆن هەمیشە چاویان لەئاسمان نەبڕیبا ئەوسا دەیانزانی دەستفرۆش وزەبوون ودەرۆزەكەرەكانی وڵاتیش هەروەك ئەوان مرۆڤن.ئەگەر بۆ تەنیایەك رۆژیش پیاوە خواپێداوەكانی ئەم وڵاتە دۆزەخییەوە دەستبەرداری خولیاكانی لویسی شانزە بهاتنایەو كۆشك وكەیف وسەمایان بۆ نێو بازاڕو كەلاوە رووخاوەكان جێهشتبا،لەوانەیە كەمێك بیانزانیبا خەمی نان چییە؟.زاراوەكانی نەداریی وحەسرەتی ژیان دەچۆیە نێو قامووسی ژیانیانەوە كەپڕپڕە لەوشەكانی شادیی وسەماو هەڵپەڕكێ وپارەو بلۆكە دۆلار وباخچەو دۆنمە زەوی وریزەدوكان وكۆمپانیاو جەوازومەی.ئەگەر رۆژێك لەرۆژەكان وەزیرو گزیرو هاوشێوەكانیان لەبەردەم ئاوێنەیەكی گەورەدا بەرووت وقووتی لەخۆیان بڕوانیبایەو جیاوازییەكانی خۆیان لەگەڵ ئەو جەماوەرە كلۆڵەدا بژماردایە،ئەوسا سێ ساڵ هاتوچۆی پرسگەكانیانمان نەدەكردو لەجامی رەشی مۆنیكاكانیانەوە وەك ئاژەڵ ومێروو لەو هەموو مرۆڤە رەش ورووتەیان نەدەڕوانی.ئەگەر سەروریشە چڵكنە شەیتان ئاساكەی سەددام وخۆپیسكردنی عەلی كیمیایی وانەیەكی بۆ خەڵكانی دی تیابوایە،نەدەبوو ئەم عەنتەرانەی لای خۆمان هەڕەشەی دەستشكاندن وئەستۆ وردكردن بكەن

وبەگولله پێشوازیی لەرێپێوان بکەن وبەتەهدید ودادگای زەردو یاسای بەعس وەلامی نووسەر بدەنەوە.ئەگەر هەرەسی دوێنێی سۆڤێت وشەقتێهەلدان لەپەیکەرەکەی لینین عیبرەتێکی تێدابوایە چ پێویستی دەکرد پارتەکانی لەمەڕخۆمان بەخەباتی دوێنێ وسەروەرییەکانی ئەوێ رۆژێ دەمکوتمان بکەن وبەتریاکی نەتەوایەتی وگیانی کوردایەتی بێ هۆشمان بکەن،ئاخر نازانن ئەگەر هەژاریی گەیشتە قورقوڕاگە لینین بیت بەپێ لەقە کاسکێتی شۆڕشگێڕیی لەسەرتدا دەدڕن!. ئەگەر بۆ رۆژێك ئەم هەموو وتارو رەخنەو گلەییانەی نێو رووپەڕی رۆژنامەکان مەسئولەکانی لەجنسی قاز رزگاربکردایە،دەبوو تەڕو شەرمەزار بوونایە هونەرمەندانێکی هەست ناسك لەبرسا ببنە مافیا وبازرگانی ماددەی بێهۆشکەر.ئەگەر بۆ یەك تاکە شەو کاکی پۆز زلی ژەنەراڵ وکاربەدەست لەتەپکە قوڕێکی بەناومالّی باداوەو کورانی عەینکاوە رۆژیان بکردایەتەوە زۆرشت دەگۆڕا،هەر هیچ نەبوایە کاغەزی ناڕەزایی وپێشنیار وداواکاریی حەوالّەیتەنەکە خۆلەکان نەدەکران.ئەگەر کچی بەرپرسێك یان کوڕی پەرلەمانتارێك رۆژانە بەپێ بچوونایە بۆ زانکۆ ولەکافتریا لەفەی فەلافلیان بخواردبا ئەوە هەر نەبوایە کەمێك ژیانی ئەو لەشکرە گەنجە داماو وبەخت رەشە ئاوڕی لێدەدرایەوە.ئەگەر مالّە تێروپڕەکانی سەر بەدەسەلات برنج ورۆنی بایەعیان بخواردبا،ئەوسا دەیانزانی خەلّك لەپۆلا دروست نەکراون ودلّیان لەبەرد نییەو هەناسەیان گڕوهاواریان دەنگی تەنەکەی ژەنگاویی نییە. ئەگەر٢٤سەعات ئاو وکارەبا لەمالّی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی دوو زلحیزبەکە ببڕی هیچ نەبێت تۆزێك لەموعاناتی چوارملیۆن کورد تێدەگەن بەدەم ئازاری بێ ئاویی وبێ کارەباییەوە.ئەگەر بەڕێوەبەرە زل زلەکان ودەسەلاّتدارە گومڕاکان سێ رۆژ بەدوای خانووی کرێدا بگەڕانایە خودا میسقالە زەڕەیەك بەزەیی دەخستە دلّیانەوەو وەك شوانێکی دلّڕەق رانەکەیان ئازار نەدەدا.ئەگەر هەر بۆ یەك رۆژیش بووە هەردوو سەرۆك سەیری باری ژیانی هاووڵاتیانیان بکردایەو یەك کاتژمێریش بەقووڵیو وردیی بیریان لێبکردایەتەوە ئەوسا لەکوردستان زۆر شت دەگۆڕا. بەلّی هەموو شتێك دەگۆڕا.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣٠) رۆژنامەی(نێوەند) لە ٢٠\٨\ ٢٠٠٦ بلاّوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو مالّپەڕەدا بلاّو بووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# پێشمەرگەی دێرین و ڕەمەکی سێکس-sex

**هەرچەندە حەزی مومارەسەی سێکسی بەشێوازێکی سروشتی ڕێگەی لێبگیرێت، هێزی دەروونی کەپەیوەندیی بەم حەزەوە هەیە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دڵەراوکێ**

**فرۆید**

ڕەمەکی سێکس هەستیارترین ڕەمەکی لکاوە بەکەسێتی مرۆڤەوە،چون هەر لەیەکەم چرکەی لەدایکبوونەوە ئەم ڕەمەکە ئەکتیڤ دەبێت و گەشەو نەشونما دەکات لەگەڵ مرۆڤدا. پێشان پێیانوابوو ڕەمەکی سێکس لەساتەوەختی هەرزەکارییدا وردەوردە سەرهەڵدەدات،بەڵام ئەنجامی شیکردنەوەی زانستیی و تاقیگەیی پێچەوانەی ئەمەی سەلماندووە،زاناکانی بواری فیسۆلۆجیی و بایۆلۆژیی پێداگریی لەسەر ئەوەدەکەن ئەم غەریزەیە لەگەڵ لەدایکبوونی هەرمرۆڤێکدا ئەویش لەدایك دەبێت،لەگرنگترین ئەو زاناو پسپۆڕانەی ئەم بیروڕایەیان هەیە(سیگمۆند فرۆیدو ولیەم ڕایش)ن. "فرۆید" پێیوایە(ژیانی سێکسیی لەقۆناغی هەرزەکارییەوە دەست پێناکات، بەڵکو هەر لەکاتی لەدایکبوونەوە چەکەرە دەکات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات).لەوەتی مرۆڤیش هەیە لەهیچ وێستگەیەکی مێژووییدا سێکس و مومارەسەی ئەم حەزو چێژە لێی جیانەبووەتەوە جا هەر لەکۆمۆنەی سەرەتایی وکۆمەڵی بەرایی وپریمیتیڤەوە بیگرە هەتاوەکوو دەگاتە دنیای گەشەکردووی تەکنۆلۆژیی ئەمڕۆمان.لەبەرئەوە سێکس بەهیچ کلۆجێك لەسایکۆلۆژیا و جەستەی مرۆڤ جودانابێتەوە،بەڵکو بەردەوام مرۆڤ لەهەوڵدابووە بۆ تێرکردنی ئەم ڕەمەکە و خۆ بەتاڵکردنەوە لەگوشارو پاڵنەری توندی لەکاتی چەپاندنیدا.دیسان زۆربەی‌زاناکانی پسپۆڕ لەبواری سایکۆلۆژیا وسێکس دووپاتی دەکەنەوە:غەریزەی سێکس لەنێو هەموو غەریزەکانی تردا کاریگەرترینیان و هەستیارترینیانە وبەقووڵی مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەرییەکانییەوە. لەمبارەوە(فرۆید)دەنووسێت (ڕەمەکی سێکس بەهێزترین و مەترسیدارترین ڕەمەکی تاکە لەئەوی کەسایەتیدا).

گومانیش لەسەر ئەوە نییە مرۆۋ بێ بڕانەوە بەدوای تێرکردنی ئەم غەریزەیەدا عەودالەو هەمیشە بەدوای ڕێگاکانی بەتاڵکردنەوەیدا گەڕاوە بەچەندین شێواز،ڕەنگە هاوسەرگیریی دیوێك لەدیوەکانی ئەو داهێنانانە بێت لەو ڕووەوە.ئەگەر بمانەوێ بچینە ناوخودی باسەکەوەو لەبابەتی سێکس لای پێشمەرگەی دێرین بدوێین،پێش هەر شتێك لەوە دڵنیاین پێشمەرگە وەك مرۆۋ خودانی غەریزەی سێکسەو وەك هەرمرۆۋێکی تریش هەوڵیداوە ئەم ڕەمەکە تێربکات وەك مافێکی سروشتی خۆی.بەڵام ئاخۆ لەڕۆژانی خەباتی سەختی شاخ و دوور لەهاوسەرو دەزگیران و ئافرەت پێشمەرگە چۆن چۆنی وەڵامی ئەم ڕەمەکەی خۆی داوەتەوە؟ئایا چەپاندن بەرەو لادانی سێکسی بردووە؟ئایا بۆتە کەسێکی هۆمۆسێکسواڵ؟ئایا سێکسی لەگەڵ ئاژەڵان ئەنجامداوە؟یان لەهەر ڕێگەیەکەوە بێت ئافرەتێکی دەستخستووە بۆ ئەنجامدانی کاری سێکس؟ئایا تەنیا بەدەست خۆی بەتاڵکردۆتەوە؟یان بەردەوام لەخۆچەپاندن و سەرکوتکردنی ئەو ڕەمەکەدا بووە؟. لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتیی زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە دێرینەکان سەڵت و گەنجی زگوردی بوون و هاوسەریان نەبووە،بێشك دووچاری چەپاندنی سێکس بوونەتەوە،بەڵام ڕۆژێ لەڕۆژان نەبیستراوە پێشمەرگە بۆ خاڵیکردنەوەی ئەم غەریزەیە پەنابباتە بەر ئیغتیسابی ئافرەتان،ئەگەر بەوردیی سەیری پانۆرامای ساڵ و ڕۆژەکانی بزوتنەوەی چەکداریی گەلی کورد بکەین ڕەنگە بەتاك و تەرا بەر حاڵەتی ئیغتیساب بکەوین و لەئاستی ریزپەڕدا بوونی هەیە.پێشمەرگەی دێرین خودانی مۆراڵێکی شۆڕشگێڕیی و ئەخلاقیاتێکی بەرز بووە،هەرگیزیش پرەنسیپەکانی شۆڕش ڕێگەی نەداوە بەهیچ پێشمەرگەیەك تا ئافرەتێك بەتۆبزی زەوت بکات.بۆ وێنە لەنێوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کاتێك ژۆرنالیستێکی بیانیی پرسیار لەهەندێك پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات:ئایا چۆن کرداری سێکسی دەکەن؟.لەوەڵامدا پێشمەرگەکان دەڵێن ئێمە سێکس ناکەین،ڕۆژنامەنووسەکە دەست بۆ گوندێکی نزیك ڕادەکێشێ‌ودەڵێت لەوێ ژن هەیە بۆ سێکسیان لەگەڵ ناکەن؟لەوەڵامدا پێی دەڵێن:ئەوانە خوشکی ئێمەن،یاساکانی سروشت ڕێنادەن لەگەڵ خوشکی خۆتدا ئەو کارەبکەیت.ڕۆژنامەنووسەکە زۆر جەختیان لێدەکات ئایا لەناو خۆیاندا یان لەگەڵ ئاژەڵدا یان بەڕێگەیەکی تر سێکس ناکەن؟.پێشمەرگەکان دڵنیای دەکەنەوە ئەوان تەنیا سەرگەرمی خەبات و بەرخودانن بۆ کوردو کوردستان وهیچی تر.دواجار ڕۆژنامەنووسەکە بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت:یان ئەم قسانەتان هیچی ڕاست نین یان ئەوەتا ئێوە فریشتەن و مرۆۋ نین!.لەڕاستیدا ئەو پێشمەرگانە فریشتە نەبوون،بەڵام لەوەشدا ڕاستگۆ بوون کەئەوان تەنیا سەرقاڵی خەبات بوون و قەرەی سێکس نەکەوتوون.لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەك پێشمەرگەی دێرین تەنیا لەئاستی ریزپەڕدا نەبێ هەوڵی نەداوە بەتۆبزیی یان ئازادانە لەگەڵ ئافرەتێك کەهاوسەری نییە کرداری سێکسی بکات.تەنانەت کولتوری کوردەواریی و دابونەریتی گوندو خەڵکی ڕەشۆکی ئەو دەمە کولتوورێکی بێ ئەندازە داخراو وچەپێنەر بووە،بەرادەیەك قبوڵی پەیوەندیی

خۆشەویستی نەکردووە،ئەوەتا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسالآنی حەفتاکان‌و لەسەرەتای شۆڕشدا ناچارە قارەمانترین پێشمەرگەی خۆی لەسەر داخوازیی عەشیرەت‌و بۆ شووشتنەوەی ئابڕوو لەگوندی قامیشەلآن لەسەر خۆشەویستی بکوژێ کەدواتر شاعیری بەتوانا(شێرکۆ بێکەس) لەشیعرێکیدا بەناوی (قامیشەلآن)باسی ئەم کردەوەیە دەکات‌و هاوکات مەحکومی کوشتنی ئەو پێشمەرگەیە دەکات‌و شێرکۆ لەوشیعرەدا یەکێتی بەدارکونکەرە وەسف دەکات.

فوکۆ کاتی خۆی وتی(ژیاری ئێمە هونەری ئیرۆتیکای تێدانییە).ئەو باسی ژیاری خۆرئاوا دەکات، سەرەڕای ئەو هەموو کرانەوەو تێکشکاندنەی چەقبەستوویی کولتووروڕەوشت،هێشتا پێیوایە ژیارێکە ئیرۆتیکا تێیدا غائیبە،ئەوجا بیهێنە بەرچاوی خۆت گوندێکی دوورەدەست لەدامێنی شاخێکدا نەکارەبای بۆ چووەو نەشەقامی قیری دیوەو نەڕۆژێك لەرۆژان کتێبێك خۆی کردووە بەماڵەکانیاندا،چۆن مامەڵە لەگەڵ ئیرۆس‌و خۆشەویستی دەکەن؟.لەوەش بگەڕێ دەبێت هەستیان چەند بەرق‌و ئاگراویی بێت لەکاتێکدا کەسێك ببینن لەدەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریی لەگەڵ کچ یان خوشك یان کەسێکی نزیکیاندا مومارەسەی سێکس دەکات؟پێشمەرگەی دێرین ئەوکات لەگەڵ ئەم کولتوورە رووبەڕوو بوو بۆیە چەند خوازیاری سێکس بوایەو پێویستی پێیهەبایە نەیدەتوانی لەسایەی ئەو کولتوورەدا مومارەسەی بکات.هەرواش هیچ کاتێك پێشمەرگەی دێرین بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم چەپاندنە رووی نەکردۆتە لادانی سێکسی،بۆیە دەبینین سێکسکردن لەگەڵ ئاژەڵ‌و ئیغتیساب‌و سێکس لەگەڵ منالآن‌و لادانی تر تاك‌وتەرا نەبێت لای پێشمەرگەی دێرین بوونی نەبووە، هەر ئەمەشە سیحری ئەوەی وایکرد لەو رۆژنامەنووسە بیانییە پێشمەرگە بەشێکی سەرتر لەمرۆڤ ناوزەد بکات.تەنانەت چەند کەسانێکی دیاریکراو وزۆرکەم نەبن زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە دێرینەکان خۆیان پاراستووە لەهۆمۆسێکسوالێتی،بەڵکو بەپێی دابونەریتی کۆمەڵگا ئەم خووە جۆرێکە لەنەنگی‌و داڕمانی رەوشت‌و بەهای کۆمەڵایەتی،دواجار کەسی خاوەن خوو دەکاتە کەسێکی فاشیل‌و بێ متمانەو بێ ئۆتۆریتە لەکۆمەڵدا،وەڵێ هۆمۆسێکسوالێتی کردەیەکی ئەوەندە ترسناك‌و خەتەر نییە تا بەو جۆرە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.تەنانەت ئەو جۆرە لادانانەو ناچارکردنی خەڵکان بۆ ئەنجامدانی کرداری سێکسیی لەدادگاکانی شۆڕشدا سزای لەسەربوو، چەندین نموونەم لەلایە چۆن دادگاکانی شۆڕش یان فەرماندەییەکانی ئەوکات سزای ئەو پێشمەرگانەیان داوە پێشێلی ئەم پرەنسیپانەیان کردووە.پێشمەرگەی دێرین هەوڵی خۆپاراستنی داوەو نەیوستووە جڵەو بۆ غەریزە بێکۆتاییەکانی شل بکات‌و سەرەنجام ببێتە هۆی(لەکەدار)بوون و رووشاندنی پایەی کەسێتی خۆی. "فرۆید" دەڵێت(دوو جۆر پاڵنەری ناوەکی لەسیستمی دەروونی مرۆڤداکاریگەرن ئەوانیش پاڵنەری حەزەرو پاڵنەری چێژن،هەر کاتێك مرۆڤ جڵەوی شل کرد بۆ ئارەزووەکانی بەبێ ئەوەی حەزەربکات ئەوە زوو بەزوو سزاکەی وەردەگرێتەوە).

پێشمەرگەی دێرین لەترسی سزا وەرگرتنەوە،یەکەمجار سزای مەعنەویی و ئەوجا سزای ماددیی وجەستەیی هەمیشە حەزەری لەسێکسکردن کردۆتەوەو جڵەوگیر بووەو خۆی لغاوکردووەو نەیهێشتووە بەبەرەڵاکردن و دەرگا لەسەرپشتنانی رەمەکی سێکس ببێتە کەسێتییەك رووبەڕووی شوورەیی بێتەوە،چونکە هیچ نەبووبێت کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی خۆی بەباشی ناسیوە. رایش هەمان بڕوای(فرۆید)ی لەسەر ئەم بابەتە هەیەو ئەویش لەبابەتێکدا دەنووسێت(کەسایەتی مرۆڤ لەقۆناغی ئۆدیبۆ دروستدەبێت، لەئەنجامی ناکۆکی نێوان خواستی سێکسی شاراوەو بەواقیعی نەکردنی ئەو خواستە کەسایەتی دروستدەبێت، لەو قۆناغەدا –من– بێهێزە، ئەو–من–ەش بۆ خۆپاراستنی لەسزاکانی دەورووبەر هەوڵدەدات خۆی بگونجێنێت).من بەتەواوی ودەقیقی مەبەستم لەو دەربڕینەی(رایش)ە،دروستبوونی وێنای قارەمان بۆ پێشمەرگە بەشێکی بۆ ئەو خۆگونجاندن وخۆپاراستنە سێکسییە دەگەڕێتەوە،تەنانەت لەبیرمە جاران لەپەیڕەو پرۆگرامی نێوخۆیی حیزبەکاندا دەنووسرا پێویستە ئەندامی حزب دەست و دەم و داوێن پاك بێت،دیسان ئەوە بۆ پێشمەرگە هەمان شت بوو بەڵکو هەندێك سەخت وقورستر بوو.پێشمەرگەی دێرین بەردەوام خۆی چەپاندووە،تاکە رایەڵ و کەناڵێك توانیبێتی خۆی پێ خاڵی بکاتەوە بریتی بووە لەدەستپەڕ(عادەسری)ئەمیش کردەیەکی زۆر نهێنی و پەنهانە وکەسانی تر ناتوانن دەرکی پێبکەن، دەنا پێشمەرگەی دێرین لەهەموو روویەکەوە خۆی گرتووەو بەناچاریی دوورکەوتۆتەوە لەسێکس. بەبڕوای زۆربەی زانایانیش چەپاندنی سێکس و غەریزە هەوێنی لەدایکبوونی شارستانی و ژیارە. فرۆید دەنووسێت(هەموو شارستانییەك لەسەر کاری زۆرەملێ و نکوڵیکردن لەغەریزەکان دادەمەزرێت).فرۆید چاکی پێکاوە، تۆ بڕوانە هەڕەمەکانی میسرو شورەو دیواربەندی چین و قەڵا قایمەکان و شۆڕشە خوێناوییەکان و هەزاران شارو پەرستگاو کەنیسەو مزگەوت و خەزنەی زێڕو زیو لەسەر بنەمای نکوڵیکردن لەغەریزەو کاری بەزۆرو ناچارکردنی کەسانی دی دامەزراون.

شۆڕشی کوردیی وبەرهەمێکی کەم و بچووك کەئەمڕۆ هەیەتی بەرمەبنای چەپاندن و زۆرلەخۆکردنی ئەو کاتەی پێشمەرگەیە.وەڵێ غەریزەی سێکس پێویستییەکی گرنگ و سەرچاوەیەکی بنەڕەتی شادیی مرۆڤەکانە،بەڵام ئەو رۆژانە پێشمەرگە ناچاربوو چاوپۆشی لێبکات و خۆی لەلەززەت و خۆشییەکانی ببوێرێت. "رایش" دەڵێت (هەموو بەختەوەرییەکانی ژیان لەبەختەوەرییەکانی سێکسەوە سەرچاوە دەگرێ).کەچی ئەو رۆژانە بەختەوەریی پێشمەرگە لیبیدۆ نەبوو بەڵکو خۆی لەتۆمارکردنی داستان وسەروەرییەکاندا دەبینییەوە،لوتکەی شادییەکانی لەگورزوەشاندن لەدوژمن ورزگارکردنی کوردستان و بەرپاکردنی ئازادیی و دامەزراندنی ژیان کۆببۆوە.پێویستە لەم دەرفەتەدا ئەوەش بوترێت بەشێکی هەرە زۆری ئەو چەپاندنەی پێشمەرگە بەبەرنامەو خۆویستانە نەبووە بەڵکو لەژێر کاریگەریی ورەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی بووەو جۆرێ بووە لەخۆقوتارکردن لەحەرام،حەرامێك لەکۆمەڵگەی سوونەتی ئێمەدا راستەوخۆ بەستراوە بەجەستەی مرۆڤ ونێوان

هەردوو رانییەوە.لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەك بووە لیپاولیپ لەحەرام‌و دەستووری قەدەغە،پێشمەرگە ناچاربووە خۆی سنووردواربکات وهێڵی سووری‌حەرام نەبەزێنێت،چونکە حەرام یەکەمین شت بووە لەگەڵ هەبوونی مرۆڤدا سەریدەرهێناوەو چەکەرەی کردووە.فۆنت لەکتێبەکەیدا (سایکۆلۆژیای میللەت)دەنووسیٚ(حەرام دەستووریٚکی‌نەنووسراوی کۆنتر لەمرۆڤایەتی دەنوێنێت، وەك دیارە بەشێوەیەکی گشتی حەرام لەخواوەندەکان کۆنترەو لەبنەڕەتدا بۆ کاتی پێش هەموو ئاینەکان دەگەڕێتەوە).دواجار ماوەتەوە بڵێم ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستهاتووە لەکوردستاندا بەرهەمی دوێنیٚ پڕ لەچەرمەسەریی وخۆگوشین‌و ئازارومەینەتی پێشمەرگەو تێکڕای خەڵك بووە.

پێشمەرگەی دێرین بۆئەوەی خەباتەکەی لەوێستگەی سەرکەوتن دابنیٚ تەنانەت نکۆڵی لەغەریزەکانیشی کرد،بگرە ئەو رۆژانەو نەهامەتییەکانی‌و خۆ چەپاندنەکانی هەرگیز ناتوانرێت قەرەبووبکرێتەوە،هەر لەبەرئەوەشە ئەوانەی وادەزانن ئەو لیبرالیزمە سێکسی‌وفرەژنی‌و بەرەڵلاییە جنسییەی لای بەرپرسەکان هەیە نیشانەیەکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو رۆژانە، بێگومان بەهەڵەدا چوون.چونکە:

یەکەم:لەبەرئەوەی بەرپرسەکان ئەوکاتیش لەرووی مومارەسەی سێکسەوە کێشەیان نەبووە،هیچ نەبووبیٚ هاوسەرەکانیان لەگەڵ بووە.

دووەم:سێکس‌و پیاوەتی نیشاندان لای‌بەرپرسەکان جۆرێکە لەمومارەسەی دەسەلات نەك قەرەبوو ئەگەر ئەمە وابوایە دەبوو هەر پێشمەرگەیەکی دێرین دە ژن‌و دە عەشیقەی هەبوایەو ئێستا لەبەر ئەوان ژن دەستی کەسی تر نەدەکەوت‌و پرۆسەی هاوسەر بوون بۆ خەڵکانی دی ئاسان نەدەبوو.

دەسەلات لەم رۆژهەلاتەدا لەسەر قانوونی دارستان رێکخراوە،شێر لەدارستاندا زگی برسی و غەریزەکانی لەرێی هێزەوە تێر دەکات،بەرپرس وسەرکردە رۆژهەلاتییەکان لەنێویشیاندا ئەوانەی کورد هەروا.

* ئەم وتارە لەژمارە (٧) رۆژنامەی(مادێنە) لە ١٠\\١\\ ٢٠٠٧ بلاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاو بووەتەوە:

www.kurdistannet.org –

www.klawrojna.com –

# ئالآی عێراق و تەزووی کارەبا

چۆن دەتوانم باسی ئاین بۆ کەسێك بکەم لەکاتێکدا چاوەکانی لەبرساندا دەبریسکێتەوە؟
بێرناردشۆ

بڕیاردان بۆ لابردنی پەرچەمی عێراقی سەردەمی بەعس نەك بڕیارێکی پۆزەتیڤ وگونجاوە بەڵکو هەڵوێستێکی جەرئیانەو دڵخۆشکەرانەیە.بەڵام ئایا ئەم تەوقیتە گونجاو بوو بۆ لابردنی ئالآی عێراق؟لەسادەترین وەڵامدا نەخێر.هۆکارەکەشی ئاشکرایە بارودۆخی شڵەژاوی ئەم ناوچەیەو پێگەی کورد لەم دۆخەدا ئەوە هەڵناگرێت تۆ بڕیارێکی لەو جۆرە بدەیت ومەودای نەیاریی و بەبەرەکانییەکان فراوانتر بکەیتەوە.لێرە مەسەلەکە ئەوە نییە تۆ ئالآی عێراق هەڵدەکەی یان نا؟ بەقەدەر ئەوەی مەبەستمان لەوەیە بەرێکخستنی ئەم کامپینە راگەیاندنییەی بۆ ئەو مەسەلەیە کرا لەجێی خۆیدا نەبوو،هەروەك بەگەورە نیشاندانی زیاتری ئەم هەڵوێستە چی سوودێکی نەبوو. لەلایەکی تر بڕیاردان بەداگرتنی ئالآی بەعس بەمانای تەلآقدانی عێراق نییە وەك زۆر کەس تێیگەیشتوون چونکە کورد بڕیاریداوە هەر لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە،ئەمە تەنیا گۆڕینی ئالآی عەلی کیمیایی وسەددامە بەئالآی ساڵح موتلەگو موقتەدا سەدرو مەلاعەلی سیستانی. خۆ ئەگەر بڕیاریشماندناوە ئالآکەی عەبدولکەریم قاسم هەڵبکەین چی مانایەکی تیایە؟.ئالآ هەر ئالآی عێراقی عروبەیە جا بەدەست بەعس یان مەجلیسی ئەعلاوە بێت مەسەلەیەك نییە، خۆ ئەگەر هێمایەکی کورد لەئالآکەی سەردەمی قاسمدا بدۆزینەوە هێشتا ئەمە پاساو نییە بۆ هەڵکردنی، من دەپرسم بۆ کەم هاوڵاتی کورد لەژێر ئەو ئالآیەشدا گوللەباران وشەهیدکران؟لەلایەکی ترەوە هەڵبژادنی ئەم سەروەختە بۆ وروژاندنی مەسەلەی ئالآ بەشێوەیەك لەشێوەکان وەرگێڕانی سەرنج وچاوی خەڵکە لەبێ مافی وبێ خزمەتییەکانییەوە بۆ روانین لەمەعمەعەیەکی سیاسیی هەرێمی و ناوچەیی.پێویست بوو سەرکردایەتی سیاسیی کورد پێش ئەوەی شەڕی پارچە پەڕۆیەك بکات ژیانی ملیۆنان هاووڵاتی خۆی بەلاوە گرنگتر بوایەو لەناوەند شەڕی بێ ماف وبێ خزمەتی خەڵکی

کوردستانی بکردایه.دەبوو قورسایی سەرەکی لایەنی کوردیی بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا ئەوە بوایە حکومەتی عێراق بودجەیەکی زیاتر بۆ کوردستان تەرخان بکات ودەسەڵاتی مەرکەزیی بەوە ناچار بکردایە رۆڵی هەبێت لەئاوەدانکردنەوەی زیاتری کوردستان ودابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.چاکتر بوو ئەو هەموو پێداگریی وخۆ گیڤکردنەوەی لایەنی کوردیی هیچ نەبوایە بۆ تەزووی کارەبا بوایە کەراستەوخۆ پەیوەندیی بەژیانی خەڵکەوە هەیە وەك لەخۆ خەریککردن بەپارچە قوماشێك کەکەس ناشیکاتە خاولی.من گومان دەکەم دەسەڵاتدارانی کورد بەئەنقەست ئەم مەسەلەیەیان لەم دۆخەدا وروژاند بۆ کپکردنەوەی شەپۆلی توورەیی وناڕەزایەتی خەڵك ئەگینا ئەوان کەموخلیسترین عێراقین جێی سەرسوڕمانە بەیداخەکەی قبول ناکەن.بۆئەوەی تێکەلاویی دروست نەبێت لەقسەکانمدا لەپوخترین دەربڕیندا ئەوە دەڵێم،هیچ کەسمان ئالای بەعس وهیچ ئالایەکی تری عێراقی عروبەمان قبوڵ نییە،بەلام ئەمە مانای ئەوەش نییە بەنێوی لابردنی هێمای سەددام وبەعسیزمەوە گوێ لەخواستەکانی کۆمەڵگە بخەوێنرێت و ماددەیەکی خاو بێت بۆ چەواشەکردن وسەرقاڵکردنی خەڵك.ئەگەر داوایەکیشمان لەسەرکردایەتی کورد هەبێت:تکایە لەپاڵ شەڕی ئالادا خەمێك ومشورێکی کارەباو پێداویستی وخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیش بخۆن.

* ئەم وتارە لەژمارە (٣١) رۆژنامەی(نێوەند) لەرۆژی ٢٣\٩\ ٢٠٠٦ بلاوبووەتەوە.

هاوکات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاو بووەتەوە:

- www.kurdistannet.org

- www.klawrojna.com

# کۆمیسیۆنی بەناو سەربەخۆ و تارمایی شۆفێنیزمی عەرەبی

رۆژی ٣٠/١ کۆی عێراقییەکان،ئەوانەی ئارەزوویان دەکرد لەناوەوەو دەرەوەی وڵات چوونە پای سندوقەکانی دەنگدان.ئەم هەڵبژاردنە بۆ کورد جگە لەهەر مەغزایەکی تر رەهەندێکی نەتەوەیی هەبوو ئەویش چەسپاندنی مافی گەلی کوردە کەبەبەرزبوونەوەی رێژەی دەنگدەران،ئەوەندە کورد دەتوانێ لەعێراق لەتەواوی ناوەندو ئاستەکانی دەسەڵاتی سیاسییدا رۆڵ بگێرێ.پاش بێنەو بەردەیەکی زۆرو بەهەوڵی جیددی سەرکردایەتی سیاسیی کوردو کۆی خەڵکی کوردستان تەعریب لەکەرکووک پۆرتی شکا،بەوەی ئاوارە کوردەکان توانیان لەشارەکەی خۆیاندا دەنگبدەن،دواتریش لەئاکامەکاندا دەرکەوت کورد نەتەوەی واقیعی و یەکەمی شارەکەیەو سەرکەوتنی لیستی برایەتی کەرکووک (لیستی کورد)بەڕاستی چاوەڕواننەکراو بوو.من گومانم لەوە هەبوو عەرەبەکان بێ فرتو فێڵ و گزیکردن لەکورد،بچنە پای هەڵبژاردن یان دەرەنجامەکەی قبووڵبکەن،ئەوان واتە شۆڤێنێتی عەرەبی لەهەر لایەك و بەهەر شێوەیەك بۆیان کرابێ هەوڵیانداوە لەپێگەوە رێژەی کورد بدەن، لەوەختێکدا کورد هەوێنی مەینی عێراقی داهاتووەو بەئەزموونیش دەرکەوت هیچ دەوڵەتێکی عێراقی ناتوانێ بێبەشداریی راستەوخۆی کورد سەرکەوتن بەدەستبهێنێ.ئەمجارەیان شۆڤێنێتی عەرەبی فێڵ و گزییەکی زۆر بێماناو ناماقوڵیان کرد بەدانەنانی سندوقی دەنگدان لەچەندین ناوچەی تازە ئازادکراوی وەك شەنگال و شێخان و بەرتەلەو قەرەقوش و چەندان ناوچەیتری دەوروبەری شاری موسڵ،کەبەپێی پێوانەکان زێتر لە(٢٥٠)هەزار دەنگدەری کورد لەو ناوچانە هەبوون. بەهانەکانی کۆمیسیۆنی بەناو سەربەخۆ دەربارەی بەشدارییپێنەکردنی ئەو ناوچانە تا دوا سنوور گاڵتەجاڕو بێمانابوو،ئەو برادەرەی کۆمسیۆنی باڵا کەگوتی پێمانوابوو خەڵکی ئەو ناوچانە دەنگ نادەن!!بەچ بەڵگەیەك سەلماندی خەڵکی ئەو ناوچانە دەنگ نادەن؟بەپێی کام راپرسی وسەرژمێری گەیشتە ئەو دەرەنجامە ئەگەر بارودۆخی ئەمنی دەکرێتە پاساو؟ئەوە هیچ ناوچەیەکی تازە ئازادکراو نییە هێندەی ئەو ناوچانە ئارام وسەقامیگر بێت،ئەگەر پەیوەندیی بەهۆکارێکی تەکنیکییەوە هەیە؟پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆ لەهیچ شوێنێکی تری عێراق لەبەر

ئەو هۆكارە حاڵەتێكی لەو شێوەیە روویندا؟ئەگەر هەر هۆیەكیتر لەئارادابوو،ئەی بۆچی بۆ رای گشتیی و میدیاكانیان روون نەكردەوە؟.تابلۆكە زۆر دیارو ئاشكرایە كۆمیسیۆنی بەناو سەربەخۆ بەتایبەتی لەشاری موسڵ كۆمیسیۆنێكی سەربەخۆو بێلایەن نییە لەبەرامبەر پرۆسەكەدا. بەڵكو ویستی زیاتر لە(١٠)كورسی و(١٠)دەنگی داهاتووی كورد بدات لەپەرلەمانی عێراق.بێگومان ئەوان گەورەترین ترسیان لێنیشتووە لەو بەشدارییە چالاكەی كوردو ئەو رۆڵە گرنگ و سەرەكییەی كورد لەچارەنووسی عێراقدا هەیەتی و دەیبینێت.ئەم حاڵەتە لەلایەن كوردەوە قبوول نەكراوەو پێویستە قبوول نەكرێ وئەزموونێكی بەكەڵكیش بێ لەبۆ داهاتووی مامەڵەكردنمان لەگەڵ هەر دەستەو لیژنەو كۆمسیۆنێكی هەڵبژاردن، هاوكات نابێ ئەو بێبەشكردنەی كورد لەو شوێنانە بەعەفەوی لەقەڵەم بدرێ و بەڵكو ئەوە بەشێكە لەپرۆتۆكۆلە جەهەنەمییەكانی بیری شۆڤێنێتی عەرەب لەدژی كورد.ئەمە دیسان وانەیەكیتر بوو،فێری كردین هێشتا تارمایی رەگەزپەرستی كوێرانەی عەرەبی بەئاسمانی سامالی عەرەبیدا دەگەڕێ،هەربۆیە زۆر گرنگە كورد پێداگریی بكات تا بەردەوام یەكێك لەپۆستە سیادییەكانی عێراق لەدەستیدا بێت،لەوەش گرنگتر ئەوەیە فراكسیۆنی كورد هەوڵبدات بۆ ماوەیەكی درێژتر وەزارەتی دەرەوەی بەدەستەوەبێ،چونكە هەموو ئەو پیلانە نێونەتەوەیی و هەرێمییانەی عێراق لەدژی كورد هەیبوو لەگەڵ ولاتانی تر لەرێگەی وەزارەتی دەرەوە بەرێوەدەچوو.ئەگەر كورد ئەم دەرچەیەی گرت،كونێكی زۆر گەورەی گرتووە،كەزۆر ئەگەری ئەوەی لێدەكرێ لەداهاتوودا زیان لەبەرژەوەندیی ناسیۆنی كورد بدات. بەهەموو خروقات و كەموكورتییەكەوە پرۆسەی هەڵبژاردنەكان ئەنجامدران،سەركەوتووترین لایەنی عێراقی كورد بوو، كورد هەم توانی پەرلەمانی كوردستانیی خۆی هەڵبژێرێتەوەو هەم توانیی بەیەكگرتوویی و بەقەبارەو هێزو رێژەی خۆی بەشداریی بكات لەسەر ئاستی عێراق،بەجۆرێك كورد خۆی سەلماندوو سەپاند هەنووكە عەرەبەكان سڵ لەوە دەكەنەوەو ترسیان هەیە ئەگەر كورد نەبێ عێراق ناتوانێ دروستبێتەوە،هەرچەندە لەرووی نەتەوەییەوە بنیاتنانەوەی عێراق بۆ ئێمە مانای نییە، بەلام سەلماندنی مافەكانی كورد لەدەستووری هەمیشەیی و چەسپاندنی فیدرالیی جوگرافی لەم قۆناغەدا دەستكەوتێكی گەورەیەو هەنگاوی یەكەمی قۆناغی ئایندەیە كەدامەزراندنی دەوڵەتی كوردیی سەربەخۆیە.

*ئەم وتارە لەژمارە (١٣) رۆژنامەی (نێوەند) لە ٢٠٠٥\٢\١٧ بلاوبووەتەوە.

هاوكات لە هەریەك لەم دوو ماڵپەڕەدا بلاوبووەتەوە:

www.kurdistannet.org
www.klawrojna.com